


# یەکێتی بەسەبر بوو
# ئەمما بەزەبر

دەرسیم پێشەوا

2026

یەکێتی بەسەبر بوو ئەمما بەزەبر

دەرسیم پێشەوا

# *Yekêtî be sebir bû emma be zebir*

Dersîm Pêshewa

میژوویی

# یەکێتی بەسەبر بوو
# ئەمما بەزەبر

دەرسیم پێشەوا

ناوی پەرتووک : یەکێتی بەسەبر بوو
ئەمما بەزەبر
نووسینی : دەرسیم پێشەوا
بابەت : مێژوویی
پێداچوونەوەی زمان : ڕ. ئەحمەد
دیزاین و بەرگ : هەستی ئەحمەد
چاپ : چاپی ئەلیکترۆنی
ژمارەی سپاردنی :
ساڵی بڵاوکردنەوە: 2026 ز

مافی لەچاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە، کۆپیکردن، ڤیدیۆ دروستکردن، لەبەرگرتنەوەو دانانی لەسەر ماڵپەڕەکان بەبێ مۆڵەتی نووسراوی نووسەر، تووشی سکاڵای یاسایی دەبنەوە.

| | |
|---|---|
| ناوەڕۆک | 5-4 |
| پێشەکی | 14-6 |
| کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی یەکەم زەنگ و هۆکاری شەڕە ناوخۆکانی 1983 | 34-15 |
| پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان دووەم زەنگی شەڕی ناوخۆ (1983/4/27) | 68-35 |
| هەڵمەتی تۆڵەی یەکێتی بۆ سەر ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو لە ڕۆژی (1983/5/1)دا | 72-69 |
| ڕێککەوتنەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق | 76-73 |
| تاوانەکانی حزبی شیوعی لەدژی یەکێتی | 90-77 |
| ئەو شیوعییانەی لەلایەن یەکێتی لە شەڕدا بەدیل گیرابن و ئازادکرابن | 94-91 |
| حزبی شیوعی عێراق پشکی شێری بەردەکەوێ لە تاوانەکانی شەڕە ناوخۆییەکان و پشتئاشان | 104-95 |
| بۆردومانی ڕژێم و کوژران و برینداربوونی (29) پێشمەرگەی یەکێتی | 110-105 |
| بەڵگەنامەکانی بەرەی جود-ی شەڕخواز لەدژی یەکێتی | 128-111 |
| شەڕخوازی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق و ڕادیۆکەیان | 149-129 |
| هەڵمەتی تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرەی یەکێتی | 177-150 |
| کوژراوانی حسک لە شەڕی ئاشقوڵکە (1983/5/1) | 179-178 |
| دووڕوویی شیوعییە عەرەبەکان لە هێنانی پاسدار بۆ سەر یەکێتی و داکۆکی کردنیان لە جەنگی قادسیەی سەدام | 185-180 |
| عەرەبە شۆڤینیستەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق (تەحریفی) و کوردە کۆسمۆپۆلیتییەکان | 200-186 |

| | |
|---|---|
| کامیان جاش بووە، حزبی شیوعی عێراق، یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟ | 219-201 |
| وەڵامێک بۆ لەشکری بێئاگاو ناڕاستگۆیە کۆمێنتچییە شیوعییەکان | 222-220 |
| وەڵامێک بۆ ناڕاستگۆیی و تۆمەتەکانی پۆلا عەولا و نەهرۆ عاڵلایی | 229-223 |
| بیکەیسی و ناڕاستگۆیی شیوعییەکان | 233-230 |
| دووڕوویی کۆمۆنیستەکان | 240-234 |
| دەرئەنجام | 260-241 |
| سەرچاوەکان | 266-261 |
| بەڵگەنامەکان | 319-267 |

## پێشەکی:

دڵنیام تا ئەمڕۆ (2026/5/23)، واتە دوای تێپەڕبوونی (43) ساڵ بەسەر شەڕەکانی ناوخۆ، لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە و توێژینەوەیەکی بێلایەنانە لەسەر شەڕە ناوخۆییەکانی ساڵانی (1981-1983)دا نەکراوە، کە بەگوێرەی شەڕفرۆشتن، چەککردن، بۆسە دانانەوە، پەلاماردان و کوشتنی پێشمەرگەی لایەنی نەیار، دەستدرێژی و شەڕ سەپاندنەکان یەکلایی بکرێنەوە. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا کردوومە یەکلایی کردنەوە و دیاری کردنی لایەنی شەڕفرۆش و شەڕسەپاندنە بەپێی مێژووی بۆسە دانانەوەکان، کوشتنی لابەلای پێشمەرگە، پەلاماردانی هێزی پێشمەرگە، بنکە، بارەگاو مەڵبەندی هێزی بەرانبەر، لەگەڵ پشتبەستن بە مێژووی بۆسە دانانەوە و هێرشەکان کە لەکاتی شەڕەکاندا لای خۆم یاداشتم کردوون، هەروەها بە سوودوەرگرتن لە لیستی شەهیدانی یەکێتی و پارتی کە ناوی تەواوی کوژراوەکان، شوێن و مێژووی کوشتنیان بە تەواوی پارتە کوردستانییەکان و حزبی شیوعی عێراقی تێدا نووسراوە.

سوودم لە هەندێک بیرەوەری، یاداشت و نووسینەوەی قۆناغێکی خەبات و تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنەکانی بەرەی جود (پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)، حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) و حزبی شیوعی عێراق) وەرگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی وریایانە مامەڵەم لەگەڵ یاداشت و بیرەوەرییەکاندا کردووە بەتایبەت هی سەرکردە، فەرماندە و کادرانی حزبی شیوعی عێراق بە کورد و عەرەبیانەوە، چونکە دەتوانم بڵێم (90%)یان زیاتر نەک بەشێوەی ڕاستگۆیانە و بێلایەنانە نەنووسراونەتەوە بەڵکو بەبێ پشتبەستن بە مێژووی کوشتن، پەلامار و شەڕەکان نووسراونەتەوە و زۆربەیان لە یەکدییان وەرگرتووە و هەمان شتیان نووسیوە، واتە کۆپی پێستیان کردووە، کە ئەمەش لە توێژینەوەی زانستیانەدا ڕێ پێدراو نییە. ئەو بڵاوکراوە، سەرکردە و فەرماندانەی حزبی شیوعی عێراق و لایەنەکانی دیکەی بەرەی جود کە یاداشت و بیرەوەری خۆیان نووسیبێتەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە باسی شەڕەکاندا مایەی باوەڕ نەبن بریتین لە: (ڕۆژنامەکانی شیوعی؛ رسالة العراق، طريق الشعب، بیری نوێ، الصوت الشيوعي، کراس المنحرفون من الحرس القومي (کە باسی ساڵانی شەستەکان دەکات)، ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم (بە کوردی) و مذكراتي (بە عەرەبی)، تۆما تۆماس،

أوراق توما توماس، فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردمان ڕووداو و بەڵگەنامە 1979، بەرگی یەکەم + چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990، بەرگی سێیەم + لە کاروانێکی دوورودرێژدا کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ، کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، عزیز سباهي، عقود من تأریخ الحزب الشیوعي العراقي، الجزء الثالث، محەمەد خدر پشدەری، پشووی چیا چەمکێک لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری دیکە لە شیوعییەکان کە لێرەدا ناوم نەهێناون و وەکو سەرچاوە بەکارم نەهێناون، بۆیە ئاماژەم پێ نەکردوون، لەگەڵ شیوعییەکانی فەیسبووک و مانگنامەی (النصیر الشیوعي)، کە هەموویان پەنایان بۆ چەواشەکاری، تۆمەتی بێبنەما بردووە و هەوڵی شاردنەوەی تاوانەکانی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جودیان لەدژی یەکێتی داوە کە هەندێکیان مایەی سەرسوڕمان و پێکەنینن، وەکو ئەوەی گوایە: (هەزار و حەوت سەد پێشمەرگەی یەکێتی هەڵمەتیان بردۆتە سەر پشتئاشان و زۆربەی هەرە زۆریان چەکی (BKC)یان هەڵگرتووە کە ڕژێم ئەو چەکانەی داونەتێ، ڕژێم بە تۆپباران و فڕۆکەباران یارمەتی هێزەکانی یەکێتی داوە لە پشتئاشان، فڕۆکەکانی ڕژێم بە سوسەیی کردن وێنەی پشتئاشان و سەنگەرەکانی حزبی شیوعی عێراقی گرتووە و وێنەکانیان بە یەکێتیداوە! یەکێتی بە چەک و تەقەمەنی ڕژێم پەلاماری شیوعی داوە، یەکێتی تەواوی دیلە شیوعییەکانی گوللە باران کردووە، بەتایبەت عەرەبەکان، ڕژێم بە مەرجی ئەوە گفتوگۆی لەگەڵ یەکێتی کردووە کە سەرەتا پەلاماری شیوعی بدات، ئینجا گفتوگۆی لەگەڵ بکات)، کە ئەو تۆمەت و چەواشەکارییانەم لەم توێژینەوەیەدا هەمووی پووچەڵ کردۆتەوە کە بە بەڵگەوە بەرپەرچم داونەتەوە، چونکە هیچ ڕاستییان تێدا نییە. سەبارەت بەوەی گوایە ڕژێم بە تۆپباران کردنی سەنگەری شیوعییەکان لە پشتئاشان هاوکاری یەکێتی کردووە، یەکێک لە شیوعییەکان بەناوی سەلام عەبدولڕەزاق ئەلحەیدەر، لە (أوراق أنصاریة من ذکریات النضال المسلح في کوردستان العراق)، ئەم بانگەشە و تۆمەتەی حزبی شیوعی عێراق و ئەندامەکانیان پووچەڵ دەکاتەوە و دەیسەلمێنێت کە ڕاست نییە، خۆیشم لەم توێژینەوەیەدا تەواوی بانگەشە و تۆمەتە بێبنەماکانی حزبی شیوعی عێراق و (بەرەی جود)م بە ناڕاست و چەواشەکاری مێژوو خستۆتەوە. جگە لە بیرەوەری یاداشتی شیوعییەکان، کۆمەڵێک بیرەوەری و یاداشت و بڵاوکراوەی پارتی و حسک پڕن لە

چەواشەکاری و تۆمەتبارکردن کە هیچیان ڕاستییان تێدا بەدی ناکرێت، بۆ نموونە: (مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی گوڵان 1975-1990، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، أخبار كوردستان، العدد (104)، 15 حزيران 1983، نشرة يصدرها قسم الأعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني - العراق، سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم 1982-1986)، لە بەرانبەریشدا ژمارەیەک شیوعی هەندێک لە ڕاستییەکانی شەڕەکانی ناوخۆیان باسکردووە کە حزبی شیوعی عێراق ئاگر خۆشکەر و هەڵگیرسێنەری شەڕەکان بووە، بۆ نموونە: (إبراهيم علاوي (نجم محمود)، الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية العالمية، بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري، بهاءالدين نوري، في تقييم سياسة الحزب الشيوعي العراقي في سني 1958-1983، مأزق الحركة الشيوعية في العراق، ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، ثابت حبيب العاني، صفحات من السيرة الذاتية 1922-1998، 1990، شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، دكتور طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكوردي في كوردستان العراق، دكتور محمد عبدالمحسن معارج الحجاج (محمد الحجاج)، تجربتي). لە هەمان کاتدا هەر بۆسە، دەستدرێژی، پەلامار و شەڕسەپاندنی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود لەدژی یەکێتی کردبێتیان بەسەریاندا بازداوە و یەکسەر هاتوونەتە سەر هەڵمەتی یەکێتی بۆ سەر پشتئاشان کە لە ڕۆژی (1983/5/1) بوو؛ کەچی سێ بۆسە، پەلاماردان و دەستدرێژی خۆیان بەر لە یەکی ئایار شاردۆتەوە و باسی ناکەن، کە ئەو سێ تاوانەی بەرەی جود بەتایبەت حسک و شیوعی بوونە هۆکاری هەڵمەتی تۆڵەی یەکێتی لەدژی حسک، شیوعی و بەرەی جود.

ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق، کە ڕادیۆی حزبی شیوعی عێراق بوو، بەردەوام لەماوەی نێوان (15-1983/4/30)دا وتارێکی کەریم ئەحمەدی بڵاوەکردەوە لەژێر ناونیشانی: (لەوێدا هەندێک کەللە سەری گەرم هەن، دەبێ سارد بکرێنەوە/ بإن هناك رؤوسا ساخنة يجب تبريدها)، هەروەها لەماوەی ئەم شازدە ڕۆژەدا، ڕۆژانە لە هەمان ڕادیۆ بە کوردی و عەرەبی پڕ بەدەنگیان هاواریان دەکرد: (تێکدەرەکانی یەکێتیی نانیشتمانیی

ناکوردستانی (مخربي ألاإتحاد ألالوطني ألاکوردستاني)، جاش جەلالی و جاشەکانی شەست و شەش)، کەچی دوای شکستەکانیان لە پشتئاشان و قەندیل بانگەشەی چەواشەکارییانەی ئەوەیان بڵاودەکردەوە کە گوایە ئەوان بێلایەن، نێوەندگیر، ئاشتیخواز و ڕیشسپی بووینە و هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتووە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەکاتێکدا چەندان ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی چەند قۆڵی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق دا هەبووە لەناکاو پەلاماریان بدات لە پشتئاشان، کە گوایە ئەو ڕۆژە بە بۆنەی یەکی ئایاری ڕۆژی کرێکارانی جیهان، خەریکی خۆئامادەکردن بووینە بۆ ئاهەنگ، ئەوە لەکاتێکدایەکە حزبی شیوعی عێراق پێشتر بەشداری کوشتنی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی، پەلاماردانی مەڵبەندی چواری بالیسان و بەتەنیاش بۆسەی کوشتنی پێشمەرگەیەک و بریندارکردنی فەرماندەی تیپێک لە ڕمکان ببوون.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی، بیست و یەک ناونیشان و سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بابەتی یەکەم (کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی یەکەم زەنگ و هۆکاری شەڕە ناوخۆکانی)، باسی ئەوەم کردووە کە چۆن حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) لە ڕۆژی (1983/4/15)دا لە گوندی باداوان لە بۆسەیەکی ناڕەوا، بە کوشتنی شێخ شەماڵ فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، سەرباز ئەحمەد کۆیی جێگری فەرماندەی تیپ، سەعدی گەرمکی و کامەران یەکەم زەنگی شەڕی ناوخۆیان لێدا.

هەروەها لە بابەتی (پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان دووەم زەنگی شەڕی ناوخۆ)، ئەوەم سەلماندووە کە حزبی شیوعی عێراق وەکو بەشدار بوویەکی بەرەی جود (پدک، پاسۆک، حسک و حشع) لە پەلاماردانی بارەگای مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بالیسان لە ڕۆژی (1983/4/27)دا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە و لەکۆی هەشت کوژراوی یەکێتی شەشیان لە قۆڵی شیوعی و بەدەستی ئەوان کوژراون، هەروەها مەڵبەندەکەش لە ڕۆژی دواتردا دەستی بەسەردا گیراوە.

لە بابەتی (هەڵمەتی تۆڵەی یەکێتی بۆ سەر ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو)، کە باسی هێزە بەشدارەکانی یەکێتی و هێزەکانی (بەرەی جود)م کردووە لەگەڵ ئەو چەند بابەتەی خوارەوە کە پێوەندییان پێکەوە هەیە. لە بابەتی (ڕێککەوتنەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق)، دەرکەوتووە کە حزبی شیوعی عێراق تەنیا

بۆ هەڵخەڵەتاندن و خافڵاندنی یەکێتی ڕێککەوتنی لەگەڵ کردوون، ئەگینا پابەندی هیچ یەکێک لە ڕێککەوتنەکان نەبووە، لەکاتی هێرشی بەرەی جود، بۆسەی بەرەی جود و شەڕفرۆشتنەکانیان بە یەکێتی، هاوشانی بەرەی جود هێرشی سەر یەکێتی کردووە، وەلێ لە هەر شوێنێک یەکێتی پەلاماری دابن، ئەوان یەکسەر نوزاونەتەوە و باسی ئەوەیان کردووە کە گوایە یەکێتی لە پەنای ڕێککەوتن ئەوانی هەڵخەڵەتاندووە و پەلاماری داون، کە لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە.

لە بابەتی (تاوانەکانی حزبی شیوعی لەدژی یەکێتی)، باسی کۆمەڵێک تاوانی ساڵانی پێشتر و هەمان ساڵی حزبی شیوعی عێراق کراوە بەناوی تەواوی کوژراوەکان، شوێن و مێژووی تاوانەکان. لە بابەتی (ئەو شیوعییانەی لەلایەن یەکێتی لە شەڕدا بەدیل گیراون و ئازادکراون)، ئاماژەم بە ناوی تەواوی ئەو ئەندامانەی حزبی شیوعی عێراق داوە کە لە شەڕەکاندا لەلایەن یەکێتی بەدیل گیراون، کەچی یەکێتی دوای ماوەیەک ئازادی کردوون کە ئەمەش تۆمەتەکانی ئەو حزبە ڕەتدەکاتەوە بەوەی کە یەکێتی هەر شیوعییەکی بەدیل گرتبێت گوللەبارانی کردوون، بەتایبەت یەکێتی لە شەڕی پشتئاشان (47) شیوعی بەدیل گرت، کە (21)یان عەرەب و ئاشووری بوون، ئازادکردنی ئەو (47) دیلە دەیسەلمێنێت کە بانگەشە ناڕەواکانی حزبی شیوعی عێراق تەنیا بۆ ناوزڕاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، ئەگینا هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە کە گوایە یەکێتی لەسەر ناسنامە و ڕەگەزنامە کۆمەڵکوژی عەرەبی شیوعی کردووە، یان کۆمەڵکوژی حزبی شیوعی عێراقی کردووە، لە بەرانبەریشدا حزبی شیوعی عێراق (39) پێشمەرگە، فەرماندەو کادیری یەکێتی لە بۆسە و بەدیلیدا کوشتووە، کە دیلەکان هیچیان فیشەکێکیشیان بەرانبەر شیوعییەکان نەتەقاندبوو. ئەوەی حزبی شیوعی عێراق باسی دەکات لە ڕاستیدا شەڕێک بووە لەنێوان بەرەی جود و یەکێتی، کە ئەوان شەڕەکەیان بەسەر یەکێتی سەپاندووە و شەڕیش کوشتاری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام سەرانی بەرەی جود لە کۆبوونەوەی سێلوێ لە ڕۆژی (1983/5/24)، بڕیار دەدەن کار لەسەر ناوزڕاندن و هەوڵی ئابڕووبردنی یەکێتی بدەن، واتە پارتە کوردستانییەکان لەنێو کوردستان، هەروەها حزبی شیوعی عێراق لەناو عێراق، وڵاتە عەرەبییەکان و وڵاتانی جیهان لە ڕێی حزبە شیوعییەکانەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن.

له بابەتی (حزبی شیوعی عێراق پشکی شێری بەردەکەوێ لە تاوانەکانی شەڕە ناوخۆییەکان و پشتئاشان)، بەهۆی دەستدرێژی، بۆسە دانانەوە و دیلکوشتن، سەلماندوومە کە حزبی شیوعی عێراق لە هەموو لایەنە شەڕکەرەکان تۆمەتبارترە و هەر ئەوان هۆکاری هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە ناڕەوایە بوونە. لە بابەتی (بۆردومانی ڕژێم و کوژران و برینداربوونی (29) پێشمەرگەی یەکێتی)، باسی تۆپبارانی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن سەربازگە و سەنگەرەکانی سوپای ڕژێم دەکەم کە چۆن (7) پێشمەرگەی یەکێتی کوژراوەو (22)ی دیکەش بریندار بووە، لە بەرانبەریشدا لایەنەکانی بەرەی جود بێ هیچ بەڵگەیەک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بۆ یارمەتیدان و پاڵپشتی کردنی یەکێتی، سوپای ڕژێم تۆپبارانی ئەوانی کردووە! بەڵام هیچ لایەکیان بەڵگەیان نییە و ناتوانن ئەو تۆمەتە بسەلمێنن.

له بابەتی (بەڵگەنامەکانی بەرەی جود-ی شەڕخواز لەدژی یەکێتی)، کە بەڵگەنامەکان لە نامیلکەی (چۆن حزبی شیوعی عێراق شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە)، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆتایی هاوینی ساڵی (1983)دا لەچاپی داوە، وەرمگرتووە، کە بەڵگەکان (بروسکە و نامەی فەرمی نێوان پارتەکانی بەرەی جود بووینە)، دەیسەلمێنن کە حزبی شیوعی عێراق و لایەنەکانی بەرەی جود لە بۆسەدانانەوە، کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتی، هێرشکردنە سەر مەڵبەندی چواری بالیسان و داگیرکردنی بارەگای مەڵبەند دەستپێشخەر بووینە، هەروەها پلانی زیاتریشیان بۆ لەناوبردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبووە و قۆناغی دووەمی پەلامارەکەیان بە هێرشکردنە سەر مەڵبەندی سێی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی داڕشتبوو، بەڵام بەر لە جێبەجێکردنی، یەکێتی هەڵمەتی بردە سەریان و قۆناغی دووەمی پلانەکەیانی هەرەس پێهێنا. هەروەها بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە حزبی شیوعی عێراق نەک بەقسەی خۆیان ئاشتیخواز، نێوەندگیر، ڕیشسپی نەبووینە، بەڵکو (100%) ئاژاوەگێڕ و هەڵگیرسێنەری شەڕەکان بووینە.

له بابەتی (شەڕخوازی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق و ڕادیۆکەیان)، سابت حەبیب ئەلعانی ئەوەی بۆ سەلماندووین کە بەر لە ڕۆژی (1983/4/21)دا مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق بڕیاری بەشداری کردنی هێرشی بەرەی جودی بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان و شەڕەکانی دواتریش دابوو، هەروەها محەممەد ئەلحەجاج-یش

هەمان شەرخوازی شیوعی و پەرۆشی ئەو حزبەی بۆ شەڕکردن لەدژی یەکێتی سەلماندووە.

لە بابەتی (هەڵمەتی تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرەی یەکێتی)، باسی ئەوە کراوە لە ئەنجامی سێ تاوانی حزبی شیوعی عێراق، یەکەمیان بە هاوبەشی لەگەڵ حسک لە کوشتنی چوار پێشمەرگە لە باداوان، بەهاوبەشی لەگەڵ بەرەی جود هێرشکردنە سەر مەڵبەندی بالیسان کە هەشت کوژراو و دوازدە بریندار لێکەوتەوە، حزبی شیوعی بە تەنیا لە بەرزاییەکانی ڕمکان کادرێک دەکوژن و فەرماندەی تیپی (99)ی بتوێن بە سەختی بریندار دەکەن، یەکێتی هەڵمەتی بردە سەر ئاشقوڵکە، پشتئاشان، قەندیل و قرناقاو بە مەبەستی وەستاندن و پەکخستنی بەرنامەکانی داهاتوویان و تۆڵەکردنەوە، کە بە دروشمی (تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرە) هەڵمەتەکەی دەستپێکرد. لە بابەتی (کوژراوانی حسک لە شەڕی ئاشقوڵکە)، باسی ئەوەم کردووە کە چەند پێشمەرگەیەک لە کوژراوەکانی حسک دوای دیلکردنیان گوللەباران کراون، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بانگەشەکانی حزبی شیوعی عێراق و عەرەبەکان ڕاست نییە، کە گوایە تەنیا عەرەبی شیوعی بەدیلی کوژراون، کە حزبی شیوعی عێراق-یش ڕۆژی بەر لە هەڵمەتی یەکێتی بۆ سەر پشتئاشان دوو دیلی یەکێتی و ژمارەیەک بەندکراوی دیکەی گوللەباران کردووە.

لە بابەتی (دووڕوویی شیوعییە عەرەبەکان لە هێنانی پاسدار بۆ سەر یەکێتی و داکۆکی کردنیان لە جەنگی قادسیەی سەدام)، لەم بابەتەدا ئاماژەم بە کۆبوونەوەی ڕۆژی (1983/5/24)ی سێلوێ کردووە، کە لەم کۆبوونەوەیەدا سەرکردایەتی بەرەی جود بڕیاردەدەن بە هاوکاری ئەرتەش و پاسداری ئێرانی هێرش بکەنە سەر هێزەکانی یەکێتی، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرانی حزبی شیوعی عێراق داوایان دەکرد خۆیان وەکو بەرەی جود شەڕ لەدژی سوپای ڕژێمی عێراق ڕاگرن، گەر بکرێت بچنەوە نێو ڕژێم و شانبەشانی عێراق شەڕی ئێران بکەن، بە پاساوی ئەوەی گوایە عێراق لەژێر هەڕەشە و مەترسی داگیرکردنی ئێران دایە! لە بابەتی (عەرەبە شۆڤینیستەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق (تەحریفی) و کوردە کۆسمۆپۆلیتییەکان)، باسی بۆچوونی شۆڤینیستی دەستەیەکی نێو حزبی شیوعی عێراق سەبارەت بە پرسی کورد و کوردستان کراوە، هەمان کاتیش باسی بێهەڵوێستی کوردە کۆسمۆپۆلیتییەکان دەکرێت کە پرسی کورد و کوردستان لای ئەوان بە پاساوی گشتگیری گلۆبالیزم یان هاونیشتمانی جیهانی (النزعة الكونية/ مواطنة العالم)،

کرابووە قوربانی جیهانبینی ئەوان و لە تەواوی خەسڵەتی کوردبوون و کوردستانی بوون شووراوبوونەوە، باوەڕیان وابوو کە هەموو مرۆڤەکان سەر بە یەک پێکهاتەن و دەبێت بە یەکجار و بەبێ هێچ جیاوازی خەبات بۆ هەموویان بکرێت، لە بەرانبەریشدا عەرەبەکان جیاوازی نێوان کورد و عەرەب، سوننە و شیعەیان دەکرد.

لە بابەتی (کامیان جاش بووە، حزبی شیوعی عێراق، یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟)، کە حزبی شیوعی عێراق تازە لە جاشێتی ڕژێمی بەعسی سەدامی دوورخرابۆوە، زۆر ناڕەوایانە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بە جاشی بەعس ناودەبرد، بۆیە بە بەڵگە سەلماندوومە کە حزبی شیوعی عێراق بۆ ماوەی نزیکەی هەشت ساڵ جاشی ڕژێم بووە، تا چیتر بەردەوام نەبێت لە تۆمەتی بێبنەمای ئەوکاتی لەدژی یەکێتی کە ماوەی (43) ساڵی ڕێکە ئەو تۆمەتە دروستکراوە دەدەنە پاڵ یەکێتی. لە بابەتی (وەڵامێک بۆ لەشکری بێئاگاو ناڕاستگۆیە کۆمێنتچییە شیوعییەکان)، ئاماژەم بە چەواشەکاری و شێواندنی مێژوو لەلایەن ڕۆژنامەی بیری نوێ-ی حزبی شیوعی عێراق کردووە کە لە کۆتایی ساڵی (1972)دا ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حزبەکەیان لە بەغدا تیرۆر دەکرێت، بەڵام ئەوان هەواڵی تیرۆرکردنەکەی بۆ سەرگرتنی بەرەی نێوان خۆیان و بەعس بە مردنێکی ئاسایی بڵاودەکەنەوە، کە ئەمەش سیاسەتێکی دیماگۆجییانەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەندامانی خۆیان و دانیشتوانی عێراق. لە بابەتی (وەڵامێک بۆ ناڕاستگۆیی و تۆمەتەکانی پۆڵا عەولا و نەهرۆ عالّلایی)، باسی ئەوەم کردووە، هەرکاتێک مرۆڤ بە بەڵگە وەڵامی چەواشەکاری، تۆمەتبەخشین و شێواندنە مێژووییەکانی حزبی شیوعی بداتەوە ئەوان ئامادەن سەدان تۆمەتی بۆ هەڵبەستن، هێرشی ناڕەوای بکەنە سەری، کاتێک وەڵامی هێرشەکانیان بدەیتەوە ئەوان تەنیا باسی وەڵامی بەرانبەر دەکەن و هێرشی خۆیان کە دەستپێشخەر بووینە دەشارنەوە، چونکە ئەوان پەروەردەی حزبی و خێزانییان بەمشێوەیە بووە کە تەنیا هێرش بکەن، بە چەواشەکاری و تۆمەتبەخشینەکانی حزبەکەیان و ئەندامەکانیان بڕوا بکەن و بەس. لە بابەتی (بیکەیسی و ناڕاستگۆیی شیوعییەکان)، لە سەرەوە باسکراوە بۆیە لێرە زیاتر لەسەری نادوێم. لە بابەتی (دووڕوویی کۆمۆنیستەکان)، باسی ئەوەم کردووە کە زۆربەی شیوعییەکان بە دوو پێوەر دەپێون، پێوەرێک هەردەم خۆیان ڕاست و نەیارەکانیشیان هەڵەن! لە هەر کێشەیەکیش زۆربەیان بەناڕەواش بێت، ئامادەن داکۆکی لە ئەندامە تۆمەتبارەکەی خۆیان بکەن و پشتی

بگرن، کە ئەمەش خەسڵەتێکی تیرەگەری دواکەتوانەیە و لەنێو شیوعییەکان پانتاکییەکی باشی گرتووە.

لە بابەتی (دەرئەنجام)، کە کۆتایی توێژینەوەکەیە چەند لایەنێکی نەرێنی حزبی شیوعی عێراق ئاشکرا دەبێت، کە دەمێکە شانبەشانی مێژووی ئەو حزبە هاوتەریبە لەگەڵ حزبەکە و لێی جیانەبۆتەوە، کە کوتەکێکی گەورەی ئاراستەی حزبی شیوعی کردووەو بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر لاوازی بکات، کە بریتین لەم هەشت خەسڵەتە ناڕاست و دروستە: (لادانی حزبی شیوعی عێراق لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم (إنحراف)، عروبییەتی حزبی شیوعی عێراق، ئاژاوەگێڕی شەڕفرۆشی حزبی شیوعی عێراق، بەشداری حزبی شیوعی عێراق لە شەڕو تاوانەکان لەدژی یەکێتی، دیلکوشتن و ناڕاستگۆیی حزبی شیوعی عێراق، پلانی هاوبەشی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود بۆ لەناوبردنی یەکێتی و پڕوپاگەندەی بەردەوام و ناڕاستگۆیی حزبی شیوعی عێراق)، کە هەموویان بە بەڵگە سەلمێنراون و لێرەدا درێژەی پێنادەم. لە بابەتی (سەرچاوەکان)، پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی کوردی و عەرەبی بەستراوە کە بریتین لە: (یاداشت، بیرەوەری، چەمکێک لە مێژووی پارتەکان، هەواڵنامە، ڕۆژنامە، مانگنامە، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی، ژیاننامەی شەهیدان و لیستی شەهیدانی یەکێتی و پارتی کە ناوی تەواوی کوژراوانی حزبەکان لەخۆدەگرن). لە بابەتی (بەڵگەنامەکان)دا، ژمارەیەک بەڵگە دانراون کە لە بارەگاکانی حزبی شیوعی عێراق و حسک لە پشتئاشان و ئاشقوڵکە گیراون و نامیلکەی (چۆن حزبی شیوعی عێراق شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە)، لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە ساڵی (1983)دا لەچاپ دراوە، لەگەڵ ژمارەیەک بەیاننامە، وێنە و وێنەی پۆستی فەیسبووک، کە تێکڕا ژمارەیان (48) لاپەڕەیە.

دەرسیم پێشەوا

شەممە (2026/05/23)

دانمارک

هەواڵنامەی کتێب

## کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی یەکەم زەنگ و هۆکاری شەڕە ناوخۆکانی ساڵی (1983):

چل و سێ ساڵ لەمەوبەر، لە دەوروبەری کاتژمێری شەش و دە خولەکی ئێوارەی (1983/4/15)، شیوعیەکان و حسک لە گوندی باداوانی دۆڵی خەلەکان تەقەیان لە هێزێکی یەکێتی کردو (شێخ شەمال، سەرباز، سەعدی و کامەران)یان کوشت، کەچی هەموو لایەنەکانی بەرەی جود کەوتنە هۆنینەوەی سیناریۆیەک بۆ دیزە بە دەرخۆنە کردنی تاوانەکەیان و سەدان تۆمەت و چیرۆکی ساختەی بێ بنەمایان بڵاوکردەوە، کە گوایە هێزێکی یەکێتی بە فەرماندەیی شەماڵ سەرتیپی (93)ی کۆیە و سەربازی جێگری فەرماندەی تیپ، لەلایەک پەلاماری هێزێکی جودی داوە لە باداوان و لەلاکەی دیکەشەوە هێزەکەی (93)ی کۆیە بۆسەیان بۆ هێزێکی ئەوان داناوەتەوە، بەڵام لە ئەنجامدا ئەوان لێیان هاتوونەتە دەست و توانیویانە بەسەریاندا سەرکەون و شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران بکوژن!

حزبەکانی ناو بەرەی جود، ئەوکات دەیان و سەدان سیناریۆی دروستکراویان ئامادەبوو بۆ تێپەڕاندن و پاساو هێنانەوە بۆ تاوانەکانیان لەدژی یەکێتی! ئاخر کێ باوەڕ دەکات کە بە (20-22) پێشمەرگە، کە فەرماندەی تیپ، جێگری فەرماندەی تیپ، ڕابەر سیاسی تیپ و نزیکەی (17) پێشمەرگەی دیکە، کە دابەشی سەر (3) ئۆتۆمۆبێل بووینە و بە ماوەی ڕۆیشتنی هەر ئۆتۆمۆبیلێک لەگەڵ دانەیەکی تر (4-6) خولەک بووە، ئۆتۆمۆبێلی یەکەم (7) پێشمەرگە و هی دووەم (4) پێشمەرگەی تیا بووە، بۆسە بۆ هێزێکی گەورەی هاوبەشی شیوعی و حسک دابنێنەوە کە ژمارەیان (5-6) جار بەقەد ژمارەی ئەوان بێت؟ شیوعییەکان (15-25) و حسکەکان (40-50) کەس دەبوون. ئاخر کێ باوەڕ دەکات، کە هێزەکانی حشع و حسک لەناو گوندەکەدا بن و هێزەکەی یەکێتی کە تەنیا (11) پێشمەرگە بووبن و بە سێ ئۆتۆمۆبیل بەرەو گوندەکە بڕۆن و تەنیا دوو ئۆتۆمۆبیلیان گەیشتبنە ناو دێکە، ئەویش بە جیاوازی (3-4) خولەک، چەکی دەستیان تەنیا کلاشینکۆف بووەو (BKC) لای وشیار و (RPG) لای ئازاد لەتیف فەتحوڵڵا کۆیی بووە لەنێو ئۆتۆمۆبیلی سێیەم، کە لەسەر شەقامی سەرەکی داینا‌ون و

نەهاتۆتە ناو باداوان، بۆسە بۆ هێزەکەی ئەوان دابنێتەوە کە هێزەکەی (حشع و حسک) لەناو دێیەکە بن و ژمارەیان لە نێوان (55-75) چەکدار بێت؟ دواتر کە شەماڵ و هاوڕێکانی لە ئۆتۆمۆبێلەکە دابەزیون سڵاویان لێکردوون، ئەوان دەستبەجێ دەستڕێژیان لێ کردوون، شەماڵ و سەعدی لە ئۆتۆمۆبیلی یەکەم، سەرباز کۆیی و کامەران بە چەند خولەکێک لەدوای ئەوان و لە بۆسەی دووەم کوژراون.

ئەوکات، هەردەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاستگۆتر بووە لە هێزەکانی دیکەی بەرەی جود، هەروەها دڵسۆزتریش بووە لە ڕادەستکردنەوەی تۆمەتباران بەبێ کێشە. سێ نموونەی جیاوازی یەکێتی لەلایەک و پارتی، حسک و شیوعیتان بۆ دێنمە، کە یەکێتی بەبێ کێشە تۆمەتباری ڕادەستی پاسۆک کردۆتەوە و ئەوانیش بەهۆی ڕادەست نەکردنەوەی تاوانباران چۆن کێشەیان دروست کردووە.

نموونەی یەکەم: لە ڕۆژی (1979/6/27)دا پێشمەرگەیەکی پاسۆک بە ناوی ساڵح عەبدوڵڵا ناسراو مامۆستا حەمەساڵح عەبە پشی (1947/ سلێمانی/ سابونکەران)، لە گوندی بابیێوە لە نزیک مەرزی باشماخ لە سنووری مەریوان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، دوو پێشمەرگەی پاسۆک دەکوژێ و سەنگەر دەگوازێتەوە بۆ ناو یەکێتی، بەڵام دوای ئەوەی پاسۆک داوای لە یەکێتی کرد کە ئەم بکوژەیان ڕادەست بکاتەوە، یەکێتی حەمەساڵح عەبە پشی-ی دایەوە دەست پاسۆک، ئەوانیش لە ڕۆژی (1979/8/9)دا لە گوندی دۆڵەتوو لە سەرکردایەتی پاسۆک بەدەستی (ئە. ک)ی گوللە باران کرا، ئاخر پاسۆک لەچاو یەکێتی هەر هێز نەبوو، یەکێتی لە باوەڕبوونی بە پشتیوانی نەکردن لە تاوان تاوانبارەکەی ڕادەست کردنەوە نەک لە ترسان، جارانی یەکێتی وابوو نەک وەکو ئێستاکە.

دوو کوژراوەکەی دەستی حەمەساڵح عەبەپشێ ئەمانەن:

1. سەروەر عەلی حوسێن محەمەد (1955)، پێشتر لە زیندانی بەعس لە هەیئە خاسەی کەرکوک ڕایکردبوو.

2. عوسمان دەروێش قادر ڕەسوڵ (1947/ سلێمانی).

نموونەی دووەم: حەمید قادر حەمەد حوسێن ناسراو بە مامۆستا حەمید (1950/ هەولێر/ کەندێناوە/ سەید عوبێد)، لێپرساوی ناوچەی خۆشناوەتی (یەکێتی). لە ڕۆژی (1982/1/4)دا لە گوندی زیارەتی خۆشناوەتی، بەدەستی چەند پێشمەرگەیەکی ئازاد

خۆشناو و شێرزادی برای بە بڕیاری ئەو دوو برایە زۆر بەناڕەوا کوژرا. ئیبراهیم قادر خدر هەینی زیارەتی ناسراو بە ئازاد خۆشناو لەگەڵ خەلیل قادر (شێرزاد خۆشناوی برای ئازاد خۆشناو)، سەرەتا چوونە ناو حسک و داڵدەدران، دوای یەک دوو مانگی تریش کە یەکێتی بەدوایانەوە بوو، چوونە ناو پدک و لەوێش داڵدەدران، هیچ کام لە حسک و پدک ئامادە نەبوون ئازاد خۆشناو و شێرزاد خۆشناو لەسەر تاوانی کوشتنی مامۆستا حەمید قادر ڕادەستی یەکێتی بکەنەوە. پاشانیش ئازاد و شێرزادی برای لە شەڕی ناوخۆی ساڵی (1983)دا گەڕانەوە ناو ڕژێم و بوون بە جاشی ئەنوەر بەگی بێتواتە، دوای ڕاپەڕینیش بە ئەنوەر بەگەوە ئۆتۆماتیکی بوون بە پارتی.

نموونەی سێیەم: ڕادەست نەکردنەوەی عەبدوڵڵا ماویلی لەلایەن حزبی شیوعی عێراق کە لە ڕۆژی (1978/10/23)، سێ پێشمەرگەی یەکێتی قۆڵبەست کرد و ڕادەستی بەعسی کردنەوە و لە ڕۆژی (1979/2/21)، لە موسڵ لەسێدارە دران، کەچی دوای نزیکەی دوو ساڵ و نیو ماویلی پەیوەندی بە حزبی شیوعی کرد و یەکێتی داوای کرد تا دادگایی بکات، حزبی شیوعی دژی ڕادەستکردنەوەی بوون، دەستەیەک پێشمەرگەی یەکێتی لە هێرشێکدا ماویلی و چەند بەناو پێشمەرگەیەکی ئەویان بەدیل گرت کە ئەوانیش خزمی ناوبراو و پێشتر جاش بوون، بەڵام یەکێتی ماویلی کوشت و ئەوانەی دیکەی ئازاد کرد، عەلی کلاشینکۆف لە تۆڵەی ماویلی چوار پێشمەرگەی یەکێتی کوشت، یەکێتی بۆ ئەوەی کێشەکە لەگەڵ حزبی شیوعی گەورەتر نەبێت لە خوێنی هەر حەوت شەهیدی خۆی خۆشبوو.

هەولێرنامەی کتێب

**بۆسەی باداوان و کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی:**

دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆیان لە گوندی چیوەی دۆڵی بالیسان خوارد، تەواوی پێشمەرگەکانی تیپی (93)ی کۆیە کە ژمارەیان (104) پێشمەرگە بوو، بە ئۆتۆمۆبێل بەرەو گوندی خدران بەڕێکەوتن. شەماڵ، لەسەر پردی قاقا هەندێک لە پێشمەرگەکانی جیاکردەوە کە ژمارەیان نزیکەی (20-22) پێشمەرگە دەبوو، یەک ئارپیجی، یەک بیکەیسی و ئەوانەی تریش کلاشینکۆفیان لابووە. ئەو هێزەی یەکێتی، بە گەرەوان و میرسەید کە دەکەوێتە سەر هەیبەت سوڵتان بەناو قەمتەران بەرەو چنارۆک بەڕێکەوتن.

دەوروبەری کاتژمێر (17:30) خولەکی ئێوارە گەیشتنە چنارۆک. لەوێ دوو چەکداریان بینی و یەکێک لە پێشمەرگەکان گوتی: (ئەمانە پێشمەرگەی شیوعین، چونکە ئەوەیان کە هۆکی تۆکی یەکەی پێیە، مەقسود محەمەدئەمین عەبدوڵڵای برای محەمەد حەلاقە). مەقسود بە ڕێبەر ناسرابوو. شەماڵ و هاوڕێکانی، بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک لەگەڵ مەقسود بکەن، ئەوێیان بەجێهێشت، خۆ ئەگەر ئەو هێزەی تیپی (93)ی کۆیە هیچ بەرنامەیەکیان بەدەستەوە بوایە لەدژی بەرەی جود و شیوعی، زۆر بەئاسانی دەیانتوانی هەر لەوێ مەقسود و هاوڕێکەی چەک بکەن و بەدیل بیانگرن بەتایبەت کە هۆکی تۆکی یان لابووە. مەقسود، لە چنارۆک-ەوە بە هۆکی تۆکی قسەی لەگەڵ هێزەکەی خۆیان و محەمەد حەلاقی برای کردووە، کە ئەوەی دووەمیان لە باداوان بووە، مەقسود زانیاری پێ داوە، کە شەماڵ، سەرباز و ژمارەیەک پێشمەرگەی یەکێتی سەر بە تیپی (93)ی کۆیە بە ڕێگاوەن بەرەو باداوان و دۆڵی خەلەکان دێن.

شەماڵ و سەرباز بۆ ئەوە دەچوون، کە بەرنامەی لێدان و گرتنی تەواوی ڕەبایەکانی سوپای عێراق لەنێوان گوندی باداوان و خەلەکان داڕێژن بە گرتنی شارەدێی خەلەکان-ەوە. شەماڵ و سەرباز، بە بڕیاری سەرکردایەتی پلەکانیان بەرزکرابووەوە، شەمال بۆ بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی (4)ی بالیسان، واتە بۆ شوێنی ملازم سەید کەریم، سەرباز کۆی-یش بۆ شوێنی شەماڵ و بڕیار درابوو بکرێتە فەرماندەی تیپی (93). بەڵام شەماڵ و سەرباز وا پێکهاتبوون دوای سەرکەوتنی پلانی گرتنی ئەو چەند ڕەبایەو شارەدێی خەلەکان ئینجا شەماڵ بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی (4) وەربگرێت و سەرباز کۆی-یش فەرماندەی تیپی (93)، بەتایبەت کە سەرباز دەیویست بەر لەوەی شەماڵ بڕوات و ئەوکاتەی خۆی دەبێتە

فەرماندەی تیپ، تیپەکەیان خاوەنی دۆشکایەک بێت، چونکە یەکێک لە ڕەبایەکانی دەوروبەری خەلەکان دۆشکایەکی تیابوو. ملازم سەید کەریم کرابووە ئەندامی مەکتەبی سەربازی، بەڵام کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی ئەم گواستنەوەی دواخست و دوای کۆتایی شەڕەکان شەوکەتی حاجی موشیر هاتە شوێنی ئەم و ئەویش بۆ مەکتەبی سەربازی گوێزرایەوە.

شەماڵ، سەرباز و هاوڕێکانی، کە ژمارەیان نزیکەی (20-22) پێشمەرگە دەبوو لە چنارۆک، ئۆتۆمۆبیلی خۆیان پێ نەبوو، بۆیە بە سێ ئۆتۆمۆبێلی خەڵک کە بەوێدا تێپەڕیون، یەک لەدوای یەک و بە جیاوازی ماوەی نێوان هەر ئۆتۆمۆبێلێک لەگەڵ یەکێکی دیکە لە (3-5) خولەکی خایاندبوو بەرەو گوندی باداوان ڕۆیشتوون، لە ڕێگەش پێدەچێت دووری نێوان ئۆتۆمۆبێلەکان زیاتر بووبێت بەهۆی جیاوازی لێخوڕینی هێواش و خێرای نێوان ئۆتۆمۆبێلەکان:

ئۆتۆمۆبێلی یەکەم: جێبەک بوو، ئەو پێشمەرگانە لەگەڵ جێبەکە بوون: محەمەد شێخ مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە شێخ شەماڵ، فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، سیامەند مامەند دۆندار، شۆڕش مستەفا ڕەسوڵ مستەفا ناسراو بە شۆڕش حاجی، ڕابەر سیاسی تیپ، نەهرۆ خەزای مەحمود مەعروف (1959/ کۆیە)، سەعدی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە سەعدی گەرمکی، خەلیل کەریم وەسمان مستەفا ناسراو بە خەلیل چاوڕەش (1964/ سورەقەڵا/ کۆیە) و عومەر ئیبراهیم مەحمود ناسراو بە عومەر بیکەیسی، یان عومەر چوارقوڕنە (1963/1/1/ قەڵادزێ - 2006/11/17)، واتە حەوت پێشمەرگە بوون.

ئۆتۆمۆبێلی دووەم: لادەیەکی سپی خاوەنەکەی کۆیی بوو، کە ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ بوو: سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد ناسراو بە سەرباز کۆیی، جێگری فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، سەباح بەکر مەلا کۆیی، سەعید ساڵح ئۆمەر ڕەسوڵ ناسراو بە سەعید موخەڕەسی و کامەران فارس حەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەشۆ، واتە چوار پێشمەرگە بوون.

ئۆتۆمۆبیلی سێیەم: پیکاب تویوتا بوو، کە ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ بوو: ئازاد لەتیف فەتحوڵڵا (1962/ کۆیە) کە ئارپیچی یەکە لای ئەو بوو، ئەحمەد عەبدولڕەحمان محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە شێخ هەژار و ئامۆزای شێخ شەماڵ (1963/ باخ/

پیرەمەگرون)، ئەسعەد، جەعفەر حەمەد ئەحمەد دەروێش (1959/ کۆیە)، کە دواتر وەکو فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە لە ڕۆژی (1991/3/20)دا لە ڕزگارکردنی کەرکوک کوژرا، دلێر عەبدوڵڵا تاهیر ناسراو بە دلێر تاقانە (1957/2/2/ کۆیە)، دواتر لە ڕۆژی (2008/12/18)دا لە کۆیە کۆچی دوایی کرد، شێرکۆ ئەحمەد خدر ئەحمەد کۆیی ناسراو بە شێرە کۆیی (1965/ کۆیە)، نەوزاد لەتیف فەتحوڵڵا ناسراو بە نەبەز (1964/ کۆیە)، وشیار شەفیق نادر (1959/ کۆیە) بیکەیسیەکە لای ئەو بوو، لەگەڵ یاسین سابیر فەرەج (1962/ باخ/ پیرەمەگرون) و یەک یان دوو پێشمەرگەی تر، چونکە ژمارەی هەموویان نزیکەی (8-11) پێشمەرگە دەبوو. بەڵام ئەوان لەسەر شەقامی سەرەکی دابەزین و دوای ئەوەی گوێیان لە تەقەکان بوو سەرەتا تەنیا شێرکۆی برای سەربازو نەوزاد لەتیف فەتحوڵڵا ناسراو بە نەبەز کە خزمی شێخ شەماڵ بوو بە غاردان بەرەو گوندەکە چوون و بە (4-5) خولەک گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکان. پێشمەرگەکانی دیکەش چەند خولەک دواتر گەیشتبوونە باداوان، چونکە سەربازەکانی ناو ڕەبایەکەی باداوان کە دەکەوتە بەری چوارقوڕنە بە پشتی خدران تەقەی چڕی لێ دەکردن. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئۆتۆمۆبێلی یەکەم و دووەم کە ژمارەیان (7+4=11) پێشمەرگە بووە، کە کەوتوونەتە بۆسەی یەکەم و دووەمی هاوبەشی حسک و شیوعی، لە خافڵەتەوە لێیان دراوە و هەموویان شەڕکەر نەبووینە بەتایبەت کە چواریان کوژراون، دوو بریندار بووینە، دوو بۆ سێ خۆیان دەرباز کردووە و (2-3) پێشمەرگە بەرگرییان کردووە بە دوو بریندارەکەشەوە! هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت، کە (ئارپیجی و بیکەیسی)ش لەگەڵ ئۆتۆمۆبیلی سێیەم بووەو لای ئەوان نەبووە، کە هەردووکیان بۆ بۆسە دانانەوە زۆر گرنگن.

یەکەم ئۆتۆمۆبێل، کە شەماڵ و شەش پێشمەرگەی دیکە بوون، نزیک بە کاتژمێر (6:10) خولەکی ئێوارە بوو گەیشتە ناو باداوان و لەبەردەم ماڵی خاوەن جێبەکە (وەکو بیستومە ناوی موراد بووە) هەموو دابەزین و دەیانویست بچنە ماڵی ئەو تا پێشمەرگەکانی تر دەگەن ئینجا پێکەوە بەرەو خدران بڕۆن. حسک و حشع، لەسەربان و شوێنە بەرزەکان سەنگەریان گرتبوو، هەر زوو لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی شۆڕش حاجی کردبوو، چونکە ئەو شاڵی لەبەربوو لەگەڵ کڵاشێکی پەڕۆ بۆیە ئەو بە شەماڵ تێگەیشتبوون، بەڵام لەم کاتەدا محەمەد حەلاق دێتە گۆ و نزیک بە (4-5) مەترێک لە شەماڵ دوور بووەو بە دەنگی بەرز دەڵێ: (کاک شەماڵ چۆنی، بەخێر بێن)؟

شەماڵ وەڵامی دەداتەوەو دەیەوێ لێی نزیک بێتەوە و تەنانەت دەستیشی دەجوڵێنێ بۆ ئەوەی بەرەو ڕووی بڕوات و تەوقەی لەگەڵ بکات، بەڵام هەموو ئەوانەی لە بۆسە دانیشتبوون، ڕووی چەکەکانیان دەکەنە شەماڵ و تەقەی لێ دەکەن. سڵاو کردن و ناوهێنانی شەماڵ بەدەنگی بەرز لەلایەن محەمەد حەلاق، تەنیا بۆ دەست نیشان کردنی ئەو بووە، کاتێک کە لەگەڵ ناوهێنانی شەماڵ ئاراستەی لولەی چەکەکان لە شۆڕش حاجی بۆ شەماڵ دەگۆڕدرێت و دەستبەجێ تەقە لەو دەکرێت، دەیسەلمێنێ کە محەمەد حەلاق بە مەبەستی ناساندنی شەماڵ و جێبەجێ کردنی پلانەکەیان ناوی ئەوی هێناوە. ئەوانەی لە نزیک شەماڵ بوون، سەعدی گەرمکی کوژرا، عومەر چوارقوڕنەیی، نەهرۆ خەزای مەحمود و ژنێکی گوندەکەش بریندار دەبن (بەداخەوە ناوەکەی نازانم)، یەکەمیان برینەکەی سووک و دووەمیان دەستی ڕاستی بەسەختی برینداڕو دواتریش ئیفلیج بوو، عومەر بیکەیسی و نەهرۆ خەزای بە بریندارى کەمێک تەقەو بەگرییان کردبوو. شۆڕش حاجی، سیامەند مامەند سالح حەمەد دۆنداری و خەلیل چاوڕەش کە ئێستاکە بەپلەی لیوا خانەنشینە تەنانەت بەهیچ ڕانەکیشتن جگە لەخۆ ڕزگارکردن. محەمەد حەلاق لەکاتی تەقەکردن و کوشتنی شەمال هیچ تەقەیەک ناکات، بەڵام دەم و قسەکانی دەکات بە چەک و گوللە و ئاراستەی گیانی شەماڵ و هاوڕێکانی دەکات.

ماوەی دەستڕێژو تەقە کردنەکان بە هەردوو بۆسەکە (5-6) خولەک دەخایەنێت، واتە لە هەر بۆسەیەک دوو بۆ سێ خولەک. کاتێک سەرباز کۆیی جێگری شەماڵ، گوێبیستی دەستڕێژو تەقە دەبێت، داوای لە شۆفێری (لاداکە) کردبوو بەخێرایی لێبخوڕێت بۆ ئەوەی زوو بگەنە شوێنی تەقەکان، بەڵام بۆسەیەکی دیکە لە کەندی نزیک مزگەوتەکە کە نزیکەی (200-300) مەترێک لە شوێنی بۆسەی یەکەم (شوێنی بۆسەی یەکەم و لێدانی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی، کە بەردەم ماڵی موڕادی خاوەن جێبەکە) دوورە، دەستڕێژی زۆر لە لادا سپییەکە دەکەن کە سەرباز کۆیی و سێ پێشمەرگەی تری تیایە و شیوعییەکان ڕومانەی زۆریان بۆ هەڵدابوون، کە بەو هۆیەوە سەرباز کۆیی و کامەران پێکرابوون، سەرباز دوای نزیکەی (20-25) خولەکێک گیان دەبەخشی و کامەرانیش ڕۆژی دواتر لە خدران، بەڵام سەعید سالح ئۆمەر ڕەسوڵ ناسراو بە سەعید موخەڕەسی (1953/ موخەڕەس/ تەقتەق) بەرگری باشی کردبوو، کەچی دواتر لە ڕۆژی (1985/2/28)دا لە ئۆپراسیۆنی گرتنی ڕەبیەی بانوی تاڵەبان کوژرا. دوای

پازدە خولەکێک پێشمەرگەکانی ئۆتۆمۆبیلی سێیەم دەگەنە لای سەرباز کۆیی، کە هەموو گیانی برین و خوێنە، دەیانەوێت هاوکاری ئەو بکەن، بەڵام ئەو پێیان دەڵێ: (واز لە من بێنن، بکەونە دوای حسک و شیوعییەکان، کە لە شێخ شەماڵ و ئێمەیان دا). دیارە سەرباز کۆیی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حسک و شیوعی ناسیووە بۆیە باسی ئەوەی کردووە کە حسک و شیوعی لێی داون، بەپێی قسەی سەرباز کۆیی بۆمان دەردەکەوێت کە شیوعی و حسک لە لێدانی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی بەشدار بووینە.

لەم تەقە کردنەدا پێشمەرگەیەکی شیوعی بەناوی حاجی بەختیار بریندار بوو. دوای ئەوەی شیوعی و حسکەکان لە ئۆتۆمۆبێلی دووەمیان دا لە نزیک مزگەوتەکەوە، ئامانجی خۆیان پێکاو هاواریان دەکرد (تەواو تەواو)، (إنسحاب رفاق إنسحاب/ بکشێنەوە هاوڕێیان بکشێنەوە)، وەکو ئاماژەیەک بۆ کشانەوەو دەرچوونیان لە دێیەکە، بۆیە هەر لەگەڵ هاوار کردنی (تەواو تەواو) و (إنسحاب رفاق إنسحاب/ بکشێنەوە هاوڕێیان بکشێنەوە)، هەموویان بەرەو دەرەوەی گوند و ڕووەو شاخ ڕایان کردبوو، ئەوانەی هاواریان دەکرد (تەواو تەواو) حسکەکان و ئەوانەیش هاواریان دەکرد (إنسحاب رفاق إنسحاب) شیوعییەکان بوون، خۆ حسک عەرەبیان تیانەبوو تا بە زمانی عەرەبی لەکاتی کشانەوەیان هاوار بکەن؟ ڕاکردن و ڕۆیشتنی شیوعییەکان لەگەڵ حسکەکان، بەڵگەیەکی دیکەی بەشداری شیوعییەکانە لە تاوانی کوشتنی شەمال و هاوڕێکانی، گەر هاوبەش نەبووینە، بۆ لەگەڵ ئەوان لە باداوان بووینە، لەکاتی تەقەکردنەکە لە شەماڵ و هاوڕێکانی پێکەوە لە یەک سەنگەر و لە سەربانەکان بووینە، بۆ دوای ئەنجام دانی تاوانەکە و هاواری (تەواو تەواو) و (إنسحاب رفاق إنسحاب)، پێکەوە شیوعی و حسک گوندەکەیان چۆڵکردو ڕایانکرد؟ بۆ حزبی شیوعی عێراق نارەزایی دەرنەبڕیوە لەم تاوانە؟ نەک هەر نارەزاییان دەرنەبڕی، بەڵکو پەنایان بردە بەر دەیان سیناریۆ، ناڕاستی و چیرۆک هۆنینەوە بە مەبەستی پینەکردن و شاردنەوەی تاوانە هاوبەشەکەیان، کە ئەمانەی سەرەوە هەمووی بەڵگەی بەشداری حشع-ن لە تاوانەکە!

ئەو پێشمەرگەیەی حشع، کە لە بۆسە و تاوانی کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی بە گوللەی یەکێتی بریندار بوو، ناوی تەواوی بەمشێوەیەیە: (محەمەد عومەر خالید حەمەد مەرزانی ناسراو بە حاجی بەختیار/ 1957/ مەرزان/ تەقتەق)، کە دوای کۆتایی شاڵاوی ئەنفالەکان، لە ڕۆژی (1989/3/25)دا لەلایەن ئەمنی هەولێر دەگیرێ، پاشان لە

ڕۆژی (1989/4/24)دا گوللە باران کرا. بریندار بوونی حاجی بەختیار لە بۆسەی باداوان کە تیایدا شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران کوژران، گەورەترین بەڵگەیە بۆ بەشداری حشع لەگەڵ حسک لەم تاوانەی لەدژی یەکێتی کرا، هەرچەندە ئێستاکە بە دەیان و سەدان لە سەرکردە، کادیر و پێشمەرگەکانیان باسی ئەوە دەکەن کە حسک و حشع پێکەوە شەماڵ، سەرباز و هاوڕێکانیان لە ڕۆژی (1983/4/15)دا کوشت و بە هەڵەی دەزانن نەک تاوان، بەڵام لە سەرەتای تاوانەکە هەموویان نکۆڵیان لە بەشداری حزبی شیوعی لەم تاوانە دەکرد. دانپێدانانی درەنگ وەختی شیوعییەکان بە بەشداریکردن لە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی، لەلایەک بەڵگەی دەیان و سەدان شێواندنی مێژوو، ناڕاستگۆیی و داپۆشینی تاوانەکانی خۆیان و بەرەی جود و ناهەقی هەر چوار لایەنە لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاڵپشتیکردنی نارەواو کوێرانەیانە لە بەرەی جود، لەلاکەی دیکەشەوە مەیلی شاردراوەی حزبی شیوعی عێراق لە شەڕی دژ بە یەکێتی دەردەخات کە بەرنامەی خۆی هەبوو بۆ لەناوبردن یان بێهێزکردنی یەکێتی، چونکە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)یان بە شوێنگرەوەی حزبی شیوعی عێراق لە کوردستان و مەترسی بۆ سەر داواڕۆژی حزبەکەیان دەزانی، کە بەدڵنیایی کۆمەڵە (90%)ی هێزەکانی یەکێتی پێکدەهێنا.

ئۆتۆمۆبیلی سێیەم، کە گەیشتە بەرانبەر گوندی باداوان و لەسەر شەقامە سەرەکییەکە پێشمەرگەکانی دانابوو، ئەوان بە بیستنی دەنگی تەقە و دەستڕێژی گوللە، گومان دەکەن کە هاوڕێکانیان لە ئۆتۆمۆبیلی یەکەم و دووەم لەنێو باداوان لێیان دراوە، بۆیە کوێرانە دەست دەکەن بە تەقەکردن ڕووەو ئاسمان، لەکاتێک دا بەتەواوی نەیاندەزانی هۆکاری ئەو تەقانەی ناو گوندی باداوان چییە! لەو (8-10) پێشمەرگەیەی کە لەسەر شەقامە سەرەکییەکە لە ئۆتۆمۆبیلی سێیەم دابەزیون، تەنیا شێرکۆ ئەحمەدی برای سەربازی جێگری فەرماندەی تیپ و نەوزاد لەتیف فەتحوڵڵا ناسراو بە نەبەز بە غاردان بەرەو باداوان دەڕۆن. کاتێک ئەم دووانە دەگەنە لای ڕزگاربووەکانی بۆسەی یەکەم و دووەمی نێو ئۆتۆمۆبیلی یەکەم و دووەم، ئەوان بۆیان باس دەکەن کە هێزێکی هاوبەشی حسک و شیوعی لە دوو بۆسەی جیادا تەقەیان لێ کردوون و (شەماڵ، سەرباز، سەعدی)یان کوشتووە، کامەران برینەکەی سەختە و بێهۆشە (کە بۆ نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر ئەویش گیانی سپارد)، هەر یەک لە (عومەر چوارقوڕنەیی و نەهرۆ خەزای)ش بریندارن، کە ئەوەی دووەمیان دەستی ڕاستی تووشی ئیفلیجی بوو.

شیوعی و حسکەکان، لەدوای ئەم تاوانە و سەنگەر گرتنی ئەو پێنج پێشمەرگەیەی یەکێتی (عومەر بیکەیسی، نەهرۆ خەزای مەحمود، خەلیل چاوڕەش، سیامەند دۆنداری و شۆڕش حاجی) و ڕزگاربووانی بۆسەی دووەم (سەعید موخەڕەسی و سەباح بەکر مەلا)، ڕادەکەن و گوندەکە بەجێ دەهێڵن، بەڵام ئەوانەی یەکێتی لە گوندەکە دەمێننەوە، دوای پازدە خولەکێک (شێرکۆ ئەحمەد خدر کۆیی و نەوزاد لەتیف فەتحوڵڵا ناسراو بە نەبەز) و بە چەند خولەکێک دواتریش ئەوانەی لە ئۆتۆمۆبێلی سێیەم دەگەنە لایان، کەرتەکانی تری تیپی (93)ی کۆیە کە لە خدران بوون، دوای بیستنی هەواڵەکە بە نزیکەی (2-3) کاتژمێر دەگەنە باداوان، کە دووری نێوان باداوان و خدران نزیکەی (30-45) خولەک دەبێت.

ئەم چەند پێشمەرگەیەی یەکێتی لە گوندەکە دەمێننەوە، بەڵام تا بەم شەوە هەواڵەکە دەگاتە تیپی (93)ی کۆیە لە گوندی خدران، پێشمەرگەی هەموو کەرتەکان کۆدەبنەوەو بەرەو خدران دێن، نزیکەی (2-3) کاتژمێریان پێ دەچێت. دوای ئەوەی ئەو هێزەی تیپی (93)ی کۆیە، کە نزیکەی (80-84) پێشمەرگە دەبن، لە گوندی خدران بەرەو باداوان دێن، ئەوانیش لە ڕێگا تووشی تەقەی دوور بەدووری هێزە هاوبەشەکەی حسک و حشع دەبن، بەڵام بێ زیان بوون. بۆ شەو ئەو هێزەی تیپی (93)ی کۆیە لە باداوان تەرمی شێخ شەماڵ، سەرباز کۆیی، سەعدی و کامەران بە بریندارى و نیوە مردوویی هەڵدەگرن و بەرەو خدران دەڕۆن. بۆ بەیانییەکەی کامەران لە نێوان کاتژمێر (10-11)ی بەر لە نیوەڕۆ کۆچی دوایی دەکات. هەر ئەو ڕۆژەی کە کامەران کۆچی دوایی کرد، واتە ڕۆژی (1983/4/16)، تەرمی سەرباز کۆیی سەرەتا لە خدران بە خاک دەسپێرن و دوای دوو ڕۆژ لەسەر داوای کەسوکارەکەی دەریان هێناو گواستیانەوە بۆ کانی وەتمان و تا ئێستاکەش لەوێیە، هەر لەم ڕۆژەدا بۆ دوای نیوەڕۆ کەسوکاری شەماڵ هاتن و تەرمەکەیان بردەوە گوندی باخ و لەوێ ناشتیان.

دوای دوو ڕۆژ، پێش نیوەڕۆی (1983/4/17)، تەواوی هێزەکەی تیپی (93)ی کۆیە بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتن، هێزێکی حزبی شیوعی کە نزیکەی (60-70) کەسێک دەبوون بە فەرماندەیی (عەلی حاجی نادر فەرماندەی بەتالیۆنی (31)، مەحمود حاجی نادر، محەمەد حەلاق و ملازم ئەحمەد شەفیق جبوری)، لە گوندەکانی کانی سپی و چناران بەتەواوی سەنگەریان گرتبوو، بەڵام تیپی (93) نەیانویست شەڕیان بکەن،

چونکە لەلایەن سەرکردایەتی ئاگادار کرابوونەوە کە شەڕی حزبی شیوعی نەکەن. تیپی (93)ی کۆیە لە ئێوارەی ڕۆژی (1983/4/19)دا دەگەنە سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ و دواتر لە ڕۆژانی (23-1983/4/24)، هێرۆ برایم ئەحمەدی هاوسەری مام جەلال بە کامێرای ڤیدیۆ دیداری لەگەڵ یەکە بە یەکەی (بریندارەکانی شەڕی باداوان، ڕزگاربووانی بۆسەی یەکەم و دووەم و چەند پێشمەرگەیەکی نێو ئۆتۆمۆبیلی سێیەم) ئەنجام داو ئەوان بە وردی باسی بۆسە و تاوانەکەیان کرد بەدەستی حزبی شیوعی و حسک لە گوندی باداوان، کە چۆن شێخ شەماڵ، سەرباز کۆیی، سەعدی گەرمکی و کامەران یان بەناڕەوا کوشت. خۆم دواتر ئەم دیدارە ڤیدیۆییەم دیوە کە باسی تاوانی کوشتنی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی دەکەن.

نەهرۆ خەزای مەحمود دەستی ڕاستی بەسەختی بریندار و دواتریش ئیفلیج بوو، هەروەها عومەر ئیبراهیم مەحمود (عومەر بیکەیسی) بە سووکی بریندار دەبێت. دوای کوژرانی شێخ شەماڵ و سەعدی گەرمکی، پێنج پێشمەرگەکەی تر (نەهرۆ خەزای مەحمود و عومەر بیکەیسی)، بە مەبەستی خۆ دەرباز کردن دەست دەکەن بە تەقەکردن لە هێزەکەی حشع و حسک، لە بۆسەی یەکەم یان دووەم یەکێک لە شیوعییەکان بەناوی حاجی بەختار بریندار دەبێ، ئەو دوو پێشمەرگەیەش (نەهرۆ خەزای و عومەر بیکەیسی) دەگەنە ناو ماڵەکان و لەگەڵ (شۆڕش حاجی، سیامەند مامەند ساڵح حەمەد ناسراو بە سیامەند دۆنداری (1957/ دۆندار/ کۆیە) و خەلیل چاوڕەش) یەک دەگرنەوە، کە ئەوان هەر زوو لەگەڵ تەقەکردن لە شێخ شەماڵ خۆیان گەیاندبووە ناو ئەو ماڵانە، ئیتر هەر پێنجیان سەنگەر دەگرن.

پێشتر مەقسود حەمەدەمین حەلاق ناسراو بە ڕێبەر، کە دواتر لە ڕۆژی (2013/1/15)دا لە هەولێر کۆچی دوایی کرد، لە چنارۆکەوە بە هۆکی تۆکی هەواڵی دابوو بە هێزێکی حشع بە سەرۆکایەتی عەلی حاجی نادر فەرماندەی بەتالیۆنی (31) و محەمەد حەلاقی برای کە جێگری فەرماندەی لقی کۆیە بوو، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بە حسک، کە شێخ شەماڵ و مەفرەزەکەی لە چنارۆک بەرەو دۆڵی خەلەکان و گوندی باداوان دەچن، تا لە باداوان بۆسەیان بۆ دانێنەوە. بۆ دڵنیابوون لە ڕۆڵی حزبی شیوعی، مەقسود و محەمەد حەلاقی برای لە کوشتنی شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران، نووسراوە: (بەڕاستی چەکداری حشع بوونە هۆی کوژرانی هەڤاڵان شەماڵ،

سەرباز، کامەران و سەعدی. چونکە مقصودی حەمەدەمینی حەلاق کە ئەندامی حشعە لە چنارۆکەوە خەبەری دا بە چەتەکانی جوجە ڕەسوڵ و فەسیلێکی حشع بە سەرۆکایەتی عەلی حاجی نادری بەردەشانی تا ئەوانیش لە باداوان کەمینی بۆ دابنێنەوە. هەروەک وەختێک کاک شەماڵ کەوتە کەمینەکەوە محەمەدی حەمەدەمینی کۆیی بوو بە هۆی ناساندنی کاک شەماڵ بۆیان. هەروەها چەکدارەکانی حشع ڕاستەوخۆ هەڤاڵان سەرباز و کامەرانیان بە نارنجۆک شەهید کرد([1]).

مەقسودی برای محەمەد حەلاق، لە چنارۆکەوە هەواڵی بەڕێکەوتنی شێخ شەماڵ، سەرباز کۆیی و مەفرەزەیەک بە محەمەدی برای و ئەویش بە بۆسە هاوبەشەکەی خۆیان و حسک دەگەیەنێت، هەر محەمەد حەلاق بە دەنگی بەرز بەخێرهاتنی شێخ شەماڵ دەکات بۆ ئەوەی نەوەک حسکەکان لەبری شێخ شەماڵ شۆڕش حاجی بکوژن و هەر شیوعییەکان لە بۆسەی دووەم سەرباز کۆیی و کامەران بە نارنجۆک دەکوژن، ئەی بۆ دەبێ (حزبی شیوعی، محەمەد حەلاق، مەقسود حەلاق، عەلی حاجی نادر و بەشداربووە شیوعییەکان) تۆمەتبار نەبن لە کۆمەڵکوژ کردنی ئەو چوار فەرماندە، پێشمەرگە و بریندار کردنی ئەوانەی تر؟ بۆ دەبێ بەم تاوانەی حزبی شیوعی عێراق ئەوان هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ نەبن؟

سەبارەت بە دەستنیشان کردنی شێخ شەماڵ، لەلایەن (محەمەد حەلاق)ەوەو دواتریش کوشتنی لەلایەن هێزەکانی حسک و حشع-ەوە: (لەکاتی شەڕدا، وەختی کاک کەریم ئەحمەد دەگیرێت، کادیرێکی کۆمەڵە هەڤاڵ جەمال و پێشمەرگەیەکی تر خۆیان دەدەن بەسەرا و لەشی خۆیانی بۆ دەکەنە شورە بۆ پاراستنی لە گوللەی وێڵو دەستڕێژی پێشمەرگە. بەمەش دەری دەخەنەوە کە جیاوازی نێوان پێشمەرگەی یەکێتی و چەکداری حشع چییە و چۆنە؟ چەکداری حشع، محەمەدی حەمەدئەمین عەبدوڵڵا کۆیی (محەمەد حەلاق) دەست درێژ دەکات بۆ شەهید کردنی شەماڵ و بە چەتەکانی جوجە ڕەسوڵی دەناسێنێت تاکو بیدەنە بەر ڕێژنەی گوللە و پێشمەرگەی (ی. ن. ک) یش بە لەشی خۆیان کاک کەریم ئەحمەد دەپارێزن. ئەو دوو ڕەوشتەش بەری دوو جۆر پەروەردە کردنن پەروەردە کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە گیانی برایەتی لەگەڵ شیوعیەکان و بە

---

[1]- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل30).

ئاشتی پێکەوە ژیان لەگەڵیان، وە پەروەردە کردنی چەکدارەکانی حشعیش بە گیانی دوژمنایەتی کردنی یەکێتی و لەناوبردنی کادیرەکانی (2).

شەماڵ، سەرباز و سەعدی و کامەران بە ئاگادارکردنەوەی شیوعی و حسک لەلایەن مەقسود حەمەدئەمین حەلاقی برای محەمەد حەلاق و دەستنیشان کردنیان لەلایەن محەمەد حەمەدئەمین حەلاق جێگری فەرماندەی لقی کۆیەی حشع و دەکوژرێن و لەلایەن هەریەک لە خدر عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە مەلا جەلال (1939-2014/10/20/ خەڵکی گوندی ماجید/ کەندێناوە)، حاجی بەختیار (بریندار بوو)، حسکە شیلانەیی و بەردەشانییەکانی خزمی ڕەسوڵ مامەند بە فەرماندەیی ڕەسوڵ حەمەد مستەفا شیلانەیی جێگری فەرماندەی هەرێمی ئاسۆسی حسک لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەرێمی ئاسۆس (مەحمود حەمەد مستەفا شیلانەیی و لەتیف ئیبراهیم هەنجیرەیی کە ئێستاکە پارتی یەو لە هەولێر دادەنیشێت)، دەستڕێژی گوللەیان لێ دەکرێت و دەکوژرێن، کە ژمارەی شیوعییەکان نزیکەی (15-25) و ژمارەی حسکەکان (45-50) چەکدار دەبوون.

محەمەد عەلی مامەند بەردەشانی (برازای ڕەسوڵ مامەند)، فەرماندەی هەرێمی ئاسۆس، بەڵام ئەو خۆی لەگەڵ هێزەکەدا نەبوو و لەم تاوانەدا بەشدار نەبوو. ڕەسوڵ حەمەد مستەفا، جێگری فەرماندەی هەرێمی ئاسۆسی حسک، کە فەرماندەیی هێزەکەی ئاسۆسی دەکرد لە بۆسەی باداوان و کوشتنی (شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران)، لەدوای ڕاپەڕین هەردووکیان لەگەڵ ڕەسوڵ مامەند چوونە نێو یەکێتی، ڕەسوڵ حەمەد مستەفا، لە ساڵی (2014-2017)، فەرماندەی میحوەری (5)ی کەرکوک-ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، بەڵام ئێستاکە بەپلەی لیوا خانەنشینە.

دوای گرتنی سەرکردایەتیی حزبی شیوعی لە پشتئاشان، جەلال حاجی مەحمود مایل ناسراو بە حاجی جەمال (1941/ دیبەگە) کە یەکێک بوو لە دیلەکان، بۆ ماوەی نزیکەی (9) مانگ لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوەو ئازاد نەکرا، چونکە یەکێتی حاجی جەمال بە مەلا جەلال (خدر عەبدوڵڵا خدر) تێگەیشتبوو، کە ئەوەی کۆتایی دەستی هەبوو لە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی دا، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ بەشداری حزبی شیوعی عێراق لەم تاوانە گەورەیە!

---

2- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل(50).

ئەمانەی خوارەوە ناوی کوژراوەکانی دەستی حسک و حشع بوون لە گوندی باداوان-ی خەلەکان:

1. محەمەد شێخ مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان (شێخ شەماڵ)، فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و لە ڕۆژی (1976/9/2)دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردبوو.

2. سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد کۆیی (1957/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە.

3. سەعدی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە سەعدی گەرمکی (1957/ تەقتەق/ گەرمک)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە.

4. کامەران فارس محەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەشۆ (1961.7.1/ کۆیە/ سەرباغ)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە، کە ڕۆژی دوایی بەر لە نیوەڕۆی (1983/4/16)دا کۆچی دوایی کرد.

حەمەی حاجی مەحمود، دەربارەی شێوازی بۆسە دانانەوەو بەناڕەوا کوشتنی (شەماڵ و هاوڕێکانی)، نووسیویەتی: (قوەی ئاسۆس جیهازەکەیان وەرگرتبوو کە هێزی کۆیەش بەتەمایە بێتە بەری کۆسرەت سەر ئاوەکەیان لێ بگرێت ئەوانیش پەڕی بوونەوە بەری کۆسرەت لەسەر ڕێگاکەدا هێزی یەکێتی بۆسەیان دانابوو لە باداوان و لای شەخس و دارەکەی سەرجادە بۆ ناو گوندەکەش دەچێت هێزەکەی یەکێتی بەرێ کەوتبون وادیار بوو هێزەکە بەپێ هاتبوون مەوعیدیان باداوان ببوو ئەمان لە گوندەکە دەبن و پێشتر محەمەد دەلاک ئاگاداری محەمەد عەلی فەرماندەی قوەی ئاسۆس دەکات هێزی یەکێتی بەرێوەن محەمەد عەلی لێبووە لەگەڵ حزبی شیوعی دا مەحمودی حاجی نادر خزمی کاک ڕەسوڵ بون محەمەد عەلی کەمین دادەنێت و سەیارەی شەماڵ و سەرباز دەکەوێتە ناوەو لە ئێوارەی 1983/4/16 دەکوژرێن (5) کەسی ئەوانیش دەپەڕنەوە بەری کۆسرەت لای خدران و دۆڵەڕەقەوە دەگەنەوە لای ماخ و بزنان (ماخۆبزنان، کە لە سنووری سەنگەسەرە - نووسەر) لەوێوە بۆ سەرکردایەتی و لە کۆمتانەوە سەردەکەونەوە بەڵام لە ڕێگا وەکو هەمیشە هەندێکیان تەسلیم دەبنەوە بە ڕژێم واتا بەپێی نەتیجەکان هەمیشە یەکێتی دەست پێشکەرو شەڕفرۆش بووە بە سۆسیالیست؛[3]).

---

[3]- محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم 1982-1986، ل(116).

لێرەدا چاوەپۆشم لە هەڵەکانی حەمەی حاجی مەحمود، بەڵام ئاماژە بە دانیپێدانانەکانی دەدەم:

1. حسک بۆسەی بۆ یەکێتی داناوەتەوە.

کەواتە ناڕاست دەرچوو گوایە یەکێتی بۆسەی بۆ حسک دانابێتەوە، چونکە خۆی نووسیویەتی: (محەمەد عەلی کەمین دادەنێت و سەیارەی شەماڵ و سەرباز دەکەوێتە ناو).

2. محەمەد حەلاقی فەرماندەی شیوعی زانیاری بە هێزەکەی حسک داوە کە شێخ شەماڵ، سەرباز و دەستەیەک پێشمەرگەی یەکێتی بەڕێوەن بۆ باداوان.

کەواتە شەماڵ سەرباز، سەعدی و کامەران لەسەر زانیارییەکانی محەمەد حەلاق و شیوعییەکان کوژران.

3. لە ڕاستیدا ڕەسوڵ حەمەد مستەفا جێگری فەرماندەی هەرێمی ئاسۆسی حسک لەگەڵ مەحمودی حاجی نادری شیوعی بۆسە دادەنێنەوە، چونکە لەم تاوانەدا محەمەد عەلی بەردەشانی بەشداری نەکردووە، هەروەها لە هەندێک سەرچاوەدا هاتووە کە عەلی حاجی نادر بووە نەک مەحمودی برای لە بۆسە دانانەوەکەدا، کە محەمەدی حاجی مەحمود ناوی هەردوو فەرماندەی حسک و شیوعی بە هەڵە نووسیوە.

کەواتە بۆسەکە بۆسەیەکی هاوبەشی حسک و حشع بووە لەدژی یەکێتی و هەردوو لایەنی حسک حشع تاوانبارن.

4. ئۆتۆمۆبێلی شەماڵ و سەرباز دەکەونە نێو بۆسەکە و دەکوژرێن. ئەوە حەمەی حاجی مەحمود خۆی دەڵێ: (ئۆتۆمۆبێلی شەماڵ و سەربازە دەکەونە نێو بۆسەی حسک و حشع)، هەر بەدەستی ئەوانیش لە ئێوارەی (1983/4/15)دا دەکوژرێن، کەواتە ناڕاست دەرچوو کە محەمەدی حاجی مەحمود و چەواشەکەرانی دیکەی سەر بە بەرەی جود (حسک، حشع، پاسۆک و پدک) بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە یەکێتی بۆسەی بۆ حسک دانابێتەوە.

5. حسک و حشع لەوێ ڕادەکەن، هەندێک لە حسکەکان لە ڕۆیشتنیان بەرەو سەرکردایەتی خۆیان، وەکو پیشەی هەمیشەییان دوای کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتی و هەڵگیرساندنی شەڕەکە دەگەڕێنەوە باوەشی ڕژێم. خۆ ئەگەر ئەو کارە پێچەوانە بوایە و پێشمەرگەیەکی یەکێتی تاوانی وای ئەنجام بدابایە و خۆی ڕادەستی ڕژێم بکردایەوە، لایەنەکانی بەرەی جود وەکو تاوانەکانی سەلاح شینە و هێمنە ڕەش کە پێشمەرگەی

یەكێتی شیان كوشت و گەڕانەوە نێو ڕژێم، كەچی تاوەكو ئێستاكەش شیوعی، حسک و پارتییەكان وەكو تاوانێكی یەكێتی ناوی دەبەن!

سەرەڕای ئەو هەموو دانپێدانانەی حەمەی حاجی مەحمود بە ڕاستییەكان كە دەری دەخات حسک و حشع بۆسەیان داناوەتەوە بۆ یەكێتی و فەرماندە و پێشمەرگەی یەكێتی بەدەستی ئەوان كوژراون، كەچی حەمەی حاجی مەحمود زۆر بێشەرمانە دەنووسێت: (واتا بەپێی نەتیجەكان هەمیشە یەكێتی دەست پێشكەرو شەڕفرۆش بووە بە سۆسیالیست).

نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەبارەت بە سیناریۆی شیوعییەكان دەرهەق بە كوشتنی شێخ شەمال، سەرباز كۆیی، سەعدی و كامەران نووسیویەتی: (شۆڕش حاجی كە ئەوسا ڕابەر سیاسی تیپی كۆسرەت (كۆیە) و، بە ڕێكەوت لە بۆسەكەی باداوان دا نەكوژرا بو، كەوت بوە تەماشا كردنی بەڵگەكان. بە توڕەبونێكی زۆرەوە هەندێ لەو بەڵگانەی بۆ من هێنا سەیریان بكەم. من لەو كاتەدا نەمئەپەرژایە سەر ئەوەی سەیری شرە و پرە بكەم، ئەمویست هەرچی زووە بگەمە لای هێزە گەمارۆدراوەكەی مەڵبەندی چوار. بەڵام شۆڕش پێی داگرت كە هەر دەبێ سەیریان بكەم و سەرنجی بۆ دوانیان ڕاكێشام: یەكێكیان، ڕاپۆرتێک بو دەربارەی ڕووداوەكەی باداوان و بۆ عەزیز محەمەد نوسی بویان تاقمی چەكداری جەلالی لە گوندی باداوان كەمینێكیان بۆ هاوڕێیانی ئەوان و هەڤاڵانی حیزبی هاوپەیمان: حسک دانا بو. بەڵام هاوڕێیانی ئەمان لێیان هاتنە دەست و كەمینەكەیان شكاندو، پێنجیان لە جەلالیەكان كوشت. ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی ڕاستیی ڕووداوەكە بو؛[4]).

ئەم ڕاپۆرتەی حشع بۆ عەزیز محەمەدی سكرتێری حزب، لەلایەک دەیسەلمێنێ كە حشع بەشدار بووە لە تاوانی كوشتنی شێخ شەمال و هاوڕێكانی، لەلاكەی تریشەوە داكۆكی كردنە ناڕەواو بێ بناغەكانی كەریم ئەحمەد، سەرانی شیوعی و شیوعییەكان ڕەت دەكاتەوە لەوەی كە گوایە حشع و محەمەد حەلاق بەشدار نەبووینە لە تاوانی كوشتنی (شەماڵ و هاوڕێكانی) لە گوندی باداوان-ی دۆڵی خەلەكان.

حەمەی حاجی مەحمود، نووسیویەتی: (قوەی ئاسۆسیش پێشمەرگەی ئازابوون محەمەد عەلی و ڕەسوڵ حەمە مستەفا و مەولان و (20) كەس بوون بەردەشانی بوون

[4]- نەوشیروان مستەفا، پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەكانی كوردستانی عیراق 1979-1983، ل(295).

خزمی کاک ڕەسوڵ بون بەڵام بێ ئیلتیزام و کێشەیان بۆ حزب دروست دەکرد ڕۆژێک لای حکومەت و ڕۆژێک پێشمەرگە بوون جگە لە محەمەد عەلی خزمی کاک ڕەسوڵ هەموویان موشکیلەیان بۆ حزب و کاک ڕەسوڵ دروست دەکرد گلەیی هەموو سەرکردایەتی لە کاک ڕەسوڵ لەسەر ئەوان بوو، ئەوان لەکاتی ئیسراحەت دا دەبوونە (50) کەس عەزیەتی خەڵکیان دەداو شەڕیان دادەمەزراند لەگەڵ یەکێتی و چەکیان دەکردن هەر شەڕ دەبوو محەمەد عەلی و (7) کەس دەمایەوە هەموویان تەسلیم دەبوونەوە و هەر بەیانی ئاشتی دەردەچوو هەموویان دەهاتنەوە و دەبوو ئەو ماوەشیان بە پێشمەرگایەتی بۆ حساب بکرێت ئەوە بوو یەکێتی خزمێکی کاک ڕەسوڵ و یا ئامۆزای کوێخا ئەحمەدیان کوشت لە بناری کۆسرەت و ئەمانیش چوون شێخ حەمە ساڵح لە بەری کۆسرەت لەگەڵ دوو کچیدا کوشتیان شێخ حەمە ساڵحی برای مام جەلال بوو باوکی کاک شێخ عەلی بوو هێشتا ئەوان داوای باقیان دەکرد دەیانوت ئێمە براکوژی تەواومان کردووە و برای مام جەلال مان کوشتووە ئەوکات ئەوان چەکدار بوون لەلای عەباس بایز باڵو ئاغا بەڵام بە ئەمری کاک ڕەسوڵ کاریان دەکرد هەر، عەباس بایز باڵو ئاغا ئەوەی پێ کردبوون بۆ کوشتنی شێخ حەمەساڵح لە کەڵکانی بەرەی کۆسرەت، بۆیەش دەبوو چەکداری ڕژێمیان بە پێشمەرگایەتی بۆ حساب بکەین؛[5]).

بۆ سەلماندنی قسەکانی حەمەی حاجی مەحمود سەبارەت بە خزمەکانی ڕەسوڵ مامەند، با ئاماژە بە نموونەیەکی ڕۆژێک پێشمەرگایەتی و ڕۆژێک جاشایەتی خزمێکی ڕەسوڵ مامەند و چەند حسک-ێک بدەم، کە ڕەسوڵ حەمەد مستەفا شیلانەیی بەناو جێگری فەرماندەی هەرێمی ئاسۆسی حسک-ە. ڕەسوڵ حەمەد مستەفا شیلانەیی، مەحمود حەمەد مستەفا شیلانەیی، سوارە عەلی عەبدوڵڵا شیلانەیی ناسراو بە کاکەسوار بەرەکە (1954/ بەردەشان/ مەرگە) و حوسێن کوێخا ئەحمەد بنگردی کە لە گشت تاوانەکان پێکەوە بوون، پێشمەرگەی حسک بوون و لە ڕۆژی (1980/7/11)، لەنێوان گوندەکانی چناران و کەڵەمێوە لە سنووری خدران چوار پێشمەرگەی یەکێتی لەناکاو چەک دەکەن و بەدیلی دەیانبەن بۆ سەرکردایەتی حسک و هەر لەگەڵ خۆیان دەیانگێڕن، بەڵام لە ڕۆژی (1980/7/17)، لە چەمی خڕێ سەراوێ لەنێوان مەرگە و گوندی

---

[5]- محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم 1982-1986، ل(111-112).

هەنجیرە لە سنووری خدران، سێ لەم پێشمەرگانە بەدەست بەستراوی گوللە باران دەکەن و یەکێکیش بە زەحمەت لەدەستیان ڕادەکات، کە ئەمانەن:

1. حەمەدئەمین محەمەد عەبدولڕەحمان ئیبراهیم (1956/ شێخ مەنسوریان/ خەلەکان).

2. زرار ئەحمەد خدر حەمەد ناسراو بە زرار شوشکەیی (1953/ چناران/ خدران).

3. مستەفا ڕەزا حەمەد سەعید (1954/ خەلەکان).

حەمەد مستەفا حەمەد ئەحمەد ناسراو بە حەمەد شوشکەیی (1955/ شوشکە/ خدران)، کەمئەندامی سەنگەر و خانەنشینە بەپلەی ڕائید، کە بە برینداری خۆی لە دەستیان ڕزگار دەکات و دەربازی دەبێت.

ڕەسوڵ حەمەد مستەفا، سوارە عەلی عەبدوڵڵا شیلانەیی ناسراو بە کاکەسوار بەرەکە و حوسێن کوێخا ئەحمەد بنگردی، لەدوای کوشتنی ئەو سێ پێشمەرگەیە گەڕانەوە نێو ڕژێم و بوون بە جاشی عەباسی بایزی باڵو ئاغا و جاشی ئیستخباراتی مەنزومەی شیمالی. ڕەسوڵ شیلانەیی و سوارە عەلی عەبدوڵڵا شیلانەیی ناسراو بە کاکەسوار بەرەکە، لە کۆتایی ساڵی (1982)، یان سەرەتای ساڵی (1983)دا لەسەر داوای مەنزومەی شیمالی و عەباس بایز باڵو ئاغا دیسان چوونە ڕیزی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە مۆڵگەی سەرەکی (ئیستخبارات، ئەمن، سیخوڕ، بکوژ و پیاوانی ڕژێم بوو)، بۆ خۆشکردنی گڕی شەڕی براکوژی. ئەمجارەش لەنێو حسک بەشدار بوون لە ڕاوڕووت، شەڕ و تاوانی کوشتنی چەندان پێشمەرگەی یەکێتی وەکو (مەمەند قادر مەحمود ناسراو بە سەید مەمەند (1982/4/1)، تۆفیق سەعید ساڵح کوێخا مەرگەیی (1955-1983/4/7)، کەریم محەمەد ساڵح ناسراو بە مامە (1983/4/12) و محەمەد مەلا حەوێز)، هەروەها بەدیل گرتنی ئیبراهیم حوسێن شەریف ناسراو بە سەید برایم، فەرماندەی کەرتی (3)ی تیپی (21)ی کەرکوک. هەر ئەو هێزەی ئاسۆسی حسک بوو، کە شەڕی چیای ئاسۆس-یان لەدژی یەکێتی کرد کە ڕەسوڵ شیلانەیی، مەحمود شیلانەیی و سوارە بەرەکە یان لەگەڵدا بوو، لەوێ لە مانگی نیسانی ساڵی (1983)، ئەو چوار پێشمەرگەیە (سەید مەمەند، تۆفیق مەرگەیی، مامە و محەمەدی مەلا)یان کوشت، هاتنە باداوان-ی خەلەکان و (شەماڵی باخ، سەرباز کۆیی، سەعدی و کامەران)یشیان لەوێ کوشت.

ڕەسوڵ حەمەد مستەفا شیلانەیی، مەحمود حەمەد مستەفا و سوارە ئیبراهیم سوارە، لە ساڵی (1983) و دوای تێکشکاندنی بەرەی جود لە مایسی هەمان ساڵ لە (ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو) گەڕانەوە نێو ڕژێم و بوون بە جاشی عەباس بایز باڵو. لەدوای ڕاپەڕین، یەکێتی ماوەیەک ڕەسوڵ حەمەد مستەفا شیلانەیی کردە بەرپرسی میحوەری (5)ی کەرکوک و ئێستاکە لە حاجیاوا دادەنیشێ و لەسەر لیستی یەکێتی بەپلەی لیوا خانەنشینە، مەحمود حەمە مستەفا شیلانەیی لە ساڵی (1994)، لە شەڕی ناوخۆ لە قەڵادزێ بریندار کراو کەمئەندامی سەنگەرە (ئیفلیج بووە)، هەروەها سوارە عەلی عەبدوڵڵا شیلانەیی ناسراو بە کاکەسوار بەرەکە، کە لە ساڵی (1983) گەڕایەوە نێو ڕژێم و دیسان بووەوە جاشی عەباسی بایزی باڵو ئاغا و پاشانیش لە ڕۆژی (1984/9/13)، لە نزیک گوندی دۆڵەبەکرە لەنێوان هەولێر و کەرکوک بەدەستی یەکێتی کوژرا، کە بۆسەیان بۆ مەفرەزەیەکی یەکێتی دانابووەوە و لە بۆسەکەدا کامیل حەمید عوسمان یونس ناسراو بە شوانەی دوبز (1960/ کەرکوک/ دوبز)، جێگری فەرماندەی کەرتی (1)ی ساڵەیی، ئازاد شەریف ڕەشید سەعید (چەمچەماڵ/ کەرکوک) و غالب فاروق محەمەد عەلی (1970/ کەرکوک/ شوان)، کوژران و پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو. سوارە عەلی عەبدوڵڵا شیلانەیی ناسراو بە کاکەسوار بەرەکە، خاوەنی ئەم دروشمە بەناوبانگە بوو: (لە ماڵ دەرچم، یان قەتلە یان زینا)، واتە (هەر لە ماڵ دەرچووم، یان خەریکی کوشتن، یان سێکس کردن دەبم)، کە زۆرێک لە پشدەرییەکان ئەو دروشمەی ناوبراو دەزانن. ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک)، بە سەدان کەسی وەکو کاکەسوار بەرەکەی تیابوو، کە خەریکی (کوشتن، دزی، جەردەیی، ڕاوڕووت، ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیان و سەرانە وەرگرتن بوون)، بۆیە هەردەم لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناکۆک و لە شەڕدا بوون، ئەم دروشمەی کاکەسوار بەرەکە (هەر لە ماڵ دەرچووم، یان خەریکی کوشتن، یان سێکس کردن دەبم) بۆ ئەوێ ڕۆژێ، دروشمێکی زۆر قێزەون بوو، بەڵام ئیمڕۆکە لەنێو گشت پارتە کوردستانییەکانی باشوور بە دەیان و سەدان هەزار کەس زۆر بێشەرمانە هەمان دروشمیان بەرز کردۆتەوە و لە کورد بوونەتە کاکەسوار بەرەکە.

حوسێن کوێخا ئەحمەد بنگردی، کە ئەویش لەگەڵ ڕەسوڵ حەمەد شیلانەیی، مەحمود شیلانەیی و سوارە شیلانەیی گەڕایەوە ناو ڕژێم و لەگەڵ ئەوان بووە جاشی عەباس بایز

ئاغا، تا ڕاپەڕین جاشی ئەو بوو، لە سەرەتای ڕاپەڕین ئۆتۆماتیکی بووە پارتی و ئێستاش دانیشتووی هەولێرە.

کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی یەکەم زەنگ و هۆکاری شەڕی ناوخۆی ساڵی (1983) و داگیرکردنی مەڵبەندی چواری بالیسان لە ڕۆژی (1983/4/27)دا لەلایەن بەرەی جود دووەم زەنگ و هۆکاری شەڕەکە بوو، نەک وەکو ئەوەی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود بانگەشەی بۆ دەکەن، گوایە یەکێتی هەر لەخۆڕا لە ڕۆژی (1983/5/1)دا پەلاماری پشتئاشانی دابێت!

چوارشەممە (2026/04/15)

دانمارک

**پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان دووەم زەنگی شەڕی ناوخۆ (1983/4/27):**

حزبی شیوعی عێراق و حسک، لە ڕۆژی (1983/4/15)دا بە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی یەکەم زەنگی شەڕی ناوخۆیان لێدا، هەروەها دووەم و کۆتا زەنگی شەڕی ناوخۆیان لە ڕۆژی (1983/4/27)دا بە پەلاماردانی مەڵبەندی چوار و داگیرکردنی بالیسان لێدا، بەڵام بەرەی جود و بەتایبەت حزبی شیوعی هەرگیز بەلای ئەو دوو تاوانەدا ناڕۆن، ناوی ناهێنن و یەکسەر دێنە سەر هەڵمەتی تۆڵەئەستێنی یەکێتی بۆ سەر (حسک، شیوعی و پاسۆک) لە ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قرناقاو. حزبی شیوعی عێراق، پێشتر هەم بڕیاری شەڕکردنیان شانبەشانی بەرەی جود لەدژی یەکێتی دابوو، هەم ئامادەکاری تەواویشی بۆ کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی و هێرشکردنە سەر بالیسان لە چوارچێوەی بەرەی جود کردبوو.

لەدوای کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی، یەکێتی لە ئێزگەوە نامەیەکی ناڕاستەوخۆی بۆ ناردن بە کۆدی (شەڕمان شەڕەو ئاشتیشمان ئاشتی)، وەلێ بەرەی جود وایان لێکدەدایەوە کە یەکێتی لە بێهێزی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر ئەم دروشمە. لەدوای گرتنی مەڵبەندی چوار، دەنگی گەلی کوردستان لە ئێوارەی (1983/4/28)، نامەی دووەمی بە کۆدی (تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرە)ی بۆ ناردن، ئەمجارەشیان حزبی شیوعی کە مەستی بەڵێنەکانی پارتی و بارزانی بوو بەوەی گوایە لەنزیکترین کاتدا (1500) پێشمەرگە بۆ پشتئاشان دەنێرن بۆ هاوکاری شیوعییەکان و بەرەی جود بە مەبەستی پاراستنی بارەگاکانیان و هێرشکردنە سەر مەڵبەندی سێی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی، گوێی نەدایە ئەم نامە هەڕەشەئامێزە، کەچی بارزانی ئەوانی (لە چاوەڕوانی گۆدۆ)دا هێشتەوەو گۆدۆ بەئەنقەست هەر نەگەیشت، کە بە بەردێک دوو چۆلەکەی کوشت:

**یەکەم:** بارزانی تۆڵەی سالانی شەڕی (1974-1975)ی لە حزبی شیوعی عێراق کردەوە کە لەم ساڵانە شیوعییەکان جاشی بەعس بوون لە شەڕەکانیان پێشمەرگەی پارتی زۆریان کوشت، یان بەدیلیان گرتن و ڕەوانەی سێدارەیان کردن.

**دووەم:** برینێک و دوژمنایەتییەکی گەورەی خستە نێوان دوو دوژمنی سەرسەختی خۆی کە یەکێتی و حزبی شیوعی عێراق بوون. ئاخر یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە دەڵێم سەرانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق نەزان، گەمژە و کورتبین بین بوون، چونکە ئەوان باش دەیانزانی لقی دووی هەولێری پارتی لە خەتێ نزیکەی (70) پێشمەرگە و لقی چواری سلێمانی پارتی لە عازەبان لە سنووری سیتەک نزیکەی (50) پێشمەرگەیان هەبوو، ئاخر چۆن دەتوانن هەزار و پێنج سەد پێشمەرگە بۆ پشتئاشان بنێرن!

سەرەڕای سێ تاوانی بەرەی جود لەدژی یەکێتی لە (بۆسەی باداوان، گرتنی مەڵبەندی بالیسان و بۆسەی ڕمکان)، بەرەی جود پلانی دانابوو مەڵبەندی سێی وەرتێ، بارەگاکانی سەرکردایەتی لە (ئێندزێ، توژەڵە، سەکران، شێنێ، زەڵێ، ناوزەنگ و نۆکان)، مەڵبەندی دووی سەرگەڵوو و مەڵبەندی یەکی حاجی مامەند یەک لەدوای یەک داگیربکەن، بەڵام هێزەکانی شیوعی و حسک لە پارێزگای هەولێر، ڕۆست و گرتک، بادینان و ئەو هەزار و پێنج سەد پێشمەرگەیەی پارتی نەگەیشتنە پشتئاشان بۆیە پلانەکەیان جێبەجێ نەکرد و یەکێتی دەستی خۆی پێشخست و بەرنامەی ئەوانی هەڵوەشاندەوە.

دکتۆر کەمال حەمەد بایز خۆشناو ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی یەکەمی ئەو مەڵبەندە بوو، کە دواتر لە ڕۆژی (2004/12/12)دا لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد، ملازم سەید کەریم کەریم ڕەسوڵ بەرپرسی سەربازی مەڵبەند بوو، کە دواتر لە ڕۆژی (1984/9/15)دا لە بازگەی تاسڵوجە کەوتە بۆسەی حەمەی حەسۆل فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ڕژێمی بەعس و کوژرا، کە حەمەی حەسۆل لەژێرەوە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بەرزانی هەبوو.

لە دەوروبەری کاتژمێری (4)ی بەرەبەیانی ڕۆژی (1983/4/27)، لایەنەکانی جود (حشع، حسک و پدک) بە نزیکەی هەزار و دوو سەد پێشمەرگەوە پەلاماری مەڵبەندی (4)یان دا، کە بە هەمووی نزیکەی (300-400) پێشمەرگەی لە بالیسان و شاخە ستراتیژییەکانی نزیک بالیسان بوون، کە بەلای زۆرەوە ئەم ژمارەیەم داناوە، چونکە بۆ نموونە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر (80) پێشمەرگە و تیپی مەڵبەند نزیکەی (70) پێشمەرگەی هەبوو. بەرپرسانی مەڵبەندی (4)ی یەکێتی (دکتۆر کەمال و سەید کەریم)،

هەر زوو هەوڵیان دا لە سنووری مەڵبەندەکە شەڕ دروست نەبێت و پەیوەندییان بە بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی یوسف حەنا یوسف (ئەبو حیکمەت) کرد، ئەویش لەپێناوی جێبەجێکردنی پلانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی وەڵامی دانەوە کە دکتۆر کەمال و سەید کەریم خۆیان بچن بۆ شێخوەسانان، گوایە بەرپرسانی حسک و پارتی-ش لە سنوورەکە دێن تا ڕێککەوتنێکی چوار قۆڵی مۆر بکەن و شەڕ نەگوازرێتەوە بۆ سنووری پارێزگای هەولێر. سەید کەریم و دکتۆر کەمال دەیانویست بچن بۆ شێخوەسانان، بەڵام پێشمەرگەیەکی یەکێتی کە خزێندرابووە نێو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق و خەڵکی گوندەکەش زۆربەیان یەکێتی بوون، یەکێکی تر لەنێو حسک، هەر یەکەیان بە نامەیەک دکتۆر کەمال و سەید کەریم ئاگادار دەکەنەوە کە حزبی شیوعی پلانی کوشتنی هەردووکیانی داڕشتووە لە ڕێگەی چوونیان بۆ کۆبوونەوەکە، هەروەکو ئەو پلانەی لەدژی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی بە هاوبەشی لەگەڵ حسک جێبەجێیان کردبوو. حسک و پارتی لە پلانی شیوعی و ئەبو حیکمەت لەدژی ئەم دوو بەرپرسەی یەکێتی لە بالیسان ئاگادار کرابوونەوە بۆ ئەوەی لە ئامادەباشی دابن نەوەک دوای جێبەجێکردنی پلانەکە، هێزەکانی یەکێتی پەلاماری حزبی شیوعی بدەن لە گوندی شێخوەسانان. دکتۆر کەمال و سەید کەریم، ئاگاداری ئەبو حیکمەت دەکەنەوە کە ئەوان ناتوانن بچنە شێخوەسانان، بەڵکو نوێنەران و بەرپرسانی حزبەکانی بەرەی جود لە سنوورەکە با بێنە بالیسان و گفتوگۆ بکەن، ئەبو حیکمەت داواکەی یەکێتی ڕەت کردەوە، ئەمەش وایکرد کە دکتۆر کەمال و سەید کەریم خۆیان زیاتر گومان بکەن، نەچن و نوێنەریان نارد، کە لە ڕۆژانی (1983/4/16) و (1983/4/26)دا دوو ڕێککەوتنی دوو قۆڵی تەنیا لەنێوان یەکێتی و حزبی شیوعی مۆرکرا، کە حزبی شیوعی شەڕی یەکێتی نەکات، بەڵام مۆرکردنی ئەم دوو ڕێککەوتننامەیە لەلایەن حزبی شیوعی تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندن و خافڵگیرکردنی یەکێتی بووە، هەرچەندە ڕێککەوتنی یەکەم کرابوو، دوای دە ڕۆژ لەسەر داوای حزبی شیوعی ڕێککەوتنی دووەم کرا، کە ئەوان سووربوون لەسەر گرنگی بەشداری دکتۆر کەمال و سەید کەریم، بەڵام ئەوان دڵنیابوون ئەمە پلانە و دەکەونە بۆسەی شیوعی بۆیە نەچوون، دووبارە نوێنەریان نارد. کاتێک لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر (1983/4/27)، بەرەی جود هێرشی کردە سەر بالیسان، هێرشەکە بە یەکەم تەقەکردنی حزبی شیوعی ڕووەو هێزەکانی یەکێتی لە کانیبەرد و دەوروبەری بالیسان لە قۆڵی

شێخوەسانان دەستی پێکرد، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە بەردەوامەکانی حزبی شیوعی کە هەردەم لە خافڵگیرکردنەوە کە لە کوردەواری پێی دەڵێن (دەگەی ناجوامێرانە) دەست بوەشێنن. ئەو دوو پێشمەرگەیەی یەکێتی کە خزێنرابوونە نێو حسک و شیوعی، یەکەمیان بەر لە شەڕەکە بە یەک دوو کاتژمێر خۆی دزییەوەو گەڕایەوە نێو یەکێتی و ئەوەی نێو شیوعی پێشتر لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتبوو کە لەگەڵ یەکەم تەقە لە قوڵی شێخوەسان بەرەو کانیبەرد بەناوی هێرش کردن دێتە پێشەوە با یەکێتی تەقەی لێنەکەن تا ماوەیەک لە شیوعییەکان دووردەکەوێتەوە، ئەوانیش تەقەیان لێنەکرد کە ماوەیەکی باش لە شیوعییەکان دوورکەوتەوە بە بەرچاوی ئەوان ڕایکردو خۆی گەیاندە نێو یەکێتی.

تیپەکانی مەڵبەندی چوار لە شەڕی بالیسان ئەو شەش تیپە بوون: (تیپی (83)ی هەورێ، (86)ی دەشتی هەولێر، (90)ی باواجی، (93)ی کۆیە، (99)ی بتوێن و تیپی مەڵبەند)، کە تیپەکانی (93)ی کۆیە و (99)ی بتوێن لە سەرکردایەتی بوون و نیوەی تیپی (90)ی باواجی لەگەڵ مەجید مەلا فەتاح-ی جێگری فەرماندەی تیپ باوەڕیان بە شەڕی براکوژی نەبوو، خۆیان دزییەوە لە شەڕەکە و ڕایانکرد بۆ دەشتی کۆیە، دواتر ئەوەندە سەرکۆنە کران بۆیە مەجید لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕەکان چووەوە نێو ڕژێم، چەند کەرتی دیکەش کە لە دەشتی هەولێر و بەستی شەرغە مابوونەوە. تیپی (91)ی سەفین کە تۆفیق کەریم مەحمود عەبدوڵلا ناسراو بە تۆفیق بیرێژی فەرماندەی تیپ، جەوهەر بیرێژی جێگری فەرماندەی تیپ و یوسف بیرێژی فەرماندەی کەرت بوون، کە تەنیا یەک کەرتیشیان هەبوو، بە هەرسێ براکە بیست و پێنج پێشمەرگەیەکیان هەبوو، ئەوان زیاتر پارتی و قاچاخچی چەک بوون، کە بە بەردەوامی لە چایخانەکانی مێرگەسەر خەریکی چەک کڕین و فرۆشتن بوون، لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ساڵی (1983)دا لەسەر داوای پارتی گەڕانەوە نێو ڕژێم، بۆیە یەکێتی لە دۆخی بەرگری دابوو، نەک هێرشکردن، وەکو ئەوەی ئەحمەد بانیخێڵانی، ئەبو حیکمەت و دەیان شیوعی دیکە پاساو بۆ هێرشەکەیان بۆ سەر بالیسان دێننەوە گوایە یەکێتی نیازی پەلاماردانی ئەوانی هەبووە، بۆیە ئەوان دەستپێشخەریان کردووەو لە بەرەبەیانی (1983/4/27)، هێرشیان کردۆتە سەر بالیسان، کە ئەمە لە هۆنینەوەی بانیخێڵانی، ئەبو حیکمەت و شیوعییەکانی دیکەیە، ئەگینا مەڵبەندی چوار خاڵی لاوازی یەکێتی بوو، هەروەکو کەریم ئەحمەد، لەمەڕ شەڕفرۆشتنی بەرەی جود (پارتی، حسک، شیوعی و پاسۆک)، نووسیویەتی: (لە

ناوچەی بالیسان بنکەکانی ئەم حزبانە هەبوون: حزبی شیوعی عێراق، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی و حسک. ڕێکخراوەکانی پارتیزانەکان و پێشمەرگەی ئەم سێ حزبە شیوعی و پارتی و حسک، ئەندامی بەرەی جود بوون، بەڵام یەکێتی لە دەرەوەی ئەم بەرەیەدا بوو، لەگەڵ پارتی و حسک ڕێک نەبوون. بەڵکو پەیوەندییەکانیان لەگەڵیاندا دوژمنانە بوون. پارتی و حسک نەیاندەویست بنکەی یەکێتی لە بالیساندا هەبێت و چەندان جۆر شێوازی زەبریان پەیڕەو دەکرد تا یەکێتی ناچار بکەن لە ناوچەکە دەرچێت. بەڵام یەکێتی هێزەکانی خۆی پتەوتر دەکرد؛[6]). کەریم ئەحمەد پشتیوانی و هاوکاری یاخود گێچەڵەکانی حزبی شیوعی بە یەکێتی نەنووسیوە کە زیاتر لە حسک و پارتی ئەوان گەڕیان بە یەکێتی دەگرت، سەردەمانێک دەیانگوت: (یەکێتی گۆڕەپانەکەی داگیرکردووە تەنیا خۆیان چالاکی دەکەن)، وەکو ئەوەی یەکێتی ئەوانی چەککردبێت و دەستیانی بەستابێت، یاخود کە یەکێتی لە مانگەکانی ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەری ساڵی (1982)دا وەکو هێزی پشتیوانی هاوکاری شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد، ئەم جارەیان دەیانگوت: (یەکێتی گۆڕەپانی خەباتی چۆڵکردووە)، کەچی خۆیان ئەو ماوەیەش هەر بێ چالاکی بوون لەدژی ڕژێم.

لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر بالیسان، هەر لە قۆڵی (شێخوەسانان) چوار پێشمەرگە بە ناوەکانی پیرۆت گردجانی، ساڵح کاموسەکی، حەیدەر سادق یابە و عوسمان سەعید حەسەن بەدەستی شیوعییەکان و لە مەلەکان-یش دوو کادیر و فەرماندە، پێشڕەو (نامیق حەمە شوکر) و شێروان مەحمود هەر بەدەستی ئەوان کوژران، واتە لەم هێرشە ناڕەوایەی بەرەی جود و حزبی شیوعی لەکۆی هەشت کوژراوی یەکێتی شەشیان بەدەستی شیوعی کوژراون، چونکە بەشێک لە پێشمەرگەکانی یەکێتی پێیان وابوو حزبی شیوعی عێراق هاوکاری پارتی و حسک ناکات بۆ سەر ئەوان لە سنووری ئەو مەڵبەندە بەتایبەت کە شیوعییەکان تا ئێوارەی ڕۆژێک پێشتر بەناو بالیسان و نزیک کانیبەرد بەناو هێزەکانی یەکێتیدا هاتووچۆیان دەکرد. حزبی شیوعی، هەردەم هەوڵی داوە لە پەنا ئاشتی و لە خافڵەتەوە پەلاماری هێزەکانی یەکێتی بدات و کادیر، فەرماندەو پێشمەرگەیان بکوژێت! سەرەڕای ئەوەی کە سەرانی حزبی شیوعی عێراق باش دەیانزانی (پدک و حسک) گێچەڵیان بە یەکێتی دەکردو هەوڵیان دەدا بۆ شەڕێکی دژ بە بەرەی جود ڕایکێشن،

[6]- کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد، ل(295).

کەچی حزبی شیوعی بۆ مەرامی خۆی کە لەنێوبردنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو کە بە هەڕەشەو دوژمنی سەرەکی و ڕێگر لە بەردەم گەشەکردنی خۆیانی دەزانی، هەموو گێچەڵ و شەڕفرۆشتنێکی (پدک و حسک)ی بەلاوە خۆش بوو، واتە ئەوان سیاسەتێکی دووڕووانەیان هەبوو، ڕووی ناڕاستگۆیانە و هەڵخەڵەتاندنی یەکێتی بەوەی گوایە ئەوان ڕۆڵی نێوەندگیری، ڕیشسپێتی و ئاشتبوونەوە دەبینن، ڕووی ڕاستەقینەیان بەرانبەر بەرەی جود کە هەرگیز لێیان جیانابنەوەو شانبەشانی ئەوان شەڕی یەکێتی دەکەن، کە هەر ئەوەشیان کردو لە ئەنجامدا زیانی زۆریان بەرکەوت. ڕەفیق سابیر، سەبارەت بە ڕقی شاردراوەی شیوعییەکان لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، نووسیویەتی: (زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، هەڵوێستێکی توندیان بەرانبەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەبوو، کە بڕبڕەی پشتی یەکێتیی بوو، چونکە ڕێکخراوێکی مارکسی لینینیی (ماوی) بوو. بەپێی تێزێکی ستالین، دەبوو لە هەر وڵاتێکدا، تەنیا یەک ڕێکخراوی مارکسی - لینینی هەبێت. ئەگەر ڕێکخراوی دووەم دەرکەوت، بە لەڕێلادەر دادەنرێت و دەبێت دژایەتیی بکرێت. بەپێی ئەو عەقڵییەتە، لە عێراقدا، بە کوردستانیشەوە، جێگای دوو حزبی مارکسی - لینینیی نەدەبۆوە! دەبوو یەکێکیان گۆڕەپانەکە چۆڵ بکات. دوو جار لەناو حزبی شیوعیدا، بەشێکی کادیرە کوردستانییەکان، داوایان کرد کە ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان، وەکو حزبێک کار بکات و سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و سیاسیی هەبێت و هاوپەیمانی حزبی شیوعی عێراق بێت. بەڵام سەرکردایەتیی حزبی شیوعی، بێ ئەوەی هیچ دایەلۆگێکی هزری، ئایدیۆلۆجی و سیاسییان لەگەڵ بکەن، بەلادەر، دوژمنی حزب و ئامرازی لایەنی تر، تۆمەتباریان کردن. جاری یەکەم لە ساڵی 1957 بوو، جاری دووەمیش دوای ڕاپەڕین بوو، لە ساڵی 1992 بەزەبری فشاری هێزێکی چەکداری، کە هەندێکیان کۆنە بەعسی بوون، شیوعییە کوردستانییەکانیان لە بارەگای حزبی شیوعی لە هەولێر دەرپەڕاند. ئەگەر ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبی شیوعی لەگەڵ کادیر و پێشمەرگە و ڕۆشنبیری ناو حزبەکەی خۆی، هێندە توند و نابەرپرسانە ڕەفتار بکەن، چۆن دەتوانن کۆمەڵەیەکی مارکسی لینینیی، کە ڕەوتێکی ماویستیی هەبوو، پەسەند بکەن؟![7]). بەپێی ئەم نووسینەی دکتۆر ڕەفیق، حزبی شیوعی عێراق دەستپێشخەری دژایەتی کردنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی کردووە، چونکە

[7]- ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، ل(294).

بە جێگرەوەی خۆیی و دوژمنی سەرەکی خۆی دەزانی، پێی وابوو لە باشووری کوردستان لە جەماوەری ئەو دەبات، مەترسی لاوازی و پوکانەوەی خۆی لە کوردستان لە گەشەکردنی کۆمەڵەدا دەبینییەوە. تێزی ماو لەناو کۆمەڵەی مارکسی لینینیی کوردستان، دوای ئەوەی شیهاب شێخ نوری ساڵح غەنی (1932-1976/11/21)، لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1975)دا چووە ئێران و دوای دامەزراندنی دووەم کۆمیتەی هەرێمەکان بە سەرپەرشتی شاسوار جەلال (ئارام)، لە مانگی یەکی ساڵی (1976)، لادراو و نەما، کەواتە تێزی ماویزم چەند ساڵێک بەر لە هاتنی حزبی شیوعی عێراق بۆ شاخ نەمابوو، بە فەرمیش لە کۆبوونەوەی فراوانی کادیران و سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ڕۆژانی (3-1978/11/26)، بیری ماویزم لە کۆمەڵەی مارکسی لینینیی کوردستان لادراو بڕیاریش درا کە ناوی کۆمەڵەش بگۆڕدرێت، دواتریش لە ڕۆژی (1979/5/1)، ناوی کۆمەڵەی مارکسی لینینیی کوردستان بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان گۆڕدرا، بۆیە لەسەر بۆچوونێکی کۆن، ناکرێت ڕەفتار لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بکرێت کە گوایە پێشتر ماوی بووە. ئەوەی دکتۆر ڕەفیق نووسیویەتی سەبارەت بە پەیوەندی هەبوونی کۆمەڵە بە ماویزم ڕاست نییە، بەڵکو ئەو حزبە کۆمەڵەی بە هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە لەسەر دوارۆژی خۆی دەزانی، ئەگینا خۆ بەشێکی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق هەر لە ناوەڕاستی پەنجاکان، دواتریش شەستەکان و حەفتاکان ڕەوتێکی ماویان تێدا بووە، ئەی بۆ ئەوانیان لە چوارچێوەی حزبەکەی خۆیان پەسەند کردووە؟ هەروەها حزبی شیوعی عێراق، لە پەنجاکان و شەستەکاندا لەنێوان لایەنگری چین و ڕوس گەمەیان دەکرد.

ئەحمەد بانیخێڵانی، سەبارەت بە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی بالیسان، نووسیویەتی: (لایەنەکانی بەرەی جود لە مەڵبەندی هەولێر گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە یەکێتی خۆی ئامادە دەکات بۆ هێرشێکی بەربڵاوی توند بۆ سەر هێزەکانی بەرەی جود، بۆیە هەر سێ لایەنی پدک، حسک و پاسۆک بڕیاری هێرش کردنە سەر بارەگای سەرکردایەتی مەڵبەندی یەکێتی لە بالیسان دەدەن و دەستی بەسەردا دەگرن بەر لەوەی هێزی سەربازیان لە ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان بۆ بێت. ئەم بروسکەیەمان لە هاوڕێیانی مەڵبەندی هەولێر بۆ هات: هەر سێ لایەنەکەی بەرەی جود بڕیاری هێرش کردنە سەر بارەگای ینک یان داوە، ئێمە بەشدار بین لەگەڵیان یان نا، بۆچوونتان چییە؟

ئێمە وەڵاممان دواخست، بروسکەیەکی بە پەلەمان لە هاوڕێ ئەبو حیکمەت بەرپرسی مەڵبەند لە ئێوارەی ڕۆژی (1983/4/27)دا گەیشتە دەست، کە دەڵێ: ئیمشەو هەر سێ لایەنی بەرە هێرش دەکەنە سەر بارەگای ینک، ئێوە بۆچوونتان چییە ئایە بەشداری بکەین، یان نا؟ ئێمەش وەڵاممان دانەوە: ئەم بڕیارە بۆ ئێوەو هەڵسەنگاندنی ئێوە دەگەڕێتەوە (خۆتان بڕیار بدەن). لە بەرەبەیانی 4/28 هێزەکانی بەرە هێرشیان کردە سەر بارەگای ینک لە بالیسان و لە ماوەی چەند کاتژمێرێک و دوای بەرگرییەکی لاواز، دەستیان بەسەردا گرت؛[8]).

ئەم قسانەی ئەحمەد بانیخێلانی، هەر زۆر دوورن لە ڕاستی، چونکە:

**یەکەم:** مەکتەبی سەربازی (ئەبو فاروق، ئەبو سەرباز و ئەبو عامل) و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، پێشتر بڕیاری شەڕیان دابوو بە هێزەکانی خۆیان بەوەی کە بەشداری تەواوی شەڕەکانی بەرەی جود بکەن دژی یەکێتی لە سەرانسەری ناوچە ڕزگارکراوەکان، بۆ نموونە پێشتر مەکتەبی سیاسییان چەند بروسکەیان بۆ مەڵبەندەکانی سلێمانی و کەرکوکی حزبی شیوعی (بەهائەدین نوری) ناردبوو بۆ ئەوەی ئەوانیش لە سلێمانی و کەرکوک شانبەشانی بەرەی جود شەڕی یەکێتی بکەن لای خۆیان، نەک وەکو بانیخێلانی، کەریم ئەحمەد، فاتیح ڕەسوڵ و چەندانی تر نووسیویانە کە گوایە بڕیارەکەیان داوەتە دەست ئەبو حیکمەت و مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی کە ئەوان بڕیار بدەن بە بەشداری کردن یان نەکردن لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر یەکێتی لە بالیسان. ئەم بڕیارەی (مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی سەربازی حشع)، سەبارەت بە بەشداری کردنی حزبی شیوعی لە شەڕەکانی بەرەی جود دژ بە یەکێتی، بۆمان دەردەخات کە سەری مارەکە لە پشتئاشان و بڕیاری شەڕەکان لەوێ دراوە، مەکتەبی سیاسی، سەربازی و ڕاگەیاندن (ئێزگە و چاپەمەنی) لەوێ بوون و بڕیاری شەڕی دژ بە یەکێتی لەلایەن ئەوانەوە دراوە، بۆیە هەر دەبوایە هێرش بۆ ئەوێ بکرێت. ئێزگەکەیان هەرچی خراپە بە یەکێتی دەکرد کە لە خوارەوە باسی دەکەم، کە ڕۆژانە لەنێوان ڕۆژانی (15-1983/4/30)دا هەرچی هەڕەشەو سووکایەتییە ئاراستەی یەکێتی دەکرد. یەکێتی، باش دەیزانی بڕیاری شەڕفرۆشتن و پەلاماردانی پێشمەرگە، مەڵبەندەکان و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی لە کوێوە دەدرێت، بۆیە پەلاماردانی شوێنی پیلانگێڕی

[8]- أحمد باني خيلاني، مذكراتي، ل(368).

و بنکەی سەرانی شەڕخوازی حزبی شیوعی عێراق لە پشتئاشان هەڵبژارد، هەر سەبارەت بەو هەڵمەتە مستەفا چاوڕەش لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (2026/2/8)دا گوتی: (یەک یان دوو ڕۆژ بەر لە هەڵمەتی یەکێتی بۆ سەر پشتئاشان بە ئامێری بێتەل قسەم لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین کرد، کە بەرەو پشتئاشان دەڕۆیشت، بە وردی باسی پاککردنەوەی مەڵبەندی یەکی سلێمانی-م لە ڕۆژانی (19-1983/4/20)دا بۆ کرد، ئەویش گوتی: (ئێوە لای خۆتان پەڕوباڵتان کردن، بەڵام ئێمە لای خۆمان سەریان پان دەکەینەوە).

باشە چۆن دەکرێت مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق بەبێ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی وەڵامی ئەبو حیکمەت و مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی بدەنەوە بەوەی با بڕیارەکە خۆیان بیدەن، یان شانبەشانی بەرەی جود بەشداری بکەن لە هێرشکردنە سەر مەڵبەندی بالیسان-ی یەکێتی، گەر پێشتر مەکتەبی سیاسی بڕیاری شەڕکردنی نەدابێت؟ ئەی بۆ هەر شەش مانگ پێشترو لە پاییزی ساڵی (1982)، کاتێک کە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو داوای لە عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی عێراق کرد بۆ ئەوەی بە ناردنی هێزێک بەشداری بکەن لەدژی هێرشەکانی حەرەس خومەینی، پاسداری ئێرانی و هێزەکانی مەسعود بارزانی بۆ سەر کوردەکانی ڕۆژهەڵات، عەزیز محەمەد لە وەڵامی ئەودا گوتبووی: (دەبێ کۆمیتەی ناوەندی کۆببێتەوە، دوای ئەوەی کۆبوونەوەمان کرد، وەڵامتان دەدەینەوە)، بەڵام دواتر خۆیان بێدەنگ کرد و وەڵامیان نەدانەوە. بۆ ناردنی ژمارەیەک پێشمەرگە با بڵێین لە (50-100) پێشمەرگە، حزبی شیوعی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بکات، بەڵام بۆ بەشداری کردنی مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی لە شەڕی دژ بە یەکێتی و پەلاماردانی مەڵبەندی بالیسان، بەبێ کۆبونەوە وەڵامی بروسکەی ئەبو حیکمەت بدەنەوە و بۆیان بنووسن (بڕیاری بەشداری کردنتان بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە و هەر خۆتان بڕیار بدەن)؟ ئەی بۆ لە سەروبەندی ڕوخانی ڕژێمی محەمەد ڕەزا پەهلەوی لە ڕۆژی (1979/2/11)دا شیوعییەکان بۆ هاوکاری دیموکرات و کۆمەڵە چوون، کە لە ڕاستیدا بۆ دەستکەوتنی چەک و تەقەمەنی چووبوون چونکە ئەوکات پێویستیان بە چەک هەبوو، ئەگینا نە هەستی نەتەوەیی بوو، نە لە سۆنگەی باوەڕبوونیان بە خەباتی نێونەتەوەیی کە بەشداری شەڕی پشتیوانی کوردی ڕۆژهەڵاتیان کرد لەم ساڵەدا! بۆیە ئەو پاساوانەی بانیخێلانی، کەریم ئەحمەد و سەرانی

دیکەی شیوعی بە ڕاست نازانم، سیناریۆن و دڵنیام زیاتر بۆ خۆدزینەوە و شاردنەوەی بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی یە، کە پێشتر بڕیاریان دابوو هێزەکانیان شانبەشانی بەرەی جود بەشداری بکات لە هەموو شەڕێک لەدژی یەکێتی. بەرەی جود، بەرەیەکی سەربازی بوو بۆ کاری سەربازی هاوبەشی نێوان (پدک، حسک، حشع و پاسۆک)، تەنیا لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، باشە کەی ڕەوایە بەرەیەک لەنێوان چوار لایەن (سێ کوردستانی و عێراقییەک) لەدژی لایەنێکی کوردستانی کە یەکێتی بوو دابمەزرێت؟ بۆ ئەو بەرەیە تەنیا نەدەکرایە بەرەیەکی دژ بە ڕژێم و لەکاتی هەر ناکۆکی و شەڕێکدا لەگەڵ یەکێتی یان پارتی گەلی کوردستان، دڵسۆزانە لایەنەکانی دیکەی بەرەی جود ڕۆڵی نێوەندگیری و ئاشتبوونەوەیان بگێڕابوایە؟ ئایە بەرەی جود بەو هێزە گەورانەی بۆ سەر یەکێتی کۆیان دەکردەوە و پەلاماریان دەدا لە ساڵەکانی (1981) و (1983)، تەنیا بۆ جارێک با نەپرسین چەند جارێک بە هێزێکی وا گەورە پەلاماری مۆڵگەیەکی بەعس، سەربازگەیەک، شارەدێیەک و سوپای ڕژێمیان دا؟

**دووەم:** نزیکەی (150-200) پێشمەرگەی یەکێتی لە مەڵبەندی بالیسان و (150-200)ی دیکە لە دۆڵەکە بوون، واتە تێکڕا نزیکەی (300-400) پێشمەرگەی یەکێتی لەم مەڵبەندەدا هەبووە، بۆ دەبێ ئەو ژمارە کەمەی یەکێتی هەڕەشە بن بۆ سەر بەرەی جود؟

**سێیەم:** دۆڵی بالیسان هەر لە بنچینەدا خاڵی لاوازی یەکێتی بوو بەهۆی ژمارەی زۆری حسک، ئەگینا، پاسۆک، پارتی و شیوعی بە بەراورد لەگەڵ یەکێتی ژمارەیان زۆر نەبوو، بەڵام بە حسک-ەوە ژمارەیان لە یەکێتی زۆرتر بوو، کەچی دوای گەڕانەوەی عەولا بۆر، عەریف عەلی، مام غەفە و بورهان بلەیی، حسک لە هەولێر زۆر لاواز و یەکێتی بەتەواوی باڵادەست بوو. وەلێ لە سنووری مەڵبەندی سێی وەرتێ، دۆڵی شەهیدان، دۆڵی خانەقا و باڵەکایەتی یەکێتی باڵادەستتر بوو، هێزەکانی بەرەی جود لەچاو یەکێتی هیچ نەبوون. لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (2021/12/3)دا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، عەلی قادر محەمەد ناسراو بە عەلی بچکۆل بەرپرسی ئەوکاتی مەڵبەندی (2)ی سەرگەڵوو گوتی: (لە سەرگەڵوو لەگەڵ هێزێک کە دوو سەدو پەنجا پێشمەرگە دەبوو بۆ بەهاناوە هاتنی مەڵبەندی بالیسان بەڕێکەوتین. هێزەکەی ئێمە، لە سەرگەڵوو بەرەو چیای ئاوەگرد، لەوێشەوە بەرەو سماقوڵییەکان تا سوسێ ڕۆیشتین کە بە هەمووی سێ بۆ

چوار ڕۆژمان پێچوو، نیازمان وابوو لە چیای هەورێ بپەڕینەوە بۆ هەردوو چیوە، ئینجا بچینە بالیسان. بەڵام بەرلەوەی هێزەکەمان بگاتە بالیسان هێشتا هەر لە سوسێ بووین هەواڵی ئەوەمان پێگەییشت کە بالیسان لەلایەن هێزەکانی بەرەی جود دەستی بەسەردا گیراوە، بۆیە نەتوانرا فریای هێزەکانی مەڵبەندی چوار بکەوین و مەڵبەندەکە کەوتە دەست بەرەی جود. ئێمە لەم ناوەماینەوە تا یەکێتی گەڕایەوە دۆڵی بالیسان، دوای نزیکەی مانگێک بڕیارمان دا بگەڕێینەوە سەرگەڵوو، بۆیە لە سووسێ و دۆڵی سماقوڵی ڕوومان کردە گۆپتەپە، دواتر بەستی شەرغە، پۆڕیجە، دارەتوو، کونەگورگ، لەوێوە بە گوندی سێگرتکان پەڕینەوە بۆ شێخ بزێنی، قەڵاسێوکە، تەلان، قەمچووغە و لەوێشەوە بۆ سەرگەڵوو بارەگای مەڵبەندی دوو، لەو ماوەیەش تووشی هیچ شەڕێک نەبووین لەگەڵ هێزەکانی بەرەی جود یان ڕژێم. کاتێک گەڕاینەوە سەرگەڵوو هەموو شەڕەکان تەواو ببوون). ئیسماعیل مەلا عەبدولی خەیات، جێگری فەرماندەی کەرتی (1)ی سەلاح موهەندیسی تیپی (47)ی پیرەمەگرون، باسی ئەوەی کرد کە ژمارەیەک لە پێشمەرگەی کەرتەکانی (1+2+4)ی ئەم تیپە، ژمارەیەک یەک دوو کەرتی تیپی (21)ی کەرکوک بە سەرپەرشتی شێرزاد حافز و ژمارەیەک پێشمەرگەی تیپی (55)ی قەرەداغ بە سەرپەرشتی شێخ جەعفەر لەگەڵ ئەو هێزەی عەلی بچکۆل بووینە. ڕەوانەکردنی هێزێکی مەڵبەندی دوو بۆ پشتیوانی مەڵبەندی چوار دەیسەلمێنێ کە ئەم مەڵبەندە ئەوەندە پێشمەرگەی تێدانەبووە کە بتوانێ بەرگری لە هێرشی بەرەی جود بکات نەک هێرش بکاتە سەر بەرەی جود، ئەگینا سەرکردایەتی بڕیاری ناردنی ئەو هێزەی نەدەدا کە بەرەو بالیسان بڕۆن!

**چوارەم:** لەم کاتەدا تیپەکانی (93)ی کۆیە، (99)ی بتوێن لە سەرکردایەتی بوون و نیوەی تیپی (90)ی باواجی لەسەرەوە باسم کرد کە لەگەڵ مەجید مەلا فەتاح باوەڕیان بە شەڕی براکوژی نەبوو، بۆیە بەشدارییان نەکرد لە هیچ شەڕێکدا. چەند کەرتێکی دیکەی تیپەکانی مەڵبەندی چوار لە دەشتی هەولێر و بەستی شەرغە بوون، بۆیە یەکێتی هێزی هێرشکردنی نەبوو، ئەم بۆیە بۆچوونەکەی بەرەی جود و ئەحمەد بانیخێڵانی تەنیا پاساوێکی زۆر لاوازە بۆ ڕەوایەتی دان بە هێرشی بەرەبەیانی (1983/4/27)ی بەرەی جود بۆ سەر بالیسان.

ئەحمەد بانیخێڵانی، مێژووی بروسکەی ئەبو حیکمەت و هێرشی بەرەی جودی بۆ سەر بالیسان بەهەڵە نووسیوە، تەنانەت ئەوەشی ڕاست نییە کە گوایە هێزەکانی بەرەی جود لە ماوەی چەند کاتژمێرێک و دوای بەرگرییەکی لاوازی یەکێتی توانیبێتیان دەستیان بەسەر بارەگای مەڵبەند داگرتبێ، چونکە هێزەکانی بەرەی جود نەیانتوانی بە شەڕ بالیسان بگرن و یەکێتی لەوێ دەرکەن، لە کاتژمێری چواری بەرەبەیانی (4/27) تا کاتژمێری (11)ی شەو، کە دەکاتە (19) کاتژمێر، سەرەڕای سەختی شەڕەکە و بارانی بەردەوام، بەڵام یەکێتی بەرگرییەکی بێوێنەی کردو هێزەکانی بەرەی جود لە هیچ قوڵێکەوە نەیانتوانی بچنە پێشەوە. ملازم سەید کەریم هاودیانی، بەرپرسی سەربازی مەڵبەند داوای لە دوو فەرماندەی تیپ و سێ فەرماندەی کەرت کرد کە لە کاتژمێری هەشتی شەو لە بارەگای مەڵبەند بن، لە کۆبوونەوەکەدا سەفین مەلاقەرە لە شوێنی ئەحمەد قەمبەری دانرا کە تا ئەوکاتە کەسیان نەیاندەزانی قەمبەری کوژراوە، هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەم چەند فەرماندەیە گەیاند لە کاتژمێری یازدەی شەو، ئەوانیش دوای گەڕانەوەیان لە کاتژمێری دیاریکراودا لەسەر چیاکان هاتنە خوارەوەو بەرەو (بێراوە، دەرەدار، دەرەشیر، شیرێی خواروو، شیرێی سەروو و چیای شیشار) پاشەکشێیان کرد. ئەحمەد بانیخێڵانی دەبوایە باسی ئەوەی بکردایە کە شیوعییەکان تەنیا بۆ چوار کاتژمێرێک لە پشتئاشان و قڕناقاو بەرگرییان کرد، ئەوە لەکاتێکدا سەرکردەکانیشی کە چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی، کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سەربازی لەنێویان دا خۆی شەوی پێش هەڵمەتی هێزەکەی یەکێتی بۆ سەر پشتئاشان، بێ ئەوەی بەرگری بکەن، یان فیشەکێک لەدژی یەکێتی بتەقێنن لەبری ئەوەی بەقسەی خۆی (شێرانە) شەڕ بکات، ڕێویانە ڕایکرد و بەدیل گیرا. هەر لەو شەوەدا، واتە لە شەوی (1983/4/27)دا و بە بڕیارێکی سەرکردایەتی یەکێتی، هێزەکانی یەکێتی لەنێوان کاتژمێر (11-12)ی شەو بەرەو بێراوە و شیشار پاشەکشەیان کرد، بەڵام هێزەکانی بەرەی جود بۆ بەیانییەکەی (1983/4/28)، کە لە ڕێگەی بنەماڵە حسکەکانی بالیسان زانییان شەو هێزی یەکێتی لە بالیسان دەرچووە، ئینجا چوونە ناو بالیسان. ئەوەی بانیخێڵانی باسی دەکات لەگەڵ ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو لێی تێکچووە، کە بارەگاکانی سەرکردایەتی هەر سێ حزبی (حسک، حشع و پاسۆک) بە چەند کاتژمێرێک دەستیان بەسەردا گیرا.

ئەحمەد بانیخێڵانی، کەریم ئەحمەد، فاتیح ڕەسوڵ، ئەبو حیکمەت، ئەبو شوان و دەیان سەرکردەو فەرماندەی دیکەی حزبی شیوعی عێراق هیچیان ڕاستگۆ نەبووینە لە باسکردنی ئەو بروسکانەی نێوان ئەبو حیکمەت و مەکتەبی سیاسی، چونکە:

**یەکەم:** ئەوان پێشتر چەند بروسکەیەکیان بۆ مەڵبەندەکانی سلێمانی - کەرکوکی شیوعی (بەهائەدین نوری) ناردبوو، داوایان لێی کردبوون لای خۆیان شانبەشانی بەرەی جود هێرش بکەنە سەر یەکێتی، کە بەهائەدین نوری لە نووسینەکانیدا ئاماژەی پێکردوون، کە مەکتەبی سیاسی وەکو هاندان و فشار خستنە سەر ئەوان بروسکەکانی ناردووە، تا ئەوانیش لە سلێمانی و کەرکوک بەشداری شەڕەکان بکەن.

**دووەم:** بە بەردەوامی لەنێوان ماوەی (15-1983/4/27)دا ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق-ی حزبی شیوعی، وتارێکی کەریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، بڵاودەکردەوە، کە دەیگوت: (لەوێدا هەندێک کەللە سەری گەرم هەن دەبێ سارد بکرێنەوە/ بإن هناک رؤوسا ساخنة یجب تبریدها)، هەموو کورد دەزانێت کە کەللە سەر ساردکرنەوە مانای کوشتنە، بەدڵنیاییش مەبەستی لەم کەللە سەرانە (سەرکردە، فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی بوو).

**سێیەم:** قادر ڕەشید ناسک، دەڵێ: {نامەیەکی بە پەلەم پێگەیشت لە هاوڕێ عومەری مامەشێخەوە (ئەبو فاروق)، لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بوو لە پشتئاشان، ئەمەش دەقی نامەکەی بوو: (هاوڕێ ئەبو شوان، بە گەیشتنی ئەم نامەیە خۆت و مەفرەزەکەتان بە پەلە و بێ دواکەوتن و بەشێوەیەکی نهێنی تەواو و بێ ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ پێتان بزانن، نۆکان بەجێبهێڵن و ئەگەنە پشتئاشان). لەدوای خوێندنەوەی نامەکە دەستبەجێ هەر چیەکمان هەبوو پێچامانەوە و بارمانکرد لە چەند وڵاخێک و بە شەوێکی تاریک و ناوەخت کەوتینە ڕێ بە دامێنی ڕووبارەکەی نۆکاندا و زۆر بە نهێنی و بێورتە شۆڕبووینەوە؛[9]}. دوو ڕۆژ بەر لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی (4)ی بالیسان، قادر ڕەشید ناسک و هاوڕێکانی لەسەر داوای عومەری مام شێخ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی مەکتەبی سەربازیی بنکەی نۆکانیان بەجێهێشت، کە بنکەی پێوەندی نێوان حزبی شیوعی و یەکێتی بوو، واتە لە شەوی (1983/4/25)دا ڕەویان کرد و لە بەرەبەیانی ڕۆژی (1983/4/26)دا دەگەنە

[9]- قادر ڕەشید ناسک، پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا، ل(29).

پشتئاشان. بەگوێرەی ئەم داوایەی عومەری مام شێخ لە قادر ڕەشید ناسک دەربارەی داختنی بنكەی نۆكانی حشع و ڕاكردنی نهێنییان، دەیسەلمێنێت كە حزبی شیوعی زۆر پێشتر بڕیاری بەشداری كردنی شەڕی لە دژی یەكێتی داوە، ئەگینا بۆ بنكەی پێوەندی لەگەڵ یەكێتی دەگوازنەوە؟ ئەوكاتە نامەكەی بۆ قادر ڕەشید ناسک ناردووە كە پەلاماردانی بالیسان لەلایەن شیوعی و بەرەی جود نزیک بۆتەوە، بۆ ئەوەی نەوەک یەكێتی لە تۆڵەی پەلاماری بالیسان پەلاماری ئەو بنكەیەی ناسک بدات!

**چوارەم:** مەكتەبی سیاسی و سەربازی حزبی شیوعی عێراق، بەر لە ڕۆژی (1983/4/21)دا بڕیاری دابوو كە ئەوان شانبەشانی بەرەی جود لە تەواوی كوردستان شەڕی یەكێتی بكەن، هەروەكو سابت حەبیب ئەحمەد ئەلعانی، باسی ئەوە دەكات كە مەكتەبی سیاسی و مەكتەبی عەسكەریی حزبی شیوعی بە بڕیارێک بەشداریكردنی شەڕی لە دژی یەكێتی بۆ سەر مەڵبەندی (4)ی بالیسان ڕاگەیاندووە، ناردنی بروسكەی بەردەوامیشیان بۆ مەڵبەندی سلێمانی - كەركوک-ی بەهائەدین نوری ئەوە دەسەلمێنن. سابت حەبیب ئەلعانی، دەڵێ: (لە ڕۆژی 1983/4/21دا عومەر عەلی شێخ ئەندامی مەكتەبی سیاسی و بەرپرسی مەكتەبی سەربازیی هاتە سەردانم، دەستپێشخەری و پێشنیارەكانی خۆمم لە پێناوی چارەسەركردنی قەیرانەكەدا خستەڕوو. ئەو وەڵامی دامەوە كە كاتی چارەسەر بەسەرچووە. سەرەڕای جەختكردنەوەم، ئەو هەر سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆیی و لەكاتی گفتوگۆدا داوای بۆچوونی منی كرد لەسەر دوو پرس كە لە مەڵبەندی هەولێری (حشع)ەوە هاتبوو. یەكەمیان هەڵسان بە هێرشكردنە سەر بارەگای یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە گوندی بالیسان. سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و سۆسیالیست بڕیاری هێرشكردنە سەر بالیسانیان دابوو، هەروەها داوایان لە سەركردایەتی مەڵبەندی هەولێری ئێمە كردبوو كە بەشداری هێرشەكە بكەین لەگەڵیاندا، دەركەوت كە سەركردایەتی دابەش ببوون و داوای بۆچوونی مەكتەبی سیاسیی دەكەن، عومەر عەلی شێخ-م لەم ئاراستەیە ئاگاداركردەوە، كە ململانێكە قوڵتر و كێشەكەش ئاڵۆزتر دەكاتەوە، بەتایبەت كە بارەگای یەكێتی لە بالیسان بارەگایەكی سەرەكییە. هەروەها پرسی دووەم كۆكرنەوەی هێزە بەشداربووەكانمانە لە شەڕەكەدا، دیسان دژی كۆكردنەوەی هێزەكانمان وەستامەوە. پێم گوت ئەمە تەڵەیەكە و لەوانەیە زیانمان پێ بگەیەنێت. سەرەڕای ئاگاداركردنەوەش مەكتەبی سیاسی و سەربازی ڕەزامەند بوون لەسەر

بەشداریکردن لە هێرشکردنە سەر بارەگای یەکێتی لە گوندی بالیسان و کۆکردنەوەی سەرجەم هێزەکانمان، کە ئەنجامەکەی ئەوەبوو 6 کوژراو و پێنج هاوڕێمان دیل بوون، هەروەها کێشانەوەمان لە ناوچەکە بۆ ڕۆست، چۆڵکردنی ناوچەکە لە هێزەکانی جود و کۆنترۆڵ کردنی تەواوی ناوچەکە لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەمان بابەتم لە ڕۆژی 1983/4/29 بە ئامادەبوونی مام قادر لەگەڵ ئەحمەد بانیخێلانی باسکرد و لێم پرسی ئایە پێوەندی تەلەفۆنیتان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هەیە، پێم گوت کە تەنیا نێردەیەک بنێرێت بۆ (نێوزەنگ) داوای چاوپێکەوتنی جەلال بکەن (مەبەستی لە جەلال، مام جەلال-ە)، وەڵامەکەی ئەوە بوو: مەترسە بروسکەیەکمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هاتووە کە ئاماژە بەوە دەدات ئەوان هەزار پێشمەرگە بۆ پشتیوانی ئێمە دەنێرن؛[10]). بەگوێرەی قسەکانی سابت ئەلعانی، سێ شتمان بۆ دەردەکەوێت:

**یەکەم:** هێرش کردنە سەر بارەگای مەڵبەندی چواری بالیسان کە بەقسەی عومەر عەلی شێخ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی مەکتەبی سەربازیی، کە لە ڕێکەوتی (1983/4/21)دا بۆ حەبیب ئەلعانی باسکردووە، لەلایەن بەرەی جود و حزبی شیوعی عێراق بەر لە ڕۆژی (1983/4/21)دا بڕیاری لەسەر دراوە. کاتێک کە سابت حەبیب ئەلعانی دەڵێت: (لەکاتی گفتوگۆدا داوای بۆچوونی منی کرد لەسەر دوو پرس کە لە مەڵبەندی هەولێری (حشع)ەوە هاتبوو. یەکەمیان هەڵسان بە هێرشکردنە سەر بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی بالیسان. هەروەها پرسی دووەم کۆکرنەوەی هێزە بەشداربووەکانمانە لە شەڕەکەدا، دیسان دژی کۆکردنەوەی هێزەکانمان وەستامەوە)، واتە پێشنیاری بەشداریکردنی حزبی شیوعی عێراق لەلایەن ئەبو حیکمەت بەر لە ڕۆژی (1983/4/21)دا نێردراوە و بەر لەو ڕۆژەش مەکتەبی سەربازی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق-یش بڕیاری بەشداریکردنەکەیان داوە، لەگەڵ پرسی کۆکردنەوەو ڕەوانەکردنی هێزەکانیان بۆ مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی تا بەشداری هێرشەکە بکەن. بۆیە هەر سەرکردەو فەرماندەیەکی حزبی شیوعی عێراق هەر شتێکی پێچەوانەی ئەو نووسینەی ئەلعانی نووسیبێت، تەواو پاساوی دوور لە ڕاستییە.

**دووەم:** ئەوە سابت ئەلعانی خۆی دەڵێت: (مەکتەبی سیاسی و سەربازی ڕەزامەند بوون لەسەر بەشداریکردن لە هێرشکردنە سەر بارەگای یەکێتی لە گوندی بالیسان)، کەواتە ئەو

---

[10]- ثابت حبيب العاني، صفحات من السيرة الذاتية 1922-1998، ل(548-549).

هەموو ناڕاستییە لەپێناوی چی؟ بۆیە سەرانی حزبی شیوعی بێئاگا نەبووینە لە هێرشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر پشتئاشان، چونکە ئەوان خۆیان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی بەشدارییان کردووە لە پەلاماردانی مەڵبەندی بالیسان، ڕادیۆکەیان و هێرشی توندی ڕاگەیاندنیان بەڵگەی سەلمێنەرن بۆیە دەبێ چاوەڕێی ئەوەش بکەن شەڕ هەموو ناوچەکان بگرێتەوە.

**سێیەم**: کاتێک کە عومەر عەلی شێخ بە سابت ئەلعانی دەڵێت: (کاتی چارەسەر بەسەرچووە) و ئەحمەد بانیخێڵانی-ش دەڵێت: (مەترسە، بروسکەیەکمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هاتووە، کە ئەوان هەزار پێشمەرگە بۆ پشتیوانی ئێمە دەنێرن)، ئەم قسانە دەیسەلمێنن کە مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی و مەکتەبی سەربازییان بڕیاری شەڕیان لەدژی یەکێتی داوە، مادام ئەوان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی و سەربازی بەشداری شەڕی بالیسان بووینە، لەو باوەڕەشدا بووینە ئەو ژمارە پێشمەرگەیەی پارتی پشتئاشان دەپارێزن، کە پارتی هێزی نەنارد ئەوان پاساو بۆ پارتی دێننەوەو یەکێتی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە گوایە ئەوان لەخۆڕا پەلاماری شیوعییە ئاشتیخوازو فریشتەکانیان داوە لە پشتئاشان، بێ ئەوەی حزبی شیوعی پێشتر تەقەیەکی لە یەکێتی کردبێت. بەگوێرەی خاڵی سێیەم سەرانی شەڕخوازی حزبی شیوعی عێراق خۆیان بەرپرسن لە دەرئەنجامی هێرش و شەڕەکان، پێویستیش ناکات ناڕاستگۆیانە خۆیان بکەن بە فریشەی ئاشتی و بێتاوان کە ماوەی (43)ی ڕەبەقە ناڕاستگۆیانە خۆیان دەکەنە فریشتەی ئاشتی!

دوای دەست بەسەردا گرتنی بالیسان لە ڕۆژی (1983/4/28)دا لەلایەن بەرەی جود، کەریم ئەحمەد، ئەحمەد بانیخێڵانی و حزبی شیوعی عێراق بروسکەی پیرۆزبایی و دەستخۆشی کردنی داگیرکردنی مەڵبەندی بالیسانی یەکێتی و سەرکەوتنیان لەم قۆڵەدا بەسەر یەکێتی لە بەرەی جود و مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی کرد کە بەشێک بوون لە هێزە پەلاماردەرەکەی بەرەی جود، ئایە ئەوەیە بێلایەنی و نێوەندگیری حزبی شیوعی عێراق لە شەڕی سەپێندراوی بەرەی جود بەسەر یەکێتی، لەکاتێکدا کە حزبی شیوعی عێراق بەشێک بووە لە پیلانەکە، هێرشەکە، دەستخۆشی و بیرۆزباییەکەشی هاتە سەر؟ بۆیە دوای کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی، داگیرکردنی مەڵبەندی چوار، کوشتن و بریندارکردنی دوو کادیر و فەرماندە لە ڕمکان و دەستخۆشی و پیرۆزبایی کردنیان لە بەرەی جود و حزبی شیوعی عێراق کە لە ڕۆژی (1983/4/28) و ڕۆژانی دواتردا لە

ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق-ی شیوعی و ئێزگەی پارتی چەند جارێک خوێندرانەوە، لەدوای ئەمەدا هیچ پاساوێک، بەربەستێک یان ڕێگایەک لە بەردەم یەکێتی نەما جگە لە هەڵمەتی (تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرە)ی هێرشێکی تێکشکێنەرانە بۆ سەر بارەگاکانی سۆسیالیست، شیوعی و پاسۆک لە ئاشقوڵکان، پشتئاشان و قرناقاو. ئایە لایەنێکی ئاشتیخواز و بێلایەن پیرۆزبایی داگیرکردنی مەڵبەندی لایەنێکی دیکە دەکات کە بەقسەی ئەو لایەنە ئاشتیخوازو فریشتەیە چەندان ڕێککەوتنی شەڕنەکردن لەنێوانیاندا هەیە؟

دوای هەڵمەتی یەکێتی و دەرکردنی هێزەکانی بەرەی جود لە دۆڵی شەهیدان، وەرتێ، پشتئاشان، قرناقاو، ئاشقوڵکەو قەندیل، هێزەکانی یەکێتی لە ڕۆژی (1983/5/9)دا واتە دوای دوازدە ڕۆژ گەیشتنەوە دۆڵی بالیسان و هێزەکانی جود کە ورەیان تەواو تێکشکابوو بەبێ هیچ بەرگری کردنێک ڕایانکرد. هەر ئەو هێزەی یەکێتی، کە لە ڕۆژای (1983/5/1)دا هێزەکانی بەرەی جودی لە (ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قرناقاو)، دۆڵی خانەقا و وەرتێ تێکشکاندبوو، گەیشتنە بالیسان و سەرتاپای هێزەکانی بەرەی جود کە پێشتر شێرانە بالیسان-یان داگیرکردبوو، ئەم جارە شێرانەتر لە دۆڵەکە ڕایانکرد.

حزبی شیوعی عێراق، بەتایبەت دوای داگیرکردنی بالیسان، لە جاران زیاتر بە لووتبەرزی و لەخۆبایی بوونەوە وەڵامی هەموو داواکارییەکی یەکێتی دەدایەوە بۆ ئاشتی و دوورخستنەوەیان لە شەڕی ناوخۆ، چونکە هەروەکو کاظم حەبیب، ڕاستییەکەی نووسیوە و ئاماژەی پێ دەکات، کە هەندێک لە سەرکردەی حزبی شیوعی و ڕێکخستنەکانی حزبیان لەنێو پێشمەرگەدا پێیان وابووە کە بە هەر نرخێک بێت بەشداری شەڕ بکەن لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چونکە ئەوان لەم باوەڕەدا بوون، مادام پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵیان دایە توانای سەرکەوتنیان بەسەر یەکێتی دا هەیە. کاظم پێی وایە ئەو سەرکردەو شیوعیانەی وا بیریان دەکردەوە لەلایەن سەرکردە مەیدانی و پێشمەرگەکانی پارتی هاندەدران بۆ ئەوەی پێکەوە شەڕی یەکێتی بکەن، هەروەها کاظم حەبیب بۆچوونی خۆی ئاشکرا دەکات بەوەی کە سەرکردەکانی حزبی شیوعی و مەکتەبی سەربازی حزبیان لە کوردستان بێتاوان نەبووینە لە هەڵگیرسانی شەڕەکان، ئەو هۆکاری شەڕەکان بەتەنیا هەمووی ناخاتە ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یان تەنیا بیانخاتە ئەستۆی ململانێی لە مێژینەی نێوان دوو پارتەکە (پارتی دیموکراتی کوردستان و

یەکێتی)، بەڵکو حزبی شیوعی عێراق-یش بە هاندەر دەزانێت بۆ ئەوەی حزبەکەیان بەشداری شەڕەکان بکات لەدژی یەکێتی([11]). کاظم حەبیب، خۆی باش دەزانێت کە حزبی شیوعی بێتاوان نەبووە لە هەڵگیرساندنی شەڕەکانی ناوخۆی ساڵی (1983)ی نێوان یەکێتی و بەرەی جود، چونکە حزبی شیوعی بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبوو بەتایبەت لەدژی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە جێگرەوەی شیوعی بوو لە باشووری کوردستان.

کەریم ئەحمەد، دەڵێ: (ئەبو فاروق، ئەبو سەرباز و ئەبو عامل لیژنە بوون و لەسەر داوای ئەبو حیکمەت بڕیاری شەڕیان دا لەدژی یەکێتی لە بالیسان. پشتئاشانی دووەم: (ئەبو فاروق، باقر ئیبراهیم، ئەبو عامل، یوسف حەنا واتە ئەبو حیکمەت) لێی بەرپرسن. شەڕی دووەمی قەندیل دەبوایە خۆمانی لێ لادەین، ئەوە لە قازانجی ئێرانە، ئەمە شەڕی ئێرانە دەیکەین. حکومەتی بەعس هیچ تەداخولی ئەو شەڕەی نەکردو تەماشایان دەکردو پێیان خۆش بوو؛[12])، کەواتە حزبی شیوعی عێراق شەڕی یەکەمی بۆ پارتی دووەمی بۆ ئێران کردن.

قادر ڕەشید ناسک، دەربارەی وەڵامی بروسکەکانی ئەبو حیکمەت، نووسیویەتی: (ئەم وەڵامەی سەرکردایەتی حیزب کە ئەبو سەرباز نووسیویەتی بۆ ئەبو حیکمەت، شیرازەی هەڵوێستی حیزبی هەڵوەشاندو لە بێلایەنییەوە لەگەڵ یەکیەتیدا لە چاوترۆکانێکدا گۆڕی بۆ لایەنێکی ڕاستەوخۆی شەڕەکە! بێ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کۆببێتەوەو بڕیاری گۆڕینی سیاسەتی خۆی بدات، ئیتر لەو پەلامارەوە شەڕی براکوژیی و ناڕەوایانە لای حیزب بووە شەڕێکی ڕەوا؛[13]). ئەی ئەوە نییە قادر ڕەشید خۆی باسی ئەوە دەکات کە دوای بەشداری حزبی شیوعی لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر بالیسان، شەڕی براکوژی ناڕەوایانە لای حزبی شیوعی عێراق بۆتە شەڕێکی ڕەوا؟ کاتێک هەر کەسێک، لایەنێک یان پارتێک دەدەنە پاڵ لایەنێک و شەڕی لایەنێکی تر دەکەن و تێکەڵ بە شەڕەکان دەبن، چیتر بێلایەنی و بانگەشەی ناڕاستگۆیانەی بەناو نێوەندگیری کردنی حزبی شیوعی لەنێوان لایەنە شەڕکەرەکان، هیچ ڕاستییەکی تێدا نامێنێ و نیازە

---

[11]- كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكوردي في كوردستان العراق، ل(380).

[12]- کەریم ئەحمەد، سەکۆی چەپ، کەناڵی ئاسمانی ڕێگا، بەشی (7).

[13]- قادر ڕەشید ناسک، پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا، ل59-60).

گڵاوەکان وەکو بڵقی سەر ئاو دەردەکەون، بۆیە دوای لێدانی حزبی شیوعی عێراق لە پشتئاشان ئەوان نالۆژیکانەیە باسی ڕێککەوتنی دوو قۆڵی نێوان خۆیان و یەکێتی بکەن، چونکە ئەوان خۆیان پابەندی هیچ ڕێککەوتنێک نەبووینە مادام شەڕی یەکێتی بکەن لە بالیسان و پێشتریش بەشداری کردن لە بۆسەیەک لە باداوان، سێ ڕۆژ دوای هێرشی بالیسان-یش کوشتنی کادیرێک و بریندارکردنی فەرماندەی تیپێک لە گردی ڕمکان. لە وەڵامی قادر ڕەشید، کە گوایە کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی بڕیاری نەداوە بۆ بەشداری کردنی حزبی شیوعی لە هێرشەکانی بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان و هێزەکانی یەکێتی، سابت حەبیب عانی، لە سەرەوەدا ئەوەی پشت ڕاست کردۆتەوە کە مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی سەربازی حشع بەر لە ڕۆژی (1983/4/21)دا بڕیاری بەشداری کردنی ئەو شەڕەیان دابوو. هەروەها ئەو بروسکانەی کە مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی بۆ بەهائەدین نوری ناردوویەتی بەڵگەی تەواون.

ئەبو شوان، دەڵێ: (ئەبو حیکمەت وتی: نکۆلیی ناکەم لەو باسانەی لە کتێبەکەی پشتئاشاندا هاتووە، بەڵکوو برادەرانیشم زۆر لێی ڕازیین، بۆ زانیاریی زیادتر ئەمەوێت بڵێم پێش ئەو بروسکەیەی کە ناردم بۆ مەکتەبی سیاسیی و عەسکەریی حیزب، بروسکەیەکی تریشم بۆ ناردبوون کە تیایدا ئەڵێم یەکێتیی نیشتمانیی نامەیەکیان بۆ ناردووین بۆ بالیسان و دەقەکەی ئەمەیە: ئێمە لە هێزەکانی پارتی و پاسۆک و حسک ئەدەین، ئێوە سیاسەتێکی بێلایەنییتان گرتووەتەبەر و لە نێوانیشماندا ڕێکەوتنێکی دووقۆڵیی هەیە، تکایە هەر بێلایەن بن و خۆتان لەو شەڕەوە مەگلێنن؛ [14]). باشە، گەر ڕاستە بۆ سەرکردایەتی حزبی شیوعی وەڵامی ئەو بروسکەی ئەبو حیکمەت یان نەداوەتەوە، کە بۆی ناردوون و تیایدا نووسیویەتی کە یەکێتی داوایان لێ دەکات بێلایەن بن و یەکێتی لەوان نادات و تکاشیان لێ دەکات کە خۆیان نەخەنە ناو ئەم شەڕەوە. یەکێتی، تا ڕادەیەک دڵنیا بوو کە سەرانی حزبی شیوعی عێراق سیاسەتێکی بێلایەنانەیان نەگرتۆتە بەر، بەڵکو لە پێناوی دوورکەوتنەوەو دابڕینیان لە پدک و حسک بەمشێوەیە نامەیان بۆ دەناردن، یان لەگەڵیان دا دەئاخاوتن. بەپێی ئەو قسانەی ئەبو حیکمەت، یەکێتی پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی نێوان خۆیان و حشع دووبارە کردۆتەوە، کەچی حزبی شیوعی وەکو هەردەم پابەند نەبووە بە ڕێککەوتنامەکان و بەشداری کرد لە هێرشی سەر بالیسان،

[14]- قادر ڕەشید ناسک، پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا، ل(70).

بۆیە حشع هەر خۆی تۆمەتبارە لەوەی کە لە پشتئاشان بەسەری هات، چونکە گوێی لە داواکانی یەکێتی بۆ دوورکەوتنەوەی لە شەڕەکان نەگرتووە!

سەرکەوتنی کاتی یان چوار ڕۆژەی بەرەی جود لە دۆڵی بالیسان و داگیرکردنی مەڵبەندی (4)ی بالیسان، بووە هۆی لەخۆبایی بوونی حزبی شیوعی و بەرەی جود، هەر ئەو هۆکارە بووە هۆی ئەوەی کە حزبی شیوعی بە لەخۆبایی بوونەوە هەوڵی بەشداری شەڕەکانی تری مەڵبەندی (3)ی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی بکات و هەوڵی داواکردن، کۆکردنەوە و ناردنی هێزەکانی بادینان و سلێمانی - کەرکوک بدات بۆ دۆڵی وەرتێ، دۆڵی شەهیدان و پشتئاشان. ئەوان وەکو بەرەی جود بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی هێرشەکانیان چاوەڕێی گەیشتنی هێزەکانیان و خەریکی نەخشەدانانی هێرشکردنە سەر مەڵبەندی (3)ی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی بوون، بەڵام یەکێتی هەستی بە مەترسییەکە کردبوو بۆیە دەستپێشخەری کرد لە هەڵمەت بردنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حسک، حزبی شیوعی و پاسۆک لە ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قرناقاو. بۆ ڕاستی قسەکانم کە حزبی شیوعی لەخۆبایی بوو، پێی وابوو لە هێرش بردن و سەرکەوتن بەردەوام دەبێت، بۆیە بیری لە خۆپاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی خۆی نەدەکردوە، قادر ڕەشید ناسک، دەڵێ: (ئەو سەرکەوتنە کاتییەی بەرەی جود لە پەلاماردانی هێزەکانی یەکێتی دا لە بالیسان، سەرکردایەتی حیزبی لە پشتئاشان توشی لەخۆبایی بوون کرد. ئەبووایە پێش ئەوەی حیزب خۆی لەو شەڕەوە بگلێنێت، بیری لە ئەنجامەکەشی بکردایەتەوە، مەکتەبی عەسکەریی و مەکتەبی سیاسیی لە خۆئامادەکردنێکی تەواودا بوونایە بۆ بەرهەڵستیکردن لە هەر هێرش و پەلامارێکی یەکێتی بۆ سەریان؛[15])، سەرانی شیوعی بە تەمای پارتی و بارزانی کە گوایە هەزارو پێنج سەد دەنێرێتە پشتئاشان، قوڕیان بەسەر حزبی شیوعی عێراق دا کرد.

فاتیح ڕەسوڵ، سەبارەت بە هێرش و پەلامارەکانی بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان، کە جود و بەتایبەت شیوعییەکان کەم یان هەرگیز باسی ناکەن، ئەگەر باسیشی بکەن پاساوی ئەوە دێننەوە گوایە لە پێناوی سنووردارکردنی دەستدرێژییەکانی یەکێتی بووە، نووسیویەتی: (هێرش بردنە سەر بارەگای مەڵبەندی چواری یەکێتی و دەست بەسەرداگرتنی دا، کارێکی ناڕەواو سەر لێشێواوی و کورتبینی تەواوی تێدا بەدی دەکرا.

[15]- سەرچاوەی پێشوو، ل(63).

لە هەمان کات کرا بە فتیلەی خۆشکردنی شەڕی ناوەخۆ و یەکتر کوشتن؛[16])، کە ناوبراو یەکێک بووە لە بڕیاردەرانی هاوبەشی کردنی حزبی شیوعی لەم شەڕەدا لەدژی یەکێتی، کەواتە فاتیح خۆی کورتبین و سەرلێشێواو بووە. هێرش کردنە سەر مەڵبەندی بالیسان تاوانێکی گەورە بوو بەر لەوەی کارێکی (نارەوا، سەرلێشێوان و کورتبینی) بێ، چونکە هەشت پێشمەرگەی یەکێتی و چەندان پێشمەرگەی لایەنی جودی تێدا کوژرا، کە بەدڵنیایی خوێنی ئەم کوژراوانە و ئەوانەی قڕناقاو، پشتئاشان و ئاشقولکەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی هێرشیان کردە سەر مەڵبەندی بالیسان و پێشتریش شەماڵ و هاوڕێکانی لە بۆسەیەکی ناجوامێرانە کوشت! باشە کە فاتیح ڕەسوڵ باسی ئەوە دەکات کە شەڕی بالیسان کرایە فتیلەی هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆ، ئەی تا کەی پێشمەرگە، فەرماندە و کادیری یەکێتی بکوژرێ و مەڵبەندی داگیر بکرێ و یەکێتی نەیەتە وەڵام؟ بۆ دەبێ یەکێتی شەڕی بالیسانی کردبێ بە فتیلەی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوەخۆ و بەرەی جود (بەتایبەت حشع) هۆکاری شەڕە ناوەخۆکان نەبن بە کوشتنی شێخ شەمال، سەرباز کۆیی، سەعدی و کامەران، کوشتنی هەشت کادیرو پێشمەرگەی دیکە لە بالیسان، کوشتن و بریندارکردنی دوو پێشمەرگە لە بەرزاییەکانی ڕمکان بەدەستی حەشیش فرۆشێک، واتە کوشتنی سێزدە پێشمەرگە بریندارکردنی پازدەی دیکە لە سێ تاوان ؟ ئەی تاکەی ئەو تاوان و دەستدرێژیانەی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود پەسەند بکەن و وەڵامیان نەدەنەوە، تا مەڵبەندی وەرتێ، بارەگانی سەرکردایەتی، مەڵبەندی دوو و یەک بەشێوەی مەڵبەندی چوار داگیر دەکەن؟

ئەی بۆ حزبی شیوعی عێراق لەسەر کوشتنی جاشێکی خوێڕی وەکو عەبدوڵڵا ماویلی لەلایەن یەکێتی، چوار پێشمەرگەی یەکێتی کوشت و دووانیشی بریندارکرد، کە پێشتریش ماویلی سێ کادیرو پێشمەرگەی یەکێتی بە قۆڵبەستراوی ڕادەستی ڕژێم کردبووەو دواتر لە زیندانی موسڵ لەسێدارە درابوون؟ فاتیح ڕەسوڵ، دەڵێ: (لە ڕۆژی 1983/5/1دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تاوانێکی گەورە هەڵسا، هێرشێکی خوێناوی فراوانی هێنایە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق و پارتی

[16]- فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990، بەرگی سێیەم، ل(268).

سۆسیالیستی کوردستان لە پشتئاشان؛[17]). کە هێرش بۆ سەر پشتئاشان، دەرئەنجامی تاوانەکانی حشع و هاوپەیمانەکانی بووبن لە سێ تاوانی سەرەوە کە ئاماژەم پێ دان، جگە لەوەی لە نیوەڕۆی (1983/4/30)دا ئەو هێزەی یەکێتی کە بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا گەیشتە ڕەزگە و مارەدوو، خەریکی پشوودان و نانخواردن بوون، لە دەوروبەری کاتژمێری (2)ی نیوەڕۆ تا کاتژمێری (6)ی ئێوارە بۆ ماوەی (4) کاتژمێر لەلایەن سەربازگەی قەڵادزێ و ڕەبایەکانی (بەردقەڵشیو، شەرویت و کانی شینکە) و پشتی (سێوەیس) درایە بەر تۆپی قورس و هاوەنی سوپای ڕژێمی سەدام و بەعس، لە ئەنجام دا (7) پێشمەرگە کوژران و (22)ش بریندار بوون. بۆ دەبێ تەنیا هێرشکردنە سەر پشتئاشان تاوانێکی گەورە بێ و کوژرانی ئەو کۆمەڵە کادیر، فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن حزبی شیوعی و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود، تاوانێکی گەورەی حشع و بەرەی جود نەبێ، کە ئەم تاوانانە بەر لە پشتئاشان بووینە؟ بۆ دەبێ هەموو دەستدرێژی و تاوانەکانی حشع و بەرەی جود بەرانبەر بە یەکێتی بەر لە شەڕی پشتئاشان، باس نەکرێ و وەکو تاوانی بەرەی جود و حزبی شیوعی عێراق ناو نەبردرێن و لە شەڕی پشتئاشان دەست پێبکرێ و تەنیا ئەمیان وەکو تاوان بناسرێ؟ گەر تاوانەکانی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود لە ڕۆژانی (15-1983/4/30)دا لەدژی یەکێتی تاوان نەبن، ئەوە هەرگیز ناکرێت تەنیا پشتئاشان بە تاوان دابنرێت!

ئایە حزبی شیوعی عێراق، چ وەڵامێکی هەیە، کە بەگوێرەی ڕێککەوتنی ڕۆژی (1983/2/6)ی ناوزەنگ و ڕێککەوتنەکانی ڕۆژانی (1983/4/16) و (1983/4/26)ی شێخوەسانان، کە بەڵێنی ئەوەی بە یەکێتی دابوو بەشداری هیچ شەڕێک نەکەن لەدژی یەکێتی و پەلاماری مەڵبەندی چوار نەدەن، کەچی دواتر گشت بەڵێنەکانیان نەک تەنیا بلْقی سەر ئاو بوو، بەڵکو سەدا سەد پێچەوانەی ڕێککەوتن و گفتەکانیان دەرچوو؟ پێشتریش سەرکردایەتی یەکێتی، لە ڕێککەوتنەکانی ڕۆژی (1982/7/7) و (1983/2/6)ی ناوزەنگ، لەکاتی ڕێککەوتنی دوو قۆڵی نێوان یەکێتی و شیوعی، هەردوو جار ئاگاداری سەرکردایەتی حزبی شیوعی کردبووەوە، گەر ئەوان لە خوارەوە هێرش بکەنە سەر هێزەکانی یەکێتی، ئەوانیش لێناگەڕێن ئەوان بە ئاسوودەیی لە پشتئاشان لێی دانیشن، بۆ یەکەم جار ئەو هەڕەشەیەی یەکێتیم لە مانگی

[17]- فاتیح ڕەسوڵ، لە کاروانێکی دوورودرێژدا کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ، ل(243).

دوازدەی ساڵی (1982)دا لە حاکم جەمال حەمەدئەمین سدیق-ی بەغەدر کوژراوی دەستی پارتی بیست (1992/8/24)، پاشان لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا لە ڕێکەوت عوسمان مەجید بەرپرسی ڕێکخراوی (5)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و دواتریش لە چەند کادیرێکی کەرتەکانی ڕێکخستنی شەقڵاوەو ڕواندز بیست. هەروەکو نەوشیروان مستەفا، سەبارەت بە ئاگادار کردنەوەی حشع نووسیویەتی: (پێشتر چەند جارێ لە کۆبوونەوەی دووقۆڵی دا لەگەڵ حشع پێمان وت بوون کە ئەگەر شەڕ لە خوارێ هەڵبگیرسێنن، لێیان ناگەڕێین ئەوانیش بە ئاسودەیی لە پشتئاشان دابنیشن. شەڕ ئەخەینە ناو سەرکردایەتییانەوە؛[18])، بەڵێ سەرانی حزبی شیوعی بێبەڵێن بوون، لەبری ئەوەی پابەندی ڕێککەوتنی ناوزەنگ و ڕێککەوتنەکانی دیکە و بێلایەن بن، هاوکاری هێزەکانی پدک، حسک و پاسۆک-یان لە دژی یەکێتی کرد، پەلاماری بارەگاکانیان دان، بۆیە یەکێتی لە بەرانبەردا پەلاماری سەرکردایەتی ئەوانی داو تۆڵەی لێکردنەوە!

بەڵام دیارە حشع بەهۆی پدک و حسک زۆر لە خۆبایی ببوو، بە خەیاڵی خۆی سەرکەوتنی خۆیی و ژێرکەوتنی یەکێتی و لە ڕەگوریشە دەرهێنانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی مسۆگەر کردبوو، بۆیە گوێی بە هەڕەشەکان و تکاکردنەکانی یەکێتی نەدا و بەردەوام بوو لەسەر هێرشکردن بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی چواری بالیسان. سەرانی حشع، هەردەم ئەو نامەی نەوشیروان مستەفا ئەمین وەکو نموونە دێننەوە کە لە ڕۆژی (1983/3/22)دا بۆ سەید کەریم بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی چواری بالیسانی ناردووە، وەکو ئەوەی هەنگوینیان لە دارا دۆزیبێتە، چونکە نەوشیروان لە نامەکەیدا باسی ئەوەی کردووە ئەگەر بەرەی جود بەردەوام بن لەسەر شەڕفرۆشتن بە هێزەکانیان، ئەوان هێرش دەکەنە سەر سەرکردایەتی حزبی شیوعی و حسک، کە پێشتریش چەند جارێک لە دانیشتەکان ڕووبەڕوو ئەو قسانەیان پێ گوتبوون. کاتێک کە یەکێتی چەند جارێک ئەوانیان ڕووبەڕوو ئاگادار کردبێتەوە گەر وازنەهێنن شەڕ دەخەنە سەرکردایەتیانەوە، بۆ دەبێ نامەکەی نەوشیروان بکرێ بە بەڵگەنامەیەک کە گوایە یەکێتی پێشتر پلانی هێرش کردن و گرتنی سەرکردایەتی ئەوانی هەبووە؟ لە کاتێکدا کە نەوشیروان و سەرکردایەتی یەکێتی ئەم کارەیان بە شەڕفرۆشتن و پەلاماری ئەوان بەستۆتەوە بۆ سەر هێزەکانی یەکێتیی

[18]- نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979-1983، ل(289).

نیشتمانیی کوردستان! ئەگەر حزبی شیوعی و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود هێرشیان نەکردبایە سەر بالیسان و چەند تاوانێکی دیکەی هاوبەشیان لە دژی یەکێتی ئەنجام نەدابوایە، ئەمانیش هەرگیز شەڕیان نەدەخستە ناو سەرکردایەتی حسک و حشع لە ئاشقوڵکە و پشتئاشان کە پێشتر لەوە ئاگاداریان کردبوونەوە.

هەر سەبارەت بە خەونەکانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق دەربارەی لاوازکردن و تەمبێ کردنی یەکێتی، بەهائەدین نوری دەڵێ: (لە ڕۆژی 1983/4/17دا لە حاجی مامەند بروسکەیەکم بۆ مەکتەبی سیاسی نارد. بروسکەکە بۆچوونی کادیرانی مەڵبەندەکەمان بوو کە دوو خاڵی سەرەکی لەخۆ ئەگرت. یەک: بەرژەوەندی هیچ لایەنێکی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراق، بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریی گەلی کورد و حزبی شیوعی عێراق لە هاندان و هەڵگیرساندنی هیچ شەڕیکدا نییە لەنێوان هێزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی. بەڵکو تەنیا ڕژێم سوودمەندە دەبێ لە شەڕێکی لەم چەشنەدا، بۆیە دەبێ هەموو تواناکان بخرێنە گەڕ بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕێکی ئاوا. دوو: ئێمە توانای سەربازی لەم جۆرەمان نییە کە شەڕێکی ئاوا لە دژی ی. ن. ک بکەین. بەدڵنیایی سەرکەوتنی سەربازی بۆ لایەنی بەرانبەر دەبێ چونکە پێشمەرگە، چەک و تەقەمەنی زۆرتر و توانای شەڕکردنی بەرزتری هەیە. ئایە ئەمە ڕاستە خۆمان تێکەڵ بە شەڕێکی خۆکوژی بکەین کە پێشەکی دەیزانین دۆڕاوین تیایدا؟ بەڵام وەڵامی ئەم بروسکە مێژووییەمان بۆ نەهاتەوە و نەیتوانی هیچ لە بەرنامەی هەرزەکارانەی کەریم ئەحمەد بگۆڕێت، کە ئەو بەردەوام بوو لەسەر چالاکییەکانی خۆی بە ئامانج و ئاراستەی تەمبێ کردنی یەکێتی لە مەڵبەندی هەولێر کە یوسف حەنا هاودەنگی بوو. لە ڕۆژی 28ی نیسان بروسکەیەکی ملکەچانە بە واژۆی مەکتەبی سیاسی گەییشت کە هەواڵی ئەوەی پێڕاگەیاندین کە هێزەکانی بەرەی جود هێزەکانی یەکێتی لە بالیسان دەرکرد، بالیسان گوندێک بوو کە بارەگای مەڵبەندی یەکێتی لە ناوچەی خۆشناوەتی لەم گوندە بوو. ئەمەش مانای ئەوەبوو کە شەڕو رووبەڕووبوونەوە فراوانتر بوو و بارودۆخەکە ئاڵۆزی زیاتر بەخۆوە ئەگرێت؛[19]). زۆرێک لە شیوعییەکان بۆ خۆفشکردنەوە لە یاداشت، بیرەوەری یان فەیسبووک دەنووسن کە گوایە گەر بەهائەدین نوری لە مەڵبەندی سلێمانی - کەرکوک بەشداری شەڕی بەرەی جودی بکردایە لەدژی یەکێتی، بەدڵنیایی

[19]- بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري، ل(563-564).

شیوعییەکان دەیانتوانی شەڕەکە لە بەرژەوەندی بەرەی جود یەکلایی بکەنەوە و یەکێتی تێکبشکێنن و ڕاوی بنێن، یەکێک لەو خۆ بە پاڵەوان زانانە بابەکر سالاری، کە پێیوایە گەر جیابوونەوەکەی بەهائەدین نەبوایە ئەو هێزەی شیوعی لە سنووری سلێمانی دەیتوانی یەکێتی لە تەواوی شارەزوور ڕاوبنێت و تۆڵەی پشتئاشان لە یەکێتی بکەنەوە ([20]). بەهائەدین نوری، خۆی بەرپرسی مەڵبەندەکە بووەو لەم بروسکەیەی کە لە ڕۆژی (1983/4/17)دا بۆ مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی ناردووە، زۆر شتمان بۆ دەردەخات کە گرنگترینیان فراوانکردنی شەڕەکانە لە دژی یەکێتی لەلایەن ئەوانەوە، گوێ نەدان بە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەو نیشتمان لەلایەن حشع بەوەی کە بەشداری شەڕیان کرد، لوتبەرزی و لەخۆبایی بوونی شیوعی و گوێ نەگرتنی لە کادیرو بەرپرسەکانی خۆی بۆ خۆ بەدوورگرتن لە شەڕە ناوەخۆکان و پووچەڵکردنەوەی بانگەشەی بەردەوامی حشع بەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەک و تەقەمەنی لە حکومەتی بەعس وەرگرتووە، کە بە ئاشکرا لە ڕاپۆرتی کادیرانی مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی حشع کە لەلایەن بەهائەدین نوری بە بروسکە بۆ مەکتەبی سیاسی خۆیان نێردراوە و باسی ئەوە کراوە کە سەرکەوتن بۆ ئەم لایەنیە کە شەڕکەری زۆرتر، چەکی پێشکەوتووتر، تەقەمەنی زۆرتر، توانای شەڕکردنی زۆرترو شیمانەی سەرکەوتنی زۆرتری هەیە، کە هەمووشیان بەگوێرەی بۆچوونی بەهائەدین نوری و کادیرەکانی سلێمانی و کەرکوک لە هێزەکانی یەکێتی دا بەدی دەکرێن، کەچی بابەکر سالارییەکان دەمیان گەرمە، حزبی شیوعی عێراق بەهۆی ئەوەی کە بەهائەدین نوری تێکەڵی شەڕەکە نەکرد بەیتوبالۆرەی جاش، پیاوی ئەمن و ئیستخباراتیان دایە پاڵ ناوبراو، جا چۆن یەکێتی ناکەن بە جاش. بەهائەدین نوری، لە درێژەی قسەکانی دا باسی شەرخوازی کەریم ئەحمەد و حزبی شیوعی دەکات، کە ئەو بەرنامەی بۆ دارشتووە، کەواتە کەریم ئەحمەد یەکێک بووە لە شەڕخوازانی ناو مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق لە دژی یەکێتی.

بەهائەدین نوری، باسی دەکات کە مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی چەندین بروسکەیان بۆ ناردوون بۆ ئەوەی بەشداری شەڕەکانی بەرەی جود لە دژی یەکێتیدا بکەن ([21]). هەر بەهائەدین نوری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی، لە ئەڵقەی

---

[20]- بابەکر سالاری، تەمەنێک لەپێناوی نیشتمان دا، ل(186).

[21]- بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري، ل(562).

(5)ی بەرنامەی خوتا (خطى) بۆ کەناڵی ئاسمانی (قناة العراقية الإخبارية)، لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی (عەلاء هادي الحطاب)، کە دواتر لە ڕۆژی (2018/1/18)دا لە کەناڵی (یوتوپ) دانراوە، لە وەڵامی پرسیارێک دەربارەی هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕەکانی ناوخۆو هێرش کردنە سەر پشتئاشان، گوتی: (حزبی شیوعی عێراق لە سەرەتای هەشتاکان ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مۆرکرد، بەڵام دوای چەند مانگێک بروسکەیەکمان لە حزبەوە بۆ هات و تیایدا نووسرابوو: (لەگەڵ پارتی هەماهەنگی بکەن لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان). ئەمەش دوای ئەوە بوو کە کەریم ئەحمەد دەقی ڕێککەوتنامەکەی حشع و یەکێتی ناردبوو بۆ عەزیز محەمەد لە مۆسکۆ، عەزیز محەمەد لە نامەیەک دا وەڵامی کەریم ئەحمەدی دابووەوە، نووسیبووی: (<u>لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوە لە تاڵەبانی باشترە</u>)، کە ئەمەش لەبەر سێ ئامانج و هۆکار بووە:

**یەکەم:** لەپێناو پاکتاوکردن و لەناوبردنی یەکێتی و بەتایبەت کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە بە مەترسی سەرەکیان دەزانی لەسەر دوارۆژی حزبی شیوعی لە کوردستان، چونکە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لە شیوعییە کوردەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق ڕیزەکانی ئەو حزبەیان بەجێهێشت و ڕوویانکردە نێو کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

**دووەم:** عەزیز محەمەد و حزبی شیوعی عێراق دەیانویست لەگەڵ پارتی بن، کە پارتی هەرگیز هەڕەشە نەبووە لەسەر شیوعی و لە هەمان کات دەروازەکانی سنووری ئێران، تورکیا و سوریا بە تەواوی لەدەست پارتی بوو، گەر لەگەڵ پارتی ڕێکنەکەوتنایە هاتووچۆی دەرەوەو ناوەوەی دەروازەکانی هەر سێ سنووریان لەدەست دەدا و وەکو یەکێتی لە هەموو لایەک ئابلوقە دەدران. کەریم ئەحمەد جگە لەوەی کە ملکەچی فەرمانەکانی سکرتێری حزب ببێ بەوەی کە <u>هاوپەیمانێتی بارزانی بکات لەدژی تاڵەبانی</u>، هیچ ڕێگە چارەیەکی تری نەبوو.

**سێیەم:** عەزیز محەمەد خۆیی و حزبی شیوعی عێراقی بە شەرمەزاری بنەماڵەی بارزانی و پارتی دەزانی، چونکە خۆیی و حزبەکەی لە ناوەڕاستی حەفتاکان جاشی بەعس

بوون و شانبەشانی سوپای ڕژێم شەڕی ئەوانیان کردبوو، بە نزیکبوونەوە لەم بنەماڵەیە دەیویست تاوانی حەفتاکانی حزبی شیوعییان لەبیرباتەوە.

ئاشکراکردنی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە لەلایەن بەهائەدین نوری، بە ئاشکرا لایەنگیری سەرانی شەڕخواز لەنێو حزبی شیوعی عێراق لە پارتی دیموکراتی کوردستان و پیلانگێڕی حشع لە دژی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان پشت ڕاست دەکاتەوە. کاتێ عەزیز محەمەد لە وەڵامی نامەی کەریم ئەحمەد دەنووسێ: (لەگەڵ پارتی هەماهەنگی بکەن لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و (لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوە لە تاڵەبانی باشترە)، چی دەردەخات و دەگەیەنێت، واتە بەرەی نێوان پارتی و شیوعی لەدژی یەکێتی بووە، دەیسەلمێنێت کە بەرەی جود بەرەیەکی سەربازی نێوان شیوعی، پارتی و حسک بووە تەنیا بۆ دوژمنایەتی کردنی یەکێتی؟ کەریم ئەحمەد ملکەچی بڕیاری عەزیز محەمەد دەبێ و بەمەش هاوپەیمانێتی بارزانی و حدک دەکات لە دژی یەکێتی و تاڵەبانی، ئەی کوا بێلایەنی و گوایە نێوەندگیری کردنی حزبی شیوعی عێراق لەنێوان پارتی، پاسۆک و حسک لەلایەک و یەکێتی لەلاکەی دیکەوە هەروەکو خۆیان بانگەشەیان بۆ دەکرد، کە هیچی ڕاست نەبوو؟ لەلایەک بەشداری کردنی هێزەکانی حزبی شیوعی عێراق لە هێرشی بەرەی جود (شیوعی، پارتی، سۆسیالیست و پاسۆک) بۆ سەر مەڵبەندی (4)ی یەکێتی لە بالیسان و داگیرکردنی مەڵبەندەکە، لەلاکەی دیکەشەوە ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ داگیرکردنی ئەم مەڵبەندە، ناڕاستگۆیی، چیرۆک هۆنینەوە و چەواشەکارییەکانی حزبی شیوعی عێراق لە ڕەگەوە هەڵدەکێشێت.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە سەرەتای کوشتنی (شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران) باش دەیزانی حشع و حسک پێکەوە ئەو چوار فەرماندەو پێشمەرگانەی ئەوانیان کوشتووە، کەچی بۆ ئەوەی خۆی بەدوور بگرێ لە شەڕی حشع، ناوی ئەوانی نەدەهێنا و تەنیا حسکی تۆمەتبار دەکرد. بەڵام حزبی شیوعی لە پێناوی بەدیهێنانی ئاواتەکانی خۆی کە دەرپەڕاندن و لەناوبردنی یەکێتی بوو، دەیان فڕتوفێڵی لەدژی یەکێتی گرتەبەر بۆ لابردنی مەترسی و هەڕەشەی تواندنەوەی لقی هەرێمی حشع لەنێو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. ئەم شەڕە، شەڕی حزبی شیوعی عێراقی نەبوو، چونکە یەکێتی نەی دەویست شەڕی ئەوان بکات سەرەڕای ئەم ڕاستیانەی سەرەوە بەوەی کە حزبی شیوعی بەر لە پێکهێنانی بەرەی جود زۆر بە پەرۆش بوو بۆ شەڕی یەکێتی و بە خەیاڵی

خۆی گوایە لەم شەڕەدا بە خەون و ئاواتەکانی دەگات، دوای دامەزراندنی بەرەی جود-یش دوژمنایەتی خۆی زیاتر چڕکردەوە لەدژی یەکێتی. نامەی ژمارە (235)ی ڕۆژی (1981/11/1)ی حزبی شیوعی عێراق بۆ سەرکردایەتی حسک ناردوویانە، لە بڕگەی (2)دا هاتووە: (وەک پێشتر و ئەم ئێوارەیە بۆمان نووسین، دوو جار کۆمەڵی مام جەلال هاتن بۆ لامان داوای بێلایەنی ئێمەیان کرد لە باڵەک، وتمان شتی وا نییە و نابێ. داوای ئاگربەستی کاتیان کرد تا ئەگەینە چارەسەرێکی مامناوەندی، وتمان ئێمە هاوکاری جود ئەکەین)، کە نامەکە لە کۆتایی پەرتووکەکە دانراوە و لە بەشی بەڵگەنامەکان بەدرێژی باسی ناوەڕۆکی نامەکە دەکەم، لێرە تەنیا ئەوە دەڵێم کە ئەوە هەڵوێستی شاردراوەی حزبی شیوعی عێراق بووە و ئەوان هەرگیز بەو ڕاشکاوییە هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە پشتیوانی کردنی بەرەی جود لە ڕووبەڕووی یەکێتی دەرنەبڕیوە و بەردەوام ناڕاستگۆ بووینە لەگەڵیان، لە ڕاستیدا ئەمە هەردەم سیاسەتی دیماگۆگیانە (فریودەرانە) و ترسنۆکانەی حزبی شیوعی عێراق بووە.

حشع، بیەوێ یان نەیەوێ ئەم شەڕەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ پارتی و ناڕاستەوخۆش بۆ ئێران کرد، بۆ زیاتر پشت ڕاست کردنەوەی ئەم بۆچوونەم، دیسان پەنا دەبەمە بەر بەشی (7)ی دیمانەی کەریم ئەحمەد داودی جێگری سکرتێری حزبی شیوعی عێراق و دواتر سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان بۆ بەرنامەی (سەکۆی چەپ)ی کەناڵی ڕێگای سەر بە حزبی شیوعی، کە لە ڕۆژی (2016/9/28)، بڵاوکراوەتەوە و سەبارەت بە شەڕی بالیسان و پشتئاشان (قەندیلی یەکەم) دەڵێ: (شەڕی یەکەم لەنێوان خۆماندا بوو. ئەو شەڕەمان بۆ پارتی کردو بۆ قازانجی پارتی بوو. شەڕی دووەمی قەندیل دەبوایە خۆمانی لێ لادەین، ئەوە لە قازانجی ئێرانە، ئەمە شەڕی ئێرانە دەیکەین). بەگوێرەی ئەم وەڵامەی سەرەوەی کەریم ئەحمەد، ئەمە دانپێدانانێکی ڕاستەوخۆیە بەوەی کە ئەوان تۆمەتبارن و هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕەکانی بالیسان و پشتئاشان بووینە لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان! بۆیە دەبێ تۆمەت و دەرئەنجامی شەڕەکان لە ئەستۆی ئەوان بێت نەک لە ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نەوشیروان مستەفا!

باشە بۆ هیچ ناخۆشییەک و شەڕێک لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک ڕووی نەدا، کەچی تەنیا لە

هەولێر و قەندیل، شەڕو هێرشی جود (لەنێویاندا حشع) بۆ سەر مەڵبەندی چوار لە بالیسان و مەڵبەندی سێ لە وەرتێ ڕوویدا؟ هەرچەندە پلان و ئامانجی جود (حشع، حسک، پارتی و پاسۆک)، سەرەتا گرتنی مەڵبەندی چواری بالیسان، لەدوای ئەویش گرتنی مەڵبەندی سێی وەرتێ، ئینجا لەوێوە هێرشکردنە سەر سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە کۆتاییشدا گرتنی مەڵبەندی دووی سەرگەڵو و مەڵبەندی یەکی حاجی مامەند بوو. شیوعییەکانی سلێمانی و کەرکوک کە بەهائەدین نوری، عەدنان عەباس و مەلا عەلی بەرپرسیان بوون، بیرکردنەوەیان وەکو سەرکردایەتیی حزبی شیوعی نەبوو، شەڕی ناوخۆی نێوان جود و یەکێتی یان بە شەڕێکی ماڵوێرانە دەزانی، بۆیە بەشداری شەڕەکانیان نەکرد، بەتایبەت کە دڵنیابوون تواناکانی یەکێتی زۆر گەورەترە لە تواناکانی بەرەی جود و سەرکەوتن هەر بۆ یەکێتی دەبێت.

لە ڕۆژی یەکەمی هێرش و پەلامارەکانی بەرەی (جود) بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان (1983/4/27)، زیانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەشت کوژراو و (12) بریندار بوو. کوژراوەکان ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد ئەیوب ناسراو بە ئەحمەد قەمبەری (1952/ هەولێر/ تەقتەق/ قەمبەر)، فەرماندەی کەرتی (2)ی سەر بە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر. لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە و لە قۆڵی پشتی بالیسان لە بەردەلانک بەدەستی سۆسیالیست و پارتی کوژرا.

2. حەیدەر سادق یابە پیرداود ناسراو بە وەستا حەیدەر (1955/ هەولێر/ مەخمور/ گردەپان)، پێشمەرگەی تیپی مەڵبەند و لە قۆڵی شێخوەسانان بەدەستی شیوعییەکان کوژرا.

3. ساڵح حاجی ڕەسوڵ ساڵح ناسراو بە کاکە ساڵح کاموسەکی (1960.7.1/ هەولێر/ هیران/ کاموسەک)، پێشمەرگەی تیپی (83)ی هەورێ و لە کانیبەرد بەدەستی شیوعی کوژرا.

4. شێروان مەحمود حەمەد مەحمود جاف ناسراو بە پیرمام (1951/ هەولێر/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی کەرتی (4) لە تیپی (90)ی باواجی، لەنێوان مەلەکان و دەرەشیر لە قۆڵی شیوعییەکان کوژرا.

5. عەلی ساڵح محەمەد ڕەزا (هەولێر/ کۆیە).

6. عوسمان سەعید حەسەن زێندین (هەولێر/ مەخمور)، پێشمەرگە لە تیپی (91)ی سەفین، لە قۆڵی شێخ وەسانان و بەدەستی شیوعییەکان کوژرا.

7. قادر خدر تەها مستەفا ناسراو بە پیرۆت گردجانی (1964/ ڕانیە/ گردجان)، لە سەر باسکی بالیسان بە عەفارۆفی شیوعییەکان کوژرا.

8. نامیق حەمە شوکر کەریم ناسراو بە پێشڕەو (1956/ کەرکوک/ چەمچەماڵ)، بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی ڕواندزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە لوتکە شاخی (تیخی سپی) لە نزیک گوندی مەلەکان و لە قۆڵی شیوعییەکان کوژرا.

نۆ لە بریندارەکانی شەڕی بالیسان (شاخەوان عەباس فەرماندەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، عەلی نەبی فەرماندەی تیپی مەڵبەند، ئیبراهیم عومەر سوور محەمەد ناسراو بە برایم برنۆ (1956/ ئۆمەراوە/ قوشتەپە/ هەولێر)، دڵزار بەکر عەبدولکەریم حەوێزی (1957/ کۆیە)، فەرماندەی کەرتی (4)ی تیپی (90)ی باواجی و لە مەلەکان هەر دوو چاوەکانی بە گوللەیەک کوێر بوون و دەستێکیشی بریندار بوو، سامان دوبزی، سەباح عەلی مەولود حەمەد وەسمان (1954/ داربەسەر/ تەقتەق/ هەولێر)، پێشمەرگەی تیپی (86)، عەباس حەمەدئەمین ئۆمەر ناسراو بە مام عەباس ئیلنجاغی (1934/ ئیلنجاغ/ تەقتەق)، پێشمەرگەی تیپی مەڵبەند و دواتر لە ڕۆژی (2005.3.24)، کۆچی دوایی کرد، عەیزوڵڵا عەوێز سەعید ناسراو بە عەیزوڵڵا مەرزانی (1957/ مەرزان/ تەقتەق)، پێشمەرکەی کەرتی (2)ی تیپی (86) و کازم عومەر عوبێد ناسراو بە کازم ئاوماڵی) بوون، هەر کەسێ ناوی بریندارەکانی دیکە دەزانێت هیوادارم بۆمیان بنووسێت.

جەوهەر مەولود عەبدوڵڵا سلێمان بلباس (1957/ هەولێر/ قوشتەپە/ چێڵەبەشە)، لە ڕۆژی (1983/4/16)دا لە بالیسان، لەلایەن یەکێتی دەستگیرکرا، چونکە مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە ئۆتۆمۆبێل بە فەرماندەیی حەسەن ساڵح فەقێ حەسەن ناسراو حەسەنە سیس (1953/ بالیسان - 1987/4/16)، بەرەو بالیسان دەچوون و ئاگادار نەبوون کە شەماڵ، سەرباز کۆیی و دوو هاوڕێکەی دیکەیان بەدەستی حسک و حشع لە باداوان کوژراون، جەوهەر مەولود لە بالیسان بەرە و سەرجادە و حەسەنە سیسیش بەرەو بالیسان دەچوو، جەوهەر مەولود بە بەرچاوی پێشمەرگەی یەکێتی ئاماژە بۆ حەسەنە سیس دەکات، ڕایدەگرێت و ئاگاداری دەکاتەوە کە نەچێتە نێو بالیسان و

پێشمەرگە لەسەر بانەکان سەنگەریان گرتووە، حەسەنە سیس لەخوار نەخۆشخانە و مەڵبەند بە ئۆتۆمۆبێلەکەی دەسوڕێتەوەو دەگەڕێتەوە. هەمان ڕۆژ جەوهەر مەولود دەگەڕێتەوە بالیسان و دەستگیر دەکرێت، دواتریش لە شەوی (1983/4/28)، لەکاتی جێهێشتنی بالیسان لەنێوان بێراوە و شیرێ لەلایەن یەکێتی کوژرا، بەمشێوەیە خۆی کردە قوربانی حەسەنە سیس و ژمارەیەک پێشمەرگەی حسک، هەروەها بەقسەی یەکێتی جەوهەر سەر بە دەزگای پاراستنی پارتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئیدریس بارزانی هەبوو، لەگەڵ دەستگیرکردنەکەی گوایە چەند نامەیەکی ئیدریس بارزانی و نامەی خۆیشی بۆ دەزگای پاراستن لە ماڵەکەی دۆزرایەوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی وەزارەتی شەهیدان، پارتی ئەم زانیاریانەی سەبارەت بە ناوبراو داوەتە وەزارەت: (جەوهەر مەولود عەبدوڵڵا سلێمان بلباس (1957/ قوشتەپە/ چێڵەبەشە). شەهیدی دروست، کۆی مووچە (600) هەزار دینار، پێشمەرگە، (1983)، لە دۆڵی بالیسان لە شەڕی ینک، ناوی لێبیستراو (مامۆستا مەلا محەمەد)، بەخشینی خانوو (وەجبەی دووەم هەولێر/ شوقە)، ژمارەی زەوی 284/968). بەڵام هەر نابوایە گوللە باران بکرێت، چونکە ئەو چەکدار نەبووە و ڕێکخستنی پارتی بووە.

نزیک لە نیوەشەوی (1983-4-28/27)، هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بالیسان کشانەوە بۆ بێراوە، شیرێی خواروو، دەرەشیر، دەرەدار و سەید کەریم بۆ بێراوەو بارەگای مەڵبەند و دکتۆر کەمال لە شیرێی سەروو بوون، بۆ بەیانییەکەی (1983/4/28)، دوای ئەوەی لایەنگرانی حسک لەناو بالیسان هەواڵی کشانەوەی یەکێتییان گەیاندە حسک، ئینجا هێزەکانی جود (پدک، حشع، حسک و پاسۆک) هاتنە ناو بالیسان و کۆنترۆڵی دۆڵی بالیسان کەوتە دەست ئەوان. هێزەکانی جود دەستیان گرت بەسەر تەواوی کەلوپەل و سامانی مەڵبەندی چوار، ڕێکخراوی (5)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، نەخۆشخانەی بالیسان و ماڵ و سامانی ئەو پێشمەرگانەی کە ماڵیان لە بالیسان بوو! ئازارو ئەشکەنجەی زۆری ئەندام، دۆست و لایەنگرانی (ی. ن. ک)یان دا لە سەرجەم دۆڵەکە و ڕێگەیان بە کەسوکاری ئەو پێشمەرگانە نەدەدا کە بەرەو گوندەکانی بێراوە، شیرێ و چیای شیشار کشابوونەوە، سەردانی کوڕەکانیان و

کەسوکاریان بکەن، تەنانەت مەنجەڵی ئەو خواردنانەیان لێ دەڕێشتن کە بۆ کوڕ، هاوسەر، باوک و کەسوکاری پێشمەرگەی خۆیان هێنابوو.

سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی تەواوی دۆڵی بالیسان و ڕێگای سەرەکی چوارقوڕنە - خەلیفان لەلایەن چەکدارەکانی بەرەی جود (پدک، حشع، حسک و پاسۆک)، میدیای چەواشەکار و ناڕاستگۆکەی پدک لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا ئەم چیرۆک هۆنینەوەی بۆ سەید کەریم بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی چواری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دایان ڕشتووە باسی دەکات گوایە: (لەسەر داوای سەید کەریم هاودیانی بەرپرسی مەڵبەندی چوار، حکومەتی عێراق لە ڕۆژی 1983/4/28، باری سێ ئۆتۆمۆبێلی سەربازی چەک و تەقەمەنی بۆ یەکێتی ناردۆتە مەڵبەندی چوار، لەنێو چەکەکاندا هەشت سندوق ڕومانەی دەستی تێدایە. یەکێتی (جاشی 1983)، بە هاوکاری دەستەی قاسملو، کۆمەڵەی ئێران، ڕەجەوی (بەڵام نەنووسراوە و نەمانزانی مریەم ڕەجەوی ژنی ناردووە بۆ هاوکاری یەکێتی، یان مەسعود ڕەجەوی پیاوی ناردووە)، پیاوانی پێشووی ساواک و پیاوانی ڕژێمی شای گۆڕبەگۆڕ هێرشیان کردۆتە سەر بارەگاکانی بەرەی جود؛[22])، لەگەڵ کۆمەڵێک چیرۆکی هۆنراوەی تری نابەجێ و دوور لە ڕاستی. بەڕاستی ئەوەی کە پارتی و هاوپەیمانەکانی شەرمی لێ نەکەن ناڕاستگۆیی و تۆمەت بەخشینە. حزبی شیوعی عێراق، وەکو پارتی لە میدیاکانی خۆیی و ئێزگەکەیدا سەرەتا وای بڵاوکردەوە کە گوایە: (یەک: سەید کەریم لە ڕۆژی (1983/4/27)، لە بالیسان بەدیل گیراوەو نامەیەکی نەوشیروان-ی لە گیرفان گیراوە کە نامەکە بە مێژووی (1983/3/22)دا بۆ سەید کەریم نێردراوە. دوو: سەید کەریم لە ڕۆژی (1983/4/28)، باری چەند ئۆتۆمۆبیل چەکی لەسەر جادەی بالیسان لە حکومەت وەرگرتووە، سێ: هێزەکانی یەکێتی لە ڕۆژی (1983/4/27)دا لە بالیسان بەرەو بێراوە، شیرێ و دەرەشیر ڕاونران و لەوێ لەلایەن هێزەکانی بەرەی جود ئابلوقە دراون). تۆمەتەکانی پارتی و شیوعی ئەوەندە گەورەن بەئاسانی پینە ناکرێن، بۆیە زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ ڕاستییەکانیان لە ناڕاستییەکانیان جیابکاتەوە چونکە ناڕاستییەکان ئێجگار زۆرن، ئاخر کە سەید کەریم بەدیل گیرابێ،

---

[22]- أخبار كوردستان، العدد (104)، 15 حزيران 1983، ص(4).

یەکێتی ڕاونرابێ بۆ بێراوە، شیرێ و دەرەشیر و ئابلوقە درابن، ئەی چۆن سەید کەریم یان بەرپرسێکی دیکە توانیان لەسەر جادەی بالیسان ئەم تەقەمەنی و چەکانە لە ڕژێم وەرگرن، ئایە ئێوە بەدیلی بردتان و چەکەکانتان پێ لە سوپای ڕژێم وەرگرت؟ بەتایبەت لە ڕۆژی (1983/4/28)دا بارەگای مەڵبەندی چواری بالیسان، تەواوی دۆڵەکە و شەقامی سەرەکی چوارقوڕنە - خەلیفان بەدەست پارتی و بەرەی جود بووە، چۆن ئەم سێ ئۆتۆمۆبێل سەربازییە پڕ لە چەکە بەناو هێزەکانی بەرەی جود گەیشتە دەست هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە مەڵبەندی چوار لە بالیسان، کە یەکێتی لە بالیسان نەماوە و چوونەتە بێراوە، شیرێ و دەرەشیر و ئەم مەڵبەندەی بالیسان بەدەستی چەکدارەکانی بەرەی جودە؟ ئاخر بۆیە مرۆڤ دەگاتە ئەو باوەڕەی هەرچی پارتی، شیوعی و بەرەی جود گوتبێتیان ڕاست نییە. مەگەر ئەنوەر بەگی بێتواتەی دۆستی پدک و بەرەی جود لەگەڵ کشانەوەی یەکێتی لە بالیسان و بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی، ئەو برە چەک و تەقەمەنییەی بۆ پدک و بەرەی جود ناردبێ. پارتی، حسک و حزبی شیوعی عێراق-یش ئەم کارە بخەنە ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە خۆیان و بەرەی جودی دووربخەنەوە!

هێزێکی پارتی و شیوعی، لە ڕۆژی (1983/4/30)، دەیانویست لە ڕێگەی زینی سەران بپەڕنەوە بۆ لای وەرتێ و قەندیل، هێزێکی تیپی (12)ی سۆران بە شێوەیەکی زۆر نارێک و پەرشوبڵاوی بەریان لێگرتن و شەڕ دروست بوو، چوار پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن شیوعی بەدیل گیران، بەڵام لە ڕۆژی (1983/5/2)دا هەر لە زینی سەران یەکێتی توانی لە پەلامارێک بۆ سەر هێزێکی بەرەی جود کە گوروباغ کۆیی فەرماندەی هێزەکەی پارتی بوو یەکێکیان بەناوی ئیبراهیم فەقێ ئەحمەد ئیبراهیم قادر (1953/ سەران/ ڕواندز) بکوژێت و بیست و دوو کەسیان لێ بەدیل بگرێت (نۆزدە پارتی و سێ شیوعی)، واحێد ئەحمەد مەولود ناسراو بە مام واحێد ئاقوبانی (1949/ ئاقوبان/ شەقڵاوە) لە پارتی و سێ شیوعییەکە (ئاوگین فەرەنسی ناسراو بە زیرەک، خەسرەو حەنا جوبرائیل ناسراو بە خۆشناو و شێرزادی برای ناسراو بە خۆشەوی)، حزبی شیوعی چوار دیلەکەی یەکێتی لەگەڵ ڕاکردنی بەرەی جود بەرەو بلێ و بارزان لەگەڵ خۆیان بردبوو، کە ئەمانە بوون:

1. عەبدولڕەحمان ئیبراهیم حاجی (1954/ سەران/ ڕواندز)، دواتر لە ڕۆژی (2020/4/24)دا کۆچی دوایی کردووە.

2. عەبدولواحید عوسمان خدر عەبدوڵڵا ناسراو بە واحیدە سوور (1965/ هەولێر/ ڕواندز)، کە دواتر لە ڕۆژی (1991/3/31)، لە بەرگری کردن لە شاری هەولێر بەدەستی گاردی کۆماری ڕژێمی سەدام لە عەنکاوە کوژرا.

3. قادر ئەحمەد ڕەسوڵ خدر ناسراو بە مام قادر ئەحمەد شەنگە (1923/1/1/ گەرەوان/ ڕواندز)، کە دواتر لە ڕۆژی (2008/4/15)دا کۆچی دوایی کرد.

4. محەمەد محەمەدئەمین مستەفا ناسراو بە محەمەد قلۆ (1950/ فەقێیان/ ڕواندز)، جێگری فەرماندەی کەرتی (3)ی تیپی (12)ی سۆران، کە دواتر لە ڕۆژی (1987/11/5)، کە ساڵی پێشتر گواسترابووەوە بۆ کۆمیتەی عەبدوڵڵا حەبیب لە خەتێ، لە ئاکۆیان تیرۆر کرا.

دوای گۆڕینەوەی دیلەکان و گەڕانەوەیان بۆ بالیسان، دەرکەوت کە شیوعییە ڕەچاوکەرەکانی مافی مرۆڤ زۆر ئەشکەنجەی محەمەد قلۆ و قادر شەنگەیان دابوو، بڕیاریشیان دابوو هەردووکیان گوللە باران بکەن، بەڵام لەلایەک نەوشیروان مستەفا هەڕەشەی کردبوو گەر بێتوو ئەو دیلانەی ئەوان گوللە باران بکرێن، ئەوانیش ئەو بیست و دوو دیلەی پارتی و شیوعی گوللە باران دەکەن، بۆیە پارتی بەزۆر و بەشەق چوار دیلەکەی لە شیوعی وەرگرتەوە بۆ ڕزگارکردنی دیلەکانی خۆی، کە دوای نزیکەی مانگێک هەر بیست و شەش دیلەکەی پارتی، شیوعی و یەکێتی بە گۆڕینەوە و ئازادکران.

دووشەممە (2026/04/27)

دانمارک

## هەڵمەتی تۆڵەی یەکێتی بۆ سەر ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو لە ڕۆژی (1983/5/1):

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، مەکتەبی سیاسیی، کادیر، پێشمەرگە و ئەندامانی ئەو حزبە ڕاستگۆ نینە لەوەی کە گوایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هێرشێکی لەناکاو، بەبێ ئەوەی ئاگاداربن، یان تاوانێکیان لەدژی یەکێتی کردبێ، وەکو کورد گوتەنی (هەر لە خوتو خۆڕا پەلاماری دابن)، بەڵکو شەڕی پشتئاشان دەرئەنجامی (تاوانی باداوان، داگیرکردنی بالیسان و تاوانی ڕمکان) بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی کەڵەکەبووی کۆن، لە شەڕفرۆشتن، هێرش و بۆسەی حزبی شیوعی عێراق بەتەنیا و بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی بەرەی جود، بەڵام لە هەموویان کاریگەرتر (خاڵەکانی پێنجەم، شەشەم و حەوتەم)، سەرەڕای ئەم سێ تاوانەش، تاوان و ڕووداوە کەڵەکەبووەکان ئەمانە بوون:

**یەک:** کوشتنی وەسمان بەگ و سێ پێشمەرگە بەدەستی عەلی کلاشینکۆفی فەرماندەی حشع لە گوندی گەرەوان لە ڕۆژی (1981/9/5)، لە تۆڵەی عەبدوڵڵا ماویلی کۆنە جاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسە، کە پێشتر سێ کادیر و پێشمەرگەی یەکێتی ڕادەستی بەعس کردبووەوە و لە موسڵ لەسێدارە درابوون.

**دوو:** چاوساغی حزبی شیوعی عێراق بۆ هێزێکی پارتی و حسک و هێنانیان بۆ ناو گوندی وەرتێ لە ڕۆژی (1981/11/8)دا، دواتریش بەفرتوفێڵ دەستبەسەر داگرتنی بارەگاکانی یەکێتی بەناوی سەردان لەم گوندە، تاڵانکردن و نەدانەوەی چەکەکانیان دواتر، کە ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی هێزێکی یەکێتی بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا لە ڕۆژی (1981/11/19)دا لەم گوندە دەریان پەڕێنێت و بەناچاری بۆ نێوەندگیری کردن پەنا ببەنە بەر قاسملو و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێتی لەبەرخاتری دیموکرات لێیان خۆشبوو.

**سێ:** کوشتن و بریندارکردنی چوار پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن قادر سەڵاح پشدەری ناسراو بە کاکەڕەش (پێشمەرگە و فەرماندەی مەفرەزەی حزبی شیوعی عێراق)، لە شەوی (1982/10/15)، لە گوندی دێرێ لە پشدەر.

**چوار:** هێرشی هاوبەشی بەرەی جود بۆ سەر هێزەکانی یەکێتی لە گوندی نێرەگین لە شەوی (1983/2/11)، کە بووە هۆی کوژرانی حەوت پێشمەرگەی یەکێتی، کە حزبی شیوعی هەڵگیرسێنەری ئەو شەڕە بوون.

**پێنج:** بۆسە دانانەوەی حسک و شیوعی لە ڕۆژی (1983/4/15)، لە گوندی باداوان لە سنووری خەلەکان و کوشتنی شەماڵی باخ فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە، سەرباز کۆیی جێگری فەرماندەی هەمان تیپ، سەعدی و کامەران، لەگەڵ دوو بریندار.

**شەش:** هێرشی هاوبەشی حشع و بەرەی جود لە بەرەبەیانی ڕۆژی (1983/4/27)دا بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی چواری بالیسان و کوشتنی هەشت پێشمەرگە و بریندارکردنی دوازدەی دیکە.

**حەوت:** کوشتنی کادیرێک و بریندارکردنی فەرماندەی تیپێک بە سەختی لە ڕۆژی (1983/4/30)، لە بەرزاییەکانی ڕمکان لە نزیک گوندەکانی ڕەزگە و مارەدوو لەلایەن حزبی شیوعی عێراق، کە لە بۆسە بۆ دواکاروانی هێزەکەی یەکێتی دانیشتبوون.

**هەشت:** کوشتنی دەیان پێشمەرگەی دیکەی یەکێتی لەلایەن شیوعی، حسک، پارتی و پاسۆک لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کە لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە)دا ناو، مێژوو، شوێنی کوژرانیان و لایەنی تاوانبار بە کوشتنیان نووسراوە، بێگومان یەکێتی-ش هی ئەوانی کوشتووە.

**نۆ:** هەبوونی زانیاری ورد لەسەر نیازی سەرانی بەرەی جود بۆ پەلاماردانی یەک لەدوای یەکی (مەڵبەندی سێی وەرتێ، سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ، مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو و مەڵبەندی یەک لە حاجی مامەند)، پێشتریش لە کۆتایی ساڵی (1981)دا نیازی پەلاماردانی سەرکردایەتی یەکێتی ئاواتی ئەوان بوو. ئەمانە هۆکاری ڕاستەقینەی شەڕی پشتئاشان بووە کە (شەڕی تۆڵە بووە، نەک تاوانێکی بێ پێشینەو هۆکار وەکو ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن)، دوای گرتنی سەرکردایەتی پاسۆک، حسک و شیوعی و دەستبەسەرداگرتنی دەیان نامەی نێوان لایەنەکانی بەرەی جود، نامەکان زانیارییەکانیان سەلماند.

کاکە عومەر ئیسماعیل خدر ناسراو بە سەید کاکە (1932/ مورتکە/ قوشتەپە - 2025/8/24)، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و بەرپرسی مەکتەبی سەربازی حسک، کە تەنیا بەهۆی ڕقی ئەستووری بەرانبەر یەکێتی و مام

جەلال کرابووە مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی سەربازی، ئەگینا ئاستی ڕۆشنبیری و سەربازی سفر بوو، دەست پێکردنی قۆناغی دووەمی پەلامارەکانی بەرەی جود بۆ سەر یەکێتی بە گرتن و دەرکردنیان لە دەرگەڵە، خانەقا، زارگەلی، سەران و گەرەوان دادەنێت، کە دەکاتە مەڵبەندی سێی وەرتێ، هەروەکو باسی کردووە کە قۆناغی یەکەمیان گرتنی بالیسان بووە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ نیازی سەرانی بەرەی جود بۆ قۆناغی دووەم و زیاتریش کە پەلامارداني مەڵبەندی سێی یەکێتی لە وەرتێ و دواتریش پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ ([23]).

حزبی شیوعی عێراق، سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگە و ڕاستیانەی سەرەوە، کەچی هەر لە سەرەتای شەڕەکانی ناوخۆی بەرەی جود لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی (1983)ەوە تا ئێستاکە کە ساڵی (2026)ە، واتە بە درێژایی چل و سێ ساڵ هەر خەریکی ژەهرڕشتن و چەواشەکارین، کە باسی ناڕاستگۆیی، ژەهرڕشتن و ئاژاوەگێڕی شیوعییەکان دەکەم مەبەستم تەنیا ئەوانەیە کە ئەو کارانە بۆتە پیشەیان، ئەگینا مەبەستم تەواوی ئەندامانی حزبی شیوعی نییە بەتایبەت ئەوانەی دانیپێدا دەنێن حزبەکەشیان تاوان و هەڵەی کردووە. هەر شیوعییەک ئامادەبێ نکۆڵی بکات لە جاشێتی حزبی شیوعی عێراق لەنێوان (1979/5/27-1973/7/17)دا، ئامادەشە هەزاران تۆمەتی ناڕەوا بداتە پاڵ یەکێتی یان چیرۆکی نابەجێی بۆ هەڵبەستێ، ئامادەنیم گوێ لەو جۆرە مرۆڤانە بگرم. ئەوان، واتە ناڕاستگۆکان و ئاژاوەگێڕەکانی نێو حزبی شیوعی هەرگیز بەلای ئەوەدا ناچن کە شیوعی و حسک پێشتر لە ڕۆژی (1983/4/15)، لە باداوان-ی دۆڵی خەلەکان چوار فەرماندەو پێشمەرگە، لە هێرشی بەرەی جود لە ڕۆژی (1983/4/27)دا بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی چواری بالیسان بەشدار بووینەو هەشتیان کوشتووەو دوازدەش بریندار، کە لە هەشت کوژراوەکە شەشیان لە قۆڵی شیوعییەکان و بەدەستی ئەوان کوژراون، لە ڕمکان-یش کوشتنی کادیرێک و بریندارکردنی فەرماندەیەک! کاتێکیش باسی بەشداری حزبی شیوعی عێراق لەم سێ تاوانەی سەرەوە لەگەڵ بەشێکی زۆر لە ئەندامی ئەو حزبە دەکەیت، تووڕە دەبن و دەست دەکەن بەقسەی ناشرین، چونکە ئەوان دەیانەوێت ڕاستی تاوانەکانی ئەوان لەدژی یەکێتی باس نەکرێن و لە مێشکی خەڵدا بسڕێنەوە، کە چل و سێ ساڵە دەیشارنەوە. حزبی شیوعی عێراق، لە

---

[23]- سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، ل(252).

شام، یەمەن، جەزائیر، ڕوسیا، وڵاتانی ئەوروپی و هەندەران تەنیا باسی پشتئاشان دەکەن و بەشداری خۆیانیان لە تاوانی باداوان، بالیسان و ڕمکان شاردبووەوە، بۆیە مام جەلال نامەیەکی بۆ لیوا ڕوکن حەسەن مستەفا ئەلنەقیب ناسراو بە حەسەن ئەلنەقیب (2007/11/19-1924) ناردبوو، کە دەستدرێژی و شەڕەکانی حزبی شیوعی عێراق لەدژی یەکێتی بەر لە شەڕی پشتئاشان و هەندێک شتی بەهەڵچوونەوە لە لاپەڕەی یەکەم نووسیبوو، کە نەدەبوایە بینووسیبایە. دەقی نامەکەی مام جەلال بۆ حەسەن ئەلنەقیب لە خوارەوە دانراوە.

## ڕێککەوتنەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق:

حزبی شیوعی عێراق، پێشتر هەر ڕێککەوتنێکی لەگەڵ یەکێتی کردبێت، تەنیا بۆ خافڵاندنی یەکێتی بووە و پابەندی هیچیان نەبووە، چونکە یەکێتی بچووکترین کێشەو شەڕی لەگەڵ هەر لایەنێکی هاوپەیمانی شیوعی لە بەرەی جود (حدک، پدک و پاسۆک) هەبووبێت و کردبێت، حزبی شیوعی هاوشانی ئەوان شەڕی یەکێتی کردووە، کەواتە هەموو ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ یەکێتی لەسەر بنچینەی ناڕاستی و فێلکردن بووە.

بۆ نموونە، حزبی شیوعی عێراق پابەندی هیچ کام لەم ڕێککەوتنانەی خوارەوە نەبووە:

**یەکەم:** ڕێککەوتنی ڕۆژی (1982/7/7)ی نێوان یەکێتی و حزبی شیوعی عێراق، کە لەژێر ناوی (بەیاننامەی هاوبەشی ڕاگەیەندراوی حشع و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ البيان المشترک الصادر عن الحزب الشيوعي العراقي وألإتحاد الوطني الكوردستاني)دا ڕاگەیەندرا و بڵاوکرایەوە، کە تیایدا هاتووە: (پێویستی کارکردن بۆ تێپەڕاندنی ناکۆکییەکانی نێوان هێزە نیشتمانییەکان، دوورکەوتنەوە لە شەڕی نێوانیان یان هەر بارودۆخێک کە هەڕەشە لە تواناکانیان بکات، لەگەڵ پووچەڵ کردنەوەی هەوڵە بەردەوامەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بۆ دابەشکردنی یەکێتیی ڕیزەکانی هێزە نیشتمانیەکان، یان سەرنجی هێزەکان بەرەو چارەسەری بەشەکی، مامناوەندی و کاتی لابدات؛[24]).

**دووەم:** ڕێککەوتنی (1983/2/6)ی ناوزەنگ.

بەگوێرەی نامەیەکی قادر عەزیز کە بەر دەستی یەکێتی کەوتووە، تەنیا دوو ڕۆژ دوای ئەو ڕێککەوتنە، حزبی شیوعی دەستێکی باڵای لە ئاژاوە نانەوە و هەڵگیرسانی شەڕی نێرەگین هەبوو، کە هانی پێشمەرگەکانی حسک-ی داوە بۆ ئەوەی شەڕی هێزەکانی یەکێتی بکەن و سەد پێشمەرگەشیان بۆ دەنێرن! هەروەها لەکاتی شەڕی (نێرەگین)، بەرەی جود بەیاننامەیەکی لە دژی یەکێتی دەکردو چەندان تۆمەتی بێ بنەمای دایە پاڵ یەکێتی، بە پەلاماردەر و هەڵگیرسێنەری ئەو شەڕەی ناوبرد، بۆیە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی (1983/2/18)دا، بە

---

[24]- إعداد وتقديم نوزاد علي أحمد، صحف الإتحاد الوطني الكوردستاني في أوروپا وبأللغة العربية - صوت الإتحاد، الإتحاد، كفاح الأنصار - 1976-1983، ص(69+73).

ژمارە (4)، ئەم نامەیەی کە کۆپییەکەی لە خوارەوە دانراوە، بە هەڕەشەوە بۆ مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی نارد، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر دوو شت:

دەرکردنی بەیاننامەی بەرەی جود و تۆمەتبارکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هەڵگیرسێنەری شەڕەکان، بەتەواوی پێچەوانەی بەرەی بەرفراوان و ڕێککەوتننامەی (1983/2/6)ی نۆزدە قۆڵی تەرابلوس (لیبیا) و ڕێککەوتنی هەمان ڕۆژی ناوزەنگی دوو لایەنەی نێوان یەکێتی و حشع ناو دەبات.

دەست بەسەرداگرتنی بەڵگەنامەیەک (مەبەست نامەکەی قادر عەزیز-ە)، کە بەر لە شەڕی نێرەگین لە بەستی شەرغە بۆ سەرکردایەتی (حسک)ی ناردووە، تیایدا باسی هاندان و هاوکاری حشع بۆ حسک لە شەڕی دژ بە یەکێتی دەکات و دەنووسێت کە حشع گفتی پێ داون سەد پێشمەرگە بنێرن بۆ ئەوەی بە حسک و حشع پەلاماری یەکێتی بدەن (بەداخەوە ئەو نامەیەی شیوعی بۆ قادر عەزیزم دەستنەکەوت)!

باشە ئەوەیە پابەندبوونی حشع بە ڕێککەوتنامەی نۆزدە قۆڵی لیبیا و دوو قۆڵی نێوان یەکێتی و حزبی شیوعی، کە لە هەمان ڕۆژ، ڕۆژی (1983/2/6)، هەردوو ڕێککەوتنامەکە مۆرکران؟ بەپێی ئەو نامەیەی حزبی شیوعی عێراق بۆ قادر عەزیز و حسک، دەردەکەوێت کە حزبی شیوعی لە جیاتی ڕۆڵی نێوبژیوان و ڕیش سپیی، ڕۆڵی ئاژاوەگێڕی و دووڕوویی بینیوە، چونکە ناڕاستگۆ بووە بەوەی کە یەکێتی نیازی پەلاماردانی حسکی هەیە، هەروەها پێشنیاری ئەوەی بۆ حسک کردووە کە سەد پێشمەرگەیان بداتێ بۆ ئەوەی بە هەردوو لایان پەلاماری یەکێتی بدەن، بەمەش ئاژاوەی ناوەتەوە. حشع، ئەگەر ڕاستی دەکرد بۆ سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەم بەناو نیازە خراپەی هێزەکانی یەکێتی لە دەشتی هەولێر و کۆیە بەرانبەر بە هێرشکردنە سەر حسک ئاگادار نەدەکردەوە و داوای وەستاندنی ئەم پەلامارەیان نەدەکرد؟

هەر ئەو نامەیەی شیوعی بوو وای کرد هێزەکانی بەرەی جود بەردەوام لەم ماوەیەدا بە کاروانی پەنجا بۆ شەست ئۆتۆمۆبێلی لە بەستی شەرغە و دەروبەری نێرەگین بگەڕێن تا شەڕی نێرەگین ڕوویدا، هەروەها نایف فارس حەمەد باوە فەرماندەی هێزی زورگەزراوی حسک، ئاگاداری شاخەوان عەباس فەرماندەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێری کردبووەوە کە حسک و شیوعی نیازیان وایە پەلاماری یەکێتی بدەن، بۆیە لە نێرەگین شەڕ ڕوویدا. نایف فارس باوە، پێشتر ئەندامی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو وەلێ

کە چووە دەرەوە لەبەر پێگە و خاتری باوکیدا چووە نێو حسک و خۆی بەواندا شۆڕکردەوە، لەژێرەوەش هەموو زانیارییەکی دەدایە شاخەوان عەباس.

**سێیەم:** ڕێککەوتنی نۆزدە قۆڵی هێزە کوردستانی و عێراقییەکان لە تەرابلوس لە ڕۆژی (1983/2/6)، کە حزبی شیوعی عێراق دواتر لە ڕۆژی (1983/3/1)دا لە دیمەشق کشایەوە کەچی لە ڕۆژی (1983/5/8)دا مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق لە بەیاننامەیەکدا یەکێتی تۆمەتبارکرد بە پەکخستنی ئەم ڕێککەوتنە، باشە کە حزبی شیوعی بە نووسین پەنابباتە بەر ناڕاستگۆیی دەبێ بەقسە ڕادەی ناڕاستییەکانی لەچ ئاستێکدابێ. بۆیە بە بەشداریکردنی حزبی شیوعی عێراق لە شەڕی نێرەگین، هەر خۆی هەردوو ڕێککەوتنی ناوزەنگ و نۆزدە قۆڵی لیبیای پێشێل کردووە.

**چوارەم:** ڕێککەوتنی (1983/2/19)ی کانیبەرد لە سنووری مەڵبەندی (4)ی بالیسان.

**پێنجەم:** ڕێککەوتنی (1983/3/8)ی دەشتی هەولێر (بەستی شەرغە)، لەنێوان بەرەی جود و یەکێتی، لە سنووری مەڵبەندی (4)ی بالیسان. بە بەشداریکردنی حزبی شیوعی عێراق لە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی لە ڕۆژی (1983/4/15)دا پێنج ڕێککەوتنی سەرەوەی پێشێل کردووە.

**شەشەم:** ڕێککەوتنی (1983/4/16)ی یەکەمی شێخوەسانان لە سنووری مەڵبەندی (4)ی بالیسان، کە حزبی شیوعی داوایان کرد دکتۆر کەمال حەمەد بایز ناسراو بە کەمال خۆشناو (1931-2004/12/12)، ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەندی چوار و کەریم کەریم ڕەسوڵ ناسراو بە ملازم سەید کەریم هاودیانی (1949-1984/9/15)، بچنە شێخوەسانان و لەگەڵ شیوعیەکان دانیشن، بۆ ئەوەی بیانکوژن، بەڵام زانیارییان وەرگرت کە شیوعییەکان نیازیان خراپە بۆیە نەچوون.

**حەوتەم:** ڕێککەوتنی (1983/4/26)ی دووەمی شێخوەسانان، سەرەڕای ڕێککەوتنەکانی ژمارە (6 و 7)، کەچی حزبی شیوعی لە بەرەبەیانی ڕۆژی (1983/4/27)دا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆی لە بەرەی جود (پاسۆک، پدک و حسک) هێرشی کردە سەر مەڵبەندی چواری یەکێتی لە گوندی بالیسان، کەواتە بەم هێرشە هەر حەوت ڕێککەوتنی سەرەوەی پێشێل کردووەو پابەندی هیچیان نەبووە، پابەندنەبوونی حزبی شیوعی عێراق بە هیچ ڕێککەوتنێک سەلمێنەری ئەوەن کە هەردەم

حزبێکی بێبەڵێن، دیماگۆگی و دوور لە ڕەفتاری مارکسیانە و خەسڵەت بۆرژوازی بووە، لەپەنا ئاشتی و ڕێککەوتندا دەگەی نامەردانەی وەشاندووە.

حزبی شیوعی عێراق، دەبوایە بەر لە بەشداریکردن لە شەڕی نێرەگین، تاوانی باداوان و هێرشکردنە سەر مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بالیسان بیری لەوە بکردبایەوە کە ناکرێت بەشداری هێرشکردنە سەر یەکێتی بکات، چونکە چەندان ڕێککەوتنی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی لەگەڵ یەکێتیدا هەیە، نەک ئەو لەکاتی هێرشە هاوبەشەکانیان لەچوارچێوەی بەرەی جود بۆ سەر یەکێتی تەواوی ڕێککەوتنەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی پشتگوێ بخات، تەنیا لەکاتی دۆڕان، شکست و تێکشکاندنەکانیان لە بەرەی شەڕەکانیان و بەتایبەت تێکشکاندنی سەختیان لە پشتئاشانی یەکەم و دووەم (قەندیل)، شینی حەسەن و حوسێن بۆ ڕێککەوتنەکان بکات، یەکێتی تۆمەتبار بکات بەوەی گوایە پابەندی ڕێککەوتنەکان نەبووە، لەکاتێکدا کە خۆی وەکو حزبی شیوعی تۆمەتبارە لە وابەستە نەبوون بە هیچ ڕێککەوتنێکی خۆیان و یەکێتی!

## تاوانەکانی حزبی شیوعی عێراق لەدژی یەکێتی:

ژمارەیەک لە تاوانەکانی حزبی شیوعی عێراق لەدژی پێشمەرگە، کادیر و فەرماندەی یەکێتیی نیشیمانیی کوردستان کە بەدەستی ئەوان لە بۆسەدا یان لەدوای دیلکردنیان گوللەباران کراون:

عەبدوڵڵا حوسێن قادر ڕەسوڵ ناسراو بە عەبدوڵڵا ماویلی (1953/ ماویلیان/ ڕواندز)، دوای ئەوەی سێ کادیرو پێشمەرگەی یەکێتی لە ڕۆژی (1978/10/23)، لە گرتک و ڕوست قۆڵبەست کرد و ڕادەستی بەعسی کردن، ڕژێم کردی بە فەرماندەی مەفرەزە خاسە، ئەمانەی خوارەوە سێ پێشمەرگەکە بوون کە ڕادەستی ڕژێم کرانەوە.

1. حوسێن عومەر مستەفا عومەر ناسراو بە حوسێن شیوەلۆکی (1952/ هەولێر/ چۆمان/ شیوەلۆک).

2. ڕەسوڵ عومەر قادر عەلی ناسراو بە وەستا ڕەسوڵی خەیات (1951/ هەولێر/ گەلاڵە)، هەڵبەستوان، هونەرمەند و لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی چۆمان.

3. ڕەقیب عوسمان حەمەدئەمین حەسەن باڵەک ناسراو بە ڕەوەز (1955/ هەولێر/ ڕوستێ). ڕژێم لە ڕۆژی (1979/2/21)دا، لە زیندانی موسڵ لە سێدارەی دان، سێ شەهیدەکە لە ڕۆژی (1979/2/20)دا نامەیەکیان نووسیوەو باسی ئەوە دەکەن کە عەبدوڵڵا ماویلی ئەوانی گرتووەو ڕادەستی ڕژێمی کردوونەتەوە، کەچی حزبی شیوعی عێراق نکوڵی دەکردو پشتیوانی لە ماویلی دەکرد، هەزاران چیرۆکی ناڕاستیان بۆ یەکێتی، شەهیدەکان و مام جەلال هەڵبەست لەو کاتەدا، کە قێزم دێتەوە باسیان بکەم.

عەبدوڵڵا ماویلی، لە هاوینی ساڵی (1981)دا لەگەڵ شازدە خزموکەسی نزیکی خۆی نێردرابوون بۆ شاخ و پەیوەندی بە حزبی شیوعی کردو ئەوانیش لە خۆشی ئەوەی حەڤدە کەس بوون و بیست و دوو چەکیان پێ بوو، وەریانگرتن و لەلایەن خدر کاکیل وەکو پاڵەوانێک پێشوازی لێکرابوو. حزبی شیوعی عێراق، هەر لە نزیک وەرتێ و دۆڵی خانەقا کە کەسوکاری سێ کوژراوەکەی دەستی ماویلی دەژیان، کردیان بە فەرماندەی ئەو کەسانەی لەگەڵیدا هاتبوون. یەکێتی، زۆر داوای لە حزبی شیوعی کرد کە مادام هەر ماویلی ڕادەستی یەکێتی ناکاتەوە، با لەم ناوچەیە دووری بخاتەوە بۆ ئەوەی هیچ

کێشەیەک لە نێوان یەکێتی و حشع دروست نەبێت، بەڵام حزبی شیوعی عێراق زۆر لووتبەرزانە بێمنەتی خۆی نیشان داو گوێی لەم داوایە نەگرت. دەستەیەک پێشمەرگەی یەکێتی، چەند هاوڕێیەک و کەسوکاری سێ کوژراوەکە، لە ڕۆژی (1981/9/4)دا، لە گوندی دەرگەڵە دەچنە سەر عەبدوڵلا ماویلی، دوای شەڕێک لەگەڵ دوو کۆنە جاشی خۆیدا بەدیلی دەگرن کە یەکێکیان ڕەسوڵ عوسمان ڕەسوڵی برای هاوسەرەکەی بوو، کە هەمان ڕۆژ ناوبراو لە زارگەلی گوللە باران دەکەن و ڕەسوڵ عوسمان و جاشەکەی دیکەش ئازاد دەکەن. دوای کوشتنی کۆنە جاش عەبدوڵلا ماویلی، بە بڕیاری سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق، عەلی محەمەد عەزیز سەعید عەلی کلاشینکۆف (1942/ هەڵەبجە- 1986/11/11/ دۆڵی کەڕەجاڵ)، فەرماندەی بەتالیۆنی (5)ی هەولێری شیوعی، بە هاوبەشی ئەبوبەکر ئەحمەد سەعید ئەحمەد ناسراو بە بەکر جۆڵا (-2004/2/1 1950)، خدر کاکیل یەحیا (1929-1983/5/2) و فەتاح تۆفیق فەتاح عەبدوڵلا ناسراو بە مەلا حەسەن (1922-2008/2/29)، ژمارەیان نزیکەی حەفتا بۆ هەشتا چەکدار دەبوو، لە ڕۆژی (1981/9/5)، وەسمان بەگی فەرماندەی کەرتی باڵەک، ئەحمەد نەبی حەمەد نەبی ناسراو بە حەمەلاو و دوو پێشمەرگەی دیکە بە فێڵی دانیشتن، کۆبوونەوەو گفتوگۆکردن بەدەستی خۆیان و مەفرەزەکەی حشع لەناو مزگەوتی گەرەوان گوایە لە تۆڵەی کوژرانی عەبدوڵلا ماویلی دەکوژن. کوژراوەکانی دەستی عەلی کلاشینکۆف، مەلا حەسەن و شیوعییەکان ئەوانەن:

4. ئەحمەد نەبی حەمەد نەبی ناسراو بە حەمەلاو گەلاڵی (1955/ ڕەواندز)، کادیری کۆمەڵە و لێپرسراوی ناوچەی ڕەواندزی یەکێتی لە هەرێمی باڵەک.

5. خدر محیەدین حارس ناسراو بە کارۆخ (1963/ هەولێر/ ڕەواندز/ سەران)، لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە.

6. لوقمان ئەحمەد بادین ئەمین ناسراو بە لوقمان ماویلی (1957/ ماویلیان/ ڕەواندز)، لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە.

7. عوسمان حەمەد ئەحمەد ناسراو بە وەسمان بەگ (1935/ هەولێر/ ڕەواندز/ گەرەوانی خواروو)، لە ساڵی (1976)دا بۆتە پێشمەرگە و فەرماندەی کەرت لە هەرێمی باڵەک.

کوشتنی چوار پێشمەرگە بە بیانوی گفتوگۆکردن و دانیشتن، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ دیلکوشتن؟ کوشتن لە پەنا گفتوگۆو بۆسە دانانەوە، کە دوو کاری زۆر نامرۆڤانە و دڕندانەیە، سەد جار زیاتر لە تاوانی دیلکوشتن گەورەترن، چونکە دیل لەوانەیە شەڕی کردبێت و تەقەی کردبێت، بەڵام کوژراوانی بۆسە و لەپەنا گفتوگۆ یەک تاکە فیشەکیان ئاراستەی بکوژەکانیان نەکردووە.

8. لەتیف مارف لەتیف قادر ناسراو بە لەتیفی شێخ مارف (سلێمانی/ قەرەداغ/ گەڕەزیل)، پێشمەرگەی تیپی (57)ی سەگرمە. لە شەوی (17/18-3-1982)دا لە گوندی تافان لە سنووری قەرەداغ لە بۆسەدا بەدەستی حشع کوژرا.

9. محەمەد حوسێن، پێشمەرگەی دەشتی شوان لە سنووری کەرکوک، لە ساڵی (1982)دا لەلایەن حزبی شیوعی عێراقی گیراو گوللەباران کرا؛ (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل24).

10. مەحمود عەبدولڕەحمان محەمەد ساڵح (1963/ کەرکوک/ شوان)، لایەنگری یەکێتی، لە ساڵی (1982)، لە گوندی گۆپتەپە بەدەستی حشع کوژرا، دوای ڕاپەڕین کردیانە شەهیدی خۆیان و گوایە بەهەڵە کوژراوە، بۆ ئەوەی کەسوکاری ئاشت بکەنەوە.

هێزێکی حشع کە ژمارەیان (20) پێشمەرگە دەبێت، بە فەرماندەیی هەر یەک لە (حوسێن عەبدوڵڵا سوور ناسراو بە حوسێنی عەوڵا سوور - خەڵکی گوندی سەید ئەحمەدان) و (قادر سەڵاح قادر ئەمین ناسراو بە کاکەڕەش - 1963/ قەڵادزێ)، لە کاتژمێری سێی شەوی (1982/10/15)، هێرش دەکەنە سەر ماڵی عەلی ئیبراهیم ئاغا لە گوندی دێرێ ناوچەی پشدەر و دوو کەس بە ناڕەواو لە خافڵەتەوە دەکوژن، یەکەمیان پێشمەرگە و دووەمیان خاوەن ماڵ و ڕێکخستنی یەکێتی.

11. عەبدوڵڵا سوارە عەبدوڵڵا (1957/ دەڵگە/ قەڵادزێ).

12. عەلی ئیبراهیم محەمەد ئاغا (1967/ پشدەر). لەگەڵ بریندارکردنی دوو پێشمەرگە بە ناوی ئەحمەد حەسەن عەلی ناسراو بە ئەحمەد بڕنەو و باپیر ئەحمەد گوڵاوی.

چوار پێشمەرگەی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق، لە شەوی (1983/2/20)، کە سیانیان ناسراون (حوسێن گەرمیانی، قادر کلێسەیی و کاوە کەڵکەسماقی). بە بڕیاری سێ فەرماندەی ئەو سنوورە (عەلی حاجی نادر، محەمەد حەمەدئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە حەمەی حەلاق و ئیبراهیم کوێخا ئەحمەد ساڵح ناسراو بە کاوە کەڵکەسماقی)، دەچنە سەر ماڵی پێشمەرگەیەکی تیپی (93)ی کۆیە بەناوی ڕەفیق تۆفیق عومەر لە گوندی

قامیشە-ی سنووری خەلەکان، بەڵام ئەم شەوە ڕەفیق لە ماڵ نابێت، چوار لە شیوعییەکان لە پەنجەرەوە تەقە لە ماڵەکە دەکەن، دوو منداڵی برایەکی ئەو پێشمەرگەیە دەکوژن کە ئەمانەن:

13. ڕێژان عەباس تۆفیق عومەر (1981/ دوکان)، تەمەنی کەمتر لە یەک ساڵ.

14. کارزان عەباس تۆفیق عومەر (1980/ دوکان)، تەمەن دوو ساڵ بوو.

ئەم خانەوادەیە خەڵکی گوندی (کویرەکانی)ی سەر بە بنگردی سنووری دوکان بوون و لە گوندی (قامیشە)ی خەلەکان دادەنیشتن. ئایە کوشتنی منداڵی تەمەن کەمتر لە ساڵێک و دوو ساڵ، بە هەزاران و ملیۆنان جار لە کوشتنی دیلێک کە لە شەڕدا دەگیرێت، تاوانێکی گەورەتر نییە؟ کوشتنی دیل بەهەر پاساوێک بێت، بە تاوانی دەزانم، بەڵام جیاوازییەکی زۆریش هەیە لەنێوان ئەو دیلەی تا دوافیشەک شەڕ دەکات لەگەڵ دیلێک کە یەک فیشەکی نەتەقاندووە، یان دوو منداڵی وەکو ئەوانەی سەرەوە کە نازانن چەک، شەڕ، ڕق و کینە، پێشمەرگە، جیاوازی بیروباوەڕو سیاسەت چییە! دواتر حزبی شیوعی کوردستان هەردوو منداڵەکەی کردۆتە شەهیدی خۆی بۆ ئاشتبوونەوەی دایک و باوکی ئەو دوو منداڵە.

کوژراوەکانی گوندی باداوانی خەلەکان-ن، کە لە ڕۆژی (1983/4/15)، لە بۆسەی لەناکاودا بەدەستی حسک و حشع کوژران:

15. محەمەد شێخ مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان (شێخ شەماڵ)، فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و لە ڕۆژی (1976/9/2)دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردبوو.

16. سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد کۆیی (1957/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی تیپی (93)ی کۆیە.

17. سەعدی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە سەعدی گەرمکی (1957/ تەقتەق/ گەرمک)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە.

18. کامەران فارس محەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەشۆ (1961.7.1/ کۆیە/ سەرباغ)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە، کە ڕۆژی دوایی بەر لە نیوەڕۆی (1983.4.16)دا کۆچی دوایی کرد.

19. جەلال ئەحمەد محەمەد حوسێن ناسراو بە ئازاد مارەڕەشی (1966/ مارەڕەش/ شارباژێڕ)، فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی تیپ لە تیپی (37)ی شارباژێڕ، لە ڕۆژی (1983/4/21)دا لە گوندی (زێوکە/ ژاراوە/ پشدەر)، بەدەستی حسک و شیوعی کوژرا.

ئەحمەد ئەلناسری (ئەمین)، کادیرو پێشمەرگەی دێرینی حزبی شیوعی عێراق، کە لە کۆتایی ساڵی (1979)دا تا کۆتایی ساڵی (1988)، لە کوردستان پێشمەرگە بوو، سەبارەت بە کوشتنی کۆمەڵێک دیل لەلایەن حشع هاوکات لەگەڵ ڕاکردنیان لە پشتئاشان بەرەو ئێران، لەکاتی هەڵمەتی یەکێتی لە ڕۆژی (1983/5/1)دا بۆ سەر پشتئاشان دەڵێت: (کوشتن لە دەرەوەی یاسا تاوانە. بە بڕیارێکی حزب لە شەڕی پشتئاشان کۆمەڵێک زیندانی کە ژمارەیان لە (5) کەس زیاتر بوو، هەندێکیان سەر بە ڕژێم بوون، بەشێکی دیلەکان سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، ئەحمەد لەتیف ئەبو دجاج کە خەڵکی ناسریە و شیوعی بوو، گومانی پەیوەندی بوونی بە ڕژێمەوە لێ دەکرا. لەگەڵ کشانەوەیان لە پشتئاشان، بە بڕیاری سەرکردایەتی حشع لە سەربانەوە و لە کونی ئاگردانەوە بۆمبی دەستیان بۆ شۆڕکردنەوە و هەموویان کوشتن؛[25]). دڵنیام لە پشتئاشان یەکێتی دیلی شیوعی کوشتووە، بەڵام ئەی ئەوە نییە حشع، بە بڕیاری سەرکردایەتی حزب چەندان دیلی کوشتووە، ئەی باشە بۆ حزبی شیوعی گلەیی لە تاوانێک دەکات، کە خۆی بەر لە یەکێتی هەمان تاوانی کردووە، جا یەک و دوو لەگەڵ دە یان دوازدە چ جیاوازییەکی هەیە؟ هەر کەسێک کۆمۆنیست یان مارکسی بێت، بەرلەوەی سەرکۆنەی یەکێتی بکات دەبێت سەرکۆنەی حزبی شیوعی عێراق بکات، چونکە ئەوان پێشتر دیلی یەکێتی بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی دەکوژن، ئێمە تەنیا کوشتنی دوو دیل هەژمار دەکەین کە یەکێتی بووبن، چونکە ئەحمەد ئەلناسری دەڵێت: (بەشێکی دیلەکان یەکێتی بوون)!

20. دیلی یەکەم کە ئەحمەد ئەلناسری باسی دەکات.

21. دیلی دووەم کە ئەحمەد ئەلناسری باسی دەکات.

---

[25]- أحمد الناصري، الجزء الثالث، برنامج شهادات خاصة، مقدم البرنامج الدكتور حميد عبدالله، الأحد، المصادف (2018/10/7).

22. عوسمان عەبدوڵڵا مەعروف مەحمود شاتری ناسراو بە عوسمان مەسەکانی (1967/ مەستەکان/ سەیدسادق)، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (1983/7/12)، لە گوندی گامێشتەپە کەوتە بۆسەی حزبی شیوعی عێراق و لەناکاو کوشتیان، تەمەنی شازدە ساڵ بوو.

23. ئازاد عەبدولسەمەد تۆفیق فەتاح ناسراو بە ئازاد قولی (1968/ شەقڵاوە/ نازەنین)، پێشمەرگەی مێردمنداڵی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و کەرتی (2)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری، دوای گەڕانەوەی لەناو شاری هەولێر لە ڕۆژی (1983/8/1)دا، دوای ئەنجام دانی چالاکییەک لەگەڵ ئیبراهیم بیلال عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە بلە ویزە و هێنانی ئۆتۆمۆبیلێکی حکومەت، دەچنە گوندی شێخشەروان و بەدیلی کەوتنە دەستی هێزێکی شیوعی و حسک، لەنێوان خۆیاندا ئەو دوو دیلەیان دابەش کرد، ئازاد قولی بەر حزبی شیوعی عێراقی بەناو مرۆڤدۆست و ڕۆشنبیر کەوت، بلە ویزە هەر بەقسەی شیوعییەکان بەر حسکی جەردەو ڕاوڕووتکەر کەوت، کە شیوعییەکانیش پاشملە وەکو یەکێتی بە سۆسیالیستیان دەگوت دز، جەردە و ڕێگر، بەڵام یەکێتی بەئاشکراو تەنانەت لە ئێزگەکەشیان وای ناودەهێنان، بەڵام خڕی حسک وانەبوون کەسانی باشیشی تێدابوو. دوای چەند ڕۆژێک، ئازاد قولی لەلایەن حوسێن نەبی عەبدوڵڵا ناسراو بە کارزان خنکێنرا، چونکە پێشتر لە ڕۆژی (1983/2/6)دا لە شەڕی نێرەگین برایەکی کارزان بەناوی محەمەد نەبی عەبدوڵڵا سلێمان مامەسێنی ناسراو بە گەیلان (1956/ کەندێناوە/ سلێمان بەخشیان)، بەدەستی یەکێتی کوژرابوو. ئەم تاوانەی حزبی شیوعی عێراق و کارزان، مەگەر پێشتر لەلایەن جەللادانی ڕژێمی بەعس یان فاشیستە تورکەکان ئەنجام درابێت، ئەگینا وێنەی نەبووە لە مێژوودا. حزبی شیوعی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەعس ئاسا دوای (43) ساڵ تەنانەت تەرمەکەی ئەو پێشمەرگە خنکێنراوە تەمەن پازدە ساڵانەی یەکێتی نەدایەوە، یان شوێنی گۆڕەکەیان نیشان بدەن، کارزان کە ئازاد قولی خنکاند چەندان شیوعی دیکەی لەگەڵ بوو، واز لە کارزانی تاوانکار بێنن، ئەی ئەو شیوعیيانەی لەگەڵی بوون بۆ ئەوەندە نامرۆڤن و تەنانەت ئامادەنین دوای (43) ساڵیش شوێنی تەرمی ئازاد ئاشکرا بکەن. دوای یەک دوو مانگ، حسکی بەناو ڕاوڕووتکەر بلە ویزەی لەگەڵ دیلێکی خۆیان کە لای یەکێتی بوو گۆڕییەوە. بلە ویزە، پاشان لە ڕۆژی (2003/10/7)دا، لە نزیک کارگەی قیری لەتیفاوە لەکاتی گەڕانەوەی بە سوار

ماتۆڕی بۆ قەتەوی بە ڕووداوی ئۆتۆمۆبێل کۆچی دوایی کرد. حوسێن نەبی عەبدوڵلا (کارزان)، دوای ئەم تاوانە گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە فەرماندەی سریەی جاش و دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ڕۆژی (1983/8/6)دا مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی عێراق لە گوندی کەریم باسام لە سنووری ئاوەسپی سەر بە (کفری/ کەرکوک)، دوو ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە برای یەکتر بوون دەگرن و گوللەبارانیان کردن، سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتننامەی دیوانە لە ڕۆژی (1983/5/10)دا لەنێوان مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی و مەڵبەندی سلێمانی - کەرکوکی حزبی شیوعی عێراق کرابوو:

24. زیاب حەکیم عزەدین حوسێن ناسراو بە هەڤاڵ (قەرەحەسەن/ کەرکوک).

25. ناسر حەکیم عزەدین حوسێن ناسراو بە ئاوات (قەرەحەسەن/ کەرکوک).

26. لە ناوەڕاستی ساڵی (1983)دا پێشمەرگەیەکی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر بە ناوی کامەران غەفور ئەحمەد قادر ناسراو بە کاکەڕەش (1963/ کۆیە/ گۆپتەپە)، کە لە نێوان ونکە و عەلیاوە لەلایەن حسک و سابیر لاتە بەدیل گیرابوو، لەسەر داوای حشع سابیر لاتە یان فەقەیانی (سابیر حەمە ساڵح تەها فەقەیانی/ 1954-2014/4/6)، فەرماندەی کەرتی حسک، ئەو پێشمەرگەیەی ڕادەستی حشع کرد و ئەوانیش لە ڕۆژی (1983/12/20)دا لە تۆڵەی کوژرانی پێشمەرگەیەکی حشع لە شەڕێک دا بەدەستی یەکێتی، زۆر نامرۆڤانە و دڕندانە لەژێر ئەشکەنجەدا لە قۆرتەلاس کۆتاییان بە ژیانی کامەرانی دیل هێنا، ئێستا زانیتان دیلکوژی ڕاستەقینە کێیە کە وەکو بەعسییەکان بە ئەشکەنجە دیل دەکوژێت؟

عەلی سلێمان محەمەد ناسراو بە عەلی چرچەقەڵایی (1952/ سلێمانی/ دەربەندیخان/ چرچەقەڵا)، فەرماندەی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1983/9/8)دا بە فرتوفێڵ و بە بیانوی ئەوەی کە گوایە ژنێکی گوندەکە نەخۆشە و بەهۆی منداڵبوون ژیانی لە مەترسی دایە لالە عەلی چرچەقەڵایی دەنێرێت بە دوای دکتۆر هۆشمەند، پێشمەرگە و دکتۆری یەکێتی کە لە شاخی زەردە بوو. وەلی ئەکرەم محیەدین ئەحمەد ناسراو بە دکتۆر هۆشمەند (1955/ کەرکووک)، وەکو ئەرکی پزیشکی خۆیی و کارێکی مرۆڤانە لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە (ئەحمەد ئەخرەس، عومەر محەمەد شەریف ناسراو بە عومەر حەمەدێزە (1950/ خانەقین) و مەحمود محەمەد ئەکبەر

ئەرکەوازی ناسراو بە شێرزاد (1955/ بانمیل/ خانەقین)، لە شاخی (زەردە)وە دەچنە چرچەقەڵا، کەچی عەلی سلێمان چرچەقەڵایی و مەفرەزەکەی لە بۆسەیەکدا لە نزیک گوندەکە تەقەیان لێ دەکەن، دکتۆر هۆشمەند و مەحمود محەمەد ئەکبەر دەکوژن و ئەحمەد ئەخرەس و عومەر محەمەد شەریف ناسراو بە عومەر حەمەدێزە بریندار دەکەن. دەزانی لە کوردەواری بەم کردەوەیە دەگوترێت کاری نامەردانە کە حزبی شیوعی عێراق لە چەندان شوێنی جیا جیادا پەنای بۆ ئەو کارە قێزەونانە بردووە؟

27. وەلی ئەکرەم محیەدین ئەحمەد ناسراو بە دکتۆر هۆشمەند.

28. مەحمود محەمەد ئەکبەر ئەرکەوازی ناسراو بە شێرزاد.

29. ئەحمەد ئەمین حوسێن حەمەدئەمین قادر عەباس ناسراو بە ئەحمەد هیرانی (1954/ هەولێر/ هیران)، جێگری فەرماندەی کەرتی (2)ی تیپی (91)ی سەفین، بەدیلی لە بۆسەی (1984/6/26)دا شیوعییەکان لە زێبارۆک کوژرا و کلاشینکۆفەکەی کەوتبووە دەست شاخەوان گەرمیانی ناوێک لە حزبی شیوعی، ئەو بۆسەیەی کە شیوعییەکان بۆ یەکێتی دایاننایەوە کەچی کە خۆیان باسی دەکەن پەنا دەبەنە بەر سەدان و هەزاران ناڕاستی گوایە یەکێتی بۆسەی بۆ ئەوان داناوەتەوەو لە بۆسەکەی یەکێتییان داوە و شکستیان پێهێناوە، هەروەها دوای ئەو بۆسەیەش کەرتی (2)ی تیپی (91)ی سەفین بە فەرماندەیی یاسین کاوانی بەهۆی پێشمەرگە محەمەد فیدایی (محەمەد مەسیفی)، هەواڵیان بۆ شیوعییەکان نارد کە لە قەڵاسنج بوون بۆ ئەوەی ناوچەکە چۆڵبکەن تا شەڕ لەنێوان یەکێتی و ئەوان ڕوونەدات چونکە یەکێتی لەپێناوی دۆزینەوە و شەڕکردنیان هێزی خۆی کۆدەکاتەوە، کە لە قەڵاسنج دۆزرانەوەش کەرتی سێی تیپی (85)ی بەڕانەتی بە فەرماندەیی شەهید مەلا سلێمان نامەیان بۆ نووسیبوون کە بەبێ شەڕ قەڵاسنج جێبهێڵن، ئەوان ئامادەن هاوکارییان بکەن و لێیان نادەن، بەڵام مام کاوێس فەرماندەی بەتالیۆنی (5)ی شیوعییەکان، چەقی و دایە کەللەڕەقی، گوتبووی: (لێرە ناڕۆین، بێمنەتین، با یەکێتی بێنە سەرمان و خۆیان تاقی بکەنەوە، یەکێتی چیە هەتا لەترسی ئەوان بڕۆین)؟ هەر لەو بۆسەیەدا کامەران کاکۆ قەرەنی عومەر (1963/ هەولێر/ سێتاقان)، پێشمەرگەی کەرتی (1)، تیپی (91)ی سەفین، لە بۆسەی ڕۆژی (1984/6/24)ی شیوعییەکان لە زێبارۆک کە قاچی بریندار بوو، بەدیل گیرابوو، کەچی شیوعییەکان بەدیلی چواردە گوللەیان لە سنگی دابوو، تەنانەت

وێنەیەکی لینینی لە بەرۆکی دابوو، ئەویشیان بردبوو. کاتێک شیوعی برینداری یەکێتی بەدیلی دەکوژێت، دەبێ چاوەڕێی ئەوەش بکات دیلی خۆیشی دەکوژرێت. حوسێن خدر حاجی ئەحمەد ناسراو بە حوسێن سکتانی (1955/ سکتان/ کۆیە)، پێشمەرگەی کەرتی (4)ی تیپی (91)ی سەفین و کۆنە حسک، حسکەکان ناسیبوویانەوە بۆیە بە برینداری و زەمزەمەیەک ئاوەوە جێیان هێشتبوو، بەڵام دیارە شەو کۆچی دوایی کردبوو.

30. کامەران کاکۆ قەرەنی عومەر.

31. حوسێن خدر حاجی ئەحمەد ناسراو بە حوسێن سکتانی.

32. سەلاح مستەفا قادر مستەفا ناسراو بە بێکەس (1963/ کۆیە/ مام قلینج)، فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (5)ی گۆڕقەرەجی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، لە ڕۆژی (1984/7/1)، لە هەمزەبەگ و حاجی وسوو بە برینداری کەوتە دەست حزبی شیوعی عێراق و ئەو بەناو مرۆڤدۆستانە بەدیلی کوشتیان.

هێزێکی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕێکەوتی (1985/6/8)، لە دەرەوەی گوندی کانی گوند، لای ڕەوەندە مەنتکە مەڕدارەکان، دوو پێشمەرگەی کەرتی (1)ی ساڵەیی تیپی (21)ی کەرکوک، کە بۆ دیداری کەسوکاریان هاتبوونە ئەو سنوورە، بەدیل گرت، شیوعیە بەناو ئینتەرناسیۆنالیست و مرۆڤدۆستەکان لەسەر بڕیاری شیوعییە عەرەبەکان بڕیاری گوللە بارانیان کردنیان دەدەن و دەکوژرێن، لە کاتێکدا دیلی شەڕ نەبوون و فیشەکێکیان بە حزبی شیوعی نەنابوو، کوشتنی دیلێک کە تەقەی نەکردبێت سەد قات تاوانێکی گەورەترە لە کوشتنی دیلێک کە تەقەی کردبێت، بەڵام دیارە بۆ حزبی شیوعی عێراق ڕێگەپێدراوەو نابێ تەنانەت باسی تاوانی لەو جۆرانەیان بکرێت. دوو گوللەباران کراوەکەی کانی گوند، ئەمانە بوون:

33. بورهان محەمەد ڕەزا عەلی مەحمود ناسراو بە ئاکۆ (1963/ کەرکوک/ پردێ/ بیرەسپان).

34. شەوکەت یاسین محەمەدئەمین ناسراو بە ڕێباز (1957/9/2/ قەرەبەگ/ پردێ/ کەرکوک).

مەفرەزەیەکی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1985/6/10)، لە کانی گوند، دوو پێشمەرگەی یەکێتی بەبێ تەقە بەدیل گرت، دواتر لە ئێوارەی ڕۆژی (1985/6/12)، دووبارە شیوعییە عەرەبەکان زۆر لە شیوعییە کوردەکان دەکەن کە

بڕیاری گوللە باران کردنیان بدەن، لە هەمانکات شیوعییە عەرەبەکان داکۆکیان لە ڕەفیق حزبی، سەرباز، ئەمن و جەیشی شەعبی عەرەب دەکرد کە لە شەڕەکان دەگیران و هەرگیز قایل نەدەبوون بکوژرێن، ئەم خەسڵەتەی شیوعییە عەرەبەکان کێشەیەکی گەورە بوو لەگەڵ شیوعییە کوردەکان، بە فشاری شیوعییە عەرەبەکان گوایە لە تۆڵەی کوژراوانی پشتئاشان بڕیاری گوللەباران کردنی (ئاسۆ و سەرباز)یش وەکو دوو پێشمەرگەکەی دوو ڕۆژ پێشتری کانی گوند درا، لەنێوان چیای باواجی و کانیبی ئەشکەنجەی دڕندانە دەدرێن، بەدیلی گوللەباران کران کە شوێنەواری ئەشکەنجە و شوێنەواری سەدان گوللە بە جەستەیانەوە دیار بوو، کە ئەمە ناوەکانیانە:

35. ئاسۆ ڕەئوف سالْح قادر (1963/ هەولێر/ کۆیە)، ڕابەر سیاسی کەرتی چواری تیپی (93)ی کۆیە.

36. سەرباز عەبدولڕەزاق حەکیم ناسراو بە ڕزگار (1960/ هەولێر/ کۆیە)، کارگێڕی ناوچەی سەفینی سەر بە لقی چواری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

لە ڕۆژی (1985/6/16)دا سێ پێشمەرگەی یەکێتی کە سەر بە کەرتی (6)ی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر دەبن، بەرەو گوندی سیاو لە سنووری شەمامک دەڕۆن، کە دەگەنە ناو گوند لەلایەن کۆمەڵێک پێشمەرگەی شیوعی بە فەرماندەیی کانەبی عوسمان کانەبی گەڕەشێخانی ناسراو بە کانەبی گچکە (1951-1988/6/4)، فەرماندەی سەربازی و موحسین سادق قادر لەک هێلەوەیی ناسراو بە موحسین دەشتی (1955-2023/10/21)، دەستڕێژیان لێ دەکرێت و هەر سێکیان دەکوژرێن. کانەبی گچکە، دواتر لە ڕۆژی (1988/6/4)، لە نزیک گوندی گەڕەبەشە لە دەڤەری قوشتەپە، بەدەستی سەڵاح شینەی کۆنە فەرماندەی یەکێتی و دواتر مەفرەزە خاسە کوژرا.

سێ کوژراوەکەی دەستی (حشع)، ئەمانەی خوارەوە بوون:

37. ئیبراهیم ئەنوەر حەسەن زێندین (1957/ هەولێر/ مەخمور)، فەرماندەی کەرتی (6) لە تیپی (87)ی قەرەچوغ.

38. ستار حەسەن عەبدوڵڵا حوسێن جاف (1966/ هەولێر/ قوشتەپە/ پۆڕیجە).

39. لوقمان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئیسماعیل خۆشناو (1966/ هەولێر/ شەمامک/ بێریات).

دووبارەی دەکەمەوە کە یەکێتی، وەکو هەر پارتێکی دیکەی گۆڕەپانی خەباتی کوردستان و عێراق دیلی کوشتووە، هەموو دیلکوشتنێک بە تاوان دەزانم و داکۆکیش لە دیلکوشتنەکانی یەکێتی ناکەم، بەڵام حشع ئەوەندەی کە یەکێتی و نەوشیروان مستەفا بە دیلکوژ ناودەبات، ئایە ئەو تاوانانەی سەرەوەی خۆی نابینێت کە بەدیلی کۆمەڵێک پێشمەرگەی یەکێتی کوشتووە، یان لە بۆسەی لەناکاودا کوشتوونی کە سەد قات لەدیلکوشتن قێزەونترە؟ دیلکوشتن یەکێتی بیکات یان شیوعی هەر تاوانە، وەلێ ئەوان ماوەی چل و سێ ساڵە هاوار دەکەن، کە گوایە لە پشتئاشان یەکێتی کۆمەڵکوژی عەرەبی کردووە، تەنانەت زۆرێک لە کوردە کۆسمۆپۆلیتی و عەرەبە شۆڤینیەکانی نێو ئەو حزبە کۆکن لەسەر ئەو ناڕاستی و پڕوپاگەندە ژەهراوییانەی دەیکەن، بەڵام یەکێتی چەند دیلێکی لابەلا کوشتووە لە پشتئاشان. شیوعییەکان لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە دەنگی گەلی کوردستان لەکاتی هەڵمەتی پشتئاشان داوای کردووە عەرەب بکوژن، بۆ نموونە شۆڤینیست محسن صابط الجیلاوي، دەڵێت: (فەرهاد سەنگاوی، بێژەری ڕادیۆی یەکێتی هاواری دەکردو دەیگوت: مردن بۆ عەرەبەکان و پاسداری ئێرانی، مەبەستی لە عەرەبەکان شیوعییە عەرەبەکان بوو، مەبەستیشی لە پاسدارانی ئێرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ئەو دەیگوت: عەرەبەکان بکوژن. کوردستان پاککەنەوە لە عەرەبەکان؛[26]). موحسین ئەلجیلاوی، کەسێکی ناڕاستگۆ و کۆمەڵێک ناڕاستی گوتووە کە باوەڕناکەم کەس توانای گوێ لێگرتنیشی هەبێت، مەگەر تەنیا بۆ ئاشکرا کردنی ناڕاستگۆیی گوێی لێبگرن، چونکە فەرهاد سەنگاوی و ئێزگەکە هەرگیز باسی کوشتنی عەرەب و پاکردنەوەی کوردستانی لە عەرەب نەکردووە، گەر وابوایە بەدڵنیاییی تۆماری ئەو بانگەوازە لای بەشی گوێگرتن (ألأنصات)ی بەرەی جود یان ئەندامێکی ئەو چوار پارتەی جود لە ماوەی (43) ساڵی ڕابردوو هەر دەردەکەوت. ناچارم وشەی درۆ بەکاربێنم بۆ ناڕاستگۆکان و ئەوانەی هەردەم چیرۆک داڕێژن، ئەی کە ناڕاستگۆبن چۆن ناویان بێنم ؟ هەر ئەو عەرەبە شۆڤینییە دڵڕەق و ناخڕەشە بەرانبەر بە کورد، لە بەرنامەی بۆ مێژوو (للتأریخ)ی کەناڵی (البغدادیة)ی عێراقی، لە وەڵامی ئامادەکەری بەرنامە دکتۆر حەمید

[26]- موحسن صابط الجیلاوي، برنامج شهادات خاصة، مقدم البرنامج الدکتور حمید عبداللة، الجزء الثالث، موقع الیوتوب، السبت، المصادف (2016/4/23) + برنامج للتأریخ، قناة البغدادیة، مقدم البرنامج الدکتور حمید عبداللة.

عەبدوڵڵا، ئایە پشتئاشان هەڵەبجەی عەرەبان نییە؟ لە وەڵامدا گوتی: (بەڵێ، پشتئاشان لە هەڵەبجە قوڵترە. لەوانەیە فڕۆکەوانێکی نابەرپرس لەخۆیەوە ئەم کارەی هەڵەبجەی کردبێ)، هەمان قسەی جیلاوی، جاسم محەمەد ئەلحفی (1960/ بەغدا)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بۆ هەمان بەرنامە و کەناڵ بە جۆرێکی دیکە گوتی: (پشتئاشان هەڵەبجەی عەرەبانە). دڵنیامە هەر کوردێکی شیوعی بابەتە شۆڤینییەکانی موحسین جیلاوی بخوێنێتەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام هەر ئەو شیوعییە کوردە پشتیوانی لە ناڕاستی و تۆمەتەکانی جیلاوی دەکات لەدژی یەکێتی. لە شەڕەکانی پشتئاشان شیوعی کورد و عەرەب کوژراون، بەتەنیا عەرەب نەکوژراون، شەڕەکان شەڕی نێوان کورد و عەرەب نەبووە، نە کورد عەرەبی کردۆتە ئامانج بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزی نە عەرەبیش کوردی کردۆتە ئامانج بۆ قڕکردنی کورد، بەڵام بەرەی جود (شیوعی، پاسۆک، پدک و حسک) لەنێوبردنی یەکێتی ئامانجیان بوو، لە کاردانەوەش یەکێتی ئەوانی کردە ئامانج بۆ سنووردانان بۆیان و دەرپەڕاندنیان لە کوردستان، بەڵام دیارە شۆڤینیستە عەرەبەکان کوژراوە کوردەکانیشیان بە عەرەب هەژمار کردووە بۆیە بەئەنقەست بانگەشەی پاکتاوکردنی عەرەب دەکەن لەلایەن یەکێتی. باشە گەر بڕیاری دیلکوشتن، کوشتنی عەرەب و پاکتاوکردنی کوردستان لە عەرەب درابێ، بۆ یەکێتی لە چل و شەش دیلی حزبی شیوعی هیچیانی نەکوشت، کە ژمارەیەکی باشیان عەرەب بوون؟ باشە گەر یەکێتی لە شەڕی یەکەم (پشتئاشان)، کات و شوێنی هەڵبژاردبێ و کوژراوانی عەرەب لەنێو حزبی شیوعی عێراق (64,51%) بێ و بەقسەی شیوعییەکان یەکێتی کۆمەڵکوژی عەرەبی کردبێ، خۆ کوژراوانی شیوعی عەرەب لە شەڕی دووەمی (قەندیل)، کە حزبی شیوعی کات و شوێنی شەڕەکەی هەڵبژاردووەو ڕێژەی عەرەب (72:72%) بوو، باشە ئەو جارەش یەکێتی هەوڵی قەڵاچۆکردنی عەرەبی شیوعی داوە؟ لە زۆربەی شەڕەکان لە جیهاندا لایەنێک لە لایەنەکەی دیکە کوژراوی زۆرتری دەبێت کە سروشتی شەڕ وایە، بەڵام شیوعییەکان لەوەش ناکۆکن لە ئەنجامی شەڕداو نایانەوێت پەسندی بکەن، کە شەڕی پشتئاشان وایە و شیوعی کوژراوی زۆرتری هەبووە، وەکو شەڕی بالیسان کە یەکێتی کوژراوی زۆرتری هەبووە! کاتێک کە موحسین ئەلجیلاوی پاکانە بۆ ڕژێمی بەعسی سەدامی دەکات و تاوانی گەورەی کیمیابارانی هەڵەبجە بە کارێکی بێپلان دادەنێت، گوایە فڕۆکەوانێک لەخۆیەوە هەڵەبجەی بۆردومان کردبێت و هەمان کات پشتئاشان بە گەورەتر

و قوڵتر لە هەڵەبجە پێناسە بکات، بەدڵنیاییی بیری شۆڤینیزمی عەرەبی و ڕقی ژەهراوی عێراقی عروبە وەکو ئارەقە لە بەرانبەر بە کورد بە جەستەیدا دێتە خوارێ! یان کاتێک کە جاسم ئەلحلفی، پشتئاشان دەکاتە هەڵەبجەی عەرەبان، ئەوە گەورەکردنی پشتئاشان و کەمکردنەوەیە لە تاوانی هەڵەبجە کە سەدام و بەعسی عروبە تۆمەتبارن، خەڵکی هەڵەبجە بێچەک و بێتاوان بوون، بەڵام حشع چەکدارو تاوانبار بوو، چونکە: کۆمەڵێک تاوانی لەدژی یەکێتی ئەنجام دابوو بەر لە پشتئاشان، ئەوەی لەوێ بەسەریان هات تۆڵە بوو لە تۆڵەی تاوانەکانی ئەواندا. شۆڤینیزمە عەرەبەکانی نێو حشع تەنانەت ڕقیان لە شیوعییە کوردەکان دەبۆوە، جا چۆن ڕقیان لە کوردی دیکەو پارتە کوردستانییەکان نابێتەوە، ناکۆکی، ڕق و کینەی نەتەوایەتی و ئایینزایی لەنێو سەرکردایەتی و ڕیزەکانی ئەو حزبە هەر لە کۆنەوە هەبووە، شەوکەت ئەحمەد خەزنەدار، دەڵێت: (ململانێی توندوتیژی ناپڕەنسیپانە لە سەرکردایەتی حزبدا هەبوو، زۆر بەداخەوە ململانێکە زۆر توندتر بوو لە نێوان کورد و عەرەب، هەروەها سوننە و شیعە؛[27]). ناکۆکی، کێشە و ڕقی نێوان ئەندامانی کورد و عەرەب لەنێو حزبی شیوعی عێراقی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڤینییەتی عەرەبی، کە هەرگیز باوەڕی بە جیابوونەوەی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەم بەشەی کوردستان نەبووە، هەروەکو ئەوەی باشووری کوردستان و عێراق یەک دەوڵەت بووبن و عێراق داگیرکەری باشووری کوردستان نەبێت، چونکە کەمینەیەکی زۆر کەم لە گەنجە کوردەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق تازە بیری سەربەخۆیی لە مێشکی ئەوان چەکەرەی کردبوو و خوازیاری مافەکانی کورد، یان سەربەخۆیی کوردستان بوون، ئەگینا پیرە ئاخر شەڕەکان هەرگیز بیریان لە سەربەخۆیی کوردستان و بڕیاردان لە چارەنووسی گەلی کورد لە ڕێی ئازادانە و دەستنیشان کردنی ئەو مافە لەلایەن کورد خۆی نەکردۆتەوە!

گەر هەر شیوعییەک لە شەڕی پشتئاشان بەدیلی کوژرابێ (کورد یان عەرەب)، کاردانەوەی هەندێک پێشمەرگە، یان فەرماندەی نابەرپرسی یەکێتی بووە کە هاوڕێ و خزمیان بەدەستی حزبی شیوعی و حسک کوژراون، بەڵام دیلکوشتن هەر لایەنێک بیکات تاوانێکی گەورەیە و پاساو هەڵناگرێت، ئەوەش بە پاساو هێنانەوە بۆ من هەژمار مەکەن. ئەگینا لە هەمان هێرش و هەمان ڕۆژ، حزبی سۆسیالیستی کوردستانیش باسی ئەوە

[27]- شوکت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، ل(294).

دەکات کە پێشمەرگەی ئەوانیش بەدیلی لەلایەن یەکێتی کوژراوە، ئایە ئەوانەی حسک بۆ کوژران، ئەوانیش عەرەب بوون بۆیە کوژران، یان لە تۆڵەی بە ناڕەوا کوشتنی شێخ شەماڵ، سەرباز کۆیی و هاوڕێکانیان بوو؟ چۆن حزبی شیوعی عێراق، ئەو پێشمەرگانەی سەرەوەی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدیلی کوشتووە، دیلەکانی شیوعی-ش بە هەمان شێوە کوژراون وەلێ نەک بەو ڕێژەیەی ئەوان باسی دەکەن کە گوایە تەواوی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق دوای دیلکردنیان لەلایەن یەکێتی کوژراون کە ئەمە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە، لێرەدا ناپرژێمە سەر یەکە یەکەی ناوی کوژراوەکانی پشتئاشان و چۆنێتی کوشتنەکانیان، چونکە لە پەرتووکی (پشتئاشان تۆڵە، یان تاوان)، ئاماژەم بە هەموو ناوەکان و چۆنێتی کوشتنیان کردووە، لە بەرانبەر ناوی هەر کوژراوێکی شیوعی شوێنی کوشتنەکەییم نووسیوە، ئەی یەکێتی (47) دیلی شیوعی و (5)ی حسک-ی نەگرت و دواتر ئازادی کردن؟

## ئەو شیوعییانەی لەلایەن یەکێتی لە شەڕدا بەدیل گیرابن و ئازاد کرابن:

سەیری ئەو دیلانەی سەرەوە بکەن کە کەوتوونەتە بۆسەی حزبی شیوعی عێراق، یان هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەهەڵە چووبێتە ناو مەفرەزەیەکی ئەوان، لە هەردوو دۆخدا بەبێ ئەوەی یەک فیشەکیان بەرانبەر شیوعییەکان تەقاندبێ، چەککراون و دواتر بەدیلی لەلایەن ئەو شیوعیانەی کە بانگەشەی فریشتەیی، مرۆڤدۆستی و مافی دیل دەکەن، وەلێ بەپێچەوانە دوای ئەشکەنجەدان بەدڕندەترین شێواز گوللەبارانیان کردون. دڵنیام یەکێتی، شیوعی، حسک، پاسۆک و پارتی هیچیان فریشتە نین و دیلیان کوشتووە، بەڵام شاردنەوەی کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتی بەدیلی لەلایەن حزبی شیوعی عێراق، دەبێتە سێ تاوان، یەکەم دیلکوشتن، دووەم شاردنەوەو پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی خۆیان و سێیەم نکۆڵی لێکردن لە تاوانەکانیان. وەلێ جیاوازییەکیش دەبینم لەوەی کە یەکێتی جگە لە ئازادکردنی (47) دیلەکەی پشتئاشان کە لە شەڕدا گیران، ئەو سێزدە دیلەی خوارەوەی کە لە شەڕدا گیرابوون، ئازادی کردوون، لە بەرانبەریشدا حزبی شیوعی عێراق هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەبێ تەقە یان بێ ئەوەی لە شەڕدا بەدیلی گرتبێت، هەموویانی گوللەباران کردووە، جا خۆتان بڕیاربدەن کام لایەن لە یەکێتی و حزبی شیوعی عێراق دیلکوژ، مرۆڤکوژو فاشییە.

**یەکەم:** عجیل ئیسماعیل مستەفا ناسراو بە مام عجیلە شەل (1943/ دوگردکان/ شەمامک) جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی پێنجەم، لە ڕۆژی (1983/2/12)دا لە شەڕی نێرەگین بە برینداری بەدیل دەگیرێ، پێشمەرگەیەکی یەکێتی دەیخاتە سەر کۆڵی خۆیی و دەیگەیەنێتە تیمی پزیشکی خۆیان، تا دەیگەیەنێتە تیمەکە مام عجیل هیچ قسەیەک ناکات، لەناکاو دەڵێ: (بژی حزبی شیوعی عێراق)، پێشمەرگەکە کە تا ئەوکاتە وادەزانێ برینداری خۆیانە بە هەموو توانای خۆی بەتوندی مام عجیل لەسەرڕا فڕێدەداتە خوارەوە، ڕۆژی دوای چارەسەرکردن، لەگەڵ پێنج هاوڕێی دیکەی بە چەکەوە ئازاد کران، ئەو خۆی ئەو بەسەرهاتەی زۆر جار بۆ هاوڕێکانی لە مەڵبەندی سێی

هەوڵێری یەکێتی گێڕاوەتەوە، چونکە سەنگەری گواستبووەوە. ناوی شیوعییە ئازادکراوەکان:

1. حەسەن ئیسماعیل عەبدوڵڵا ناسرابە حەسەن کاکە (1935/ کۆیە)، ئەندامی لیژنەی محەلی هەولێری حشع و بەرپرسی لیژنەی قەزای کۆیە، زۆر دژی شەڕی براکوژی بوو، لە زیندانی ئەبوغرێب پێکەوە بووین.

2. عجیل ئیسماعیل مستەفا ناسراو بە مام عجیل.

3. مەناف تەها ئۆمەر سەلیم شێخانی (1950/ ئیلنجاغ/ تەقتەق)، کە دواتر ناپاکی لە شیوعی کردو خۆیان لەدوای ڕاپەڕین کوشتیان.

4. هیدایەت خدر ئیسماعیل مەلاک ناسراو بە مام هیدایەت (1934/ ئیلنجاغ/ تەقتە/ کۆیە - 2005/5/20)، جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی (31)ی ئازاری حزبی شیوعی.

5. ناوی پێنجەم نەزانراوە.

6. ناوی شەشەم نەزانراوە.

**دووەم**: لە ڕۆژی (1984/6/26)دا لە شەڕی قەڵاسنج دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق کە بەدیل گیرابوون، دواتریش ئازادکران، هەردووکیان لە ژیاندا ماون، سەرەڕای ئەوەی هەر لەو شەڕەدا چوار شیوعی بەدیلی گوللەباران کراون:

1. عەبدولواحێد نادر خۆشناو کێشکەیی.

2. عومەر حوسێن ئیبراهیم شێخشەروانی.

**سێیەم**: لە ڕۆژی (1984/9/18)دا لە شەڕی دەربەندی سەیدان سێ شیوعی بەدیل دەگیرێن، کە دوای چەند ڕۆژێک ئازادکران، وەلێ دواتر لە شەوی (1984/11/10)دا کەوتنە داوی مەمۆی شیوعی و دواتر لە ڕێکەوتی (1985/6/5)دا لە ئەبوغرێب لەسێدارە دران:

1. زوهێر بەهنام ئۆرسا یەلدا ناسراو بە نەبەز (1958/ عەنکاوە).

2. فەهد ئەلیاس هورمز ئەلیاس عەجمایا ناسراو بە فەرهاد (1959/ عەنکاوە).

3. موسا یونس گزار ئەلزیرجاوی ناسراو بە فکرەت (1955/ میسان).

**چوارەم:** لە ڕۆژی (1985/4/6)دا مەفرەزەیەکی سەر بە تیپی (19)ی کۆڕەک بە فەرماندەیی محەمەد محەمەدئەمین مستەفا ناسراو بە محەمەد قلۆ (1950/ فەقێیان/ ڕواندز)، لە گەلی مێرگ لە (ئەشکەوتی کونی عەلی باویل ئاغا)ی دەچنە سەر دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق، نە چەکیان دەکەن و نە دەیانکوژن، بەڵکو بەڕێزەوە بەڕێیان دەکەن و پێیان دەڵێن: (فەرموون بڕۆن و جارێکی دیکە نێنەوە ئەو سنوورە، بەڵام تکایە بە سەرکردایەتی خۆتان بڵێن کە ئێمە وەکو یەکێتی حەز بە شەڕی هیچ لایەنێکی بەرەی جود ناکەین، با ئەوانیش وازمان لێبێنن و چیتر شەڕمان پێ نەفرۆشن و شەڕمان نەکەن)، دڵنیام گەر پێچەوانە بوایە و حزبی شیوعی عێراق دوو پێشمەرگەی یەکێتی بەدیل بگرتایە وەکو ئەوانەی پێشتر گوللەبارانی دەکردن. دوو پێشمەرگەکەی حزبی شیوعی عێراق کە بەڕێزەوە بەڕێکران ئەمانە بوون:

1. ئەحمەد حەمەدئەمین جدر (1956/ ڕواندز).
2. مستەفا حەمەدئەمین جدر (1961/ ڕواندز).

محەمەد قلۆ، پێشتر جێگری فەرماندەی کەرتی (3)ی تیپی (12)ی سۆران بوو، هێزێکی پارتی و شیوعی، لە ڕۆژی (1983/4/30)، دەیانویست لە ڕێگەی زینی سەران بپەڕنەوە بۆ لای وەرتێ و قەندیل، هێزێکی تیپی (12)ی سۆران بەریان لێگرتن و شەڕ دروست بوو، چوار پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن شیوعی بەدیل گیران کە محەمەد قلۆ یەکێک بوو لەو چوار دیلە، لە ڕۆژی (1983/5/2)دا هەر لە زینی سەران یەکێتی توانی لە پەلامارێک بۆ سەر هێزێکی بەرەی جود کە گوروباغ کۆیی فەرماندەی هێزەکەی پارتی بوو بیست و دوو کەسیان لێ بەدیل بگرێت (نۆزدە پارتی و سێ شیوعی)، حزبی شیوعی چوار دیلەکەی یەکێتی لەگەڵ ڕاکردنی بەرەی جود بەرەو بلێ و بارزان لەگەڵ خۆیان برد. شیوعییەکان زۆر ئەشکەنجەی محەمەد قلۆ و قادر شەنگەیان دابوو، بڕیاریشیان دابوو هەردووکیان گوللە باران بکەن، بەڵام لەلایەک نەوشیروان مستەفا هەڕەشەی کردبوو گەر بێتوو حزبی شیوعی ئەو دیلانەی ئەوان گوللە باران بکات، ئەوانیش ئەو بیست و دوو دیلەی پارتی و شیوعی گوللە باران دەکەن، بۆیە پارتی بەزۆر و بەشەق چوار دیلەکەی یەکێتی لە حزبی شیوعی وەرگرتەوە لەپێناو ڕزگارکردنی دیلەکانی خۆی،

کە دوای نزیکەی مانگێک هەر بیست و شەش دیلەکەی پارتی، شیوعی و یەکێتی بە گۆڕینەوە لە مردن ڕزگاریان بوو.

**پێنجەم**: لە ڕۆژی (1985/6/5)دا لە شەڕی ئیلنجاغ پێشمەرگەیەک بەدیل گیراو دواتر ئازادکرا:

هیدایەت خدر ئیسماعیل مەلاک ناسراو بە مام هیدایەت (1934-2005/5/20)، جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی (31)ی حزبی شیوعی عێراق، بە برینداری بەدیل گیراو کەوتە دەست هێزەکانی یەکێتی، بەڵام دواتر بە هەوڵی شەهید ڕێباز ئازاد کرا.

خوێنەرانی بەڕێز، ئێوەش ناوی هەر دیلێکی حزبی شیوعی عێراق دەزانن کە یەکێتی ئازادی کردبێت بۆم بنووسن، بەتایبەت لە سنووری سلێمانی و کەرکوک.

**حزبی شیوعی عێراق، پشکی شێری بەر دەکەوێ لە تاوانەکانی شەڕی ناوخۆ و پشتئاشان، چونکە:**

1. خۆیان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی و سەربازی شانبەشانی بەرەی جود شەڕیان کرد لە دژی یەکێتی.

2. بەشدار بوون لە کوشتنی شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران لە ڕۆژی (1983/4/15).

3. بەشداری هێرش و پەلاماری داگیرکردنی مەڵبەندی (4)یان کرد لە ڕۆژی (1983/4/27)دا، کە یەکێتی هەشت کوژراو و دوازدە برینداری هەبوو.

4. لە ڕۆژی (1983/4/30)دا لە ڕمکان، کادیرێکیان کوشت و فەرماندەی تیپی (99)ی بتوێن بەسەختی بریندار کرا.

5. بە هاوبەشی لەگەڵ سەرکردایەتی جود، پلانیان داڕشتبوو بۆ داگیرکردنی مەڵبەندی (3)ی وەرتێ، سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ، زەڵێ و شێنێ، مەڵبەندی (2)ی سەرگەڵوو و مەڵبەندی (1)ی حاجی مامەند.

6. پلانی بەرگری کردنی سەرکردایەتی خۆیان لە پشتئاشان فەرامۆش کردبوو، بە ئەنقەست پشتگوێیان خستبوو تا نەیارەکانی ناوخۆی خۆیان لە فەسیلی ژێر بەتانی (فصيل تحت البطانية) و ئەوانەیش کە داوای بەستنی کۆنگرەیان دەکرد بۆ گۆڕانکاری لە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، بە دەستی یەکێتی لەنێوبەرن و بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژن.

7. پشتئاشان، شوێنێکی گونجاو نەبوو بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسیی، مەکتەبی سەربازی، ناوەندی ڕاگەیاندن و بنکە تەندروستییەکان، سەرەڕای ئاگادار کردنەوەیان لەلایەن مام جەلال، بەرپرسانی یەکێتی و بەرپرسانی خۆیشیان، کەچی گرنگیان بە بۆچوون و ئامۆژگاری کەس نەدا، تەنیا بۆ دوورکەوتنەوەیان لە یەکێتی و خۆئامادەکردن بۆ شەڕی یەکێتی گواستیانەوە پشتئاشان.

8. حزبی شیوعی دەیتوانی خۆی بەدوور بگرێت لە شەڕەکان، بەڵام لەبەرئەوەی بەرنامە و پلانی خۆی هەبوو، بۆیە خۆی تێکەڵ بە شەڕەکان کرد. یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان، زۆر هەوڵی دا لە حشع نەدات، بەڵام حشع هەوڵەکانی ئەوانی پووچەڵ کردەوە، چەندان نامەی بۆ ناردن ئەوان وەڵامی نامەکانیان نەدایەوە.

9. حزبی شیوعی عێراق، خۆی ڕادەستی بەرژەوەندییەکانی پدک کردبوو، پدک-یش بە ئێران. لە شەڕی دووەمی قەندیل لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1983)دا پدک بەتەواوی شەڕی بۆ ئێران دەکرد و حشع-یش لە ڕێگای پدک و بەرەی جود بۆ ئێران. پدک، لە کاتی هێرشی ئێران بۆ سەر حاجی ئۆمەران و ناوچەکانی قەڵادزێ، بەرەی (جود)یشی تێوە ئاڵاندو شانبەشانی ئێران لەلایەک (پدک و ئەرتەشی ئێران) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی سوپای عێراق دەبردو لەلاکەی تریشەوە بەرەی جود (پدک، حسک، حشع و پاسۆک) شانبەشانی پاسدار هێرشیان دەهێنایە سەر هێزەکانی یەکێتی.

10. حشع، سەرکردایەتییەکی پیرو پەککەوتە، بێتوانا، ناهۆشیار، ناسیاسی، شکست خواردوو، بەرچاو ناڕوون و ئاژاوەگێڕیان هەبوو، کە تووشی ئەو شکستە گەورەی کردن، تەنانەت مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق لە ڕۆژی (1983/4/30)، بڕیاری پاشەکشەیان دابوو لە پشتئاشان و قرناقاو، خۆیان، کادیر و پێشمەرگەکانی بارەگاکانی پێتئاشان و لقی پشتئاشان بە فەرماندەیی نظام شاکر ناسراو بە ئەبو دونیا، بێ ئەوەی ئاگاداری لق و بەتالیۆنەکانی خۆیان بکەنەوە کە لە لیوژێ، بۆڵێ، بیانە و ناوچەکانی دەوروبەری سەرکردایەتی لە سەنگەردا بوون بۆ ئەوەی بیانکەن بە قەڵغانی خۆپاراستنی خۆیان تا بە ساغی دەگەنە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێردەستی ئێران، هەروەکو پێشتر کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، لە کۆتایی ساڵی (1978)، بەنهێنی بڕیاری خۆدەربازکردنی خۆیان دا لە عێراق بێ ئەوەی ئەندامانی خۆیان ئاگادار بکەنەوە لە ڕاکردنەکەیان و چوونە دەرەوەی زۆربەیان بە سکرتێری یەکەم عەزیز محەمەد-ەوە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغداوە. شکستی یەک لەدوای یەکی حزبی شیوعی عێراق ئەو خەسڵەتانەی سەرەوەی سەرکردەکانی سەلماند، سەبارەت بە ئاژاوەگێڕیشیان کە بە بەڵگە و نامەیەکی خۆیان حسک لەدژی یەکێتی هاندەدەن بۆ تۆڵەکردنەوەی عەبدوڵڵا سوور کە بەدەستی یەکێتی کوژرابوو، ئایە هاندانی حسک بۆ تۆڵەکردنەوەی عەبدوڵڵا سوور ناچێتە خانەی ئاژاوەگێری؟ باشە حزبی شیوعی عێراق، بۆ دوای تۆڵەسەندنەوەی یەکێتی لە شیوعی لە پشتئاشان، کە شیوعییەکان پێشتر تەنیا لە ماوەی پازدە ڕۆژدا لە نیسانی (1983)دا، سێزدە فەرماندە، کادیر و پێشمەرگەیان

کوشتبوو، پازدەیان بریندار و مەڵبەندی بالیسان-یان داگیرکردبوو، نەک تەنیا گلەیی لە یەکێتی دەکات، بەڵکو (43) ساڵە هێرشی نارەوای دوور لە ڕاستی و تۆمەت دەداتە پاڵ یەکێتی، لەکاتێکدا خۆی داوای تۆڵەی فەرماندەیەکی حسک نەک هی خۆی (حزبی شیوعی عێراق) لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکاتەوە؟

باقر ئیبراهیم، سەبارەت بە هەڵمەتی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر بارەگاکانی حزبی شیوعی لە پشتئاشان، نووسیویەتی: (لەدوای نیوە شەو، واتە بەرەبەیانی دووی ئایار، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی کرا بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لەم شوێنەدا ئامادە بوون. ئەوانەی بەشدار بوون: کەریم ئەحمەد، عومەر عەلی شێخ، عەبدولڕەزاق ئەلصافی، باقر ئیبراهیم، سلێمان یوسف، ئەحمەد بانیخێڵانی، سلێمان محەمەد (ئەبو سیروان)، فاتیح ڕەسوڵ، عەبدولوەهاب تاهیر و مەهدی عەبدولکەریم. کەریم ئەحمەد لە کەشو هەوایەکی دەروونی شپرزاوی دەستی بە قسەکردن کرد و بە دەنگێکی نارێک گوتی: بارەگاکانمان لەلایەن هێزەکانی (ینک) هێرشی کرایە سەر. هێزەکانیان ئەو شوێنانە دەگرن و بەرهەڵستی کردن هیچ سوودێکی نابێ، بەڵکو بەرگری کردن دەڕوخێ. ئێوە بۆچوونتان چییە؟ ئایە داوای گفتوگۆ بکەین، بکشێینەوە، یان بەردەوام بین لە بەرگری کردن؟ یەکەم کەس کە قسەی کرد عەبدولڕەزاق صافی بوو، ئەو پێشنیاری کرد کە بروسکەیەکی بەپەلە بنێرین بۆ داواکردنی گفتوگۆ. کاتێ کە نۆرەی من هات بۆ قسەکردن، گوتم کاتی گفتوگۆکردن کۆتایی هاتووە، گفتوگۆکردن دەبێتە هۆکاری زیان پێگەیاندنی زۆرترمان و تەنیا کات بەفیڕۆ دانە، بەڵکو پێویستە لە سەرمان بە زووترین کات بکشێینەوە؛[28]). کاتێ کە فاتیح ڕەسوڵ، بەر لە داگیرکردنی مەڵبەندی چواری بالیسان لەلایەن بەرەی جود داوای گفتوگۆکردن و ناردنی شاندێک بۆ لای مام جەلال دەکات بۆ ئەوەی شەڕەکە ڕابگیرێ و ماڵوێرانی دیکەی بەدوادا نەیەت، کەریم ئەحمەد بە توڕەبوون و هاوارکردنەوە وەڵامی فاتیح ڕەسوڵ دەداتەوەو دەڵێ: (ڕۆژانە سەرکردایەتی ینک شەڕ بە هەموو لایەکمان دەفرۆشێت([29])، ئەی خێرە ئێستاکە کەریم ئەحمەد هەر خۆی پێشنیاری گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێتی دەکات؟ ئەی عەبدولڕەزاق ئەلصافی، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، بەرپرسی دەزگای ئەمنی حزب و بەرپرسی نووسینگەی ڕاگەیاندن و ڕادیۆی حشع بوو،

[28]- باقر ئیبراهیم، مذكرات باقر ئیبراهیم، ص(214).

[29]- فاتیح ڕەسوڵ، بەرگی سێەم، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، ل (252-253).

وتاره ئاگرین و هەڕەشە شەڕانگێزەکانی خۆی و حشع-ی لەبیرچوو کە لە ڕێگای (ڕادیۆی دەنگی گەلی عێراق) بە دەنگی خۆی، موفید ئەلجەزائیری ناسراو بە ئەبو نیسان و پڕشنگ سەعید محەمەد ئەمین هەڕەشەیان لە یەکێتی دەکردو بە تێکدەرانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستانی ناویان دەبرد؟ باشە کە عەبدولڕەزاق ئەلصافی لەکاتێکدا دەمی ئەوەندە گەرم و دەستی پڕ لە شیر و تیر بوو، بۆ داوای گفتوگۆ لە موخەڕیبانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستان دەکات؟ ئایە کە کادیر و ئەندامانی حشع وا ناوی یەکێتی ببەن، دەکرێ داوای گفتوگۆو شەڕ وەستانیان لێ بکەن؟ عەبدولڕەزاق ئەلصافی، لە سەردەمی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی (1979/5/27-1973/7/17)دا سەرنووسەری ڕۆژنامەی (طریق الشعب)ی زمانحاڵی حزبی شیوعی عێراق و سەرۆکی دەزگای ئەمنی حزبی شیوعی بوو، وتارەکانی لەلایەک هەردەم لەدژی شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لەلاکەی تریشەوە ستایش و پیاهەڵدان بە حکومەتی عەفلەقی، حزبی بەعسی عەرەبی شۆڤینیست و سەدامی دیکتاتۆر بوو. پێم وایە کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لە شەوی (1983/4/30) بووە، بەڵام باقر ئیبراهیم دوای نیوە شەوی (1983/5/2)ی نووسیوە.

باقر ئیبراهیم، سەبارەت بە گواستنەوەی بارەگاکانی مەکتەبی سیاسیی، مەکتەبی سەربازیی و چەند بنکەیەکی تر نووسیویەتی: (گفتوگۆی زۆر کرا سەبارەت بە گواستنەوە بۆ ناوچەکانی ناوەوە، بەتایبەت ناوچەی پشتئاشان، هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی، بەتایبەت ئەندامانی مەکتەبی سەربازیی هەروەها بەڕێوەبەرێتیی خوێندنگەی حزبی کە هەر ئەوکاتە لە پشتئاشان دامەزرابوو لە پشت بیرۆکەی ئەو گواستنەوەیە بوون. بەتوندی دژی ئەم گواستنەوەیە وەستام، تا ئەو ڕادەیەی کە داوام کرد لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کادیرە کە کاریان لەگەڵ خۆم دەکرد لە بەشی ڕێکخستنەکان، لە شوێنی خۆمان لە ناوزەنگ بمێنینەوە. بەڵام سووربوونی سەرکردایەتی ناچاری کردین بە گواستنەوە، بڕیار درا کە ئێمە یەکەم تیم بین کە بەرەو شوێنی نوێ لە پشتئاشان بەڕێ بکەوین، لە ڕۆژی 20ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1982، لە ناوەندی ڕاگەیاندن کە خۆم هەڵم بژارد جێگیربووین، کە بارەگای خوێندنگەی حزبی ئەوکاتی بوو؛[30]). هەر باقر ئیبراهیم، لە هەمان لاپەڕە سەبارەت بە گواستنەوە بۆ پشتئاشان نووسیویەتی: {پێش گواستەوەمان بۆ پشتئاشان،

[30]- باقر ئیبراهیم، مذكرات باقر ئیبراهیم، ص(209).

سکرتێری یەکەم عەزیز محەمەد، بۆچوونی جەلال تاڵەبانی پێ ڕاگەیاندین، کە سەرکردایەتی حزبی ئاگادار کردبووەوە لەوەی نەکەن بگوازنەوە بۆ پشتئاشان، پێی گوتبوون: (ئێمە پێمان وایە ئەم شوێنە بە کەلکی بارەگای سەرکردایەتی نایەت، لەبەر ئەوەی کە پتەو نییە، هەروەها بە ئاسانی گەمارۆ دەدرێت و ئەوانەی لەوێ بن لەناو دەبرێن، سەرەڕای ئەوەی کە شوێنێک بووە لەژێر دەسەڵاتی خۆمان دا بووە). هێرشی (ینک) بۆ تێکشکاندنی شیوعییەکان، حسک و هەندێک هێزی بچووکی پارتی لەم شوێنەدا لە ڕۆژی یەکی ئایاری 1983، واتە دوای تەنیا شەش مانگ بەسەر ئەو ئاگادار کردنەوەیەدا، ڕاستی بۆچوونەکەی سەرکردایەتی ینک-ی سەلماند}. ئەگەر سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پلانی پێشوەختی هەبووبا بۆ لێدانی سەرکردایەتی حشع، وەکو ئەوەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن و ئەو تۆمەتە ناڕەوایە دەدەنە پاڵ یەکێتی، ئەوکاتە بە هیچ شێوەیەک مام جەلال ئاگاداری نەدەکردنەوە کە پشتئاشان بۆ بارەگای سەرکردایەتی بە کەلک نایەت و شوێنەکەی نەگونجاوە، بەڵام بەدرێژایی تەمەنی حشع، سەرکردایەتی ئەو حزبە کە سەرکردایەتییەکی لەخۆبایی و نەزان بووە، گرنگی بە قسەی کەس نەداوە کەچی لەکاتی شکست و زیان کردن دا هەردەم هۆکارەکانی دایتە پاڵ لایەن و کەسانی دیکە و لەخۆی دوور خستونەتەوە. تەنانەت هەندێک لە پێشمەرگەکان سەرکردایەتی حزبەکەی خۆیان (حزبی شیوعی عێراق)یان باش ناسیبوو، بۆیە لەدوای شکستی پشتئاشان پێشمەرگەیەک گوتبووی: (گەر موختاری گوندێک سەرکردایەتی بکردباین، بەدڵنیاییی زۆر سەرکەوتوانەتر لە ئێوە سەرکردایەتی دەکردین/ لو قادنا مختار إحدى القرى لقادنا بكفاءة أكثر منكم ([31]). ئەو قسەیەی سەرەوە تەواوی ئەو خەسڵەتانەی سەرەوە کە بۆ سەرانی حزبی شیوعی عێراق نووسیتم دەسەلمێنێت. دکتۆر محەمەد عەبدولموحسین مەعارج ئەلحەجاج، بەمشێوەیە باسی سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراقی کردووە: (ئەم سەرکردایەتیەی کە هەمیشە بەرەو شکستی بردووین، ناتوانێ بەرەو سەرکەوتنمان ببات هەتا ئەگەر لە یاری کڵاو کڵاوێن (ئەموستیلە)یش بێت/ بأن القيادة التي قادتنا إلى الهزيمة لا تقودنا إلى النصر حتى ولو كانت في لعبة المحيبس؛[32]). بەگوێرەی ئەو پێناسەی کە دکتۆر محەمەد ئەلحەجاج بۆ سەرکردایەتی حزبی شیوعی

[31]- بهاءالدين نوري، في تقييم سياسة الحزب الشيوعي العراقي في سني 1958-1983 مأزق الحركة الشيوعية في العراق، ص(67).

[32]- دكتور محمد عبدالمحسن معارج الحجاج (محمد الحجاج)، تجربتي، ص(165).

عێراقی کردووە، نەک تەنیا ستەمە بەڵکو تاوانیشە مرۆڤ دوای ئەو سەرکردایەتی و حزبە بکەوێت، هەروەها لە باسکردنی سەرەوەی سەرانی حزبی شیوعی عێراق بێویژدانیم نەکردووە. هەر بەهۆی سەرانی لەخۆبایی و ئێکسپایەری حشع کە پێیان وایە تەنیا خۆیان لە شەڕەکانی (1983)، زیانیان پێگەیشتووەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدەستی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود زیانی پێنەگەیشتووە، یان بە بەردەوامی خۆیان لادەدەن و بەئەنقەست باسی زیانەکانی یەکێتی ناکەن کە لەلایەن خۆیان و هاوپەیمانەکانیان لە بەرەی جود بە یەکێتی گەیەنراوە. حزبی شیوعی عێراق، سەرەڕای نەزانییان لە هەڵبژاردنی بارەگای سەرکردایەتیان، ئەوەندە نەزان و نەشارەزاش بوون لە کشانەوەیەکی سەربازی ڕێک و پێک لە پشتئاشان، بۆیە قورسایی زیانەکان بەر ئەوان کەوت.

حزبی شیوعی عێراقی، بنکەیەکی لە گوندی سونێ کردبووەوە، کە دەکەوێتە نزیک شاخی مامەندەی سەر سنووری باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەحمود فەقێ خدری قەڵادزەیی کە کۆنە ئەندامی ئەنجومەنە کارتۆنیەکەی تەشریعی حکومەتی بەعس بوو، بەرپرسی ئەو بنکەیە بوو. گوندی سونێ، دەکەوێتە نزیک گوندی گۆڕەشێر، کە بارەگاکانی سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لەو گوندە بوون و ڕێگەی سەرەکی هاتووچۆی ئەوان بوو بۆ ناو باشووری کوردستان و عێراق. حدکا، داوای لە حشع دەکرد کە ئەو بنکەیە هەڵگرن و ئەوەندە بەربەست نەخەنە بەردەم هاتوچۆی ئەوان، کەچی حشع بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو بنکەکە چۆڵ بکات، بەڵام دواتر هاوکات لەگەڵ هاتنی هێزەکانی پارتی بە فەرماندەیی حەسۆ میرخان ژاژۆکی لە ڕۆژی (1983/2/2)دا بۆ سەر لوتکەی جاسوسان و چیاکانی دەوروبەری دۆڵەتوو لە نزیک و بەرانبەر بە بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی لە توژەڵە، زەڵێ، ناوزەنگ و نۆکان، هێزەکەی حشع بنکەی سونێ دادەخەن و گواستیانەوە بۆ پشتئاشان، چونکە ئەوان دەیانزانی مانەوەیان لەوێ بە زیانی خۆیان کۆتایی دێت، کە ئەوان پێشتر بڕیاری بەشداری کردنی شەڕی (بەرەی جود)یان لەدژی یەکێتی دابوو، دکتۆر ڕەفیق سابیر، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوەو نووسیویەتی: (ئەو کاتەی لە کوردستان بووم، لێم ڕوون بوو شەڕەکە فراوانتر و خوێناویتر دەبێت، چونکە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی ژێر بە ژێر خۆی یەکلایی کردبۆوە؛[33])، ئەم نووسینەی ڕەفیق سابیر بەڵگەی ئەوەیە کە حزبی شیوعی

[33]- ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، ل(405).

دەمێک بوو بڕیاری بەشداری کردنی شەڕی بەرەی جود-ی دابوو لەدژی یەکێتی، بەڵگەش بەشداری کردنیان بوو لە شەڕەکانی پایزیساڵی (1981) و هێنانی پارتی و حسک بۆ وەرتێ بەفڕتوفێڵ و داگیرکردنی تەواوی بنکە و بارەگاکانی یەکێتی لەم ناوچەیەدا. هەروەها ڕەفیق سابیر دەڵێ: (حزبی شیوعی بڕیاری دابوو، کە کار و چالاکیی خۆی لەگەڵ دوو هێزەکەی تری بەرەی جود، پتەو بکات. بارەگای سەرکردایەتیی خۆی لە نێوزەنگەوە گواستەوە بۆ پشتئاشان، تا لە سەرکردایەتیی یەکێتی دوور بێت و پارێزراو بێت؛[34]). ئەمەش بەڵگەی سەلمێنەرە کە حزبی شیوعی بڕیاری شەڕی دابوو لەدژی یەکێتی، هەر بەو هۆکارە سەرکردایەتی خۆی لە نێوزەنگ گواستەوە بۆ پشتئاشان، کەواتە پاساوی بێئاگاییان لە پەلاماری یەکێتی بۆ پشتئاشان هەمووی ناڕاستە. هەروەکو دەرکەوت کە حزبی شیوعی عێراق ژێر بەژێر واتە ترسنۆکانە وەکو کاری هەمیشەییان خۆی یەکلایی کردبووەوە کە لایەنگری بەرەی جود دەکات لەدژی یەکێتی، هەر لە ساڵی (1981)ەوە ڕاپرسییەکیان لەناو هێزی پێشمەرگە و کادیرەکانی خۆیان کردبوو، بۆ ئەوەی پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی بەرەی جود شەڕی یەکێتی بکەن، زۆربە دەنگی بۆ ئەوە داوە کە شەڕی دژ بە یەکێتی بکەن ([35]). باشە، کە خۆیان ڕاپرسیان کردبێت و دەنگیان دابێت بۆ ئەوەی هاوشانی بەرەی جود شەڕی یەکێتی بکەن، کە لە نێرەگین، کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی لە باداوان، داگیرکردنی مەڵبەندی چواری بالیسان و ڕمکان، کردیان؛ ئەی بۆ یەکێتی بۆی نەبێت تێیان بسرەوێنێت، کە بەرگری لەخۆکردن و تۆڵەکردنەوە مافی ڕەوای هەموو کەس و لایەنێکە. هەر بۆ زیاتر پەردە لادان لەسەر دیماگۆگیەتی حزبی شیوعی لەمەڕ نێوەندگیری و بێلایەنیان، فاتیح ڕەسوڵ، نووسیویەتی: (بەکردەوە و هەڵوێست لە ڕووی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن، حشع پارسەنگی ناوبژی کردنی بۆ لایەن گرتنی پدک و حسک دادەشکاندەوە؛[36])، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە حزبی شیوعی هەرگیز بێلایەن و ناوبژیوان نەبووە لە شەڕەکانی بەرەی جود لەدژی یەکێتی، بەڵکو بەردەوام، بە کردەوە و هەڵوێست لە ڕاگەیاندن و پێکدادانی چەکداری بەرەی جود لەدژی یەکێتی، چۆتە پاڵ پارتی، پاسۆک و حسک!

---

[34]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(313).

[35]- جەلال تاڵەبانی، شۆڕشی نوێ لەپراکتیکدا لەسۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادرانی خەتێ - 1983، ل(112).

[36]- فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990، بەرگی سێیەم، ل(204).

فاتیح ڕەسوڵ، دەڵێ: (گواستنەوەی بنکەو بارەگاکانی م. س حشع و کۆمیتە سەرەکیەکانی بەو پەلە کردن و تاو تاوە لە ناوزەنگ و نۆکانەوە بۆ پشتئاشان کورت بینی زۆری تێدا بەدی دەکرا، بڕیارێکی کاڵ و کرچ بوو. زەمینەی لەباری بۆ گێرەشێوێن کەران و هەڵپەرست و گومان لێکراوو نۆکەرانی دوژمن ڕەخساند؛[37]). نەک هەر ئەوەی کە فاتیح ڕەسوڵ لە سەرەوە نووسیویەتی، بەڵکو یەکێتی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ حزبی شیوعی نەبوو، سەرەڕای چەند تاوانێک، دەیان گێچەڵ و تەشقەڵەی هێزەکانی حزبی شیوعی عێراق بەجیا یان بە هاوکاری هێزەکانی بەرەی جود لەدژی پێشمەرگە و هێزەکانی یەکێتی، کەچی یەکێتی خۆی لادەدا لە شەڕفرۆشتنەکانی حزبی شیوعی، سەدا سەد دڵنیام کە گواستنەوەی بنکە و بارەگاکانی مەکتەبی سیاسیی شیوعی لە ناوزەنگ بۆ پشتئاشان، زەمینەی لەباری باشترو زۆرتری بۆ ئاژاوەچی، گێرەشێوێن، هەڵپەرست و بەکرێگیراوانی ناوخۆی سەرانی حزبی شیوعی عێراق ڕەخساند بۆ ئەوەی زیاتر لەدژی یەکێتی بڕیار بدەن و هەرواشیان کرد. دکتۆر تاریق یوسف ئیسماعیل، دەنووسێ: (لەکاتی خەباتی چەکداری حزبی شیوعی لەدژی حکومەتی بەغدا، کۆمیتەی ناوەندی هەستا بە کۆکردنەوەو جەختکردنەوەی هێزی شەڕکردنی پێشمەرگە لە باکوور، لە سەرەتادا دەستی کرد بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر ئەو هاوپەیمانێتیە، حزبی شیوعی عێراق بەشێوەیەکی بێ بەرنامەیی و بێ لێکۆڵینەوە هاوپەیمانێتیەکەی گۆڕی بۆ ڕکابەرانی یەکێتی، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەمەش کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق خۆی تێکەڵ بە ململانێی نێوان ئەو دوو کۆمەڵە کوردییە سیاسییە ڕکابەرە کرد؛[38])، گۆڕینی هاوپەیمانێتی لەدوای تەنیا دوو هەفتە بێ هۆکار نەبوو، هەروەکو دواتر دەرکەوت ئامانجی شەڕی لەدژی یەکێتی لەخۆگرتبوو.

باشە مەکتەبی سەربازی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، با بڵێین لە ساڵی (1983)دا بڕیاری شەڕکردنیان شانبەشانی هێزەکانی بەرەی جود لەدژی یەکێتی دا، هەرچەندە ئەو بڕیارە بەنهێنی زۆر پێشتر و لەگەڵ دەرچوونیان لە بەرەی جەوقەد (1980/11/12) و دامەزرانی بەرەی جود لە ڕۆژی (1980/11/28)دا درابوو،

---

[37]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(158).

[38]- دکتور طارق یوسف إسماعیل، صعود الحزب الشیوعي العراقي وإنحداره، ترجمة عمار کریم محمد، ص(408-409).

کەچی ئەوان لە کۆنگرەی شەشەم، کە لەنێوان (26-1997/7/29)دا، لە شاری هەولێر بەسترا، سەرزەنشتی خەباتی چەکداری وەکو ڕێگەی سەرەکی ڕزگاربوون، کە لە مانگی نیسانی ساڵی (1979) و مانگی ئەیلولی (1988)دا گرتیە بەر، هەروەکو دکتۆر طارق یوسف إسماعیل، دەنووسێ: (بزووتنەوەی چەکداری پاڵنەر بوو بۆ چەندان شەڕی گەورەی بێ بناغە، هەندێک جار ئەمە ڕوودەدات لە ئەنجامی بۆچوونی هەڵەی سەرکردایەتی حزب، هەروەکو بە ڕوونی ڕوویدا کاتێک کە حزب بەبێ هیچ هۆکارێک تێکەڵی ململانێی نێوان کۆمەڵە کوردییە ناکۆکەکان بوو، کە نسکۆی پشتئاشانی ساڵی (1983)ی لێکەوتەوە. کاریکەری خراپی ململانێی نێوان هێزە کوردییەکان بووە هۆکاری ئاژاوەگێڕی و بێئومێدی لەنێو جەماوەردا، بەشداری کردنی حزب لە ململانێکان لە بەرژەوەندی لایەنێک لەدژی لایەنێکی تر گڕی شەڕەکانی خۆشتر کرد؛[39]). دوای بیست و چوار ساڵ و لە مانگی تەموزی ساڵی (1997)دا حزبی شیوعی عێراق دانی پێدا دەنێت کە ئەوان بە بێ هیچ هۆکارێک و لەخۆڕا چوونەتە نێو ململانێ و شەڕێک کە شەڕی پارتە کوردییەکان بووەو هی ئەوان نەبوو، هەروەها خۆیان باسی ئەوە دەکەن کە بە بەشداری و لایەنگری ئەوان لە لایەنێکی کوردی، ئەوەندەی تر گڕوتینیان بە شەڕە ناوخۆییەکان داوە تا نسکۆی پشتئاشانی لێ کەوتۆتەوە. کەواتە حزبی شیوعی خۆی بۆتە هۆکاری ئەو کوشتارەی کە لە پشتئاشان لێیکراوە، چونکە حزبی شیوعی هەروەکو خۆیان دانی پێدا دەنێن بەبێ هۆکار تێکەڵی شەڕەکە بووینەو لایەنگیری پارتی، پاسۆک و حسک یان کردووە لەدژی یەکێتی. سەرەڕای ڕاستی و دانپێدانانی حزبی شیوعی عێراق بە هەڵەی بەشداری کردنیان لە شەڕەکانی دژ بە یەکێتی، شیوعییەکان بە دەیان و سەدان نامیلکە و پەرتووکیان لەسەر پشتئاشان نووسیوە، بەر لە عەرەبە شۆڤینییەکانی حزبی شیوعی، کوردە خۆ بەکەمزانەکانی نێو حشع بوون، تەنانەت چەند ڕۆمانێکی بێ نرخی بارگەکراو بە ژەهر و شۆڤینیزمی عەرەبی دڵڕەش و ڕقاویان بڵاوکردەوە، بۆ نموونە بەناو (ڕۆمانی پشتئاشان)، لە نووسینی عامر حوسێن و وەرگێڕانی بۆ کوردی ڕابەر ڕەشید و دوو ڕۆمانی (مدن فاضلة) و (آخر المدن) لە نووسینی موفید محەمەد ئەلجەزائیری شەڕخواز، کە ئەو بەدەنگی خۆی چەند ڕۆژێک بەر لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر

---

[39]- دکتور طارق یوسف إسماعیل، صعود الحزب الشیوعي العراقي وإنحداره، ص(583)، وەریگرتووە لە لاپەڕە (99-101)ی (الحزب الشیوعي العراقي، وثائق المؤتمر الوطني السادس).

مەڵبەندی چواری بالیسان لە ڕۆژی (1983/4/27)دا، هاواری دەکردو بەمشێوەیە ناوی یەکێتی دەهێنا: (تێکدەرانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستانی/ مخربي الإتحاد اللاوطني اللاکوردستاني)، بەڵام تاکە نامیلکەیەکیان لەدژی حزبی بەعس نەنووسیوە کە لە پەنا بەرەی بەناو پێشکەوتنخوازو جاشێتیان بۆ حزبی بەعس، ڕێک (130) ئەندامی حزبی شیوعی کوشتووە، (91)ی تیرۆر کردووەو (39)شی لە ئایاری ساڵی (1978)دا لەسێدارە دان، لە شەڕی ساڵانی (1974-1975)دا (120) شیوعی وەکو جاشی ڕژێم لە شەڕی پێشمەرگەدا کوژراون، کە تێکڕا دەکاتە (250) شیوعی و ناوی هەموویانم لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە)، تۆمار کردووە.

**بۆردومانی ڕژێم و کوژران و برینداربوونی (29) پێشمەرگەی یەکێتی:**

لە نیوەڕۆی ڕۆژی (1983/4/30)دا ئەو هێزە (1280) پێشمەرگەیەی یەکێتی کە بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا گەیشتە ڕەزگە و مارەدوو، خەریکی پشوودان و نانخواردن بوون، لە دەوروبەری کاتژمێری (2)ی نیوەڕۆ تا کاتژمێری (6)ی ئێوارە بۆ ماوەی (4) کاتژمێر لەلایەن سەربازگەی قەڵادزێ و ڕەبایەکانی (بەردقەڵشیو، شەرویت و کانی شینکە) و پشتی (سێوەیس) درایە بەر تۆپی قورس و هاوەنی سوپای ڕژێمی سەدام و بەعس، لە ئەنجام دا (7) پێشمەرگە کوژران و (22)ش بریندار بوون، کە کوژراوەکان ئەمانەی خوارەوەن:

1. ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم عالی ناسراو بە برایم توکنی (کەرکوک/ کفری/ عەزیز قادر).

2. بەدرخان سابیر کەریم سلێمان (1953/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ قامیشە)، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (21)ی کەرکوک.

3. حامید مەحمود محەمەدئەمین ناسراو بە مام بێستون (1953/ کەرکوک/ ئاغجەلەر/ دێی عەسکەر)، جێگری فەرماندەی تیپی (21)ی کەرکوک.

4. حوسێن فەتاح حەمە حوسێن ناسراو بە ئەمین جامڕێزی (1955/ جامڕێز/ سەنگاو/ کەرکوک).

5. عەلی ئەحمەد خدر شەریف ناسراو بە لەشکر چوارقوڕنەیی (سلێمانی/ چوارقوڕنە/ 1965)، پێشمەرگەی تیپی (99)ی بتوێن.

6. کامیل ئەحمەد محەمەدئەمین محەمەد ناسراو بە کامیل چاوشین (1960/ کەرکوک/ سەنگاو/ ژاڵەی کرپچنە).

7. یاسین عەبدولکەریم مستەفا (1958/ کەرکوک/ کفری/ باوە شاسوار)، پێشمەرگەی تیپی (51)ی گەرمیان.

بەهۆی تۆپبارانی سوپای ڕژێم (31) پێشمەرگە کوژراو و برینداربوو، هەروەها نزیکەی (20) پێشمەرگەیەکیش بۆ گواستنەوەی تەرم و بریندارەکان لە هێزەکە دابڕان، یان نەیانتوانی بەشداری شەڕەکان بکەن، بۆیە نزیکەی (1230) پێشمەرگە بەشداری

شەڕەکانی شەڕەکانی ئاشقوڵکە، پشتئاشان، قەندیل و قڕناقاو بوون. سەرەڕای ئەوەی لە ئەنجامی تۆپبارانی سوپای ڕژێم بۆ سەر هێزەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو ژمارە کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە، کەچی لەدوای دووبارە بەڕێکەوتنەوەی کاروانی هێزەکەی یەکێتی بە بەردەم سەنگەرێکی حزبی شیوعی عێراق لە نزیک ڕەزگە لە گردی (ڕمکان)، کە محەمەد خدر پشدەری بەرپرسیان دەبێت، محەمەد خدر هەست دەکات کە هیچ پێشمەرگەی دیکە لەدوای ئەوان نەماوە، بۆیە دێتە سەر ڕێگایان و لە وریای مام قادر دەپرسێت کە ناسیاوی یەکتر بوون، ئایە هیچ پێشمەرگەی تر لە دوای ئەوان ماوە؟ ئەویش بە نەخێر وەڵامی دەداتەوە، محەمەد خدر دەستبەجێ تەقە لە وریا قادر عەبدوڵڵا ڕەشید ناسراو بە وریای مام قادر (1954/ ڕانیە) دەکات و دەیکوژێت، شیوعییەکانی ناو سەنگەرەکەش تەقە لە دوا کاروانی هێزەکەی یەکێتی دەکەن و حەمە غەریب سەعید تۆفیق ناسراو بە غەریب عەسکەری فەرماندەی تیپی (99)ی بتوێن بەسەختی زامدار دەکەن، ئەو چەند پێشمەرگەیەی یەکێتی کە لە دوا کاروانی هێزەکە دەبن وەڵامیان دەدەنەوە و شیوعییەک بە ناوی هیوا مەغدید عومەر ناسراو بە بەختیار (1957/ سەنگەسەر)، دەکوژرێت! پێشمەرگەکانی یەکێتی کە گوێیان لە تەقەکردن دەبێت دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی پەلاماری ئەو سەنگەرەی شیوعییەکان بدەن، بەڵام نەوشیروان مستەفا ڕێگەیان پێ نادات و دەڵێ: (با نەبێتە هۆی دواکەوتن، یان هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەی خۆمان)، کەچی محەمەد خدر پشدەری کۆمەڵێک ناڕاستی ڕیزکردووە گوایە یەکێتی هێرشیان کردۆتە سەر ئەو سەنگەرەی ئەوان، بەڵام شکاون و نەیانتوانیوە سەنگەرەکەیان بگرن، کە دەڵێ: (ئەوکاتە نەوشیروان خۆی لە پێشمەرگەکان تورە کردبوو، گوتبووی: لێرە لە گرتنی سەنگەرێک سەرکەوتوو نەبن، چۆن ئەوێمان پێ دەگیرێت؛[40])، ئەو قسەیەی ناوبراو کە بەناوی نەوشیروان کردوویەتی مایەی پێکەنینە و تەنیا بۆ خۆ بە پاڵەوان کردن و خۆفشکردنەوە نووسیویەتی، شیوعییەکان لەم جۆرە پڕوپاگەندانەیان زۆرەو لەنێو کۆمەڵگادا باوە کە دەڵێ: (برا ئەوە پڕوپاگەندەی شیوعییەکانە)، جا کە دەدۆڕێن بەم جۆرە پڕوپاگەندانە بەشێوەی کاتی دڵی خۆیان خۆش دەکەن، ئەگینا پێچەوانەکەی ڕاست دەرچوو. هێزەکەی یەکێتی، گەر نیازی پەلاماردانی ئەو سەنگەرەی شیوعییەکانی هەبوایە هەر لە سەرەتای تێپەڕبوونی کاروانە دوورودرێژەکە پەلاماری دەدان نەک لە کۆتایی

[40]- محەمەد خدر، پشووی چیا چەمکێک لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک، ل(89).

کاروانەکە کە لەلایەن محەمەد خدر پشدەری و شیوعییەکان پەلامار دران، کە کاری لەم جۆرە لە مێژووی ئەواندا زۆر جار دەبارە و سەدبارە بۆتەوە. محەمەد خدر پشدەری، دوای ڕاپەڕین سەنگەری گواستەوە نێو پارتی و لە هەولێر دەژیت، حازم عەلی کوتک لە یاداشتەکانی خۆیدا باسی ناوبراو دەکات کە ماوەیەک لەسەر بازرگانی کردن بە حەشیش گیرابوو.

کوشتنی (7) پێشمەرگەی یەکێتی و بریندارکردنی (22)ی دیکە، تەواوی تۆمەتەکانی حزبی شیوعی عێراق لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پوچەڵ و ڕەت دەکاتەوە، بەوەی کە گوایە یەکێتی بە پشتیوانی سوپای بەعس هێرشی کردۆتە سەر بەرەی جود و ڕۆژانەش پشتئاشان لەلایەن سوپای ڕژێمەوە بۆردومان کراوە، کە ئەوان هەردەم دەنگۆی ئەوەیان بڵاودەکردەوە لەدوای ڕوخانی ڕژێمیش تەنانەت یەک بەڵگە یان نووسراوێکی دەزگاکانی ڕژێمی بەعس نەدۆزرایەوە کە بانگەشەی حزبی شیوعی عێراق بسەلمێنێت چونکە هیچی ڕاست نەبوون، بەڵام ئەوان هەر لەسەر ناڕاستگۆیی و تۆمەت هەڵبەستن بەردەوامن. خۆ چەندان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، سەرکردایەتی و بەرپرسانی پارتە کوردستانییەکان فایلیان گیرا، گەر وابوایە چەند بەڵگەیەک هەر دەکەوتنە دەست. ئەو بانگەشەیەی حزبی شیوعی عێراق و لایەنەکانی بەرەی جود ڕێک کارەساتی هەکاری و لەنێوبردنی نزیکەی (800) پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن سەرکردایەتی کاتی پارتی (قیادة مؤقتة)مان بیردێنێتەوە، کە زیاتر لە نیوەیان بێچەک بوون، سەرەڕای ئەوەی کە ئێران، عێراق و تورکیا بە تۆپباران و فڕۆکە لە هێزەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یان دا، کەچی پارتی زۆر بێویژدانانە تۆمەتی ئەوەی دایە پاڵ یەکێتی کە گوایە ئەمانە جاشی حزبی بەعس و ڕژێمی عێراقن، لەسەر داوای ڕژێمی بەعس هاتوون پارتی لەناوببەن ئینجا دواتر گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم بکەن، سامی عەبدولڕەحمانی سکرتێری قیادە موەقەتە وتارێکی بە عەرەبی لەژێر ناوی (حملة آلاف الجحوش) نووسیبوو، لە سەرەتایساڵی (1979)دا ئەو تۆمەتنامەی ئەوم خوێندۆتەوە، کە دوای پێنج ساڵ ئەوجارە لە شەڕی (1983)ی پشتئاشان، لەلایەن حزبی شیوعی، پاسۆک، حسک و پارتی هەمان تۆمەت و سیناریۆی سامی عەبدولڕەحمان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشتر لە ساڵی (1978)دا بۆ کارەساتی هەکاری داڕێژرابوو، دووبارە دایانڕشتەوە بەوەی گوایە ڕژێم بە مەرجی ئەوە گفتوگۆی لەگەڵ یەکێتی پەسەند کردبوو کە یەکێتی

شەڕی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود بکات و لە کوردستان دەریان بکات، ئینجا دواتر گفتوگۆی نێوانیان دەست پێ بکات، کە ئەو سیناریۆ و تۆمەتبەخشینانەی شیوعی و بەرەی جود هەمووی لە کۆبوونەوەی سێلوێ-ی سەرکردە، فەرماندە و کادیرانی هەر چوار پارتی هاوپەیمانی نێو بەرەی جود بە سەرپەرشتی و ڕاوێژکاری پاسداران لە ڕۆژی (1983/5/24)دا بڕیاری لەسەر درابوو و هۆنرابوونەوە!

تەواوی لایەنەکانی بەرەی جود (حشع، حسک، پدک و پاسۆک)، ساڵانە ئەم قەوانە سواوە هەزار بارە دەکەنەوەو بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە حکومەتی بەعس شانبەشانی هێرشەکانی یەکێتی بۆ سەر بەرەی جود، تۆپبارانی هێزەکانی ئەوانی کردووە بە مەبەستی پشتگیری و هاوکاری کردنی یەکێتی، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەیان توانیوە ئەو بانگەشەیە بسەلمێنن و تەنیا ناوی یەک کوژراو بە نموونە بێننەوە، بەڵام ئەوە لە سەرەوە ناوی (7) پێشمەرگەی کوژراوی یەکێتی-م نووسیوە، سەرەڕای ئەوەی (22) پێشمەرگەش بریندار بوون، بەڵام خۆم بە کۆکردنەوەی ناوی ئەوان خەریک نەکرد چونکە کات و ماندووبوونی زۆری دەویست! وەلێ بۆ پشتیوانیکردن و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو تۆمەتەکانی لایەنەکانی جود، زیاتر تۆمەتبارکردنی یەکێتی بەم تۆمەتە بێ بنەمایانە و شاردنەوەی ڕاستییەکان، بە دەیان نووسەری حزبەکانی نێو بەرەی جود پشتیوانی لەو تۆمەتە بێبنەمایانە دەکەن کە فاتح ڕەسوڵ، بێویژدانانە نووسیویەتی: (بۆ نموونە: ڕژێم ئاسانکاری بۆ ینک کردبوو کە هێزەکانیان بۆ پشتئاشان بێنن ... بە فڕۆکە ڕومالّی ناوچەکەی دەکردو زانیاری بە یەکێتی دەدا، جاشەکانیش ناوچەکەیان بۆردومان دەکرد؛[41]). نووسەرانی دیکەی حسک، پارتی و شیوعی تۆمەتی هەڵبەستراوی زۆری لەم جۆرەیان داوەتە پاڵ یەکێتی کە لێرەدا ناتوانم ئاماژە بە ناوی هەموویان بکەم، ئەگەر سەرکردە، بەرپرس، کادیرانی بەرەی جود و نووسەرەکانیان ڕاستگۆن و گوایە حکومەت تۆپبارانی کردوون، بە فڕۆکە لەکاتی شەڕەکانیان لەدژی یەکێتی هێرشی کردۆتە سەریان بۆ ناوی یەک کوژراو یان برینداریێکیان نەنووسیوە؟ هەروەها سەبارەت بە پشتیوانی کردنی جاشەکان و هاوکارییان بۆ بەرەی جود، سەیری نامەی ئاکۆ عەباس مامەند بۆ حەسۆ میرخان بکە، کە وەکو وەڵامێک بۆ حەسۆ میرخانی نووسیوە و کۆپی نامەکەم داناوە،

[41]- فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕوداوو بەڵگەنامە 1982-1990، بەرگی سێیەم، ل(524-526).

هەمان کات جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە، ئاکۆی عەباس ئاغا و عەباسی بایزی باڵو ئاغا هاوکاری پارتی و بەرەی جود بووینە، جاشەکانی ئەنوەر بەگ لەدوای کشانەوەی یەکێتی لە بالیسان و چوونیان بۆ بێراوە، شیرێ و دەرەشیر، دوو ڕۆژ لەسەر یەک لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی (4.28) و شەوی (4.29)دا، هەوڵیان دا لە ڕێگەی دەرەزێوەو دەرەهەرتەل پشت لە یەکێتی بگرن و ڕێگەی ساوسێوکان بگرن، کە دۆڵی بالیسان لە شیرەی خوارو و شیرەی سەروو بە دۆڵی مەلەکان، شاخەکانی ئاراسن، کارۆخ، کەپرە و دۆڵی وەرتێ دەبەستێتەوە، بەڵام یەکێتی پێشتر لە شەوی (4.28)دا دوای کشانەوە لە بالیسان سەرەوەی هەردوو شاخی دەرەزێوەو دەرەهەرتەلی گرتبوو، کاتێک لەو ڕۆژەدا جاشەکانی ئەنوەر بەگ بەرەو دەرەزێوەو دەرەهەرتەل هاتبوون دوای سووکە شەڕێک بە شکاوی کشانەوە. دۆڵی بالیسان بەهۆی چوار دەروازەی دەرەشیر، دەرەدار (کە بەدەست حسک بوو)، دەرەزێوە و دەرەهەرتەل لە دۆڵی ساوسێوکان یەکدەگرنەوە و تاکە ڕێگەن بۆ وەرتێ، دۆڵی خانەقا و قەندیل، لە خۆشناوەتی وشەی دەرە لەبەردەم هەر ناوێک بێت بە مانای دەروازە دێت. سێ دەروازە بەدەست یەکێتی بوو، دەرەدار-یش لەدیوی ساوسێوکان بەدەست یەکێتی بوو بۆیە بەرەی جود نەیدەتوانی هێز بۆ ئاشقوڵکە و پشتئاشان بنێرێت. تەنانەت شەڕی بێتواتە دوا زنجیرە شەڕی بەرەی جود بوو لەدژی یەکێتی لە دۆڵی بالیسان، کە سەدان حسک و پارتی لەدوای تێکشکاندنی بەرەی جود لە دۆڵی بالیسان، خانەقا، وەرتێ و سەرکەپکان چوونە پاڵ ئەنوەر بەگ، عوسمان خۆشناو بەرپرسی ناوچەی پارتی و گوروباخ کۆیی بەرپرسی ناوچەی کۆیە، ئازاد خۆشناو، شێرزاد خوشناو، کەیفی کەمال بەگ لەگەڵ ئازاد و شەوقی برای، لە پارتی بوونە جاشی بێتواتە، کەیفی بەگ کرایە فەرماندەی سریە، خزموکەسی بەکرە کەچەڵ توتمەیی خڕیان چوونە بێتواتە، هەر لە کۆنیشەوە مەحمودی حاجی نادر فەرماندەی سریە بوو لە فەوجی ئەنوەر بەگی بێتواتە، برای دوو فەرماندەی حزبی شیوعی هەریەک لە عەلی حاجی نادر و محەمەدی حاجی نادر بوو، بە بە هاوکاری حسک و پارتی وایان کرد کە ئەنوەر بەگی بێتواتە پەلاماری مەڵبەندی چواری بالیسان بدات. سەلام عەبدولڕەزاق ئەلحەیدەر، تاکە شیوعییە نازانم چۆن ئەو ڕاستییەی نووسیوەو خۆی وەڵامی تۆمەتەکانی شیوعی و بەرەی جود دەداتەوە بەوەی باسی دەکات کە لە ڕۆژی (1983/4/26)دا بەهۆی چەند گوللە تۆپێکی سووک

کە لەلایەن یەکێتی ئاراستەی پشتئاشان کراوە ئەبو ماجید شانی بە سووکی بریندار بووە ([42]). ئەو چەند گوللە تۆپەی یەکێتی کە بە پشتئاشان نراوە، هەروەها سوهێل ئەلزەهاوی، ڕۆژی تۆپبارانەکە بە ڕۆژی (1983/4/28)ی داناوەو باسی برینداربوونی حامد ئەلخەتیب (أبو ماجد) دەکات، کە شانی بریندار بووە ([43])، کە خۆم پێموایە ئەو مێژووە ڕاستترە لەوەی سەلام، چونکە دوای داگیرکردنی بالیسان وەکو نامەیەک بۆ هەڵمەت بردنە سەر پشتئاشان ئەو چەند گوللە تۆپەی پێوەناون. ئەو بۆردومانەش لە پەرچەکرداری پەلاماری بەرەی جود بووە بۆ مەڵبەندی بالیسان، کەچی لە ئێزگەی شیوعی، پارتی و ڕاگەیاندنەکانی بەرەی جود کرایە سەدان و تۆپبارانی ڕۆژانەی ڕژێم بە مەبەستی هاوکاری یەکێتی. ناوی تەواوی بریندارەکەی ئەو ڕۆژە حامید ئەلخەتیب بریتییە لە حامید خەلیل ئیبراهیم حەمادی ئەلخەتیب ئالوسی ناسراو بە باوکی ماجد (1939/ عانە/ رومادی)، ئەندامی مەکتەبی سەربازی، کە لە ڕۆژی (1983/5/3)، لە پشتئاشان کوژرا.

قادر هەینی تەها ناسراو بە قادر دۆشکە، ئەوکاتە جێگری فەرماندەی تیپی (83)ی هەورێ و هەم لەسەر دۆشکە تاقانەکەی مەڵبەندی چوار بوو، بەر لە هێرشی بەرەی جود بۆ سەر بالیسان دۆشکەکەی بردبووە گوندی بێراوەو لە ڕۆژی هێرشکردنەدا پێشڕەوی شیوعییەکانی لە گوندی شێخوەسان بەرەو کانیبەرد و بالیسان باش وەستاندبوو، هەم پاش داگیرکردنی بالیسان نەیدەهێشت بەئاسانی هێزەکانی شیوعی و بەرەی جود لەنێوان بالیسان، کانیبەرد و شێخوەسانان بە ئازادی خۆیان هاتووچۆ بکەن.

---

[42]- سلام عبدالرزاق الحيدر، أوراق أنصارية من ذكريات النضال المسلح في كوردستان العراق، إعداد فائز عبدالرزاق الحيدر، ص(60-61).

[43]- سهيل الزهاوي، النصير الشيوعي، العدد (46)، آيار 2026، ص(3).

## بەڵگەنامەکانی بەرەی جود-ی شەڕخواز لەدژی یەکێتی:

ئەو بەڵگەنامانەی خوارەوە کە ئاماژەیان پێ دەدەم و لێکدانەوەم بۆ کردوون، لە نامیلکەی (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە؛[44])، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەرگیراون.

**بەڵگەی یەکەم:** بروسکەی ژمارە (100)ی مەکتەبی سیاسی حسک بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1983/4/20)دا نێردراوە، حسك داوای هەماهەنگی بەپەلەی هاوبەشی بەرەی جود دەکات بۆ تەمبێ کردن، لووتشکاندن و بەئەدەب کردنی یەکێتی، کە حسک پێی وایە جەلال تاڵەبانی (یەکێتی) شەڕی گوماناوی خۆی لەدژی حسک، پدک و حشع ڕاگەیاندووە. حسک داوا دەکات لقی یەک ئاگادار بکەنەوە لەپێناوی بەرگری کردنی هاوبەش و ناردنی هێزێک لەگەڵ نەجمەدین گوروون بۆ ناوچەی لێوژێ و ئێندزە بۆ مسۆگەرکردنی هاتن و گەیشتنی هێزەکانی حسک و شیوعی لە مەڵبەندی هەولێرەوە. حسک بە هاوبەشی شیوعی و بەرەی جود، سێ تاوانی یەک لەدوا یەکی (باداوان، بالیسان و ڕمکان)، لەماوەی پازدە ڕۆژدا لەدژی یەکێتی ئەنجامدا، کە سێزدە پێشمەرگە کوژران و پازدەش بریندار، کەچی بەپێی تۆمەتی ناڕاستی ئەوان تاڵەبانی شەڕی لەدژی بەرەی جود ڕاگەیاندووە!

تیپی (93)ی کۆیە ڕۆژی دوای بۆسەی ناڕەوای باداوان، بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتن، چەند کەرتێکی جیاجیا لە تیپەکانی مەڵبەندی چوار پەڕینەوە بۆ مەڵبەندی سێی وەرتێ بۆ ئەوەی ئەوێ بەهێز بکەن. حسک هەر لە ڕۆژی دواتر دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هێزەکانی خۆیی و هێنانیان لە دەشتی هەولێر، بەڕانەتی، شەقڵاوە، حەریر و کۆیە بۆ دۆڵی بالیسان و لە گوندەکانی (توتمە، بالوکاوە، بێرۆ، دەراش و سپیلکە) جێگیری کردن، حزبی شیوعی-ش هێزەکانی لە شەقڵاوە، دەشتی هەولێر، بەڕانەتی و کۆیە کێشایەوەو لە گوندەکانی (شێخ وەسانان، مەلەکان و چیاکانی دەوروبەر و ڕێی مەلەکان

[44]- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چۆن حزبی شیوعی عێراق شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

جێگیری کردن، پارتی-ش کە هێزی زۆر کەم بوو هێنانی بۆ خەتی، بێروێ و شاخەکانی دەوروبەر. خۆم ئەوکاتە لەو ناوچەیە مامۆستا بووم و ئاگاداری وردو درشتی ململانێ و شەڕەکانم. لە سپێدەی ڕۆژی (1983/4/27)دا، هێزەکانی بەرەی جود هێرشی توندیان کردە سەر بالیسان و هێزەکانی یەکێتی، کەواتە ئەوان ئاگری شەڕەکەیان خۆشتر کرد بە گرتنی بارەگای مەڵبەندی چوار لە ڕۆژی (1983/4/28)، ئەی بۆ دەبێ جەلال (یەکێتی) شەڕی گوماناوی خۆی لەدژی بەرەی جود ڕاگەیاندبێت؟ ئەوە ئەوانن (حسک و بەرەی جود)، داوای تەمبێکردن، لووتشکاندن و بەئەدەبکردنی یەکێتی دەکەن، ئەمانەش هەمووی بە چەک و شەڕ دەکرێن، واتە ئەوان خوازیاری شەڕن و دەیانەوێت لە ڕێی شەڕەوە کێشەکان چارەسەرکەن، کە بەپێچەوانەوە، کێشەکان هەردەم بە شەڕ گەورەترو ئاڵۆزتر دەبن. بەڵام شتەکان پێچەوانە دەرچوون و دوای تەمبێکردن، لووتشکاندن و بەئەدەبکردنی (حسک، پدک و حشع) لەلایەن یەکێتیەوە، یەک لەدوای یەک لە ساڵانی (1986-1987)دا ڕێی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ یەکێتی گرتەبەر، بەڵام ئاشتبوونەوەیەکی ناڕاستگۆیانە. حسک، داوای هێز لە لقی یەک دەکات کە هێزەکانی خۆیان لەگەڵ نەجمەدین گوروون-ی پارتی و هێزەکانی حزبی شیوعی بۆ لێوژێ و ئێندزێ بنێرن، بۆ ئەوەی ڕێی هاتنی هێزەکانی حسک و حشع لە مەڵبەندی هەولێر واتە دۆڵی بالیسان کە تەواوی هێزەکانیان لەم کاتەدا لەو دۆڵە کۆکرابوونەوە، بۆ مسۆگەر بکەن، کە بەدڵنیاییی مسۆگەرکردنی ئەم ڕێیە و گواستنەوەی هێزەکانی بەرەی جود لە دۆڵی بالیسان بۆ لێوژێ و ئێندزێ کە دەکاتە دۆڵی خانەقا و دۆڵی شەهیدان و وەرتێ بۆ لێدانی مەڵبەندی سێی یەکێتی لە وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی بووە، کە لە دوو قۆڵەوە، یەکەم لە قەڵاتووکان و دووەم لە دۆڵەتوو پەلاماری ئەم بارەگایانە بدەن (ئێندزە، بێدەلان، توژەڵە، سەکران، شێنێ، زەڵێ، ناوزەنگ و نۆکان). بەرەی جود نیازیان وابوو پەلاماری مەڵبەند، بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بدەن، دەبوایە چاوەڕێی ئەوەش بکەن کە بەر لە پەلاماری خۆیان، لەوانەیە یەکێتی پەلاماریان بدات، کە هەر واش دەرچوو!

**بەڵگەی دووەم:** نامەیەکی ئەحمەد قادر محەمەد سەفەر ناسراو بە ئەحمەد بانیخێڵانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حشع)، کە لە ڕۆژی (1983/4/30)دا بۆ مام ڕەسوڵ (ڕەسوڵە سوور)ی جێگری فەرماندەی لقی پشدەر ناردووە و باسی ئەوە دەکات کە ملازم هوشام و هاوڕێ (باوکی خالید)ی بۆ ناردوون لە پێناوی هەماهەنگی کارەکان و

ئاواتەخوازیشە پەلاماری داهاتوویان کە بەدڵنیاییی بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتیی و مەڵبەندی وەرتێ-یە، شێرانە بێت و خراپتر بەسەر ئەو سەرلێشێواوانە بهێنن کە لە بالیسان بەسەریان هێنان. مژدەی ئەوەشیان پێ ڕادەگەیەنێت کە هێزەکانی حزبی شیوعی هەولێر وا بەرەو لای حسک بەڕێوەن بۆ سەران. بە هەمان شێوە موژدەی ئەوەشیان دەداتێ کە هێزەکانی پارتی لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەگەنە لای ئەوان (دەگەنە لای حسک لە گوندی سەران) و هێزەکانی پارتی و حشع لە بادینانەوە بە ڕێوەن بۆ ئەم ناوچەیە (سەران) و داوا لە مام ڕەسوڵ دەکات کە هێزەکەی شیوعی لە ڕەزگە ئاگادار بکەنەوە بەپەلە خۆیان بگەیەننە پشتئاشان، بەڵام هێزەکانی هەولێری شیوعی نەگەیشتنە سەران، چونکە یەکێتی ئەو ڕێگایەی گرتبوو، هێزەکانی نێو ئێران و بادینانی پارتی نەگەیشتن، بەهەمان شێوەش هێزەکانی بادینانی شیوعی نەگەیشتن.

بەگوێرەی ئەم بروسکەیەی بانیخێڵانی بۆ ڕەسوڵە سوور، ئەگەر یەکێتی دەستی خۆی پێش دەستی بەرەی جود نەخستبایە و چەند ڕۆژێک هێرشەکەیان دوابکەوتایە، ئەوەی کە یەکێتی بەسەر ئەمانی هێنا، ئەوان بەسەر یەکێتییان دەهێنا، هەروەک بانیخێڵانی ئاواتی بۆ دەخوازێت کە لە بالیسان خراپتریان بەسەردا بێنن، بەڵام ئاواتەکەی بردە ژێر گڵ. ئەم خەیاڵ پڵاوەی بانیخێڵانی، ناڕاستگۆیی و بەڵێنەکانی پارتی و حزبی شیوعی لە ناوچەی هەولێر سەری شیوعییەکانی پشتئاشان و هێزەکانی پشدەری مام ڕەسوڵ-یشی خوارد! ئای چەند شەرمە بۆ سەرکردەیەکی وەکو ئەحمەد بانیخێڵانی داوای هەڵمەتی شێرانە لە چەکدارانی خۆی بکات، خۆیشی لەکاتی شەڕدا سەنگەر چۆڵ بکات، لەپەڕینەوە بەرەو ئەو دیو سنوورەکان، بێ ئەوەی فیشەکێک بتەقێنێت ڕێوی ئاسا بەدیل بگیرێت!

ئەحمەد بانیخێڵانی، بەگوێرەی ئەم نامەیەی کە بۆ مام ڕەسوڵە سووری ناردووە:

1. ملازم هشام فەرماندەی بەتالیۆنی پشتئاشان و ئیحسان ناسراو بە ئەبو خالیدی فەرماندەی بەتالیۆنی سەرکردایەتی وەکو دوو فەرماندەی سەربازی ناردووە کە پەیامی مەکتەبی سیاسی حشع بە مام ڕەسوڵ بگەیەنن و ئیشوکارەکان کە پەلامارداانی سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ، مەڵبەندی سێی وەرتێ لەگەڵ مام ڕەسوڵ ڕێکبخەن و دواتریش هەردوو فەرماندەکە بگەڕێنەوە پشتئاشان و ئەویش ئیشوکارەکان بەڕێوە ببات، کە ئەحمەد بانیخێڵانی وایکرد مام ڕەسوڵ بەکوشت بدات.

2. بانیخێلانی لە نامەکەدا بە مام ڕەسوڵ دەڵێ: (هیوادارم هەڵمەتەکانتان شێرانە بێت)، کەواتە ئەوان پلانی هێرش کردنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی و مەڵبەندی سێی وەرتێ یان هەیە بۆیە داوا دەکات هەڵمەتی شێرانە بەرنە سەر یەکێتی، بەڵام ئەو شێرەبەفرینە، لە کاتی دیلێتی و لە بەردەم مام جەلال سەدو هەشتا پلە هەڵگەڕاوەتەوەو دەڵێ: (مام جەلال کاتێک کە هێزەکانتان هێرش بکەنە سەر بارەگاکانمان چی چاوەڕێ دەکەیت بیلێیین؟)، نازانم ئەحمەد بانیخێلانی لەکوێی نامەکەیدا بە مام ڕەسوڵ دەڵێ: (ئەگەر هێرشتان کرایە سەر، وەڵامی شێرانەیان بدەنەوە)؟ ئەو بە ئاشکرا دەڵێ: (هیوادارم هەڵمەتەکانتان شێرانە بێت)، بانیخێلانی نەینووسیوە: (بەرگری کردنەکانتان شێرانە بێت)، کەواتە ئەو لێرەش پاساوێکی ناڕاست بۆ پلانێکی ناڕەوا دەهێنێتەوە. نامەکەی بانیخێلانی، لە ڕۆژی (1983/4/30)، دەکاتە یەک ڕۆژ بەر لە هەڵمەتی یەکێتی (1983/5/1)دا بۆ پشتئاشان نووسراوە، کەواتە چۆن دەکرێت ئەحمەد بانیخێلانی بڵێت: (مام جەلال کاتێک کە هێزەکانتان هێرش بکەنە سەر بارەگاکانمان چی چاوەڕێ دەکەیت بیلێیین؟)، چونکە هەروەکو باسم کرد نامەکەی بانیخێلانی یەک ڕۆژ پێش هەڵمەتەکە نووسراوەو داوای هێرشی حزبی شیوعی دەکات بۆ سەر یەکێتی، پێشتریش حشع و بەرەی جود لە ڕۆژی (1983/4/27)دا هێرشیان کردبووە سەر بارەگای مەڵبەندی (4)ی یەکێتی لە بالیسان و یەکێتی هەڵمەتی نەبردبووە سەر حشع.

3. ئەحمەد بانیخێلانی دەڵێ: (هیوادارم ئەم سەر لێ شێواوانە لە ناوچەی بالیسان خراپتریان لێ بێت)، لە ناوچەی بالیسان حشع و بەرەی جود هێرشی توندیان کردە سەر یەکێتی، کەواتە بانیخێلانی داوا دەکات هێزەکانی یەکێتی لە ناوزەنگ، توژەڵە و وەرتێ بە دەردی بالیسان ببەن، کەچی نەیزانی خۆی سەری لێ دەشێوێ و زەلیلانە بەدیل دەگیرێت.

بانیخێلانی، لە بیرەوەرییەکانیدا باسی شێوازی شەرمەزارانەی دیلکردنی خۆی دەکات کە مرۆڤ بەزەیی بە نابوێری و پەشۆکاوی ئەودا دێتەوە، ئەو کەوتۆتە دوو دڵی و نەیزانیوە چی بکات، بەتایبەت گوایە چەند جارێک گوێی لە ناوی (حاجی و ملازم عەلی) بووە، بۆیە بڕیار دەدات لەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە نزیک بێتەوە کە بە هی خۆیانی زانیوە، چۆتە ناویان و هیچ ئاگایان لەخۆیان نەبووە، تێی خوڕیون و پرسیاری لێ کردوون کە پێشمەرگەی کێن، ئەوانیش گوتوویانە: یەکێتی، لەگەڵ ئەو وەڵامە ئەژنۆی وشک

دەبێت، ئەوانیش لێیان پرسیوە ئەی تۆ؟ بانیخێلانی لە وەڵامدا گوتویەتی: پێشمەرگەی شیوعیم (ئیتر من تا ئەژنۆم وشک بوو؛[45])، ئەژنۆ دەشکێ، وشک نابێت، دواتر تێخوڕین وشەیەکی ناشرینە و زیاتر بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، بۆ مرۆڤ دەنگم دان بەکاردێت. بەڵام تا نووسینی یاداشتی بەدیل گرتنەکەشی هەر بە پەشۆکاوی ماوە بۆیە هەر بە پەشۆکاوی نووسیویەتی و گلەیی لێناکرێت. کاتێک کە داوای چەکدانانیان لێی کردووە، ئەویش نەک شێرئاسا دەستڕێژێکی لێکردبن، بەڵکو بەپێچەوانە و ڕێویئاسا دەستبەجێ چەکەکەی داناوەو بە زەلیلی خۆی ڕادەست کردووە بێ ئەوەی ئەو شێرە پەڕۆینە یەک فیشەک بتەقێنێ.

**بەڵگەی سێیەم:** بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی مەکتەبی سیاسیی حسک، کە نامەیەکی فەرمییە و لە ڕۆژی (1983/4/28)دا لەلایەن قادر عەزیز محەمەد ناسراو بە قادر جەباری (1946/ کۆڵەبان/ جەباری/ کەرکووک - 2016/11/12) و ڕەسوڵ مامەندی سکرتێری حسک بۆ ئەحمەدی فەقێ ڕەش (ئەحمەد فەقێ ئەحمەد سلێمان، ئەندامی سەکردایەتی و فەرماندەی هەرێمی (9)ی باڵەکی حسک) نێردراوە: ([46])، کە دوو دێر لە کۆتایی نامەکە بە دەستنووسی ڕەسوڵ مامەندی سکرتێری حسک نووسراوە. لە نامەکەدا داوا لە ئەحمەد فەقێ ڕەش دەکەن کە بە پەلە لەگەڵ سەرجەم هێزەکانی حسک و حشع بەرەو گوندی لێوژێ بکەونە ڕێ بۆ ئەوەی (لە وەرتێ و ئەو ناوەش تێیان سرەوێنن). بەدڵنیایی مەبەستیان لە (وەرتێ و ئەو ناوەش تێیان سرەوێنن)، واتە دوای داگیرکردنی وەرتێ پەلاماری بارەگاکانی سەرکردایەتی ناوزەنگ و ئەو ناوە بدەن، تا لەوێش بە گفتی خۆیان بە دەردی بالیسانیان ببەن، کەچی نەیانزانی خۆیان تێیان دەسرەوێندرێت و بە دەردێک دەچن، کە تا ماون نەک نەتوانن لەبیری بکەن، بەڵکو ببێتە گرێیەک لەسەر دڵ، زمان و مێشکیان! لە نامەکەدا هاتووە: (ئەوەبوو یەکێتی لە بالیسان چەند جارێک گێچەڵ و شەڕیان دەفرۆشت. هێزەکانی جودیان ناچار کرد دوێنێ 4/27 هەموو هێزەکانی جود پێکەوە لێیان بدەن و مەڵبەندی چواریان تێک و پێک بشکێنن و ڕاویان بنێن بەرەو وەرتێ و کوشتاری زۆریان لێ کردوون. بۆ ئەوەی ڕێگایەکی ئەمین.

[45]- ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم، ل(474).

[46]- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چۆن حزبی شیوعی عێراق شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل(34).

مەنتیقەیەکی ئەمین دروست کەین بۆ جود پێویستە لە وەرتەو ئەو ناوەش تێیان بسرەوێنین. پێویستە هەموو قوەتەکەتان لەگەڵ قوەتی برایانی حزبی شیوعی بکەونە ڕێ بۆ لێوژێ بێ دواکەوتن. تکایە زۆر ئیهتیمام بدەن بەم نامەیە و بێ دواکەوتن لەگەڵ قوەتەکەی ئەوان بەڕێ بکەون. دەبێ بە ڕێگایەکی ئەمیندا بێن چونکە دواکەوتنتان نەخشەی ئەم ناوەمان لێ تێک دەدات)، هەر بەگوێرەی ئەم نامەیە ئەوان دەخوازن ڕێی پەڕینەوەی نێوان وەرتێ و بالیسان واتە مەڵبەندەکانی سێ و چواری یەکێتی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەو کۆپلەیە لەلایەن ڕەسوڵ مامەند نووسراوەو داوا لە هێزەکەی خۆیان دەکات و نووسیوێتی: (دەبێ بە ڕێگایەکی ئەمیندا بێن چونکە دواکەوتنتان نەخشەی ئەم ناوەمان لێ تێک دەدات)، کە نەخشەی گرتنی مەڵبەندی وەرتێ، بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتیە لە (ئێندزە، توژەڵە، دۆڵەتوو، سەکران، شێنێ، زەڵێ و ناوزەنگ)، بەڵام یەکێتی بە سەرکردایەتی ئازاد هەورامی هێزێکی شەڕکەری باشی لەوێ دانابوو، هەر بۆیەش هیچ هێزێکی بەرەی جود لە هەولێر و بالیسان نەیتوانی بگاتە هێزەکانیان لە ئاشقوڵکە، پشتئاشان، سەران، لێوژێ و قڕناقا. بێویژدانی زۆر لە نامەکەی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و قادر جەباری بەدی دەکرێت، کە تیایدا نووسراوە:

**یەکەم**: وەکو ئاگادارن جەلالییەکان بە فیتی ڕژێم إعلانی شەڕی کردووە دژی جود.

بە ناچاری بۆ ئاشکراکردنی ناڕاستگۆییان دەبێ هەندێک تاوانی حسک، حزبی شیوعی و بەرەی جود دوو بارەو سێ بارە بکەمەوە بۆ نموونە، تاوانی کوشتنی شەماڵ و هاوێکانی، داگیرکردنی مەڵبەندی چوار و کوشتنی پێشمەرگەیەک و بریندارکردنی فەرماندەیەک لە بەرزاییەکانی ڕمکان، ئەوان تاوانەکانیان کردووە، یەکێتی بۆ وەستاندنی تاوانی دیکەی بەرەی جود هێرشی کردە سەر ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو، کەچی ئەوان زۆر بێویژدانانە، ناڕەوایانە و ناڕاستگۆیانە یەکێتی تۆمەتبار دەکەن بە هەڵگیرساندنی شەر! ئەمە چ ویژدانێکە کە بەو ڕادەیە پەنا ببەنە بەر ناڕاستی و چیرۆک هۆنینەوە؟

**دووەم**: بەرەی جود هێرشی کردە سەر بالیسان، کەچی ناڕاستگۆیانە دەنووسن گوایە چەند جارێک یەکێتی شەڕی بە بەرەی جود فرۆشتووە بۆیە ئەوان هێرشیان کردۆتە سەر بالیسان، کە یەکێتی لە بالیسان لاوازبوون و خۆیان لە شەڕی بەرەی جود لادەدا.

**سێیەم**: بەپێی بروسکەی مەکتەبی سیاسی حسک، هەڵوێستی هێزەکانی بەرەی جود زۆر یەکگرتوو بووە، کەواتە حشع بە تەواوی ئارەزووی خۆی بەشداری شەڕی دژی

یەکێتی کردووە، بۆیە هەروەکو دەڵێن: (ئەوەی سنگ بخوا، سنگ دەکوتێت)، یان (لە دەرگای هەر کەسێکتدا، لە دەرگای خۆتیش دەدەنەوە)، حزبی شوعی بەشداری هێرش و شەڕەکانی دژی یەکێتی بکات، دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکات کە بەدەستی یەکێتی لە پشتئاشان کوتەکی بەردەکەوێت!

**چوارەم:** لە نامەکەدا هاتووە: (بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی ئەمین، منطقەیەکی أمین دروست بکەین بۆ جود پێویستە لە وەرتە و ئەو ناوەش تێیان سرەوێنی). ئەوان دەیانەوێت ناوچەیەکی ئارام دروست بکەن، بۆیە بە پێویستی دەزانن لە وەرتێ-ش لە یەکێتی بسرەوێنێت، کە ئەمەش مانای وایە پەلاماری وەرتێ بدەن و داگیری بکەن. دوای داگیرکردنی بالیسان، نیازیان وابوو قۆناغی دووەمی پلانەکەیان جێبەجێ بکەن، کە لە دوو بەش پێکدەهات، بەشی یەکەم گرتنی وەرتێ و بەشی دووەم داگیرکردنی بارەگا و بنکەکانی سەرکردایەتی بوو، بەڵام بەهۆی نەگەیشتنی هێزەکانی حسک و شیوعی لە هەولێر و بادینان، هەروەها نەناردنی هێزە هەزار و پێنج سەد کەسییەکەی پارتی کە لایەنەکانی دیکەی بەرەی جودی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا هێشتەوە، یەکێتی هەڵمەتی بردە سەریان و وای تێسرەواندن کە هەرگیز لەبیری نەکەن.

**پێنجەم:** دەڵێ: (پێویستە هەموو قوەتەکەتان لەگەڵ قوەتی برایانی حزبی شیوعی بکەونەڕێ بۆ لێوژێ). سەرکردایەتی حسک، داوای هەموو هێزەکانی حسک و شیوعی دەکات بۆ ئەوەی بگەنە لێوژێ تا پلانی قۆناغی دووەم پەلاماردانی مەڵبەندی سێی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی بخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**شەشەم:** تکایە زۆر إهتمام بدەن بەم نامەیە و بێ دواکەوتن لەگەڵ قوەتەکەی ئەوان (حزبی شیوعی) بەڕێکەون، (چونکە دواکەوتنتان نەخشەی ئەم ناوەمان لێ تێک دەدات، ئیتر چاوەڕوانتان دەکەین، بە زوویی و بە سەلامەتی ئینشائەڵڵا دەگەنە لامان)، نووسینی نێو دوو کەوانەکە، کە دوو دێڕە لە نامەکەی مەکتەبی سیاسی حسک بۆ ئەحمەدی فەقێ ڕەش، دەستنووسی ڕەسوڵ مامەندە، کە داوا دەکات بەگرنگی لەم نامەیە بڕوانن و لە ناردنی هێزەکانی خۆیان و حزبی شیوعی کەمتەرخەمی نەکەن، چونکە هەروەکو خۆی نووسیویەتی، گەر هێزەکانیان دوابکەوێت، سەدا سەد نەخشەی ئەم ناوەیان کە داگیرکردنی مەڵبەندی سێی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بوو، لێ هەڵدەوەشێتەوە و ڕیسەکەیان لێ دەبێتەوە خوری، کە نەک بەدواکەوتنیان پلانەکانیان هەڵوەشایەوە، بەڵکو

بنەکە و بارەگای سەرکردایەتی تەواوی لایەنەکان لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەم گیران و ئاودیوی ئێران کران.

**بەڵگەی چوارەم:** بروسکەیەکی مەکتەبی سیاسیی حشع لە ڕۆژی (1983/5/1)دا بۆ مەکتەبی سیاسی (حسک) ڕەوانەکراوە: (ئەم بروسکەیەمان لە حدک پێگەیشتووە (بروسکەتان 53/ 4/30 هێزەکانمان لە دوو قۆڵەوە دێتە ناوەوە. یەکەم بۆ سەکران و ئێندزە و دووەمیش بۆ دۆڵەتوو و ناوزەنگ. ئێمەش هەر وەکو ئێوە بەپەلەین). بەگوێرەی ئەم بروسکەیەی سەرەوە، بەرەی جود نیازی پەلامارو داگیرکردنی مەڵبەندی سێی وەرتێ و سەرکرایەتی یەکێتی هەبووە، لە قۆڵی یەکەم لە سەکران و ئێندزە پەلاماری مەڵبەندی وەرتێ و لە قۆڵی دووەمیش لە دۆڵەتوو و ناوزەنگ پەلاماری بارەگاکانی سەرکردایەتی بدەن. کاتێک کە بەرەی جود نەخشەی پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەڵبەندی سێی دارشتبێت، بۆ دەبێ گلەیی لە یەکێتی بکرێ کە سەرکردایەتی حشع، حسک و پاسۆکی گرت و دەرپیەڕاندن بۆ ئێران؟ گەر هەڵمەتی یەکێتی چەند ڕۆژێک دوابکەوتایە بەرەی جود پەلاماری مەڵبەندی سێ و سەرکردایەتی دەدا لە ناوزەنگ. ئەی شیوعی و بەرەی جود دەیانەوێت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاوەڕێ بکات تا ئەوان هێزەکانیان کۆدەکەنەوەو دەگەنە (ئێندزە، سەکران، دۆڵەتوو و ناوزەنگ)، ئینجا مەڵبەند لەدوای مەڵبەندی یەکێتی و سەرکردایەتی داگیر بکرێ، یان دەستوبرد بکەن و بەرلەوەی لەوێش تێیان بسرەوێنرێ، ئەوان بسرەوێننە شیوعی و بەرەی جود؟ مەسعود بارزانی، دەڵێت: (ڕۆژی 28ی نیسانی 1983، حشع هەواڵیان بۆ ناردین کە جاشەکان و یەکێتی سەرقاڵی ئامادەکارییەکی گەورەن لە ناوچەی قەڵاتوکان. داوایان کرد کە هێزەکانمان لە ناوچەی ناوزەنگ لە جاشەکان بدەن. ڕۆژی 1ی ئایاری 1983، لەلایەن حزبی شیوعییەوە ئاگادار کراینەوە کە شەڕ لە ناوچەی کۆمتان دەستی پێکردووەو داوای هێزو هاوکاری و یارمەتییان کرد، ئێمەش هەزار پێشمەرگەمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بچن بۆ یارمەتی و هاوکاریکردنی هێزەکانی جود، بەڵام ئێران بە هیچ شێوەیەک دەرفەتی چوونی هێزەکانمانی نەدا بۆ ئالۆاتان کە لەوێوە هێرش بکرێتە سەر بارەگاکانی یەکێتی. دیار بوو ئێران حەزی نەدەکرد، یان پێی خۆش نەبوو، هێزەکانی یەکێتی تووشی شکستی گەورە بن، حەزیان دەکرد شەڕەکە درێژە بکێشێت و کەس لە شەڕەکەدا سەر نەکەوێت. ڕۆژی 2ی ئایاری 1983 حشع و حسک بروسکەیان کرد کە پێویستە ئەمڕۆ هێز بنێرین بۆ

یارمەتیدانیان، بەڵام دیسان حکومەتی ئێران ڕێگەی نەدایین؛[47]). مەسعود باسی ئەوە دەکات گوایە جاشەکان و یەکێتی سەرقاڵی ئامادەکاری گەورەن لە قەڵاتوکان، قسەیەکی مەلا مستەفا دەکەمە وەڵامی ئەو تۆمەتە گەورەیەی مەسعود بارزانی، کە لەکاتی بڕیاردانی گوللە باران کردنی (دکتۆر خالید سەعید، عەلی عەسکەری و حوسێن بابە شێخ) گوتبووی: (مرۆڤی مەزن پێویستە بە چەکی مەزن بکوژرێن)، بۆیە دەڵێم: (مرۆڤی مەزن ناڕاستگۆیی و تۆمەتی مەزن بڵاودەکاتەوە)، نامەی ئاکۆ عەباس مامەند ئاغا بۆ وەڵامی نامەکەی حەسۆ میرخان، هاوکاری عەباس بایز باڵو ئاغاو ئەنوەر بەگی بێتواتە ئەو بۆچوونەی مەسعود بارزانی بە چەواشەکار دەخەنەوەو دەیسەلمێنن کە جاش هاوکاری پارتی و بەرەی جود بووینە، هەروەکو ئەو چەند ئۆتۆمۆبێل چەک و تەقەمەنییەی ئەنوەر بەگ بۆ پارتی و جود-ی ناردبوو، ناڕاستگۆیانە خستیانە ئەستۆی یەکێتی کە لە ڕاستیدا ئەنوەر بەگ دوژمنی سەرەکی یەکێتی بوو چونکە یەکێتی دوو کوڕی ئەنوەر بەگی کوشتبوو، مستەفا ئەنوەر ڕەشید لە ڕۆژی (1982/6/29)دا کەوتە سەر مینێک و کوژرا، ئاراس ئەنوەر ڕەشید دوای کوژرانی مستەفای برای بە چەند مانگێک لە پلێنگان بەدەستی یەکێتی کوژرا. سەبارەت بەوەی کە گوایە مەسعود و پارتی دوو جار هێزێکی هەزار پێشمەرگەییان بۆ هاوکاری شیوعی و حسک ناردووە، بەڵام ئێران ڕێگەی ئەو هێزەی نەداوە بۆ ئەوەی لە ئالۆاتان هێرش بکەنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی، ئەمە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە بەڵکو شاردنەوەو ڕتووش کردنی پلانە نەگریسەکەی خۆیەتی کە بەدەستی ئەنقەست هێزەکانی خۆی نەنارد بۆ پشتئاشان بۆ ئەوەی یەکێتی کوتەکێکی باش بخێوێنتە حزبی شیوعی عێراق، کە لە شوێنێکی دیکە باسم کردووەو نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، بەڵام هەردوو ئاواتی مەسعود بارزانی هێنایە دی. بۆ ناڕاستگۆیی بارزانی پەنا دەبەمە بەر قادر ڕەشید ناسک، کە بەمشێوەیە گلەیی لە مەسعود بارزانی کردووە چونکە هێزی بۆ پشتئاشان نەناردووە: (ئێوە بەڵێنتان دا بە ئێمە کە 1500 پێشمەرگە بنێرن و پشتیوانییمان بکەن! ئەگەر ئەو هێزە بهاتایە بە هانامانەوە ئەوا ئێمە وامان بەسەر نەئەهات. ئیتر مەسعود بارزانی بواری ئەوەی نەدام گلەیی و پرسیاری زیادتری خۆم بکەم و وتی: ئێمە تەسەوڕمان نەدەکرد کە ئێوە لە پشتئاشان بەرگەی دوو

---

[47]- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی گوڵان 1975-1990، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل(243-244).

ڕۆژ ناگرن، ئێمە بەڵێنی خۆمان بردەسەر بەڵام فریاتان نەکەوتین لەبەرئەوەی ئێوە زوو تێکشکان. ئەو وەڵامەی مەسعود وای لێکردم کە بێدەنگی هەڵبژێرم، ئیتر ڕاستەوخۆ ئەوەم هاتەوە بیر کە لە دێی کۆیلە خەڵکی گوندەکە پێیان وتین: کە لەپێش ئێوەدا هێزێکی پێشمەرگەی پارتی سەد کەسێک ئەبوون بە ڕابەرایەتی نەجمەدین گورون، هاتنە ئێرە بۆ پشتئاشان بچن، ئێمە پێمان وتن شەڕ تەواو بووەو پشتئاشان گیراوە، ئیتر گەڕانەوە بۆ ئێنێ بۆ بارەگاکەیان؛[48])، کاتێک کە بارزانی لە وەڵامی قادر ڕەشید دەڵێ: (ئێمە تەسەوڕمان نەدەکرد کە ئێوە لە پشتئاشان بەرگەی دوو ڕۆژ ناگرن، ئێمە بەڵێنی خۆمان بردەسەر بەڵام فریاتان نەکەوتین لەبەرئەوەی ئێوە زوو تێکشکان)، کەواتە بارزانی لە نووسینی پەرتووکەکەیدا ڕاستگۆ نەبووە، چونکە ئەو هەر لە ساڵی (1983)دا کە وەڵامی قادر ناسک دەداتەوە باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەوان دوو جار هێزیان ناردووە، بەڵام گوایە ئێران ڕێگەی نەداوە هێزەکە بپەڕێتەوە باشووری کوردستان و ڕێگەی لێگرتوون.

**بەڵگەی پێنجەم:** نامەی ژمارە (235)ی ڕۆژی (1981/11/1)ی حزبی شیوعی عێراق بۆ کۆمیتەی هاوبەشی بەرەی جود ناردوویانە و لە بڕگەی (2)دا هاتووە: (وەک پێشتر و ئەم ئێوارەیە بۆمان نووسین، دوو جار کۆمەڵی مام جەلال هاتن بۆ لامان داوای بێلایەنی ئێمەیان کرد لە باڵەک، گوتمان شتی وا نییە و نابێ. داوای ئاگربەستی کاتیان کرد تا دەگەینە چارەسەرێکی مامناوەندی، گوتمان ئێمە هاوکاری جود دەکەین). زۆر بەڵگەی دیکەی هەن کە دەیسەلمێنن حزبی شیوعی عێراق زۆر بە پەرۆشی هەڵگیرساندنی شەڕەکانی ناوخۆی ساڵی (1983)ی دژ بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، بەڵام تەواوی بەڵگەکان لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە) دانراون. بەپێی بڕگەی دووەمی نامەکەی شیوعی بۆ حسک، گەر بڕگەکە ڕاست بێت، چونکە جارێک نەوشیروان مستەفا لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی (1983)دا، لە خوێندنگەی گوندی خەتێ لە دۆڵی بالیسان، گوتی: (ئێمە حزبی شیوعی عێراقمان کردبووە ڕیشسپی نێوان خۆمان و هەریەک لە حسک و پدک، دواتر بۆمان دەرکەوت کە ئەوان لە هێنان و بردنی نامە و ڕاسپادەی زارەکی ئێمە بۆ لایەنەکانی بەرەی جودو لە هێنانەوەی وەڵامی ئەوان بۆ ئێمە درۆمان لەگەڵ دەکەن، نامە و ڕاسپاردەی زارەکی ئێمە و ئەوانیان بە ئارەزووی خۆیان دەگۆڕی. هەتا لە گرتنی بەڵگەنامەکانی سەرکردایەتی

---

[48]- قادر ڕەشید ناسک، پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا)، ل(99+100).

حسک و شیوعی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرکەوت)، دواتریش ئەو بەڵگانەی لە ساڵی (1983)دا گیرابوون سەرەتا هەمان ساڵ لە نامیلکەی (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە) و دواتریش لە ساڵی (1997)دا نەوشیروان مستەفا لە پەرتووکی (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983)دا بڵاویکردەوە، یەکێک لە بەڵگەکان ئەو بەڵگەیەی سەرەوە بوو کە نەوشیروان مستەفا لە خەتیٚ بە نموونە هێنایەوە، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیام کە ئەوان ئەو قسەیان ڕاستەوخۆ لە هیچ کاتێک بە شاندی یەکێتی نەگوتووە کە گوایە شیوعییەکان بێلایەن نابن و هاوکاری بەرەی جود دەکەن، وەلیٚ گەر ئەو قسەیان کردبیٚ یان نەکردبێت، ئەوان لە دڵەوە پێیان خۆش بووە لایەنێکی شەڕەکە بن و هاوکاری بەرەی جود بکەن لەدژی یەکێتی، چونکە ئامانج و بەرنامەی خۆیان هەبوو لە شەڕەکان لەدژی یەکێتی و بەتایبەت بەرانبەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی سەرەوەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی بیری شەڕانگێزی و هەوڵی ئاژاوەگێڕی حزبی شیوعی عێراق لەپێناو خۆشکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆی ساڵانی (1981-1983)دا. جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە حزبی شیوعی عێراق لە کوردستان سیاسەتێکی دووفاقییان گرتەبەر بۆ نانەوەی کێشە، گیروگرفت و هەڵگیرساندنی شەڕ، ئەوان پشتیوانی هێزێکی جاش و ڕاسترەویان کرد، هێزیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی شەڕی یەکێتی پێبکەن، شیوعییەکان ئەم کارەیان بەئاشکرا نەکرد بەڵکو لە ڕواڵەت و لای یەکێتی باسی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی خۆیان لەگەڵ یەکێتی دەکرد، کەچی لەژێرەوە پیلانیان لەدژی یەکێتی دەگێڕاو خەنجەری ژەهراویان لەپشتەوە لێدەدا، قسە و کردەوەکانیان زۆر جیاواز بوو، هاوپەیمانی قیادە موەقەتەن کە لەژێر ئاڵای خومەینی و بڕیاری کۆماری ئیسلامی ئێران شانبەشانی ئەرتەش، پاسدار و سوپای خومەینی هێرش دەکاتە سەر کوردستان ([49]).

بەگوێرەی ئەو نامەیەی حشع کە وەکو بەڵگەی پێنجەم داندراوە، دەردەکەوێت کە ئەوان نەک هەر ناوبژیکەر و ئاشتیخواز نەبووینە، بەڵکو بە بەردەوامی لایەنگری سەرسەختی بەرەی جود بووینە لە شەڕ و ئاژاوەکانیان لە دژی یەکێتیدا! ئەوە خۆیانن دەڵێن: (ئێمە

---

49- جەلال تاڵەبانی، شۆڕشی نویٚ لەپراکتیکدا لەسۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادیرانی خەتیٚ - 1983، بۆردی هۆشیاری مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل(48).

بێلایەن نین و شتی وا نییە، شەڕ ناوەستێنین و هاوکاری بەرەی جود دەکەین)، هەرچەندە ئەوان هەرگیز قسەی وا ڕاشکاوانەیان لای یەکێتی نەکردبوو، بەڵام دیارە بۆ خۆهەڵکێشان ئەو نامەیان بۆ کۆمیتەی هاوبەشی بەرە نووسیوە، لە ساڵی (1983)دا یەکێتی ناوەڕۆکی نامەی ژمارە (235)ی لە ئیزگە و لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا بەناڕاست دەرخست. هەڵوێستی سەرانی حزبی شیوعی عێراق و خۆبەستنەوەی ئەوان بە بەرەی جود، هەر لە سەرەتاو یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی بەرەی جود لە ڕۆژی (1980/11/28)دا تا ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی بەرەکەیان لە ڕۆژی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی (1988/5/2)دا، هەر ڕێژەی نەگۆڕ (7/22) بووە! کەچی حزبی شیوعی هەردەم لە پێناو گەیشتن بە مەرامەکانی، خۆی وەکو فریشتەی ئاشتی و ناوبژیکەری نێوان یەکێتی و لایەنەکانی بەرەی جود بە کۆمەڵانی خەڵک ناساندووە! یەکێتی هەردەم داوای بێلایەنی حزبی شیوعی کردووە، ئەوان بە بەردەوامی لە وەڵامی یەکێتی و لای جەماوەر خۆیان وەکو بێلایەن نیشان داوە، کەچی هەمیشە دووڕوو بووینە و لای بەرەی جود وەکو لە نامەی سەرەوەدا نووسیویانە کە (ئەوان بێلایەن نین، شەڕ ناوەستێنن و هاوکاری بەرەی جود دەکەن)، کە ناوەڕۆکی نامەکە هەڵوێستی ڕاستەقینەی حزبی شیوعی عێراق بووە، بەڵام بە شاردراوەیی و تەمومژاوی، کە بەردەوام ویستویانە یەکێتی پێ هەڵبخەڵەتێنن! ئەو نامەیەی حزبی شیوعی دەیسەلمێنێت، کە سەرانی ئەو حزبە لە ڕاگەیاندنەکان خۆیان دەکەن بە فریشتە و لە ڕاستیشدا لە ئاڵوگۆڕی بروسکە و نامەکانی نێوان خۆیان و بەرەی جود، نووکی ڕم و سەری مارە ژەهراوییەکەن، ڕۆڵی گەورەی شەرخوازی و ئاژەوەگێڕی بەردەوام دەگێڕن. بەدرێژایی کێشە و شەڕەکانی یەکێتی و بەرەی جود، بۆچوونی نێو نامەی ژمارە (235)ی ڕۆژی (1981/11/1)، کە پێموایە لەلایەن ئەحمەد قادر بانیخێڵانی نووسراوە، بۆچوونی فەرمی شاردراوەی حزبی شیوعی عێراق بووە، ئەگینا ئەوان (هەرگیز لەلای یەکێتی شتی وایان نەگوتووە، بەڵکو دەیانگوت: ئێمە بێلایەنین و ناوبژیکارین)، هەروەها نکۆڵی ئەوەشیان دەکرد کە جود نیازی شەڕکردنی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبیت، بەڵام وا دەرکەوتووە کە ئەمەشیان هەر فێڵبازی و ساختە بووە بۆ دەرفەت هێنان لە یەکێتی و لەناکاو پەلاماردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ([50]).

[50]- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چۆن حزبی شیوعی عێراق شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی

ئەوەی لە نامەی ژمارە (235)دا هاتووە زۆر ڕاستیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە،

**یەکەم:** یەکێتی هەر لە زووەوە نەیویستووە شەڕی حزبی شیوعی بکات، بۆیە داوای بێلایەنی ئەوانیان کردووە.

**دووەم:** حزبی شیوعی، هەرگیز نێوەندگیری، ڕیشسپێتی نێوان یەکێتی و (پارتی، پاسۆک و حسک)ی نەکردووە، بەڵکو بەردەوام لایەنی بەرەی جود بووە لەدژی یەکێتی، گەر نێوەندگیری کردبێتیش لەم جۆرەی خوارەوەی کردووە:

لێرە، دەمەوێت ئاماژە بە دوو نێوەندگیری حزبی شیوعی عێراق بدەم، کە لە ڕاستیدا پلانێک بووە لەدژی یەکێتی و بۆ سەرکەوتنی پارتی و شکستی یەکێتی. **یەک:** ئەحمەد قادر ئەحمەد سۆراو (1922/ گەلاڵە)، فەرماندەی کەرتی گەلاڵەی هەرێمی (7)ی باڵەک بوو، لەگەڵ خوشکەزایەکی بە ناوی حەکیم حەمەد قادر (1955/ گەلاڵە)، لە سەرەتای مانگی مایسی ساڵی (1980)دا دەچن بۆ خانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و پارتی لەوێ دەیانگرن، تەنیا لەبەرئەوەی پێشمەرگەی یەکێتی بوون، عەبدولواحید باجەلان-یش هەر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان گیرا (هەر کەسێ ناوی تەواو، ساڵ و شوێنی لەدایکبوون و ڕۆژی گوللەباران کردنی دەزانێ با بۆم بنووسێت، چونکە لە لیستی شەهیدان ناوی نییە). هێزێکی باڵەک دوای گیرانی ئەو سێ فەرماندە و کادیرەی یەکێتی، لە ڕۆژی (1980/5/13)، لە نزیک گەلاڵە ژمارەیەک پێشمەرگەی پارتی گرت و (15)ی بەدیل بردو ئەوانی تریشی لەوێ ئازاد کردن. حشع لەسەر داوای پارتی کەوتە نێوبژیوانی بۆ گۆڕینەوە و ئازادکردنی دیلەکانی هەردوو لا، هەردوو لا بەهۆی حزبی شیوعی و قسەی ئەوان ڕێککەوتن کە یەکێتی (15) دیلەکەی پارتی ئازاد بکات لە بەرانبەر ئازادکردنی (3) دیلەکەی خۆی. یەکێتی لە ڕۆژی (1980/6/20)، هەر (15) دیلەکەی پارتی ڕادەستی حزبی شیوعی کرد تا (3) دیلەکەی یەکێتی-ش لای پارتی لەگەڵ خۆی بۆ یەکێتی بێنێتەوە، حزبی شیوعی (15) دیلەکەی پارتی کە لای یەکێتی بوون ڕادەستی پارتی کردەوە، بەڵام پارتی (3) دیلەکەی یەکێتی ئازاد نەکرد. دوای نزیکەی مانگێک پارتی ئەحمەد قادر سۆراو و حەکیم حەمەد-ی بەم مەرجە ئازادکرد کە بچنەوە نێو ڕژێم نەک یەکێتی، مام ئەحمەد و حەکیم بەناچاری گەڕانەوە نێو ڕژێم، خۆیان ڕادەست کردوە و وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنا. سەبارەت بە عەبدولواحید

---

نیشتمانیی کوردستان، ل(12-13).

باجەلان، پارتی ئەوی ئازاد نەکرد و بە سیناریۆیەک تۆمەتباری کرد بە هەوڵی کوشتنی ئیدریس بارزانی، حزبی شیوعی-ش هیچ هەڵوێستێکی بەرانبەر بەم بێ بەڵێنیەی پارتی نەبوو چونکە خۆی بەشێک بوو لە پلانەکە لەدژی یەکێتی و تاکە مەبەستیان ئەوەبوو کە دیلەکانی پارتی وەرگرنەوەو بەس. **دوو:** لە ڕۆژی (1982/7/28)، لە بارەگای شیوعی لە پشتئاشان، یەکێتی و پارتی بە شایەتی و گەرەنتی و گەواهیدەری حشع ڕێککەوتنێکیان مۆرکرد لە خاڵەکانی (2، 3، 4)دا هاتووە: (2. کوردستانی عێراق لە خانەقینەوە تا زاخۆ گۆڕەپانێکی ئازادە بۆ چالاکی سیاسیی و کارە سەربازییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان. 3. پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری ینک بچنە ئەم ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی ینک. 4. هێزەکانی ینک بۆیان هەبێ و ئازادبن لە چوونیان بۆ ئەم ناوچانەی کە بونیان تێدا نییە یان بونیان تیایاندا لاوازە؛[51]). دەستبەجێ، لقی دووی هەولێری پارتی هاتە گوندی خەتێ لە دۆڵی بالیسان و لقی چواریشیان لە گوندی (عازەبان) لە ناوچەی سلێمانی، بەڵام پارتی ڕێگەی نەدا ئەو هێزەی یەکێتی ئامادەی کردبوو بۆ بادینان بڕۆن، بۆیە لە ڕۆژی (1982/11/21)دا لە ڕێگەی حشع ئاگاداری سەرکردایەتی یەکێتی کرایەوە، کە یەکێتی نابێ بپەڕێتەوە دەڤەری بادینان، بە بیانوی ئەوەی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان ناوچەیی بووەو سنووری بادینان ناگرێتەوە، وەکو ئەوەی (لە خانەقینەوە تا زاخۆ) لە ڕێککەوتننامەکەدا نەنووسرابێ. لە ئەنجامی پاشگەزبوونەوەی پدک، حزبی شیوعی داوای لە یەکێتی دەکرد کە لە سەر شتی وا بچووک نەیکەن بە کێشە! حشع هاتنەوەی پارتی بۆ هەولێرو سلێمانی زۆر پێ خۆشبوو، پێی شتی بچووک بوو، نەچوونی یەکێتی-شی بۆ بادینان هەر بەلاوە بچووک بوو، چونکە ئەوان کاریان بۆ ئەوە دەکرد بە هێنانەوەی پارتی (بەرەی جود) لەدژی یەکێتی بەهێز بکەن.

**سێیەم:** یەکێتی لە خاڵی لاوازیەوە نەبووە کە شەڕی نەویستووە، بەڵکو شەڕی بە چارەسەر نەزانیوە بۆیە خۆی لاداوە لە شەڕەکان، بەڵام کە لە نیسان، ئایار، ئاب و ئەیلولی ساڵی (1983)دا ناچارکرا، بەرگری، شەڕ و هەڵمەتەکانی یەکێتی بۆچوونی حزبی شیوعی و لایەنەکانی بەرەی جودی پووچەڵ کردەوە.

[51]- فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990، بەرگی سێیەم، ل(482).

یەکێتی زۆر هەوڵی دا ئەو شەڕانەی مانگی یازدەی ساڵی (1981)، لە دۆڵی وەرتێ و شەهیدان نەکرێن، بەڵام حزبی شیوعی عێراق، کە بەردەوام لای یەکێتی بە سیناریۆی زیرەکانە نواندنی دەکردو خۆی وەکو بێلایەن و ناوبژیوان نیشان دەدا، وەلێ لە ڕۆژی (1981/11/8)دا بە فڕتوفێڵ هێزێکی هاوبەشی حسک و پارتی لەگەڵ هێزێکی خۆیان هێنایە نێو وەرتێ، کە بەناوی سەردانی بارەگاکانی یەکێتی چوونە ناو بارەگاکان، لە ناکاو چەکیان لە پێشمەرگەکان ڕاکێشاو پێشمەرگەکانیان لە چەند بارەگایەک یەک لەدوای یەک چەککردو دواتریش ئەم چەکانەی نەدایەوە، بەڵام یەکێتی لە ڕۆژی (1981/11/17)، هێزێکی بە فەرماندەیی نەوشیروان بۆ وەرتێ نارد، هێزەکە لە ڕۆژی (1981/11/19)دا ئابلۆقەی هێزەکانی جود-ی دا، بەتایبەت حزبی شیوعی زیرەی کرد و هەمان ڕۆژ پەنای بردە بەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوانیش دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی خۆیان (جەلیل ئەحمەد گادانی و ئەمیری قازی) یان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نارد، شەڕ وەستێندراو هەمان ڕۆژ (1981/11/19)، ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی لەنێوان (یەکێتی، حسک و شیوعی)، واژۆکرا؛ سەرچاوە: (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، ل17-20).

**بەڵگەی شەشەم:** نامەی حزبی شیوعی عێراق، کە بە مێژووی (1981/11/26-25، لەلایەن ئەحمەد بانیخێڵانی ناسراو بە ئەبو سەرباز نووسراوە و بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان نێردراوە، لە نامەکەدا ئەحمەد بانیخێڵانی کۆدی نێوان بەرەی جود بۆ هێرشکردنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەکاردەهێنێت و دەڵێت: (پێم باشە ڕۆژی (1981/11/29) بتوانین سەفەرەکە بکەین)، کە مەبەست لە (سەفەرەکە بکەین)، ئەوەیە کە هێرش بکەنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی، سەرەڕای ئەوەی کە بەرەی جود تێکشکابوون، لە یەکێتی مام جەلال تاڵەبانی و لە حزبی شیوعی عێراق ئەحمەد قادر بانیخێڵانی ڕێککەوتنی ڕۆژی (1981/11/19)یان بە نێوبژی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مۆرکردبوو، کۆپلەیەکی نامەی ئەحمەد بانیخێڵانی بۆ حسک، تێکشکاندنی هێزەکانی بەرەی جود دەسەلمێنێت کاتێک کە دەنووسێت: (برایان وا من بڕیارنامەی ڕێکەوتنەکەم إمزا کردو ناردم بۆ خزمەتتان. ئەمەش ملاحظاتی هاوڕێیانمانە: ئەوانیش و منیش هەست ئەکەین هێندێ نقاطی ضعفی تێدایە وەک تحدید کردنەکان. ماوەی کورت دیاری کردنەکان و شتی تریش، لەم ڕووەوە وە دەربارەی ئەم

شتانە هەموو لایەکمان بە پەرۆش بووین کە ئەم سوێندخوارانەمان لەم گیروگرفتە ڕزگارمان کەن و زیاتر توشی ڕووزەردیمان نەکەن)، واتە چونکە لە شەڕەکە تێکشکابوون و بە پەرۆش بوون کە سوێنخوارەکانیان (مەبەست حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە) ڕزگاریان بکەن. ئەحمەد بانیخێڵانی و حشع یەک هەفتە پێشتر، ڕێککەوتنی سێ قۆڵییان لەگەڵ یەکێتی مۆر کردبوو ([52]). هەر لە ڕۆژی ڕێککەوتنی سێ قۆڵی (یەکێتی، حسک و شیوعی)، حشع و حسک گفتیان دا گەر پدک وازی لە شەڕی براکوژی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهێنا، ئەوان هەڵوێست وەردەگرن، لێیان قەبوڵ ناکەن، وەکو تاوانبار و ناپاک سەرکۆنەی دەکەن و بەدڵنیایی لە پدک دووردەکەونەوە، بەڵام لەبری پابەندبوون بە ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەکە، ئەوان بەگوێرەی نامەی (1981-11-26/25)، پێچەوانەی گفتەکانیان دەیانەوێت لە ڕۆژی (1981/11/29)، پەلاماری بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بدەن، ئەی ئەوە دووڕوویی، بێبەڵێنی و ئاژاوەگێڕی حزبی شیوعی عێراق نییە، ئەم نامەیە دەیسەلمێنێت کە حزبی شیوعی عێراق حزبێکی بێ بەڵێن و پەیمانن! بەدڵنیایی حزبی شیوعی و بەرەی جود ڕاسپاردەی نامەکەی ئەحمەد بانیخێڵانی و حزبی شیوعییان جێبەجێ دەکرد، دوای تەنیا دە ڕۆژ دەیانەویست پەلاماری یەکێتی بدەن و ڕێککەوتنەکە بخەنە ژێر پێیانەوە، سەدا سەد ئەوان پلانەکەیان جێبەجێ دەکرد کە پەلاماردانی سەرکردایەتی یەکێتی بوو، وەلێ بەهۆی مانەوەی ئەو هێزەی کە بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا بۆ ڕزگارکردنی وەرتێ و دۆڵی خانەقا نێردرابوو، دوای ئاگربەست و ڕێککەوتنی سێ قۆڵی تا یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی (1982)، لە وەرتێ، گوندەکانی دۆڵی خانەقا و کارۆخ، بەرەی جود نەیتوانی پەلاماری سەرکردایەتی یەکێتی بدات لە چیای مامەندە و گوندەکانی (ئێندزە، توژەڵە، دۆڵەتوو، سەکران، شێنێ، ناوزەنگ و نۆکان).

حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، سەرەڕای بەردەوام بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوشتنی کوردی ڕۆژهەڵات، هەرگیز هەڵوێستیان وەرنەگرت، مام جەلال، لە کۆبوونەوەیەکی سەرەتای ساڵی (1983)دا، دوای شەڕی پشتیوانی، لە ئەحمەد بانیخێڵانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراقی پرسیبوو، کە

---

[52]- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چۆن حزبی شیوعی عێراق شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل(20).

بۆچی لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان ڕەخنە و هەڵوێست لە دژی پدک دەرنابڕن، کە شەڕی کوردانی ڕۆژهەڵات دەکات بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری جمهوری ئیسلامی ئێران، بانیخێڵانی گوتبووی: (ئێمە گوتومانە هەڵوێست وەرئەگرین، نەمانگوتوە هەڵوێست دەرئەبڕین؛[53])، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەوان بە نووسین یان لە ئێزگە هیچ هەڵوێستیان لەدژی ناپاکییەکانی پارتی نابێت. بانیخێڵانی، لە کۆپلەیەکی بەڵگەنامەی شەشەم سەبارەت بە ڕێککەوتنی سێ قۆڵی ڕۆژی (1981/11/19)ی نێوان یەکێتی، حسک و شیوعی، دەنووسێت: (وە ملاحظەیەکیش هەیە کە ئێمە هیچ إلتزامێکمان نەداوە، چونکە نووسیومانە ئێمە بەو پێیە یە هەڵوێست وەرئەگرین، ئەویش لەگەڵیان نەچین بۆ جەولات، یان لەگەڵیان نەچین بۆ شەڕ و لە هێندی حال و جێگادا بۆ تەنگەتاوکردنیان)، کە ئەمەش قسەیەکی زۆر منالانە و بازاڕیانەیە، بەم تێبینییەشی دەیسەلمێنێت کە ئەو وەڵامە نالۆژیکەی سەرەوەی مام جەلالی داوەتەوە، کە نەوشیروان مستەفا ئاماژەی پێداوە.

ڕاستییەکان، وەکو ئەوانەی سەرەوە بە بەڵگە، مێژووی دەستدرێژییەکان، شەڕفرۆشتنەکانی بەرەی جود بە یەکێتی (لەنێویاندا شەرفرۆشتنەکانی حزبی شیوعی عێراق) و مێژووی کوژراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدەستی چەکدارانی شیوعی و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود ساغ دەکرێنەوە، نەک بە سووکایەتیکردن و جنێوپێدانی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق و بەشێک لە ئەندامانی حزبی شیوعی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆژنامە، گۆڤار و بابەتی ئەندامەکانیان لە ماڵپەڕە کوردی و عەرەبییەکان بەوانەی کە ڕاستییەکان تۆمار دەکەن، بۆ نموونە جنێودان و سووکایەتی کردن بە دکتۆر ڕەفیق سابیر.

**بەڵگەی حەوتەم:** نامەی حزبی شیوعی عێراق، کە بە مێژووی (1981/10/30)، بۆ مەکتەبی عەسکەری و مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان نێردراوە، ئەو نامەیە هەر بە ڕێنووسی ئەحمەد بانیخێڵانی دەچێت، کە دوای کوژرانی عەبدوڵڵا سووری فەرماندەی حسک لەلایەن یەکێتی نووسراوە. کە لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە: (لەم مناسەبەتەدا دڵگرانی خۆمان و هاوغەمی خۆمان و بەشداری خۆمان لەگەڵتاندا دەرئەبڕین لەم ڕووداوە سەختەدا. تێکۆشەران نرخی ڕاستیان دەرئەکەوێت،

---

[53]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979-1983، ل(267).

کاتێک کە ئاخر پلەی وەفاداری خۆیان ئەسەلمێنن بە شەهید بونیان. هیوادارین هاندەرمان بێت بۆ هاوکاری، بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکەیان، بۆ سەندنی تۆڵەیان. بۆ کاری دروست و ڕێکوپێک کردن و نەخشەی ورد بەجێهێنان). ئەو نامەیەی حزبی شیوعی عێراق بەڵگەیەکە بۆ ئاژەوەگێڕی حزبی شیوعی عێراق بۆ هەڵگیرساندنی شەڕە ناوخۆکان، کە حزبی شیوعی عێراق ڕۆڵی سەرەکی و یەکەمی بینی لە هەڵگیرساندنی شەڕە ناوخۆکانی پایزی ساڵی (1981) و بەهاری ساڵی (1983)دا، بەڵام شیوعییەکان ئەو نامەیە بە هەوڵی نێوەندگیری، سەقامگیری ئاشتەوایی، ڕیشسپێتی و بێلایەنی خۆیان لەنێوان یەکێتی و بەرەی جود دەزانن، کە هەوڵی لەم جۆرەیان زۆر بوو. ئێستا زانیتان کێ هەڵپەی هەڵگیرساندنی شەڕ ناوخۆ دەدات، کە حزبی شیوعی عێراق هەزاران ناڕاستی و چیرۆک دروست دەکات گوایە ڕژێم مەرجی ئەوەی بەسەر یەکێتی سەپاندووە کە پشتئاشان بگرێ و بەرەی جود لە کوردستان دەرکات، ئینجا گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، هەر بەقسەی خۆیان لە پایزی ساڵی (1982) و سەرەتای ساڵی (1983)دا شاندی ڕژێم لەگەڵ یەکێتی دانیشتوون، بەڵێ ڕاستە دانیشتوون وەلێ نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک و ڕژێم چۆتە لای پارتی و بنەماڵەی بارزانی کە دواتر لە مانگی تەموزی ساڵی (1983)دا ئێران پێی زانی و گفتوگۆی نێوانیانی بە هێرشێکی هاوبەشی پاسدار و پارتی بۆ سەر گردەمەند، چۆمان، حاجی ئۆمەران، سیدەکان و گەلاڵە تێکدا و ئەنفال کردنی بارزانییەکانی بەدوادا هات، بەڵام شیوعییەکان هەرگیز باسی گفتوگۆی پارتی و ڕژێم ناکەن، تەنیا بۆ جارێک و یەک شیوعیش بابەتێکی لەسەر ئەم گفتوگۆیە نەنووسی و پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی و سەرانی پارتی بە جاشی بەعس و سەدام ناوببات. مرۆڤە کەللەڕەقەکان بەڵگەش ناتوانێ باوەڕیان پێ بێنێت و بەپێی بەڵگەکان دان بە ڕاستیدا بنێن، بۆیە لای ئەوان (بشفرێ هەر بزنە).

## شەڕخوازی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق و ڕادیۆکەیان:

شەڕی پشتئاشان، زنجیرەی ئەو شەڕانە بوو کە لە ساڵی (1983)دا لەلایەن بەرەی جود (حشع، پدک، حسک و پاسۆک) بەسەر هێزەکانی یەکێتی سەپێنرا. هێزەکانی شیوعی لە سەرجەم شەڕەکان لە دژی یەکێتی بەشدار بوو، جگە لە مەڵبەندی سلێمانی - کەرکوک کە بەهائەدین نوری سەرەڕای فشاری زۆری مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشداری شەڕەکان بن کەچی ئەو بەقسەی نەکردن چونکە دەیزانی شەڕ بە زیانی شیوعی و بەرەی جود کۆتایی دێت، هەروەکو لە وەڵامی ئەو بروسکەی کە بۆ مەکتەبی سیاسی ناردووە ئەوان لە بروسکەی خۆیاندا داوا لە بەهائەدین دەکەن کە شانبەشانی بەرەی جود لەدژی یەکێتی شەڕبکەن، بەڵام حزبی شیوعی لە مەڵبەندی هەولێر شانبەشانی هێزەکانی جود شەڕی یەکێتی کرد. حسک، حشع و پاسۆک لە ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو بە تەواوی خۆیان قایم کردبوو، سەنگەری سەختیان دانابوو لەسەر چیا بەرزەکانی دەوروبەری بارەگاکانی سەرکردایەتیان، بەڵام نەیانتوانی خۆیان لەبەر هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگرن و بە سەختی تێکشکان، پاساوی حشع کە گوایە ئەوان لەو باوەڕەدا نەبووینە یەکێتی هێرش بکاتە سەریان، جگە لە پاساوێکی شکستەکەیان هیچی تر نییە. حزبی شیوعی عێراق، کە شەڕی مەڵبەندەکانی سێ و چواری یەکێتی کردبێ و لەگەڵ بەرەی جود خەریکی کۆکردنەوەی هێزو پلانی پەلاماردانی سەرکردایەتی یەکێتی، مەڵبەندەکانی سێ، دوو و یەک بێت، هەمانکات لە ئێزگەیان (دەنگی گەلی عێراق)دا لە پشتئاشان ڕۆژانە دەیان جار وتارێکی کەریم ئەحمەد لەژێر ناوی (لەوێدا هەندێک کەللە سەری گەرم هەن دەبێ سارد بکرێنەوە/ بإن هناک رؤوسا ساخنة یجب تبریدها) بڵاوبکەنەوە، دکتۆر محەمەد ئەلحەجاج، نووسیویەتی: (ڕووداوەکان بە شێوەیەکی دراماتیکی گەشەیان کرد، دیارترینیان وتارێکی کەریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بوو، کە لە ئێزگەی (دەنگی گەلی عێراق) کە بارەگاکەی لە پشتئاشان بوو بڵاوکرایەوە. کە لە وتارەکەدا هاتبوو: (لەوێدا هەندێک کەللە سەری گەرم هەن دەبێ سارد بکرێنەوە/ بإن هناک رؤوسا ساخنة یجب تبریدها)، بەدڵنیایی مەبەستی لەم کەللە سەرانە (ینک) بوو. ئەمەش بووە هۆی خۆئامادەکردن بۆ شەڕێک لە دژیاندا (کە بە

شەڕی بالیسان ناسرا)، کە ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی حشع و یەکێک لەوانەدا خۆم بووم کە حزبمان لە دەرئەنجامەکانی ئاگادارکردەوە ([54]). لە ماوەی نێوان کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی تا دەرپەڕاندنی شیوعی و نەرەی جود لە سنووری مەڵبەندی سێی وەرتێ، پشتئاشان، قڕناقاو، ئاشقولکە و قەندیل بە کوردی (سۆرانی، بادینی)و بە عەرەبی گوێم لەم وتارە بووە، بەڵام تا پەرتووکەکەی محەمەد ئەلحەجاج-م نەخوێندەوە، نەمدەزانی نووسەری وتارەکە کەریم ئەحمەدە. کەواتە حزبی شیوعی عێراق بۆ دەبێ چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبێ کە یەکێتی پەلاماری بدات، کە دەمێک بوو دەیزانی سەری ئەو مارەی لە ڕێگەی ئێزگەکەیانەوە بەرانبەر بە یەکێتی فیشکە دەکات، لە پشتئاشانە؟ عەبدولڕەزاق جەمیل عەبدولکەریم سافی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەرپرسی ڕاگەیاندن و دەنگی گەلی عێراق، دەیان وتاری ئاگرینی دەنووسی و گڕی شەڕەکانی خۆشتر دەکرد، ڕۆژانە لەم ڕادیۆیەدا هێرش دەکرایە سەر یەکێتی و سووکایەتی پێ دەکرا، وتارەکانیش هەمووی لەم ڕادیۆیەدا بەدەنگی موفید محەمەد جەواد ناسراو بە موفید ئەلجەزائیری (1939/ بابل)، محەمەد حەسەن ئەلشەرقی، ڕەجا ئەحمەد خەلیل ئیبراهیم ئەلزەنبوری بێژەرانی عەرەبی و پڕشەنگ سەعید محەمەد ئەمین بە کوردی دەخوێندرایەوە، دەیانگوت تێکدەرەکانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستانی (مخربي ألإتحاد ألاالوطني ألاکوردستاني)، جاش جەلالی و جاشەکانی شەست و شەش، ئەم وتارانە هەمووی بەر لە شەڕی پشتئاشان، پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان و دواتریش ماوەی نێوان گرتنی بالیسان لەلایەن بەرەی جود و ڕۆژی یەکی ئایار بڵاودەکرانەوە. حزبی شیوعی، گەر بێلایەن، ناوبژیکەر، ڕیشسپی و ئاشتیخواز بوونایە وەکو خۆیان بانگێشەی ناڕاستگۆیینەیان بۆ دەکرد، بەشداری ئەم هەموو تاوانەیان نەدەکرد لەدژی یەکێتی، لە ئێزگەکەشیان بە وتارەکەی کەریم ئەحمەد هەڕەشەیان لە یەکێتی نەدەکرد، بەو دەستەواژە قێزەونانەی سەرەوە ناوی یەکێتی-یان نەدەهێناو سووکایەتیان پێنەدەکرد، کە ئەم ڕەفتارانە هەموویان ڕەفتاری دوژمنە نەک بێلایەن و ناوبژیکەر! کەریم ئەحمەد، عەبدولڕەزاق ئەلسافی، عامر عەبدوڵڵا، ماجد عەبدولڕەزا، موفید جەزائیری و دەیان کادیری دیکەی شیوعی کە وتاریان دەنووسی بۆ ئێزگە، بەم وتارانەی سەرەوە و دەیان وتاری دیکەیان، پێشمەرگەی شیوعییان هاندەدا تا شەڕی یەکێتی بکەن، نەمبینی و نەمبیست یەکێتییەک

[54]- دکتور محمد عبدالمحسن معارج الحجاج (محمد الحجاج)، تجربتي، ص(92).

لەسەر خوێندنەوەی وتارەکان ڕقی لە (پڕشەنگ، ڕەجا، محەمەد ئەلشەرقی و موفید جەزائیری) بێتەوە، کەچی زۆرێک لە شیوعییەکان بە بەردەوامی پەلاماری فەرهاد سەنگاوی بێژەری دێرینی دەنگی گەلی کوردستان دەدەن، سووکایەتی پێ دەکەن، خۆ دەستیان بکەوێت وەکو ڕەفتار و تاوانی سالآنی (1958-1963)یان، پارچە پارچەی دەکەن و دواتر وەکو خوی باویان بەدوای ئۆتۆمۆبێل ڕایدەکێشن (سەحلی دەکەن). ئایە دەستە شەڕخوازەکەی نێو حزبی شیوعی کە بریتی بوون لە: (عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد پیرداود، ئەحمەد قادر محەمەد بانیخێڵانی ناسراو بە ئەبو سەرباز، باقر ئیبراهیم ئەحمەد ئەلموسەوی، تۆما سادق شەمۆ تۆماس، حوسێن سوڵتان حەمادی ئەلخالیدی، ڕەحیم موحسین محەمەد عەجینە، زەکی خەیری سەعید، سلێمان یوسف ئیستیفان بوکە ناسراو بە ئەبو عامل، عامر عەبدوڵڵا عومەر ئەلعانی، عەبدولڕەزاق جەمیل عەبدولکەریم ئەلسافی، عومەر عەلی شێخ محەمەد ئەلیاس ناسراو بە ئەبو فاروق، ماجد عەبدولڕەزا نوری ئەلتائی، یوسف حەنا یوسف ئەلقەس ناسراو بە ئەبو حیکمەت و سەدان کادری دیکەی پێشکەوتوویان)، بڕیاری شەڕیان لە دژی یەکێتی دا، یان فەرهاد سەنگاوی بڕیاری شەڕی لەدژی حزبی شیوعی داوە، کە فەرهاد ئەندامی سەرکردایەتی نەبووە و بڕیاری شەڕیش درابێت ئەو کاریگەری لەسەر بڕیارەکە نەبووە، چونکە تەنیا بێژەر بووە، هەواڵی شەڕ، بەرگریکردن و هێرشەکانی دەخوێندەوە، لەگەڵ پێشکەشکردنی بەرنامەی کاروانی شەهیدان و چەند وتارێک کە بۆ ئێزگە دەنووسران؟ باشە ئەو هەموو ڕق و کینە ڕەشەی شیوعیەکان دژ بە ئەو لە پای چی؟ سەنگاوی نەبووە هۆکاری تواندنەوەی حزبی شیوعی، بەڵکو ئەوانەی سەرەوە بە هەڵە یەک لەدوای یەکەکانیان چارەنووسی شیوعیان بە ڕۆژگارێک گەیاند کە کەس ئاواتی بۆ نەدەخواست.

بەگوێرەی ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق، حزبی شیوعی هەر زوو بڕیاری شەڕی لەدژی یەکێتی دابوو، کەچی دەیانەوێت ڕاستییەکان بشارنەوەو مێژوو تەواو چەواشە بکەن؟ ئەوەی حزبی شیوعی لە ئێزگە و ڕاگەیاندن ناڕاستگۆیانە بە یەکێتی دەکرد با بە دەواری شڕی نەدەکرد، جارێ درۆنامەیەکیان بەناوی (رسالة العراق) لە شام دەردەچوو، تەنیا تۆمەت و ژەهر ڕشتن بوو لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کاتی خۆی لە سالآنی (1982-1984)دا ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان جارجار درۆکانی ئەو مانگنامەیەی ئاشکرا دەکرد و بەشێوەی گاڵتەجاڕی وەڵامی دەدانەوە، ئێستاکەش

درۆنامەیەکی دیکەیان هەیە بەناوی (النصیر الشیوعي) کە لەسەر هەمان ڕێبازی (رسالة العراق) بەردەوامە! حزبی شیوعی عێراق، بەپێی ئەو دوو ئۆرگانە ئەندام و لایەنگرانی خۆیانی پەروەردە دەکرد، ناڕاستگۆیی شیوعییەکان، ئەو دوو درۆنامەیەی هێناوەتە بەرهەم هەروەکو پێشتر پەندێکی بڵاوی لەنێو کوردو عێراقییەکان هێنابووە بەرهەم کە دەڵێ: (کاکە ئەوە پڕوپاگەندەی شیوعییەکانە/ یابە هاي دعایة الشیوعیین)، واتە ناڕاستگۆیی شیوعییەکانە! کەریم ئەحمەد داوای دەکرد هەندێک کەللە سەری گەرمی یەکێتی سارد بکرێنەوە، بە کرداریش داوای کردووە کە هێزەکانی بەرەی جود بکرێن بە یەک هێزی گەورە لەدژی یەکێتی، فاتیح ڕەسوڵ، نووسیویەتی: (لە ڕۆژی (1983/4/13)دا هاوڕێیان کەریم ئەحمەد، عەبدولڕەزاق سافی و فاتح بۆ بارەگای م. س حسک لە قڕناقاو چووین، لەگەڵ کاک ڕەسوڵ مامەند، قادر جەباری، عەبدولخالق زەنگەنە، سەید کاکە کۆبووینەوە. هاوڕێ کەریم ئەحمەد کەوتە وەرامدانەوە: 3- لەگەڵ ئەوەداینە هێز و توانای چەکداری بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) بکرێت بە یەک هێز، بەرانبەر بە دەست درێژی چەکدارانی ینک؛[55]). بەڵام ئەوکاتەی کەریم ئەحمەد بەدیلی کەوتە دەست یەکێتی، دەمودەست وەکو شێرەبەفرینە توایەوەو داوای ڕێککەوتنی شیوعی و یەکێتی کرد، بۆیە (زمان درێژی بێ دەسەڵات)، لەسەر زۆرێک لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی جێبەجێ دەبێت بەتایبەت کەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێڵانی. یەکێتی، سەرەڕای ڕاستییەکان و سەرەڕای ئەوەی باش دەیزانی حشع نەخشە و پلانی تواندنەوە و لەناوبردنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەتایبەت و یەکێتی بە شێوەیەکی گشتی خستبووە بەرنامەی کاری خۆی، بەڵام حەزی بە شەڕو لێدانی ئەوان نەدەکرد، باش دەیزانی کە سەری مارەکە لە پشتئاشانە و خەریکی پلاندانانی گرتنی (مەڵبەندی سێ، بارەگاکانی سەرکردایەتی، مەڵبەندی دوو و مەڵبەندی یەکە)، بۆیە دوای بێئومێد بوون سەری مارەکەی پان کردەوە، بۆ ڕاستی ئەو بۆچوونەم دکتۆر ڕەفیق سابیر، نووسیویەتی: (ئەگەر سەرکردایەتیی حزبی شیوعی، بەرەی (جود)ی لەگەڵ پارتی و سۆشیالیست پێک نەهێنابووایە، شەڕی نێوخۆ هێندە فراوان نەدەبوو. چونکە تا ئەو کاتە پارتی و حسک لە سەنگەری داکۆکیکردندا بوون، بنکەی جێگیریان لە باڵەکایەتی، دەرگەڵە، گەلاڵە و

---

[55]- فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990، بەرگی سێیەم، ل(247-249).

ناوچەی تری پارێزگای هەولێر نەبوو. بۆیە نەیاندەتوانی هێرش بۆ سەر یەکێتی بەرن. پشتئاشان کە بارەگای سەرکردایەتی حزبی شیوعی لێبوو، کرایە بنکەی سەرەکیی کۆکردنەوەی هێزی پێشمەرگەی جود، بۆ شەڕی یەکێتی. بەو کارە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی، بەئاگایانە یان بێئاگایانە، خۆی و حزبەکەی کردە کەواسووری بەر لەشکری جود. یەکێتی هەستی بە مەترسی کرد. ملازم عومەر عەبدوڵڵا بەرپرسی مەکتەبی سەربازی یەکێتی، دوو نامەی بۆ حزبی شیوعی نووسی و پێداگری کرد: (ئێمە بە هیچ جۆرێک نامانەوێ شەڕی ئێوە بکەین، بەڵام هاتنی پارتی زەمینەی تێکچوونی پێوەندی نێوانمان ساز دەکات). حزبی شیوعی لە وەڵامدا وتیان: (برادەرانی پارتی بۆ لێدانی ئێوە نەهاتوون، ئەگەر ئێوە شەڕ بە جود نەفرۆشن؛[56]). کەچی هەر دوای ئەو وەڵامە ئەحمەد بانیخێلانی دەنووسێت: (ئەو هێزانەی کە هەمانبوو پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بە ڕابەری ملازم خدر، پێشمەرگەکانی پارتی بە ڕابەری مەلا محەمەد و پێشمەرگەکانی سۆشیالیست بە ڕابەری سەید کاکە و قادر جەباری، بەر لەوەی یەکێتی بە تەواوی خۆی کۆکاتەوە و پەلاماری ئەوان بدات، ئەوان هێرشیان بردە سەر بنکەکانی یەکێتی لە زارگەلی و وەرتێ و ناوچەکەیان پێ چۆڵ کردن؛[57]). ئەحمەد بانیخێلانی، هەتا لەمەش ڕاستگۆ نەبووە، چونکە یەکێتی هیچ هێزێکی کۆنەکردبووەوە بۆ پەلاماردانی جود، پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی سەرەتا بە فرتوفێڵ و بیانووی سەردان چوونە نێو بارەگاکانی یەکێتی لە (وەرتێ و خانەقا)، سەردانیکەرانی شیوعی پێشتر میلی چەکەکانیان ڕاکێشابوو، کاتێ کە دەگەیشتنە ناو هەر بارەگایەک لەپڕ چەکیان لە شانیان دەهێنایە خوار، لولەی چەکەکانیان ئاراستەی پێشمەرگەکانی یەکێتی دەکردو چەکیان دەکردن، دواتر زانرا کە شیوعییەکان پێشمەرگەی پارتی و حسکی ناوچەی تریان بەناوی پێشمەرگەی شیوعی و بەناوی میوانداری لەگەڵ خۆیان بردبووە ناو بارەگاکانی یەکێتی بۆ چەککردنیان. دوای چەند ڕۆژێک نەوشیروان مستەفا بە هێزێک و هێزی دەشتی هەولێر گەیشتنە دۆڵی خانەقا و وەرتێ، لە شەڕی ڕۆژانی (17-1981/11/19)دا توانیان بارەگا داگیرکراوەکانی یەکێتی لە هێزەکانی جود وەرگرنەوەو و ڕاویان نان. بەم کردارەی حزبی شیوعی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان، بارەگاکانی پشتئاشان، وەرتێ و دۆڵی خانەقای

---

[56]- ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، ل(311-312).

[57]- ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، ل(311-312)، ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم، ل(426).

کردۆتە بنکەی پلان دارشتن و هێرش بۆ سەر یەکێتی، هەروەها حزبی شیوعی ڕاستگۆ نەبووە بەرانبەر بە یەکێتی و هەردەم پەنای بردۆتە بەر تەفرەدان بۆ پەلاماردانیان و نیازیشی لە هێنانەوەی پارتی بۆ سۆران شەڕکردن نەبووە لەدژی ڕژێمی بەعس، بەڵکو هەوڵی هێنانەوەی پارتی داوە بۆ ناوچەی سۆران تەنیا بۆ ئەوەی لەدژی یەکێتی بەکاریان بێنێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی بەشداری کردنی حشع لە شەڕی یەکێتی دا بوونی تاقمێکی دەسەڵات بەدەست و بڕیاردەر بوو لەناو کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی، کە حەزیان بە شەڕی یەکێتی دەکردو بە خەیاڵی خۆیان لە ڕێگەی (بەرەی جود)دا بە ئاسانی دەتوانن لەناوی بەرن، یان بە قسەی خۆیان بیانکەنەوە ناو ڕژێم و بیانکەن بە جاشی بەکرەجۆ، کە لە کۆبوونەوەکان، سیمیناری لادێکان و میدیاکانی خۆیان زۆر لەم قسە بێمانایانەیان دەبارە و سەدبارە دەکردەوە. هەر لە بنچینەدا حزبی شیوعی کێشەی ناوخۆی زۆر بوو، بەتایبەت ئەو عەرەبانەی کە لە پشتئاشان لە ڕاگەیاندن و نەخۆشخانە بوون، بە بەردەوامی گلەییان هەبوو و ڕەخنەیان لە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەگرت، زۆرترینی گلەیی و ڕەخنەکانیان لەسەر نەبەستنی کۆنگرە، خەباتی چەکداری و شەڕکردنیان بوو لەدژی حکومەتی عێراق لە کاتێک کە سوپای عێراق سەرقاڵی جەنگی ئێرانە، بۆیە سەرانی شیوعی بەئەنقەست پشتئاشان پشتگوێ دەخەن تا هێزەکانی یەکێتی ئەو دەنگە ناڕازییانە لەناوببات و ئەوانیش بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژن! دکتۆر تاریق یوسف ئیسماعیل، نووسیویەتی: (چەند سەرچاوەیەک لەنێو حزبی شیوعی - سەرکردایەتی ناوەندی، ئاماژەیان بەوە داوە کە حزبی شیوعی - کۆمیتەی ناوەندی هۆکاری کوشتارگەی پشتئاشان بووینە بەئەنقەست لەپێناوی ڕزگاربوونیان لەو ئەندامانەی کە ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەبوونەوە، ئەوانەی کە بەردەوام سووربوون لەسەر بەستنی کۆنگرەی چوارەم، کە وەریگرتووە لە: الغد، العدد 21، لندن، تشرين الثاني 1987، ص22؛[58]). ئەوانەی دکتۆر تاریق ئاماژەی پێکردوون بە فڕتوفێڵ لە ئەوروپا هێنرابوونەوەو هەردەم ڕەخنە و گلەییان لە حزبی شیوعی و سەرکردەکان هەبوو، هیچ ئەرک و کارێکی حزبیان جێبەجێ نەدەکرد، چونکە دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا بەڵام سەرانی حزبی شیوعی ڕێگەیان نەدەدان، ئەوانیش لە ڕقان تەنیا خەریکی خواردن و خەوتن بوون، تەنانەت ئێشکگری شەوانە و بەشداری ئەرکی خواردن دروست کردنیشیان نەدەکرد، بۆیە لەلایەن

[58]- دکتور طارق یوسف إسماعیل، صعود الحزب الشیوعي العراقي وإنحداره، ترجمة عمار کریم محمد، ص(409).

هاوڕێکانی دیکەیانەوە ناویان لێ نرابوو فەسیلّی ژێر بەتانی، بۆیە پێ دەچێت بەئەنقەست لەلایەن سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق بەکوشت درابن.

بۆ ئەوەی حشع دووربخرێتەوە لە شەڕەکان و شەڕی ئەوان نەکرێت، یەکێتی لە کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانیدا سەرەتا ناوی حشع-ی نەهێنا، هەتا دوای داگیرکردنی مەڵبەندی چوار، سێ نامەی بۆ ناردن کە نایانەوێ شەڕی ئەوان بکەن و با ئەوانیش بێلایەنی خۆیان نیشان بدەن و لە حسک و پدک دوورکەنەوە، بەڵام حشع لەخۆبایی ببوو و وای دەزانی یەکێتی لە بێ هێزی و کەم توانایی خۆیدا ئەم داوایانە دەکات. سەرکردە شیوعییەکان لە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی بە بەردەوامی لە ناوخۆیاندا لەگەڵ یەک ناکۆک بووینە و هەر یەکەیان ویستوویەتی تاوان بخاتە ئەستۆی ئەوەی تریان، چاڵ بۆ ئەوەی تریان هەڵبکەنێ، ملی یەکتر بشکێنن، نهێنی و تەنانەت نامە فەرمییەکان لە یەکتر و جێگری سکرتێر بشارنەوە. بۆ نموونە نەوشیروان سێ نامە بۆ مەکتەبی سیاسی حشع دەنێرێ و هیچ وەڵامێک نادەنەوە، کە ئیبراهیم جەلال بەرپرسی دارایی مەڵبەندی (3)ی وەرتێ، نووسیویەتی: (ڕۆژی 1983/5/3 نیوەڕۆ لەناو ژووری قوتابخانەی خانەقا، لە دانیشتنی نێوان نەوشیروان و مەڵبەندی سێ و نێوان کەریم ئەحمەد، مەلا ئەحمەد و قادر ڕەشید، نەوشیروان پێی ووتن: سێ نامەمان بۆ ناردن، دووان بە بروسکە و نامەیەک بە دەستی کە مەڵبەندی سێ بۆی ناردن، ڕۆژی (1983/4/27)، کە ئێمە شەڕمان لەگەڵ حزبی شیوعی نیە تکامان وایە وەک ناتوانن لە ناوبژیکردندا سەرکەوتوو بن لە شەڕدا بەشداری مەکەن و ئێمە شەڕمان ناوێ، بەڵام ئێوە نە وەڵامی نامەکانتان دایەوەو نە بێلایەن بوون، بەپێچەوانەوە هەر لە ڕێگەماندا لە قەڵاتوکانەوە هێزەکەتان داینە بەر دەستڕێژ و هاوەن. کەریم ئەحمەد نکۆڵی کرد و ووتی: هیچ نامەیەکمان پێ نەگەیشتووە، منیش پێم ووتن: بەڵێ من خۆم نامەکەم بۆ ناردن و بە تایبەتی و تەتەرەکە دڵنیای کردین، کە دابووی بە کاک مەلا ئەحمەد. سەید مەجیدیش هەر لەو دانیشتنە پشتڕاستی کردەوەو بەڵێ نامەکەمان بە مەلا ئەحمەد گەیشتووە، مەلا ئەحمەد نەیتوانی نکۆڵی لێ بکات، ووتی: بەڵێ نامەکانتان گەیشتە لای من. کەریم ئەحمەد ڕووی کردە مەلا ئەحمەد و پێی ووت: ئەی بۆ لە منتان شاردۆتەوە، ئاخر کەستان .....تان بە کڵاوی من نەپێوا بۆیە وامان لێ هات؛[59]). خۆیشم لە ڕۆژی

[59]- ئیبراهیم جەلال، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، ل(389-390).

(2014/5/26)، بە تەلەفۆن پرسیاری ئەو گفتوگۆیەی نێوان (نەوشیروان، کەریم ئەحمەد، سەید مەجید و ئەحمەد بانیخێڵانی)م لە سەید مەجید پرسی، کە ئیبراهیم جەلال لە پەرتووکەکەیدا نووسیویەتی، سەید مەجید پشتڕاستی قسەکانی ئیبراهیم جەلال-ی کردەوە. وەڵام نەدانەوەی نامەکان شەڕخوازی بانیخێڵانی و دەیان سەرکردەی دیکەی شیوعی دەسەلمێنێت بەتایبەت کە دوو نامە بە بروسکە نێردراون. بانیخێڵانی، لە دوو جاردا ماڵوێرانی بۆ حزبی شیوعی عێراق هێناوە، جاری یەکەم لە ڕۆژی (1973/4/6)دا کە لە دووەم دەنگداندا چووە پاڵ دەستەی پشتیوانی بەستنی بەرەی شکستخواردووی نێوان بەعس و شیوعی لەژێر ناوی بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز (الجبهة الوطنية والقومية التقدمية)، کە بە هەشت دەنگ لە بەرانبەر حەوت دەنگ پرسی بەرەی نێوان خۆیان و حزبی بەعسی یەکلاکردەوەو دواتر لە ڕۆژی (1973/7/17)دا بەرەکەیان مۆرکرد، دووەم جاریش بە شاردنەوەی ئەم سێ نامەیەی سەرەوە. هەرچەندە بانیخێڵانی لە گەڕی یەکەمی هەڵبژاردن لەدژی بەستنی بەرەی بەعس و شیوعی بوو، هەشت ئەندام لەدژی بەرەو حەوتیان لەگەڵ بەستنی بەرە بوون، وەلێ ئەوە بەدڵی عەزیز محەمەد نەبوو، بۆیە دوای پشوویەک هەندێک باسی گرنگی و سوودی بەستنی بەرەی بۆ کردبوون بۆیە بانیخێڵانی لە دەستەی نەیارانی بەرە دەچێتە دەستەی سکرتێر بۆ پشتیوانی بەرەو دەبن بە هەشت لەدژی حەوت نەیار. دڵنیام ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی کوردستان ئاگاداری ڕووداوە گرنگەکانی نێو حزبەکانیان نین، ئەوانیش هەروەکو چۆن موسڵمانەکان بە بۆماوەیی ئایینیان بۆ ماوەتەوە ئەوانیش شیوعیيەتیان وا بۆ ماوەتەوە، لەنێو پارتە کوردستانییەکانیش هەمان شتە و خەڵکێکی زۆر پارت یان ڕێبازیان بە بۆماوەیی وەرگرتووە یان بۆ ماوەتەوە.

شاردنەوەی نامەکان، ناتەبایی، بێ سەروبەری حشع، فێڵ لە یەکتر کردن، ڕاستی لە یەکتر شاردنەوە، کڵاو نانە سەری یەکتر، ملی یەکتر شکاندن، متمانە نەبوون بە یەکتری، بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە گەلەکۆمەکێی بەرەی جود لە دژی یەکێتی، ناکۆکی گەورەی ناوەخۆ، تاکڕەوی سەرکردەکان لە بڕیاردان، گوێ نەدان بە پڕانسیپ و پەیڕەوپرۆگرامی حزب، لادان لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم، باڵادەستی تەپڵ لێدەرانی شەڕ و دەیان شتی دیکەی نێو ئەو حزبە دەگەیەنێت! لەو باوەڕەدام ئەگەر نامەکانیش لە کەریم ئەحمەد نەشاردرابایەوە هیچ شتێک نەدەگۆڕا، چونکە ناوبراو خۆیشی یەکێک بووە

لە سەرکردە توندڕەوەکانی شیوعی کە داوای پاکتاوکردن و لەناوبردنی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-ی دەکرد، بەڵام ئەو لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: کەسێکی ئاست بەرز نەبوو، ڕۆشنبیرییەکی فراوانی نەبوو، ڕاڕایە و زوو پەشیمان دەبێتەوەو بۆچوونەکانی خۆی سەدا سەد لەدژی بۆچوونی پێشووی دەگوڕێت، کە ئەمەشی بۆ کەم توانایی هزری دەگەڕێتەوە، دووەم: بۆ ئەستۆپاکی خۆی لای نەوشیروان و هاوڕێکانی کە گوایە خۆی دژی شەڕ بووە بۆیە گوتویەتی: (ئەی بۆ لە منتان شاردۆتەوە، ئاخر کەستان گوتان بە کڵاوی من نەپێوا بۆیە وامان لێ هات). سەبارەت بە کەریم ئەحمەد و پەشیمان بوونەوەو هەڵگەڕانەوەی لە بۆچوون و هەڵوێستەکانی پێشووتری، شەوکەت خەزنەدار، دەڵێ: (هەڵوێستەکانی کەریم ئەحمەد لەلای ئێمە نامۆ نین، ئەو بەدرێژایی ژیانی سیاسیی خۆی خاوەنی هەڵوێستێکی لەرزۆک و پەشیمان بووەوەیەو هەتا لەلای کەسانی تری دەرەوەی حزبەکەشمان وا ناسراوە؛[60]). حەمەسەعید حەسەن (1950/ قەرەداغ)، نووسەرو کۆنە شیوعی، لە نووسینێکدا سەبارەت بە سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان کە ئەوکات کەریم ئەحمەد داود بوو، نووسیبووی کە حزبی شیوعی کوردستان کەسی نییە بۆیە کەریم ئەحمەد-ی بە سکرتێر داناوە، هەروەها ئەو پەندە عەرەبییەی هێنایەوە لە بەرانبەر کەریم ئەحمەد هێنایەوە کە دەڵێت: (من قلة الخيل شدوا على الكلاب سروج/ لەبەر کەمی ئەسپەکان، سەگیان زین دەکرد)، مەبەستی ئەوەیە کە کەریم ئەحمەد لە ڕووی هزرەوە کەسێکی لاوازەو بە شیاوی نازانێت بۆ ئەو پۆستە. هەر سەبارەت بە کەم توانایی هزری کەریم ئەحمەد دکتۆر تاریق یوسف ئیسماعیل، نووسیویەتی: (زەکی خەیری، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی (1987/3/18)دا لەگەڵ ناوبراودا سەبارەت بە کەریم ئەحمەد گوتی: (کەریم ئەحمەد داود، شیوعییەکی وابەستە بوو. بەڵام توانای هزری و ئەزمونی ڕێکخستنی بێهیواییەکی گەورەی بەجێهێشت؛[61]). بێگومان زەکی خەیری هاوڕێی ئەو بووە لە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی، بۆیە ئەو کەریم ئەحمەد باشتر لە کەسانی تر دەناسێ بۆیە بەمشێوەیە باسی دەکات.

---

[60]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، ل(284).

[61]- دكتور طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ترجمة عمار كريم محمد، ص(113).

بەگوێرەی شاردنەوەی سێ نامەی یەک لەدوای یەکی نەوشیران مستەفا و یەکێتی بۆ مەکتەبی سیاسی حشع، تاوانی شەڕەکە و کوژرانی سەرجەم پێشمەرگەکانی یەکێتی، شیوعی و بەرەی جود دەکەوێتە ئەستۆی سەرانی حشع و ئەوەی نامەکانی شاردۆتەوە (ئەحمەد بانیخێلانی)، چونکە شاردنەوەی نامەکان واتە حەزکردن بە شەڕی یەکێتی و بەرەی جود، کە بەرەی جود ئەو شەڕەی سەپاند بەسەر یەکێتی دا!

مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی سەربازی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1983/4/30)، لە پشتئاشان کۆبوونەوەتەوە، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی خۆیان داوە، چونکە پێیان وابووە یەکێتی هێرش دەکات و ئەوانیش ناتوانن بەرگری بکەن. بەڵام بڕیارەکەیان لە هێزەکانی خۆیان شاردۆتەوە، بۆ ئەوەی هێزەکانیان بکەن بە قەڵغانی پاراستنی کشانەوەی خۆیان. ئەحمەد قادر محەمەد بانیخێلانی، سەبارەت بە کۆبوونەوەی (1983/4/30)، نووسیویەتی: (لە شەوی (1983/5/1-4.30)، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی سەربازی و ئەو هاوڕێیانەی کۆمیتەی ناوەندی کە لەوێ بوون، کۆبوونەوەیەکی بەپەلەمان کرد سەبارەت بە تاوتوێی بارودۆخەکە، کۆبوونەوەکە گەیشتە ئەو باوەڕەی مادام ینک تەواوی هێزەکانی خۆی لە سلێمانی، گەرمیان، پشدەر و ناوچەی باڵەکی نزیک بارەگاکانی سەرکردایەتیمان کۆکردبێتەوە، کە لەلایەک هێرشەکە چاوەڕوان نەکراو بوو، لەلاکەی ترەوە کەمی ژمارەی چەکدارەکانمان و نەشارەزایی ئەوان سەبارەت بە تۆپۆگرافی ناوچەکە، بەتایبەت کە بەشێکی زۆریان لە زانکۆکانی ئەوروپا پەیوەندییان پێمانەوە کردبوو، هەروەها هێشتاکە فێری شەڕی پێشمەرگانە نەکرابوون، سەرەڕای ئەمانەش ژمارەی چەکدارەکانی حسک و پاسۆک لە سی چەکدار تێنەدەپەڕی، لە هەمان کات کە ناتوانرێ پشت بە بەشێکی زۆریان ببەسترێ. بارەگاکانمان لە یەک دوورن، ناوچەی پشتئاشان فراوانەو ڕێگا و دەروازەی زۆری هەیە، هێزەکانی ینک بارەگاکانمان هەر دەگرن. بۆیە بڕیارمان دا هاوڕێ شەڕنەکەرەکان لە کادیر، نەخۆش و پیرەکان بۆ ئێران بنێرین سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگای پاشەکشێ سەخت و بە بەفر داپۆشرابوو؛[62]). حوسێن ئەلعانی ناسراو بە ئەبو ئەنسار، نووسیویەتی کە ژمارەی شیوعییەکان لە ئاشقوڵکە (21) و ژمارەی حسک بە فەرماندەیی سەید کاکە (60) پێشمەرگە دەبوون، کە خۆی

---

[62]- أحمد بانيخيلاني، مذكراتي، ص(371-372).

یەکێک بووە لەو (21) شیوعییە ([63])، کەواتە بانیخێڵانی لە دەستەی بیکەیسییە. سەید کاکە لە یاداشتەکانیدا باسی دەکات ئەوان پێشمەرگەکانی خۆیان بەدەوری سەرکردایەتی و شوێنە ستراتیژییەکان دابەش کردووە، ئەوەی ئەو باسیان دەکات زۆرتر لە (200) پێشمەرگە دەبن، کەچی ئەحمەد بانیخێڵانی شکستی خۆیان دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمی ژمارەی حسک و پاسۆک کە بە (30) پێشمەرگەیەک دەیانخەملێنێت، لە بەرانبەردا حەمەی حاجی مەحمود، باسی ئەوە دەکات کە گوایە یەکێتی نەیدەوێرا خۆی لە شەڕی سۆسیالیست بدات چونکە لەوان شەڕکەرتر بوون و زیاتر لە لایەنەکانی بەرەی جود شارەزای یەکێتی بوون ([64])، کەچی یەکێتی لە ڕۆژی (1983/4/19)دا لە پاریزگای سلێمانی و لە ڕۆژی (1983/5/1)دا لە ئاشقوڵکە ڕاوینان و ئاودیوی ئێرانی کردن، بەڵام ئەوانە خۆ نازانن شەرم کردن چییە و لە زمان ناکەون، لە ناڕاستگۆیی بێ ڕکابەرن. ئەگەر سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق هەر تۆزێک ڕاستگۆ بوایە لەگەڵ هێزە شەڕکەرەکانی خۆی، دەبوایە چەند ڕۆژێک پێشتر بڕیاری کشانەوەی بدابوایە و هەموویان پێکەوە بەنهێنی پاشەکشەیان بکردایە، هەروەکو چۆن لە نۆکان بە نامەیەک پاشەکشەیان بە قادر ڕەشید و سەید باقی (باقی محەمەد تەها/ 1932/7/14-2013/6/25) کرد. ئەم بڕیارەی مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سەربازی حزبی شیوعی، دەیسەلمێنێ کە کێشە و ناتەبایی زۆر لەنێوان سەرکردایەتی و بنکرایەتی حزبەکە هەبووە بۆیە لە بڕیاری کشانەوەکە بۆ ئێران (بۆ کوێ؟ بۆ ئێران) ئاگاداریان نەکردوونەتەوە. ئەحمەد بانیخێڵانی باسی ئەوە دەکات کە ئەوان: (بۆیە بڕیارمان دا هاوڕێ شەڕنەکەرەکان لە کادیر، نەخۆش و پیرەکان بۆ ئێران بنێرین سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگای پاشەکشێ سەخت و بە بەفر داپۆشرابوو؛[65])، ئەی کە شەڕنەکەر، نەخۆش و پیرەکانتان بۆ ئێران ناردووە، بۆچی لە ڕاگەیاندنەکان واتان بڵاوکردەوە کە گوایە یەکێتی نەخۆش، پیر و پەککەوتەکانی لە پشتئاشان کوشتووە، هەرچەندە بەگوێرەی تەمەنی کوژراوەکان هەموویان گەنج بووینە و گەنجیش کەمتر نەخۆش دەکەون بە بەراورد لەگەڵ بەتەمەنەکان. لە کۆپلەیەکی دیکەدا بانیخێڵانی نووسیویەتی: (بەتایبەت کە بەشێکی زۆریان لە

[63]- النصير الشيوعي، العدد (46)، آيار 2026، النصير الشيوعي، حسين العاني، ص(4).

[64]- محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم 1982-1986، ل(125).

[65]- أحمد باني خيلاني، مذكراتي، ص(371-372).

زانکۆکانی ئەوروپا پەیوەندییان پێمانەوە کردبوو، هەروەها هێشتاکە فێری شەڕی پێشمەرگانە نەکرابوون؛[66])، ئەوانەی لە زانکۆکانی ئەوروپا گەڕابوونەوە گەنج بووینە، نەک فێری شەڕی پێشمەرگانە نەکرابوون، بەڵکو ئەمانە بە ناڕاستگۆیی، فڕتوفێڵ، فشار و هەڕەشەی نانبڕین و دەرکردن لەلایەن سەرانی حزبی شیوعی هێنرابوونەوە بۆ کوردستان و خۆیان بە هەڵخەڵەتاو دەزانی، بۆیە بەشداری مەشقی سەربازی و هیچ چالاکییەکیان نەدەکرد، تەنانەت مانیان گرتبوو لە خواردن دروستکردن، قاپ و قاچاغ شۆرین و ئێشکگرتنی بارەگاکان و هەردەم خەریکی نووستن بوون، بۆیە ناویان لێ نرابوو فەسیڵی ژێر بەتانی، کە تۆما تۆماس، باسی کردووە، ئەوانەی سەر بە فەسیڵی ژێر بەتانی بوون دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتبوون بەڵام سەرانی حزبی شیوعی ڕێگر بوون، کەچی دوای شەڕی پشتئاشان ڕێگەیان دراو زۆرینەیان گەڕانەوە ئەو وڵاتانەی کە لێیانەوە هاتبوون ([67])، یان بەشێکی زۆری عەرەبەکان و هەندێک لە کوردەکانیش بەرەو سوریا و لەوێشەوە بەرەو ڕوسیا ڕۆیشتن، ئەم جارە سەرکردایەتی حزبی شیوعی نەیتوانی ڕێگرییان لێبگات چونکە ژمارەیەکی باش لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی کە عەرەب بوون لەگەڵیان ڕۆیشتن، لەوانە باقر ئیبراهیم، ماجد عەبدولڕەزا و عامر عەبدوڵڵا، کە ئەوەی کۆتایی خۆیشی دانی پێدا دەنێت کە حزبی شیوعی بەزۆر ئەندامانی خۆی ناچار دەکرد لە دەرەوەی وڵات وەکو خۆبەخش (متطوع) بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، یان مووچەی مانگێکی خۆیان بدەن بە حزب تا حزب بۆ سەرانی حزبی بنێرێت لە چیاکانی کوردستان، کە عامر ئەو ناچارکردنانە بە واتای ئەوە لێکدەداتەوە: واتە هاوڕێیەکە یان سەردەبڕن یان ڕەشبگیری دەکەن (يعني لو يذبحوه للرفيق لو يبتزوه ([68]).

موحسین الجیلاوي، لە بەرنامەی (شهادات خاصة)، لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی دکتۆر حەمید عەبدوڵڵا، باسی دەکات کە: (مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی لە ڕۆژی (1983/4/30)، کۆبوونەوەیان کردووەو گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی کە ئەم ناوچەیە ناوچەیەکە لە ڕووی سەربازییەوە بە کەلکی شەڕ و بەرگری نایەت، یەکێتیی نیشتمانیی

---

[66]- أحمد باني خيلاني، مذكراتي، ص(371-372).

[67]- توما صادق توماس، أوراق توما توماس، إعداد موقع الناس الألكتروني، ص(212-213).

[68]- الدكتور عبد الحسين شعبان، عامر عبدالله النار ومرارة الأمل فصل ساخن من فصول الحركة الشيوعية، ص(91).

کوردستان پەلاماریان دەدات و بەئاسانی دەگیرێت، چونکە ئەم ناوچەیە لە ڕووی سەربازییەوە ناوچەیەکی کەوتووی سەربازییە (منطقة عسكرية ساقطة)یەو شەڕی لێناکرێت، ناوچەکە دەکەوێت، بەر لە دەست پێکردنی شەڕەکە بڕیاریان دابوو لە پشتئاشان بکشێنەوەو چۆڵی بکەن بێ ئەوەی ئاگادارمان بکەنەوە، ئێمەیان لەم بڕیارە ئاگادار نەکردەوە، ئێمە دوای چەند ساڵێک و دوای ئەوەی یاداشتەکانی خۆیان چاپ و بڵاوکردەوە ئینجا زانیمان کە سەرانی حزبی شیوعی بڕیاری کشانەوەیان داوەو ئاگاداری ئێمەیان نەکردۆتەوە. پێم وایە بۆیە ئێمەیان ئاگادار نەکردبووەوە، بۆ ئەوەی تا ئێمە شەڕ بکەین، بەرگری بکەین و بکوژرێین تا ئەوانیش بەهۆی شەڕکردنی ئێمە مەترسی لەسەر گیانی خۆیان دوورخەنەوەو کشانەوەی بێ زیانی خۆیان مسۆگەر بکەن. لە ئێمەیان دەویست شەڕ بکەین تا ئەوان بە ئارامی بگەنە ئێران، باشە بۆ بڕیاری کشانەوەکە بۆ هەموومان نەبوو و تەنیا بۆ خۆیان بوو؛[69]).

مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی شیوعی، کە بڕیاری کشانەوەی تەنیا سەرکردەو بەرپرسەکانی خۆیان بدەن و بە پێشمەرگەکانی خۆیان ڕانەگەیەنن، کەواتە بۆچوونی سەرکردایەتی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق (القيادة المركزية - الحزب الشيوعي العراقي)، ڕاستە کە پێیان وایە مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی (اللجنة المركزية - الحزب الشيوعي العراقي) بە ئەنقەست وایان کردووە کە یەکێتی دەنگە ناڕازییەکانی نێو حزبی شیوعی کە زۆربەیان لە پشتئاشان کۆببوونەوە لەنێوببات، بۆیە تەنیا سەرکردایەتی حزبی شیوعی خۆی بەرپرسە لەم زیانانەی لە پشتئاشان، لێوژێ، قەندیل و قڕناقاو بەریان کەوت. مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، بەدڵنیایی ئاگاداری هەڵمەتی هێزەکانی یەکێتی بووە، بۆیە لە ڕۆژی (1983/4/30)دا بڕیاری ئاشبەتاڵ و پاشەکشێ یان بۆ ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە. کەواتە ئەوان لەمەش ڕاستگۆ نەبووینە کە گوایە لەم باوەڕەدا نەبووینە کە هێزەکانی یەکێتی هێرشیان بکاتە سەر، چونکە بڕیاری کشانەوەی خۆیان لە ڕۆژی (1983/4/30)دا داوە و ڕایانکردووە، کە هەڵاتنیان لەم ڕۆژەدا بەرەو ئێران بانگەشەی بێئاگایی خۆیان لە پەلاماری یەکێتی بۆ پشتئاشان، بە ناڕاستگۆ دەخاتەوە.

---

[69]- موحسن صابط الجيلاوي، برنامج شهادات خاصة، مقدم البرنامج الدكتور حميد عبداللة، الجزء الثالث، موقع اليوتوب، السبت، المصادف (2016/4/23) + برنامج للتأريخ، قناة البغدادية.

بەگوێرەی قسەکانی موحسین ئەلجیلاوی، سەرکردایەتی حشع بەتەنیا بەرپرسێتی کوشتاری پشتئاشان دەگرنە ئەستۆ نەک یەکێتی، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

**یەکەم:** کە دەیانزانی ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی کەوتووی سەربازی بووە بۆ بارەگای سەرکردایەتیان گواستەوە پشتئاشان؟

**دووەم:** ئەوان لە ڕۆژی (1983/4/30)دا بڕیاری خۆدەربازکردن و کشانەوەیان داوە، بەڵام لق و بەتالیۆنەکانی خۆیان ئاگادار نەکردۆتەوە، کە لەناوبردنیان بەلای ئەوانەوە گرنگ نەبووە.

**سێیەم:** هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی، کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سەربازی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ هێزەکان نەماوەتەوە بۆ ئەوەی شەڕی بەرگری بکەن بەڵکو هەموویان بۆ خۆدەربازکردن ڕایانکردۆتە ئێران بەناوی مرۆیێ بارزانی (أفراد البارزاني)، کە دەبوایە شێرانە هەڵمەت بەرن نەک ڕێویانە ڕاکەن.

**چوارەم:** لەنێو شیوعییەکان وا بڵاوە کە کۆمیتەی ناوەندی بۆیە هێزەکانی پشتئاشان، لق و بەتالیۆنەکانی ئاگادار نەکردۆتەوە تا بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژێت، هەم ڕەخنەگرانی ناوخۆی حزبی شیوعی لە (فصیل تحت البطانیة) بەدەستی یەکێتی لەناوبەرن، هەم تۆمەتێکی گەورە بدەنە پاڵیان و بە پاکتاوکەری عەرەب و حزبی شیوعی تۆمەتباری بکەن، کە لە سەرەوە ئاماژەم بە دکتۆر تاریق یوسف ئیسماعیل داوە، باسی ئەوەی کردووە کە حزبی شیوعی لەپێناو لەنێوبردنی دەنگە نارازییەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق کە زۆربەیان لە پشتئاشان بووینە، شانبەشانی بەرەی جود شەڕی یەکێتی کردووە، هەمان کات بە مەبەستیش پشتئاشانی پشتگوێ خستووە تا یەکێتی هێرشی ئەوێ بکات و دەنگە نارازییەکان لەنێوببات ([70]). ئەوە ڕاستی زۆری تێدایە بەتایبەت کە سەرکردایەتی یەکێتی پێشتر ئاگاداری سەرکردایەتی شیوعی کردبووەوە لەوەی گەر ئەوان لە خوارەوە شەڕی هێزەکانی یەکێتی بکەن، ئەوانیش نایەڵن سەرکردایەتی شیوعییەکان بە ئاسوودەیی لە پشتئاشان بژین.

**پێنجەم:** لە شەڕدا هیچ لایەنێک بەزەیی بە دوژمنەکەی دا نایەتەوە، بێگومان یەکێتی مافی خۆیەتی کە داکۆکی لەخۆی بکات و هەرچی بۆی بکرێت بەسەر دوژمنەکانی دا بێنێت کە هەوڵی لەناوبردنی دەدەن (کوشتنی شەماڵ، سەرباز و

---

[70]- دکتور طارق یوسف إسماعیل، صعود الحزب الشیوعي العراقي وإنحداره، ترجمة عمار کریم محمد، ص(409).

هاوڕێکانی، پەلاماردانی مەڵبەندی بالیسان و داگیرکردنی، کوژراوانی ڕمکان، نەخشەدانان بۆ پەلاماردان و داگیرکردنی سەرکردایەتی و سێ مەڵبەندەکەی تر نموونەن بۆ هەوڵی لەناوبردنی یەکێتی)، سەرکردایەتی شیوعی خۆی لە خەمی پێشمەرگەکانیدا نەبێت و لەکاتی بڕیاردانی پاشەکشە لە پشتئاشان ئاگاداریان نەکاتەوە، بەدڵنیاییی تۆمەتی کوشتارەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان و هەر ئەوەش چارەنووسی پێشمەرگەکانیان دەبێت!

سەرکردایەتی شیوعی، بە تەواوی توانا سیاسی، سەربازیی و ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە لە چوارچێوەی بەرەی جود، کە بەرەیەکی سەربازی شەڕخواز بوو لەدژی یەکێتی دامەزرابوو، شەڕی یەکێتی دەکردو پێیان وابوو بەهۆی ئەو بەرەیە دەتوانن کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەناو ببەن، یان هەرنا بەلای کەمەوە بەشێوەیەک لاواز و بێهێزی بکەن، کە هەرگیز لە داهاتوودا نەبێتە مەترسییەک بۆ سەر دواڕۆژی حشع کە ئەوان هەمیشە کۆمەڵەیان یان بە ئالتەرناتیڤی خۆیان و هۆکاری پوکانەوەی خۆیان دەزانی! یەکێتی، ئەوکاتە لە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) پێک دەهات. یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، پێشتر لە ڕۆژی (1982/9/10)دا لەدوای یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتیی دامەزرابوو.

حزبی شیوعی، لە پێناوی لادان و نەهێشتنی ئەو مەترسی و هەڕەشەی لاوازبوونەی خۆیان، کە پێیان وابوو کۆمەڵە لە کوردستان لە جەماوەری ئەوان دەبات، چوونە ناو بەرەی جود و لەدژی یەکێتی شەڕیان هەڵگیرساند! حشع لەوە دەترسا کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە باشووری کوردستان ببێتە پارتی پێشڕەوی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی کوردستان دابمەزرێنێ، کە ئەوکاتە ئەمە دروشم و ئامانجی کۆمەڵە بوو. مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەندامانی حشع بە بەردەوامی دەیانگوت: (نابێ لە وڵاتێکدا دوو حزبی شیوعی هەبن، ئەوە حزبی شیوعی عێراقی هەیە و تەواو)، یان بەشێک لە ئەندامەکانیان لەکاتی گفتوگۆکردندا لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەیانگوت: (باسی دامەزراندنی حزبی شیوعی قەحپەستان مەکەن)، لە جیاتی کوردستان دەیانگوت قەحپەستان، بە هەموویان دەگوت جەلالی و هەر جاشە کۆنەکەی شەست و شەشن. هاوڕێی نزیکی خۆم دەیان جار بەمشێوەیە گفتوگۆی لەگەڵ کردووم. ئەوان تا کۆتایی ساڵانی هەشتاکانیش هیچ باوەڕیان بە کوردو کوردستان نەبوو، واز لە

بەرنامەیان بێنە کە بۆ ڕاکێشانی کوردەکان هەندێک جار باسی مافی چارەنووسی گەلی کوردیان دەکرد بە یەکێتی ئارەزوومەندانەو مانەوە لەنێو عێراق، لە ڕاستیدا باوەڕیان تەنیا بە ئۆتۆنۆمی هەبوو، زۆرێک لە عەرەبەکان وەکو بەعسی و ئیسلامییەکانی ئێستاکە باوەڕیان بەوە نەبوو کەرکوک، موسڵ، خانەقین و دیالە لە سنووری کوردستان بێت. کاتێک گفتوگۆت لەگەڵیان بکردایە نزیکەی هەموویان دژی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوون، ئەوان تەنیا باوەڕیان بە مافی هاووڵاتی بوونی کورد هەبوو لە عێراقدا، ئەوان چارەسەری پرسی کوردیان لە چارەسەری کێشەی چینایەتی (کرێکاران) دەدیتەوە و بەئاشکرا دەیانگوت: (ئێمە خەباتی چینایەتی دەکەین و باوەڕمان بە خەباتی نەتەوایەتی نییە، کە کرێکار ڕزگاری بوو، نەتەوەش ڕزگاری دەبێت)، لەکاتێکدا کە کرێکاری عەرەب و کورد خەوتبوون و زۆربەیان نەیاندەزانی خەباتی چینایەتی چییە.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەبەر دوو هۆکار پێی وابوو کە دەبێ پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لە باشووری کوردستان دابمەزرێت:

یەکەم: تێڕوانینی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وابوو کە باشووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی عێراق داگیرکراوە وەکو ئێرلەندە لەلایەن بەریتانیا، بۆیە باشووری کوردستان دەبێ وەکو ئێرلەندا پارتی کۆمۆنیستی تایبەت بەخۆی هەبێت، چونکە تەنیا بزووتنەوەی جەماوەری و کرێکاری کوردستانە دەتوانێ کوردستان ڕزگار بکات، نەک بزووتنەوەی کرێکاری عێراقی هەروەک حزبی شیوعی عێراقی پێی وابوو، کە بەگیانی شۆڤینیزم و براگەورەیی پەروەردە کرابوو. شیوعی کورد لەژێر کاریگەری ئەندامە عەرەبە شۆڤینیستەکانی سەر بە حزبی شیوعی عێراق دژی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەوەستانەوەو ژەهریان دەڕشت، بەردەوام دەیانگوت: (نابێ لە وڵاتێکدا دوو حزبی شیوعی هەبن، ئەوە حزبی شیوعی عێراقی هەیە و تەواو)، کەچی لە ڕۆژی (1993/6/30)دا کوردەکان بەناو حزبی شیوعی کوردستان ڕادەگەیەنن، کە لە ناوەڕۆکدا هەر لقی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق بوو، وەلێ تەنیا بۆ ڕێگەگرتن بوو لە دامەزراندنی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان کە لە ڕێکەوتی (1993/10/22)دا دامەزرا. باشە کە پێشتر بەگوێرەی تێڕوانینی فەلسەفییانە و تیۆریانەی خۆیان کە نەدەبوو دوو حزبی شیوعی لە وڵاتێکدا دابمەزرێ و دەیان ساڵ ململانێ و دژایەتی شەڕانگێزانەیان لەدژی کۆمەڵەی

مارکسی لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) ڕاگەیاندبوو، ئاژاوەیان دەنایەوە، شەڕیان دەکرد و بەرەی جود هەر بە پێشنیاری ئەوان لەدژی یەکێتی و کۆمەڵە دامەزرا، بۆ خۆیان دواتر حزبی شیوعی کوردستان دادەمەزرێنن، ئەی عێراق هەر وڵاتێک نییە و حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی کوردستان بەقسەی ئەوان دوو حزب نین لە یەک وڵاتدا، ئەیێ دەبێ کامیان لەم دوو حزبە لادەر (تەحریفی) بن؟

دووەم: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، حزبی شیوعی عێراقی بە لادەر (تەحریفی) دادەنا.

لای ئەوان ئاسایی بوو کە ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە جاشی شەست و شەش ناوببەن، بەڵام خۆیان هەشت نۆ ساڵ جاش و هاوپەیمانی پراکتیکی و کردەیی بەعس بوون، خۆیان بە جاش نەدەزانی، لەکاتێکدا بەلای کەمی (80%)ی کۆمەڵە هیچ پێشینەیەکیان لەنێو حزبەکەی مام جەلال نەبوو، خۆیشیان سەرووی (90%)یان هەمان ئەو کەسانە بوون کە لە حەفتاکان جاشی بەعس بوون، یان کوڕو نەوەی ئەوان بوون و لەسەر ڕێبازە چەوتەکەی باوکیان بەردەوام بوون، بۆیە بۆ شیوعییەکان لەجێی خۆیەتی بە جاش نابرێن نەک ئەندامانی کۆمەڵە!

یەکێتی، باش لە گەلەکۆمەکی بەرەی جودو شەڕ فرۆشتنە بەردەوامەکانیان گەیشتبوو، تەواو بێزار ببوو، بۆیە لە ڕۆژانی (1982/7/7) و (1983/2/6)دا لە ناوزەنگ لەکاتی مۆرکردنی دوو ڕێککەوتنی نێوان حشع و یەکێتی، سەرکردایەتی حشع ئاگادار دەکاتەوە کە لەدوای ئەم ڕێککەوتننامانە نەکەن بەشداری بکەن لە گەلەکۆمەکێی شەڕو پەلامارەکانی بەرەی جود بۆ سەر یەکێتی، ئەگینا تۆڵە لە سەرکردایەتیان دەکەنەوە. نەوشیروان، سەبارەت بە ئاگادارکردنەوەی حشع گەر بەشداربن لە هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئەوان، باسی ئەوە دەکات ئەوان وەکو یەکێتی لە کۆبوونەوەکەدا ئاگاداری کەریم ئەحمەد، عەبدولڕەزاق صافی و ئەحمەد بانیخێڵانی دەکەنەوە کە چیتر نەکەن لە خوارەوە شەڕی هێزەکانی یەکێتی بکەن، گەر لەمەودوا کاری وا بکەن و وەکو پێشوو بەردەوام بن، یەکێتی ئاسوودەیی سەرکردەکانیان لە پشتئاشان تێکدەدات مادام ئەوان لە پشتئاشان بڕیاری شەڕکردن لەدژی یەکێتی دەردەکەن ([71]).

[71]- نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979-1983، ل(279-280).

حزبی شیوعی بەشداری شەڕەکانی (نێرەگین، سماقە، دەشتی کۆیە، بۆسە دانانەوەی باداوان و پەلاماردانی بالیسان)، کوشتنی کادیرێک و بریندارکردنی فەرماندەی تیپێکی کرد لە ڕمکان، هەروەها لەگەڵ بەرەی جود نەخشەی پەلاماردانی مەڵبەندی (3)ی وەرتێ، داگیرکردنی سەرکردایەتی یەکێتی یان بە دەستەوە بوو لە (ئێندزێ، زەڵێ، شێنێ، ناوزەنگ و نۆکان)، هەر لە ئەنجامی بەشداری حشع لە هێرشکردنە سەر بالیسان و مەترسی نەخشەی هێرش کردنە سەر مەڵبەندی وەرتێ و سەرکردایەتی، یەکێتی هەڵمەتی بردە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی ئەوان و تا ئێران ڕاوی نان.

سێ لایەنی بەرەی جود (حشع، پدک و حسک)، لە کۆتایی ساڵی (1981)ەوە نیازی پەلامارو داگیرکردنی (زەڵێ، ناوزەنگ و توژەڵە) واتە سەرکردایەتی یەکێتی یان هەبووە، هەروەکو نەوشیروان مستەفا ئەمین-ی سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاماژەی کردووە بە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی کە بە بۆنەی شەڕی پشتئاشان ڕاگەیێندراوەو تیایدا هاتووە: (هەر لە ساڵی (1981)ەوە حشع و جود پلانی داگیرکردن و لەناوبردنی یەکێتی یان هەبووە سەرەتا پەلاماری وەرتێ یان داو گرتیان دواتریش نیازی هێرشکردنە سەر زەڵێ و ناوزەنگ یان هەبووە، بەڵام هێزەکانی یەکێتی توانیان وەرتێ بگرنەوەو هێزەکانی ئەوان دەرپەڕێنن؛[72])، گەر هێزەکانی یەکێتی ئەوانیان لە وەرتێ و دۆڵی خانەقا تێکنەشکاندبایە بەدڵنیایی پەلاماری سەرکردایەتی یەکێتی هەنگاوی دووەمیان بوو.

داگیرکردنی بارەگای مەڵبەندی (4)ی بالیسان لەلایەن بەرەی جودو مەترسی داگیرکردنی بارەگای مەڵبەندی وەرتێ، بارەگای مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی، بوونە هۆکاری توڕەکردنی سەرکردایەتی یەکێتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆیە مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا هێزی پێشمەرگە کوردستان هەڵمەت بەرێ بۆ سەرکردایەتی لایەنەکانی بەرەی جود لە قەندیل، بەڵام ئەگەر حشع خۆی لەوان جیاکردەوەو بێلایەن بوو پەلاماری سەرکردایەتی ئەمان نەدرێت، هەرچەندە سەرکردایەتی یەکێتی پێی وابوو ئەوان بێلایەن نابن و خۆیان لە شەڕەکان بەدوور ناگرن، دواتر کە زانرا ئەوان شەڕی یەکێتی دەکەن بڕیار درا لەوانیش بدرێت. دکتۆر ڕەفیق سابیر، نووسیویەتی: (تێکەڵبوونی حزبی شیوعی بەو شەڕە، تەنیا هەڵەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو تاوانێک بوو، لە ئاستی ناپاکیدا

72- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل(392).

بوو. چونکە سەرکردایەتیی حزبی شیوعی دەیتوانی بێلایەنیی خۆی بپارێزێت، هیچ لایەنێک نەیدەتوانی ئەو شەڕەی بەسەردا بسەپێنێت؛[73]). ئەم نووسینەی ڕەفیق سابیر بەڵگەی ئەوەن کە حزبی شیوعی بێلایەنی خۆی نەپاراستووە، هیچ لایەنێک شەڕی بەسەردا نەسەپاندووە، بەڵکو خۆی بڕیاری خۆتێکەڵ کردنی شەڕەکەی داوە، بەمەش تاوان و ناپاکی کردووە، کەواتە بەهۆی بڕیاری هەڵەی خۆی هەرچی بەسەر هاتبێت تەنیا خۆی بەرپرس و تاوانبارە.

ناڕاستگۆیی شیوعییەکان، کە مەبەستم تەنیا شیوعییە درۆزنەکانە ئەگینا کەسانی باشیان تێدایە، با بێمە سەر باس یان درۆی (بیکەیسی). بەشێکی زۆر لە شیوعییەکان بەبێ بەڵگە نووسیویانە، کە ئەمەش ناڕاستییەکی بە کۆمەڵە یان یەکێک بۆ یەکەم جار ناڕاستییەکی گوتتووە ئەوانی دیکەش یەک لەدوای یەک لەوەی یەکەمیان وەرگرتووە، کە زیاتر لە عەزیز سباهی و قادر ناسک وەریان گرتووە. سەلام عەبدولڕەزاق صەگر ئەلحەیدەر ناسراو بە دکتۆر ئەبو تانیا، نووسیویەتی: (دەرکەوت کە هێزەکانی یەکێتی ژمارەیان نزیکەی (1700) شەڕکەر دەبوو، کە زۆربەیان چەکی (BKC)یان هەڵگرتبوو، کە ئەم چەکە چەکێکی دوور هاوێژە و لە دوورەوە شەڕی پێ دەکرێت کە ڕژێم پێی دابوون، سەرەڕای کارئاسانی کردن بۆ پەڕینەوەی هێزەکانیان بە تەنیشت سەنگەرەکانی ڕژێم و پێدانی ئامێرەکانی پێوەندیکردن، تەقەمەنی بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە نهێنییەی لەنێوان ئەم دوو لایەنە کرابوو؛[74])، لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە)، بەدرێژی وەڵامی ئەو ناڕاستییانەم داوەتەوە، لێرە درێژەی پێ نادەم، بەڵام یەکێتی ئەوکاتە ژمارەیەک (BKC) کەمی هەبووە، وەلێ لە هێزەکەی یەکێتی بۆ سەر پشتئاشان، حەوت پێشمەرگە بە تۆپبارانی هێزەکانی ڕژێم کوژراون و بیست و دووش بریندار، لە هێزەکانی بەرەی جود یەک کەسیان پەنجەشی بەخوێن نەهاتووە بە تۆپبارانی ڕژێم، عزیز سباهی خەڵەف، لە لاپەڕە (223)ی بەشی سێیەمی (عقود من تأریخ الحزب الشیوعي العراقي)دا نووسیویەتی: (لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی (1983)دا یەکێتی هێزێکی کۆکردەوە کە ژمارەیان نزیکەی (1700) شەڕکەری مەشق پێکراوی

[73]- ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، ل(320).

[74]- سلام عبدالرزاق الحیدر، أوراق أنصاریة من ذکریات النضال المسلح في کوردستان العراق، إعداد فائز عبدالرزاق الحیدر، ص(75).

باش کە بۆ ماوەیەکی درێژ توانای شەڕکردنیان هەبێ، کە زۆربەیان بە چەکی بیکەیسی (BKC) پڕچەک کرابوون. ئەم جۆرە چەکە (BKC)، جۆرە چەکێکی دوور هاوێژە و ڕژێم ئەو چەکانەی پێ دابوون. بەڵام کۆی ئەو شیوعیانە و کەسوکاریان کە لە پشتئاشان بوون لە (300) کەس تێپەڕی نەدەکرد. شەڕکەرانی یەکێتی شارەزایی باشی ناوچەکە بوون و ئامێری پەیوەندی کردنیان لەلایەن ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە پێ درابوو، هەروەها ئاسانکاری تێپەڕبوونی هێزەکانی لە چەند ڕێگایەکی جیاوازەوە بۆ کردن. حکومەت بەر لە هێرشی هێزەکانی یەکێتی تۆپبارانی ناوچەی پشتئاشانی کرد، لەگەڵ سوسەکردن و پشکنینی ئاسمانی، کۆکردنەوەی هێزی بەکرێگیراوانی ڕژێم (جاشەکان) بۆ پشتیوانیکردنی پەلاماری یەکێتی تا ئەو کاتەش سەرکردایەتی سەربازی و سیاسی پێشمەرگەی شیوعی لەم باوەڕەدا بوون کە ئەوان لەلایەن حکومەتەوە شەڕیان پێ دەفرۆشرێ. حشع هێشتا باوەڕی بە یەکێتی هەبوو).

کاتێ کە دەڵێ (زۆربەیان)، واتە لەنێوان نیوە و تەواوی هێزەکەدا کە ئەو بە (1700) شەڕکەریان دادەنێت، گەر نیوە وەرگرین دەبێ (850) بیکەیسیان پێ بووبێت، بۆیە ئێمە وەکو نموونە دوو لە سەر سێی وەردەگرین، کەواتە دەبێ هێزەکە نزیکەی (1134) چەکی (BKC) لەگەڵ بوو بێ! ئەوەیان هەر ئێجگار زۆر دوورە لە ڕاستی و تا ئەو کاتەش هێزی پێشمەرگەی یەکێتی سی (BKC) نەبوو، لە داستانی حەمامۆک لە ڕۆژی (1983/6/16)دا، کەرتی (3)ی چەمچەماڵی تیپی (21)ی کەرکوک، بە فەرماندەیی شۆڕش عەبدولڕەحمان ڕەشید، دوو (BKC)یان گرت کە بە دیاری درانە دەستەی پارێزگاری مام جەلال و دەستەی پارێزگاری نەوشیروان مستەفا، واتە تا ئەوکاتە دەستەی پارێزگاری ئەوان (BKC)یان نەبووە! خۆ ئەگەر لەم ژمارەیە نەک سەد دانە بەڵکو پەنجا دانەیان بۆ بالیسان بناردبایە، هەرگیز مەڵبەندی چواری بالیسان بە بەرەی جود نەدەگیرا! ئاخر کە پێشیان دەڵێی ناڕاستگۆن تورە دەبن، ئەی ناڕاستگۆ چۆنە، ئایە ئەمانە لە ناڕاستگۆش ناڕاستگۆتر نین؟ ئەوان بەم ناڕاستییانە مێژوویان نووسیوەتەوە بۆیە دەمەوێت ئەم مێژووە پڕ لە ناڕاستییە هەڵتەکێنم، لەمەودوا هەر ناڕاستگۆیەکم بۆ ئاشکرا بێت، پاشناوی بیکەیسی دەخەمە دوای ناوەکەی خۆی بۆ نموونە محەمەد بیکەیسی (ناڕاستگۆ)، یان دەڵێم لە دەستەی (BKC)ییەکەیە!

کەرتی چواری جەباری سەر بە تیپی (57)ی سەگرمە، کە چالاکترین کەرت بوو لەنێو گشت تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تا ڕۆژی (1982/5/17)ی داستانی حەمک، (BKC)یان نەبوو، لەم ڕۆژەدا مامە ڕیشە (بیکەیسی و ئارپیجییەکی) گرت. ڕەئوفی یاسە، لە یاداشتەکانیدا باسی دەکات، کە تیپی (55)ی قەرەداغ تا مانگی ئاداری ساڵی (1983)، (BKC) نەبووە، سەربازێکی کورد (فاتیح حەمە فەرەج)، خەڵکی دێی خێڵی یاقوو لە ڕەبایەک ڕادەکات و بە کلاشینکۆفێک و (BKC)یەک خۆی دەگەیەنێتە کەرتی (4)ی تیپی (57)ی سەگرمە، بەڵام کەرتەکانی تری سەر بە هەمان تیپ تا مانگی ئاداری (1983) و دواتریش هەر بێ بیکەیسی بووینە. هەروەها لە سەرەتای ساڵی (1983)، سەربازێکی دیکەی کورد بەناوی (عوسمان ساڵح پیرۆت) لە سەربازگەی دەوروبەری دەربەندیخان ڕایکردو (بیکەیسی)یەکی لەگەڵ خۆی هێنا ([75]). کێشەی شیوعییە ناڕاستگۆکانە ئەوەیە، دەبێ وەکو ئەوان بەو ناڕاستییانەی سەرەوە باوەڕ بکەیت، ئەگینا کەسێکی خراپی.

---

[75]- ڕەئوف فەتاح محەممەد ناسراو بە ڕەئوفی یاسە، بەشێک لە یاداشتەکانی پێشمەرگەیەکی بناری بەمۆ، ل(130-131).

## هەڵمەتی تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەسەبرە-ی یەکێتی:

یەکێتی، بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و جێگری سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێزەکانی خۆی بە بەشداری بەشێک لە کەرت و ئەم تیپانە کۆکردەوەو ناردنیە سەر ئاشقوڵکە، پشتئاشان، قەندیل و قڕناقاو: {تیپی (21)ی کەرکوک بە فەرماندەیی حەسەن حەمید ڕەحیم محەمەد ناسراو بە مام ڕۆستەم کەرکوکی، جگە لە کەرتی (1)ی ساڵەیی بە فەرماندەیی شێرزاد عەبدولحافز شەریف کە لەگەڵ عەلی بچکۆل بەرەو مەڵبەندی چوار ڕۆیشتن بەڵام بەر لە گەیشتنیان مەڵبەندەکە گیرا، (33)ی سلێمانی بە فەرماندەیی عومەر عەلی عەبدولکەریم ناسراو بە ئاوات قارەمانی، (37)ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی عەلی حوسێن محەمەد ناسراو بە عەلی چوارتایی، (23)ی سورداش بە فەرماندەیی محەمەد غەریب عەبدوڵڵا ناسراو بە ئازادی سەگرمە، (43)ی ئاسۆس بە فەرماندەیی عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم، (47)ی پیرەمەگرون بە فەرماندەیی سەلاح سەعید حەمە قەزاز ناسراو بە سەلاح چاوشین، کەرتی تیپ و کەرتی (3) بەشدار بوون و سێ کەرتەکەی دیکە لەگەڵ عەلی بچکۆل بەرەو مەڵبەندی چوار ڕۆیشتبوون، (51)ی گەرمیان بە فەرماندەیی سامان تۆفیق محەمەد عەلی ناسراو بە سامان گەرمیانی، (57)ی سەگرمە بە فەرماندەیی بەهائەدین ئەحمەد حەسەن ناسراو بە وەهاب، (61)ی کۆڕەش بە فەرماندەیی محەمەد وەسمان حوسێن ناسراو بە محەمەد وەتمان، (63)ی جوتیاران بە فەرماندەیی محەمەد پیرۆت مەحمود ناسراو بە محەمەد ڕازانی، (68)ی مامەندە بە فەرماندەیی قادر مامەند بابەکر ئاغا، (93)ی کۆیە بە سەرپەرشتی شێخ جەعفەر شێخ مستەفا عەلی و ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە ئازادی حەمەی گەمحان جێگری فەرماندەی تیپ، تیپی (99)ی بتوێن بە فەرماندەیی حەمە غەریب سەعید تۆفیق ناسراو بە غەریب عەسکەری، تیپی (79)ی شەهیدان بە فەرماندەیی حەسەن حەمەد فەقێ عەبدوڵڵا ئاکۆ ناسراو بە فەقێ حەسەن و تیپی (73)ی قەندیل بە فەرماندەیی حەمەد عەبدوڵڵا ڕەسوڵ ناسراو بە حەمەدەڕەش پشتئاشانی}، کە سەر بە مەڵبەندەکانی (یەک، دوو و سێ) بوون، ژمارەیان (1280) پێشمەرگە بوو.

بەر لەوەی هێزەکە بەڕێ بکەوێ، مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی (1983/4/30)دا لە گوندی زەڵێ وتارێکی بۆ هێزەکە داو سەبارەت بە حشع گوتی: (ئەو تاقمە ناپاکە، هیچ ڕەفتارێکی شۆڕشگێڕیان نییە. تاقمێکن سەرەتاکانی مارکسیزم، لینینزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمیان پێشێل کردووە. پێکهێنانی بەرەی دیموکراتی عێراقیان دواخست لەبەرئەوەی دەیانگوت نابێ دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمی فاشیستی بەعس هەڵگیرێ. بە بەرچاوی هەموو هێزی نیشتمانیی عێراقەوە سالێک بەربەرەکانێی ئەوەیان کرد، کە نابێ دروشمی ڕوخانی دەسەڵاتی فاشیستی بەعس بەرز بکرێتەوە. لە کوشتنی دوو ڕۆڵە هەڵکەوتووەکەی گەلەکەمان، دوو قارەمانە نەمرەکە شەهیدان کاکە شەماڵ و کاکە سەرباز دەستیان هەبووە. پێویستە هیچ ڕەحم بە تەحریفیە ناپاکەکەی کە دوژمن بە گەلە نەکەین).

سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مام جەلال، زۆر بێئومێد بوون لە جیاکردنەوەی حشع لە جود و شەڕ نەکردنی ئەوان، بەڵام لە ئەنجامی لوت بەرزی و لەخۆبایی حشع هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا، هەر بۆیە مام جەلال لە وتارەکەی دا لە کاتی قسەکردنی بۆ هێزە بەڕێکراوەکەی بەرەو ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو گوتی: (پێویستە هیچ رەحم بە تەحریفیە ناپاکەکەی کە دوژمن بە گەلە نەکەین)، واتە هەڵمەت بەرنە سەر شیوعییەکان، لەوانیش بدەن.

بۆ نیوەڕۆی ڕۆژی (1983/5/1)، هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سێ بەش پەلاماری هەموو لوتکە و بەرزاییەکانی دەوروبەری سەرکردایەتی حسک و پاسۆک یان داو لە ماوەی سێ بۆ چوار کاتژمێر تەواوی بەرزایی و شاخەکانیان گرت. هێزی یەکەم لە خڕی ناوزەنگ بە ئاراستەی ڕەزگە، هێزی دووەم لە شاخی ئاسۆس بەرەو قەڵاتوکان کە لەگەڵ هێزی یەکەم گەیشتنەوە یەک، هێزی سێیەم هێزەکانی مەڵبەندی سێی وەرتێ بوو (تیپی 12ی سۆران بە فەرماندەیی حەسەن کوێستانی، 74ی باڵەک بە فەرماندەیی قادر خەبات و 78ی کارۆخ بە فەرماندەیی ئەحمەد مەولود)، بە سەرپەرشتی ئەندامی سەرکردایەتی ئازاد عەبدولمەجید عەبدولغەفار جەعفەر ناسراو بە ئازاد هەورامی (1954/12/31/ کەرکوک)، کە لەلای خۆیانەوە هەڵمەتیان بردە سەر بەرەی جود لە ڕۆژئاوای پشتئاشان، پێشڕەوی باشیان کردو دەستیان گرت بەسەر بەرزایی و گوندەکانی

دەروبەری سەرکردایەتی (حشع، حسک و پاسۆک) و لە گوندی زەنگەڵین لە سنووری قەسرێ لە باڵەکایەتی سەنگەریان گرت، کە نزیکە لە پشتئاشان و قڕناقاو.

ڕۆژی دواتر (1983/5/2)، هێزەکان هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای سەرکردایەتی هەر سێ لایەنی (حسک، حشع و پاسۆک) لە (ئاشقولکە، پشتئاشان و قڕناقاو)، دوای چەند کاتژمێرێکی کەم دەستیان بەسەردا گرتن و لە حشع (62) و لە حسک (10) کەسیان کوژران. هەروەها ژمارەی دیلەکان لە حشع (47) و لە حسک (5) کەس بوون، کە لە حشع پێنجیان ژن بوون. کەریم ئەحمەد، ئەحمەد بانیخێڵانی و قادر ڕەشید ناسک، کە لە ڕۆژی (1983/5/3)دا بەدیل گیران، لە ڕۆژی (1983/5/5)دا لەگەڵ هێزێک بەرەو ناوزەنگ بۆ لای مام جەلال بەڕێکران و ڕۆژی دواتر گەییشتن. لە ڕۆژی (1983/5/7)دا مام جەلال ئەوانی بینی و گفتوگۆی زۆر لەسەر شەڕەکان کرا، دواتر وەکو کەریم ئەحمەد جێگری سکرتێری حشع، ئاماژەی پێکردووە، لەسەر پێشنیازی ئەودا داوا کرا کە بانگەوازێکی هاوبەش بڵاوبکەنەوە و تیایدا سەرزەنشتی شەڕەکان بکەن، داوای وەستاندنی شەڕ و یەکگرتنەوەی هێزەکان بکرێ لە دژی هێزەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی و شۆڤینی بەعس، دەستبەجێ مام جەلال داوا و پێشنیازەکەی کەریم ئەحمەدی پەسەند کرد ([76]). هەر ئەم پێشنیازەی کەریم ئەحمەد بوو، ڕێککەوتنی دوو قۆڵی ڕۆژی (1983/5/10)ی نێوان یەکێتی و حشعی بەدواداهات و مام جەلال لەلایەنی یەکێتی و کەریم ئەحمەد لەلایەن حشع ڕێککەوتنەکەیان لە ناوزەنگ مۆرکرد، هەمان ڕۆژیش لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرایەوە.

پێشتر هێزەکانی یەکێتی، لە ڕۆژی (1983/4/19)دا لە تۆڵەی کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی و کوژراوانی گورگەدەر کە پدک لە تۆڵەی بەهەڵە کوشتنی جەزای عەلی کاتب دا (10) پێشمەرگەی یەکێتی لەوێ کوشت، لە ناوچەی سلێمانی و مەڵبەندی یەک پەلاماری حسک، پدک و پاسۆک یان دا، بەڵام دەستیان بۆ حشع نەبرد. مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی حشع، لە ڕۆژی (1983/5/10)دا لە گوندی دێوانە ڕێککەوتنێکی دووقۆڵیان مۆرکرد، کە لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (محەمەد فەرەج قادر ناسراو بە حەمەی فەرەج، ڕەفیق عەبدوڵڵا سەبری ئەمین ناسراو بە مامۆستا ئەنوەر (1944-2000) و ڕەشید محەمەد قادر ناسراو بە مەلا برایم) و لەلایەن حشع

---

[76]- کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، ل(300).

(عەبدوڵڵا مەلا فەرەج عەبدولڕەحمان ناسراو بە مەلا عەلی، شێخ سەعید و نەسرەدین عابد عەلی وەیس ناسراو بە نەسرەدین هەورامی (1946/ بەڵخە/ تەوێڵە/ هەڵەبجە)، کە دواتر سەنگەری گواستەوە نێو پارتی و لە ساڵی 1991 لە نزیک چیای بەمۆ لای ئاوایی بەلەسۆ لە سنووری دەربەندیخان بەسەر مینێکی چێنراودا کەوت و کوژرا)، بەشدار بوون و ڕێککەوتنەکەیان مۆرکرد. پێموایە جگە لە بەهائەدین نوری و عەبدوڵڵا مەلا فەرەج هیچی دیکەیان باوەڕیان بەم ڕێککەوتنە نەبوو بەڵام ناچاربوون، چونکە زۆر لاوازبوون و دەیانزانی بەدەردی حسک و پارتییەکانی ڕۆژی (1983/4/19)ی پارێزگای هەولێر و شەڕی پشتئاشان دەچوون، بەڵگەش ئەوەیە کە ئەبو تارا لە نامەیەکدا بە مێژووی (1983/5/2-1)دا بۆ محەمەدی حاجی مەحمود ناردووە کە نامەکەی بە شێوازی ناڕاستگۆیانەی شیوعییە ئاژاوەگێڕەکانی هەولێر و پشتئاشان نووسیوەو لە کۆپلەی یەکەمدا دەڵێ: (ئێوارە لە ڕادیۆی پارتی ئیعلان کرا 21 کوژراو و 50 بریندارییان بووە واتە جەلالییەکان.. لە ڕاستیدا بەجارێک ئابڕووی (ی. ن، ک) براو شکستی لێ درا، بەڵام ڕادیۆ و بەلاغی هەولێر ئیشارەتی دا کە جاشەکان کۆکراونەتەوە بۆ هێرش بۆ سەر بالیسان .. هتد، واتا وەک تەقدیرەکەی ئێرە .. کە ئەبێت ترسی ئەوەمان هەبێت کە حکومەت و جاش پەلاماری هێزەکانی بەرەمان بدات. بۆیە تکام وایە هێزەکان بپارێزیت بۆ یەک دوو ڕۆژ ئێمەش بە باشی بەشدار ئەبین؛[77]). ئیبراهیم سۆفی مەحمود حەمەدئەمین ناسراو بە ئەبو تارا (1936/ کانی ئاشقان/ هەڵەبجە)، فەرماندەی سریەی جاشی سەید سادق کە ڕژێمی بەعس بیست سریەی جاشی بۆ شیوعییەکان کردبووەو ئەو تا ڕۆژی (1974/10/5) فەرماندەی سریەی جاش، لەم ڕۆژە بەدواوە لە سەردەمی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی کرایە ئەندامی دوو خولی یەک لەدوای یەکی ئەنجومەنی کارتۆنی جاش تەشریعی لە ساڵانی (1974-1980)دا، چونکە خۆی جاش بووە بۆیە وشەی جاش ئەوەندە لەسەر زاری ئاسانە و جاش جەلالی بۆ یەکێتی بەکاردەهێنێت، بە داگیرکردنی بالیسان دەنووسێت ئابڕووی یەکێتی براوە، وای نووسیوە کە لە ئەنجامی داگیرکردنی بالیسان لەلایەن بەرەی جود گوایە جاش کۆکراوەتەوە بالیسان بۆ یەکێتی بگرنەوە، بۆیە ئەوانیش لە شیرەمەڕ دەبێ لەوە بترسن کە جاش و سوپا پەلاماریان بدات. باشە گەر گرتنی بالیسان ئابڕووچوون و شکست بێت بۆ یەکێتی، ئەی زمان درێژی ئەو و شەڕنەکردنی لە بەرانبەر بە یەکێتی

---

[77]- محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم 1982-1986، ل(622).

ئابڕووچوونی ئەو نییە؟ ئەی شکستی پشتئاشان ئابڕووچوونی حزبی شیوعی عێراق، ئەبو تارا و ئەبو تاراکانی دیکە نییە؟ ئایە جاش کۆکرایەوە بۆ ئەوەی بالیسان بۆ یەکێتی بگرێتەوە، یان جاش لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ واتە دوای نزیکەی شەش مانگ کۆکرایەوە بۆ گرتنەوەی بالیسان بۆ بەرەی جود، کە ئەنوەر بەگی بێواتە و کوڕەکانی ئەو شەڕەیان بۆ بەرەی جود کرد؟

دیلەکان زۆربەیان لە ڕۆژی (1983/5/2)دا گیران و لە وەرتێ کۆیان کردنەوە. کەریم ئەحمەد، ئەحمەد قادر بانیخێڵانی، قادر ڕەشید ناسک و چەند کەسێکی دیکە لە ڕۆژی (1983/5/3)دا پێکەوە لەلایەن تیپی (99)ی بتوێن دەستگیرکران و ڕادەستی ئەحمەد مەولود حەمەد مەولودی فەرماندەی تیپی (78)ی کارۆخ کران و ئەویش هەر سێکیانی بەرەو خانەقا نارد و لەوێشەوە بۆ وەرتێ نێردران. ئەوانەی تریش هەموویان لە ژوورێکی مزگەوتی وەرتێ دانران، کە شیوعییەکان لە یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیویانە و باسی ئەوە دەکەن کە گوایە لە تەوێڵەی وڵاخ دانراون کە ئەمەش بارستایی گەورەیی ناڕاستگۆیی شیوعییەکان دەردەخات.

ئەمەی خوارەوە لیستی کوژراوانی ڕۆژی (1983/5/1) و ڕۆژانی دواتری شەڕی یەکەمی پشتئاشانی حزبی شیوعی عێراقە:

1. ئازاد ئاغۆک نادر خۆشناو ناسراو بە لەزگین (1957/ هەولێر)، لە ڕۆژی (1983/5/3)دا لە لێوژە کوژراوە، کورد.

2. ئەحمەد بەکر ئیبراهیم گورجی ناسراو بە هاوار (1955/ هەولێر/ قوشتەپە)، کورد. فەرماندەی فەسیلی دووی سریەی لێوژێ بوو، لە ڕۆژی (5/3)دا لە بۆڵێ کوژراوە.

3. ئەحمەد عەبدولئەمیر مورتەزا ناسراو بە باوکی سەلام (احمد عبدالأمیر مرتضی/ أبو سلام/ 1950/ البصرة)، عەرەب.

4. ئیبراهیم عەبدوڵڵا جاسم شەمسە ناسراو بە باوکی یوسف (إبراهیم عبداللة جاسم شمسة/ أبو یوسف - 1953/ النجف)، عەرەب. لە ڕۆژی (5/2)دا کوژراوە.

5. ئەنوەر عومەر ئیسماعیل حەمەدئەمین لەک ناسراو بە ڕۆستەم (1950/ شەمامک/ جدیده لەک)، فەرماندەی سریەی لێوژێ، کورد.

6. ئیحسان عەلی محەمەد محەمەد تەقی هاشمی ناسراو بە باوکی عەلی (إحسان علي محمد محمد تقي الهاشمي/ 1949/ أبو علي)، عەرەب.

7. باسم محەمەد غانم ئەلساعدی ناسراو بە باوکی سەڵاح (باسم محمد غانم الساعدي/ أبو صلاح - 1952/ العمارة)، عەرەب.

8. بیلال محەمەدئەمین عەبدوڵڵا عەزیز سنجاوی ناسراو بە دەشتی (1957/ کەندێناوە/ عاڵڵا)، کورد.

9. تاریق محەمەد نەزەر سەعید ئەرکەوازی ناسراو بە دکتۆر بەهاء (طارق محمد نظر سعيد ألأركوازي/ دكتور بهاء - بغداد/ 1958)، کورد.

10. تارق عۆدە خەزعەل ناسراو بە ڕەعد (طارق عودة خزعل/ رعد - 1960/ البصرة)، لە نزیک گوندی کۆیلە کوژرا، عەرەب.

11. جەعفەر عەلی حوسێن عەبدولئەئمە ئەسەدی ناسراو بە باوکی زەفەر (جعفر علي حسين عبدالأئمة أسدي/ أبو ظفر - 1959/ النجف)، عەرەب.

12. حامید خەلیل ئیبراهیم حەمادی ئەلخەتیب ئالوسی ناسراو بە باوکی ماجد (1939/ عانە/ ڕومادی)، ئەندامی مەکتەبی سەربازی، لە پشتئاشان کوژراوە. حامد خليل إبراهيم حمادي الخطيب آلوسي (أبو ماجد - 1939/ الرمادي/ عانة)، عەرەب.

13. حوسێن موحسین سەعید ئەلعەباس ناسراو بە باوکی خەلیل (حسين محسن سعيد العباس - بغداد)، عەرەب.

14. خالید کەریم عەلی ئیسماعیل سیان ناسراو بە هێمن (هەولێر/ شەمامک/ قازیخانە/ 1963)، لە ڕۆژی (1983/5/3)دا لە نزیک گوندی لێوژێ کوژراوە (کورد).

15. خدر کاکیل یەحیا (1929/ ڕواندز/ کاولۆکان)، سەرلقی لقی ڕۆست، لە ڕۆژی (1983/5/2)دا لە نزیک بۆڵێ کوژراوە (کورد).

16. دارا حوسێن محەمەد شەریف شێخ مەمودی ناسراو بە قارەمان (1957/ مورتکەی گەورە/ قوشتەپە)، کورد.

17. ڕەسوڵ حەمەد موسا ناسراو بە مام ڕەسوڵە سوور، یان ڕەسوەسور (1939/ سلێمانی/ سەنگەسەر/ زورکانی)، جێگری فەرماندەی لقی پشدەر. لە بەرەبەیانی (1983/5/1)دا لە (سەری ساوێن) لەگەڵ هەشت پێشمەرگەی تر کوژران (کورد).

18. ڕەشاد عەباس حوسێن عەباس ئەلئەسەدی ناسراو بە باوکی تۆفیق (رشاد عباس حسين عباس الأسدي/ أبو توفيق - 1958/ النجف)، عەرەب. ڕەشاد عەباس حوسێن (ئەبو تۆفیق)، ئەندامی دەستەی کەرەستە تەقێنەرەوەکان (المتفجرات) بوو لە فەسیڵی بۆڵێ، یەکێک بووە لەو کەسانەی کە گشت بارەگاکانی پشتئاشان یان مینڕێژ کردبوو، کە بووە هۆکاری کوژرانی پێشمەرگەیەکی یەکێتی، کە دەیویست کۆگای خواردن و خواردنەوەی شیوعییەکان بکاتەوە.

19. ڕەعد یوسف عەبدولمەجید ناسراو بە باوکی بەسیم (رعد يوسف عبدالمجيد/ أبو بسيم - 1953/ البصرة)، عەرەب. لە ڕۆژی (5/3)دا کوژراوە.

20. سائیر عەبدولڕەزاق ئەحمەد ئەلنوعمانی ناسراو بە سەعد (ثائر عبدالرزاق أحمد النعماني/ سعد/ 1959/ البصرة)، عەرەب. لە ڕۆژی (5/1)دا لە سەری ساوێن کوژراوە.

21. ستار مستەفا ئیسماعیل خدر نانەکەلی ناسراو بە کاروان (1964/ هەولێر/ کەندێناوە/ عاڵڵا)، کورد.

22. سەربەست محەمەد ساڵح مەعروف خۆشناو ناسراو بە فوئاد (1964/ هەولێر/ شەقڵاوە)، لە ڕۆژی (1983/5/2)دا لە سەران (کورد).

23. سەعد عەلوان هادی کازم ناسراو بە باوکی سۆفیا (سعد علوان هادي كاظم/ أبو صوفيا - بغداد)، عەرەب.

24. سەڵاح کامیل حمێدی ناسراو بە ئەبو مەهدی (صلاح كامل حميدي/ 1947/ بەغدا)، عەرەب.

25. سەلوم شەهاب ئەحمەد مەهدی ناسراو بە باوکی عادل (سلوم شهاب احمد مهدي/ أبو عادل - 1956/ بغداد)، عەرەب. لەگەڵ کەریم ئەحمەدو هاوڕێکانی بە بریندار بەدیل گیرا، دواتر بەهۆی سەختی برینەکەیەوە کۆچی دوایی کرد.

26. سەمیر عەبد ئەلحەسەن ئەلخەفاجی ناسراو بە باوکی سابرین (سمير عبد الحسن الخفاجي/ أبو صابرين - بغداد/ 1945)، عەرەب.

27. سەمیر مەهدی شەلال ناسراو بە باوکی تەیسیر (سمير مهدي شلال/ أبو تيسير - 1953/ بغداد)، لە دەستەی کەرەستە تەقێنەرەوەکان (المتفجرات)، عەرەب.

28. سەمیر کازم یوسف ئەلحلفی ناسراو بە عەمار (سمير كاظم يوسف الحلفي/ عمار - بغداد/ 1957)، لە ڕۆژی (5/1)دا کوژراوە، عەرەب.

29. سەیدۆ خەلۆ میرزا ئێزیدی ناسراو بە باوکی مەکسیم (سیدو خلو میرزا/ أبو مكسيم - 1940/ دهۆک/ سمێل/ فایدە/ خانکێ)، لە (5/3)دا کوژراوە، کورد.

30. شەهید عەبدولڕەزا عیسا ناسراو بە باوکی یەحیا (1950/ عمارە)، (شهيد عبدالرضا عيسى/ أبو يحيى - 1950/ العمارة)، عەرەب. لە بەرەبەیانی ڕۆژی (1983.5.1)دا کەوتۆتە بۆسەی هێزەکانی یەکێتی و کوژراوە.

31. عەبدولئەمیر عەباس عەلی ناسراو بە سەمیر (عبدالأمير عباس علي/ سمير/ 1961/ الواسط)، لە (5/2) کوژراوە. عەرەب.

32. عەبدولحوسێن ئەحمەد حەسەن ئەلزهێباوی ناسراو بە باوکی سەمیر (عبدالحسين احمد حسن الذهيباوي/ أبو سمير - 1948/ العمارة)، عەرەب.

33. عەبدوڵڵا حەسەن محەمەد دەڵگەیی (1955/7/1/ قەڵادزێ)، لە بەرەبەیانی (1983/5/1)دا لە (سەری ساوێن) کوژراوە (کورد).

34. عەبدولوەهاب عەبدولڕەحمان عەبدولوەهاب ئەلسالم ناسراو بە باوکی هندرێن (عبدالوهاب عبدالرحمن عبدالوهاب السالم/ أبو هندرين - 1946/ البصرة)، عەرەب.

35. عەتوان حوسێن محێبس ئەلساعدی ناسراو بە باوکی عەلی، پێشمەرگە لە لقی تۆپهاوێژی (عطوان حسين محيبس ألساعدي/ أبو علي - 1954/ بغداد)، عەرەب. لە ڕۆژی (5/2)دا کوژراوە.

36. عەلی جەبر کازم گزار ناسراو بە عادل لیبرالی (علي جبر كاظم گزار/ عادل ليبرالێ - كربلاء)، عەرەب.

37. عەلی حوسێن بەدر ئەلڕکابی ناسراو بە باوکی حاتەم (علي حسين بدر الركابي/ أبو حاتم - السماوة/ 1947)، لە ڕۆژی (1983/5/1)دا بریندار بووە و ڕۆژی دواتر مردووە (عەرەب).

38. عەلی عەبدولکەریم محەمەد ئەلنعێمی ناسراو بە عەبیر (علي عبدالكريم محمد النعيمي/ عبير - 1954/ بغداد)، عەرەب.

39. عەمیدە عەزبی حالوب ئەلخومەیسی ناسراو بە ئەحلام (عميدة عذبي حالوب الخميسي/ أحلام - 1956/ ناصریە/ سوق ئەلشیوخ)، کە شیوعییەکان بە تۆپ هاوێژە قارەمانەکەی لێوژێ ناوی دەبەن و هەر لەو گوندە دەکوژرێ. عميدة عذبي حالوب الخميسي (سوبی). تاکە ژنە شیوعی بوو کە لە شەڕدا کوژرا، ئەویش وەکو دوایی خۆیان

لە ژیاننامەکەی دا نووسی بویان، تا دوا فیشەک ئازایانە شەڕی کردبوو؛ سەرچاوە: (نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، ل298-299). هەروەها نووسەران و ئەندامانی حشع لە دەیان نووسینیان دا سەبارەت بە ئەحلام و سەعد نووسیویانە: (تۆپ هاوێژە قارەمانەکەی لێوژێ هاوڕێ ئەحلام و سترێلا هاوێژەکەی حزب هاوڕێ سەعد).

40. عیسا عەبدولجەبار جاسم ئەلبەحرانی ناسراو بە سەلمان (عیسى عبدالجبار جاسم البحراني/ سلمان - البصرة/ 1955)، عەرەب.

41. عیماد شەهید حەسەن هەجول ناسراو بە باوکی مەعالی (عماد شهید حسن هجول/ أبو معالي - 1951/ الحلة)، عەرەب.

42. قادر حەسەن محەمەد دەڵگەیی (1960.7.1/ قەڵادزێ)، لە بەرەبەیانی (1983/5/1)دا لە (سەری ساوێن) کوژرا (کورد).

43. قەیس عەبدولستار سەعید سلێمان ئەلقەیسی ناسراو بە باوکی زەفار (قيس عبدالستار سعيد سليمان القيسي/ أبو ظفار - بغداد/ 1948/8/2)، عەرەب. (مووچەی شەهیدانە لە پدک و ینک وەردەگیرێت بەناوی قەیس).

44. کازم تۆفان مەناحی ناسراو بە باوکی لیلیان (کاظم طوفان مناحي/ أبو ليليان/ 1944/ العمارة)، عەرەب، کەوتۆتە بۆسەو کوژراوە.

45. کامیل ئەحمەد سەمین ناسراو بە ئازاد کانیساردی (1963/ سلێمانی/ دەربەندیخان)، کورد، لەگەڵ (نەجیب محەمەد قادر (1952/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1983/5/4)دا لە قەرەداغ کوژراون (کورد)، لە پشتئاشان نەکوژراون.

46. مازن محێی حوسێن کەمالەدین ناسراو بە یوسف (مازن محي حسين كمالالدين/ يوسف - 1952/ النجف)، عەرەب، پێشمەرگەی پەلی (3)ی لقی هەولێر، کەوتۆتە بۆسە و کوژراوە.

47. محەمەد ساڵح عەباس ئەلساعدی ناسراو بە باوکی وەتفاء (محمد صالح عباس الساعدي/ أبو وطفاء) - 1960/ دیالە/ بەلەدروز)، عەرەب. لە (1983/5/1)دا لە پشتئاشان کوژراوە.

48. محەمەد عوّدە عامر ناسراو بە باوکی سەلام (محمد عودة عامر/ أبو سلام - بەسرا)، لە (5/2)دا کوژراوە، عەرەب.

49. محەمەد فوئاد هادی ناسراو بە باوکی تاریق، ڕابەر سیاسی لقی بۆڵێ (محمد فؤاد هادي/ أبو طارق - البصرة)، عەرەب.

50. مەجید رسن سوکەر حوسێن ئەلڕوبەیعی ناسراو بە حەمید (مجيد رسن سكر حسين الربيعي/ حميد - 1954/ الكوت)، عەرەب.

51. موئەیەد عەبدولکەریم ناسراو بە حامد (مؤيد عبدالكريم/ حامد - 1948/ بغداد)، عەرەب.

52. موزەفەر عەبدولئەمیر عەبدولموتەڵیب ئەلموزەفەر ناسراو بە سەعیدە ڕەش (1957/ بەسرا)، لە پشتئاشان بریندار بوو، دواتر لە ڕۆژی (1983/7/7)دا لە نەخۆشخانەیەکی ئێران کۆچی دوایی کرد، عەرەب.

53. ناسر ئەحمەد کانەبی زێندین شێروانی (1961/ هەولێر/ دارەخورما/ دیبەگە - کورد).

54. ناسر عەواد کران شەمخی ناسراو بە باوکی سەمەر (ناصر عواد كران شمخي/ أبو سمر - 1948/ الديوانية)، عەرەب.

55. نەجیب محەمەد قادر (1952/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (1983/5/4)دا لەگەڵ کامیل ئەحمەد کانیساردی لە قەرەداغ کوژراون (کورد)، لە پشتئاشان نەکوژراون.

56. نەسیر محەمەد موحسین ئەلسەباغ ئەلکوفی ناسراو بە باوکی نادیە (نصير محمد محسن الصباغ الكوفي/ أبو نادية - 1956/ النجف)، عەرەب، لە ڕۆژی (1983/5/2)دا کوژراوە.

57. نوعمە فازڵ عەباس ناسراو بە باوکی سەلیم (نعمة فاضل عباس/ أبو سليم - 1946/ الكوت)، لە (5/2)دا، عەرەب.

58. هاشم کازم محەمەد ئالباشی ناسراو بە باوکی محەمەد (هاشم كاظم محمد آلباشي/ أبو محمد - 1959/ السماوة)، سەرۆکی دەستەی کەرەستە تەقێنەرەوەکان (المتفجرات)، عەرەب.

59. هەمزە محەمەد ڕەسوڵ حەمەد مامەسێنی (1934/ لهێبان/ سەرگەڕان/ کەرکوک)، کورد.

60. هیوا مەغدید عومەر ناسراو بە بەختیار (1957/ سلێمانی/ قەڵادزێ، کە لە ڕۆژی (1983/4/30)دا لە نزیک دێی ڕەزگە کوژرا، دوای ئەوەی شیوعییەکان

تەقەیان لە هێزەکەی یەکێتی کردو وریا قادر عەبدوڵڵا ناسراو بە وریای مام قادر یان کوشت و غەریب عەسکەری فەرماندەی تیپی (99)ی بتوێن یان بەسەختی بریندار کرد، کورد.

61. وەهاب عەبدولڕەزاق حەمید عەلی ئەلشەمەری ناسراو بە ملازم حامد (وهاب عبدالرزاق حميد علي الشمري/ ملازم حامد - 1950/ حلة)، عەرەب.

62. یەحیا حەسەن مورتەزا ناسراو بە ڕوشدی، ڕاوێژکاری سیاسی لقی بۆڵێ (يحيى حسن مرتضى/ رشدي - 1958/ بغداد)، عەرەب.

یەکێک لە عارەبەکان، لە نزیک (دۆڵەنێ) لەنێو بەفردا ڕەق بۆتەوە و بە گوللە و بەدەستی پێشمەرگەی یەکێتی نەکوژراوە؛ سەرچاوە: (فاتیح ڕەسوڵ، بەرگی سێیەمی چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، ل278).

لە کۆی (62) کوژراوی حشع، بیست کورد، چل عەرەب، یەک ئاشووری و یەک مەندائی تێدایە، کەواتە نزیکەی (32,25%)ی کورد، نزیکەی (64,51%)ی عەرەب، نزیکەی (1,61%)ی ئاشووری و (1,61%)ی مەندائییە. باشە بۆ دەبێ شیوعییەکان وا هەژماری بکەن کە ئەم شەڕەی پشتئاشان شەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە لە دژی عەرەب، خۆ یەکێتی بە هۆکاری عەرەب بوون هەڵمەتی نەبردۆتە سەر پشتئاشان؟ ژمارەی عەرەبەکان لە بارەگای سەرکردایەتی و پشتئاشان لە ژمارەی کوردەکان زۆرتر بووە، ئەوە ڕاستییەکە و ناتوانرێ نکۆڵی لێ بکرێت، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەی کوژراوانی عەرەب زیاتر بێت لە ژمارەی کوژراوانی کورد. عزیز سباهی خەڵەف، نووسیویەتی: (لەنێو حزبی شیوعی دا کوردەکان 75% بوون لە مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوک، 64% بوون لە مەڵبەندی هەولێر. بەڵام لە بادینان کوردەکان 47% بوون و ئەوانەی تریش کە دەمێنێتەوە عەرەب و کەمەنەتەوەییەکانی دیکە بوون؛[78]). لە پشتئاشان شەست و دوو شیوعی کوژران، ڕێژەی عەرەب (64,51%)، پێک دەهێنن، ئەمەش بەهۆی ئەوە بووە کە زۆرێک لە عەرەبەکان لە فەسیلی ژێر بەتانی بوون، بەفرتوفێڵ هەندێکیان هێنابوونەوە کوردستان و ئەوانیش نەدەچوونە سریە، بەتالیۆن و لقەکان تا بەشداری شەڕەکان بکەن، بەپێچەوانە لە پشتئاشان خۆیان دوورەپەرێز گرتبوو تا دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێ بەڵکو بەرەو ئەو وڵاتانە بڕۆنەوە کە

[78]- عزيز سباهي، عقود من تأريخ الحزب الشيوعي العراقي، الجزء الثالث، ص(216).

لێی هاتبوون. لە شەڕی دووەمی قەندیل (1983/9/1-8.13)، یازدە شیوعی، چل و شەش پارتی و شەش سۆسیالیست کوژران. لە یازدە شیوعی هەشتیان عەرەب (72:72%)، دوو کورد (18:19%) و یەک ئاشووری (9:9%) بوون. لەم شەڕەدا حزبی شیوعی عێراق خۆی هێزەکانی خۆی، شوێن و کاتی شەڕەکانی هەڵبژاردبوو، هەر خۆیشی لە چوارچێوەی بەرەی جود هێرشی کردە سەر هێزەکانی یەکێتی کەچی ڕێژەی کوژراوانی عەرەب نزیکەی (8%)، لە شەڕی پشتئاشان زیاترە! ئەمەش بانگەشەی حزبی شیوعی عێراق، عەرەبە شیوعییە شۆڤینیستەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق و کوردە شیوعییە داخ لە دڵەکانی دژ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پووچەڵ دەکاتەوە بەوەی گوایە یەکێتی پاکتاوی ڕەگەزی عەرەبی کردووە لە شەڕی پشتئاشان و قەندیل، کە ماوەی چل و سێ ساڵە (2026/5/1-1983/5/1)، ئەم قەوانە سواوە و ناڕاستییە بێ بەڵگەیە هەزار بارە و ملیۆن بارە دەکەنەوە.

عەزیز سباهی، ڕێژەی عەرەبی لە بارەگاکانی سەرکردایەتی نەنووسیوە، ئەگینا لە سەرووی (75%)ی شیوعییەکانی پشتئاشان عەرەب بوون و بۆ پاڵدانەوە هاتبوون نەک بۆ پێشمەرگایەتی، کەس بە کەس نەبوو، حزبایەتی و دیسیپلین هیچی نەبوو بەڵکو بەرەڵڵایی بوو، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی قسەکانم پەنا دەبەمە بەر دوو نووسین: یەکەمیان: باقر ئیبراهیم، نووسیویەتی: (لە سەرەتای ساڵی 1983، لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێی کانوونی دووەم دا کۆمەڵێک زیندانیی لە زیندانی بارەگا هەڵاتن، کە کاریگەرییەکی مەعنەوی خراپی لەسەر پێشمەرگەکانمان جێهێشت. زیندانییە ڕاکردووەکان، لە ژووری زیندانیی کردنەکەیان کورتە نامەیەکیان بۆ هاوڕێ پاسەوانەکانمان بەجێ هێشتبوو کە تیایدا هاتبوو: هیوای خەوێکی ئارامتان بۆ دەخوازین؛[79]). ئەوان لە تەمبەڵی خۆیان، تەنانەت پاسەوانیان بۆ زیندان دانەنابوو، وەرە کۆمەڵێک زیندانی ڕابکەن و چەند بارەگایەکی تەنیشت یەکتری هیچیان پاسەوانیان نەبووە، ئەگینا هەستیان بە شکاندنی زیندان و ڕاکردنی زیندانییەکان دەکرد. دووەم: قادر ڕەشید ناسک، کۆمەڵێ ڕاستی نووسیوە، منیش هەندێکیان هەڵدەبژێرم: (لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی (1983)دا بە ئەرکی حیزبی لە نۆکان بووم، بروسکەیەکی مەکتەبی سیاسیی حیزبم پێگەیشت و نووسرابوو: دوو برادەری کوردی تورکیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی سۆسیالیستی

[79]- باقر إبراهيم، مذكرات باقر إبراهيم، ص(210).

کوردستانی تورکیان، میوانن لەلای سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ (ئەوکاتە پەیوەندییمان لەگەڵ یەکێتیدا ئاسایی بوو)، لەگەڵ خۆت بیانهێنە بۆ پشتئاشان). پشتئاشان هەر وەک ئۆردوگایەکی پەنابەران ئەهاتە بەرچاو، ئەو پێشمەرگە و کادیر و خێزانانەی لە پشتئاشان دەژیان ژمارەیان (300) کەس زیاتر بوو، بە پیر و پەککەوتە و لاوەوە، بەیانی، نیوەڕۆ و ئێوارە یەک لەدوای یەک لەکاتی دیاریکراودا ڕوویان دەکردە چێشتخانەکان، بە جلوبەرگی چڵکن و پڵکنەوە، ڕیشن و دەموچاو دووکەڵاوی و تێکترشاوە، بەو بەفرو سەرمایە بە جوتێک نەک بەسەر پێوە، خواردنەکانیان وەرئەگرت و بە پەلە ئەگەڕانەوە بۆ ژوورەکانیان. لەبەرئەوەی کە حەوسەڵەی دارهێنانیان نەبوو لە کەژ و کێوەکانەوەو بۆ گەرمکردنەوەی ژوورەکانی خۆیان، هەموو دارمێوەکان و داری بەردارییان لەناو گوندەکەدا بڕیبووەوە. بە ڕۆژیش هەر لەژێر بەتانییەکانیانەوە بوون و تەنانەت پاسەوانیشیان لە خۆیان و لە بارەگاکانیان بەلاوە گران بوو. هاوڕێ مەحمود عەباس (مەحمود فەقێ خدر - بەرپرسی سیاسی لقی پێشمەرگەی پشدەر) ئەڵێت: (ئەو چەند ماڵەی لە پشتئاشان بوون ئەهاتنە لامان، سکاڵا و گلەییان لێئەکردین و پێیان ئەوتین: پێشمەرگەکانتان هەموو دارمێوەکان و داری بەرداری ناو گوندەکەیان بڕیوەتەوە و ئاگری پێئەکەنەوە، ئەمە کەی ڕەوایە؟ ئەم ڕەفتارەیان لە پیاوکوشتن خراپترە). بۆ ڕۆژی داهاتوو لەگەڵ ئەو دوو هەڤاڵە (دکتۆر خالید و ئەوی تریان وابزانم ناوی هەڤاڵ مەحمود بوو) و سێ پێشمەرگەی خۆمان لە نۆکانەوە کەوتینە ڕێ، قۆناغی یەکەممان لە بارەگای پێشمەرگەی ڕەزگە کۆتایی هات، شەو لای هاوڕێیانی لقی پشدەر مابنەوەو زۆر بە گەرمیی و ڕێکوپێکیی پێشوازییان کردین و خزمەتێکی باشیان کردین. شەو دەرەنگ گەیشتینە ئاشقوڵکە، لە پەلوپۆ کەوتبووین، بەفر هەر ئەباری و بەو شەوە درەنگەش گەڕاین هەتا بنکەیەکی هاوڕێیانمان دۆزییەوە، ئەم بنکەیە ناونرابوو (محەطە) و چەند پێشمەرگەیەکی لێبوو بۆ یارمەتیدان و ئاسانکردنی هاتوچۆی هاوڕێیان و حەوانەوەی کاتیی و بەڕێکردنی ڕاگوزاران، زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەم بنکەیە برادەرانی عەرەب بوون. کە ئێمە چووین پاسەوانیان نەبوو، دەرگای ژورەکەیانمان کردەوە، چرایەکی هێجگار کەم تروسکەی ڕەش و بۆر هەڵگەڕاو بە بنمیچەکەدا هەڵواسرابوو. گەرمای ژورەکە و سەرمای دەرەوە ئەوەندە جیاوازییان نەبوو، سۆپاکە سارد و سڕ بوو، ژورەکە ئەوەندە تاریک و نوتەک و دوکەڵاویی بوو، زۆر بە زەحمەت ئەزانرا چەند کەس لەم ژورەدان. شەوقی چراکەمان کەمێک زیادکرد، دیمان هەموو لە تەنیشت یەکەوە

وەک دارەڕای خانوو خۆیان کردووە بە ژێر بەتانییەکانیانەوە و تەنیا سەریان کەمێک بەدەرەوەیە، بە ساردییەکەوە بەخێرهاتنیان کردین و بێئەوەی پێمان بڵێن فەرموون جێی خۆتان بکەنەوەو دانیشن، سەریان کردەوە بە ژێر بەتانییەکانیانەوە و وایان ئەزانی کە ئێمە ئەو دیمەنەمان دی ئیتر بەو نیوەشەوە ئەگەڕێینە دواوە و ئەبینەوە بە میوانی بەفر و ڕەهێڵەکەی! بە هەر حاڵ لە دەوری سۆپای سارد و لە بەردەمی دەرگاکەدا بە برسییەتی و لەش تەڕیی و وەنەوزدانەوە ئەو شەوەمان بردەسەر. بۆ بەیانیی کەوتینە ڕێ بە دەم گێرەکردنەوە لەناو بەفردا تا دەوری نیوەڕۆ گەیشتینە پشتئاشان. پاش ماوەیەک لە دوورەوە دوکەڵێکمان دی، ڕوومان کردە شوێنی دوکەڵەکە و وا ڕێککەوت چێشتخانە بوو، برادەرێکی لێبوو، لێمان پرسی ژوورەکانی برادەرانی سەرکردایەتی لە کام قوڵەوەن؟ بە عەرەبیی وەڵامی داینەوە و ووتی لە پشت ئێرەوە هەر ڕاست بڕۆن ژوورەکەی هاوڕێ کەریم ئەحمەدە. لە دەرگای ژوورەکەمان دا و هاوڕێ کەریم دەرگای لێکردینەوە، بەخێرهاتنێکی زۆر بەسۆز و گەرمی کردین و ناردی خواردنیان بۆ هێناین، سۆپای ژوورەکەی زۆر گەرم بوو. پێش ئەوەی ئێمە بکەوینە سکاڵای خۆمان، هاوڕێ کەریم وتی ڕێگەوبان چۆن بوو؟ چۆن لەو کوێستانانە و لەو بەفرە زۆرە دەرباز بوون؟ کەی گەیشتنە ئاشقوڵکە؟ ئەو دوو برادەرە میوانە ئەوەندە پەست و بێزار بوون لەو پێشوازییە پڕ شەرمەزارییەی هاوڕێیانی ئاشقوڵکە کە لێیان کردین! ئیتر ڕێگەی ئەوەیان نەدا کە هاوڕێ کەریم پرسیارەکانی تەواو بکات و وتیان هەڤاڵ کەریم ئەگەر پێشمەرگەکانی بنکەکانی ترتان و هی ئێرەش وەک ئەوانەی ئاشقوڵکە بن ئەوە بە تەمای خۆتان مەبن! ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دوژمن هێرش بکاتە سەرتان ئەوا ئەو پێشمەرگانەتان نە ئەتوانن پارێزگاریی ئێوە بکەن و نە پارێزگاریی خۆشیان، لە ئێستاوە بیرێکی جیدیی لە خۆتان بکەنەوە، خۆزگە سەد خۆزگە لە گوندێک لامان بدایە و ڕوومان بکردایەتە ماڵە جوتیارێک .. گەلێک باشتر ئەبوو. هاوڕێ کەریم ئەو گلەیی و ڕەخنە کتوپڕییەی زۆر پێناخۆش بوو زۆر کاری تێکردو پێی ناڕەحەت بوو، دەستبەجێ ناردی بە دوای هەموو ئەوانەی لە ئاشقوڵکە بوون و هەموویان بۆ ڕۆژی دوایی هاتن. لەبەر چاوی ئێمە زۆری پێکردن و ڕووی کردە میوانەکان و وتی ئەم ناپەسەندانە بۆ خزمەتگوزاریی هاتوچۆی برادەران لەو جێگایە دانراون، بۆچی ئەمە ڕەفتاریان بێت؟ هەر تەنیا ژوورێک نیە کە هەمانە لە بنکەی ئاشقوڵکە بەڵکوو چەند ژوورێکمان هەیە و ئەبووایە جێگاکانی خۆیانیان بۆ چۆڵ بکردنایە و بەو برسییەتی و سەرمایە ئێوەیان نەهێشتایەتەوە.

ئەم ڕەوتارە ئابڕووبەرەیە ڕەنگدانەوەی ئەو بێسەروبەرییەی مەکتەبی عەسکەریی بوو. هەر چ کەسێک ڕووی بکردایەتە پشتئاشان ئەو ناتەواویانەی بۆ دەرئەکەوت و ئەگەیشتە ئەو باوەڕەی کە پشتئاشان زیادتر لە ئۆردوگای پەنابەران ئەچوو وەک لە بنکەی سەرکردایەتی پارتیزانی! بۆیە هەر بەو کتوپڕییەش تێکشکاین، هەر کەسێک لەوەوبەر پشتئاشانی ببینیایە ئەوا ڕوودانی ئەو کارەساتەشی بەلاوە ئاسایی ئەبوو و شتێکی سەرسوڕهێنەریش نەبوو، ئەگەر بەفریش بووینایە بەو دوو ڕۆژە شەڕەی پشتئاشان نەئەتواینەوە. ئەبووایە هاوڕێیانی سەرکردایەتی ئەو کەموکوڕیی و ناتەواوییانەیان فەرامۆش نەکردایە و چارەسەریان بکردایە، چاوپۆشیی لەو واقیعە تاڵەش بووە هۆی زیانێکی گەورە و گران، تێبینییەکانی دوو میوانەکە و ئێمەش، کە تەنیا چەند مانگێک بەر لە کارەساتەکانی پشتئاشان بوو، وەک نەخشی بەرد هاتەدی؛[80]).

بەگوێرەی ئەم نووسینەی قادر ڕەشید ناسک، بەپلەی یەک هۆکاری شکستی حزبی شیوعی لە پشتئاشان و قەندیل بۆ مەکتەبی سەربازیی و مەکتەبی سیاسی حزبەکە دەگەڕێتەوە، کە جۆرێک لە بێ دیسپلینی، کەمتەرخەمی و بەرەڵڵایی تێدا بووە، ئەو کەموکوڕیانەی قادر ڕەشید ناسک لە ئێشک نەگرتن، پاسەوانی نەگرتن، دار بڕینەوەی داری بەرهەمداری خەڵکی پشتئاشان و خەوتنی بەردەوامی ژێر بەتانییەکانیان باسیان دەکرد، تۆما تۆماس لە خوارەوە زیاتر بۆمان باس دەکات، کە ئەمانە لە فەسیلی ژێر بەتانی بووینە، بەڵام قادر ناسک تەنیا باسی خەوتنی بەردەوامی ژێر بەتانی کردووە و لەوانەیە پێی شەرم بووبێت بە پێشمەرگەی فەسیلی ژێر بەتانی ناویان ببات.

تۆما تۆماس، لە بابەتێکی یاداشتەکانیدا لەژێر ناونیشانی (دعم النضال المسلح - التجنید في الخارج)، باسی ئەوە دەکات کە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبەکەی هەڵخەڵەتاندووە، یان هەڕەشەی لێکردوون و فشاری خستوونەتە سەر بۆ ئەوەی وەکو خۆبەخش بگەڕێنەوە کوردستان و پەیوەندی بە ڕیزی پێشمەرگەی حزبەکەیانەوە بکەن، کە هەندێکیان خوێندکاری دواساڵی قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ بووینە و هەڕەشەی بڕینی دەرماڵە، یارمەتی و دەرکردنیانی لە حزب لێکردوون گەر نەگەڕێنەوە بۆ کوردستان. هەروەها هەندێکیان قسەی ناڕاستیان بۆ کردوون و (بە قسە گیایان بۆ هێناونەتە چۆکان) و پێیان ڕاگەیاندوون کە هێزی پێشمەرگە لە

[80]- قادر ڕەشید ناسک، پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا، چاپی دووەم، ل(81-88).

نزیک شارە گەورەکانن و لەوانەیە ئەوان بەوە ڕانەگەن و دوابکەون لە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو شارە گەورەکان. زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات گەڕابوونەوە بۆ کوردستان بە مەبەستی پێشمەرگایەتی کردن وا تێگەیەنرابوون کە هێزی پێشمەرگە دەتوانێت سوپای عێراق تێکبشکێنێ و دەست بەسەر شارە گەورەکان دا بگرێت و تیایاندا سەنگەر بگرێت و بمێنێتەوە، بەڵام بە گەیشتنیان بۆ بارەگاکانی حزبی شیوعی تووشی شۆک دەبن بەوەی کە لە دەرەوە بۆیان باسکرابوو. ئەم ناڕاستیبیانە تووشی بێهیوایی و تێکشکانی کردن، داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ دەرەوە بۆ ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتبوون. بەڵام دوای ماوەیەک ئەو تێکشاوانە دەستەیەکیان پێکهێنا کە تەنانەت بەشداری ئەرکەکانی ڕۆژانەی وەکو ئێشکگرتن و خواردن ئامادەکردنیان نەدەکرد، ڕۆژانە هەر خەریکی نووستن بوون جگە لە کاتەکانی نانخواردن. کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بەشێک لە هاوڕێیان ناویان بنێن فەسیڵی ژێر بەتانی ([81]). ئەوانەی سەرەوە هەمووی قسەی تۆما تۆماس بوون، کە سەرکردە و بەرپرسەکانی حزبی شیوعی عێراق، پەنایان بردۆتە بەر ناڕاستگۆیی، فشار خستنە سەر ئەندامەکانیان و هەڵخەڵەتاندنیان لەپێناوی هێنانەوەیان بۆ چەکهەڵگرتن لە کوردستان.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەهۆی تاوانەکانی حزبی شیوعی عێراق لە کوشتنی دەیان پێشمەرگەی یەکێتی بە دەستی ئەوان و بەرەی جود (حشع، حسک، پدک و پاسۆک)ەوە هەڵمەتی بردۆتە سەریان و شەڕی لەگەڵ کردوون کە ئەوانیش چەکدار بووینە و لەگەڵ یەکتردا لە شەڕدا بووینە! ئەی باشە دەکرێ بگوترێ حشع کۆمەڵکوژی کوردی کردووە بە کوژرانی (شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران) لە گوندی باداوان و کوشتنی هەشت پێشمەرگەی دیکە لە مەڵبەندی چوار لە شەڕی بالیسان و پێشمەرگەیەکی دیکە لە ڕمکان؟ یان ئەمە شەڕی نێوان چەند لایەنێک بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە شەڕی نێوان دوو نەتەوەوە نەبووە؟ ئەگەر شیوعییەکان، یان شیوعییە عەرەبەکانی ناو حشع وای هەژمار بکەن، دەبێ چ جیاوازییەکیان لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی عەفلەقی و داعش دا هەبێت؟ باشە بۆ دەبێ ئەوان و هاوپەیمانەکانیان پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکوژن کە چەکیان لە دژی ڕژێمی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر هەڵگرتبوو، ئایە دەکرێ کوشتنی ئەوان زۆر بە ئاسایی وەربگیرێت و جینۆسایدی کورد نەبێت، بەڵام

[81]- توما صادق توماس، أوراق توما توماس، إعداد موقع الناس الألكتروني، ص(212-213).

کوشتنی شیوعی بە جینۆسایدی عەرەب و شەڕ لەدژی عەرەب هەژمار بکرێت؟ ئەم بیرکردنەوەیەی عەرەبەکانی ڕیزی حشع هەڵقوڵاوی بیری شۆڤینی و ڕەگەزپەرستی شیوعییەکانە، کە هیچ جیاوازییەکی نییە لە بیرکردنەوە و بۆچوونی بەعسی و پارتە ڕەگەزپەرست و نەتەوەپەرستە عەرەبەکان! ئەو عەرەبە شیوعییانەی وا بیردەکەنەوە، نەک تەنیا شۆڤینین بەڵکو بێ هیچ گومانێک تووشی نەخۆشی لووتبەرزی نەتەوەیی (ألإستعلاء القومي) بووینە، کە سەرچاوەکەی بیری پان عەرەبیسیزمە! بەدڵنیایی و لە بنچینەدا حزبی شیوعی عێراق، پارتێکی عەرەبییە چونکە هەرگیز مارکسی، کۆمۆنیست و ئینتەرناسیۆنالیستی نەبووە، بەڵکو لەژێر پەردەی کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی حزبێکی نەتەوەپەرستی عێراقی عەرەبی بووە، لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو حزبە، فەهد و حزبی شیوعی بەیاننامە، ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی خۆیان بە دروشمی نەتەوەپەرستی (ئەی کرێکاران و جوتیارانی جیهانی عەرەبی یەکگرن) بڵاودەکردەوە ([82])، کەواتە حزبی شیوعی عێراق پارتێکی نەک نەتەوەیی عەرەبی بووە، بەڵکو پارتێکی پانعەرەبیزمە کە تەنیا داوای یەکگرتنی کرێکاران و جوتیارانی عەرەبی تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان دەکات، نەک تەنیا عەرەبی عێراق، ئەی باشە ئەم پارتە بۆ دەبێ پارتی پێشڕەوی چینی کرێکارانی عێراق، کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی بۆ تەواوی گەلی عێراق بێت بە تەواوی پێکهاتە نەتەوەکانی؟

هەر سەبارەت بە پووچەڵ کردنەوەی ئەو بۆچوونەی شیوعیە عەرەبەکان، محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، دەڵێ: (جود بارەگای مەڵبەندی چواری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە بالیسان داگیرکرد، ئەوەبوو یەکێتی پەلاماری قڕناقاو پشتئاشانی داو 14 کەسی پێشمەرگەی ئێمەی کوشت، لەنێویاندا 6 کەس (کرێکارو ئیدریس) بەدیلی کوژران؛[83]). ئەو قسەیەی محەمەدی حاجی مەحمود دوو نهێنیمان بۆ دەردەخات، یەکەمیان یەکێتی لە تۆڵەی پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی چواری بالیسان و کوژرانی شەماڵ و هاوڕێکانی لە باداوان، هەڵمەتی بردۆتە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی (حسک، پاسۆک و حشع) لە ئاشقوڵکان،

[82]- دکتور طارق یوسف إسماعیل، صعود الحزب الشیوعي العراقي وإنحداره، ترجمة عمار کریم محمد، ص(63).

[83]- محەمەد حاجی مەحمود، بەشی سێیەمی بەرنامەی (پەنجەمۆر)ی کەناڵی (ڕووداو)، لە ڕۆژی (2015/1/3)دا لە کەناڵی (یوتوپ) داندراوە.

پشتئاشان و قرناقا، دووەمیان بەگوێرەی قسەکانی حەمەی حاجی مەحمود گوایە یەکێتی (5) پێشمەرگەی ئەوانیشی بەدیلی کوشتووە، کەواتە ئەو قسەیەی ناوبراو ناڕاستگۆیی حزبی شیوعی عێراق و عەرەبە شیوعییەکان دەردەخات بەوەی کە گوایە یەکێتیی عەرەبەکانی کوشتووە تەنیا لەبەرئەوەی کە سەر بە نەتەوەی عەرەب بووینە! ئایە دەبێ شیوعییە عەرەبەکان و سەرانی حشع پەنا بۆ درۆیەکی دیکە نەبەن و ئەو (5) پێشمەرگە دیلەی حسک کە گوایە لەلایەن یەکێتی کوژراون، بە عەرەب دابنێن؟ حسک خۆیشی دیلی یەکێتی کوشتووە، هەروەکو پێشتر باسم کردووە کە مامۆستا سەردار بەدیلی و بەناڕەوا لەلایەن ئەوان گوللە باران کرا.

ئەحمەد بانیخێلانی، دەڵێ: (بە مام جەلال-م گوت: ژنی سک پڕتان کوشت، دیل و خەڵکی ئاشتیخوازتان کوشت، مام جەلال بێدەنگ بوو و نەهاتە نێو گفتوگۆ لەگەڵم لەکاتی ئامادەبوونمان لە ژووری کادیران، بەڵام بەڕاستی ئەوان ڕێزی زۆریان گرتین و بایەخی تەواویان پێ داین لەم ماوەیەی کە لایان بووین؛[84])، بانیخێلانی، نازانم هۆکاری چییە ئەمەی لە کوردییەکە (بیرەوەرییەکانم)دا نەنووسیوە و تەنیا بە عەرەبییەکە نووسیویەتی، لەوانەشە بیەوێت زۆرتر لای عەرەبەکان خۆی خۆشەویست بکات بۆ ئەوەی بە کۆمۆنیست و ئینتەرناسیۆنالیزمێکی عەیار بەرزی بزانن، لەکاتێکدا کە عەرەبە بەناو شیوعییەکان زۆربەیان کۆمۆنیست و ئینتەرناسیۆنالیست نین! بانیخێلانی، کە لە تۆمەت و ناڕاستگۆیی وەکو سەید کاکە لە هیچ شتێک ناگەڕێتەوە، کۆمەڵێک ناڕاستی و تۆمەت دەداتە پاڵ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ئاخر کەی یەکێتی ژنی سک پڕی کووشتوە؟ نازانم یەکێتی کەی لە پشتئاشان ئاشتیخوازی کوشتووە، کە لە پشتئاشان پلانی نەگریسی لەناوبردنی یەکێتی داڕێژرابوو؟ مام جەلال بێدەنگ بووە، چونکە نەیویستووە لەگەڵ کەسێک بکەوێتە گفتوگۆ، کە قسەکانی و وەڵامەکانی ڕاست نین و ئەو کەسە تەنیا گفتوگۆی شەڕو هەرا هەڵگیرسێنەر (مناقشة الجدلیة) دەزانێت. هەر ئەو ناڕاستی و تۆمەتە زلانەی کەسێکی وەکو بانیخێلانی بەناو سەرکردەی حزبی شیوعی عێراق هاندەرە بۆ ئەوەی هەزاران ئەندامی خوارەوەیان پەنا بەرنە بەر ناڕاستی و تۆمەتی زیاتر، بۆ نموونە هەر سەبارەت بە کوژرانی ژن لە شەڕی پشتئاشان و قەندیل، سیروان فاتیح (Sirwan Fatih)، ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی، لە ڕۆژی (2012/12/3)،

---

[84]- أحمد باني خيلاني، مذكراتي، ص(381).

ئەم وێنەیەی خوارەوەی لە دیواری فەیسبووکی خۆی داناوە کە چەند ژنە پێشمەرگەیەکی شیوعی-ن و لەخوار وێنەکەدا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی نووسیویەتی: (وێنەی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی کە هیچیان ڕزگاریان نەبوو لە قەسابخانەکەی پشتئاشان کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کرا بۆ سەر ئەو حزبە). سیروان فاتیح، بێویژدانییەکی گەورەی لە ئاست یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا کردووە، چونکە تاکە ژنە پێشمەرگەی شیوعی کە لە شەڕەکان کوژرابێت ئەوە عەمیدە عزێبی حالوب بووە، کە بە (ئەحلام) ناسرابوو، کەچی لە وێنەکەدا شەش ژنە چەکدار دیارن و گوایە هەموویان بەدەستی یەکێتی کوژراون، کە زۆر دوورە لە ڕاستی و تەنیا ئەحلام کوژراوە! سیروان فاتیح-ی شیوعی، یەک دەکات بە شەش، واتە لە سەدا (83.3٪)ی دەخاتە سەر، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە و شیوعیەکانی دیکەش لە سیروان فاتیح باشتر نەبووینە ئەگەر خراپتر نەبووبن لە تۆمەت بەخشینەوە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان! لێرە بۆتان دەرکەوت کە یەک دەکرێت بە شەش و ناڕاستی و تۆمەت بەخشینەوەش هەر باجی لەسەر نییە، ئەوەی بینیبێتم لە ناڕاستگۆیی شیوعیەکان وێنەم گرتوون و هەموویانم لە پەرتووکی (پشتئاشان، تۆڵە یان تاوان؟) داناوە و وەڵامم داونەتەوە و ناڕاستییەکانیانم ئاشکرا کردوون.

ئەو بەزم و هەرایەی ڕاگەیاندنەکانی حشع لە ساڵی (1983)، کە بە هاوکاری بەرەی جود لە دژی یەکێتی نایانەوە، هەمان بەزم و هەرایان لە ساڵانی (1973 و 1974)دا لە پەنا حزبی بەعس لە دژی شۆڕشی باشووری کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان نایەوە، لە کاتێکدا لە یەکەمیاندا لە پێگەی جاشێتیی خۆیان بۆ بەعس تۆمەت و قسەی نابەجێیان دەدایە پاڵ شۆڕش و لە دووەمیاندا لە سەنگەری جاشێتییانەوە بۆ پدک و ئەوانیش بۆ ئێران، هێرشی ناڕەواو تۆمەتی نادروستیان دەدایە پاڵ یەکێتی. لە ساڵانی (1973 و 1974)، ڕژێمی بەعس بۆ هێرش کردنە سەر شۆڕشی کوردستان و پدک ڕێگەی بە شیوعییەکان دەدا، بەڵام هەرگیز بۆیان نەبوو ڕەخنە لە بەعس بگرن. هەروەها لە ساڵی (1983)، پدک و بەرەی جود هانی (حشع) یان دەدا کە سەدان، هەزاران چیرۆکی هەڵبەستراو و تۆمەتی ناڕەوا بدەنە پاڵ یەکێتی، بەڵام حشع هەرگیز بوێری ئەوەی تیا نەبوو ڕەخنە لە پارتی بگرێت، یان هەڵوێست بەرانبەر بە (پدک) وەرگرێت لە پای بەشداری شانبەشانی ئەوان لە هێرشەکانی پاسدار و ئەرتەشی ئێران بۆ

سەر شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەروەها هێنانی ئاشکرای پاسدار و ئەرتەشی ئیسلامی ئێران بۆ شەڕەکانی مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی (1983)، لە هێرشکردنی بەرەی جود و پاسدار بۆ سەر هێزەکانی یەکێتی لە قەندیل و پشتئاشان!

دکتۆر ڕەفیق سابیر، نووسیویەتی: (بەڵام هەڵە و بەرپرسیاریی سەرکردایەتیی حزبی شیوعی، لە شەڕی نێوخۆدا هەر چەندێک بوو بێت، ناتوانرێت پاکانە بۆ تاوانی پشتئاشان بکرێت، کە چەندان پێشمەرگەی حزبی شیوعی، بە دیلی کوژران. ئەمە پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچاوانی یەکێتیی نیشتمانییەوە، دیلکوژی لە کوردستان، وەکو تاوانی وەحشییانە و پەڵەی ڕەش بە مێژووی بزاڤی کورد و ڕوخساری دیلکوژانەوە، دەمێنێتەوە؛[85]). دیلکوشتن کارێکی نامرۆڤانەیە بۆ هەر لایەنێک کە کردوویەتی، بەڵام یەکێتی تاکە هێز نییە کە دیلی کوشتبێ، بەڵکو (یەکێتی، شیوعی، پارتی، حسک و پاسۆک)، لە ماوەی خەباتی چەکداری (1976-1991) دەیان و بگرە سەدان دیلی یەکتریان کوشتووە، دواتر بۆ تەنیا دیلکوشتن وەکو تاوانێکی هۆڤیگەرانە و پەڵەی ڕەش بە مێژووی بزاڤی کورد دەمێنێتەوە، ئەی حزبی شیوعی عێراق کە بە دەیان دیلی یەکێتی کوشتووە و لە خوێندنەوەی ئەم بابەتەدا ناوی دیلە کوژراوەکانی یەکێتی لەلایەن حزبی شیوعی بەرچاوتان دەکەوێ، هەروەها حزبی شیوعی عێراق وەکو حزبێکی عێراقی کە مۆرکێکی نەتەوەپەرستی عەرەبی گرتۆتە خۆ یەکەم حزب بووە لە عێراق پەنای بردبێتە بەر دیلکوشتن و کوشتن لە دەرەوەی دادگا، شیوعییەکان بە (سەحل) واتە ڕاکێشانی مرۆڤ بەدوای ئۆتۆمۆبێل و وڵاغ دا ناسراون، کە لەنێوان ساڵانی (1958-1963)، تاوانی زۆری دیلکوشتنی پیادە کردووە، جگە لە حزبە عەرەبییە عێراقییەکان کە بە دەیان و سەدان هەزار دیلیان کوشتووە؟ بۆ تەنیا سووککردنی کورد و بە هۆڤی ناساندنی، لە کاتێکا کە دیلکوشتن بۆتە بەشێک لە کلتوری تەواوی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕاستڕەو و چەپڕەویانەوە؟ بۆ پەڵەی ڕەش بە مێژووی حزبی شیوعی عێراق نامێنێتەوە و ڕەفیق سابیر باسی ناکات لە (سەحل) و کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتی بەدیلی؟ ڕەفیق سابیر، لەو پێشەکیەی کە بۆ پەرتووکێکی فاتیح ڕەسوڵ، لە ڕۆژی (1991/6/13)دا نووسیویەتی: (باسکردنی ئەم پەرتووکە، ناچارم دەکەن ئەگەر بەجۆرێکی ڕاگوزاریش بێ

---

[85]- ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، ل(323).

باس لە ڕۆڵی کۆمۆنیستانی کوردستان بکەم لەنێو بزووتنەوەی کوردا، چونکە سەرباری هەموو دڵسۆزی، قوربانی و نەبەردییان هێشتا شوێنی شیاوی خۆیان لەنێو بزووتنەوەی گەلەکەیاندا نەگرتووەو، ئیمڕۆ لە جاران زیاتر وەک پاشکۆو پەیڕەوەکاری هێزە کوردستانییەکان ماونەتەوە. بە ڕای من هۆی سەرەکی ئەم دیاردەیە لەوەوە هاتووە کە کۆمۆنیستانی کوردستانی عێراق هێشتا پەیڕەوکارو پێوەندکراوی حزبێکی سەرانسەری عێراقین کە خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی عەرەب و، عێراقیش بە هەردوو هەرێمی عەرەبی و کوردستانییەوە بە بەشێک لە وڵاتی عەرەب دادەنێ، لە هەمان کاتدا خۆ بە دۆست و هاوپەیمانی، نەک بە بەشێک، لە بزووتنەوەی گەلی کوردستان دەزانێ، بۆیە ئەم حزبە لە بەرژەوەندی گەلی عێراق و عەرەبەوە بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەڕوانێ و بە درێژایی ڕاپەڕینی چەکداری گەلی کوردستان، ئەم حزبە، تەنیا کاتێ ڕێگەی بە کۆمۆنیستانی کوردستان داوە بەشداری لەم ڕاپەڕینەدا بکەن کە ئەم بەشدارییەیان بە قازانجی بەرژەوەندی عێراقچیانە و عەرەبچییانەی حزبەکە بوو بێ؛[86])، ئەو وەکو ئەندامێکی شیوعی نووسیویە کە حزبی شیوعی عێراق هەردەم خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی عەرەب و عێراقیشی بە هەردوو هەرێمی عەرەبی و باشووری کوردستانەوە بە بەشێک لە وڵاتی عەرەب زانیوە، بە درێژایی مێژووی خۆیشی تەنیا بەرژەوەندی عەرەبی و عروبەی عێراقی ڕەچاو کردووە، شیوعیە کوردەکانیش بۆ بەرژەوەندی عەرەب و عێراق تێکۆشاون، کەواتە لەم بۆچوونەم ڕاستم کە حزبی شیوعی عێراق بە حزبێکی نەتەوەیی عەرەبی عێراق دەزانم و کوردە شیوعییەکانی نێو ئەو حزبەش پاشکۆ، کۆیلە و بەکرێگیراوی عەرەب مادام تەنیا بۆ بەرژەوەندی عەرەبی و عروبەی عێراق خەباتیان کردبێت!

هەر سەبارەت بەم شەڕە و تۆمەتەکانی حشع و هاوکارەکانیان لە بەرەی جود، پارتی دیموکراتی کوردستان لە (إخبار کوردستان)، تۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەقسەی تۆمەتنامەکەی (پدک) گوایە: (تەواوی کوژراوەکانی حشع لە ڕۆژانی (1 و 2ی ئایار لە شەڕی پشتئاشان عەرەبن و تەرمەکانیان تا دوای نزیکەی مانگ و نیوێک هەر لە مەیدانی شەڕەکەدا کەوتوون، هەموویان دوای

---

[86]- فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردمان ڕووداو و بەڵگەنامە 1979، بەرگی یەکەم، ل(8).

دیل کردنیان گوللە باران کراون. هەروەها یەکێک لە گوللە باران کراوەکان ژنێکی عەرەبە و منداڵێکی شیرەخۆرەی هەبووەو پێشمەرگەکانی یەکێتی منداڵەکەشیان لەسەر سنگی دایکی کوشتووە؛[87]). بەڕاستی مرۆڤ کە تۆمەتی وەکو کوشتنی ئەو منداڵەی بەرگوێ دەکەوێ، هیچ بڕوای بە بەرەی جود (حشع، پدک، حسک و پاسۆک) نامێنێ و سەرجەم قسەکانیان بە ناڕاست دەزانێ! ئاخر تاکە ژنە شیوعی کە لە پشتئاشان کوژرابێ (عەمیدە عەزبی حالوب ئەلخومەیسی) بووە و شیوعییەکان خۆیان ئەو ژنە بە پاڵەوانی شەڕی لێوژە دادەنێن، کە گوایە تا دوا فیشەک شەڕی کردووەو بە تۆپ هاوێژە قارەمانەکەی لێوژێ ناوی دەبەن! باشە کە تا دوا فیشەک شەڕی کردبێ و تۆپی بە هێزەکانی یەکێتی وەنابێ، ئەی بۆ یەکێتی بۆی نەبێ فیشەکی پێوە بنێ و بیکوژێت بۆ ئەوەی تۆپەکانی کە بەدەستی عەمیدە عەزبی ئاراستەی ئەوان دەکرێت بێدەنگی بکەن؟ عەمیدە عەزبی خۆیی و هاوسەرەکەی (سالم تەها سالم) ناسراو بە ملازم عەلی، هیچ منداڵیان نەبوو، ئەرێ پدک ئەو منداڵەیان بۆ لە کوێ هێنان؟

خۆ ئەگەر ئەو تۆمەتەی پدک سەبارەت بە کوشتنی منداڵێکی شیرەخۆرەی ژنە عەرەبێکی پێشمەرگەی حشع ڕاست بوایە، حشع دەیکرد بە شیوەنی حەسەن و حوسێن بەدرێژایی نەک (1447) ساڵ، بەڵکو بۆ هەتا هەتایە وەکو ئەوەی هەنگوینیان لە کونە دار دۆزیبێتەوە لە دژی نەوشیروان مستەفا ئەمین و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەکاریان دەهێنا! وەرە حشع خۆی بوێری ئەوەی تیانەبێت تۆمەتی وا بۆ بەرژەوەندی خۆی لە دژی یەکێتی هەڵبەستێ، کەچی پارتی ئەمەی بۆ بکات! ئاخر ئەوە دەبێ چ جۆرە ڕقێکی ئاشکراو شاردراوەی سەرانی پدک و بنەماڵەی بارزانی بێت لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردەکانی؟ لە کۆتایی ئەم بابەتەدا فەرموون سەرنجی بەڵگەنامەکە بدەن، کە کۆمەڵێک تۆمەت دەگرێتە خۆی.

فاتیح ڕەسوڵ، نووسیویەتی: (لە ڕۆژی (1983/5/1) نۆ پێشمەرگەی حشع لە (سەری ساوێن) کوژراون، هاوڕێ ڕەسوڵە سووری مەنگوڕی کە بەرپرسیان بوو لە نۆ

---

[87]- أخبار كوردستان، العدد (104)، 15 حزيران 1983، نشرة يصدرها قسم الأعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني - العراق، ص(5).

کوژراوەکان دایە؛[88]). ئەوە باسی نۆ پێشمەرگە دەکات کە لە شەڕدا کوژراون، نەک بە دیلی گوللە باران کرابن!

دکتۆر محەمەد عەبدولموحسین مەعارج ئەلحەجاج، بەمشێوەیە باسی هێرشی هێزەکانی یەکێتی دەکات بۆ سەر پشتئاشان: (لە ڕۆژی 1ی ئایاری 1983، هێرشێکی تێکشکێنەر کرایە سەر بارەگانمان لە پشتئاشان، لە بەرەبەیانی ڕۆژی کرێکارانی جیهانی لەلایەن هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە فەرماندەیی نەوشیروان و بە سەرپەرشتی و دەستخۆشی مام جەلال تاڵەبانی. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر لەو پێشمەرگانەی کە لە شوێنی جیاوازدا بوونیان هەبوو، لە نێویاندا بارەگای بۆڵێ، کە دوو هەفتە بەر لەو ڕووداوانە ئێمەی لێ بووین، کە زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەو بارەگایە شەهید بوون، لەنێویاندا محەمەد فوئاد هادی ناسراو بە ئەبو تاریق، کە تەرمی پاکی لەسەر لوتکەی چیاکە بەجێ هێشترا بەبێ ئەوەی بنێژرێت، کە نموونەی وەکو ئەو زۆر بوون؛[89]). محەمەد ئەلحەجاج، باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی پێشمەرگەکانی بارەگای بۆڵێ کوژراون، کەواتە ڕاست نییە ئەوانەی کە دەڵێن تەواوی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە پشتئاشان بەدیلی کوژراون، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە لابەلا دیل کوشتن نەبووە! هەروەها ئەوەشمان پێ دەڵێت کە شیوعییەکان ئاگاداری هەڵمەتی پێشمەرگەی یەکێتی بووینە و سەنگەریان گرتووە.

ئەحمەد ئەلناصری (ئەمین)، کادیرو پێشمەرگەی دێرینی حزبی شیوعی عێراق، کە لە کۆتایی ساڵی (1979) تا کۆتایی ساڵی (1988) لە کوردستان پێشمەرگە بووە، سەبارەت بە کوشتنی کۆمەڵێک دیل لەلایەن حزبی شیوعی عێراق هاوکات لەگەڵ ڕاکردنیان لە پشتئاشان بەرەو ئێران، لەکاتی هەڵمەتی یەکێتی لە ڕۆژی (1983/5/1)دا بۆ سەر پشتئاشان دەڵێ: (کوشتن لە دەرەوەی یاسا تاوانە. بە بڕیارێکی حزب لە شەڕی پشتئاشان کۆمەڵێک زیندانی کە ژمارەیان لە (5) کەس زیاتر بوو، هەندێکیان سەر بە ڕژێم بوون و بەشێکی دیلەکانیش سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون. ئەحمەد لەتیف ئەبو دجاج، کە خەڵکی ناصریە و شیوعی بوو، گومانی

---

[88]- فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990، بەرگی سێیەم، ل(272).

[89]- دکتور محمد عبدالمحسن معارج الحجاج (محمد الحجاج)، تجربتي، ص(94).

پەیوەندی بوونی بە ڕژێمەوە لێ دەکرا. لەگەڵ کشانەوەیان لە پشتئاشان، بە بڕیاری سەرکردایەتی حشع لە سەربانەوەو لە کونی ئاگردانەوە بۆمبی دەستیان بۆ شۆڕکردوونەوەو هەموویان کوشتوون؛[90]). باشە لە پشتئاشان یەکێتی دیلی شیوعی کوشتووە، ئەی ئەوە نییە حشع، بە بڕیاری سەرکردایەتی حزبی شیوعی زیاتر لە پێنج دیلی کوشتووە کە بەشێکیان یەکێتی بووینە، با بڵێین دوو یەکێتی تێدا بووە، ئەی باشە بۆ حزبی شیوعی گلەیی لە تاوانێک دەکات، کە خۆی بەر لە یەکێتی بە یەک ڕۆژ هەمان تاوانی کردووە؟

ئەوەی یەکێتی لە شەڕی پشتئاشان کردی، وەڵام بوو، تۆڵەی هێرش و تاوانەکانی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود بوو کە پێشتر لە ئەیلول - نۆڤێمبەری ساڵی (1981)، ڕۆژانی (1983/4/15)، (1983/4/27) و (1983/4/30)دا لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردبووی. حزبی شیوعی عێراق بەهۆی لووتبەرزییەوە، کوشتنی سێزدە پێشمەرگە و بریندارکردنی پازدەی دیکەی یەکێتی بە تاوانیان نازانێت، واتە ئەوەی خۆی بیکات بە ڕەوا و مافی خۆی دەزانێت. سەرەڕای ئەوەی شیوعی خۆیان لە هەموو ئەو تاوانانەی دژ بە یەکێتی دەستپێشخەر بووینە، هەڵبەت هەموو بۆسە دانانەوە، دیلکوشتن، هێرش و پەلامارێک تاوانە، بەڵام حزبی شیوعی عێراق هەموو ئەوانە بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانێت نەک تاوان. کورد گوتەنی: (ئەگەر کردەی بەرانبەرەکەت بە تاوان بزانێت، دەبێت کردەی هاوشێوەی خۆشت بە تاوان بزانێت). کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، عێراق و کوردستانی بەتایبەت، بە ڕاستڕە و چەپڕەو (نەتەوە، ئایین، ئایینزا، پارت و بزووتنەوەکان)، هەموویان باوەڕیان بە تۆڵە هەیە، ئەی حزبی شیوعی عێراق لە مانگی ئابی و ئەیلولی ساڵی (1983)دا ئەوەی کە ناوی لێنرا شەڕی پشتئاشانی دووەم بە هاوکاری ئێران و بەرەی جود هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی پشتئاشانی یەکەم نەبوو لە دژی یەکێتی؟ بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی (1)ی ئاياری ساڵی (1983)دا تۆڵەی (گەرەوان، وەرتێ، باداوان، بالیسان، ڕەزگە، ڕمکان و مارەدوو)ی لە حزبی شیوعی عێراق کردەوە.

---

[90]- أحمد الناصري، الجزء الثالث، برنامج شهادات خاصة، مقدم البرنامج الدكتور حميد عبداللة، الأحد، المصادف (2018/10/7).

(شیوعیەکان) دەستپێشخەر و هەڵگیرسێنەری شەڕی نێوان بەرەی جود و یەکێتی بووینە، لە شەڕدا بووینە لەگەڵ یەکێتی و شانبەشانی لایەنەکانی بەرەی جود بەشدار بووینە لە چەندان تاوانی کوشتنی کادر، فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی، کەچی نەک یەکێتی بەڵکو کوردیش بە تاوانبار دادەنێن لە بەرانبەر کوشتنی تەنیا شیوعی عەرەب بەدەستی پێشمەرگەی یەکێتی کە کورد بووینە، ئا ئەوەیە لوتبەرزی بەناو کۆمۆنیستە نێونەتەوەییە عەرەبە شیوعیەکان لەکاتێکدا کە یەکێتی شیوعی کورد و عەرەبی کوشتووە لە شەڕەکاندا، کەچی ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە تەنیا شیوعی عەرەب کوژراوە، هەروەها چەندان پێشمەرگەی یەکێتی بەدەستی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق کوژراون کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێتی وای بڵاونەکردەوە کە پێشمەرگەی یەکێتی بەدەستی عەرەب یان شیوعی عەرەب کوژراون! شیوعی کوردو عەرەب لە شەڕی پشتئاشان کوژراون، بە تەنیا عەرەب نەکوژراون، شەڕ شەڕی نێوان کورد و عەرەب نەبووە، نە کورد عەرەبی کردۆتە ئامانج بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزی نە عەرەبیش کوردی کردۆتە ئامانج، بەڵام بەرەی جود (شیوعی، پاسۆک، پدک و حسک) لەنێوبردنی یەکێتی ئامانجیان بوو، لە کاردانەوەش یەکێتی ئەوانی کردە ئامانج بۆ پەلاماردان و دەرپەڕاندنیان لە کوردستان، وەلێ دیارە شۆڤینیستە عەرەبەکان کوژراوە کوردەکانیشیان بە عەرەب هەژمار کردووە بۆیە بەئەنقەست بانگەشەی پاکتاوکردنی عەرەب دەکەن لەلایەن یەکێتییەوە. هەر شیوعیەک لە شەڕی پشتئاشان کوژرابێ (کورد یان عەرەب)، بەهۆکاری ئەوە کوژراون کە لە شەڕدا بووینە لەدژی یەکێتی، ئەگینا لە هەمان هێرش و هەمان ڕۆژ، حسک-یش دەڵێن: (یەکێتی شەش پێشمەرگەی ئێمەی بەدیلی کوشتووە)، ئایە ئەو دیلانەی حسک بۆ کوژران، ئەوانیش عەرەب بوون، یان کاردانەوەیەکی لەخۆڕا و تاکەکەسی بووە نەک بە بڕیار و پلانی پێشوەختی سەرکردایەتی یەکێتی، یان لە تۆڵەی بەناڕەوا کوشتنی شەماڵ و هاوڕێکانی، هەشت کوژراوەکەی بالیسان و هەشتەکەی ڕەزگە و مارەدوو بووە؟ ئەی بۆ چل و حەوت دیلی شیوعی و پێنجی دیکەی حسک نەکوژران، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە کوشتنی دیل بە بڕیارو پلان نەبووە ئەگینا ئەو پەنجاو دوو دیلەش دەکوژران کە عەرەبیشیان تیابووە و ناوی هەمووشیانم کۆکردۆتەوە؟ کوشتنی هەر پێشمەرگەیەک لە بۆسەدا تاوانەکەی گەورەترە لە تاوانی کوشتنی دیل، چونکە ئەوانەی لە بۆسەدا دەکوژرێن فیشەکیان نەتەقاندووە و شەڕیان نەکردووە، بەڵام دیلێکی شەڕ، فیشەکی تەقاندووە، شەڕی

کردووە، لەوانەیە یەکێک یان چەندانی لە هێزی بەرانبەر کوشتبێ یان بریندار کردبێت، بۆیە کوشتنی پێشمەرگە لە بۆسە تاوانێکی گەورەترە لە کوشتنی دیل.

لەنێو نەتەوە و گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامی کوشتنی دیل و بۆسە دانانەوە و سیناریۆ دارِشتن بۆ کوشتنی نەیارەکانیان بۆتە بەشێک لە کولتووری دانیشتوان، پارت و لایەنە ئیسلامی، نەتەوەیی و کۆمۆنیستەکانی ئەم ناوچە و وڵاتانە، ئەوە شتێک نییە تایبەت بێت بە لایەنێک و بەس. حزبی شیوعی عێراق، بەهۆی ڕۆژنامەکان، بڵاوکراوەکان، سەرکردەکانیان و کادیرە بەناو ڕۆشنبیرەکانی وەکو عەبدولوەهاب بەیاتی و جەواهیری، ئەندامانی حزبەکەی لەسەر توندوتیژی، لووتبەرزی حزبی و نەتەوەیی، ناڕاستگۆیی و دڵڕەشیەوە پەروەردە کردووە، بۆ نموونە حزبی شیوعی عێراق لە ماوەی نێوان (1958/7/14-1963/2/8)دا بە دەیان و سەدان هاووڵاتی و ئەندامی پارتەکانی دیکەیان بە ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل (السحل) کوشتووە، هەر شیوعیەکان بوون بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق، میلیشیای بەرگری میللی (المقاومة الشعبية)یان دامەزراند کە میلیشیایەکی زۆر دڕندە بوو بە سەدان تاوانیان لە بەغدا، موسڵ، کەرکووک و شارەکانی دیکە ئەنجام دا، بۆیە کەریم قاسم بە بڕیارێک ئەو میلیشیا شیوعیەی هەڵوەشاندەوە، حزبی بەعس-یش دواتر چاوی لە شیوعیەکان کرد، سەرەتا حەرەس قەومی و پاشان جەیشی شەعبی دواتریش (فدائيي صدام)ی دامەزراند. دیسان هەر شیوعییەکان بوون، لەنێو دادگە ناڕەواو قەرەقوشییەکەی عەقید مەهداوی ئەم دروشمانەیان دەگوتەوە: (ماكو مؤامرة أتصير والحبال موجودة/ إعدم إعدم، جيش وشعب يحميک من كل خائن، السحل مصير كل خائن/ هیچ پیلانگێڕییەک نابێت، پەت ئامادەیە/ هەڵواسە هەڵواسە، یان لەسێدارە بدە لەسێدارە بدە، سوپا و گەل لە هەموو ناپاکێک دەتپارێزێت/ ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل چارەنووسی هەموو ناپاکێکە)، لە کاتێکدا کە مارکس گوتویەتی: (مرۆڤی بەنرخترین سەرمایەیە لە جیهاندا)، کەچی ئەوان هیچ نرخێکیان بۆ مرۆڤ دانەناوە. بەناو ڕۆشنبیر و زاناکانیان لە نەزان و نەخوێندەوارەکانیان سەد قات خراپتر بووینە، بۆ نموونە هەڵبەستوانی شیوعی عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی قسەیەکی ناسراوی هەیە کە دەڵێت: (إنا سنصنع من جماجمهم منافض السجائر/ ئێمە لە کەللەسەری ئەواندا تەپڵەجگەرە دروست دەکەین)، هەروەها کۆمەڵناس عەلی وەردی خۆی لە شیوعیەکی بیسوتووە کە بە شانازییەوە گوتویەتی: (الشعب العراقي أمتاز على الشعوب

الاخرى بإبتكاره لطريقة السحل/ گەلی عێراق بە داهێنانی ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل لە گەلانی دیکە جیا دەکرێتەوە و نایابترە؛[91]). محەمەد عەبدولحوسێن مەهدی ئەلجەواهیری (1899/7/26-1997/7/27)یش، لە هەڵبەستێکدا داوا کەریم قاسم دەکات، بەهاندانەوە پێی دەڵێت: (فضيق الحبل وإشتد من خناقهم فربما كان في إرخائه ضرر/ پەتەکە توندتر بکەرەوە و لە گەردەنیان بیشەتەکێنە، چونکە ڕەنگە شلکردنەوەی پەتەکان ببێتە هۆی زیان پێگەیاندن)، دواتریش هەڵبەستی بۆ حزبی بەعس و سەدام حوسێن-یش نووسی و لە فەیسبووک کۆپی ڕۆژنامەکەم داناوەو ڕۆژنامەکەشم لای خۆم پاراستووە، هەروەها (مزەفەر عەبدولمەجید ئەحمەد حوسێن ئەلنەواب ناسراو بە مزەفەر نەواب (1934-2022.5.20)، یەکێک بووە لە فەرماندەکانی (المقاومة الشعبية)ی حزبی شیوعی عێراق و دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق (القيادة المركزية).

حزبی شیوعی عێراق، گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی ئێراق، کە لەماوەی نێوان (1983/12/4-1985/1/15)دا بەئاشکرا بووە، بە جاشایەتی بۆ ڕژێم هەژمار دەکات، لەکاتێکدا یەکێتی هەر لە سەرەتای گفتوگۆوە بە نامە سکرتێری حزبی شیوعی عێراق و کەریم ئەحمەدی جێگری ئاگادار کردۆتەوە و عەزیز محەمەد خۆی، مام جەلالی هانداوە کە گفتوگۆ بکات، پاشان دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ڕۆژی (2003/4/9)دا تاکە بەڵگەیەک نەدۆزرایەوە کە بانگەشەکەی حشع و بەرەی جود بسەلمێنێت بەوەی گوایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕێ خۆشکردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەعس، لە ساڵی (1983)دا پەلاماری حسک، پارتی و شیوعیەکانی لە پشتئاشان دابێت!

بەڵام حزب و کەسانی دۆڕاو، گەر تۆمەت نەبەخشن و بەرانبەرەکەیان تۆمەتبار نەکەن، دڵیان دەتەقێت، ئەوان تەنانەت کە بەهائەدین نوری بەقسەی سەرکردایەتی شیوعی لە مەڵبەندی سلێمانی شانبەشانی حسک و پدک پەلاماری یەکێتی نەدا تۆمەتی سیخوڕو پیاوی ڕژێمیان دایە پاڵی، جا چۆن یەکێتی تۆمەتبار ناکەن کە لە تۆڵەی کوژراوەکانیدا بەدەستی حزبی شیوعی عێراق لە پشتئاشان (62) شیوعی کوشت! حزبی شیوعی عێراق پشکی شێری بەردەکەوێت لە هەڵگیرساندنی شەڕەکانی ناوخۆی ساڵانی (-1983

[91]- الدكتور علي الوردي، الأحلام بين العلم والعقيدة، ص(324-325).

1981)دا هەر خۆیان هۆکاری شەڕی ساڵی (1983)ی پشتئاشان بووینە، بەشداری کردنی حزبی شیوعی عێراق لە سێ تاوانەکەی پێشوودا، هۆکاری هەڵمەت بردنە سەر پشتئاشان بوو، ئیتر واز لە ناڕاستگۆیی بێنن! بۆ بە بەردەوامی پانادەبەنە بەر ناڕاستی (پڕوپاگەندەی شیوعیانە)؟ بۆ دەبێ یەکێتی شەڕی هەڵگیرساندبێ لەدژی حزبی شیوعی، لەکاتێکدا کە حشع پێشتر لە سێ تاواندا سێزدە پێشمەرگەی یەکێتی کوشتبێت و پازدەی بریندار کردبێت؟

## کوژراوانی حسک لە شەڕی ئاشقوڵکە (1983/5/1):

لە هەڵمەتی تۆڵەی یەکێتی بۆ سەر حسک، شیوعی و پاسۆک لە شەڕی ئاشقوڵکە، پشتئاشان و قڕناقاو ئەمانەی خوارەوە لە حسک کوژران:

1. ئیبراهیم عەبدوڵڵا قادر ناسراو بە برایم بچکۆل (هەڵشۆ/ قەڵادزێ).

2. ئیدریس پیرداود حەمەدئەمین عەزیز زێدبەگی (1962/ هەولێر)، لە ئاشقوڵکە لە بناری چیای قەندیل لەگەڵ کرێکاری هاوڕێی، کە خەڵکی هەولێر بوون، لە ڕۆژی (1983/5/1)دا دوای ئەوەی خۆیان ڕادەستکرد، لەلایەن تیپی (93)ی کۆیە گوللەباران کران.

3. خدر حەمە عەبدوڵڵا نەبی ناسراو بە خدری حەمە دەروێش مرەیی (1955/ مرە/ هێرۆ/ قەڵادزێ).

4. سەباح عەلی سەعدون قادر، لە ساڵی (1983)، لە ڕەزگە و مارەدوو کوژراوە.

5. شەریف حەمەد شەریف عەبدوڵڵا نورەدینی (1966/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ هەڵشۆ)، پێشمەرگەی هەرێمی (6) و لە لیستی پارتی دا نووسراوە (لە شەڕی ڕژێم دا کوژراوە)، کەچی سەید کاکە لە لاپەڕە (266)ی (بیرەوەری پێشمەرگەیەک سەید کاکە)دا دەڵێ: (عەبدوڵڵا بەگی فەرماندەی هەرێمی (6)، کرێکار، ئیدریس، عەبدوڵڵا و شەریف، یەکەمیان چەک کرابوو، ئەوانەی دیکەش لە ماڵی خۆیان دانیشتبوون، دواتر خۆیان چووبوونە لای یەکێتی کەچی ئەوان شەهیدیان کردن)، هیوادارم هەرکەسێک زانیاری ڕاست و دروستی هەیە لەسەر کوشتنی ئەوانە بۆم بنووسێت، یان پێوەندیم پێوە بکات.

6. عەبدوڵڵا ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد نورەدینی ناسراو بە عەبدوڵڵا بەگ (1948/ سلێمانی/ قەڵادزێ/ ئالاوە)، فەرماندەی هەرێمی (6)ی پشدەر، پێشتر وازی هێنابوو، بەڵام لە شەڕی قڕناقاو کوشتیان.

7. عومەر ڕەسوڵ عەلی ئەحمەد ناسراو بە عومەر قەڵادزەیی (1956/ سلێمانی/ قەڵادزێ).

8. فەرەیدون مورشید خورشید ئەلیاس گلی ناسراو بە فاروق (1957/ کەرکوک)، کادیر لە مەکتەبی سیاسی.

9. کرێکار قادر پیرداود لەک (1958/ هەولێر/ قوشتەپە/ گەڕەشێخان)، پێشمەرگەی هەرێمی (8)، دوای ئەوەی لە گوندی ئاشقوڵکە لەگەڵ ئیدریس خۆیان ڕادەستکرد، لەلایەن تیپی (93)ی کۆیە گوللەباران کران.

10. مستەفا حوسێن ساڵح ناسراو بە کوێخا مستەفا، فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (6).

11. مەحمود محەمەد محەمەدئەمین ناسراو بە خولەی حەمە تاتە، فەرماندەی کەرت، لە ڕۆژی (1983/5/1)دا لە قڕناقاو کوژراوە.

12. وەهاب حەمەڕەش ئەحمەد محەمەد ناسراو بە شوان (1952/7/1/ کەرکوک/ چەمچەماڵ)، بەرپرسی ئیداری مەکتەبی سیاسی.

حسک، پێی وایە کە ژمارەیەک لە کوژراوەکانی هەروەکو سەید کاکە ئاماژەی بە پێنج ناو کردووەو گوایە دوای خۆڕادەست کردنیان گوللەباران کراون، نە دەتوانم پشتڕاستی بکەمەوە نەدەتوانم ڕەتی بکەمەوە، وەلێ ئەوەندە دەزانم گەر ئەو زانیارییانەی حسک تەنیا لەسەر قسەی سەید کاکە وەرگیرابن، سەدا سەد وانییە چونکە سەید کاکە قسەی ڕاستی زۆر کەمە و ئەو خۆیشی دیلی یەکێتی کوشتووە، پێشمەرگە و ئەندامانی کۆمەڵەی دارکاری کردووە، لە حەوزی ئاوی ساردی ناون، ئەوەی ئەشکەنجەی نەیارانی بدات بەدیلیش دەیانکوژێت، بە زمانی خۆی لە باسی شەڕی ناوخۆی ساڵی (1981)دا گوتی: (نەوەد و شەش یەکێتیم لەو شەڕانەدا کوشت). با وا دابنێین کە پێنج حسک بەدیلی کوژراون، ئایە ئەو حسکانەش عەرەب بوون بۆیە بەدیلی کوژراون، یان بەداخەوە تۆڵەو ناکۆکی لایەنەکان هۆکاری دروستبوونی ئەو ڕقە نابەجێیانەیە لە بەرانبەر یەکتردا؟

## دووڕوویی شیوعییە عەرەبەکان لە هێنانی پاسدار بۆ سەر یەکێتی و داکۆکی کردنیان لە جەنگی قادسیەی سەدام:

دوازدە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، سەرەڕای دڕندەیی ڕژێمی سەدام و بەعسی عێراق، کەچی دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵی یەکەمی جەنگ بەهۆی زاڵبوونی ئێران و پێشڕەوی کردنی بۆ ناو عێراق، لە ساڵی (1982)ەوە بۆچوونێک لای ئەوانی شۆڤێنیست دروستبوو لەنێویاندا زەکی خەیری، باقر ئیبراهیم، عەبدولڕەزاق ئەلسافی، ملازم خدر ناسراو بە ئەبو عائد و یوسف حەنا یوسف ئەلقەس شێرە، نەک داوای ڕاگرتنی شەڕیان لەدژی ڕژێمی سەدام دەکرد، بەڵکو پێیانوابوو کە پێویستە حزبی شیوعی بچێت شانبەشانی سوپای عێراق شەڕی ئێران بکەن، لە بەرانبەردا لە کۆبوونەوەی سێلوێ (1983/5/24)، کە بەرەی جودو پاسداری ئێران بەشداربوون، پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی و حەوتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لەنێویاندا ئەو پێنجەی سەرەوە بەشداربووینە و لەوانەی دیکە کوردیشیان تێدا بووە، بڕیار دەدەن بە هاوکاری سوپای پاسدارو ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە قەندیل، پشتئاشان و قڕناقاو پەلاماری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدەن. ئەمە گەر بیری شۆڤینییەت و عەرەبپەرستی نەبێت دەبێ چی وای لێکردبن بەمشێوەیە بیربکەنەوە کە خۆیان بڕیار بدەن بە هاوکاری پاسدارو ئەرتەشی ئێرانی هێرش بکەنە سەر یەکێتی، کە هێزێکی کوردییەو ماوەی حەوت ساڵ زیاترە خەریکی خەباتی چەکدارییە، هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێی کوردستانە و سێ ساڵیش بەر لە شیوعی لە شاخ بووە، بەڵام لە بەرانبەردا پێشنیار بکەن خۆیان و حزبی شیوعی عێراق بڕۆنەوە پاڵ بەعسی دیکتاتۆرو شەڕی جمهوری ئیسلامی ئێران و هەمان پاسدار و ئەرتەش بکەن کە پێشتر شانبەشانی ئەو پاسدارانە هێرشیان کردە سەر یەکێتی؟ حزبی شیوعی و بەرەی جود لەگەڵ پاسدار هێرشەکەشیان کرد، بەڵام دیسان تێکشکان. لە هێرشی ئاب و ئەیلولی ساڵی (1983)ی بەرەی جود بۆ سەر یەکێتی تەرمی (24) ئێرانی لە شەڕگەکەدا بەجێما، لەنێویاندا (3) کەسیان بە جلوبەرگی پاسدارەوە بوو، کە تەنیا یەکێکیان شوناسنامەی لە گیرفاندا بوو بەناوی (عەلی

محەمەد فەخرەدین ئەلبەرقەعی/ لەدایکبووی قوم([92]). تەرمی پاسدارەکان و (46) پارتی کەوتنە دەست یەکێتی. ئاخر ئەوانە کەی کۆمۆنیست و نێونەتەوەیین کە هاوکاری پاسداری ئێرانی بکەن بۆ شەڕی لایەنێکی کوردی و دواتر بۆ پاراستنی بۆگەنترین و فاشیترین ڕژێم کە ڕژێمی سەدامە ئەمجارە لە جەنگی ئێران - عێراق ببنە سەربازی سەدام حوسێن تۆپ و تەیارە شکێن، ڕێک بەرەی جاشێتی ساڵی (1973)ی کۆن نوێکەنەوەو بەشداری جەنگی (قادسیەی سەدام) بکەن، با لێمان تورە نەبن وەکو ئەوان بڵێین بەشداری جەنگی قادسیەی کاستڕۆی عێراق بکەن؟ زەکی خەیری، لە نامەیەکی خۆیدا بۆ عەزیز محەمەد کە لە ڕێکەوتی (1986/8/22)دا نووسیویەتی، کە ئایەتوڵڵا ڕەفسنجانی ڤیتۆی لەسەر حزبی شیوعی عێراق هەڵگرتووە، سەبارەت بە هەڵگرتنی ئەو ڤیتۆیەی ئێران گفتوگۆی لەگەڵ کەریم ئەحمەد (سادق) کردووە، ئەو لە وەڵامدا پێی گوتووە کە پێوەندی نێوان حزبی شیوعی عێراق و ئێران گەشەی بەخۆوە دیوە، دوای گفتوگۆیەکی توند کەریم ئەحمەد بڕیاری دەرکردنی زەکی خەیری دەدات لە ژوورەکەی خۆیی و دەری دەکاتە دەرەوە([93]).

باقر ئیبراهیم، دەڵێ: (هەروەکو ئاماژەمان پێیدا ڕێگەدان بە نوێنەرانی سوپای ئێرانی (پاسداران)دا بە دزەکردن و تێکەڵ بوونیان بە هێزەکانی (بەرەی جود)، کە بووە پێشێلکارییەک لەلایەن هاوپەیمانەکانمان بەوەی کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتبووین، کە هێنانی پاسدار بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ لاوازکردنی ورەی شەڕکەرەکانمان و ئارەزووی شەڕکردنیان و دواتریش پەلەکردن بۆ پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی پلانەکە؛[94]). باقر ئیبراهیم، مەبەستی لە پارتییە کە پاسداریان تێکەڵ بە (جود) کردووە بۆ پەلاماردانی یەکێتی، سەرەتا دەیانشاردەوە پارتی یان جود پاسداری هێنابێ و هەمان کاتیش پڕوپاگەندەی ژەهراوی ئەوەیان بڵاودەکردەوە کە گوایە یەکێتی حکومەتی هێناوە، جاشی لەگەڵ بووە، بە چەک و تەقەمەنی ڕژێم و لەسەر داوای بەعس شەڕی جود دەکات، لەکاتێکدا کە بە بۆردومانی سوپای ڕژێم کۆمەڵێک پێشمەرگەی یەکێتی گیانیان بەخشی، لە بەرانبەریشدا

---

[92]- ئامادەکردنی دکتۆر نەوزاد عەلی ئەحمەد، ئاڵا بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقە ئەمریکای باکوور 1979-1983، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ل(212).

[93]- زكي خيري، الحرب العراقية الإيرانية قضايا الدفاع عن الوطن والثورة، ص(227)

[94]- باقر إبراهيم، مذكرات باقر إبراهيم، دار الطليعة للطباعة والنشر، ص(218).

ڕژێم بە یەک تۆپ بۆردومانی جودی نەکردووە. باقر ئیبراهیم، تۆمەتەکە دەخاتە ئەستۆی پارتی، لە کۆبوونەوەی سێلوێ سەرکردەو نوێنەرانی تەواوی لایەنەکانی بەرەی جود بە شیوعییەوە ئامادە بووینە لەنێویاندا دوازدە ئەندام کۆمیتەی ناوەندی، باقر ئیبراهیم خۆیشی یەکێک بووە لە هەڵگرانی بیرۆکەی گەڕانەوەی حزبی شیوعی بۆ باوەشی ڕژێمی بەغدا تا شانبەشانی سوپای سەدام لەدژی سوپای پاسدارانی ئێران شەڕبکەن.

ئەو شیوعییە عەرەبانەی هەڵگری ئەو ڤایرۆسە شۆڤینییە بوون، دەیانگوت: (پێویستە شەڕی پێشمەرگە لەدژی ڕژێم بوەستێ، هەموومان پێکەوە بگەڕێینەوە لای ڕژێم و هاوکاری بەعس بین لەدژی ئێران تا جەنگەکە کۆتایی دێت)، بۆیان بکرابایە پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکەشیان لەگەڵ خۆیان دەبردەوە. ئەوان لە ساڵی (1985)دا ڕەوتێکی نوێیان بەناوی سەکۆی نوێی عێراق (المنبر العراق الجدید) دروستکردو بەشێک لە سەرکردەو کادیرەکانیان ئەمانە بوون:

ئەحمەد کەریم غەفور ناسراو بە ئەبو سەباح.

جومعە ئیبراهیم کازم ئەلحلفی.

حوسێن سلطان حەمادی ئەلخالیدی، لە ساڵی (1989)دا گەڕایەوە نێو ڕژێم بووە بەکرێگیراوی ڕژێم.

خالید عەبدوڵڵا سەلام، لە ساڵی (1992)دا گەڕایەوە نێو ڕژێم.

دکتۆر خەلیل ئەلجەزائیری، لە ساڵی (1991)دا گەڕایەوە نێو ڕژێم و هەمان ساڵ لە بەغدا کوژرا.

عامر عەبدوڵڵا عومەر ئەلعانی.

عەبد ئەلحوسێن شەعبان.

عەبدولوەهاب طاهیر عەلی ئەلحفی، لە ساڵی (1991)دا گەڕایەوە نێو ڕژێم.

دکتۆر فاضل ئەلڕوبەیعی (1952-2025/3/29)، دواتر گەڕایەوە نێو ڕژێم.

ماجد عەبدولڕەزا نوری ئەلتائی گەڕایەوە نێو ڕژێم، دوای گەڕانەوەی لە مانگی یەکی ساڵی (1991)دا بۆ بەغدا، لە ڕۆژنامەکانی ڕژێم دەستیکرد بە نووسینی پیاهەڵدان بە سەدامی دیکتاتۆرو حزبی بەعس، پیرۆزبایی ڕۆژی لەدایکبوونی سەدامی عروبە، ساڵڕۆژی مردنی میشیل عەفلەق و ستایشکردنی بەناو تیۆرییەکانی ناوبراو.

دکتۆر محەمەد جەواد فارس، گەڕایەوە نێو ڕژێم و دوای ڕوخانی ڕژێمیش بووە بەعسی باڵی محەمەد یونس ئەحمەد.

مەهدی ئەحمەد ئیسماعیل عەبدولحافز ناسراو بە مەهدی حافز.

ناصر عەبود خەڵەف ئەلقەترانی، لە ساڵی (1991)دا گەڕایەوە نێو ڕژێم.

دکتۆر نەظمی عەبدولصاحب ئەلعوبەیدی.

نوری عەبدولڕەزاق حوسێن ئەلبەیاتی.

هەندێک لە شیوعی کوردو عەرەب لەگەڵ داگیرکردنی کویت لەلایەن ڕژێمی سەدام، پشتیوانی سەدام بوون لە داگیرکردن و جەنگی ڕزگاری کوێت بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، بۆیە بە سەدان شیوعی گەڕانەوە نێو ڕژێم و ئامادەبوون شەڕی خۆتڕێنی دژ بە ئەمریکا بۆ سەدام بکەن، لە ساڵانی (2002-2003)شدا دووبارە هەمان شتیان بۆ سەدام کرد لەدژی ئەمریکاو هەر شیوعی بوو جنێوی بە ئەمریکا دەدا لەکاتێکا ئەمریکا نەبوایە ئێستا قوسەی یان مستەفای کوڕی بە ئاگرو ئاسن عێراقیان بەڕێوەدەبرد! ئێستاکەش بە دەیان هەزار لە شیوعییەکانی عێراق، کوردستان، ئێران، ئوردەن، تورکیاو گەڕوگولەکانی ئەوروپا پشتیوانی لە ڕژێمی ئێرانی پەت و سێدارەی تیرۆریست دەکەن لە جەنگی ئەمریکا - ئیسرائیل لەدژی ئێران، کە هەر لە سەرەتای هاتنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران، حزبی شیوعی ئێران (تودە)، پشتیوانی خۆی بۆ ئایەتوڵڵاکانی ئێران دەربڕی، تا دەزگای هەواڵگری (ئیتلاعات) لە مانگی یەکی ساڵی (1983)دا پەلاماری دان کە لە نەزانی خۆیان تووشی ئەو شکستە گەورەیە بوون. سەرکردەو کادیرانی حزبی شیوعی عێراق بە کوردو عەرەبەوە، لە بیرەوەرییەکاندا، بە ناڕاستگۆیی هەوڵیان داوە هەڵمەتی یەکێتی بۆ پشتئاشان، هێرشی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر حزبی تودەی ئێران، جەندرمەی تورکیا بۆ سەر (پەکەکە) پێکەوە ببەستن، بیکەن بە پیلانێکی نێودەوڵەتی لەدژی چەپ و کۆمۆنیست نیشانی بدەن، تەنیا بۆ ئەوەی شکست، جاشێتی و نۆکەرێتی خۆیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ڕێگەی ئەوان و تودەوە بۆ ڕژێمی خومەینی بشارنەوە. کێشەی شیوعییەکان ئەوەیە کە هەردەم لە تێڕوانین بۆ هەر پێشهاتێک تەنیا خۆیان بە ڕاست و خاوەن ماف دەزانن، ئامادەنین گوێ لە کەس بگرن، هەر کەسێکیش وەکو ئەوان بیرنەکاتەوە پیاوی ئیمپریالیزم، ئەمریکاو ئیسرائیلە، کەچی بۆ خۆیان ئاساییە داکۆکی لە دڕندەترین، نامرۆڤانەترین و کۆنەپەرستترین ڕژێمی ئیسلامی دژ بە دیموکراسی، ژن، ئازادی و

یەکسانی بکەن، خۆشیان و ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرو دڕندانە بە پێشکەوتنخواز دەزانن تەنیا لەبەرئەوەی دژ بە ئەمریکان، یان دوای ئەوەی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئەمریکا کێشە دەکەوێتە نێوانیان و ئەمریکا پەلاماریان دەدات! ڕقی ئەستووریان لە ئەمریکا، وای لێکردوون مێشکیان هەست بە زەوتکردنی مافی کورد، کوشتنی کورد، کوشتنی کۆڵبەر، لەسێدارەدانی کورد نەکەن، چاویان موشەک باران و بۆردومانی درۆنەکانی ئێران نەبینێ کە ڕۆژانە کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی کوردانی ڕۆژهەلات لە دەوروبەری هەولێر، کۆیە، سورداش، زڕگوێز و چەند شوێنێکی دیکە کاول دەکات و منداڵ و ژنی کورد دەکوژێت. بەشێک لەوان تەنانەت بۆ دڕندەترین بەناو مرۆڤی وەکو سەرۆکی کۆریای باکوور (کیم جۆنگ ئون) و سەرۆکی فەنزویللا (نیکۆلاس مادۆرۆ مۆرۆس)، کە لە ڕۆژی (2026/1/3)دا لەلایەن ئەمریکا لە وڵاتەکەی خۆی ڕفێنرا، شیوەن و ڕۆڕۆیانە، هەمان کات پشتیوانی لە هەموو کارێکی دڕندانەی دیکتاتۆری ڕوس ڤلادیمیر ڤلادیمیرۆڤیچ پۆتین دەکەن لەدژی ئۆکرایناو داگیرکردنی ئەو وڵاتە بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانن، دوژمنی ناتۆو خۆرئاوان چونکە پشتیوانی لە ئۆکراینا دەکەن بە چەک و پارە، خۆشیان بە پێشکەوتوخوازو ئەو کەسانەش بە کۆنەپەرست و نەزان دەزانن کە وەکو ئەوان پشتیوانی خامنەئی، کیم جۆنگ، مادۆرۆ و پۆتین ناکەن. با ڕقیان لە ئەمریکا بێت، بەڵام بۆ پشتیوانی ئەو دیکتاتۆر، مرۆڤکوژو دڕندانە دەکەن، ئەو کۆمەڵکوژی، برسیکردن تا مردن و تاوانانەی جۆزیف ڤیساریۆنۆڤیتچ ستالین (1953/3/5-1878/12/6)، لە کۆمارەکانی ڕوسیا کردوویەتی بەتایبەت لە ئۆکراینا، کە زۆر خراپترە لەوەی ئەمریکا لە تەواوی جیهان کردوویەتی، لە سەردەمی دەسەڵاتی جۆزیف ستالین لە ماوەی نێوان (1953/3/5-1922/4/3)دا (800) هەزار مرۆڤ لەسێدارە دراوە، تەنیا لە ئۆکراینا لە ساڵانی (1933-1932)دا لەنێوان (4-7) ملیۆن مرۆڤی بێتاوانی کوشتووە کە زۆربەیان جوتیار بووینە، لە ساڵی (1940)دا لە پۆڵەندا بیست و دوو هەزار کەسی کوشت، چواردە هەزاریان ئەفسەر و هەشت هەزارەکەی دیکە ڕۆشنبیری هەڵبژاردە بوون، هەموویانی لە دارستانی کاتین لە سەربازگەی کۆزلسک و زیندانەکانی تفیر و خارکێڤ لە ئۆکراینا گوللەباران کردن، تێکڕا لەنێوان (15-20) ملیۆن مرۆڤی لەناوبردووە. ستالین و ڕوسیا زیانی زۆریان بە پرسی کوردو کوردستان گەیاندووە، بۆ نموونە ڕوخاندنی کۆماری سووری سۆڤیەت (1929/4/8-1923/7/7)، ڕوخاندنی کۆماری

کوردستان لە مەهاباد (1946/12/15-1946/1/22)، پشتگیری کردنی سەدام و سوپای بەعس لەدژی شۆڕشی باشووری کوردستان (1974/3/26–1975/3/19) و هاوکاری تورکیا لە ڕادەستکردنی شاری عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان (2018/3/18). کاتێک کە نیکیتا سیرجییڤیتیچ خرۆتشۆڤ (1971/9/11-1894/4/15)، لەدوای ستالین دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەو لە کۆنگرەی بیستەمی حزبی شیوعی سۆڤیەت-ی لە ڕۆژی (1956/2/25)دا پەردەی لەسەر تاوانەکانی جۆزیف ستالین هەڵماڵی، سەرزەنشت و ڕیسوای کردن. وەلێ زۆربەی شیوعییەکانی جیهان تاوانەکانی ئەمریکا سەدان و هەزاران جار گەورەتر و لە بەرانبەردا هی ستالین و ڕوسیاش بەجارێک پەردەپۆش دەکەن. شیوعییەکان ئەوەندە شەیدای ڕوسیای پۆتین-ی دیکتاتۆرن، تەنانەت پێیان ناخۆشە کەسێک بنووسێت پۆتین داوا دەکەن بنووسرێت بوتین، چونکە پۆتین جۆرێکە لە پێڵاو، وا دەزانن پۆتین تیۆرناسی مارکسیزم، کۆمۆنیزم، پێشەوای قەڵای سۆسیالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمە، کە لەڕاستیدا پۆتین کۆمۆنیست نییە و دیکتاتۆرە، تەنیا چونکە ڕوسیا دوژمنی ئەمریکایە، کە یەک لەیەک خراپترن، هەر ڕوسیای سەردەمی میخائیل گۆرباتشۆڤ، واتە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کۆمۆنیستە کوردو عەرەبانەی حزبی شیوعی عێراقی کاتێک کە دەگەیشتنە مۆسکۆ دوای ماوەیەک لەبەرخاتری دڵی سەدام لە ڕوسیا دەریدەکردن، تەنانەت بە شەق و بۆکس کەللەو دەموچاوی شیوعی کوردیان شکاندووە لە بەردەم چاوی هاوڕێی خۆم!

## عەرەبە شۆڤینیستەکانی نێو حزبی شیوعی عێراقی (تەحریفی) و کوردە کۆسمۆپۆلیتییەکان:

حزبی شیوعی عێراق، هەمیشە ناوەڕۆک و ناوەکەی پێچەوانە بووە، ئەو حزبە سەرەتا وەکو حزبێکی عەرەبی دامەزراوە چونکە دروشمی (ئەی کرێکاران و جوتیارانی جیهانی عەرەبی یەکگرن) بەرزکردبووەوە، کوردە شیوعییەکانی نێو ئەو حزبە جگە لە پاشکۆو داردەستی عەرەبی شۆڤینی شتێکی دیکە نەبوون تا جیابوونەوەو دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان. عەرەبە شۆڤینیستەکانی نێو ئەو حزبە بەدرێژایی تەمەنی حزبەکەیان دژایەتی کوردو کوردستان خاڵی یەکەمی بەرنامەی ئەوان بووە، ئەوان لە ساڵانی بەرەی خۆیان و بەعس کوردیان کرد بەگژ شۆڕشی کوردستان و خۆیشیان لە بەغداو شارەکانی عێراق لەگەڵ هاوکارو هاوپەیمانە بەعسییەکان ژیانێکی ئاغایانەیان هەبوو. عەرەبەکان، لەنێوان ساڵانی (1979-1988)دا لە کوردستان چەندان جار بڕیاری شەڕیان دا لەدژی یەکێتیی و هەر بە بڕیاری سەپێندراوی شیوعییە عەرەبەکان چەندان دیلی یەکێتی کوژران کە لە دەرەوەی شەڕ گیرابوون بێئەوەی فیشەکێکیان تەقاندبێ، لە بەرانبەردا هەر شیوعییە عەرەبەکان ڕێگەیان نەدەدا ڕەفیق حزبی، ئەمن، ئیستیخبارات، جەیشی شەعبی و ئەفسەری سوپای ڕژێم لەلایەن حزبی شیوعی عێراق گوللەباران بکرێن کە لە شەڕەکان بەدیل دەگیران! ئایە کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتی کە بەبێ تەقە بەدیل گیرابێ و نەکوشتنی ڕەفیق حزبی، جەیشی شەعبی، سەربازو ئەفسەری عەرەب کە لە شەڕدا گیراون، گەر ئەو جیاوازیکردنانە هەڵقوڵاوی بیری شۆڤینیزمی نەبێ دەبێ چی بێت. خۆ بەقسەی خۆیان ڕۆژانە ئەندامی ئەوان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لەلایەن ڕژێم دەگیران و لەسێدارە دەدران؟ شیوعییە کوردەکان زۆر جار باسی ئەو جیاوازیکردنەی نێوان شیوعی کوردو عەرەبیان کردووە لەسەر کوشتنی کوردو ڕێگەنەدان بە کوشتنی پیاوانی ڕژێم، لەکاتێکدا ژمارەی پێشمەرگەی کورد لەنێو شیوعی زۆر زۆرتر بوو لە پێشمەرگەی عەرەب، هەتا لە ساڵانی (1979-1988)دا ژمارەی کوژراوی کورد زۆر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ عەرەبی بەناو شیوعی!

عەرەبە شیوعییەکان ئەوکاتەی لە شاخ بوون، دژی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان بوون، ناوهێنانی کوردستان و بەدەوڵەتبوونی کوردستان کوفر بوو، لە وەڵامدا دەیانگوت: (بابە دوائامانجی ئێمە ئەوەیە سنوور نەمێنێ و هەموو ئەو دەوڵەتانەی هەن لە یەک دەوڵەتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیزمیدا یەکگرن، بۆیە پێویست بەوە ناکات عێراق دابەش بکرێ و کوردستان ببێ بە دەوڵەت. بۆ ڕێگا لە خۆمان دوور بکەینەوەو کوردستان لە عێراق جیابێتەوە، کە دوا ئامانجی ئێمەی کۆمۆنیست ئەوەبێ هەموو جیهان بکەین بە یەک دەوڵەتی سۆسیالیست و کۆمۆنیست)، کە خۆم گوێم لە شیوعی عەرەب و کوردیش بووە وەکو تووتی قسەی شیوعییە عەرەبەکانیان دووبارە دەکردەوە! کەچی شیوعییە کۆسمۆپۆلیتە کوردەکان، لەکاتێکدا ڕێگەیان لە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کوردستان و دەوڵەتی باشووری کوردستان دەگرت، هەمان کات بە شانازییەوە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبیان دەکرد لە ئیسرائیل، کە پێیان وابوو بەم داوایانەیان زیاتر دەبنە کەسێکی مارکسی، سۆسیالیستی، کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیۆنالیزمی!

با بزانین حشع چۆن دژی تێزەکانی مارکسیزم - لینینزم ڕەفتار دەکات، لینین تیۆریناسی کۆمۆنیزم-مارکسیزم، پێشەوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەڵێ: (ئیمپریالیزم بریتییە لە نکۆڵیکردن لە دیموکراسی بە شێوەیەکی گشتی، نکۆڵیکردن لە دیموکراسی بە تەواوی، وە هەرگیز نابێ هیچ مەرجێک بسەپێنرێ بەسەر هیچکام لە داوا دیموکراسییەکان، بەتایبەت سەبارەت بە مافی نەتەوەکان لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیاندا([95])، لینین زۆر ڕاشکاوانە باسی مافی نەتەوەکان لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیاندا دەکات، کەچی حزبی شیوعی لە هاوینی ساڵی (1935)دا چەندان مەرجی سەپاندووە بۆ مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی کوردستان. ئەمەش بەڵگەی لادانی حزبی شیوعییە لە ڕێبازی کۆمۆنیزم، مارکسیزم و لینینزم. کاتێک کە لینین دەڵێ: (هەرگیز نابێ هیچ مەرجێک بسەپێنرێ بەسەر هیچکام لە داوا دیموکراسییەکان، بەتایبەت سەبارەت بە مافی نەتەوەکان لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیاندا)، بەدڵنیایی حزبی شیوعی دەکەوێتە خانەی پشتیوانی کردنی ئیمپریالیزم، بۆیە حشع دەکەوێتە خانەی حزبێکی لادەر (ڕیڤیژینست).

---

[95]- لينين، بصدد الكاريكاتور عن الماركسية بصدد الإقتصادية الإمبريالية، ص(24).

دکتۆر حەمید عەبدوڵڵا، لە بەرنامەیەکدا لەگەڵ دکتۆر حەسان عاکف، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، لە خولەکی (12:44-11:42)، بە پشت بەستن بە یەکێک لە پەرتووکەکانی حنا بطاطو باسی دەکات کە ماوەیەک حزبی شیوعی عێراق مەترسی باڵادەستی جولەکەکانی نێو حزبی شیوعی هەبووە، بۆیە ئەو حزبە بڕیارێک دەردەکات تا بەشێک لە جولەکەکان ئایینیی خۆیان بۆ موسڵمان بگۆڕن، چەند جولەکەیەک ئایینیان دەگۆڕن و دەبن بە موسڵمان. سەرکردەیەکی حزبی شیوعی لە یەکێک لەو جولەکانە دەپرسێت کە ئایینی خۆی گۆڕیوە. ئەویش بە بەڵێ وەڵامی دەداتەوە. دووبارە دەپرسێت ئایە بۆتە سوننی یان شیعە، ئەویش پێی دەڵێت کە بۆتە شیعە. سەرکردەکە وەڵامەکەی بەدڵ نابێت و خۆزگە بەوە دەخوازێت کە ئایینەکەی خۆی نەگۆڕیبایەو لەسەر ئایینی خۆی بمایەوە نەک شیعە([96]). حزبی شیوعی عێراق، کە جیاوازی لەنێوان جولەکە و موسڵمان، کورد، عەرەب، تورکمان و ئەرمەن، شیعە و سوننە بکات، بۆ دەبێ پارتێکی مارکسی، کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی بێت، عەرەبی و نەتەوەپەرست نەبێت؟

شیوعییەکان، لە سەردەمی کەریم قاسم، کە بە کرێگرتەی ناودەبردن، دوو تاوانی زۆر گەورەیان لە موسڵ و کەرکوک کرد، یەکەم لە ڕۆژی (1959/3/8) و دووەم لە ڕۆژی (1959/7/14)دا. ئەوەی موسڵ کۆدەتای شەواف بوو، شیوعییەکان ڕژانە شارو کۆمەڵکوژی لایەنگرانی شەواف و نەتەوەپەرستانی عەرەبیان کرد، دواتریش ئەوەیان خستە ئەستۆی کورد و سەرانی پارتی بەتەنیا. بەڵام تۆما تۆماسی شۆڤینیزمی ئاشووری، کە خۆی یەکێک بوو لە تۆمەتبارە ڕاکردووەکان بەڵام دواتر بەهۆی مەرسومی کۆماری ژمارە (223)ی ڕۆژی (1974/5/18)ی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، لەگەڵ چەند شیوعییەکی دیکە لە سزای سێدارە و بەندکردنی جیاجیای ڕۆژی (1961/6/21)ی دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە کەرکوک و موسڵ بەخشراون، تۆمەتەکە دەخاتە ئەستۆی کوردو گوایە کوردە شیوعییەکان دەستیان هەبووە لە تەقینەوەی ڕووداوەکەی کەرکوک، کە بەهۆی شیوعی بوونیان نەبووەو بەڵکو بەهۆی کوردبوونیان بووە. کە چەندان شیوعی عەرەبیش هەمان تۆمەتیان داوەتە پاڵ کوردە شیوعییەکان، کە لە

---

[96]- دكتور حميد عبدلله، برنامج (شهادات خاصة/ الشيوعيون وصدام حسين في لقاء مع الدكتور حسان عاكف - الجزء الثاني)، قناة الفلوجة الفضائية، وضع على قناة اليوتوب، يوم الأحد، المصادف (2018/1/21).

ڕاستیدا لەم کاتەدا کوردەکان هەر هەستی کوردبوونیان نەبووە بەڵکو وەکو دەروێش دڵسۆزی شیوعییەت بوون و بەس.

بەعس، لە ساڵانی (1968-1978)، (265) ئەندامی شیوعی تیرۆر دەکەن، پێنجیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون (سێ کۆمیتەی ناوەندی و دوو سەرکردایەتی ناوەندی/ عەزیز ئەلحاج)، کە (174)یان بەر لەوەی شیوعی بچێتە بەرە، (91) ئەندامیشی دوای بەرە، (39) ئەندامیشی لە مایسی ساڵی (1978)دا لەسێدارە دان، تێکڕای کوژراوانی شیوعی لەکاتی بەرەدا دەکاتە (91+39=130) ئەندام، هەروەها حزبی شیوعی عێراق (تەنیا کوردەکان)، لەنێوان ساڵانی (1973-1975)دا چەکیان بۆ ڕژێمی بەعس لەدژی کوردو شۆڕشەکەی هەڵگرت، (120) جاشی شیوعی لەو شەڕانەدا بۆ خزمەتی بەعس کوژران، کە دەکاتە (265+39+120=424) شیوعی بەدەستی بەعس و بۆ بەرژەوەندی ئەوان کوژراون، کە تەواوی ناوەکانم لای خۆم تۆمارکردووە، واتە حزبی بەعس نزیکەی شەش جار بەقەد یەکێتی زیانی بە حزبی شیوعی گەیاندووە، لەکاتێکا لەگەڵ یەکێتی لە شەڕ و لەگەڵ بەعس لە یەک بەرەدا بووینە، سەرەڕای ئەوەش کە شیوعی هەردەم لەپەنای ئاشتییەوە لە پەلاماردان و کوشتنی پێشمەرگەی یەکێتیی دەستپێشخەر بووینە، کەچی حزبی شیوعی یەک لە هەزاری یەکێتی پەلاماری بەعس نادات کە پەلاماردانی یەکێتی ناڕەوایانە و هی بەعس-یش مافی خۆیانە، چونکە بەعس بەردەوام لە پەنا هاوپەیمانێتی و بەرەدا شیوعی کوشتووە، کەچی حزبی شیوعی نەک لە تۆڵەی کوژراوەکانی بەعسییەکی نەکوشتەوە بەڵکو تەنانەت یەک شەقیشی بۆ مێژوو لە بەعسییەک نەداوە. جگە لەوەش پێشتر نزیکەی (350) ئەندامی شیوعی لە کۆدەتای هەشتی شوباتی ساڵی (1963)دا لەلایەن بەعس کوژرابوو، کە تێکڕا دەکاتە (350+424=772). هەروەکو ئاماژەم پێدا لە ماوەی هەشت ساڵی بەرەی بەعس و شیوعی، بەعس (130) ئەندامی شیوعی کوشت، لە بەرانبەردا حزبی شیوعی هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، کە ئەوان ڕۆژانە تۆپ تۆپێنیان بە شیوعییە هاوپەیمانەکانیان دەکرد. یەکێتی لەو شەڕە سەپێنراوەدا لە پشتئاشانی یەکەم و دووەم (73) شیوعی کوشت و لە بەرانبەردا (60) یەکێتی بەدەستی (شیوعی، پدک، پاسۆک و حسک) کوژران، لە شەڕی لابەلاشدا ژمارەی کوژراوی یەکێتی بخەمە سەر دەگاتە (80) کوژراویش. وەلێ حزبی شیوعی تەحریفی سەد بەقەد بەعس زیاتر پەلاماری

یەکێتی دەدەن و شیوعیە عەرەبەکان تەنانەت پەلاماری گەلی کوردیش دەدەن! باشە خۆ شیوعی هاوپەیمانی بەعس بوون، شەڕیان لەدژی کورد بۆ بەعس دەکرد، چەکیان لەدژی بەعس بەکارنەهێناو یەک ئەندامی بەعس بەدەستی ئەوان نەکوژرابوو. حزبی شیوعی شەڕی لەدژی ڕژێمی بەعس ڕانەگەیاندبوو، بە پێچەوانەوە کوردی بۆ بەعس دەکوشت، کەچی ئەوەندەی لێکوشتن. لە بەرانبەردا حزبی شیوعی عێراق بە هاوکاری بەرەی جود شەڕی بەسەر یەکێتی سەپاندبوو، لە یەکێتی کوشتبوو، مەڵبەندی لێ داگیرکردبوو، ئەی گەر ئەوە ڕقێکی عەرەبی شۆڤینی نێو کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، ساویلکەیی و گەمژەیی ئەندامە کوردەکانی ئەو حزبە نەبێت، دەبێ چی بێت؟

ماوەی (43) ساڵە حزبی شیوعی ژەهر لەدژی یەکێتی و کورد بە گشتی دەڕێژێت، بەردەوامن لە ناڕاستگۆیی، تۆمەت و چیرۆک هەڵبەستن. ئەوان هەر لەخۆیانەوەو بێ بەڵگە تۆمەت هەڵدەبەستن، ژمارە فرێ دەدەن لە کوژراوەکانیان و دیلکوشتن بەدەستی یەکێتی، وەکو ئەوەی خۆیان فریشتە بووبن و پێشمەرگەی یەکێتی بەدەستی ئەوان نەکوژرابێت، بەدیلی گوللەباران نەکرابن کە لە سەرەوەدا ئاماژەم بە تاوانی ئەوان داوە لە دیلکوشتن کە هیچ کامێک لە دیلەکان لە شەڕ نەگیراون، بەڵکو هەموویان بەهەڵە چوونەتە نێو هێزەکانی حزبی شیوعی و تا دیلکراون هەر وایان زانیوە پێشمەرگە و هێزەکانی خۆیانن. بۆ ئەوەی شارەزای ڕادەی بێویژدانی ڕاگەیاندن، چەواشەکاری و ناڕاستگۆیی ئەو حزبە بن، فەرموون ئەم نموونەیە بخوێننەوە کە (الصوت الشیوعي)، نووسیویەتی: (لەماوەی نۆ مانگی دەسەڵاتی حزبی بەعسی فاشی لە ساڵی (1963)ی ڕەشدا (670) هەزار هاووڵاتی عێراقی کوژران، کە بەشی شیوعیەکان (500) هەزار کوژراو بوو، (150) هەزارەکیش بەشی پارتە چەپە عێراقییەکان و ئەوانەی دیکەش قوربانی تێکەڵ لە نەتەوەی عەرەب و کورد و بێتاوان بوون. لەم ماوە ڕەشەدا بەشێوەیەکی هۆڤیانە و بەربەرییانە دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر (100) هەزار ژنی شیوعی عێراقی بە ئامانجی ناچارکردنیان بۆ سکپڕی بەزۆر کە بووە هۆی ئەوەی (80) هەزار منداڵی زۆڵ لەدایک بن؛[97]). ئەوەی (الصوت الشیوعي)، یەکێکە لە ناڕاستییە زلەکانی حزبی شیوعی عێراق

[97]- الصوت الشیوعي، کراس المنحرفون من الحرس القومي، منشورات الدلیل الدولي للجمهوریة العراقیة، مکتبة الشیوعیین العرب، ص(6).

کە لە مێژوودا هاوتای نییە، مەگەر ناڕاستی وا گەورەیان لەدژی یەکێتی بڵاوکردبێتەوە، چونکە ژمارەی کوژراوەکانی حزبی شیوعی نەک نەدەگەیشتنە پێنج سەد هەزار بەڵکو لەنێوان (250-350) کەس دەبوو، با بزانن کە سەرکردایەتی و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق ئەو ژمارەیە دەکەن بە پێنج سەد هەزار کوژراو، سەبارەت بە ژنانی سکپڕکراویش لەلایەن حەرەس قەومی بەعس کە تاوانی دەسدرێژی کردنە سەر کچان و ژنانی خانەوادەی نەیارانی کردبووە بەرنامەی خۆی، بەڵام بەدڵنیایی سەد هەزار دەستدرێژی و لەدایکبوونی هەشتا هەزار منداڵی زۆڵ ژمارەیەکی نەک هەر زۆرە، بەڵکو ناڕاستگۆییەکی هەرە گەورەیە، گەر بەقسەی شیوعییەکان باوەڕبێنین هەر شیوعییەک لە ئەیلولی ساڵی (1963)دا تا مانگی ئابی ساڵی دواتر لەدایکبووبن دەبێ گومانی ئەوەیان لێبکەین زۆڵن و لە دایکێکی شیوعی و باوکێکی بەعسی بن. هەر لە ئەنجامی ناڕاستگۆیی و تۆمەتی زۆری شیوعیەکان، وەکو وەڵامێک بۆ گومان لە هەر قسەیەک کە کەسێکی ناڕاستگۆ لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بیکات، بەڕێزەوە پێی دەڵێن: (وانییە، ئەوە پڕوپاگەندەی شیوعیەکانە)، کە مەبەست تیایدا (وانییەو درۆی شیوعیەکانە). سەبارەت بە ڕادەی ئەو ناڕاستی و تۆمەتانەی شیوعی بەرانبەر بە نەیارەکانیان، مالک سەیف، نووسیویەتی: (إن لدى الحركة الشيوعية في العراق قوة لاتقاوم وأسلحة دعائية فتاكة/ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق خاوەنی هێزێکی بەرگەنەگیراو و چەکی پڕوپاگەندەی کوشندەیە؛[98])، مالک سەیف، کە فەهدی سکرتێری یەکەمی شیوعی بە نامەیەک ئەوی ڕاسپاردووە بکرێتە سکرتێر، بەڵام یەهودا سدیق ئیبراهیم نامەکە لە مالک دەشارێتەوەو خۆی دەکات بە سکرتێر، ئەو باش ڕەفتار، ڕەوشت و ویژدانی شیوعیەکانی ناسیووە بۆیە بەمشێوەیە پێناسەی کردوون.

شەڕەکانی ناوخۆی ساڵی (1983)، شەڕێک بووە لەنێوان بەرەی جود (پدک، پاسۆک، حسک و شیوعی) و یەکێتی. شەڕەکە بە کوشتنی چوار پێشمەرگەی یەکێتی لە باداوان، پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چواری بالیسان، کوشتنی هەشت پێشمەرگە و داگیرکردنی مەڵبەندەکە، هەروەها کوشتنی کادرێک و بریندارکردنی فەرماندەی تیپێک لە ڕمکان تەواوی کوردستانی گرتەوە، کە پێشتر لە کۆتایی مانگی سێ هەندێک شەڕو کوشتن لە سلێمانی ببوو، بەڵام بەهائەدین نوری ڕێگەی نەدا حزبی

---

[98]- مالک سيف، للتأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، ص(5).

شیوعی بەشداری بکات، چونکە خۆی باوەڕی بە شەڕەکە نەبوو هەروەها دڵنیابوو لە دۆڕانی شیوعی. هەر سێ تاوانی حزبی شیوعی عێراق و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود لە دژی یەکێتی لە کۆتا پازدە ڕۆژی مانگی نیسانی هەمان ساڵ لە هەولێرو بەر لە شەڕی پشتئاشان بوون. کاتێک کە شیوعی و هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود، سێزدە پێشمەرگەی یەکێتی بکوژن، بیانەوێت مەڵبەندی سێی وەرتێ و سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ بگرن، تاکە بژاردە لەبەردەم یەکێتی مابێتەوە هەروەکو لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بە دروشمی: (تۆڵە بە سەبرە، ئەمما بەزەبرە)، هەڵمەت بەرێتە سەر بنکەو بارەگاکانی سەرکردایەتی حسک، شیوعی و پاسۆک لە ئاشقوڵکان، پشتئاشان و قڕناقاو، ئەی خۆ چاوەڕێ ناکەن ئەوان پەلاماری مەڵبەندو بارەگای سەرکردایەتیان بدەن، زیاتریان لێ بکوژن و لەناویان بەرن، یان بە قسەی خۆیان یەکێتی سەرلێشێواو بە دەردی بالیسان ببەن و ڕاویان بنێن تا تەویلەی ساڵی شەست و شەشیان لە بەکرەجۆ؟ دوای کوژرانی شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی لە ناوەڕاستی نیسان، یەکێتی بۆ خۆلادان لە شەڕی کورد بە کورد بەکوشتدان دەیان جار و ڕۆژانە دروشمی (شەڕمان شەڕەو، ئاشتیشمان ئاشتی)، لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بڵاوەکردەوە بۆ ئەوەی بەرەی جود واز لە شەڕو گێچەڵکردن بە یەکێتی بێنن، وەلێ ئەوان وایان دەزانی یەکێتی لە لاوازی و لە ترسی بەرەی جود ئەو دروشمە دووبارە دەکاتە، کە جود وازی لە شەڕفرۆشتن نەهێنا، یەکێتی بە کردار سەلماندی کە شەڕیان شەڕە و تۆڵەشیان بە سەربرە ئەمما بە زەبرە!

حزبی شیوعی عێراق، لە کاتێکدا کە خۆی هەڵگیرسێنەری شەڕی نێوخۆی بەهاری ساڵی (1983) بووە، کەچی یەکێتی بە ئاژاوەگێڕ، شەڕفرۆش و هێرشبەر ناساند، هەروەها حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست (هاوپەیمانی نۆ ساڵەی خۆی) بەوە تۆمەتبار کرد کە گوایە شانبەشانی یەکێتی لەدژی بەرەی جود شەڕیان کردووە، هەروەها هاوپەیمانەکانی شیوعی لە بەرەی جود، فیدایی خەڵقی سەر بە مەسعود ڕەجەوی و مریەم ڕەجەوی، سافاک و پیاوانی شای گۆڕبەگۆڕیان بە هاوکار و یارمەتیدەری یەکێتی ناودەبرد. سەرەڕای هەموو ئەمانەی سەرەوەش، ئەوان تەنانەت ئەمریکا، ئیمپریالیزم و وڵاتانی سۆسیال دیموکرات-یشیان بە یارمەتیدەر، هاوکارو پشتیوانی یەکێتی تۆمەتبار کردو لە شەڕەکانیان تێوەگلاندبوون! کاتێک ئەو ناڕاستییانە دەخوێنمەوەو دەبیستم باوەڕم بە

هیچ شتێکی دیکەی شیوعی و جود نامێنێ بەتایبەت گوللەباران کردنی دیلی شیوعی کە زیادەڕۆیی زۆری تێدا کراوە. ئێستاش دەمی هەر شیوعیەک بکەیتەوە یەکێک لە هاوپەیمانە گرنگەکانی ئەوکاتی خۆیان لە بەرەی جود کە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە بە نۆکەرو بەکرێگیراوی ئەمریکا، ئیسرائیل، زایۆنیزم و ئیمپریالیزم ناودەبەن، بەڵام لەکاتی بەرەکەیان چاویان لە هەموو کێماسی و هەڵەیەکی پارتی دەپۆشی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، حزبی شیوعی باش دەیزانی هەر بەقسەی خۆیان ئەوان هاوپەیمانی نۆکەری ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران، ئیمپریالیزم و زایۆنیزمن، بەڵام ئەوە خەسڵەتێکی هەرە باوی حزبی شیوعی عێراق بووە کە ئەوان لەنێو زەڵکاوی خیانەت، هاوکارو هاوپەیمانی (کۆنەپەرستان، بەکێگیراوان، ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، فاشیستان، نەتەوەپەرستانی عروبی و بەعسی بووبن)، هەر خۆیان بەڕاست زانیوەو نەیارانیش بە خۆفرۆش و بەکرێگیراو، بۆ نموونە ئەوکاتەی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هاوپەیمان، جاش و بەکرێگیراوی ڕژێمی بەعس بوون، دوژمنی پارتی و شۆڕشی کوردستان بوون، سەرانی شۆڕش و بنەماڵەی بارزانی لای ئەوان بوکەڵەی بەکرێگیراو (الجیب العمیل) و هاوپەیمانی شای ئێران، ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئیسرائیل بوو، کەچی دوای یەک دوو ساڵ کە بەقەد یەک دەنکە خۆڵ گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی دا نەهاتبوو، لەپڕ حزبی شیوعی تەنیا بۆ دژایەتی کردنی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوونە هاوپەیمانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی، جێگۆڕکێیان بە بەعس و پارتی کرد، لە حەفتاکان دۆست و بەکرێگیراوی بەعس و دوژمنی سەرسەختی پارتی بوون، ئەوجارە بوونە دۆست و هاوپەیمانی پارتی و دوژمنی بەعس و سەدام کە پێشتر بە حکومەتی بەعسیان دەگوت حکومەتی نیشتمانیی و سەدام-یش کاسترۆی عێراق. لە نێوان ساڵانی (1971-1979)، ڕژێمی بەعسی عێراق، پێوەندی لەگەڵ هەر وڵاتێک بۆ نموونە (ئەمریکا، ئوردەن، بەریتانیا، ئیتاڵیا، فەرەنسا و ڕوسیا) بەستابێت، حشع ئەو پێوەندییانەی بە دیپلۆماسی، سیاسی، ئابووری و بازرگانی ناو بردووە، بەڵام پێوەندی شۆڕشی کوردستان کە لە ناچاری و بۆ مانەوەی کوردو کوردستان بووە بە ناپاکی، کرێگرتەیی، کۆنەپەرستی، نۆکەرێتی ئیمپریالیزم داناوە و دەیان ناوو ناتۆرەی سووکی داوەتەپاڵ. سەرانی حشع دووربین نەبوون و نەیاندەتوانی لە مەودای بەرچاوی خۆیان زیاتر ببینین، بۆیە شەڕێک کە خۆیان هەڵیانگیرساندبێت بۆ دەبێت ئیمپریالیزم، ئەمەریکا،

ئیسرائیل و تەنانەت وڵاتانی سۆسیال دیموکرات تۆمەتبار بکەن؟ کورتبینی حشع و بەرەی جود گەیشتبووە ئەو ڕادەیە کە حزب و حکومەتە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا تۆمەتبار بکەن بەوەی کە دەستیان هەبووە لە نانەوەی ئاژاوە، دووبەرەکی و هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان بەرەی جود لە دژی یەکێتی! قەی ناکا گەر بڵێن ڕژێم و حکومەتی دیکتاتۆری بەغدا، ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سوریا، ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیای کەمالی دژ بە کوردو کوردستان، کە نزیکن و بەرژەوەندی خۆیان لە شەڕی ناوخۆی هێزەکانی باشووری کوردستان دەبیننەوە، دەستیان هەبووە، بەڵام سۆسیال دیموکرات بۆ؟ حزبی شیوعی عێراق، حزبێکی لادەر (تەحریفی/ ڕیڤیژینیست) بوو، چونکە:

**یەکەم:** لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم لایدابوو بەهۆی وازهێنانیان لە گرتنە دەستی دەسەڵات، کە هیچ بەرنامەیان بۆ ئەم ئەرکە گرنگە نەبووە.

**دووەم:** وازهێنانیان لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری و پێشڕەوی کردنی چینی کرێکاران، واتە وازهێنانیان لە خەباتی چینایەتی.

**سێیەم:** هەڵوێستی لەرزۆکیان لەمەڕ چارەسەرکردنی پرسی کورد کە دووربوو لە چارەسەرێکی مارکسییانە و کۆمەنیستانە، کە تەنیا ئەوکاتانە باوەڕیان بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەبووە کە لەلایەن بەغدا تێهەڵدراون، لە کوردستان بەخشراون و وەرگیراون، ئەوان تەنیا لەکاتی تەنگانەدا پەنایان بردۆتە بەر کوردو کوردستان، کورد وەک پشتیوان و کوردستان پەناگە، بەهۆی کوردەوە لە کوردستان خۆیان گرتۆتەوە، ڕێکخستۆتەوە و بەهێزکردۆتەوە، دوای خۆبەهێزکردنەوە جارێکی دیکە پەلاماری کوردتان داوەتەوە، لە ساڵی (1973) بەدواوە بەتەواوی هەمان بیرکردنەوەی بەعسیان هەبوو بۆ چارەسەری پرسی کوردو پشتیوانی تەواوی بەعس بوون لە کۆمیتەی باڵای بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز سەبارەت بە یاسای بەنێو ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان کە لەسەر پێستی کورد سێزدە جاش ئەندامیان لەنێو دەزگا کارتۆنییەکەی تەشریعی و تەنفیزی وەرگرت.

**چوارەم:** دروستبوونی هێڵی ئابی (1964)، هەوڵی چوونە نێو حزبەکەی عەبدولسەلام عارف و هەڵوەشاندنەوەی حزبی شیوعی عێراق لەنێویاندا.

**پێنجەم:** نزیکبوونەوەیان لە ڕژێمی بەعس هەر لە ساڵی (1970)، دواتر بەستنی بەرەی خۆیان و بەعس (1979/5/27-1973/7/17)، هەوڵی خۆهەڵوەشاندنەوەیان و

یەکگرتنەوەیان لەم ماوەیەدا لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی، کە لە ڕێبازی مارکسیزم - کۆمۆنیزم یەکگرتنی ڕێکخراوە و پارتە مارکسیزم و کۆمۆنیستەکان ڕێگەی پێدراوە بەڵام هەرگیز ڕێگە بە یەکگرتنی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەکان لەگەڵ دوژمنانی خۆیان نەدراوە، کە عارفی و عەفلەقییەکان دوژمنی مارکسیزم و کۆمۆنیزم بووینە و هەر لە سەرەتاوە دوژمنایەتی خۆیان بۆ ئەم ڕێبازە ڕاگەیاندبوو. حزبی شیوعی عێراق، بە بەستی بەرە لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی بەتەواوی خۆیان ڕادەستی بۆرژوای نەتەوەپەرستی فاشیستی عەفلەقی سەدامی کرد و دوورکەوتنە و لایاندا لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم.

**شەشەم:** کارکردنی یەکێتییەکانی (خوێندکاران، کرێکاران، جوتیاران، ژنان، لاوان و ڕێکخراوە پیشەییەکان)ی حزبی شیوعی عێراق و هەبوونی نوێنەریان لەنێو ڕێکخراوەکانی حزبی بەعسی عەرەبی و بەخشینی نوێنەرایەتی خۆیان لە ڕێکخراوە جیهانییەکان بە حزبی بەعس، ئەوەبوو حزبی شیوعی عێراق کارکردنی ئاشکرای ڕێکخراوەکانی سەرەوەی سڕکردو هەڵیوەشاندنەوە.

**حەوتەم:** وازهێنانی حزبی شیوعی عێراق لە کارکردن لەنێو سوپای عێراق و وەزارەتی ناوخۆدا، کە بووە هۆکاری لەسێدارەدانی (39) ئەندامی شیوعی لە مایسی (1978)دا.

**هەشتەم:** وەستانەوەیان لەدژی شۆڕشی کوردستان ، هەڵگرتنی چەکی جاشێتییان بەعس و ڕاوکردنی پێشمەرگە بۆ ڕژێمی عەفلەقی لەنێوان سالانی (1975/3/20-1974/3/26)دا، کە بەمەش لەدژی دروشمی (ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن) وەستانەوە، چونکە هەم کوردیان کردە دوژمنی خۆیان و هەم بەقسەی خۆیان کرێکاری کورد و عەرەب یەک چین بوون و گوایە جیاوازی لەنێویاندا نییە، دابەشیان کردن.

**نۆیەم:** حزبی شیوعی عێراق، لە ساڵی (1973)دا بڕیاریدا کە دوو کۆدەتا ڕەشەکانی (1963/2/8) و (1968/7/14)ی حزبی بەعسی عەرەبی ڕەگەزپەرست، شۆڕشن و حزبی بەعسی عەرەبی هاوپەیمان خاوەنی ئەو دوو شۆڕشەیە.

**دەیەم:** باوەڕبوون بە هاوکاری و پشتیوانی کردنی ڕژێمی بەعس بۆ گەیاندنی کۆمەڵگای عێراقی بە ڕێگەی گەشەکردنی ناسەرمایەداری (التطور اللارأسمالي).

**یازدەم:** کلکایەتی ڕوسیا و قوربانی دان بە گەلی عێراق لەپێناو بەرژەوەندی ڕوس هەر لە سەردەمی ستالینەوە تا گۆرباتشۆڤ هەر باسی مەکە کە لادان (إنحراف)ە لە

کۆمۆنیزم، بەتایبەت کە ستالینی دیکتاتۆرو مرۆڤکوژ باوەڕی بە کۆمۆنیزمی جیهانی و خەباتی نێونەتەواییانەی چینی کرێکارانی جیهان نەبوو، تەنیا باوەڕی بە سۆسیالیزم لە ڕوسیا هەبوو. ڕوسیا، تەواوی حزبە شیوعییەکانی وڵاتانی عەرەبی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و وەکو لەمپەرێک لەدژی ئەمریکا، ئەوروپا و ئیسرائیل دامەزراندبوو، بۆیەش هەمیشە و بە بەردەوامی ڕێگر بووینە لە وەرگرتنی دەسەڵاتی حزبە شیوعییەکان لە ناوچەکەدا.

**دوازدەم:** سەرهەڵدانی بۆچوونی نەتەوەپەرستانەی عەرەبی لەنێو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق و حزبەکە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی دەمارگیرانەی نەتەوەیی عەرەبی و پشتگوێ خستنی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردستانی وڵات داگیرکراو و بەزۆر لکێنراو بە دەوڵەتی عێراق، کە هەردەم هەوڵیان دەدا بیری عێراقچییانەی داگیرکەرانە بسەپێنن بەسەر بیری کوردستانی بوونی کوردەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق، سەرەڕای ئەوەی هەردەم ڕێژەی کورد لەنێو حزبی شیوعی عێراق بەرزتر بووە لە ڕێژەی عەرەب، کەچی بەهۆی کێشەی بەردەوامی ئەم دواییەی نێوان کوردو عەرەب کە شیوعییە عەرەبەکان دروستیان کردبوو، چونکە قایل نەدەبوون کە سکرتێری حزب و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی کورد بن سەرەڕای کەمی ڕێژەی عەرەب. لە کۆنگرەی پێنجەم لە ڕۆژانی (12-1993/10/25)دا لە شەقڵاوە بەپێی بڕیارێک بەناوی ئەوەی کە عەرەب لە عێراق زۆرینەن دەبێ سکرتێری حزب عەرەب بێت، سکرتێری حزبی شیوعی لەم ڕۆژەوە لەسەر عەرەبی شیعە تاپۆکرا، کە شتی وا لەنێو هیچ پارتێکی مارکسی و کۆمۆنیستی لە جیهاندا بوونی نییە، بەڵام دەی چار چییە، هەرنا شیوعی و شیعە لە نووسین نزیکن لە یەکتر، خۆ لە هەڵبژاردنی یەکەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕۆژی (2005/12/15)دا، لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ئایەتوڵڵا سیستانی فتوای دا کە دەنگدان بە حزبی شیوعی عێراق بێباوەڕی و خوانەناسییە (کوفر و إلحاد)ە، زۆربەی شیوعییە شیعەکان لە عێراق و هەندەران بە کوردانی فەیلییەوە دەنگیان نەدا بە شیوعی و دەنگیان دا بە کاندیدی پارتە شیعەکان، جا ئەوە کەی کێشەیە، لەوانەیە لەداهاتوودا حزبی شیوعی و شیعە یەک مەرجەعی هاوبەش هەڵبژێرن، خۆ لە هەڵبژاردنی لە هەڵبژاردنی (2018/5/12)دا لەگەڵ موقتەدا سەدر بە یەک لیست دابەزین، ئەوجارەش چوونە هاوپەیمانێتییەکی دۆڕاو وەکو ئەوانەی پێشوویان،

کە دواتر لە هەموویان شکستیان هێنا. ئیسلام و کۆمۆنیستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دوو جۆگەڵەن و لە کەناڵێکی بۆگەن یەکدەگرنەوە تێکەڵ بەیەک دەبن. دکتور طارق یوسف إسماعیل ([99])، بە پشت بەستن بە بڵاوکراوەی (خطتنا السیاسیة في سبیل التحرر الوطني والقومي - بغداد - الحزب الشیوعي العراقي، ص45)، نووسیویەتی: (ڕاپۆرتەکە شوێنێکی فراوانی تەرخان کردبوو بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی و پرسی کورد، کە جەختی لەوە کردبووەوە، کە عێراق وڵاتێکی عەرەبییە و گەلەکەشی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، سەرەڕای ئەمەش ڕاپۆرتەکە تێبینی ئەوەی کردبوو کە دوو نەتەوەی سەرەکی لێرەدا هەن کە عەرەب و کوردن، هەر یەکەیان تێدەکۆشێت لەپێناوی سەربەخۆیی و ڕزگاری لەژێر دەستی ئیمپریالیزم. مسۆگەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق ڕێگە دەدات بە ڕزگاری و یەکێتی عەرەبی، بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕێگە خۆشکەرە بۆ مافی چارەی خۆنووسینی ڕاستەقینەی کوردی، هەروەها شیمانەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لەدوا هەنگاودا). ئەوە کۆنفرانسی دووەمی حزبی شیوعی عێراق (1956.9.10) و سەلام عادلی سکرتێری حزبەکەیە، کە عێراق بە باشووری کوردستان و گەلی عێراق بە (عەرەب، کورد، ئاشووری، تورکمان و ئەرمەنی)، بە وڵاتێکی عەرەبی و بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دەزانن، کوردە شیوعیە بێئاگاکانی نێو حزبی شیوعی عێراق-یش لەنێو شەپۆلی ناڕاستگۆیانەی کەشتی ئینتەرناسیۆنالیزمی بەناو شیوعیەتی شیوعییە عێراقییەکان خەویان لێکەوتووە.

حزبی شیوعی عێراق، بەردەوام هەوڵی داوە لادانی خۆی لە ڕێبازی مارکسیزم - کۆمۆنیزم، ناپاکی لە کرێکاران، لادان لە ئینتەرناسیۆنالیزم و چوونە ژێر چەتری نەتەوەپەرستی عروبەو عێراقچێتی، نانەوەی شەڕو ئاژاوەکانی خۆیی و شکستەکانی بەرەی نۆ ساڵەی خۆیی و ڕژێمی بەعس لەنێوان ساڵانی (1970-1979)دا بخاتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی بەعسی عەرەبی فاشی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. دکتور طارق یوسف إسماعیل([100])، بە پشت بەستن بە (حسقیل قوجمان، ثورة 14 تموز 1958 في العراق وسیاسة الحزب الشیوعي، ص40-54)، سەبارەت بە لادانی حزبی شیوعی عێراق لە بنەما سەرەکییەکانی پرانسیپی مارکسیزم، لینینیزم و سۆسیالیزم

---

[99]- دکتور طارق یوسف إسماعیل، صعود الحزب الشیوعي العراقي وإنحداره، ترجمة عمار کریم محمد، ص(143).

[100]- دکتور طارق یوسف إسماعیل، صعود الحزب الشیوعي العراقي وإنحداره، ترجمة عمار کریم محمد، ص(144).

لە کۆنفرانسی دووەمی حزبی شیوعی لە (1956/9/10)، نووسیویەتی: (ئەم کۆنفرانسە یەکەم ناپاکی بوو لە بیروباوەڕی مارکسی لینینی فەهد، کە حزبی شیوعی عێراق بەرەو میانڕەوی گۆڕا بەشێوەیەک کە شایستەی ئەوە نییە ناوی حزبی شیوعی بێت). هەروەها ئیبراهیم عەلاوی، سەبارەت بە لادان (ڕیڤیژینست)ی حزبی شیوعی عێراق، دەڵێ: (لە ئەیلولی 1956، کۆنفرانسی دووەمی حزبی شیوعی عێراق بەسترا، بەڵام لەبری ئەوەی کە کۆنفرانس گفتوگۆی دروشمی کۆماری گەلی بکات، کە ململانێکان لەسەر ئەم دروشمە بوو، هەروەها بووە هۆکاری لەتبوونێکی مەترسیدار لە ڕیزەکانی حزب، ئەم پرسە بەتەواوی بەلاوەنراو ڕاپۆرتێکی سیاسی تێیدا بڕیاری لەسەر درا کە بۆ ئەوەی ڕێگەی ئاشتی بگیرێتە بەر لە ئاست دەسەڵاتی نوری سەعید و ئەوانەی لەپشتیەوەن لە پەیمانی بەغدای ئیمپریالیستی. بەهیچ شێوەیەک پرسی کۆماری گەلی لە گوێچکەکانی بەشداربووانی کۆنفرانس دا نەبوو. کۆنفرانس ئەم بڕیارەی دا: ئێمەی شیوعییە عێراقییەکان ئارەزووی توندوتیژی و بەکارهێنانی هێزمان نییە، بەڵکو هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی ئامانجی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەمان بە ئاسانترین ڕێگە و کەمترین قوربانیدان بێنینە دی؛[101]). کۆنفرانسی دووەمی حزبی شیوعی لە ڕۆژی (1956/9/10) بەسترا، کەواتە حزبی شیوعی لەو ڕۆژەوە دەستبەرداری گۆڕینی ڕژێم و وەرگرتنی دەسەڵات بووە لە عێراق، کە ئەمەش لادانە لە ئامانج و ستراتیژی هەر پارتێکی کۆمۆنیستی.

شیوعییە کوردەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق زوخاوی زۆریان بەدەست برا عەرەبە چاوڕەشە شۆڤێنیستەکانیان دیوە و زۆرێک لەوان چیرۆکی زۆر تاڵیان هەیە لەگەڵ ئەواندا، زۆرێک لە عەرەبەکان سەربەخۆیی کوردستانی داگیرکراو بە جیابوونە و لەتکردن (إنفصال وتقسیم)ی عێراق دەزانن، یان گەڕاندنەوەی کەرکوک، موسڵ، دیالە و مەخمور بە کارێکی نەتەوەپەرستانەی کورد دەزانن، وەکو بەعسی، نەتەوەپەرستە عەرەبەکان و ئیسلامییە داعشییەکان پێیان وایە ئەو شارانە شاری عەرەبین، بۆ نموونە خالید حوسێن سوڵتان ([102])، دوای ئەوەی سوپای عێراق لە ترسی داعش ڕایکرد و پێشمەرگە دەستی بەسەر کەرکوک داگرت، لە ڕۆژی (2014/7/17)، لە بابەتێک بە ناوی (حزبی

[101]- إبراهيم علاوي (نجم محمود)، الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية العالمية، ص(20-21).

[102]- خالد حسين سلطان، الحزب الشيوعي العراقي بلاموقف من عملية إحتلال كركوك وتداعياتها، الحوار المتمدن، 2014/7/17.

شیوعی عێراق هیچ هەڵوێستێکی لەسەر داگیرکردنی کەرکوک و کاردانەوەکانی نییە)، لە ماڵپەڕی (الحوار المتمدن)، بڵاویکردۆتەوە، ئەو شیوعییە شۆڤینیستە کەرکوک و کوردستان بە خاکی عەرەب دەزانێ، لەکاتێکدا کە حوسێن سوڵتان حەمادی سەبی ئەلخالیدی باوکی، پاڵێوراوی کۆمیتەی ناوەندی و لە بولگاریا دەژیا، دواتر لە ڕۆژی (1989/5/26)، چووە پراگ و لەوێ لە ڕێگەی باڵوێزخانەی ڕژێم گەڕایەوە باوەشی ڕژێمی عێراق و لە ڕۆژی (1992/1/7)دا لە بەغدا لەژێر سێبەری بەعس و سەدام دا مرد. یەکێکی دیکە بەناوی موحسین جیلاوی هەرچی ژەهری عروبەیە دەیکاتە جەستەی یەکێتی و کوردی زامداری دەستی شۆڤینیزمی عەرەبی. زەکی خەیری، نووسیویەتی: (لە ساڵی 1964، مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق بڕیاریدا نوێنەری حزب بم لە گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم لە پراگ، کە عەزیز محەمەد ئەو بڕیارەی پێ ڕاگەیاندم، هەروەها داوای لێ کردم بەرپرسێتی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی وەربگرم و داکۆکی لە سیاسەتی حزب بکەم کە کۆمیتەی ناوەندی دایڕشتبوو لە کوبوونەوە فراوانەکانی مانگی ئابی ساڵی 1964، بەڵام داوای لێبووردنم لێی کرد و پێم گوت کە باوەڕم بەم سیاسەتەی حزب نییە، چۆن بتوانم داکۆکی لێ بکەم؟ لە کۆتایی ساڵی 1964، عەزیز محەمەد هاتە چیکۆسلۆڤاکیا و لە پراگ بینیم، بۆ جاری دووەم داوای لێکردم کە بەرپرسێتی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق وەرگرم لە جێی نەزیهە دلێمی، چونکە نەزیهە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی شەڕی کردبوو، پێی گوتبوو: نەوتی کەرکوک تان نادەینێ؛[103]). کاتێک کە نەزیهە دلێمی بە مام جەلال دەڵێ: (نەوتی کەرکوک تان نادەینێ)، مەبەستی ئەوە بووە کە شاری کەرکوک و نەوتەکەی نادەینەوە بە کوردو بە هی عەرەبی دەزانین، ئەویش وەکو شۆڤینیست و بەعسییەکی سەدامی نێو سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق، کەرکوک بە شاری عەرەب دەزانێ، سەرەڕای هەبوونی دەیان هەزار بەڵگەی بەعەرەبکردنی شارەکە، دەرکردنی کورد لە شارەکە و هێنانی عەرەبی هاوردە بۆ کەرکوک و نیشتەجێ کردنیان لەسەر زەوی و ماڵی کورد. عەزیز محەمەد و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق لەبری ئەوەی هەوڵی گۆڕینی بیرکردنەوەی نەزیهە دلێمی و شۆڤینیستە عەرەبەکان بدەن، بیری شۆڤینیزمی لە مێشکیاندا بسڕنەوەو بە بیروباوەڕێکی ئینتەرناسیۆنالیزمیانە، دادپەروەرانە و ڕیالیستیانە پەروەردەیان بکەن، هەڵدەستن بە گۆڕینی

[103]- زكي خيري، صدى السنين في ذاكرة شيوعي عراقي مخضرم، ص(269).

نەزیهە لە بەرپرسێتی حزبی شیوعی لە دەرەوەی وڵات، کە ئەمە چارەسەری بنەڕەتی نییە چونکە بیری شۆڤینیزمی ئەو هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەو بابەتانەی لە ڕۆژی شەهید کردنی (شێخ شەماڵ، سەرباز کۆیی، سەعدی و کامەران، داگیرکردنی مەڵبەندی بالیسان و هەڵمەتی یەکێتی بۆ پشتئاشان) نووسیومە، هەمووی لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە)دا وەرگیراوە کە (805) لاپەڕەی (A4)ە. بەڵام ئەو نووسینانەی لە ناوەڕاستی نیسان تا ناوەڕاستی ئایار بڵاودەکرێنەوە، لە پەرتووکێکی سەربەخۆدا بەناوی (تۆڵەی یەکێتی بەسەبر بوو، ئەمما بە زەبر بوو)، بڵاودەکەمەوە! لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە)، هەرچی تۆمەت بەخشین، ناڕاستگۆیی و تۆمەتی شیوعییەکان، حسک و پارتی هەیە تۆمارم کردووە، وەلێ زۆر سەیرە، ئەوان تۆمەتی ناڕاست دەبەخشن، چیرۆکی خەیاڵی ناڕاستگۆیانە دادەڕێژن، تۆمەت دەبەخشن و مێژوو دەشێوێنن، کاتێک پێیان دەڵێی ناڕاستگۆ، کە لە ڕاستیدا ناڕاستگۆن، مرۆڤ هەر دەبێ بە ناڕاستگۆ بڵێت ناڕاستگۆ یان درۆزان، کەچی تۆڕە دەبن و هەندەی دیکە تۆمەت دەبەخشنەوە و قسەی ناشرین دەکەن، کە ئەمانە هەمووی خەسڵەتی مرۆڤی لوتبەرز، سووک، گەمژە، نالۆژیک و کاڵفامە.

## کامیان جاش بووە، حزبی شیوعی عێراق، یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟

**یەکەم:** حزبی شیوعی عێراق، ماوەی هەشت نۆ ساڵ جاش، کرێگرتە، نۆکەرو پاشکۆی ڕژێمی بەعس بوو، بۆیە دەڵێم هەشت نۆ ساڵ چونکە ئەوان هەر لە ڕۆژی (1970/1/16)دا موکەڕەم تاڵەبانی جاش وەزیر دەنێرنە لای ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆککۆمارو ئاگاداری دەکەنەوە لە کۆدەتای عەبدولغەنی ئەلڕاوی کە نیازی وابووە کۆدەتایەک بۆ ڕووخاندنی بەعس بکات لە ڕۆژی (1970/1/20)دا، حزبی شیوعی لە ڕۆژی (1972/5/14)دا بە دوو وەزیر (موکەڕەم جەمال محەمەد عەلی تاڵەبانی (1923/4/12/ کفری/ کەرکوک - 2025/1/24)، وەزیری ئاودێری و عامر عەبدوڵلا عومەر ئەلعانی (1924-2000/1/29)، وەزیری دەوڵەت)، بەشداری حکومەتی بەعسی کردووە، هەرچەندە حزبی شیوعی عێراق لە ڕۆژی (1969/12/31)دا بەپێی فەرمانی کۆماری (1261)، بە وەزیرێک بەشداریکرد لە حکومەتی بەعس، ئەویش عەزیز شەریف عەبدولحەمید حوسێن (1904/11/6-1990/4/21) بوو، کە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شێوعی عێراق بوو، وەکو وەزیری دادو پاشان بۆ ماوەی چەند ساڵێک وەزیری دەوڵەت بووە، وەلێ حزبی شیوعی نکۆڵی لەوە دەکەن ئەو شیوعی بووبێت. حزبی شیوعی عێراق، دواتر لە ڕۆژی (1973/7/17)دا لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز (الجبهة الوطنية والقومية التقدمية)ی مۆرکرد، بە تەواوی بۆ ڕژێمی بەعس چەمایەوە، بۆیە بە دڵنیایی جاشی عەیار (24)ی ڕژێم و حزبی بەعس بوو.

حزبی شیوعی عێراق، بەعسی لە کۆدەتایەکی سەربازی ئاگادارکردۆتەوە، یەکێتی ئەوەی نەکردووە.

حزبی شیوعی عێراق، دوو جاش وەزیری لە حکومەتی بەعس هەبووە، یەکێتی ئەوەی نەبووە.

حزبی شیوعی عێراق، بەرەی سازشکاری لەگەڵ بەعس بەستووە، یەکێتی هیچ بەرەیەکی لەگەڵ بەعس نەبووە.

**دووەم:** دوای بەستنی بەرەی بەعس و شیوعی، ئەو حزبە بەتەواوی خۆی ڕادەستی بەعس کردو بوون بە جاشی بەعس، چەکیان هەڵگرت، بیست سریەی جاشیان بۆ کردنەوە، بەشداری شەڕی شۆڕشی کوردستان بوون، پێشمەرگەیان کوشت و بەدیل گرت، (83) پێشمەرگەیان ڕادەستی ڕژێم کرد، دواتر لە موسڵ لەسێدارە دران.

حکومەت لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1973)، چەکی بەسەر ئەندامە کوردەکانی حشع دابەش کرد و لە ئاداری ساڵی (1974)، بیست سریەی جاشی چەکداری بۆ کردنەوە، سریەکانیش بەمشێوەیە دابەش کرابوون: (هەولێر شەش سریە، سلێمانی چوار سریە، دهۆک چوار سریە، کەرکوک سێ سریە و موسڵ سێ سریە):

عەبدوڵڵا مەلا فەرەج عەبدولڕەحمان ناسراو بە مەلا عەلی (1936/12/28-2020/4/15)، بەرپرسی مەکتەبی سەربازی و هەر بیست سریە جاشی حشع بوو.

ملازم ئەحمەد شەفیق ئەلجبوری (أبو إزدهار - الموصل)، ناوی باپیریم پێویستە هەرکەسێ بیزانێت.

عەلی حاجی محەمەد ئەمین مەخموری ناسراو بە عەلی یەکسار (1941-2012/11/2).

کانەبی محەمەد ساڵح ناسراو بە کانەبی گەورە (1942-2011/5/4).

ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد حاجی برایم شێخ مەموندی ناسراو بە مەلا نەفتە (1927-1987).

کاوێس ڕەشید حەمەد ساڵح مەلازادە ناسراو بە مام کاوێس (1937/ هەولێر/ کۆیە - 1985/6/5/ ئیلنجاغ).

محەمەد حوسێن حەمەد خدر هەروتی ناسراو بە تۆفیق هەریری (1934/ هەریر)، فەرماندەی سریەی شەقڵاوە.

ئەحمەد حامید قادر ئەحمەد (1931/ سلێمانی/ تانجەرۆ/ قەرەتۆغان-2024/11/17)، کە دواتر کرایە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی (تنفیذي) کارتۆنی.

ئیسماعیل نەسروڵڵا ناسراو بە مەحمود دیکتاریۆف (1943/ سلێمانی)، فەرماندەی سریەی سلێمانی (هەرکەسێ ناوی باپیری و ڕۆژی مردنەکەی دەزانێت هیوادارم بۆم بنووسێت).

ئیبراهیم سۆفی مەحمود حەمەدئەمین ناسراو بە ئەبو تارا (1936/ کانی ئاشقان/ هەڵەبجە)، فەرماندەی سریەی سەید سادق، دواتریش کرایە ئەندامی ئەنجومەنی کارتۆنی تەشریعی.

یاسین محەمەد کەریم هەڵەبجەیی ناسراو بە یاسینی ئامە باریکێ، کە شوێنی ئەبو تارا-ی گرتەوە، واتە فەرماندەی سریەی سەید سادق.

نەسرەدین عابد عەلی وەیس ناسراو بە نەسرەدین هەورامی (1946/ بەڵخە/ تەوێڵە/ هەڵەبجە)، فەرماندەی سریەی دەربەندیخان، کە دواتر سەنگەری بۆ نێو پارتی گواستەوەو لە ساڵی (1991)دا لە نزیک چیای بەمۆ لە سنووری دەربەندیخان بەسەر مینێکی چێنراودا کەوت و کوژرا (هەرکەسێ ڕۆژی کوژرانەکەی دەزانێت هیوادارم بۆم بنووسێت).

محەمەد ڕەشید محەمەد ناسراو بە حەمەڕەشید قەرەداغی (1946/ قەرەداغ)، فەرماندەی سریەی قەرەداغ و ئێستا جێگری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە.

تۆفیق محەمەد فەرەج ناسراو بە تۆفیق حاجی چایەچی (1949/ هەڵەبجە)، فەرماندەی سریەی هەڵەبجە، کە دواتر سەنگەری بۆ نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گواستەوە و پاشان لە ڕۆژی (1984.3.31)، لە تاسڵوجە بەدەستی جاشەکانی محەمەد حەسەن ئەحمەد قەرەوەیسی ناسراو بە حەمەی حەسۆل فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (55)، کوژرا.

محەمەد حەسەن منوجەهر بارام ناسراو بە هاوڕێ حەمە (1934/ هەڵەبجە/ بیارە/ هاوار)، فەرماندەی سریە، لە ڕۆژی (1974/7/2)، لە چیای زمناکۆ لە سنووری دەربەندیخان لە شەڕی پێشمەرگەدا کوژرا.

ئەبوبەکر ئەحمەد سدیق ناسراو بە بەکر تەلانی (1933/ تەلان/ دوکان/ سلێمانی)، فەرماندەی سریەی ساڵەیی و شوان (کەرکوک)، بارەگایان لە گوندی نەبیاوە بوو، جارێک لە شەڕێکدا هەر لەو گوندە بەدەستی پێشمەرگە بریندار دەبێت، دواتر لە پێشمەرگایەتی جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی شوان لە ڕۆژی (1982/4/2)دا لە گوندی بولقامیش لە سنووری ئاغجەلەر بەدەستی جاش کوژرا.

تۆما سادق شەمۆ تۆماس کاکا ناسراو بە ئەبو جۆزیف (1924/12/17 ئەلقوش/ موسڵ-1996/10/15/ دیمەشق)، فەرماندەی یەکێک لە سریەکانی دهۆک و

بەرپرسی هەر چوار سریەکەی دهۆک، دواتر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی کوردستان و بەرپرسی مەڵبەندی بادینان.

دەنخا شەمعون خۆشابا بازی ناسراو بە ئەبو باز (1933/ سێمێل/ دهۆک 2025/2/10)، فەرماندەی سریە لە دهۆک.

لەکۆی بیست فەرماندەی سریە ناوی حەڤدەیانم نووسیوە، بەڵام مەلا عەلی بەرپرسی مەکتەبی سەربازی، ئەحمەد حامید لە جاشی چەکدار بۆتە جاشی تەنفیزی و نازانم کێ هاتۆتە شوێنەکەی، یاسین محەمەد هاتۆتە شوێنی ئەبو تارا و محەمەد حەسەن منوجەهر کوژراوە نازانم کێ هاتۆتە شوێنەکەی، بۆیە پێویستیم بەناوی سێ بۆ چوار فەرماندەی سریەکانی دیکە هەیە و داواکارم هەرکەسێ ناوەکانیان دەزانێت هاوکاریم بکەن.

حزبی شیوعی عێراق، بیست سریەی جاشی هەبوو لای بەعس، یەکێتی حەفتاکان و هەشتاکان ئەوەی بە خەیاڵیشدا نەهاتووە.

حزبی شیوعی عێراق، لە ڕێگەی بیست سریەی جاش لەماوەی (1973-1975)دا شەڕی شۆڕشی کوردستانی کردووەو کۆمەڵێک پێشمەرگەی کوردی کوشت و ژمارەک جاشی خۆیشی بەکوشت دا، یەکێتی هەرگیز ئەوەی نەکردووە.

حزبی شیوعی عێراق، هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێدا کۆمەڵێک پێشمەرگەی لە سەردەمی جاشێتی کوشت و ژمارەیەکی زۆرتری بەدیل گرت، ئایە یەکێتی چەند پێشمەرگەی بەرەی جود-ی بۆ بەعس کوشت، بەڵام واز لە تۆمەتی نارەوای پێشەکی (عەربون)ی پشتئاشان بێنن کە هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ سەلماندنی ئەو تۆمەتە بێبنەمایەی حزبی شیوعی تەحریفی کە ماوەی (43) ساڵە بەنارەوا دەیداتە پاڵ یەکێتی، ئایە یەکێتی چەند پێشمەرگەی کوردی وەکو حزبی شیوعی عێراق بەدیل گرت، ڕەوانەی موسڵ-ی کردبن و لەسێدارە درابن؟ لەوەتەی فەیسبووک پەیدا بووە، ئەوەندە ناڕاستگۆیی حزبی شیوعی عێراق-م بۆ ئاشکرا بووە، هەروەها لە پێنج بەشی چاوپێکەوتنی (پەنجەمۆر) لەگەڵ جەلال دەباغ-دا کە قسەی ڕاستی نەبوو، بۆیە هیچ باوەڕم بە حزبی شیوعی عێراق و زۆربەی هەرە زۆری شیوعییەکان نەماوە. ئەوان ماوەی (43) ساڵە تۆمەتی جاشێتی ناڕاستگۆیانە دەدەنە پاڵ یەکێتی، شیوعی و بەرەی جود پێشتریش لە شەڕەکانی پایزی ساڵی (1981)دا هەمان تۆمەتیان دایە پاڵ یەکێتی کە ئەوکات هیچ گفتوگۆیەک نەبوو؟ شیوعی گرێی دەروونی هەشت نۆ ساڵەی جاشێتی خۆیان بۆ بەعس و پارتی بۆ

ئێران، وایان لێدەکات ئەو تۆمەتە بدەنە پاڵ یەکێتی بۆئەوەی ئازارە دەروونییەکانی جاشێتی خۆیانی پێ سووک بکەن، نازانن بەمە ئەوەندەی دیکە ڕیسواو شەرمەزار دەبن. ئەوان هەمان دروشمی پاول جۆزیف گۆڵبز (1945/5/1-1887/10/29)ی وەزیرە ناڕاستگۆکەی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیای نازی و هیتلەر-یان کردبووە دروشمی خۆیان و بەکردەوە زۆربەی شیوعییەکان پیادەی دەکەن (درۆ بکە درۆ بکە، تا باوەڕت پێدەکەن)، کە ئەم دروشمە لای هاووڵاتیانی ئەڵمانی، ئەورووپی و تەواوی جیهاندا بە (پڕوپاگەندەی ڕەش، یان مێشک شۆردنەوە) ناسراوە، شتێکی باویشە گەر (درۆ زۆر دووبارە بکرێتەوە، کەس نەبێ وەڵامی درۆکان بداتەوە، لە بێدەنگیدا دەبێتە ڕاستی)، بۆیە هەڵتەکاندنی ناڕاستی و تۆمەتەکانی حزبی شیوعی عێراق و شیوعییە کوردەکان کە ماوەی (43) ساڵە لەسەری ڕاهاتوون و دەقیان پێوەگرتووە کارێکی ئاسان نییە. باشە نووسەریان وابێ، دەبێ نەخوێندەواریان چۆن بن، بۆیە گومان تەنانەت لە ڕاستی و دروستی داستانی هندرێن دەکەم (1966/5/12)، وەکو ئەوەی شیوعییەکان خۆیان بە پاڵەوانی ئەو داستانە دادەنێن، دەزانم پارتی و شیوعی پێکەوە بووینە لەم داستانەدا، بەڵام هیچ بەڵگەم لەدەست نییە بۆیە هەوڵی بەدواداچوونێک دەدەم، دواتر بڕیاری ئەو گومانەم یەکلادەکەمەوە. عەمیدە عەزبی حالوب ئەلخومەیسی، ژنە شیوعی کوژراو، دەمێک گوتیان بەدیلی کوژراوە، منداڵەکەشیان کوشتووەو پەنجەی دەبڕن لەپێناو ئەڵقەکەی، دواتر دەرکەوت منداڵی نەبووە، باشە گەر بەدیلی کوژرابێ، بۆ بەر لە گوللەباران کردنی ئەڵقەکەی لێ وەرناگرن، ئەو دیلە ناتوانێ ئەڵقەیان نەداتێ، باشە کە گوللەباران کرا بۆ گەرماو گەرم ئەڵقەکەیان لە پەنجەی دەرنەدەهێنا، چ پێویستی دەکرد پەنجەی ببڕنەوە لەپێناو ئەڵقەیەکدا؟ شیوعیەکان ئەزموونیان هەیە لە پەنجە بڕینەوەی ژنان و دەرهێنانی ئەموستیلەی پەنجەیان بۆیە ئەو تۆمەتە دەدەنە پاڵ یەکێتی تا پەنجە بڕینەوەی (حفصة الحاج علي العمري/ 1937)، تەمەن (22) ساڵ لەبیر خەڵک بەرنەوە، کە لە ڕۆژی (1959/3/9)دا لە موسڵ خۆیی و باوکی (الحاج علي عبدالله رفعت العمري) کوژران، بەدوای ئۆتۆمۆبێل بە شەقامەکانی موسڵ ڕاکێشران، تەنیا لەپێناو ئەموستیلەیەک کە ئەڵقەی مارەبڕین بوو پەنجەیەکی ئەو کچەیان بڕیبۆوە، جلەکانی بەریان داکەندبوو، بە ڕووتی بە ستونی کارەبا هەڵیانواسیبوو، جا ئێستاکە هاتوون تاوانەکەی بەر لە (24) ساڵی خۆیان وەکو سیناریۆ

دادەڕێژن لەدژی یەکێتی بۆ ئەوەی ئەو تاوانە لەبیر دانیشتوانی موسڵ، عێراق و کوردستان بەرنەوە؟

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گەر بەگوێرەی تۆمەت، ناڕاستگۆیی و تۆمەتەکانی حزبی شیوعی عێراق شەڕی پشتئاشانی بۆ ڕژێم کردبێ، وەکو جاشە شیوعییەکانی ساڵانی (1973-1975)، کە لە شەڕی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستان کوژران، بەپلەی سەربازی خۆبەخش (جندي متطوع) خانەنشین دەکران، کە بەگوێرەی دوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة)ی ژمارە (533)ی ڕۆژی (1975/5/21) و ژمارە (561)ی ڕۆژی (1975/5/28)دا وەکو جاشەکانی شیوعی بەپلەی سەربازی خۆبەخش خانەنشین دەکران! بەڵام ئایە دەتوانن ناوی کوژراوێکی یەکێتی لە شەڕە ناوخۆکانی ساڵی (1983)ی بەرەی جود بدۆزنەوە کە لەلایەن ڕژێمی بەعس خانەنشین کرابێت؟

جاشی سریە چەکدارەکانی حزبی شیوعی عێراق، ڕاستەوخۆ شانبەشانی سوپای بەعس بەشداری شەڕەکانیان دەکرد، ڕاوە پێشمەرگەیان دەکرد، شەوانە لە بەرەبەیاندا بە دەوروبەری ماڵە پێشمەرگەدا دەگەڕان بۆ ئەوەی بزانن سەرشۆڕکی کام ماڵە پێشمەرگە ئاوی پێدا دێتە خوارەوە کە ئەمەش مانای ئەوەی دەگەیاند پێشمەرگەکە هاتۆتەوە، سەرجێیی هاوسەرەکەی کردووەو بەر لە نوێژی بەیانی ژن و پیاوەکە خۆیان شۆریوە، کە چەندان پێشمەرگەیان بەمشێوەیە بەدیل گرت، ئەو بێڕەوشتییەی شیوعییە جاشەکان هەر لە زاری جاشی چەکداری شیوعی بەتایبەت ئەوانەی دواتر بوونە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان یان پێشمەرگەی یەکێتی بیستوومە، چەند هاوڕێیەکیشم هەمان شتیان بیستووەو بۆیان گێڕاومەتەوە. هەواڵدەری بوونی هەر مەفرەزەو هێزێکی پێشمەرگە بوون لە ماڵ، گوندو چیایەک، سوپای بەعسیان بەسەر وەردەکردن و خۆیشیان چاوساغ بوون، کەواسووری بەر لەشکرو سوپای بەعس بوون لە شەڕکردنیان لەدژی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستان، مووچەیان لە حکومەتی بەعس وەردەگرت، ڕێنمایی، ئاگاداری، فیشەک، تەقەمەنی و جلوبەرگیان لە سوپای بەعسی شۆڤینی و وەزارەتی بەرگری وەردەگرت، خواردن، خواردنەوە، ئازوقەو پێداویستییان لە سوپای ڕژێم و وەزارەتی بەرگری وەردەگرت، بۆ ڕاوە پێشمەرگە و کاولکردنی دێکانی کوردستان وەپێش سوپاو میلیشیاکانی بەعس دەکەوتن، بە پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستان-یان دەگوت: (مخربي القيادة اليمينية الكوردية، حركة التمرد الرجعي

الکوردي، التمرد الیمیني الکوردي، عملاء إیران، مأجوري الإمپریالیة وأمریکا، جیب العمیل)، ئەی ئەگەر حشع جاش نەبووبێ کێ جاشە، کە لەپێناوی سەرکەوتنی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ڕوسیا جاشایەتی بەعس و سەدامی هەڵبژارد؟ پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی، لە هەشتاکان، نەوەدەکان و ئێستاکەش هەر هەمان پارتی و بنەماڵەن، بە قەد دەنکە خۆڵێک گۆڕانکاریان بەسەر نەهاتووە، ئەی بۆ لە ڕۆژی (1980/11/28)دا بەرەی جود-تان لەگەڵ بەستن، گەر مەبەستتان بەکارهێنانیان نەبێت لەدژی مەترسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە بەلای کەمەوە (80-90%)ی یەکێتیێ کۆمەڵە بوون؟ ئەمانەی سەرەوە کە حزبی شیوعی عێراق و بەتایبەت شیوعییە کوردەکان لە شەڕکردن بۆ ڕژێمی بەعس کردوویەتی و کردوویانە، یەکێتی هیچیانی نەکردووە.

**سێیەم:** حزبی شیوعی عێراق و ئەندامەکانیان، ئێستاکەش زۆرێک لە ئەندامانی حزبی شیوعی کوردستان بە یەکێتی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی دەڵێن (جاش جەلالی، یان جەلالی)! یەکێتی حەفتاکان و هەشتاکان جەلالی نەبوون، چونکە زۆربەی هەرە زۆری یەکێتی ئەندامی کۆمەڵە بوون، هیچ ڕابردوویەکیان لەنێو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، کە زۆربەیان لەنێو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوون و سەرکردایەتی بزووتنەوە بەدەست ئەوانەوە بوو بۆ نموونە (عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، سەید مەجید گردعازەبانی و دەیانی دیکە)، تاک تاکیان لەنێو کۆمەڵە بوون، ئەوانەی دیکەش لە هێڵی پان (هێڵی گشتی)، کە دواتر لە ڕۆژی (1982/9/10)دا لەگەڵ بزووتنەوە یەکیان گرت و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەم دوو باڵە دروست بوو. پێشتریش بە نووسین ئەوەم ڕاگەیاندووە، باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، حزبی شیوعی عێراق، لەماوەی بەرەیاندا لەگەڵ بەعس لەنێوان (1979/5/27-1973/7/17)داو ناپاکی (1996/8/31)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە جاشێتی و ناپاکی کردن دەزانم، ئەوانەی لەسەر ئەو بۆچوونەم تورە دەبن، با لە هاوڕێیەتیم برۆن، تەنانەت نامەوێت گفتوگۆی هیچ داکۆکی کەرێک لەم سێ جاشێتییە بکەم. بەڵام لە بەرانبەر نزیکەی تەواوی شیوعییەکانی سەردەمی بەرەی ناپاکی و سازشکارییان لەگەڵ بەعس، هەر ئەوان هاتن و بوون بە پێشمەرگە و ئەندامی ڕێکخستنیشیان هەر هەمان شیوعی جارانی سەردەمی جاشێتی بوون، واتە وەکو ئەو سەرۆکجاش و جاشانەی لە ڕاپەڕینی زستانی

ساڵی (1991)دا شەو نووستن جاش بوون، کە ڕۆژی دواتر بەئاگاهاتن بوون بە پێشمەرگە، ئەوانیش لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا لە جاشێتی بوون بە پێشمەرگە، بۆیە ئاساییە بە حزبی شیوعی عێراق بگوترێت کۆنە جاشەکانی بەعس کە نزیکەی (98%)یان هەر ئەوانەی سەردەمی بەرە بوون، نەک بە کۆمەڵە و یەکێتی بگوترێت جاش جەلالی، یان جەلالی! بۆیە هەر کەسێک یان ئەندامێکی شیوعی، لە سالآنی (1976-1986)دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە جەلالی یان جاش جەلالی ناوببات، بە کەسێکی ناڕاستگۆ، دڵڕەش، ناخشەڕ، تۆمەتبەخش و سەرلێشێواوی دەزانم، وەلێ بە یەک پیتیش نەک وشە داکۆکی لە یەکێتی دوای ڕاپەڕین ناکەم چونکە لە ڕیزی پارتی دایە بە کەمێک جیاوازییەوە، هەروەکو بریانی و مەقلوبە، بریانی هەمووی تێکەڵە، مەقلوبەش ڕیز ڕیز، یان هەروەکو ڕۆژنامەنووسە دانمارکییەکە لەساڵەکانی (1994-1995)دا لە ڕیپۆرتاژێکی کەناڵێکی دانیمارکیدا سەبارەت بە شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی گوتی: (جیاوازی نێوان یەکێتی و پارتی وەکو بیبسی کۆلاو کۆکا کۆلایە).

**چوارەم:** ئەو سازشکاریانەی حزبی شیوعی عێراق لەپێناو چوونە نێو بەرە و بەردەوام بوون لە بەرەکەدا کردیان:

- لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی بەعس دژ بە کوردو کوردستان، پشتیوانی تەواوی سیاسەتی بەعسی کرد.

- پشتیوانی تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة) و فەرمانی کۆماری (مرسوم جمهوري)، حکومەتی بەکر - سەدام بوون.

- هەرگیز ناڕەزاییان لە بەرانبەر بەرتەسکردنەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و دابڕینی شارەکانی (کەرکوک، خانەقین، موسڵ، ئاکرێ، ئامێدی، بەدرە، سەعدیە، زرباتیە، دیالە، جلەولا، بەعقوبە، شارەبان و دەیان شارۆچکە)ی نێو سنووری کوردستان و بەعەرەبکردنی ئەم شارانە دەرنەبڕی.

- حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و حزبی شیوعی عێراقی (تەنیا بەناو کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم، کەچی بە ناوەڕۆک عەرەبی و عێراقچی)، پێکەوە بەناوی بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز پڕۆژە یاسای ئۆتۆنۆمیان پێشکەش کردبوو، کە لە پڕۆژەکەدا شاری کەرکوک و چەند شارۆچکەیەکی دیکەی کوردی لە سنووری کوردستان دەرهێنرابوون، هەر ئەم پڕۆژەیەش لەلایەن بەعس و شیوعی بە یاسا کرا، بەمەش

له مانگی ئاداری ساڵی (1974)دا شەڕ لەنێوان هەردوو لایەندا، شۆڕشی کوردستان لەلایەک و حکومەتی بەعس و حزبی شیوعی عێراق لەلاکەی دیکەوە هەڵگیرسا.

- ڕێگە نەدان بە حزبی شیوعی عێراق بە کارکردن لە سوپادا، کە عەزیز محەمەد و کۆمیتەی ناوندی، لە ڕۆژی (1973/7/17)، لەکاتی مۆرکردن و ڕاگەیاندنی بەرەکە، قایل بوون بە لە سێدارەدانی هەر ئەندامێکی حزبی شیوعی عێراق گەر هاتوو لە ڕیزی سوپا کار بکات بۆ حزبی شیوعی. بەمەش حکومەتی بەعس و بە بڕیاری سەدام لە مانگی ئایاری (1978)، سی و نۆ شیوعی لە سێدارە دران.

- ڕۆڵی سەرەکی و سەرکردایەتی بەرەی بەعس و شیوعی بەدەست بەعسییەکان بوو، کە ئەوە تەواو پێچەوانەی مانیڤێست و پرەنسیپەکانی مارکسیزم و کۆمۆنیزمە.

- حزبی شیوعی بڕیاریدا کۆدەتای هەشتی شوباتی ساڵی (1963)ی یەکەمی بەعس، شۆڕش بووە، کە سکرتێری حزبی شیوعی، دوازدە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی و چەند سەد ئەندامێکیان لەژێر ئەشکەنجە، لەلایەن سەرانی بەعس گوللەباران کران، لەژێر ئەشکەنجە کوژران و لە سێدارە دران.

- حزبی شیوعی بڕیاریدا کە کۆدەتای چواردە و سی تەمموزی ساڵی (1968)ی دووەمی بەعسییەکان، شۆڕش بووە، هەندێکیشیان بە شەرمەوە بە کۆدەتای ئەم ساڵەیان دەگوت کۆدەتای شۆڕشگێڕی (ألإنقلاب الثوري)، بەمەش هیچ ئابڕوویان بۆ ئینتەرناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزمی حزبی شیوعی عێراق نەهێشتەوە.

- حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، حزبی سەرکردە، سۆسیالیست و مرۆڤدۆستە.

- بە حکومەتی بەعسیان دەگوت: حکومەتی نیشتمانی پێشکەوتنخواز.

- بە سەدامیان دەگوت: کاستڕۆی عێراق، سەدام-یش ئەوەندە حزبی شیوعی عێراقی بچووک کردبۆوە، زۆر بێ نرخ سەیری دەکردن، نموونە: (کۆنگرەی سێیەمی حشع هەندێک کەسی لایەنگری بەعسیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی زیاد کردو هەڵمەتەکانی پاکتاوکردنی بەعسیان لە دژی ئەو حزبە پشتگوێ خست و دانیان بەوەدانا کە هاوپەیمانی لەگەڵ بەعس ئاسۆی ستراتیژی هەیە لە هەنگاونان پێکەوە بەرەو سۆسیالیزم. عەزیز محەمەد دووبارە بە سکرتێری یەکەمی حزب هەڵبژێردرایەوە - سەدام حوسێن ئەم مەرجەی

لە ڕێی لایەنگرانی خۆیەوە لە کۆمیتەی ناوەندی حزبەکەمان دزەپێکردو گوتی: ئێمە هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ کەسەکان کرد نەک لەگەڵ حزب؛[104]).

- سەرۆکایەتی کۆمیتەی باڵای بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتوخواز بەدەست بەعس بوو، نەعیم حەمید عەلی حەداد ناسراو بە نەعیم حەداد ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کرایە ئەمینداری گشتیی کۆمیتەی باڵای بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتوخواز.

- سکرتاریەتی بەرە بەدەست بەعس بوو، کە حەسەن عەلی نەسار عامری بوو.

- نیوەی ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی باڵای بەرە واتە هەشتیان بەعسی بوون، لەنێویاندا (نەعیم حەمید عەلی حەداد، حەسەن عەلی نەسار عامری، عەبدولفەتاح محەمەدئەمین یاسین و عەدنان عەلی حوسێن عەبدولعەزیز قەساب/ 1936-2015/5/25)، ئەوانەی دیکەش سێ شیوعی (کەریم ئەحمەد داود، ڕەحیم موحسین محەمەد عەجینە و مەهدی ئەحمەد ئیسماعیل حافز، دووانی کۆتایی بەپێی زانیارییەکانی شەوکەت خەزنەدار هەردووکیان سیخوڕی بەعس بوون، کەواتە دە ئەندامیان بەعسی بووینە([105]). مەهدی حافز بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (220)ی ڕۆژی (1974/5/15)، بە پسپۆری وەزارەتی نەوت دامەزرابوو، تەنیا بۆ ئەوەی مووچەیەکی هەبێت. یەک پارتی دیموکراتی کوردستان (عەزیر ڕەشید عەزیز عەقراوی)، یەک پارتی شۆڕشگێڕیی کوردستان (شێخ ستار تاهیر شەریف) و یەک بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کورد (عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئەحمەد تاجەدین ناسراو بە مەلا ماتۆڕ)، کە وەکو حزبی شیوعی عێراق ئەو سێ پارتە کوردییە و سەرۆکەکانیان جاشی سەدا سەدی ڕژێمی بەعس بوون.

- سکرتاریەت و سکرتێری کۆمیتەی تەواوی پارێزگاکانی عێراق بەدەست حزبی بەعس بوون، بەڵام دڵنیانیم هی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)، هەر بەدەست بەعس بوو، یان شیوعی، کە (95%)دا لەو باوەڕەدام بەعسی بووبن.

- دوو جاش وەزیریان هەبوو لە بەغدا، کە جێبەجێکەری سیاسەتی بەعس بوون.

---

[104]- إعداد سعاد خيري، صدى السنين في كتابات شيوعي عراقي مخضرم، ص(68).

[105]- شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، ص(365).

- حزبی شیوعی عێراق، بیست سریەی جاشی بۆ کرایەوە، کە شانبەشانی حکومەت و سوپای بەعس بەشداری شەڕی کوردو شۆڕشی کوردستانی ماوەی (1974/3/26-1975/3/20)دا بوون، عەزیز محەمەد خۆیشی باسی ئەوەی کردووە کە بە گوێرەی ڕێککەوتنی نێوان بەعس و شیوعی، شیوعییەکان دەبوایە چەک بۆ حکومەتی بەعس هەڵگرن و بەشداری شەڕی دژ بە کورد بکەن و پشتیوانی لە حکومەتی بەعس بکەن. جاشەکانی شیوعی ژمارەیان دوو هەزار دەبوو، شەڕی زۆریان بۆ ڕژێم کردو کوژراوەکانیان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن.

- حشع سێزدە ئەندامی لە ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان-ی هەبوو، بۆ خزمەتی کورد هیچ دەسەڵاتیان نەبوو، ڕۆژێکیش ڕووبەڕووی سیاسەتی تەعریب، تەرحیل و تەبعیس نەوەستانەوە، بەڵام پشتیوانی تەواوی بڕیارو یاساکانی ڕژێمیان دەکرد کە لەدژی کوردو کوردستان دەردەکران.

- سێ ئەمین عامی شیوعی هەبوون، کە بەپێی ڕێککەوتنی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی تەنیا سیاسەتی بەعسیان لە کوردستان پیادە دەکرد.

هەموو بڕیارێکی حکومەتی عێراق و حزبی بەعس دەبوایە بچێتە کۆمیتەی باڵای بەرەی بەعس و شیوعی، هەروەها بچێتە ئەنجومەنە کارتۆنییەکەی یاسادانان و لەوێش بڕیاریان لەسەر بدرێت، ئینجا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و ئەنجومەنی کارتۆنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پیادەی بکەن. ئەگەر هەڵبژاردن بۆ دانانی ئەندامەکان بکرابایە، حزبی شیوعی ئەوپەڕی لەنێوان (0-2) ئەندامی دەهێنا، چونکە نزیکەی هەموو کورد لە حزبی شیوعی عێراق توڕە و دڵشکاو بوون بەهۆی خۆفرۆشتن و شەڕکردنیان بۆ بەعس لەدژی کورد. حزبی شیوعی عێراق، هەروەکو شەوکەت خەزنەدار ئاشکرای کردووە، لە عێراق و کوردستان (41856) ئەندام و لایەنگری هەبووە، کە ڕێژەی کورد تیایدا (55%) بووە، کە دەکاتە (26160) ئەندام. بەدڵنیاییەوە دەڵێم: ئەگەر بێت و دانانی ئەندامی کارتۆنی یاسادانانی کوردستان بە هەڵبژاردن بوایە، حزبی شیوعی عێراق بەگوێرەی قەبارەیان و توڕەیی گەلی کوردستان، لەوانەیە لەنێوان (0-2) ئەندامی زیاتر دەبوو، هیچ ئەمیندارێکی گشتیشیان بەدەست نەدەهێنا، بۆیە سەرانی شیوعی بە دڵخۆشییەوە بە دامەزراندنی سێزدە ئەندامی یاسادانان و سێ ئەمینداری گشتیی لەبری

هەڵبژاردن قایل بوون. بەهۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوە، هەرگیز حزبی شیوعی عێراق لە هەڵبژاردنی ئازاد لە (0-2) ئەندام زیاتریان نەدەهێنا:

1. لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان لە ڕۆژی (1980/9/9)، تەواوی کوردستان یەک بازنەی هەڵبژاردن نەبوو تا هیچ دەنگێکی شیوعی نەفەوتێت، چونکە کوردستان دابەشی سەر سێ بازنەی هەڵبژاردن (هەولێر، دهۆک و سلێمانی) کرابوو، بەمشێوەیە دەنگی زۆری شیوعی دەفەوتا.

2. هەر پارێزگایەک بریتی بوو لە یەک بازنەی هەڵبژاردن و بازنەی هەڵبژاردنی هەر پارێزگایەک (هەولێر، سلێمانی و دهۆک، کە قەزاکانی ئاکرێ و ئامێدی ئەوکاتە سەر بە موسڵ بوون)، دابەشی چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردن کرابوون: (هەولێر 5، سلێمانی 5 و دهۆک 2)، واتە کرابوون بە (12) ناوچە، بەمەش دەنگێکی زۆری حزبی شیوعی دەفەوتا.

3. هەر سێ پارێزگای کەرکوک، موسڵ و دیالە کە لە ڕاستی دا خاکی کورد و بەشێکن لە باشووری کوردستان، ڕژێمی بەعس بە تەواوی (قەزا، شارەدێ و دێیەکان) لە باشووری کوردستانی دابڕیبوون، بەمەش کوردەکانی ئەو سێ شارە بە شیوعییەکانەوە مافی دەنگدانیان نەبوو، کە بەو هۆیەوە دەنگی شیوعی لە کورتی دەدا.

4. کوردەکانی شارەکانی بەغدا، تکریت، ئەنبار و عیمارە مافی دەنگدانیان نەبوو، ئەمەش کاری دەکردە سەر کەمکردنەوەی ژمارەو ڕێژەی دەنگدەری حزبی شیوعی، کە ئەم چوار خاڵەی سەرەوە بەلای کەمی دەبوونە هۆی دابەزینی دەنگی ئەو (26160) ئەندامەی حزبی شیوعی بۆ کەمتر لە نیوە، بەڵام بە پەرتەوازەیی لە (12) ناوچەی هەڵبژارد. گەر باسی هاوسەر و منداڵانی ئەندامەکان بکرێت، لە وەڵامدا دەڵێم نزیکەی هەموویان ببوونە ئەندامی حزبی شیوعی، چونکە ڕێکخراوە پیشەییەکانی (ژنان، لاوان، خوێندکاران، جوتیاران، کرێکاران و مامۆستایان)، هەموویان بەپێی سازشی حزبی شیوعی بۆ حزبی بەعس و ڕژێمی (بەکر - سەدام)، هەڵوەشابوونەوە.

5. سەرای هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە، گەر هەڵبژاردن بکرابایە، حکومەتی بەعس لە ڕێی ساختەکردنەوە هەوڵی دەدا دەنگەکانی حزبی شیوعی کەم بکاتەوە و ئەندام و لایەنگرانی خۆی سەربخات، هەروەکو لە تەواوی بەناو هەڵبژاردنەکان پیادەی دەکرد.

ئەمەش ناوی سێزدە شیوعییە ئەندامە کارتۆنییەکەی ئەنجومەنی یاسادانانی بەعسە لەکۆی شەست ئەندام، کە بەپێی بڕیاری ژمارە (814)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (1974/7/30)، دامەزران، دواتریش بەپێی بڕیاری ژمارە (1044)ی ڕۆژی (1974/9/24)، دوازدە ئەندامی دیکەی دامەزراند، ژمارەیان بوو بە (72) ئەندام و دواتر هەموویان لە ڕۆژی (1974/10/5)، وەکو ئەندام سەپێندران:

1. ئەحمەد مستەفا محەمەد مستەفا ئاغا حەوێزی ناسراو بە ئەحمەد دڵزار (1920/1/8 –2021/4/10).

2. ئیبراهیم سۆفی مەحمود حەمەدئەمین (ئەبو تارا).

3. دکتۆر تایەر ئەحمەد بابان (ناوی باپیری هەرکەسێ دەیزانێت بۆم بنووسێت).

4. تۆما داود ئەلقەس (ئەبو ئازاد).

5. حاجی مەلا حەمە سەعید حەبیب ڕەواندزی.

6. خەیرەدین عەبدولحەمید عەلی زێباری ناسراو بە خەیری قازی یان ئەبو زەکی (1938-1984/5/30).

7. دکتۆرە سامیە شاکر سادق مەولود چاوشلی.

8. عەبدولڕەحمان شەعبان پیرۆ ناسراو بە عەبدولڕەحمان ئاکرەیی.

9. قادر ڕەشید عەبدولڕەحمان ناسراو بە قادر ڕەشید ناسک/ ئەبو شوان.

10. مەحمود عەباس محەمەد ناسراو بە مەحمود حاجی فەقێ خدر.

11. نەجمەدین مامۆ حەمەد سورچی (1927-2015/8/16).

12. یوسف حەنا یوسف شیر ناسراو بە ئەبو حیکمەت (سەرۆکی فراکسیۆنی حزبی شیوعی بوو لەنێو ئەم ئەنجومەنە کارتۆنییەدا).

13. عەلی ئیبراهیم دەروێش فەتاح هەڵەبجەیی.

ئەندامانی کارتۆنی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەعس، لە ڕۆژی (1974/10/5)، بەپێی بڕیاری ژمارە (539)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دامەزران و بەبێ هەڵبژاردن سەپێندران:

1. ئەحمەد حامید قادر ئەحمەد (1931/ سلێمانی/ تانجەرۆ/ قەرەتۆغان- 2024/11/17)، دوای لابردنی عادل سەلیم کرا بە ئەمینداری گشتیی کارگێڕی گواستنەوە و گەیاندن - النقل والمواصلات. عەبدوڵڵا خەلیل ئیبراهیم (1934/ خانەقین)،

جێگری ئەحمەد حامید و بەعسی بووە، هەموو دەسەڵاتەکان بەدەست ئەو جێگرە بەعسییە بووە.

2. شێروان عەلی ئەمین، ئەمینداری گشتیی کارگێڕی کار و نیشتەجێکردن.

3. عادل سەلیم مستەفا (ئەمینداری گشتیی کارگێڕی گواستنەوە و گەیاندن)، کە هەمان کات ئەندامی کۆمیتەی بەرەی پارێزگای هەولێر بوو، دواتر لە ساڵی (1977)دا دوای تەواوبوونی خولی یەکەم لادراو ئەحمەد حامد قادری شیوعی هاتە شوێنەکەی. عەبدوڵڵا خەلیل ئیبراهیم جێگری ئەمینداری گشتیی (بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (555)ی ڕۆژی (1975/5/26)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دامەزرا)، بەعسی بووە و هەردەم لەبەردەم کارەکانی عادل سەلیم و دواتر ئەحمەد حامید ڕێگر بووە، کە ئەوەی یەکەمیان لە ڕۆژی (1978/9/12)، بە نەخۆشی دڵ لەکاتی گەڕانەوەی لە کەرکوک بۆ هەولێر مرد.

ئەو سازشکاری و جاشێتییەی حزبی شیوعی عێراق بۆ ڕژێمی بەعسی کردووە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەیکردووە.

یەکێتی، وەکو شیوعی سێ جاش وەزیری نەبووە.

یەکێتی، وەکو شیوعی سێزدە جاش تەشریعی نەبووە.

یەکێتی، وەکو شیوعی سێ جاش تەنفیزی نەبووە.

ڕژێمی بەعس، لە ماوەی ساڵانی (1968-1978)، (265) شیوعی کوشت، لە نێویاندا پێنج ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەر لە بەستنی بەرە (174) و دوای بەستی بەرە-ش تا ڕۆژی (1978/12/31)، (91) ئەندامی لێ کوشتن، جگە لەوەی (39)شی لە سێدارەدان کە سەربازو پۆلیس بوون، تێکڕا دەکاتە (174+91+39)= (304)، بەڵام با تەنیا ئەوانەی ماوەی بەرەی جاشێتی حزبی شیوعی وەرگرین (91+39)= (130)، بەبێ ئەوەی سەرکردایەتی و شیوعییە ترسنۆکەکان کە تەنیا بۆ کورد ئازان و دەست بۆ چەک دەبەن، یەک بەعسی لەبری ئەو (130) شیوعییە بکوژن، چونکە جاش بوون و جاش ناتوانێ چەک لەڕووی ئاغاکەیدا بەکاربێنێ، بەعس ئەو شیوعیانەی تەنیا لەماوەی بەرەی سازشکاری و خۆفرۆشی لەپەنا هاوپەیمانیدا لێی کوشتن، زۆربەی ئەو (39) شیوعییەی بڕیاری لەسێدارەدانیان دەرچووە لەکاتێک بووە کە حزبی شیوعی عێراق شەڕی شۆڕشی کوردستانی بۆ ڕژێمی بەعس دەکرد، واتە لە

ساڵەکانی (1974-1975)دا، کە زۆربەیان ماوەی سێ تا پێنج ساڵ لە ژووری سێدارە مانەوە ئینجا لە ئایاری ساڵی (1978)دا لەسێدارە دران، لەم ماوەیەشدا عەزیز محەمەد، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و وەزیرە شیوعییەکان بە سەدان جار ئەحمەد حەسەن بەکرد و سەدام حوسێن-یان دیوە کەچی لە غەمی ئەواندا نەبوون، لە بەرانبەریشدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدوای نزیکەی دوو مانگی گفتوگۆی خۆی لەگەڵ ڕژێم زیاتر لە (60) ئەندام و پێشمەرگەی خۆی لە ژووری سێدارە وەرگرتەوە و زۆربەیان لە ڕۆژی (1984/1/22)دا ئازادکران، ئەوە جگە لەوانەی کە سزای جۆراوجۆریان هەبوو کە ئەوانیش ئازادکران، بەڵگەنامەیەک لەخوارەوە دادەنێم کە (43) پێشمەرگە و ئەندامی یەکێتی لە ژووری سێدارەو زیندانی ئەبوغرێب ئازادکراون کە سزای سێدارەو جیاجیایان هەبووە، بەڵام بەداخەوە لیستەکانی دیکەم دەستنەکەوت. ناوەکانی ئەو (130) شیوعییەم لای خۆم تۆمارکردووە. بەڵام لە بەرانبەردا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەکاتی گفتوگۆدا لەگەڵ ڕژێم لەنێوان (1983/12/3-1985/1/15)دا هەر کادیرێک، پێشمەرگەیەک یان فەرماندەیەکی کوژرابێت لە تۆڵەدا پەلاماری جاش، سوپاو میلیشیای بەعسی داوە، بۆ نموونە لە تۆڵەی گوللەبارانکردنی شازدە ڕاکردووی سەربازی لە ڕۆژی (1984/3/7)دا لە شارەدێی تانجەڕۆ و کوشتنی سێ خۆپیشاندەری خوێندکاری سلێمانی لە ڕۆژی (1984/5/12)دا، هێزی پێشمەرگەی یەکێتی چوونە سەر شوعبەی عوسمان فائق و بیست ڕەفیق حزبی و جەیشی شەعبیان کوشت، تەنانەت چەند دانەیەکیان لەسەر باڵاخانەکەدا فڕێدا خوارەوە، ئەو ڕۆژە مام جەلال لە بەغدا بوو، سەدام داوای لێکردبوو کە قسە لەگەڵ هێزەکانی خۆیان بکات و ئەویش قسەی لەگەڵ فەرماندەی فەیلەق و بەرپرسانی حزبی و ئەمنی سلێمانی کردووە، کە وانەکەن گفتوگۆ تێکبدەن!

سەدام حوسێن، بە واژۆی خۆی بە سێ جارو لە ماوەی یازدە ڕۆژدا، (39) شیوعی لە ساڵی (1978)دا لەسێدارە دا، خۆ ئەگەر یەک یەک و دوو دوو بە ماوەی درێژ لە یەکتر هەمووانی لەسێدارە بدابایە، ئەوکاتە بنکە و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق فشاریان نەدەخستە سەر کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی و ناچاریان بکەن یاداشتێکی ناڕەزایی بدەنە حکومەتی بەعس، کە بەعس لەسەر ئەو یاداشتە حزبی شیوعی لە بەرەی نێوانیان دەرکرد، ئەگینا بەدڵنیایی لە بەرەی ڕژێم و بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەدام دەمانەوە تا ڕۆژی ڕۆخانی ڕژێم لە (2003/4/9)دا، هەروەکو حزبی شیوعی

سوریا تا ڕوخانی ڕژێمی بەعسی سوری لە ڕۆژی (2024/12/8)دا ماناوە. پێموایە بەرەو شەڕەکانی حزبی شیوعی عێراق هەمووی وەکو ئەو بەزمەی دوو کەسن کە هاوڕێیەکی دادوەرم بۆی گێڕامەوە، کە بەزمەکە لە هەولێر ڕووی دابوو. دادوەرەکە گوتی بانگم کردن و سەرەتا پرسیارم لەوەیان کرد کە پێی کەوتبوو: (بۆم بگێڕەوە چۆن شەڕتان کرد و لەسەر چی بوو)؟ کابرای تێهەڵدراو: سەرەتا هات، تفێکی لەنێو دەموچاوم کرد، هەر وەڵامم نەدایەوە. زللەیەکی لێدام هەر بەسەر خۆمم نەهێنا. دامیە بەر بۆکسان هەتا شلوکوتی کردم، هەروەکو ئەوەی مێش میوانم نەبێ. ئەوجارە گرتمی نازانم چۆن توانی هەڵمگرێت و پێنج شەش جار لەسەر یەک بەتوندی سمتمی بە شۆستەی شەقامەکە دادا، خەریک بوو گیانم دەرچێ، باش بوو خەڵک گەیشتنێ و خوا خێریان بنووسێ ئەگینا یەکترمان دەکوشت. یەکێک بۆ شایەدی دان هاتبوو کە تێهەڵدانی ئەو کابرایەی بینیبوو، شایەدەکە خەڵکی سلێمانی و پیرە پیاوێک بوو، پیرەپیاو لە گێڕانەوەی ئەو تێهەڵدراوە زۆر تورە بوو، خۆی پێڕانەگیراو گوتی: (ئەو هەتیو باوکە تێیهەڵدراوە کەچی دەڵێ شەڕمان کردووە، بۆیە ئامادەنیم شایەدی بۆ بدەم)، حزبی شیوعی لە هەموو بەرەیەک وەکو کابرای سەرەوە دۆڕاوەو تێیهەڵدراوە، بەڵام هەر ئەزموونی لە دۆڕان و تێهەڵدانەکان وەرنەگرتووە.

- حزبی شیوعی عێراق، لە ماوەی شەڕی یەک ساڵەی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی دیکتاتۆری بەعسی عەرەبی و ڕژێمی فاشی بەکر - سەدام، هەروەها دوای چەکدارکردنیان لەلایەن بەعسەوە لە ئۆکتۆبەری ساڵی (1973)، (120) جاشی شیوعی لەپێناوی بەرگری کردن لە ڕژێمی عروبەی بەعس و سەدام بەکوشت داوەو ئەوەی بۆم ئاشکرا بوویێت (35) پێشمەرگەی کوردیش لە شەڕی داسەپاوی ڕژێمی بەعس بەدەستی شیوعییەکان کوژران، کەواتە (35+83=118) کورد لەنێوان ماوەی (1975/3/20-1974/3/26)دا بەدەستی شیوعی کوژران!

- نائیب عەبدوڵلا، دەڵێ، عەزیز محەمەد لەدوای هەرەسهێنانی بەرەی بەعس و شیوعی گوتی: (ئێمە لە ناوەکەی بەولاوە هیچی ترمان نەهێشتۆتەوە، هەموویمان بە بەعس بەخشی؛[106])، واتە ئەوان بەدەستی خۆیان (خۆیان کردووە بە تەیرە مەعقولەکە).

[106]- نائیب عەبدوڵلا، بیرەوەری 29 ساڵی تری تێکۆشان چەمکێک لە مێژووی حیزب، ل(97).

- بەگوێرەی ناوەڕۆکی بەندێکی پێکهێنانی بەرەی نێوان بەعس و شیوعی، حشع تەواوی ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەییەکانی خۆی (خوێندکاران، لاوان، ژنان، کرێکاران، جوتیاران و مامۆستایانی)، هەڵوەشاندنەوە.

- حزبی شیوعی عێراق، لە ماوەی هەشت نۆ ساڵەی پێوەندی گەرمی خۆی لەنێوان سالآنی (1970-1978)، لەگەڵ بەعس، چەند جارێک داوای یەکگرتنی لەگەڵ ئەو حزبە فاشی و ڕەگەزپەرستە کردووە، کە ئەمەش نیشانەی مایەپووچی هزری حزبی شیوعی عێراق، زاڵبوونی باڵی ڕاستڕەوی نەتەوەپەرستی عەرەبی دەردەخات، کە ئەوان لە بنچینەدا حزبێکی شیوعی مارکسی و کۆمۆنیستی نەبووینە، بەڵکو نەتەوەپەرستی عەرەبی بووینە، ئەگینا پێشنیاریان نەدەکرد لەگەڵ ئەو حزبە عەرەبییە یەکبگرن چونکە بەهیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی چینی کرێکار، جوتیار، ڕەنجدەران و توێژی ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی نەدەکرد، بەڵکو نوێنەرایەتی شۆڤینی عەرەب و پانعەرەبێتی دەکرد، کە شەوکەت خەزنەدار، بەهائەدین نوری و سوعاد خەیری هاوسەری زەکی خەیری لە پەرتووکەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بەو ڕاستییەی سەرەوە داوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاگربەست و گفتوگۆی لەگەڵ ڕژێم هەبووە وەکو ئاگربەست و گفتوگۆی ئێستای ئەمریکا و ئێران، بەڵام حزبی شیوعی عێراق بەرەی حەوت ساڵەی لەگەڵ ڕژێم هەبووە، سازشی کردووە، هاوکاری بەعسی کردووە، چەکی ناپاکی ڕژێمی کردۆتە شان، کوردی بۆ ڕژێم کوشتووە، پشتیوانی تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش-ی کردووە سەبارەت بە یاسای ئۆتۆنۆمی کارتۆنی، دوو سێ جاش وەزیری هەبووە، سێزدە جاش تەشریعی، سێ جاش تەنفیزی هەبووە، لە بەرانبەردا یەکێتی هیچ لەمانەی نەبووەو نەکردووە، تەنیا بۆ ماوەیەک گفتوگۆی هەبووە، ئەویش نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک و شەڕ دەستی پێکردەوە، بۆیە بەدڵنیایی حزبی شیوعی عێراق جاشی ڕژێم بوون! زۆرێک لە دەستەی بیکەیسی و لەشکری ناڕاستگۆیانی حزبی شیوعی عێراق، تا ئێستاکە جیاوازی نێوان بەرەو گفتوگۆ نازانن، بە سەدانیان لە کۆمێنتی پۆستی یەکێک لە لەشکری ناڕاستگۆیان دەنووسن: (بەڵێ ئەوکاتە یەکێتی بەرە (جەبهە)ی هەبوو لەگەڵ ڕژێمی بەعس، لەسەر داوای ڕژێم پەلاماری پشتئاشان-ی دا)، لەکاتێکدا کە گفتوگۆی نێوانیان لە ڕۆژی (1983/12/3)دا دەستی پێکردو یەک ڕۆژ پێشتر ئاگربەست ڕاگەیەندرا. گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێم، شەش مانگ دوای پشتئاشان دەستی پێکرد

دوای ئەوەی ڕژێم لە پارتی و بنەماڵەی بارزانی بێئومێد بوون کە فێڵیان لە بەعس کرد، کرمانج عزەت سلێمان بەگ، بەوردی باسی ئەو گفتوگۆیەی پارتی و ڕژێم دەکات([107]). پارتی دوو ملیۆن دیناری ئەوکات کە دەیکردە شەش ملیۆن و نیو دۆلاری لە ڕژێم وەرگرتبوو، کەچی لەگەڵ سوپای پاسدار و ئەرتەشی ئێران لە نێوان (1983/8/10-7/31)دا پەلاماری چۆمان و حاجی ئۆمەران یان داو داگیریان کرد، ڕژێم لە بەرانبەردا وەکو کارێکی شۆڤینیستانە پەلاماری بارزانییەکانی (بەغدا، هەولێر، باتاس، بەحرکە، دیانا، حەریرو قوشتەپە)ی داو هەشت هەزاری لێ گرتن کە تەنانەت هەندێکیان پیاوی ڕژێم و کاربەدەستی بەعس بوون و هەمووی کۆمەڵکوژ کردن. سەدامی دیکتاتۆر، دوای ماوەیەک لە وتارێکدا لە تەلەفزیۆن گوتی: (أبناء مصطفى البرزاني خانوا مرتين، خانوا الوطن وخانوا العهد. وتواطأ معهم بعض من سمو بالبرزانيين وقد نالوا عقابهم الصارم وذهبوا إلى الجحيم/ کوڕەکانی مستەفا بارزانی دوو جار ناپاکییان کرد، ناپاکییان لە نیشتمان و بەڵێنەکەیان کرد. هەندێک لەوانەی کە بە بارزانی ناودەبرێن هاوبەش و تێکەڵاو بەو پیلانەی ئەوان بوون، ئەوان سزای توندی خۆیان وەرگرت و ڕەوانەی دۆزەخ کران). سەدام، مەبەستی لە ناپاکی کردن لە بەڵێن (وخانوا العهد)، پاشگەزبوونەوەی بنەماڵەی بارزانی بوو لە ڕێککەوتنی ساڵی (1983)یان، بەڵام کۆمەڵکوژی بارزانییەکان تۆڵەیەکی شۆڤینیستانەی ڕژێمی سەدام بوو، چونکە بارزانییەکان هیچ پێوەندییان بە مەسعود بارزانی و پارتییەوە نەبوو، چونکە زۆربەی هەشت هەزار بارزانییە کۆمەڵکوژ کراوەکە خورشیدی و دوژمنی بنەماڵەی بارزانی بوون. ئەرێ خێرە حزبی شیوعی عێراق، حزبی شیوعی کوردستان و لەشکری ناڕاسگۆکەی گفتوگۆی نێوان بنەماڵەی بارزانی و ڕژێم، کە بەر لە یەکێتی لە ناوەڕاستی ساڵی (1982)دا دەستی پێکردووەو لە مانگی تەموزی ساڵی دواتردا پێکهاتوون، کەچی پارتی پەشیمان بۆتەوە، بە جاشێتی ڕژێم هەژمار ناکەن، لە بەرانبەریشدا بەناڕەوا گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێم بە جاشێتی ناو دەبەن؟

لیوا ڕوکن مەحمود شوکر سەعید شاهین (1941-2018)، لە ڕۆژی (1983/8/30)دا کرایە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی و تا ڕۆژی (1986/4/2)، لە پۆستەکەی مایەوە، ناوبراو سەبارەت بە گفتوگۆی یەکێتیی

---

[107]- کرمانج عزەت سلێمان بەگ، شانێک بەبن باری نیشتمانەوە ژینواری عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانیێ، ل(297-314).

نیشتمانیی کوردستان و ڕژێم، نووسیویەتی: (لێرە خاڵێکی گرنگ هەیە کە گەورەی خێڵی سۆفیەکان عومەر ڕەشید لۆلانی پێشنیاری کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کرد، سەبارەت بە بابەتی کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کە ئەو بابەتەم بە ناردنی نووسراوێکی نهێنی و کەسێتی نارد بۆ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، کە تیایدا پێشنیازی ئەوەم کردبوو دەرگای گفتوگۆ بکاتەوە چونکە دەمزانی کە جەلال تاڵەبانی لە داهاتوودا هاوکاری لەگەڵ ئێران دەکات، کە بێلایەن کردنی جەلال تاڵەبانی کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر (المجهود الحربي) کۆششی جەنگەکە (مەبەست جەنگی عێراق - ئێرانە؛[108]). کەواتە دەست پێ کردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی دوای شکستی گفتوگۆی نێوان حکومەت و پارتی کە بە کۆمەڵکوژکردنی بارزانییەکان کۆتایی هات، بەهۆی لیوا ڕوکن مەحمود شوکر و نیوەندگیری عەبدولڕەحمان قاسملو سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکردۆتەوە.

[108]- اللواء الركن محمود شكر شاهين، أوراق جندي عراقي من قيادة الميدان الى قيادة الإستخبارات في الحرب 1980-1988، ص(247).

## وەڵامێک بۆ لەشکری بێئاگاو ناڕاستگۆیە کۆمێنتچییە شیوعییەکان:

ژمارەیەک لە شیوعییەکان لە وەڵامی ئەو نووسینانەم کە بە بەڵگە دەربارەی شەڕە ناوخۆکانی ساڵی (1983) نووسیومە، هاتوون تۆمەتبارم دەکەن بە ساختەکردنی بەڵگەنامەکان، دەستکاری کردنی ئەو وێنانەی خۆیان لە فەیسبووک دایان ناوە، یان بە چەواشەکاری مێژوو ناوم دەبەن. دەزانم زۆر زەحمەتە بۆ کەسانێک کە بەدرێژایی تەمەنی حزبەکەیان لەسەر ناڕاستگۆیی، تۆمەت بەخشینەوەو ئاژاوەگێڕی پەروەردە کرابن، ئەو مێژووە پڕ لە چەواشەکاری، ناڕاستی، چیرۆک هۆنینەوە و تۆمەتبەخشەی خۆیان کە (43) ساڵە دەقیان پێوە گرتووە، بەئاسانی ڕاستییەکانی شەڕە ناوخۆکان و شەڕی پشتئاشان پەسند بکەن، چونکە فرچکیان بە ناڕاستگۆیی و تۆمەتبەخشین گرتووە.

حزبی شیوعی عێراق، کە لە ڕۆژنامە، گۆڤار و ئەو پەرتووکانەی خۆی چاپیان دەکات پەنا بباتە بەر ناڕاستگۆیی و سیناریۆ دروستکردن، جا چ ناڕاستی و سیناریۆیەک، کاتێک ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حزبەکەت بە ئاشکرا لەلایەن بەعس تیرۆر بکرێت، کەچی ڕۆژنامەیەکی شیوعی، هەواڵی تیرۆرکردنەکەی شەرمنانەو سەرکزانە بە هەواڵی کۆچی دوایی کردن بڵاوبکاتەوە! شاکر مەحمود ڕەشید بەسراوی (شاکر محمود رشید/ 1939/ البصرة)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (1972/11/12)دا لە بەغدا لە بەردەم نەخۆشخانەی الیرموک لەلایەن دەزگای ئەمنی بەعس تیرۆر کرا، کەچی هەفتەنامەی (بیری نوێ)ی حزبی شیوعی عێراق لە ژمارەی ڕۆژی (1972/11/15)دا بە دوو ناونیشانی چەواشکارانەی پڕ لە ناڕاستگۆیی هەواڵی تیرۆرکردنەکەی بەمشێوەیە ڕاگەیاندووە، (کۆچی دوایی هاوڕێ شاکر مەحمود) و (کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق ئەندامێکی کۆچ کردووی بەڕێ دەکات)، ناڕاستگۆیی و مامەحەمەیی کردن لەپێناو بەرژەوەندی بازرگانی و سەربازی ڕوس بەپلە یەک و پەیوەندی دیبلۆماسی بەپلە دوو، وایکردووە حزبی شیوعی هەم ناڕاستگۆ بێت و هەم زەلیلانەش ماستاو بکات بۆئەوەی بەعس بەرەی هاوبەشی لەگەڵ مۆرکات، کەچی هەر حزبی شیوعی عێراق دواتر لە

پەرتووکی (شهداء الحزب شهداء الوطن 1964-1978)دا کە وێنەکەی دادەنێم نووسیویانە تیرۆرکراوە ([109]).

حزبی شیوعی عێراق، کە حزبێکی هەڵپەرست، تەحریفی، نەتەوەپەرستی عروبی، ئاژاوەگێڕو چەواشەکار بووە، کوردەکانیش پاشکۆو کۆیلەی ئەو عەرەبە شۆڤینیست و عروبییانە بوون، هەتا کۆتایی ئەنفالەکان و سەرەتای ڕاپەڕین بە دەگمەن شیوعییەکی کوردت دەبینی کە باوەڕی بە دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەبێت، ئەگینا زۆربەیان دژ دەوەستانەوە وەکو شیوعییە عەرەبەکان، وەلێ دوای دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان بیروبۆچوونیان لە عێراقی گۆڕا بۆ کوردستانی بوون، وەلێ بەشێکی زۆریان کە ڕەخنە لە ڕابردووی حزبی شیوعی عێراق دەگریت بۆت دەبنەوە بە شیوعییەکەی سالآنی پەنجاکان تا هەشتاکان. هەروەها کە باسی ناڕاستگۆیی، تاوان، ئاژاوەگێڕی و هەڵەی ئەو حزبە دەکەیت، تەنانەت شیوعییەکانی نێو پارتی و یەکێتی، ئۆتۆماتیکی لێت دەبنەوە بە شیوعییە مێشک ژەنگگرتووەکانی دوای ناوەڕاستەکانی سەدەی ڕابردوو.

حزبی شیوعی عێراق، بۆ ئاسوودەکردنی ئیمپریالیزمی ڕوسیا، چاوی لە تیرۆرکردنی دەیان ئەندامی شیوعی داخست و گوێکانی کەڕکرد، کە ڕوسیا دەمێک بوو خەریکی بەستنی پەیماننامەیەک بوو لەگەڵ بەعس و حزبی شیوعی عێراقی هاندەداو فشاری دەخستە سەریان بۆ ئەوەی لەگەڵ بەعس بچنە نێو بەرەو حکومەت. پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەت (معاهدة الصداقة والتعاون بين العراق والإتحاد السوفيتي) لە ڕۆژی (1972/4/9)دا ڕاگەیەنرا، حزبی شیوعی عێراقی لە ڕۆژی (1972/4/12)دا بڕیاری یەکلاکەرەی بە بەیاننامەیەک ڕاگەیاند کە دەیەوێت بچێتە نێو بەرەو حکومەت لەگەڵ بەعس، سەبارەت بە بەشداری کردنی خۆی لە بەرەی نێوان خۆیی و بەعس، ڕژێم سەرەتا لە ڕێکەوتی (1972/5/14)دا دوو جاشوەزیری بۆ دامەزراندن، کە موکەڕەم جەمال تاڵەبانی و عامر عەبدوڵلا بوون. دوای هێنانن و بردنێکی زۆر، دوای سازشی زۆری حزبی شیوعی بۆ بەعس، ئینجا لە ڕۆژی (1973/7/17)دا بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز (الجبهة الوطنية والقومية

---

[109]- لجنة مطبوع شهداء الحزب الشيوعي العراقي، شهداء الحزب .. شهداء الوطن، 1964-1978، الجزء الثاني، ص(223).

التقدمیة) دامەزرا، هەروەکو پێشتریش لە سەرەوەدا ئاماژەم پێی داوە عەزیز محەمەد لەدوای دەرکردنیان لە بەرە گوتبووی: (ئێمە لە ناوەکەی بەولاوە هیچی ترمان نەهێشتۆتەوە، هەموویمان بە بەعس بەخشی؛[110]). ئێوەی شیوعی کە هەموو شتێکتان بە بەعس بەخشتبێ، بۆ دەمتان ئەوەندە گەرم و دەستتان درێژ کردبوو لە بەرانبەر یەکێتی، کەچی لە بەرانبەر بەعس دەمتان داخراو و دەستتان کورت؟

شەوکەت خەزنەدار، باسی تیرۆرکردنی دوو ئەندامی حزبی شیوعی عێراق دەکات، کە هۆکاری تیرۆرکردنەکەیان بۆ عەزیز محەمەد دەگەڕێنێتەوە. شەوکەت خەزنەدار، باسی سەردانێکی عەبدولخالق ئیبراهیم خەلیل ئەلسامەڕائی (1935-1979/8/8)، ئەمینداری گشتیی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دەکات لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (1969)دا بۆ لای عەزیز محەمەد و لەسەر زاری سەدام حوسێن پرسیار لە عەزیز محەمەد دەکات کە ئەوان وەکو حزبی شیوعی ڕاستگۆ نین لە هاوکاری و هاوبەشی لە حکومەت لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی! عەزیز محەمەد لە وەڵامدا باسی ئەوە دەکات کە پێویستیان بە کاتی زۆرتر هەیە، چونکە بەرهەڵستی توند و کەسانی گەمژەی تەواویان هەیە لەنێو سەرکردە دیارەکانی حزبی شیوعی، لەنێویاندا ستار خزەیر و شاکر مەحمود. دوای گەیشتنی ناوەکان بە سەدام حوسێن چاودێری کران و لەنێوبردران، کە ئەمانەن: ستار خزەیر سەگەر حەیدەر ناسراو بە مقدام (1930/ عیمارە)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی هێڵی سەربازی، لە ڕۆژی (1969/6/16)دا تیرۆر کراو شاکر مەحمود ڕەشید بەسراوی کە لە سەرەوە ئاماژەم بە ڕۆژ و شوێنی تیرۆرکردنەکەی داوە([111]).

لەمەودوا نامەوێ وەڵامی کەسانی مێشک ژەنگگرتوو بدەمەوە و کاتی خۆم بەو جۆرە کەسانە بکوژم، ئەوەی نووسینەکانی منی بەدڵ نییە، با بۆخۆی لە هاوڕێیەتیم بڕوات، ئەگینا هەر کەسێک کۆمێنتێکی ناشرین بنووسێت و بەڵگەکان بە بەڵگەی ساختە ناوببات، تەنیا نیشانەی پێکەنینی لەبری لایک بۆ دادەنێم، دواتریش بلۆکی دەکەم، هەر کەسێکیش سنوور ببەزێنێت و دەمدرێژی بکات، وەڵامێکی دەمشکێنانەی دەدەمەوە.

یەکشەممە (2026/05/03)

دانمارک

[110]- نائیب عەبدوڵڵا، بیرەوەری 29 ساڵی تری تێکۆشان چەمکێک لە مێژووی حیزب، ل(97).

[111]- شوکت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشیوعي العراقي رؤیة من الداخل، دار الكنوز الأدبیة، ص(205).

## وەڵامێک بۆ ناڕاستگۆیی و تۆمەتەکانی پۆڵا عەولا و نەهرۆ عالّلایی:

دوای ئەوەی چەند بابەتێکم دەربارەی شەڕە ناوخۆکانی ساڵی (1983)ی کوردستان بە بەڵگەوە بڵاوکردەوە، یەکێک لەوانەی کۆمێنتی ناشرینی نووسیبوو زیاد ڕەمەزان مەجید ناسراو بە پۆڵا عەولا (زیاد ڕەمەزان) بوو، دووبارەی دەکەمەوە زۆر زەحمەتە بۆ حزبی شیوعی عێراق و کۆیلە و پاشکۆ کوردەکانیان لە حزبی شیوعی کوردستان کە مێژوویەک بەدرێژایی (43) ساڵ لەسەر ناڕاستگۆیی، تۆمەت، ساختەکاری و چەواشەکاری دروستیان کردووە، وەکو دەڵێن لەولاوە بێم و ئەو مێژووە پڕ لە فیشاڵە لە ڕەگوڕیشە هەڵتەکێنم، باش دەزانم زۆربەی کورد کە دەگاتە سەرخۆی باوەڕی بە بەڵگەنامە نییە، بۆیە زۆرێک لە شیوعییەکان باوەڕیان بە بەڵگەو سەلماندن نییە. کێشەی شیوعییەکان ئەوەیە هەروەک دکتۆر ڕەفیق سابیر نووسیویەتی، شیوعی کورد بەدرێژایی تەمەنی حزبی شیوعی عێراق پاشکۆو داردەستی شیوعی عەرەب بووینە کە هەردەم ئەو حزبەیان بۆ بەرژەوەندی عروبە و عێراق بەکارهێناوە بە کوردەکانیشەوە. سەرەڕای ئەوەی کە لەدوای ڕاپەڕین کوردە شیوعییەکانی باشووری کوردستان لە حزبی شیوعی عێراق جیابوونەوەو لە ڕۆژی (1993/6/30)دا حزبی شیوعی کوردستان ڕاگەیەیاندرا، بەڵام هەرکاتێ باسی مێژووی ڕابردووی پڕ لە تاوان، سازشکاری، ناپاکی و جاشێتی ئەو حزبە بکرێت، زۆربەی هەرە زۆری دەتوانم بڵێم (95%)ی ئەندامانی حزبی شیوعی کوردستان بگرە بەوانەی کە دەیان ساڵە سەنگەریان بۆ ناو پارتی و یەکێتی گواستۆتەوە، دەچنەوە سەنگەری بەرگری کردن لە مێژووی قێزەون و پڕ لە شەرمەزاری ئەو تەحریفییانە (حزبی شیوعی عێراق)، چونکە لە ڕاستیدا حزبی شیوعی کوردستان تەنیا بەناو لە حزبی شیوعی عێراق جیابۆتەوە ئەگینا لقێکی ئەو حزبەن و لەبری لقی هەرێم بوونەتە لقی کوردستان، هەرگیز سەربەخۆ نین و خۆیان خۆیان بەدیلی و پاشکۆ هێشتۆتەوە، ئەوان تا ئێستاکەش بەشێکن لەو حزبە سەرلێشێواوەی (حزبی شیوعی عێراق) و لە پراکتیکدا جیانەبوونەتەوە!

عەولا، سەرەتا دەستی پێکرد بە قسەی ناشرین، منیش وەڵامم دایەوە، بەڵام چونکە پەروەردەی حزبی وماڵەوەی لەسەر ناڕاستگۆیی، تۆمەتبەخشین و شێواندنی ڕاستییەکانە، پۆستێکی کردووەو تەنیا وەڵامەکەی منی داناوە، بەم کارەشی سەلماندییەوە ئەو پەروەردەی

(حزبی شیوعی عێراق)ە کە بە ناڕاستگۆیی، ساختەکاری و ئاژاوەگێڕی پەروەردە کراوە، هەروەکو حزبەکەی کە لە شەڕە ناوخۆکان یەکسەر دێنە سەر پشتئاشان و باسی کوشتنی شەماڵ، سەرباز، سەعدی و کامەران ناکەن لە ڕۆژی (1983.4.15)دا، باسی پەلاماردانی بالیسان و کوشتنی هەشت پێشمەرگە و بریندارکردنی دوازدەی دیکە ناکەن لە ڕۆژی (1983/4/27)دا، باسی بۆسەی ڕمکان و کوشتینی وریای مام قادر ڕانیەیی و برینداری غەریب عەسکەری فەرماندەی تیپی بتوێن ناکەن لە ڕۆژی (1983/4/30)دا، کە سێ تاوانیان لەدژی یەکێتی کردووە بەر لە (1983/5/1)ی هەڵمەتی یەکێتی بۆ پشتئاشان! شیوعییەکان گەر پێیان بکرێت مانگی نیسان دەهێننە شوێنی ئایار و ئایار دەبەنە شوێنی نیسان تەنیا بۆ داپۆشینی تاوانەکانیان! عەولا-ش یەکسەر هاتۆتە سەر وەڵامەکەی من و قسە ناشرینەکانی خۆی دانەناوە، ئا ئەوەیە شیوعی (تۆمەتبەخش، بێشەرم، ساختەکار و ئاژاوەگێڕ)، هەر کەسێکیش لەو قسانەم تورە دەبێت با لە هاوڕێیەتیم دەرچێت. هەموو ئەوانەی سەر بە لەشکری (ناڕاستگۆیی بیکەیسی)ن کە کۆمێنتیان لەدژی من بۆ پۆستەکەی عەولا نووسیوە، هەژماری ناوبراویان بۆ دەکەم!

یەکێک لەوانەی کۆمێنتی ناڕاستگۆیانە و تۆمەتبەخشی نووسیوە نەهرۆ عاڵلایی-یە، کە نووسیویێتی: (دەرسیم کاتێ گیرابوو لە دائیرەی ئەمنی هەولێر ئیعترافی لەسەر برادەرێکی دیبەگەیی خۆی کردبوو بەگرتنی دابوو، هەقە ئەوەشی بنووسیتەوە). پێم وایە مرۆڤ بمرێت نەوەک پەنا بەرێتە بەر ناڕاستگۆیی و تۆمەت، ئای ڕەوشت و ویژدان چەند باشە بۆ مرۆڤ گەر هەیبێ، بەڵام مرۆڤی ناڕاستگۆ و تۆمەتبەخش کوا ویژدان و ڕەوشتی! ئەوە تۆمەتێکی شیوعییانەیە وەکو ئەو تۆمەتانەی پێشتریان دەربارەی بێلایەنی، نێوەندگیری، ڕیشسپێتی و فریشتەیی خۆیان لە شەڕەکانی ناوخۆو پشتئاشان کردیان. بەر لە نزیکەی (11) ساڵێک لە پەرتووکی (ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندان)، نووسیومە: (دوای ئەوەی دڵنیابووم کە کێ بۆتە هۆکاری بەگرتن دانم و چیتر بەرگەی ئەشکەنجەم نەگرت، گوتم لەکاتی گفتوگۆدا فلانە کەس داوای لێکردووم بۆ ئەوەی بمکات بە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و منیش ڕەتم کردۆتەوە). گوتویانە پەتی درۆ کورتە، بەڵام هی نەهرۆ هەر زۆر کورت بوو! ئەی کە دەزانی دیبەگەییە و بەگرتم داوە بۆ ناوەکەیت نەنووسی، ئەوەشی ڕاست نییە کە دەڵێ (بەگرتنی دابوو)، ئەو نەگیرا چونکە باوەڕپێکراو (موعتەمید)ی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بوو، هەر ئەو کەسە دواتر لە

مانگی نەورۆزی ساڵی (1988)دا پێشمەرگەیەکی شیوعی بەناوی کازم سلێمان مەولود کوشت و تەرمەکەی ڕادەستی ئەمنی مەخمور کرد، ئەی کە تۆمەتی نەهرۆ (بەگرتنم دابێ) چۆن توانی کازم بکوژێت؟ من تا ڕۆژی (1988/9/14) لە زیندان بووم، گەر ئەو قسەیەت ڕاست بوایە ئەویش دەبوایە لە زیندان بێت! شیوعییەکانی دیبەگە ئەو ڕاستی و تاوانە دەزانن، تەنانەت ناوی ئەو کەسەشم لە یاداشتەکانم دا نووسیوەو خەڵک دەزانن کێ منی بەگرتن داوە. نەهرۆ و نەهرۆکانی حزبی شیوعی، ئێوە گەر ڕاستگۆن و بەویژدانن فەرموو لەسەر ئەو شیوعییە بنووسن کە بووە هۆکاری شەهیدکردن و مردنی هەر یەک لە جەلال ئەحمەد کەریم و سەفەر محەمەدئەمین کە ڕۆژانە دەچووە بەرانبەریان تا هەردووکیانی لەژێر ئەشکەنجە بەکوشت دا، لە هەمووی سەیرتر ئەو بەزیوە کۆمێنتی نووسیوە لای عەوڵا!

زۆرم نووسی لەسەر پارتی، یەکێتی و حسک، بەڵام لەشکری هیچیان بەقەد لەشکری شیوعی بێشەرم نەبوون، پەنا ببەنە بەر ناڕاستگۆیی و تۆمەتبەخشین وەکو نەهرۆ و لەشکرەکەیان، وێنەی زۆرێک لە کۆمێنتەکانم بۆ هاتووە، ناسیاو بەر لە نەناسیاو بە قسەی سووک پەلاماری داوم. ئەو سووکایەتییەی ئێستایان دەیسەلمێنێ کە بەردەوام ناڕاستگۆ بووینە و لە شەڕە ناوخۆکاندا هەردەم پەنایان بردۆتە بەر ناڕاستگۆیی، تۆمەت و بێویژدانی. هەر شیوعییەک بەرگەی ئەو قسانەم ناگرێت کە تەنیا مەبەستم لەشکری ناڕاستگۆیانە نەک هەموو شیوعییەکان، بەڵام هەرکەسێ خۆی لەنێو ئەو بێشەرمە تۆمەتبەخشانە دەبینێتەوە با لە هاوڕێیەتیم بڕوات! عەوڵا پۆڵا پێشتر هێرشی بێشەرمانەو بێویژدانانە بکاتە سەرم، وەڵامی دەدەمەوە، لەشکرێک بەهۆی عەشیرەت و حزبایەتی بێت لەبری ئەوەی سەرزەنشتی ئەو بکەن، کەچی بە بێئەدەب و بێڕەوشتم دابنێن، بۆیە هەموو ئەوانەی دوای ئەوەی ئەو پۆستەم دەخوێننەوەو کۆمێنتە بێئەدەبییەکانیان نەسڕنەوە، سەدا سەد لە عەوڵا خراپترن! ئەو کۆمێنتەی عەوڵا کە بۆ منی نووسیوە بەشێکی دەنووسمەوەو ئەوەی دیکەی لە وێنەکدا بخوێننەوە: (سەرکردایەتی حشع هیچ کاتێ نەیگوتووە هێرش بۆ ی ن ک بەرن، دەیگۆ بەرگری لەخۆتان بکەن، بۆ دەمکوتمان دەکەی شەرمێ ناکەی بوویە بەعسی لێمان. بەعسی نەیتوانی دەمکوتمان بکات قۆڵت هەڵماڵیوە، شەرمە ئەو قسە مندارانە دەکەی)، کەسێک ئەو قسانەی سەرەوە بکات لەکاتێکدا بە بەڵگە ئاژاوەگێڕی حزبی شیوعی عێراق-م سەلماندووە بێت و بنووسێت: (سەرکردایەتی حزبی شیوعی هیچ

کاتێ نەیگوتووە هێرش بۆ یەکێتی بەرن، دەیگۆ بەرگری لەخۆتان بکەن)، کە سەدا سەد ڕاست نییە چونکە سەرکردایەتی حزبی شیوعی و ئەحمەد بانیخێڵانی بەپێی بەڵگەکان داوای هەڵمەتی شێرانە لە چەکدارانی خۆیان دەکەن بۆ سەر وەرتێ و سەرکردایەتی یەکێتی، هەروەکو چۆن ڕێگەیان بە بەشداریکردنی مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی عێراق (ئەبو حیکمەت) دا کە هێرش بکەنە سەر بالیسان، ئایە تاوانی کوشتنی شێخ شەماڵ، سەرباز کۆیی، سەعدی کامەران لە باداوان و هێرشی بالیسان و داگیرکردنی مەڵبەندی چوار بەرگری لەخۆکردن بوو؟ ئاخر هەردەم بەمشێوەیە پەنا دەبەنە بەر شێواندنی ڕاستییەکان بۆیە وا بەدناو بووینە و میللەت بڕواتان پێناکات!

عەوڵا پێم دەڵێت: (شەرمێ ناکەی بوویە بەعسی لێمان)، کاتێک ئەو بەو زمانە بۆم بنووسێت بۆ وەڵامی دەمشکێنی نەدەمەوە؟ منیش وەڵامم دایەوە، ئێستاش دووبارە پێی دەڵێمەوە بۆ لێتان دەبم بە بەعسی کە خۆتان بەعسی و بەشێک بوون لە بەعس بۆ ماوەی هەشت ساڵ، خۆت و حزبەکەت لە خەڵک ببوون بە بەعسی و هەرچی کوشتن، شەڕ و کاولکارییە لە ساڵانی (1974-1975)دا بەسەر کوردستان و کوردتان داهێنا. هەر بەگوێرەی یاداشتی سەرکردەو کادیرەکانی خۆتان بۆ نموونە شەوکەت خەزنەدار و زەکی خەیری نووسراوە کە عەزیز محەمەد داوای کردووە لەگەڵ بەعس یەکبگرنەوە، بەڵام سەرکردەکانی بەعس قایل نەبوون، پێشتر هێڵی ئابی (1964)تان زۆر داوای لە عەبدولسەلام عارف کرد تا حزبی شیوعی عێراق خۆی هەڵوەشێنێتەوەو بچنە نێو (ألإتحاد الإشتراكي العربي)ی شۆڤینی، وەلێ داواکەتان شکستی هێنا، بەڵام خۆزگە لەگەڵ یەکێکیان یەکتان بگرتبایە و بۆ کورد باشتر بوو، ئێستاکە بەعسی بوون. عەوڵا دەڵێ: (بەعسی نەیتوانی دەمکوتمان بکات)، ئای لەو بێویژدانییە، حزبی شیوعی عێراق هەشت ساڵێک جاش، کۆیلە، کرێگرتە، نۆکەرو پاشکۆی بەعس بوو (1972-1979)، هەر بۆ نموونە (39) شیوعی لە ساڵی (1978)دا لەسێدارە دا، تەنیا لە ماوەی بەرەی سازشکاری (91) ئەندامی تیرۆرکردن، واتە تێکڕا (130) ئەندامی لێ کوشتن، کەچی دەمتان نەبوو دوو قسە بە بەعس بڵێن، ئەی دەمکوتکردن چۆنە؟ ئەی وێراتان دەمتان لە ئاست بەعس بکەنەوە، یان تەنیا زللەیەک لە ئەمنێک یان بەعسییەک بدەن؟ ئەوە جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر جاشی شیوعی کرانە قوربانی بەعس لە شەڕی کورد لە ساڵانی (1974-1975)دا.

عەولا، لە کۆمێنتێکی دیکە نووسیویەتی: (من کاتێ تاوانەکانی ئەنفالم بۆ چاپ کردی، من هەر ئەوەم پەنات بۆ ئێمە هێنا، هەر ئەو بێ ئەدەب و بێ ڕەوشتە بووین. من هەموو ژیانم دژی بەعس دەجەنگام، تۆش لە ئەوروپای ڕاتدەبوارد. وابزانم تێکچووی، جوێنەکانت لەو لەشکرە بێشوومارەی دەسەلاتی کوردی دەچێ، کەوا بە پارەی نەوت کوێری کردوون). ئەوەش چەند ناڕاستی و تۆمەتێکی دیکەی مام عەولا، (پەرتووکی ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال)، دوای ئەوەی عەلی سیاسی زۆر هەوڵی لەگەڵدام کە پێویستە ئەو پەرتووکە بکەوێتە بازاڕو گوتی: (هاژە سلێمانی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، گفتی داوە لەسەر ئەرکی خۆی چاپی بکات)، لە ساڵی (2011)دا داوایەکەم پەسەندکردو لە ناوەوەی پەرتووکەکەش ئاماژە بەوە دراوە کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەم ساڵەدا لەسەر ئەرکی ئەو کراوە. تەنانەت یەکجار سەبارەت بە چاپکردنی پەرتووکەکەم قسەم لەگەڵ عەولا (زیاد ڕەمەزان)، هاژەو هیچ شیوعییەک نەکردووە. یەک دوو ساڵ دوای چاپکردنی و دابەشکردنی پەرتووکەکەم لەگەڵ عەولا یەکترمان ناسی و لەکاتی تەلەفۆن کردندا عەولا پێیگوتم کە پەرتووکەکەم ئەو سەرپەشتی لەچاپ دانی کردووە، ئەگینا هەر نەشمدەزانی عەولا سەرپەرشتی کردووە، کەچی بێشەرمانە شتەکان دەگۆڕی و پەنا دەباتە بەر ناڕاستگۆیی، خۆ عەلی سیاسی ماوە. هەر عەولا فەیسبووکی منی دابووە کوڕێکی مستەفا گۆجی کۆنە شیوعی و فەرماندەی مەفرەزە خاسەی بەعس بۆ ئەوەی ناوی باوکی لە پەرتووکەکە بسڕمەوە، سەرەتا نەمزانی کوڕی مستەفا گۆجە و لە ماسنجەر قسەی لەگەڵ کردم، خۆی پێناساندم و لە سوریا دەژیا، هەر ئەو گوتی کە فەیسبووکی منی لە عەولا وەرگرتووە. کۆڕەکە کوڕێکی بەڕێز بوو، هیچ قسەیەکی ناشرینی نەکرد، پێم گوت: (ناوی باوکت ناسڕمەوەو دوای تەواوبوونی قسەکردنیش بلۆکت دەکەت)، هەر واشم کردو بلۆکم کرد، هەرچەندە ئەو داوای کرد وەکو برادەری فەیسبووک بمێنینەوە. ئەوکاتەی تۆ چەکدار بووی، من لە زیندان بووم، ئەوکاتەش کە خۆت و حزبەکەت جاشی بەعس بوون، من ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووم. ئەو کلێشە ئامادەکراوە زۆر باوە کە بە بەردەوامی لە بەرانبەر کوردانی هەندەران بەکاردێت (تۆ خەریکی ڕابواردن بوویت لە ئەوروپا)، کاتێک کە ناکۆکییەک دروست دەبێت لەنێوان دوو کەس، ئافەرین (شوعەشایەر) بۆ خۆت و

تۆمەتەكەت! ئەی خۆت بەقەولی خۆت و حزبە تەحریفییە پەرپوتەكەت لە ئەمریكای بەناو سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی گەورە نیت؟ بۆ نەچوویتە ڕوسیای شیوعی هاوكاری بەعس كە لە سەردەمی گۆرباتشۆڤ لەبەرخاتری سەدام شیوعییەكانی دەردەكرد و ئەوانیش دەهاتنە ئەو ئەوروپایەی كە گوایە من تێیدا ڕادەبوێرم.

عەبدوڵڵا پۆلا، لە بەشی یەكەمی (من سهل أربيل الى پشتئاشان)، كە لە ڕۆژی (2013/4/21)دا لە (موقع الناس)دا بڵاوكرایەوە، چەندان تۆمەتی نابەجێی داوەتە پاڵ یەكێتی، لێرەدا ئاماژە بە یەكێكیان دەدەم، كە دەڵێ: (هێزەكانی یەكێتی و سۆسیالیست لە شەڕو پێكدادان بوون لە گەرمیان و دەشتی كۆیە، مەفرەزەیەكی پێشمەرگەی سۆسیالیست لەلایەن یەكێتی لە ناوچەی دوكان گیران كە ژمارەیان (9) پێشمەرگە بوو، ئەمانە لە چالاكییەكی سەربازی گەڕابوونەوە، یەكێتی بەشێوەیەكی نامرۆڤانە ڕادەستی هێزەكانی ڕژێمی فاشی كردن). دەربارەی ئەو نۆ پێشمەرگەیەی كە باسیان دەكات، نە یەكێتی گرتوونی و نە ڕادەستی ڕژێم كراون، بەڵكو لە ڕاستیدا لە ڕۆژی (1980/5/5)دا لە گوندی (دووگۆمان)ی پشدەر دەكەونە بۆسەی عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (9)ی سەر بە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی، دواتر سەرۆكجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووكەكان و بەدیل گیرابوون، ئەوانە لە چالاكی نەگەڕابوونەوە وەكو ناوبراو نووسیویەتی كە ئەمە كلێشەو تۆمەتێكی ئامادەكراوی شیوعییەكانە. لەم بۆسەیەدا حاجی حاجی برایم لەگەڵیان بووە، ئەو دەرباز بووەو ئەوانیش دیلكران، دواتر لە ڕۆژی (1980/6/15)دا لە هەیئە خاسەی كەركوك فەرمانی خنكاندنیان دەرچوو، پاشانیش بەگوێرەی فەرمانی كۆماری ژمارە (430)ی ڕۆژی (1980/7/1)، لە ڕێكەوتی (1980/12/30)دا لە زیندانی موسڵ لەسێدارە دران، كە ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. حەسەن ئەمین ساڵح ئەحمەد ناسراو بە حەسەنە سووری مینە ساڵح (1956/ سلێمانی/ قەڵادزە/ ژاراوە).

2. حەسەن حوسێن حەسەن (سلێمانی/ پشدەر).

3. حەمە هەمزە حەمە حەسەن ناسراو بە حەمە قەجەر (1957/ قەلادزێ/ هەڵشۆ/ ئالاوە).

4. حوسێن عەبدوڵڵا حەسەن ڕەسوڵ (1932/ سلێمانی/ پشدەر).

5. خدر محەمەد مستەفا بابەکر پشدەری ناسراو بە خدری حەمەسوور یان خدر بادینی (1960/ سلێمانی/ قەلادزێ/ بادینێ).

6. ڕەسوڵ سلێمان حەمەدئەمین عەبدوڵڵا (سلێمانی/ سەنگەسەر).

7. عەبدوڵڵا حوسێن عەبدوڵڵا یەعقوب ناسراو بە عەبدوڵڵا بێشیری (1932/ سلێمانی/ قەلادزێ).

8. عەلی حەمەدئەمین نەسروڵڵا فەتحوڵڵا (1957/ سلێمانی/ سەنگەسەر/ سوڵتانەدێ).

9. مەحمود حەمە عەبدوڵڵا بابەکر پاچکاری (1953/ سلێمانی/ قەلادزێ/ بادین).

جا سەیرکەن و ببینن، کە عەولا و شیوعییەکان چۆن لە هیچەوە تۆمەت بۆ یەکێتی دروست دەکەن، ئەی گەر لە شەڕەکان شیوعی بکوژن، دەبێ ڕێژەی ناڕاستگۆیی، چەواشەکاری و تۆمەتە هەڵبەستراوەکانیان بگەنە چ ئاستێک؟ خۆم لە ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ چەند جارێک لەکاتی دیدەنیدا ئەو نۆ پێشمەرگەیەی حسک-م بینیوەو لە زاری خۆیان گوێم لێبووە کە عەباس بایز باڵو لە بۆسەیەکدا ئەوانی بەدیل گرتووە، کەچی ناوبراو تۆمەتی هەڵبەستراو دەداتە پاڵ یەکێتی، کە ئەو تۆمەتە یەکێکە لە (پڕوپاگەندەی شیوعییانە)، کە پێی گۆشکراو و پەروەردەکراوە.

یەکشەممە (2026/05/03)

دانمارک

## بیکەیسی و ناڕاستگۆیی شیوعییەکان:

زۆر جار گوتومە، حزبی شیوعی عێراق، لەشکرێک ناڕاستگۆی هەیە، ئەوە تەنیا قسەی من نییە، ئەوانەی دەیانەوێت بگەنە ئەو ڕاستییە با پەرتووکەکانی هەڵبەستوانی ناسراوی عێراق بەدر شاکر سیاب (من شیوعی بووم/ کنت شیوعیا)، مالک سەیف (للتأریخ لسان) و هەر شەش بەرگی (موجز أضواء على الحركة الشيوعية في العراق)ی سەمیر عەبدولکەریم بخوێننەوە، ئینجا ڕادەو ڕێژەی ناڕاستگۆکانی نێو حزبی شیوعی عێراق دەزانن.

شێرکۆ ماربین (Sherko Marbin)، یەکێکە لە ناڕاستگۆکانی دەستەی بیکەیسی نێو حزبی شیوعی عێراق-ی تەحریفی، دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە فەیسبووک بابەتێکی لەژێرناوی (مجزرة پشتئاشان، عرس الدم)دا بڵاوکردۆتەوە، لە بابەتەکەدا پەنای بردۆتە بەر کۆمەڵێک ناڕاستی و تۆمەت، کە لێرەدا تەنیا وەڵامی یەک یان دوو تۆمەتی دەدەمەوە.

یەکەم: کاتێ کە شێرکۆ دەڵێت زۆربەی ئەو (1700) پێشمەرگەیەی یەکێتی چەکی (BKC)یان لابوو، بەپشتیوانی هێزەکانی ڕژێم و تۆپبارانی بەردەوامیان بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حزبی شیوعی هێرشیان هێنا، کە ناڕاستییەکی بێویژدانانەیە. ئەو سەرەتا دەڵێ شیوعییەکان ئاگایان لە هیچ نەبوو، خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ ئاهەنگی یەکی ئایار، کە ئەوە دوورە لە ڕاستی و نزیک بە تەواوی شیوعییەکان پەنای بۆ دەبەن، کەچی لەخوارتر دەڵێ: (شیوعییەکان لە زۆر شوێن بڵاوببوونەوە لە دەوروبەری شوێنی دۆشکاکان و لە شوێنی دیکە پێشەوە بۆسەیان دانابووەوە)، کەواتە هەر خۆی خۆی بە ناڕاست دەخاتەوە. با بێمەوە سەر ناڕاستی (BKC)یەکان، گەر نیوەی ژمارەکە وەرگرین دەبێ بە (850) بیکەیسی، دوو لە سەر سێی وەرگرین دەبێتە نزیکەی (1134) و سێ لەسەر چوار وەرگرین دەکاتە (1275) چەکی (BKC)! کاتێک شێرکۆ یان هەر شیوعییەکی دیکە کە پێش ئەو پەنایان بۆ هەمان ناڕاستی و تۆمەت بردووە، بۆ نموونە (عەزیز سباهی، قادر ڕەشید ناسک و سەلام ئەلحەیدەر ناسراو بە دکتۆر ئەبو تانیا)، لە یاداشتەکانی خۆیاندا هەمان ناڕاستگۆییان تۆمار کردووە، دەبێ هەژمار بۆ ئەوە

بکەن، کە پەتی ناڕاستگۆیی گەورەو نەزانانە کورتە (پەتی درۆ کورتە) و ئاشکرا دەبێت! خۆ ئەگەر ناڕاستگۆیی شێرکۆ ڕاست بوایە، لەم ژمارەیە نەک سەد دانە بەڵکو پەنجا دانەیان بۆ بالیسان بناردبایە، هەرگیز مەڵبەندی چواری بالیسان بە بەرەی جود نەدەگیرا!

ئەو کاتە بە هەموو مەڵبەند، تیپ و کەرتەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، سی (BKC)یان نەبوو، لە داستانی حەمامۆک لە ڕۆژی (1983/6/16)دا، کەرتی (3)ی چەمچەماڵی تیپی (21)ی کەرکوک، بە فەرماندەیی شۆڕش عەبدولڕەحمان ڕەشید، دوو (BKC)یان گرت کە بە دیاری درانە دەستەی پارێزگاری مام جەلال و دەستەی پارێزگاری نەوشیروان مستەفا، واتە تا ئەوکاتە دەستەی پارێزگاری ئەوان (BKC)یان نەبووە!

کەرتی چواری جەباری سەر بە تیپی (57)ی سەگرمە، کە چالاکترین کەرت بوو لەنێو گشت تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تا ڕۆژی (1982/5/17)ی داستانی حەمک، (BKC)یان نەبوو، لەم ڕۆژەدا مامە ڕیشە (بیکەیسی و ئارپیجییەکی) گرت. ڕەئوفی یاسە، باسی دەکات، کە تیپی (55)ی قەرەداغ تا مانگی ئاداری ساڵی (1983)، (BKC) نەبووە، سەربازێکی کورد (فاتیح حەمە فەرەج)، خەڵکی دێی خێڵی یاقوو لە ڕەبایەک ڕادەکات و بە کلاشینکۆفێک و (BKC)یەک خۆی دەگەیەنێتە کەرتی (4)ی تیپی (57)ی سەگرمە، واتە ئەو کەرتە دەبێتە خاوەنی دوو (BKC)، بەڵام کەرتەکانی دیکەی سەر بە هەمان تیپ تا مانگی ئاداری (1983) و دواتریش هەر بێ بیکەیسی بووینە، هەروەها لە سەرەتای ساڵی (1983)دا، سەربازێکی دیکەی کورد بەناوی عوسمان ساڵح پیرۆت لە سەربازگەی دەربەندیخان ڕایکردو (BKC)یەکی هێنا([112]). لە بەرانبەردا تیپی (12)ی سۆران، (43)ی ئاسۆس، (74)ی باڵەک، (78)ی کارۆخ، (83)ی هەورێ و (86)ی دەشتی هەولێر بێ (BKC) بووینە، وەلێ کێشەی شیوعییە ناڕاستگۆکان ئەوانەی سەر بە (دەستەی بیکەیسی)ن ئەوەیە، دەبێ وەکو ئەوان بەو ناڕاستییانەی سەرەوە باوەڕ بکەیت، ئەگینا کەسێکی کۆنەپەرست، سەر بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی.

[112]- ڕەئوف فەتاح محەمەد ناسراو بە ڕەئوفی یاسە، بەشێک لە یاداشتەکانی پێشمەرگەیەکی بناری بەمۆ، ل(130-131).

دووەم: شێرکۆی بیکەیسی هاوێژ (ناڕاستی هاوێژ)، لە باسی دیلەکانی شیوعی لەلایەن یەکێتی، وای نووسیوە کە شیوعی عەرەب لە شیوعی کورد جیاکراونەتەوەو عەرەبەکان گوللەباران و کوردەکانیش ئازاد. باشە ئەو دەڵێ کوردەکان ئازادکراون، کەواتە هەر شیوعییەکی دیکە نووسیبێتی تەواوی دیلەکان (کوردو عەرەب) گوللەباران کرابێت ناڕاستگۆیە، ئەوە شێرکۆ خۆی دەڵێت تەنیا عەرەبەکان کوژراون و کوردەکان ئازادکراون!

یەکێتی لە پشتئاشان و قەندیل، چل و شەش شیوعی (47) و (5) حسکی بەدیل گرت، لەنێو ئەو (47) دیلە شیوعییە، (21)یان عەرەب و ئاشووری بوون، کە ئەوە ناوەکانیانە:

ئەبو ئادەم (ناوی تەواویم پێویستە هەر کەسێک دەیزانێ).

ئەبو عادل ئەلشایب.

ئەبو عەسکەر (ناوی تەواویم پێویستە هەر کەسێک دەیزانێ).

ئەیسەر ناسراو بە سەمەر.

ئوم لێزان (ناوی تەواویم پێویستە هەر کەسێک دەیزانێ).

إخلاص ناسراو بە نادیة (ناوی تەواویم پێویستە هەر کەسێک دەیزانێ).

خەسرەو حەنا ناسراو بە خۆشناو، ئاشووری.

حەمید عوسمان ئیبراهیم.

زەکی شێرزاد ناسراو بە ئەسکەندەر.

سەلوم شەهاب ناسراو بە باوکی عادل.

سەوسەن ناسراو بە (عایدة)، بێژەر لە دەنگی گەلی عێراق.

سوندس (تانیا).

شروق (ناوی تەواویم پێویستە هەر کەسێک دەیزانێ).

شێرزاد حەنا ناسراو بە شێرزاد شێر، ئاشووری.

عەلی ئەلسەڕاف ناسراو بە ئەبو عەبلە.

عیماد ئەلقەیسی ناسراو بە سالم ئەلقەیسی.

قاسم ئەلحلفی ناسراو بە ملازم قوسەی.

لەتیف ناسراو بە ئەبو واثق.

لەمیاء شێخلی (ئەشواق).

محەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ئەبو ئازار.

مونا ناسراو بە دکتۆرە مونا (ناوی تەواویم پێویستە هەر کەسێک دەیزانێ).

نضال عایش ناسراو بە لەیلا.

دڵنیام دوای ئەو وەڵامەیەشم کە بە بەڵگە ڕاستییەکانم خستەڕوو، (47) دیلی حزبی شیوعی کە (21) دیلیان عەرەب بووەو ئازادکراون، کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ ناڕاستگۆیی و تۆمەت بەخشینی شێرکۆ جەمال ماربین، حزبی شیوعی عێراق، حزبی شیوعی کوردستان (کۆپی حشع لە کوردستان) و شیوعییەکانی دیکەش، زۆرێک یان زۆربەی شیوعییەکان بە ناڕاستگۆیی شێرکۆ ماربین باوەڕ دەکەن، سەدا سەد بەڵگەکانم ڕەتدەکەنەوە، چونکە لە بەرژەوەندی ئەوان دا نییە، ئەوان پەروەردەو گۆشکراوی (92) ساڵەی تەحریفی و شیوعییە ڕەگەزپەرستە عروبییەکانی نێو (حزبی شیوعی عێراق)ی ناڕاستگۆن.

سێشەممە (2026/05/05)

دانمارک

## دووڕوویی کۆمۆنیستانە:

زۆرێک لە مرۆڤ و پارتە کۆمۆنیستەکان هیچ خەسڵەتێکی مارکسی و کۆمۆنیستانەیان تێدا بەدی ناکرێت، چونکە کەسانی مارکسی و کۆمۆنیست دەبێ هەڵگری (خەسڵەتی جوان، ڕەفتاری باش، کرداری باش، ڕاستگۆیی، بێلایەن، دادپەروەر و یەکسانخواز) بن. بەڵام زۆرێک لەوانە پێچەوانەی ئەو خەسڵەتانە ئاژاوەگێڕی، ناڕاستگۆیی و تۆمەتبەخشین بۆتە پیشەیان، بەتایبەت کە دەگاتە باسکردن و هەڵماڵینی ناڕاستی و تۆمەتەکانیان، ئەوجارە بە تۆمەتێکی دیکە دێنە وەڵام، بۆ داپۆشینی ناڕاستییەکیان پەنا دەبەنە بەر سەدان و هەزاران ناڕاستی دیکە، یان کەسانێکی ئاگادار لە تۆمەتبەخشینی هاوڕێیەکی خۆیان کە دڵنیان لەوەی تۆمەت دەبەخشێت نایەنە دەنگ، نەک هەر نایەنە دەنگ بەڵکو پشتیوانی لە ناڕاستگۆیی، چەواشەکاری و تۆمەتی هاوڕێکەیان دەکەن، بۆیە دەڵێم: (مارکس گۆڕهەڵتەکێنە بزانە تەحریفییەکان بەناوی تۆوە چ بێویژدانییەک دەکەن)؟

نەهرۆ عالڵایی، ئەندامی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان لە حزبەکەی خدر ڕوسی خەزووری، لە کۆمێنتێکی بۆ ڕەمەزان عەولا کە وەکو خۆی دەیاننووسمەوە، لە کۆمێنتی یەکەم دەڵێت: (دەرسیم کاتێ گیرابوو لە دائیرەی ئەمنی هەولێر ئیعرافی (ئیعترافی) لەسەر برادەرێکی دیبەگەیی خۆی کردبوو بەگرتنی دابوو، هەقە ئەوەش بنووسێتەوە)، لە کۆمێنتی دووەم نووسیویەتی: (باشیش بزانە کە دەرسیم لە سجن پیاوێکی ڕووخا و جەبان بووە و ئیعترافی لەسەر ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. کردووە و بەگرتنی داون، ئەوەی دەیڵێم بوختان و درۆ نییە تێکۆشەرێکی یەکێتی لە دیدارێکی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان گێڕایەوە کە ئەوکات سجن. بووە لەگەڵ دەرسیمی ڕووخاو، خۆشبەختانە ئەو پیاوە تێکۆشەر و سەنگینە ئێستا لەژیانە و دەرسیمیش باش دەزانێ کێیە؟ جا دەرسیمێک کە بەرگەی ڕاستییەکی وا نەگرێ و بێت لەنامەی تایبەت کۆمەڵێک قسەی سوکی وەکخۆی بۆمن بنووسێ،بۆچی دەبێ شیوعییەکان سەر بۆ درۆ و چەواشەکاری دەرسیم بلەقێنن؟)، کە سێ شیوعی دیکەی هاوشێوەی خۆی لایکی ئەو کۆمێنتەی ئەویان کردووەو پشتیوانی لێدەکەن، کە پێموایە ئەوکەسانەی لایکی هەر

کۆمێنت یان پۆستێک دەکەن سەدا سەد لەگەڵ ئەو بانگەشە یان پۆستەدا تەبان ئەگینا نایکەن، هەروەها لە ناڕاستگۆیی، چیرۆک داڕشتن و تۆمەتبەخشین لە ئاستی ئەودان بۆیە لایکی بۆ دەکەن. باشە گەر ئیعترافم لەسەر هەر کەسێک بکردایە دەبوایە بگیرێ و لەگەڵ خۆم دادگایی بکرایە، بەڵام کەس نەگیراوەو کەسیشم لەگەڵ نەبووە لە دۆسیەی خۆم لە دادگا، باشە گەر ئەو کەسەی نەهرۆ باسی دەکرد بەگرتنم دابێ دەبوایە وەکو من سزای زیندانی بۆ ببڕێتەوە و لە ئەبوغرێب لەگەڵ خۆم بوایە، گەر وایە ئەی چۆن هەمان کەس توانی چەند ڕۆژێک بەر لە نەورۆزی (1983)دا کازم سلێمان مەولودی کادیری شیوعی بکوژێت؟ تۆمەتەکانی نەهرۆ لە ئاستی خۆیدان بۆیە هەر زوو بەبادا دەفڕن و بزر دەبن، باشە گەر ئەو کەسەی کە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەو شێوەیە باسی منی کردبێت، کە دەبێ سەدان هەزاران و بە ملیۆنان کەس ئەو بەرنامەیەی بینیبێت، ئەی خێرە ناوی ئەو تێکۆشەرەی یەکێتی ناهێنی کە گوایە بەمشێوەیەی نەهرۆ تۆمەتی بۆ هەڵبەستووم، باسی منی کردبێت؟ دەرسیم، کە مێژووی (43) ساڵەی پڕ ناڕاستگۆیی، فیشاڵ، تۆمەتبەخشین، نادادپەروەری، ناڕەوایی، چەواشەکاری و تەحریفی حزبی شیوعی بەئاشکرا نووسیبێتەوە، چاوەڕێی ئەوەشی لە لەشکری ناڕاستگۆی ئەو حزبە، دەیان هەزار ناڕاستگۆ و تۆمەتبەخشی وەکو ناوبراو دەکرد کە دەیان تۆمەتی بۆ دروست بکەن، بەڵام دڵنیابن تۆمەت، چیرۆک هۆنینەوەو ناڕاستگۆییتان ناتوانن ڕامگرن! مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە بە هەزاران شیوعی وەکو نەهرۆ عاڵڵایی چەواشەکار و بێویژدان بەناوی تۆوە پەنا دەبەنە بەر ناڕاستگۆیی و تۆمەت بەخشین!

دوو ڕۆژ چاوەڕێم کرد بۆ ئەوەی ئەو شیوعییانەی لەو بابەتە ئاگادارن، هیچیان نەهاتنە وەڵام و خۆیان بێدەنگ کرد، بەتایبەت بێستون ئەحمەد (نامیق محەمەد ئەحمەد) دانیشتووی سوید و برای تاریق (ملازم ئارام)، عەبدولڕەحمان سابیر ئەحمەد (عبدالرحمن صابر) و زۆرێک لە شیوعییە دیبەگەییەکان ئاگادارن، نازانم بێستون ئەو پۆستەی عەولاو کۆمێنتەی نەهرۆی خوێندۆتەوە یان نا، کە تا ڕادەیەک دڵنیام خوێندبێتیەوە، بەڵام دڵنیام عەبدولڕەحمان سابیر خوێندویەتیەوە وەلێ چاوی نوقاندووەو خۆی کەڕکردووە. نەهرۆ پێش کەمتر لە کاتژمێرێک لە نووسینی ئەو کۆمێنتە ناڕاست، نامرۆڤانە و بێویژدانییەی خۆی، لە کۆمێنتێک بۆ بابەتێکم نووسیبووی: (بەدڵنیاییەوە من سووکایەتیت پێ ناکەم)، کەچی ناڕاستگۆیایە تۆمەتی بۆ هەڵبەستیم کە لە سووکایەتیکردن ناشرین ترە. ئای چەند

کارێکی نامرۆڤانە و بێویژدانانەیە کاتێک کەسانی بەناو مارکسی و کۆمۆنیستی دێن (قوربانی دەکەن بە جەللادو جەللادیش دەکەن بە قوربانی)، کە مێژووی حزبی شیوعی عێراق پڕە لە کاری وا ناڕەواو قوربانی کراوە بە جەللاد و جەلادیش بە قوربانی، تاوانبار کراوە بە بێتاوان و تاوانباریش بێتاوان، بەرگریکار کراوە بە پەلاماردەرو پەلاماردەریش وەکو ئەوەی خۆیان لە باداوان و بالیسان کردیان هەر خۆیان خۆیان دەکەن بە بەرگریکەر. نەهرۆی تەحریفی ناڕاستگۆ ئەوەی بەرانبەر بە من کردووەو ئەو تاوانبارەی بەگرتنی داوم کردوویەتی بە قوربانی، بەهۆی بێدەنگی شیوعییەکانی دیبەگە لەئاست ئەو تۆمەت و بێویژدانییەی نەهرۆ، گومان دەخەمە سەر (ڕاستگۆیی، ویژدان، مرۆڤبوون، کۆمۆنیستی و یەکسانخوازی)، هەر هەموو ئەو شیوعیانەی لە بەگرتدانی من و کوشتنی کازم سلێمان لەلایەن هەمان سیخوڕ ئاگادارن و بێدەنگیان هەڵبژاردووە.

لە وەڵامی ئەو کۆنە شیوعییە تەحریفیە (نەهرۆ)دا دەڵێم: (هەر لەساڵی 2015دا لە پەرتووکی -ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندانم- ناوی تەواوی ئەو سیخوڕەم نووسیوە کە بەگرتنی دام، سیخوڕی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بوو نەک ئەمنی هەولێر کە وات نووسیوە. کازم سلێمان مەولود ناسراو بە سەلامی کادیر و ڕابەری سیاسیی لقی قەرەچوغی حزبی شیوعی، کە لەنێوان ڕۆژانی (14-18)ی ئاداری ساڵی (1988)دا لەگەڵ نامیق محەمەد ئەحمەد (بێستون) دەچنە دیبەگە، کازم لای بێستون باسی کردووە کە دەیەوێت سەردانی (ن) و (ح) بکات، زووتر جارێکی دیکە پێکەوە چووبوونە ناو دیبەگە و کازم سلێمان (ن) و (ح)ی بینیبوو. (ن) و (ح)، کە دواتر بە سەرپەرشتی (ش. ڕ. ئە. پ)، مەفرەزە خاسە و کۆنە شیوعی، کازم لەناو دیبەگە شەهید دەکەن، یەکەم جار تەرمەکەیان لەژێر پلیکانی ماڵی (ح) شاردۆتەوەو دواتر ئەمنی مەخمور ئاگادار دەکەنەوەو ئەوان تەرمەکە دەردێنن و دەیبەن، ئەوە بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی ئەمنی مەخمور، کە خۆم لەدوای ڕاپەڕین بە ساڵێک کەمتر یان زۆرتر لە ڕۆژنامەیەکی حزبی شیوعی خوێندمەوە.

جا بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو ناڕاستی و تۆمەتەی نەهرۆ، هەر یەک لە بێستون ئەحمەد، عەبدولڕەحمان سابیر و ئەو شیوعییە دیبەگەییانەی ئاگادارن کە ئەو سیخوڕە چۆن منی کردە نێچیری ئیستخبارات و دواتر کازمی کوشت، ڕوونکردنەوە نەدەن و ڕاستییەکان لە پۆستەکەی عەولا و کۆمێنتەکەی نەهرۆ باس نەکەن، بە هاوکارو هاوبەشی نەهرۆ

هەژماریان دەکەم و دوای (48) کاتژمێر هەموویان بلۆک دەکەم، لەژیانمدا جارێکی دیکە نامەوێت بیانبینم یان بیاندوێنم مادام لە ناڕاستگۆیی و تۆمەتێک خۆیان بێدەنگ دەکەن، لەکاتێکدا کە زانیاری تەواویان هەیە لەسەر ناڕاستی و نادروستی ئەو تۆمەتەی نەهرۆی ناڕاستگۆ!

لەگەڵ ئەو تۆمەتەی نەهرۆدا پۆستێکی کۆنی دڵشاد خدر (هاوری دلشاد) دادەنێم، کە ناوەکەی وا نووسراوەو لە بابەتێکدا بەناوی (دەربارەی شەهید کازم)، لە دوو بەشدا بڵاویکردۆتەوە، بەشی دووەم لە ڕۆژی (2023/12/9)دا بڵاوکراوەتەوە، لە کۆپلەیەکی ئەو بەشەدا نووسیویەتی: (ئەو تۆمەتبارە گوایە لە هەشتاکاندا دیسان کەسێکی ناسراوی ئەو سەردەمی ڕیزەکانی نێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-ی لە هەولێر بە گرتن داوە)، دوای ئەوەی یەکێک لەوانەی پێوەندییان بەو بابەتەوە هەبوو بیرم نایەت کێ بوو، ئاگاداری کردمەوە کە پۆستێک لەسەر شەهید کازم سلێمان بڵاوکراوەتەوە و باسی بکوژەکانی کازم دەکات، نووسەری بابەتەکە بەبێ ئەوەی ناوت ببات باسی کردووە کە (ن) پێشتر تۆی بەگرت داوە. چوومە سەر لاپەڕەی دڵشاد خدر و بابەتەکەم دۆزییەوە و ئەو ڕوونکردنەوەیەم نووسی: (ئەو تۆمەتبارە سەرەکیەی کە بووە هۆی دەستنیشان کردن و شەهید کردنی شەهید کازم سلێمان مەولود نزیکەی دوو ساڵ پێشتر، ڕێک لە (2ی 3ی 1986)دا منی لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە هەولێر بەگرت دا. بەڵام من لێیخۆشبووم، چونکە برایەکی پێشمەرگەی شەهید بوو، هەروەها لە خانەوادەیەکی ئەوەندە ڕەنجدەر و زەحمەتکێش بوو، بەلامەوە شەرم بوو کوڕە زەحمەتکێشەک بکوژم، خۆیشی باش دەیزانێت کە لە ڕۆژی 11ی ئازاری 1991دا دەرفەتی کوشتنیم بۆ ڕەخسا و تەنانەت هاوڕێیەکم لەگەڵ بوو ویستی پەلاماری بدات و بیکوژێت، دەستی هاوڕێیەکەمم گرت و ڕامکێشا ڕێگەی کوشتنیم نەدا).

وەڵامی زۆرم هەیە بۆ نەهرۆ، تاکە کەس کە لە ئیستخبارات و ئەمن لە من زیاتر مابێتەوە مامۆستا محەمەد مەنگوڕی بووە، ئەو هەژدە مانگ و منیش پازدە مانگ، گەر بێتە سەر دانپێدانان (ئیعتراف) نهێنی زۆربەی ئەوانەی لە ساڵانی (1986-1987)دا لە مەنزومەی شیمالی ئیستخبارات و ئەمنی هەولێر گیراون دەزانم، بەڵام هەرگیز خۆم ناهێنمە ئەو ئاستە هەرە نزمەی نەهرۆ و باسی دانپێدانانی شیوعییەکان بکەم بە ناوهێنانیانەوە، چونکە لە هەموو حزبەکاندا هەبوو کە (ئیعترافی) لەسەر یەک، دوو، سێ، چوار و تا دە

کەسیش و بگرە (31) کەس کردبوو. با بێمە سەر ئیعتراف کردنی دوو سکرتێری حزبی شیوعی عێراق کە یەهودا سدیق و مالک سەیف-ن، فەهد لە زیندانەوە نامەی بۆ یەهودا ناردبوو کە مالک سەیف بکرێت بە سکرتێری حزبی شیوعی کەچی یەهودا نامەکەی لە مالک سەیف شاردبووەوە لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی خۆی کردبوو بە سکرتێر، بەڵام ئەوکاتەی یەهودا سدیق گیرا نامەکەی فەهدی لەگیرفانی خۆی پاراستبوو دایە دەستی پۆلیسی نهێنی و نکوڵی لەوەکرد کە سکرتێر بێت، مالک بۆ بەرگری کردن لەخۆی ڕووخاو ئەوی وەکو سکرتێر ناساند. بە مالک سەیف و یەهودا قوڕیان کردە سەر فەهد، حازم و سارم. پیسترین ئیعترافات لە مێژووی عێراق دا کرابێت ئەو دوو شیوعییە بووینە، یەهودا ناوی دوو سەد شیوعی دابوو، ناوی تەواوی نوێنەری پارتە کوردییەکانی دابوو کە ئەلقەی پێوەندی حزبی شیوعی و پارتە کوردییەکانی (پارتی ڕزگاری کورد، پارتی دیموکراتی کورد (دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان) و پارتی هیوای کورد) بوون، ئەو وردەکارییانە لە (موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري،)دا خوێندومەتەوە. ئەو شیوعییانەی ڕوخان و هاوکاری کۆمیتە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوەیان دەکرد لەگەڵ ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق بریتی بوون لە: (هادی هاشم ئەلئەعزەمی، ئەندامی سکرتاریەتی حزبی شیوعی، هاشم حوسێن، بەرپرسی ڕێکخراوی موسڵ، عەباس ئەلخەفاجی، ئەندامی کۆمیتەی ڕەسافە، کازم سەعید، ئەندامی کۆمیتەی ناوخۆی بەسرە؛[113])، با نەهرۆو شیوعییە دۆڕاوەکانی وەکو نەهرۆ لەسەر ئەو بەزیو و ناپاکانەی نێو حزبەکەی خۆیان بنووسن، نەک بێن و تۆمەت لەدژی من هەڵبەستن. بەڵام لە بەرانبەر بەزیوەکاندا حزبی شیوعی عێراق پاڵەوانی وەکو فەهد، سەلام عادل، جەمال حەیدەری، ئەحمەد مەحمود حەلاق و مەتی هیندۆ-ی هەبوو، جارێ هەر باسی عەزیز ئەلحاج مەکە کە لە بەهاری ساڵی (1969)دا هێنایانە سەر تەلەفزیۆن، سەرەڕای ئیعتراف کردنی لەسەر چەندان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق (القيادة المركزية)، حزبی شیوعی عێراقی (اللجنة المركزية)ی بە کرێگرتەی ڕوس ناوبرد. پێشتریش ئەو شیوعییانە لە ساڵی (1963)دا ڕوخان و بوونە هۆکاری ماڵوێرانی حزبی شیوعی: (ئەحمەد غەفور، ئیبراهیم عەتوف، بەدیع عومەر نەزمی، حوسێن ئەلوەردی

---

[113]- موسوعة خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري، الجزء الأول والثاني والثالث، أصدرتها الشرطة العامة شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، مطبعة الحكومة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد 1949.

(دکتۆر)، حوسێن عەلوان، شەریف ئەلشێخ، عاسم ئەلقازی، عەدنان چلمێران، عەبدولستار مەهدی و وێرانترینیان هادی هاشم ئەلئەعزەمی ڕووڕەش)، ئەوانەش تەواوی ئیعترافاتەکانیان لە (الکتاب الأسود إعترافات الشیوعیین)دا نووسراوە([114]). بۆیە نەهرۆ با باسی شکست و ئیعترافاتەکانی سەرانی حزبەکەی خۆی، یان خانەنشینی خەزووری خۆی بکات کە لەسەر لیستی (یەکێتی) بە پلەیەکی باش خانەنشین کراوە، ئینجا دواتر تۆمەت بۆ بم هەڵبەستێ. نەهرۆ عاڵڵایی، هەر لەسەر ئەو ناڕاستگۆیی و تۆمەتبەخشینانە، جارێک سامانی شەهید سەفەر لموزو قەپۆزی نەهرۆی شکاندبوو.

ئاخر کە ناڕاستگۆی وەکو نەهرۆ دەبینم، چۆن نەنووسم حزبی شیوعی عێراق لەشکرێک ناڕاستگۆی تێدایە، ئەو ناڕاستگۆیانە پیشەی ڕۆژانەیان بۆتە ناڕاستی و تۆمەت هەڵبەستن، یان ئەو لەشکرە نەزانەی کە کوێرانە لەدژی من کۆمێنتیان نووسیوە، زۆرێک لە پەرتووک، ڕۆژنامە، گۆڤار، ماڵپەڕەکان بە کوردی عەرەبی لەسەر بابەتی شەڕە ناوخۆکانی ساڵانی (1981-1983)، دەخوێنمەوە، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی بە هەردوو زمان گوێ لێدەگرم کە لێوان لێون لە ناڕاستگۆیی و تۆمەت بەخشینەوە. بەتایبەت نووسەرانی عەرەب و ئەوانەی چاوپێکەوتن دەکەن، وێرانن لە ناڕاستگۆیی و تۆمەت هەڵبەستن. ئەوانەی لەو قسانەم تووڕە دەبن و هەمان کاتیش چاو لە ناڕاستگۆیی و تۆمەتەکانی نەهرۆ کە بۆ منی هەڵبەستیووە دەبەستن، با هیچ کۆمێنتێک نەنووسن کە بەدڵنیایی بلۆکیان دەکەم.

فەرموون بزانن ناڕاستگۆیی و تۆمەت هەڵبەستن لای زۆرێک لە شیوعییەکان وەکو ئاوخواردنەوەی لێهاتووە یان نا، هەروەکو محەمەد حەسەن سەعدی (1963/ دیالە/ الهویدر)، پێشمەرگەی دێرینی حزبی شیوعی عێراق، کە ئێستاکە لە شاری ماڵمۆ (سوید) دەژیت، نووسیویەتی: (حزبی شیوعی بەهائەدین نوری بە بەکرێگیراو و پەیوەندی هەبوون بە دەزگای ئەمنی عێراق تۆمەتبار کرد؛[115])، لە کاتێکدا کە بەهائەدین یەکێک بووە لە سەرکردە هەرە پاکەکانی حزبی شیوعی.

هەر یەک لە (بەهائەدین نوری، سەیف عەدنان ئەلقەیسی، دکتۆر تاریق یوسف ئیسماعیل، عەزیز ئەلحاج، مالک سەیف، بەدر شاکر سەیاب، ئیبراهیم عەلاوی (نەجم

---

[114]- وزارة الإرشاد العراقي، الکتاب الأسود إعترافات الشیوعیین، طبع دار الجماهیر، بغداد، 1963.

[115]- محمد حسن سعدي، نزیل من الشعبة الخامسة - الحلقة الثامنة، مرکز النور للدراسات، 2007/7/17.

مەحمود)، دکتۆر ڕەفیق سابیر و شەوکەت ئەحمەد خەزنەدار)، بەشێکی باشی مێژووی پڕ لە ناڕاستگۆیی و تۆمەت هۆنینەوەی (حزبی شیوعی عێراق)یان لە یاداشتەکانی خۆیاندا باسکردووە، هەرکەسێک یاداشت و بیرەوەری ئەوانە بخوێنێتەوە دەزانێ مێژووی ڕاستەقینەی پڕ لە شکست، سازش، ناپاکی، لادان لە مارکسیزم، هەڵپەرستی، هەڵە و نەزانی سەرکردەو کادیرانی ئەو حزبە نەنووسراوەتەوە.

سێشەممە (2026/05/05)

دانمارک

## دەرئەنجام:

بەگوێرەی ئەم توێژینەوەی سەبارەت بە حزبی شیوعی عێراق، نووسینی زنجیرە بابەتێکی بەڵگەداری هەشت بەشی کە لە ماوەی ڕابردوو بڵاومکردەوەو شرۆڤەم کرد، دەرکەوت کە حزبی شیوعی عێراق، حزبێکی لادەر (منحرف/ ڕیڤیژینیست)، عروبی، ئاژاوەگێڕ، ناڕاستگۆ، بێبەڵێن، تۆمەتبەخش، دیلکوژی داهێنەری دروستکردنی میلیشیای بەرگری میللی (المقاومة الشعبیة) و ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل و وڵاغ بووە (السحل)، لێرەدا هەوڵدەدەم بەکورتی خاڵ بەخاڵ ئاماژە بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە بدەم.

## یەکەم: لادانی حزبی شیوعی عێراق لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم (إنحراف):

لەنێو حزبی شیوعی عێراق لە مانگی ئابی (1964)دا ڕەوتێک سەری هەڵدا کە بە هێڵی ناپاکی ئابی ئەو ساڵە ناسراون، ئەم ڕەوتە هەوڵی خۆهەڵوەشاندنەوەو چوونە نێو حزبەکەی عەبدولسەلام عارف (ألإتحاد الإشتراكي العربي)یان دەدا، دواتریش لە ساڵی (1973)دا کە چوونە نێو بەرەی بەعس، لەم ساڵە بەدواوە هەوڵی خۆهەڵوەشاندنەوەو یەکگرتنەوەیان لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست دەدا. حزبەکەی عەبدولسەلام عارف و سەدام حوسێن، دوو حزبی بۆرژوازی، نەتەوەپەرستی فاشی بوون، نزیکبوونەوەو هەوڵی یەکگرتنی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ ئەم دوو حزبە، هەم لادان (إنحراف)ی حزبی شیوعی عێراق دەگەیەنێت، هەم عروبییەتی حزبی شیوعی عێراق، گەر وەکو ئەوان عروبی نەتەوەپەرست نەبن، چۆن لەگەڵ ئەوان یەکدەگرن و دەبنە یەک حزب، بەتایبەت کە لە ڕێبازی مارکسیزم - کۆمۆنیزم یەکگرتنی ڕێکخراوەو پارتە مارکسیزم و کۆمۆنیستەکان ڕێگەی پێدراوە بەڵام هەرگیز ڕێگە بە یەکگرتنی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەکان لەگەڵ دوژمنانی خۆیان نەدراوە، کە عارفی و عەفلەقییەکان دوژمنی مارکسیزم و کۆمۆنیزم بووینە. حزبی شیوعی عێراق، بە بەستی بەرە لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی بەتەواوی خۆیان ڕادەستی بۆرژوای نەتەوەپەرستی فاشیستی کردو لە کۆمۆنیزم لایاندا. ئەوان وەکو حزبی شیوعی عێراق، پشتیوانی تەواویان لە ڕژێمی نادیموکراسی و

دیکتاتۆری عەبدولکەریم قاسم دەکرد، کە قاسم لەدژی کورد دەیگوت: (دەبێ لە عێراق دا کورد بتوێنەوەو بە عەرەب ناونووس بکرێن)، کە ئەمە هەم پشتیوانی کردن لە عروبە و هەم لادانی حزبی شیوعی عێراق دەگەیەنێت لە ڕێبازی مارکسیزمانەی نێونەتەوەیی. جیابوونەوەو لەتبوونەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق بەڵگەن بۆ لادانی ئەو حزبە لە ڕێبازی مارکسیزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، کە نزیکەی (35-40) لێکترازان و جیابوونەوەی بەخۆیەوە دیوە، هەروەها باوەڕبوونیان بە بەستنی بەرە لەگەڵ پارتی نەتەوەپەرستی بۆرژوازی و باوەڕبوونیان بەوەی کە بە هاوکاری و سەرکردایەتی پارتێکی نەتەوەپەرستی عەرەبی وەکو حزبی بەعسی عەرەبی کۆمەڵگای عێراقی لە ڕێگەی گەشەی ناسەرمایەداری (التطور اللارأسمالي) بگەیەننە سۆسیالیزم لادانە لە ڕێبازەکەیان. تەنانەت پشتیوانی کردنیان لە ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمی بۆرژوازی و دیکتاتۆر، هەوڵ نەدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە قاسم بە پاساوی ئەوەی کە دوژمنی ئیمپریالیزم، ئەمریکا، بەریتانیا و ڕۆژئاوایە، لادان بوو لە مارکسیزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، لە کاتێک قاسم حزبی شیوعی عێراقی بە بەکرێگیراو دەزانی. شیوعییەکان لە سەردەمی کەریم قاسم کە دەگیران، لەکاتی ئەشکەنجەدان لەلایەن جەللادانی قاسم پڕ بە دەنگیان هاواریان دەکرد: (بژی قاسم و شۆڕش، بژی ڕۆڵەی دادپەروەری گەل، جگە لە کەریم کەس سەرۆک نییە، ئەو گەلە تەواوی گەل بەقوربانی کوڕی قاسم بن/ عاش قاسم والثورة، عاش إبن الشعب البار، ماكو زعيم إلا كريم، هذا الشعب كل الشعب فدوة لإبن قاسم)یان دەگوتەوە. ئەو شیوعییانە جەللادو دیکتاتۆریان بە ڕزگارکەرو نیشتمانپەروەر ناودەبرد، ڕێک وەک ئەو گوێرەکانە وان کە چەقۆی قەساب دەلێسنەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەو نموونەیە بدەم کە لەگەڵ ئەو ڕەفتارە ڤێزەونەی دروستکردنی کۆیلایەتی حشع دەگونجێت. لە ڕۆژی (1973/8/23)، لە شاری ستۆکهۆڵم-ی پایتەختی سوید، (یەن ئیغیک) بە چەکەوە چووە سەر بانکێک، چوار کارمەندی ئەو بانکەی بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لە ژێرزەمینی بانکەکە بە بارمتە هێشتەوەو هەڕەشەی کوشتنی ئەو کارمەندانەی دەکرد کە سێ ژن و پیاوێک بوون، گەر چەند داواکارییەکی بۆ جێبەجێ نەکرێت. یەکەم داواکاری، ئازادکردنی کلارک ئۆدێرت ئولۆفسون، کە پێشتر لەکاتی دزیکردن لە بانکێک پۆلیسێکی کوشتبوو، پۆلیس ئەو دزەیان نارده ناو بانکەکە بۆ لای یەن ئیغیک. بارمتەکان سێ ژن و پیاوێک بوون. سەرەڕای جێبەجێکردنی تەواوی مەرجەکانی دزەکە،

لە شەشەم ڕۆژدا پۆلیس لە سەربانەوە گازی فرمێسک ڕێژی خستە خوارەوە و کۆتایی بە گرتنی بارمتەکان هێنا، بارمتەکان دەیانویست دزەکان لە پێش ئەوان بچنە دەرەوە، نەوەک پۆلیس ئەوان بکوژێت لەبری دزەکان. لەکاتی چوونە دەرەوەی دزەکان هەر سێ ژنەکە باوەشیان بە تاوانبارەکان کردو ماچیان کردن. دوای ئازادبوونی بارمتەکان، ئەوان تاوانبارەکانیان بە پارێزەری خۆیان دادەنا، بە پێچەوانەش کە پۆلیسیان دەبینی دەشلەژان و ئەوانیان بە دوژمنی خۆیان دەزانی، ئەوانیانن بە هۆکاری ئەو بە بارمتەگرتنەی خۆیان و دابڕانیان لە خانەوەداکەیانیان بۆ ماوەی شەش دەزانی. هەر سێ ژنە بارمتەکە دوای ساڵێک لە زیندان سەردانی تاوانبارەکانیان کردو دووانیان هاوسەرگیریان کرد لەگەڵ هەردوو دزەکە (یەن و کلارک)، بارمتە پیاوەکە سەردانی نەکردن، هەوڵی دا ڕقی لێیان بێتەوە بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی و لە بەرانبەردا سۆزێکی هەبوو بۆیان. دورست بوونی سۆز لای ئەو چوار بارمتەیە سویدیەی کە پێشتر لەلایەن دوو دزی تاوانبارەوە بە بارمتە گیرابوون، هەروەها ڕێزگرتنیان و دانانیان بە مرۆڤی بەڕێز، ڕەفتار باش و بە بەزەیی، ناوی لێنرا نەخۆشی ستۆکهۆڵم (ملازمة ستوکهولم/ Synrdom Stockholm)، ڕێک وەکو ئەو نەخۆشیەی حزبی شیوعی عێراق وایە کە لەنێوان (1963/2/8-1958/7/14)دا ئەندامانی ئەو حزبە توشی ببوون، بەتایبەت لەکاتی گیران، فەلاقەکردن و ئەشکەنجەدانیان پڕ بەدەنگی خۆیان دروشمەکانی سەرەوەیان بە پیاهەڵدان بە قاسم-ی دیکتاتۆر دەگوتەوە. هەرچەندە ئەو نەخۆشیەی حزبی شیوعی عێراق پازدە ساڵێک بەر لە نەخۆشی ستۆکهۆڵم بووە، بەڵام چونکە سویدییەکان بەم نەخۆشییەی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقیان نەزانیبوو، ئەگینا ناویان دەنا کۆپی نەخۆشی شیوعیانەی عێراق لە ستۆکهۆڵم. شیوعییەکان و حزبی شیوعی عێراق بەردەوام بۆ داکۆکی کردن لە قاسم دەیانگوت: (ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر سیاسەتی خەبات کردن لە دژی لایەنی نادیموکراسی قاسم و پاڵپشتی کردنی دەسەڵاتی ئەو لە دژی ئیمپریالیزم)، یان بێشەرمانە دەیانگوت: (دەسەڵاتی کەریم قاسم لە سیاسەتی دەرەوە نیشتمانی و لە سیاسەتی ناوخۆدا کۆنەپەرستانەیەو هەڵویستی بەرگری کردن لە دەسەڵاتی ئەو لەبەر ئەم هۆکارە وەرگیراوە)، کە لە ڕاستیدا ئەمانە لادان بوو لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم، دەبوایە هەوڵی وەرگرتنی دەسەڵات بدەن مادام ڕژێمی قاسم نادیموکراسی و دیکتاتۆری بوو.

قاسم، لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی دەسەڵات و تا ساڵی (1960)، بیست و دوو هەزار شیوعی و لایەنگری ئەوانی زیندانی کردووە، (269) ئەندامی لێ تیرۆر کردوون، لەنێوان ناوەڕاستی ساڵی (1959)دا تا مانگی ئایاری ساڵی (1960)، سەد و دوازدە (112) ئەندام و دۆستی ئەوانی ڕەوانەی سێدارە کردووە، سەرەڕای دەرکردنی (1800) ئەفسەری شیوعی و کورد لە سوپا کە لایەنگری ڕژێمی قاسم بووینە، لەگەڵ دەرکردنی نەزیهة جودة الدلیمي لە وەزارەت؛ (دکتۆر هادي حسن علیوي([116]) و ثمینة ناجي یوسف و نزار خالد()، لە (سلام عادل سیرة مناضل 1؛[117]) و (سلام عادل سیرة مناضل 2؛[118])، سەمینە هاوسەری سەلام عادل بوو، باسی ئەوە دەکەن کە سەلام عادل لە کۆنگرەی بیست و دووەمی حزبی شیوعی سۆڤێتی لە ڕۆژانی (17-1961/10/31)، ئاماژەی بە تاوانەکانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ڕژێمی قاسم کردووە لەدژی شیوعییەکان، دیموکراسی و نیشتمانییە دڵسۆزەکان داوە، کە (269) تیرۆر کراون، دادگا نەریتییەکان (المجالس العرفیة) بڕیاری لەسێدارەدانی (106) شیوعی و کەسانی دیموکراتیخوازی داوە، لەنێویاندا چوار سەرباز لەسێدارە دران کە بەشدارییان کردبوو لە خامۆشکردنی پیلانگێڕی موسڵ، زیاتر لە چوار هەزار کەسیشیان بە زیندانی کردن سزا داوە کە زۆربەیان بە سزای هەتاهەتایە زیندانی کراون، تەنیا لە ساڵی (1960)دا (22) هەزار هاووڵاتی زیندانی کراون، دەستدرێژی کراوەتە سەر (7510) ڕێکخراوە دیموکراسییەکان، کرێکاری، جوتیاران و هاووڵاتیان کە (1572)یان بریندارن. هەروەها (3424) خێزان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەزۆر دەرکراون، ڕاگوێزراون، خانوویان سووتێنراوەو سامانیان بەتاڵان بردوون، سەرەڕای دڕندەیی و دیکاتۆریەتی قاسم کەچی شیوعییەکان تا ئێستاش دەیپەرستن. هەندێک لە خەسڵەتە قێزەون و بۆرژوازییەکانی حزبی شیوعی عێراق کە لە ماوەی (92) ساڵی تەمەنی ئەو حزبە کە دەقی پێگرتووە، وەکو لوتبەرزی، خۆبەگەورەزان، ناڕاستگۆیی، تۆمەتبەخشین، چیرۆک داڕشتن، ناڕەوایی کردن و نادادپەروەرییان لادانە لە ڕێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم.

[116]- دکتور هادي حسن علیوي، علاقات عبدالکریم قاسم بألاحزاب السیاسیة ... الحلقة الثانیة (العلاقات مع الشیوعیین)، 2021/5/28، موقع کتابات الألکتروني.

[117]- ثمینة ناجي یوسف و نزار خالد، سلام عادل سیرة مناضل 1، ص(322).

[118]- ثمینة ناجي یوسف و نزار خالد، سلام عادل سیرة مناضل 2، ص(119).

## دووەم: عروبییەتی حزبی شیوعی عێراق:

حزبی شیوعی عێراق، لە سەرەتای دامەزراندنیدا دروشمی: (ئەی کرێکاران و جوتیارانی جیهانی عەرەبی یەکگرن) بەرزکردەوە، لەم دروشمەدا باسی عێراق ناکرێت، کەواتە ئەم حزبە حزبێکی عەرەبی بووەو بەس نەک عێراقی! سەرەڕای عەرەبەکانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، تەنانەت ئەندامەکانیشیان جیاوازی نێوان کوردو عەرەبیان دەکرد، ئەوان بۆ شەڕی دژ بە یەکێتی بە پشتیوانی پاسدار لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەرەی جود سێلوێ لە ڕۆژی (1983/5/24)دا زۆر شۆڤینیستانە بڕیاری ئەوەیان دا هێرش بکەنە سەر مەڵبەند و هێزی یەکێتی، بەڵام هەمان کات داوایان دەکرد شەڕی پێشمەرگە لەدژی ڕژێمی بەغدا بوەستێنرێت، خۆیان و لایەنە کوردییەکان بچنەوە پاڵ ڕژێم و بەشداری جەنگی عێراق - ئێران (قادسیەی سەدام/ قادسیەی دۆڕاو) بکەن شانبەشانی سوپای بەعس و سەدام لەدژی ئێران. فەهد، سکرتێری حزبی شیوعی عێراق، خۆیی و حزبەکەی کوردیان بە کەمەنەتەوە داناوە نەک نەتەوە، کە لە لاپەڕە (110)ی پەرتووکی (تەواوی نووسینەکانی هاوڕێ فەهد)، کە جەلال دەباغ وەریگێڕاوە بۆ کوردی نووسراوە، تەنانەت جیابوونەوەی کوردو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییان لە باشووری کوردستان بە هەڵە زانیوە، کە هەر فەهد، سەبارەت بە جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، نووسیویەتی: (دروشمی جیابوونەوەی کورد لە دەوڵەتی عێراق لە دروشمێکی هەڵە بەولاوە، هیچی تر نییە. وە بە هیچ جۆرێک سوودی بۆ زۆربەی زۆری جەماوەری گەلی کورد نییە؛ ماجد عبدالرضا([119])، إبتسام سلمان عطية الغزي([120])، سعاد خيري([121])، بێگومان ئەم بۆچوونەی فەهد و حزبی شیوعی عێراق هەڵقولاوی بیری شۆڤینیزمی بۆگەنی عەرەبییە، کە ئەو بۆچوونە ڕەگەزپەرستانە تەنانەت لە سکرتێری حزبی شیوعی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی و ژمارەیەکی ئێجگار

---

[119]- ماجد عبدالرضا، المسألة الكوردية في العراق، من منشورات طريق الشعب، ص(80).

[120]- إبتسام سلمان عطية الغزي، موقف الحزب الشيوعي العراقي من القضية الكردية (1934-1968) في العراق، ص(39)،

[121]- سعاد خيري، فهد والنهج الماركسي اللينيني في قضايا الثورة، ص(96).

زۆری شیوعییە عەرەبەکاندا بوونی هەبووەو هەیە. لە شەڕە ناوخۆکانی ساڵانی (1986-1983)دا هەر دیلێکی یەکێتی بە ڕێکەوت و هەڵە کەوتبێتە دەستیان هەموویان بە بڕیاری بەزۆر سەپێنراوی عەرەبەکان بەسەر کوردە شیوعییەکان گوللەباران کراون، هەتا گەر ئەو دەستەیەی شیوعی بۆ نموونە پازدە کەس بووبن و دوازدە کوردو سێ عەرەب و فەرماندەکەشیان کورد بوو بێت، سێ عەرەبەکە کوردەکانیان بە شۆڤینی تۆمەتبار کردووە گەر بڕیارەکەی ئەوان جێبەجێ نەکەن، کوردەکانیش بۆ ئەوەی بە دڵسۆزی حزبی شیوعی عێراق بمێننەوەو بە کوردپەرست تۆمەتبار نەکرێن، قایل بووینە دیلە یەکێتی-یەکان گوللە باران بکرێن. ژمارەی تەواوی ئەو پێشمەرگانەی یەکێتی بەدەستی شیوعی لە بۆسەی لەناکاودا کوژراون، یان بە بڕیاری عەرەبە شۆڤینیستەکانی نێو حزبی شیوعی کوژراون (39) پێشمەرگەیە.

نەک تەنیا جیاکاری و ململانێی نەتەوەیی لەنێو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق-دا هەبووە، بەڵکو جیاکاری و ڕقی نێوان ئایین و ئایینزاکانی گەلی عێراق لەنێو ئەو حزبەدا هەبووە، بۆ نموونە بەگوێرەی ئەم چوار سەرچاوەیە: (صلاح الخرسان([122])، بدر شاكر السياب([123])، مالک سيف رمح ([124])، و سەمیر عەبدولکەریم،[125])، عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق قەساب ئەلشێخلی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هەر لە ساڵی (1947)ەوە دەستی تێکەڵ کردبوو لەگەڵ پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە حوسێن محەمەد ئەلشەبیبی ناسراو بە صارم کە پەیوەندی لەگەڵ خەدیجە-ی خوشکی ناوبراو هەبوو، وەکو ژن و مێرد بەبێ مارەبڕین لە ماڵە حزبییەکان دەژیان، ئەم ڕەفتارەی صارم بووە هۆی ئەوەی کە لەبەرچاوی فەهد بکەوێت، هەر بۆیەش فەهد، زەکی بەسیم-ی کردە دەستە ڕاستی خۆی، سەرەڕای ئەوەی کە حوسێن ئەلشەبیبی کەسێکی ڕۆشنبیری دیار، نووسەرێکی سیاسیی و خاوەن پەیوەندییەکی جەماوەری و سیاسی فراوانتر بوو. فەهد لەسەر کێشەی مارەکردنی خەدیجە، صارم-ی پشتگوێ خستبوو. دوای سکپڕکردنی

---

[122]- صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق الحركات الماركسية 1920-1990، مؤسسة المعارف للمطبوعات، ص(60).

[123]- بدر شاكر السياب، كنت شيوعيا، إعداد وليد خالد أحمد حسن، منشورات الجمل، ص(74-75).

[124]- مالک سيف، للتأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، ص(93+239-238).

[125]- سەمیر عەبدولکەریم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، الجزء الأول 1934-1958، دار المرصاد، ص(49).

خەدیجە، عەبدولوەهابی برایی و باوکی لە ڕێگەی فەهد زۆر هەوڵیان دا کە ئەلشەبیبی (صارم) کچەکەیان بخوازێت، هەتا گەر بۆ ماوەیەکیش بێت، بۆ پاراستنی ئابڕوویان، کەچی صارم بە فەهد-ی ڕاگەیاند: {من سەر بە ئایینزایەکم و کچەش ئایینزایەکی تر، باوکیشم چەند نەریتێکی ئایینی بەرانبەر بە کرێی ڕۆژانە بۆ خەڵک دەکات، گەر من ژنێک لە ئایینزایەکی تر بخوازم، کەس باوکم بەکرێ ناگرێت و لە برسان دەمرێت، هەم پێگەی کۆمەڵایەتیمان زیانی گەورەی بەر دەکەوێت}، عەبدولوەهاب توڕە دەبێت، سەرەتا خوشکەکەی خۆی دەکوژێت، دواتریش بە مەرجی ئەوەی کە سزای نەدەن شوێنی فەهد و هاوڕێکانی بۆ پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان ئاشکرا دەکات و هەموویان دەگیرێن؛ بدر شاکر السیاب([126])}.

مالک سەیف ڕمح، باسی دەکات لە پایزی ساڵی (1946)دا لەسەر داوای فەهد دەچێتە سەماوە بۆ بینینی سامی نادر، هاوسەری ناوبراو بەر لە هەموو شتێک باسی گێچەڵە سێکسییەکانی حوسێن محەمەد ئەلشەبیبی ناسراو بە سارم کە بەو ژنەی کردووە بۆ مالک سەیف دەکات، سەرەڕای ئەوەی کە ئەلشەبیبی لە ماڵی سامی نادر و هاوسەرەکەی کە جولەکە بووینە ژیاوە، مالک ئەو ڕەفتارەی ئەلشبیبی بۆ فەهد دەگێڕێتەوە، کەچی فەهد کەمتەرخەم دەبێت لە سزادان و دەرکردنی ناوبراودا. مالک سەیف، باسی عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق ئەلقەساب ئەلشێخلی دەکات کە لە ڕێگەی نائل ئەلحاج عیسا یارمەتیدەری هۆبەی تایبەتی لە لێکۆڵینەوەی تاوانەکان (فەهد، حازم، صارم، یەهودا، جاسم حەمودی، عەزیز محەمەد، دایکی عەزیز محەمەد، هادی عەبدولڕەزا) و چەندان کەسی دیکەشی لە کەرکوک بەگرتدا([127]). ئەو نموونەیەی سەرەوە بۆمان ئاشکرا دەکات کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی تەنیا بەهۆی جیاوازی ئایین و ئایینزاوە ئامادە نەبووە کچێک بکاتە هاوسەری خۆی کە سەر بە هەمان ئایینزای خۆی نەبووە. دکتۆر ڕەفیق سابیر، لە بابەتی (ئەوینکوژیی کۆمەنیستانە بە بەهانەی ئاینی)، باس لە خۆشەویستی پاک و بێگەردی لینا-ی کچە عەرەبی شیعە و سەلام کوردی ئێزیدی لە بارەگای توژەڵە دەکات، کە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیی

[126]- بدر شاكر السياب، كنت شيوعيا، ص(74-75).

[127]- مالک سيف، للتأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، ص(239-238).

حزبی شیوعی عێراق، بە بیانوی ئەوەی کە لێنا شیعەیە و سەلام ئێزیدی، ڕێگرییان لە هاوسەرگیری ئەم دوو دڵدارە کردووە، سەلام دەگوازنەوە بۆ مەڵبەندی بادینان، سەلام بەردەوام نامە بۆ هاوڕێیانی توژەڵە دەنێرێ و ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی تۆمەتبار دەکات، کە ڕێگری لە بەیەک گەیشتنی سەلام و لێنا (شیعەی نەجەف) کردووە، بە هۆی نامەکانەوە لە بادینانەوە سەلام دەهێننەوە بۆ توژەڵە و نزیکەی دوو مانگ زیندانی دەکەن. دواتر بە دڵشکاوی دەینێرنەوە بادینان و لەوێ دەکوژرێت([128]). ناوی تەواوی سەلام (حەمید دەخیل سلێمان/ 1951/ بەحزانی/ بەعشیقە/ موسڵ)ەو دواتر کۆلیژی ئەفسەری لە یەمەنی باشوور تەواو دەکات و بە ملازم سەلام دەناسرێت، تا لە ڕۆژی (1985/11/19)، لە گوندی بیبانی لە ئەلقۆش دەکەوێتە بۆسەی مەفرەزە خاسەی موخابەرات و دەکوژرێت، پێویستیم بە ناوی تەواو، ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی لێنا هەیە هەرکەسێ دەیزانێت، هیوادارم بۆم بنووسێت. ڕەفیق سابیر، ئەوەشی نووسیوە کە دوای ئەوەی ئەو لە شاخ بەرەو هەندەران ڕۆیشتبوو، هەمان ڕەفتار بەرانبەر دوو پێشمەرگەی دیکە، کوڕێکی کریستان و کچێکی کوردی موسڵمان کرابوو (پێویستیم بە ناوی تەواوی هەردووکیان، ساڵ و شوێنی لەدایکبوونیان هەیە لەگەڵ چارەنووسیان، هیوادارم هەرکەسێ زانیاری رودو تەواوی هەیە بۆمی بنووسێت). ئەوەیە حزبی فول عەشایەر و خێڵەکی و مەزهەبگەری، مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە و سەڵەواتێک لێدە لەبەر خاتری ئەو ئەندامە فول عەشایەرو مەزهەبگەرییە ئیسلامییانەی نێو حزبی شیوعی عێراق. دکتۆر ڕەفیق سابیر([129])، دووبارە باسی ئەوە دەکات کە عەقڵییەتی دواکەوتووی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە کچێکی شیعە و کوڕێکی ئێزیدی، هەروەها کچێکی کوردی موسڵمان و کوڕێکی کریستان بەهۆی جیاوازی ئایینەوە، نەتوانن بە ئاواتی دڵیان بگەن و هاوسەرگیری بکەن.

---

[128]- ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، چاپخانەی چوار چرا، ل(324-325).

[129]- دکتۆر ڕەفیق سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل(410).

## سێیەم: ئاژاوەگێڕی شەڕفرۆشی حزبی شیوعی عێراق:

حزبی شیوعی عێراق، وەکو هەر حزبێکی ئیسلامی و عروبی عێراقی سەرچاوەی ئاژاوەگێڕی و شەڕفرۆشتن بووە لەدژی کورد کە بە ئاسانی لەنێو سەرکردایەتی حزبەکەیان، کادیران و ئەندامەکانیان هەستی پێکراوە، زۆرێک لەو سەرکردەو فەرماندانەی شیوعی لە یاداشتەکان و چاوپێکەوتنەکان باسی دەکەن کە شەڕەکە شەڕی ئەوان نەبووەو حزب خۆی تێکەڵ بە شەڕەکان کردووە، کەواتە سەرکردایەتی حزبی شیوعی سەرکردایەتییەکی شەڕانگێز بووە، ئەوان دەڵێن شەڕی یەکەممان بۆ پارتی و دووەمیشمان بۆ ئێران کرد، کەواتە بوونەتە جاشی پارتی و ئێران. حزبی شیوعی عێراق، لای یەکێتی وا نیشانی دەدا ئەوان بێلایەن، نێوەندگیر، ڕیشسپی و ئاشتیخوازن، کەچی ژێر بەژێر پێچەوانە ڕەفتاریان دەکرد، ئەوان هەر لە ساڵی (1981)ەوە خۆیان یەکلایی کردبووەوە بۆ پشتیوانی بەرەی جود لەدژی یەکێتی، ڕاپرسییەکیان لەناو سەرکردە، کادیر، فەرماندەو پێشمەرگەکانی خۆیان کردبوو، لە ڕاپرسییەکەدا زۆربە بڕیاری دابوو شانبەشانی بەرەی جود شەڕی یەکێتی بکەن.

نامەی ژمارە (235)ی ڕۆژی (1981/11/1)ی حزبی شیوعی عێراق بۆ کۆمیتەی هاوبەشی بەرەی جود ناردوویانە و لە بڕگەی (2)دا هاتووە: (وەک پێشترو ئەم ئێوارەیە بۆمان نووسین، دوو جار کۆمەڵی مام جەلال هاتن بۆ لامان داوای بێلایەنی ئێمەیان کرد لە باڵەک، گوتمان شتی وا نییە و نابێ. داوای ئاگربەستی کاتیان کرد تا دەگەینە چارەسەرێکی مامناوەندی، گوتمان ئێمە هاوکاری جود دەکەین). ناوەڕۆکی ئەو نامەیە دوورە لە ڕاستی و ئەوان هەرگیز لای یەکێتی بەڕاشکاوانە بۆچوونی خۆیان دەرنەدەبڕی، بەڵام ڕەفتاریان ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی ئەم نامەیە بوو، ئەوان هەردەم لای یەکێتی خۆیان بە بێلایەن، نێوەندگیر، ڕیشسپی و فریشتەی ئاشتی دەناساند وەلێ لەژێرەوە ئاگری ژێر کا بوون، یەکێتی ئەوەی باش دەزانی.

نامەی حزبی شیوعی عێراق (1981/10/30)، بۆ مەکتەبی عەسکەری و مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان نووسیویانە: (هیوادارین کوشتنی عەولا

سوور هاندەرمان بێت بۆ سەندنی تۆڵەیان)، ئەمەش دەیسەلمێنێت حزبی شیوعی عێراق حزبێکی ئاژاوەگێڕی دووڕوو بووە، لە ژێرەوە ئاژاوەگێڕو لەسەرەوە ئاشتیخواز.

لە نامەیەکی دیکەیان کە لە ڕۆژی (1983/2/8)دا بۆ قادر عەزیز-ی حسک نووسیبوویان: (یەکێتی نیازی پەلاماردانی ئێوەی هەیە، ئێمە سەد پێشمەرگە دەنێرین بۆ ئەوەی بەرلەوەی پەلامارتان بدەن، پێکەوە لە یەکێتی بدەین)، ئەوان نەک بە نامە بەڵکو بە کردەوەش سەلماندیان کە بە بەردەوامی بە کاروانی (40-50) ئۆتۆمۆبێلی لە بەستی شەرغە و نێرەگین لەگەڵ حسک دەگەڕان و جیانەدەبوونەوە، گەڕانی بەردەوامیان لەگەڵ حسک بەمشێوەیە و جیانەبوونەوە لێیان سەلمێنەری ئەوەن کە ئەوان شەڕخوازن.

نامەکان بەڵگەن بۆ ئەوەی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵانی (1981-1983)دا لەژێرەوە لە هەوڵی ئاژاوەگێڕی، پلاندانان و هێرشکردنە سەر یەکێتی بووە، کەچی لای یەکێتی و ڕاگەیاندنی خۆیاندا ناڕاستگۆیانە خۆیان بە فریشتەی ئاشتی و نێوەندگیر دەناساند.

نامەی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (25/26-11-1981)، لەلایەن ئەحمەد بانیخێڵانی بۆ حسک نووسراوەو دەڵێت: (پێم باشە ڕۆژی (198/11/29) بتوانین سەفەرەکە بکەین)، کۆدی نێوان بەرەی جود بۆ هێرشکردنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (سەفەرەکە بکەین)، واتە هێرشەکە بکەین. ئەم نامەیە و نامەکانی سەرەوەش بەڵگەی یەکلاکەرەوەن کە دەیسەلمێنێت سەرانی حزبی شیوعی عێراق و بانیخێڵانی ئاژاوەگێڕو شەڕخواز بووینە، ئەوان شەڕەکەیان هەڵگیرساندووە.

هاوڕێیەکم کە بەرپرسی دەزگایەکی گرنگی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، زۆر جارو دوێنیش (2026/5/9)، هەمان شتی بۆ گێڕامەوە بەڵام داوایکرد ناوی ئاشکرا نەکەم، ئەو گوتی: (ڕەسوڵ مامەند سکرتێری پێشووی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، باسی کرد کە ئەوان لەژێر فشارێکی زۆر (بەرەی جەوقەد)یان جێهێشت و (بەرەی جود)یان دامەزراند، حزبی شیوعی عێراق بە بەردەوامی ڕۆڵی ئاژاوەگێڕی و گەورەکردنی کێشەکانیان دەبینی بۆ ئەوەی شەڕی یەکێتی بکەین، گەر ئەو حزبە نەهاتبایە شاخ شەڕە ناوخۆکان هەرگیز بەمشێوەیە گەورە نەدەبوو). محەمەد حاجی مەحمود، سکرتێری دواتری حسک، هەمان شتی لە یاداشتەکانی خۆیدا باسکردووە کە ئەوان لەژێر فشار بەشداری بەرەی جود بووینە، هەروەها دکتۆر ڕەفیق سابیر-یش ئەو ڕاستییەی باسکردووە گەر حزبی

شیوعی بەرەی جود-ی لەگەڵ حسک و پارتی دروست نەکردبایەو ئەوانی نەهێنابایەوە بۆ پشتئاشان و وەرتێ شەڕە ناخۆکان بەمشێوەیە گەورە نەدەبوو.

حزبی شیوعی عێراق، حزبێکی (زماندرێژی بێدەسەڵات) بوو، لەنێوان (15-1983/4/30)دا لە ڕادیۆکەیان هاواریان دەکرد: (تێکدەرانی یەکێتیی نانیشتمانیی ناکوردستانی/ مخربي الإتحاد اللاوطني اللاكوردستاني، جاشە نوێکانی 1983و کۆنە جاشەکانی 66)، بە ڕادیۆی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەگوترا (دەنگی تێکدەری شۆڕشی عێراق)، لەکاتێکدا خۆیان تێکدەری یەکڕیزی و شۆڕشی گەلی کوردستان و عێراق بوون، هەمانکات بێشەرمانە و سادییانە وتاری (لەوێدا هەندێک کەللە سەری گەرم هەن دەبێ سارد بکرێنەوە/ بإن هناك رؤوسا ساخنة يجب تبريدها)، لە نووسینی کەریم ئەحمەد بەردەوام بڵاودەکرایەوە، ئەوان چەند بروسکەیەکیشیان بۆ مەڵبەندەکانی سلێمانی - کەرکوکی خۆیان ناردووە، تا بچنە پاڵ بەرەی جود بۆ شەڕی یەکێتی. ئەوان پێشتریش لە شەڕی پایزی ساڵی (1981)دا کە سەرەتا بە فڕتوفێڵ حسک و پارتیان هێنایە ناو وەرتێ و دواتر بەناوی سەردان تەواوی بنکەو بارەگانی یەکێتی لەنێو ئەو گوندەد دەستی بەسەردا گیراو نزیکەی (30-35) چەکی یەکێتی بردراو نەدرایەوە، یەکێتی لە هەڵمەتێدا لە تەواوی ناوچەکەدا دەریکردن، لە ڕادیۆی پارتی، ڕاگەیاندنەکانی بەرەی جودو سیمیناری گوندەکان بە هەمان شێوە تۆمەتی جاشێتیان دەدایە پاڵ یەکێتی، خۆ ئەوکاتە هیچ گفتوگۆیەک لە گۆڕێدا نەبوو. یەکێتی دوو نامەو بروسکەیەکی بۆ حزبی شیوعی ناردووە بۆ ئەوەی بێلایەنیان بکات، وەلێ وەڵامیان نەدانەوە، وەڵام نەدانەوەی دوو نامە و بروسکەکە کەواتە شەڕخوازن و شەڕیان دەوێت. ئەوان ئاژاوە دەنێنەوە، هێرش دەکەنە سەر مەڵبەندی یەکێتی و داگیری دەکەن، پێشمەرگەی یەکێتی لە بۆسەی ناڕەواو هێرشە بێپاساوەکانیان دەکوژن، پلانی پەلاماردانی مەڵبەندەکانی دیکە و سەرکردایەتی دادەنێن، لە بەرانبەردا لەبەر لووتبەرزی و خۆبەگەورەزانی بۆرژوازیانەیان، مافی بەرگری لەخۆکردن بە یەکێتی و هیچ نەیارێکیان بەڕەوا نابینن!

## چوارەم: بێبەڵێنی و فێڵبازی حزبی شیوعی عێراق:

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، حەوت ڕێککەوتنی دوو قۆڵی چەند قۆڵی لەنێوانیاندا هەبوو، بەڵام حزبی شیوعی پابەندی هیچیان نەبوو، بەشداری تەواوی پلاندانان، هێرش و پەلامارەکانی بەرەی جود-ی دەکرد بۆ سەر یەکێتی، مێژووی تاوان و هێرشەکانیان لەدژی پێشمەرگە و داگیرکردنی بنکە و بارەگای مەڵبەندی چوار ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەوان هەردەم دەستپێشخەر بووینە لە هێرش و شەڕەکان، وەلێ تەنیا لەکاتی شکستدا هاواری هەڵدەستاو باسی ڕێککەوتنەکانی دەکرد، هەمان کات یەکێتی بە شەڕخواز تۆمەتبار دەکرد. بە کردەوەش دەرکەوت هەر ڕێککەوتنێکی لەگەڵ یەکێتی کردبێت، تەنیا بۆ خافڵاندنی یەکێتی بووە تا لەناکاو پەلاماری یەکێتی بدەن. بۆ نموونە، پابەندی هیچ کام لەم ڕێککەوتنانە نەبوو:

**یەکەم:** ڕێککەوتنی ڕۆژی (1982/7/7)ی ناوزەنگ.

**دووەم:** ڕێککەوتنی (1983/2/6)ی ناوزەنگ.

**سێیەم:** ڕێککەوتنی نۆزدە قۆڵی هێزە کوردستانی و عێراقییەکان لە تەرابلوس لە ڕۆژی (1983/2/6)، کە حزبی شیوعی عێراق دواتر لە ڕۆژی (1983/3/1)دا لە دیمەشق کشایەوە.

**چوارەم:** ڕێککەوتنی (1983/2/19)ی کانیبەرد.

**پێنجەم:** ڕێککەوتنی (1983/3/8)ی دەشتی هەولێر (بەستی شەرغە).

**شەشەم:** ڕێککەوتنی (1983/4/16)ی یەکەمی شێخوەسانان.

**حەوتەم:** ڕێککەوتنی (1983/4/26)ی دووەمی شێخوەسانان.

سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هیچ باوەڕی بە سەرکردایەتی شیوعی نەبوو، بۆیە لە ڕێککەوتنی یەکەم و دووەم، ڕاشکاوانە بە حزبی شیوعی عێراق دەڵێن: (لەدوای ئەم ڕێککەوتننامانە لە خوارەوە شەڕی هێزەکانی یەکێتی بکەن و لەسەر شەڕفرۆشتنی پێشووتان بەردەوام بن، لێناگەڕێین بە ئاسوودەیی لە پشتئاشان دانیشت، کە ئێوەن لە پشتئاشان بڕیاری شەڕ لەدژی یەکێتی دەدەن)، وەلێ ئەوان هەر بەردەوام بوون

لەسەر ئاژاوەگێڕی، پیلانگێڕی، فێڵکردن و شەڕفرۆشتن بە هاوکاری بەرەی جود بە هێزەکانی یەکێتی. تەنانەت دوای شەڕەکانیش یەکێتی دوو ڕێککەوتنی لە ڕۆژی (1983/5/10)دا، یەکەمیان لە ناوزەنگ لەنێوان مام جەلال و کەریم ئەحمەد مۆرکرا، دووەمیشیان لە سنووری مەڵبەندی یەک لە گوندی دێوانە لەگەڵ نوێنەری بەهائەدین نوری، وەلێ هیچ کام لە لایەنی شیوعی پابەند نەبوون.

## پێنجەم: بەشداری حزبی شیوعی عێراق لە شەڕو تاوانەکان لەدژی یەکێتی:

ئەوان بەر لە پشتئاشان لە سێ تاوانی دژ بە یەکێتی بەشدار بووینە، سێزدە پێشمەرگەیان کوشتووە، پازدەیان بریندار کردووە، پلانی پەلاماردانی مەڵبەندی سێی وەرتێ و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی-یان داناوە، گەر هێزەکانی هەولێر و بادینان-یان بگەیشتنایە نەخشەکەیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام ئەوان نکۆڵی لە تاوان، هێرش و بۆسەکان دەکەن لەدژی یەکێتی سەرەڕای ئەوەی بەشداری کردنەکانیان دواتر ئاشکرا بووە چونکە پێشمەرگەیان بەشداری کردووە، بینراون و برینداریان هەبووە، ئەو وتەیە لەسەر ئەوان جێبەجێ دەبێت: (مانگا بەدزی کەڵ دەخوات، وەلێ بەئاشکرا دەزێت). شیوعییەکان هەردەم هەوڵدەدەن بۆ شاردنەوەی تاوانەکانی خۆیان پەناببەنە بەر سەدان و هەزاران ناڕاستی، هەمان کات تۆمەتەکانی خۆیان دەخستە ئەستۆی یەکێتی و ئەویان پێ تۆمەتبار دەکرد، لەلایەکی دیکەوە لە هەموو شکستێکیاندا دیسان دەستیان دەکرد بە تۆمەتبارکردنی یەکێتی کە گوایە سەرەڕای بێلایەنی ئەوان، یەکێتی ڕێککەوتنامەکانی نێوانیانی پێشێل کردووەو پەلاماری داون. ئەوان بە گفت بێلایەن و بە کردەوە شەڕانگێز، شەڕخواز و ئاژاوەگێڕ بوون. ئەوان تەنانەت لەگەڵ خۆیان ڕاستگۆ نەبوون، بڕیاری پاشەکشەیان دابوو لە پشتئاشان بڕیارەکەیان نەگەیاندبووە پۆل، بەتالیۆن و لقەکانی خۆیان، ئەو بڕیارەشیان تا دوای ڕاپەڕین لە هێزەکانی خۆیان شاردبووەوە، دوای نووسینی بیرەوەری و چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکان لە ساڵانی نەوەدو دوو هەزارەکان ئاشکرایان کرد، بۆیە بەکوشتدانی ئەنقەستی پێشمەرگەی خۆیان لە پشتئاشان ڕێی تێدەچێت، کە زۆربەیان ڕەخنەگر بوون، داوای بەستنی کۆنگرەیان دەکرد، هەندێکیشیان بەفێڵ هێنرابوونەوە کوردستان و داوای گەڕانەوەیان دەکرد، کە ئەوانە بە فەسیڵی ژێر بەتانی ناسرابوون.

## شەشەم: دیلکوشتن و ناڕاستگۆیی حزبی شیوعی عێراق:

حزبی شیوعی عێراق و شیوعییەکان، دەیانەوێت مێژوو بە گێڕانەوەکان و چیرۆکە داڕێژراوەکانی خەیاڵی ئەوان بنووسرێتەوە نەک بەڵگەنامەو مێژووی شەڕەکان، کە گێڕانەوەکانی ئەوان (98%)ی ناڕاستە، بەڵام ئەوان تەنیا باوەڕ بە گێڕانەوە پڕ لە ناڕاستییەکان، چیرۆک هەڵبەستن و تۆمەت بەخشینەکانی خۆیان دەبەستن و تەواوی بەڵگەکان ڕەتدەکەنەوە. دیلکوشتن و کوشتن لە دەرەوەی دادگا کلتوری لەمێژینەی ئەوانە و هەر ئەوان کلتوری کوشتن، ڕاکێشان بەدوای ئۆتۆمۆبێل لە شەقامەکان (السحل) و ڕاکێشان بەدوای وڵاغی بەرز لە دێهاتەکان، هەڵواسینی تەرمی کوژراوەکان بەسەر دار، دەرگا و دەروازەی شارەکانیان کردە کلتوری دوای خۆیان لە عێراق و کوردستان، بەتایبەت ئەو کۆمەڵکوژییەی لەدوای هەوڵی کۆدەتای عەبدولوەهاب ئەلشەواف لە ڕۆژی (1959/3/8)دا شیوعییەکان لە موسڵ و دەملماچە گەورەترین کۆمەڵکوژی لایەنگرانی شەواف و بەعسییەکانیان کرد، کوشتن بە ڕاکێشان (السحل)، بەرد، دارو ئاسن، دواتر بەدوای ئۆتۆمۆبێل ڕادەکێشران و جەماوەری شیوعی بە دارو ئاسن لە تەرمەکانیان دەدان، پاشانیش بە دەرگاو درەختەکانی سەر سۆشتەی شەقامەکانی شار هەڵیان دەواسین، ئەوان سادین و سادیزم تێکەڵ بە خوێنیان بووە بۆیە بەئازارەوە قوربانی و دیلەکان دەکوژن چونکە چێژ لە ئازاردانی کوژراوەکان وەردەگرن. لە موسڵ و دەملماچە کرێکارێکیان کردبووە دادوەرو لایەنگرانی شەواف و بەعسییان دەهێنایە بەردەم ئەو بەناو دادوەرەو ئەویش هەر ئەوەندە تا دەیگوت: (بأسم الشعب، قررت محكمتنا بإعدام شنقا حتى الموت على المتهم ...../ بەناوی گەل، دادگاکەمان بڕیاری کوشتنی بە هەڵواسین تا مردن دەرکرد بۆ .....)، ئیتر لەشکری ستالینی شیوعی بە دارو ئاسن لە دەوروبەری ئەو دادوەرە (کرێکارە گەمژەیە) بەناو تۆمەتبارە سزادراوەکەیان وەردەگرت، هەر لەوێ بە دڕندانەترین شیوە دەیانکوشت، ئەوە مێژوویەکی دوور نییە و خەڵکی پارێزگای موسڵ بە باشی لەبیریانە. شیوعییەکان لە مێژووی عێراقدا یەکەم حزب بووینە میلیشیای چەکداریان هەبووبێ و دامەزراندبێ بەناوی بەرگری میللی (المقاومة الشعبية)، کە مێژوویەکی پڕ لە تاوان، خوێنڕشتن، بەرەڵڵایی و بێیاسایی لەدوای خۆی جێهێشت، بەعسییەکان الحرس القومي،

الجیش الشعبي)، شیعه (الحشد الشعبي) و سوننەکان (دەیان دەستەی تیرۆریستی ئیسلامی)، لە حزبی شیوعی عێراق ئەو کلتورەیان بۆ مایەوەو وەرگرت کە دواتر هەر یەکەیان بە ناوێک یان چەندان ناو میلیشیای خۆیان دامەزراند.

حزبی شیوعی عێراق، حزبی شیوعی کوردستان و شیوعییەکان ڕاستگۆ نینە کە گوایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هێرشی پشتئاشان، کۆمەڵکوژی عەرەبی کردووە، چونکە شەڕەکە شەڕی نێوان بەرەی جود بووە لەدژی یەکێتی و پێوەندی بە شەڕی دوو نەتەوە نەبووە. تەوای پارتە نەیارەکان دیلی یەکتریان کوشتووە، یەکێتی دیلی بەرەی جود-ی کوشتووە، ئەوانیش دیلی ئەوانیان کوشتووە. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تەواوی پێشمەرگەکانی ئەوان دوای دیلبوونیان گوللەباران کراون و هەر عەرەبێک بەدیلی کەوتبێتە دەستیان گوللەباران کراوە، وەلێ ئەوە ناڕاستییەکی بێبنەمایە، کە لە (47) دیلی شیوعی لای یەکێتی (21)یان عەرەب بوون و دواتر ئازادکران، لە ڕۆژی (1983/2/12)دا تا (1985/6/5)، یەکێتی (14) دیلی حزبی شیوعی ئازادکردووە کە (11) کورد، (2) ئاشووری و (1) عەرەب بوون، لە بەرانبەریشدا حزبی شیوعی (29) پێشمەرگەی یەکێتی بەدیلی و لە بۆسەدا گوللەباران کردووە یان کوشتووە، لەدوای شەڕی پشتئاشان (9) پێشمەرگەی یەکێتی بەدیلی کەوتنە دەست شیوعی کە دیلەکان شەڕیان نەکردووەو یەک فیشەکیان نەقەقاندووە لەنێویاندا دوو ئەندامی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لە گوندی (کەریم باسام) گرتوویانن و گوللەباران کراون کە برای یەکتر بوون، (9) پێشمەرگەشی لە بۆسەی لە ناکاودا کوشتووە. یەکێتی، لە بەرانبەر ئازادکردنی (3) دیلی خۆی لای شیوعی کە لە سەران گیرابوون، (19) پارتی و (3) شیوعی ئازادکرد. حزبی شیوعی عێراق، دەبوایە بە شەرمەوە باسی دیل کوشتنی بکردایە، چونکە سەرەڕای کوشتنی دەیان دیلی یەکێتی، ئەوان لە شەوی (1983/2/20)دا لە گوندی قامیشە-ی سنووری خەلەکان، دوو منداڵ بە ناوەکانی ڕێزان عەباس تۆفیق عومەر تەمەن کەمتر لە یەک ساڵ و کارزان عەباس تۆفیق عومەر تەمەن دوو ساڵ دەکوژن، کە برازای پێشمەرگەیەکی یەکێتی بوون. بەدڵنیایی چەند دیلێکی شیوعی گوللەباران کراون، لەلایەن کەسانێکی نەزان و سەرەڕۆ، هەروەها بە بەڵگەش ناڕاستییەکانی ئەوانم پووچەڵ کردەوە چونکە لە کۆی (62) کوژراوی حشع، بیست کورد، چل عەرەب، یەک ئاشووری و یەک مەندائی تێدایە، کەواتە نزیکەی (32,25%)ی کورد، نزیکەی (64,51%)ی عەرەب، نزیکەی (1,61%)ی ئاشووری و (1,61%)ی مەندائییە. لە شەڕی قەندیل

(1983/9/1-8/13)، یازدە شیوعی، چل و شەش پارتی و شەش سۆسیالیست کوژران. لە یازدە شیوعی هەشتیان عەرەب (72:72%)، دوو کورد (18:19%) و یەک ئاشووری (9:9%) بوون. لەم شەڕەدا حزبی شیوعی عێراق خۆی هێزەکانی خۆی، شوێن و کاتی شەڕەکانی هەڵبژاردبوو، هەر خۆیشی لە چوارچێوەی بەرەی جود هێرشی کردە سەر هێزەکانی یەکێتی کەچی ڕێژەی کوژراوانی عەرەب نزیکەی (8%)، لە شەڕی پشتئاشان زیاترە! ئەمەش بانگەشەی حزبی شیوعی عێراق، عەرەبە شیوعییە شۆڤینیستەکانی نێو حزبی شیوعی عێراق و کوردە شیوعییە داخ لە دڵەکانی دژ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی پووچەڵ دەکاتەوە بەوەی گوایە یەکێتی پاکتاوی ڕەگەزی عەرەبی کردووە لە شەڕی پشتئاشان و قەندیل، کە ماوەی چل و سێ ساڵە لەنێوان (2026/5/1-1983/5/1)، ئەم قەوانە سواوە و ناڕاستیە بێ بەڵگانە دووبارە، هەزار بارە و ملیۆن بارە دەکەنەوە.

لە شەڕی پستئاشان و شەڕەکانی دواتردا، یەکێتی زۆرجار دیلی حزبی شیوعی ئازادکردووە، وەلێ حزبی شیوعی تاکە دیلێکی یەکێتی ئازاد نەکردووە کە هیچیشیان لە شەڕدا نەگیراون، مەگەر بەگۆڕینەوە چەند دیلێکی ئازاد کردبێت، ئەگینا هەموویانی گوللەباران کردووە، زۆربەی دیلەکانیش لەلایەن شیوعییەکان ئەشکەنجە دراون بەر لە گوللەباران کردنیان، بۆیە هەق وایە حزبی شیوعی عێراق خۆی بێدەنگ بکات و بکردبایە، نەک پەنا بباتە بەر ئەم هەموو ناڕاستییانە، چیرۆک هۆنینەوە و تۆمەت بەخشینە.

## حەوتەم: پلانی هاوبەشی حزبی شیوعی عێراق و بەرەی جود بۆ لەناوبردنی یەکێتی:

بەرەی جود پلانی پێش وەختەیان هەبووە بۆ لێدان و پەلاماردانی یەکێتی، شەرفرۆشتن، بۆسە و پەلامارەکانیان ئەوەی سەلماندووە، کاتێک کە عەزیز محەمەد وەڵامی کەریم ئەحمەد دەداتەوە: (لەگەڵ پارتی هەماهەنگی بکەن لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، یان: (لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوە لە تاڵەبانی باشترە)، کەواتە ئەوان بەئاشکرا باسی دژایەتی کردنی یەکێتی دەکەن، پلانی هەماهەنگی دادەڕێژن بۆ لێدانی یەکێتی. ئەوان لە ڕۆژی (1983/4/15)دا لە باداوان بۆسەیان دانایەوە، لە ڕۆژی

(1983/4/27)دا لە پەلامارێکی مەڵبەندی چواری بالیسان مەڵبەندەکەیان گرت، لە ڕۆژی (1983/4/30)دا لەدوا کاروانی هێزەکەی یەکێتی دەدەن، لەم سێ هێرشەدا (13) پێشمەرگەیان کوشت و (15)ش بریندار، بۆیە لە ڕۆژی (1983/5/1)دا یەکێتی هەڵمەتی بۆ بردن. سابت حەبیب ئەحمەد ئەلعانی، باسی دەکات مەکتەبی سیاسی و سەربازی حزبی شیوعی عێراق، بەر لە ڕۆژی (1983/4/21)دا بڕیاری دابوو شەڕی یەکێتی بکەن، کەواتە ئەوان ڕاستگۆ نین کە (گوایە بەگوێرەی بانگەشەی خۆیان بێتاوانن و بڕیاری شەڕیان نەدابوو).

نامەی ئەحمەد بانیخێڵانی، ڕۆژی (1983/4/30)، بۆ مام ڕەسوڵ (ڕەسوڵە سوور)، مێژووی نامەکە دوای هێرشکردنە سەر مەڵبەندی چواری بالیسانە لە (1983/4/27)دا. بانیخێڵانی ئاواتەخوازە پەلاماری داهاتوویان شێرانە بێت، داوا دەکات لەوە خراپتریان بەسەربێنن کە لە بالیسان بەسەریان هێنان. مژدەیان دەداتێ کە هێزەکانی حزبی شیوعی هەولێر وا بەرەو لای حسک بەڕێوەن بۆ سەران و لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەگەنە لای ئەوان. باسکردنی کۆکردنەوەی هێز، پەلاماری شێرانە و پەلاماری داهاتوو سەلمێنەری ئەوەن کە حزبی شیوعی پلانی دیکەی هاوبەشیان لەگەڵ بەرەی جود بەدەستەوە بووەو لە نووسینەکەدا ڕوونکراوەتەوە، کەواتە شەرخوازن و بێلایەن نەبووینە.

نامەی مەکتەبی سیاسیی حسک، لە ڕۆژی (1983/4/28)دا نووسراوە، واتە یەک ڕۆژ دوای هێرشی بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی بالیسان لە (1983/4/27)دا. لە نامەکەدا داوا لە ئەحمەد فەقێ ڕەش دەکرێت بەپەلە هێزەکانی خۆیان و حشع بەرەو گوندی لێوژێ بکەونە ڕێ بۆ ئەوەی (لە وەرتێ و ئەو ناوەش تێیان سرەوێنن). واتە نەخشەی پەلاماردانی مەڵبەندی سێی وەرتێ-یان بەدەستەوە بووە و دەیانەوێت لەوێش لە یەکێتی بدەن.

بروسکەی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، لە ڕۆژی (1983/5/1)دا بۆ مەکتەبی سیاسی (حسک) نێردراوە: (ئەم بروسکەیەمان لە حدک پێگەیشتووە (بروسکەتان 53/ 4/30 هێزەکانمان لە دوو قۆڵەوە دێتە ناوەوە. یەکەم بۆ سەکران و ئێندزە و دووەمیش بۆ دۆڵەتوو و ناوزەنگ. ئێمەش هەر وەکو ئێوە بەپەلەین). ئەم بروسکەیە، نیازی بەرەی جود ئاشکرا دەکات، لە قۆڵی یەکەم بۆ سەر مەڵبەندی سێی وەرتێ و لە قۆڵ دووەم بۆ سەر سەرکرایەتی یەکێتی. بەڵام لای حزبی شیوعی عێراق، حزبی شیوعی

کوردستان و زۆربەی زۆری شیوعییەکان، بەڵگەنامە، بەیاننامە و نامەی نێوان سەرکردایەتی پارتەکانی نێو بەرەی جود نابنە بەڵگە، بەڵکو تەنیا ناڕاستی، چیرۆک داڕشتن و تۆمەتەکانی خۆیان دەبێتە بەڵگەو بەس.

## هەشتەم: پڕوپاگەندەی بەردەوام و ناڕاستگۆیی حزبی شیوعی عێراق:

حزبی شیوعی عێراق، هەر لە کۆنەوە بە ناڕاستگۆیی ناسراوە بۆیە لەنێو کورد کاتێک کە هەواڵێک دەبیسترێت و گومان لە ڕاستی هەواڵەکە دەکرێت، زۆرجار بۆ جەختکردن لەسەر ڕاستی هەواڵەکە پەنادەبەنە بەر ئەم وتەیە: (ئەوە پڕوپاگەندەی شیوعییەکانە)، یان دەگوترێت: (دەترسم پڕوپاگەندەی شیوعییەکان بێت)؟ ئەو دوو دەستەواژەیەش بە مانای ئەوە دێت کە (ئەوە درۆی شیوعییەکانە)! لەنێو عەرەبی عێراقیشدا هەمان وتە بەکاردێت، دەڵێن: (يابة، هاي دعاية الشيوعيين/ أخاف دعاية الشيوعيين). ڕەسوڵ مامەندی سکرتێری پێشووی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە ڕۆژی (1993/2/10)دا گەڕانەوە ناو یەکێتی، دواتر لای مام جەلال، ژمارەیەک سەرکردەو فەرماندەی یەکێتی باسی کردبوو کە ئەوان وەکو بەرەی جود لە کۆبوونەوەی سێلوێ ڕۆژی (1983/5/24)دا لەسەر پێشنیاری حزبی شیوعی بڕیاری ئەوەیان دابوو وەکو پڕوپاگەندەیەک لەدژی یەکێتی و بۆ شکاندنەوەی یەکێتی، سێ پارتە کوردستانییەکە لە ناوەوەی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق لە (عێراق، لە ڕێگەی حزبی شیوعی وڵاتە عەرەبییەکان و حزبە شیوعییەکانی هەندەران) هەوڵی ناوزڕاندنی یەکێتی بدەن بەوەی کە گوایە یەکێتی لەسەر داوای ڕژێم، بە چەکی ڕژێم و پشتیوانی تۆپبارانی سوپای بەعس هێرشیان کردۆتە سەر پشتئاشان لە بەرانبەر دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان ڕژێم و یەکێتی.

یەکێک لە تۆمەتە هەرە گەورەکانی حزبی شیوعی عێرق و بەرەی جود گوایە ڕژێم بە بەردەوامی وەکو هاوکاری یەکێتی تۆپبارانی هێزەکانی ئەوانی کردووە، بەڵام هیچیان ناتوانن بە بەڵگە ئەوە بسەلمێنن لە بەرانبەردا بەهۆی تۆپبارانی ڕژێم لە نیوەڕۆی (1983/4/30)دا لە ڕەزگە و مارەدوو بۆ سەر یەکێتی، (7) پێشمەرگە کوژران و (22)ش بریندار بوون. سەلام ئەلحەیدەر، ئەو ڕاستییەی نووسیوەو خۆی وەڵامی تۆمەت بەخشینەکانی شیوعی و بەرەی جود دەداتەوە کە نووسیویەتی لە ڕۆژی (1983/4/26)دا چەند گوللە تۆپێک لەلایەن یەکێتی ئاراستەی پشتئاشان کراو ئەبو

ماجید شانی بریندار بووە. هەروەها سوهێل ئەلزەهاوی، لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (46)ی (النصیر الشیوعي)دا ڕۆژی تۆپبارانەکە بە ڕۆژی (1983/4/28) داناوەو ئەویش باسی زامداری شانی حامد ئەلخەتیب (أبو ماجد) دەکات، خۆم پێموایە ئەو مێژووە ڕاستترە لەوەی سەلام، چونکە دوای داگیرکردنی بالیسان ئەو چەند گوللە تۆپەی پێوەناون، وەلیَ لە ئێزگەی شیوعی، پارتی و میدیای بەرەی جود کرایە سەدان و تۆپبارانی ڕۆژانە.

ژمارەیەک سەرکردەو کادیری حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی کوردستان، لە یاداشتەکانیاندا نووسیویانە گوایە هێزەکەی یەکێتی بۆ سەر پشتئاشان، (1700) پێشمەرگە بووەو (زۆربەیان)، چەکی (BKC)یان هەڵگرتووە. نیوەی (1700) دەکاتە (850)، (1134) دوو لە سەر سێی و (1275) سێ لەسەر چوار، لەکاتێکدا یەکێتی (30) سی (BKC) نەبوو، مەگەر (20) دانەیەکی هەبووبێت، ژمارەی بەشداربووانی پێشمەرگەی یەکێتی لە هەڵمەتی پشتئاشان ڕێک (1280) پێشمەرگە بوون.

لە ماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا ژمارەیەک بابەتم بە بەڵگە و زانیاری ورد لەسەر شەڕە ناوخۆکانی (1983)دا نووسی، لە پەرچەکرداری ئەندامانی حزبی شیوعی کوردستان و عێراق، دەرکەوت کە پەروەردەو ڕەوشتی شیوعییەکانی ساڵانی (-1963 1958)یان هەیە، لە چیرۆک هۆنینەوە، تۆمەتی بێبنەما دانەپاڵ، پەنابردنە بەر ناڕاستگۆیی و سووکایەتیکردن. هیچ بەڵگەیەک لای زۆربەی شیوعییەکان بەڵگە نییە جگە لە ناڕاستگۆیی، چیرۆک دروستکردن و تۆمەتەکانی خۆیان کە بە بەڵگەی دادەنێن، لەکاتێکدا کە ئەمانە نابنە بەڵگە. ئەوان هەر لە کۆنەوە کورەی ناڕاستگۆیی بووینە، هەر ئەوەندە ناڕاستگۆیەکیان ناڕاستییەکی هۆنیەوە، ئەوانەی دیکە وەکو بەندبێژە دۆمەکانی تەعجیل، سەیداوەو سێتاقانی هەولێر لە یەکتری وەری دەگرنەوەو دە ئەوەندەی دیکەی دەخەنە سەرو گڕی ناڕاستییەکانی پێ گەشتر دەکەن. بەهۆکاری ئەوەی یاداشت، بیرەوەری، ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆری ئەو حزبە تەحریفیەم بە زمانی کوردی و عەرەبی خوێندۆتەوە، تا ڕادەیەکی باش شارەزایان بوویمەو دەزانم ناڕاستگۆیی، بێویژدانی، تۆمەتبەخشین لای ئەوان وەک ئاو خواردنەوەیە. هەرکاتێ بتەوێ ناڕاستی یەکێکیان یان حزبەکەیان ئاشکرا بکەیت زۆر عەشایەریانە گەلەکۆمەکی دەکەن، زۆربەیان لە دەستەی (1700) پێشمەرگە و بیکەیسییەکەن! حزبی شیوعی عێراق، ئەو حزبە ناڕاستگۆ و شۆڤینییەیە کە هەزاران تۆمەت و چیرۆک دەداتە پاڵ یەکێتی و کورد، کەچی کاتێک

کە بەعس شاکر مەحمود بەسراوی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕۆژی (1972/11/12)دا لەنێو شاری بەغدا لێکوشتن، ئەوان لە ڕۆژنامەکانی خۆیاندا هەواڵەکەیان بە کۆچکردنێکی ئاسایی بڵاوکردەوە، ئەمەش جۆرێکە لە سازشکردن و ماستاوکردنانەی شیوعییانە تەنیا بۆئەوەی بەعس لە بەرە وەکو جاش و پاشکۆ وەریانگرێت بۆ دڵخۆشکردنی ڕوسیا.

تێبینی/

**یەکەم:** هیچ کەسێک، ڕۆژنامەو گۆڤارێک بۆیان نییە بەشێک یان تەواوی ئەو نووسینەم بەبێ ئاگاداری خۆم بڵاوبکەنەوە، یان کلیپڤیدیۆی لێ دروست بکەن، ئەگینا سکاڵایان لەدژ تۆمار دەکەم.

**دووەم:** ئەو بابەتانەی لە ڕۆژی شەهید کردنی (شێخ شەماڵ، سەرباز کۆیی، سەعدی و کامەران، داگیرکردنی مەڵبەندی بالیسان و هەڵمەتی یەکێتی بۆ پشتئاشان) تا ئیمڕۆ نووسیومە، هەمووی لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە)دا وەرگیراوە کە (805) لاپەڕەی (A4)ە. بەڵام ئەو نووسینانەو ئەوانەی لە ناوەڕاستی نیسان تا ناوەڕاستی ئایار بڵاودەکرێنەوە، لە پەرتووکێکی سەربەخۆدا بەناوی (یەکێتی بەسەبر بوو، ئەمما لە تۆڵەکردنەوەدا بەزەبر بوو)، بڵاودەکەمەوە! لە پەرتووکی (پشتئاشان تاوان، یان تۆڵە)، هەرچی تۆمەت بەخشین، درۆ و چیرۆک هۆنینەوەی شیوعییەکان، حسک و پارتی هەیە وێنەم گرتووە یان یاداشتم کردوون، وەلێ زۆر سەیرە، ئەوان تۆمەتی نابەجێ دەبەخشن، چیرۆکی خەیاڵی ناڕاست دادەڕێژن، چەواشەکاری دەکەن و مێژوو دەشێوێنن، کاتێک پێیان دەڵێی ناڕاستگۆ، کە لە ڕاستیدا ناڕاستگۆن، مرۆڤ هەر دەبێ بە ناڕاستگۆ بڵێت ناڕاستگۆ یان تۆمەتبەخش، کەچی تۆڕە دەبن و هێندەی دیکە تۆمەت دەبەخشنەوەو قسەی ناشرین دەکەن، کە ئەمانە هەمووی خەسڵەتی مرۆڤی لوتبەرز، سووک، گەمژە، نالۆژیک و کاڵفامە.

هەینی (2026/05/01)

دانمارک

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چۆن حزبی شیوعی عێراق شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ، 1983.

محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم 1982-1986، ساڵی چاپ 1999، ناوی چاپخانە و شوێنی لەچاپدانی لەسەر نییە.

نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979-1983، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی، 1997.

کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2006.

ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا ئەزموونی نووسەرێک، چاپخانەی چوار چرا، چاپی یەکەم، 2023.

قادر ڕەشید ناسک، پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا، چاپی دووەم، وەکو پەرتووکێکی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕی دەنگەکان بڵاوکراوەتەوە.

کەریم ئەحمەد، بەرنامەی سەکۆی چەپ، کەناڵی ئاسمانی ڕێگا-ی حزبی شیوعی، بەشی (7)، ڕۆژی (2016/9/28).

فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداوو بەڵگەنامە 1982-1990، بەرگی سێیەم، سوید، 1994.

فاتیح ڕەسوڵ، لە کاروانێکی دووروودرێژدا کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، سوید، 1997.

بابەکر سالاری، تەمەنێک لەپێناوی نیشتمان دا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2025.

سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی دووەم، هەولێر، کوردستان، 2000.

جەلال تاڵەبانی، شۆڕشی نوێ لەپراکتیکدا لەسۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادیرانی خەتێ - 1983، بۆردی هۆشیاری مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم 2024.

محەمەد خدر، پشووی چیا چەمکێک لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2012.

ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم، ستۆکهۆڵم، سوید، 1997.

مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی گوڵان 1975-1990، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، چاپی یەکەم، ئابی 2021.

ئیبراهیم جەلال، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی، 2012.

ڕەئوف فەتاح محەمەد ناسراو بە ڕەئوفی یاسە، بەشێک لە یاداشتەکانی پێشمەرگەیەکی بناری بەمۆ، چاپەمەنی گەنج، چاپی یەکەم، 2014.

فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردمان ڕووداو و بەڵگەنامە 1979، بەرگی یەکەم، سوید، 1991.

ئامادەکردنی دکتۆر نەوزاد عەلی ئەحمەد، ئاڵا بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقە ئەمریکای باکوور 1979-1983، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی - 2011.

نائیب عەبدوڵڵا، بیرەوەری (29) ساڵی تری تێکۆشان (چمکێک لە مێژووی حیزب)، بەشی دووەم، چاپخانەی بابان، سلێمانی، 2009.

کرمانج عزەت سلێمان بەگ، شانێک بەبن باری نیشتمانەوە ژینواری عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانێ، چاپی یەکەم، 2021.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:


أحمد باني خيلاني، مذكراتي، دار الرواد المزدهرة والنشر والإعلان، بغداد، 2009.

ثابت حبيب العانى، صفحات من السيرة الذاتية 1922-1998، 1990.

كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكوردي في كوردستان العراق، دار ئاراس للطباعة والنشر، هەولێر، كوردستان 2005.

بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري، الطبعة الاولى، دار الحكمة - لندن، آب 2001.

أخبار كوردستان، العدد (104)، 15 حزيران 1983، نشرة يصدرها قسم الأعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني - العراق.

إعداد وتقديم نوزاد علي أحمد، صحف الإتحاد الوطني الكوردستاني في أوروپا وبأللغة العربية - صوت الإتحاد، الإتحاد، كفاح الأنصار - 1976-1983، بنكەی ژین، مطبعة شڤان، السليمانية، 2009.

أحمد الناصري، الجزء الثالث، برنامج شهادات خاصة، مقدم البرنامج الدكتور حميد عبداللة، الأحد، المصادف (2018/10/7).

موحسن صابط الجيلاوي، برنامج شهادات خاصة، مقدم البرنامج الدكتور حميد عبداللة، الجزء الثالث، موقع اليوتوپ، السبت، المصادف (2016/4/23) + برنامج للتأريخ، قناة البغدادية، مقدم البرنامج الدكتور حميد عبداللة.

شوكت خزندار، سفر ومحطات الحزب الشيوعي العراقي رؤية من الداخل، دار الكنوز الأدبية، الطبعة الاولى، بيروت - لبنان، 2005.

باقر إبراهيم، مذكرات باقر إبراهيم، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.

بهاءالدين نوري، في تقييم سياسة الحزب الشيوعي العراقي في سني 1958-1983، مأزق الحركة الشيوعية في العراق، الطبعة الرابعة، كانون الأول 1991.

دكتور محمد عبدالمحسن معارج الحجاج (محمد الحجاج)، تجربتي، بدون سنة ومكان الطبع.

دكتور طارق يوسف إسماعيل، صعود الحزب الشيوعي العراقي وإنحداره، ترجمة عمار كريم محمد، دار سطور للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، 2020.

سلام عبدالرزاق الحيدر، أوراق أنصارية من ذكريات النضال المسلح في كوردستان العراق، إعداد فائز عبدالرزاق الحيدر، كندا 2022.

النصير الشيوعي، العدد (46)، آيار 2026، النصير الشيوعي، جريدة دورية الكترونية تصدرها رابطة الأنصار الشيوعيين العراقيين.

توما صادق توماس، أوراق توما توماس، إعداد موقع الناس الألكتروني، مطبعة آزادي، 2017.

الدكتور عبد الحسين شعبان، عامر عبدالله النار ومرارة الأمل فصل ساخن من فصول الحركة الشيوعية، دار ميزوبوتاميا للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الإولى، بغداد، 2014.

عزيز سباهي، عقود من تأريخ الحزب الشيوعي العراقي، الجزء الثالث، دار الرواد، بغداد، 2006.

الدكتور علي الوردي، الأحلام بين العلم والعقيدة، دار كوفان لندن، الطبعة الثانية، 1994.

زكي خيري، الحرب العراقية الإيرانية قضايا الدفاع عن الوطن والثورة، بدون سنة ومكان الطبع.

لينين، بصدد الكاريكاتور عن الماركسية بصدد الإقتصادية الإمبيريالية، 1975، دون مكان الطبع.

دكتور حميد عبدلله، برنامج (شهادات خاصة/ الشيوعيون وصدام حسين في لقاء مع الدكتور حسان عاكف - الجزء الثاني)، قناة الفلوجة الفضائية، وضع على قناة اليوتوب، يوم الأحد، المصادف (2018/1/21).

الصوت الشيوعي، كراس المنحرفون من الحرس القومي، منشورات الدليل الدولي للجمهورية العراقية، مكتبة الشيوعيين العرب.

مالك سيف، للتأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1983.

إبراهيم علاوي (نجم محمود)، الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية العالمية، دار كتب شهريار، الطبعة الثانية، 2019.

خالد حسين سلطان، الحزب الشيوعي العراقي بلاموقف من عملية إحتلال كركوك وتداعياتها، الحوار المتمدن، 2014/7/17.

زكي خيري، صدى السنين في ذاكرة شيوعي عراقي مخضرم، ستوكهولم - سويد، 1995.

إعداد سعاد خيري، صدى السنين في كتابات شيوعي عراقي مخضرم، ستوكهولم - سويد، 1996.

اللواء الركن محمود شكر شاهين، أوراق جندي عراقي من قيادة الميدان الى قيادة الإستخبارات في الحرب 1980-1988.

لجنة مطبوع شهداء الحزب الشيوعي العراقي، شهداء الحزب .. شهداء الوطن، 1964-1978، الجزء الثاني، فيشون ميديا سيد - فكشو - السويس، الطبعة الاولى، 2012.

موسوعة خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري، الجزء الأول والثاني والثالث، أصدرتها الشرطة العامة شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، مطبعة الحكومة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد 1949.

وزارة الإرشاد العراقي، الكتاب الأسود إعترافات الشيوعيين، طبع دار الجماهير، بغداد، 1963.

محمد حسن سعدي، نزيل من الشعبة الخامسة - الحلقة الثامنة، مركز النور للدراسات، 2007/7/17.

دكتور هادي حسن عليوي، علاقات عبدالكريم قاسم بألاحزاب السياسية ... الحلقة الثانية (العلاقات مع الشيوعيين)، 2021/5/28، موقع كتابات الألكتروني.

ثمينة ناجي يوسف و نزار خالد، سلام عادل سيرة مناضل 1، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الالى، سوريا - دمشق، 2001.

ثمينة ناجي يوسف و نزار خالد، سلام عادل سيرة مناضل 2، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الالى، سوريا - دمشق، 2001.

ماجد عبدالرضا، المسألة الكوردية في العراق، من منشورات طريق الشعب، الطبعة الثانية، بغداد، 1975.

إبتسام سلمان عطية الغزي، موقف الحزب الشيوعي العراقي من القضية الكردية (1934-1968) في العراق، الطبعة الاولى، دار ومكتبة البيارق للنشر والتوزيع، بغداد، 2021.


سعاد خيري، فهد والنهج الماركسي اللينيني في قضايا الثورة، الطبعة الاولى، منشورات الثقافة الجديدة، بغداد، 1973.

صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ العراق السياسي الحديث الحركات الماركسية 1920-1990، مؤسسة المعارف للمطبوعات، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان 2001.


بدر شاكر السياب، كنت شيوعيا، إعداد وليد خالد أحمد حسن، منشورات الجمل، الطبعة الاولى، كولن، ألمانيا، 2007.

سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق 1934-1958، الجزء الأول، دار المرصاد، بيروت، دون سنة الطبع.


شەهید سەرباز کۆیی، شەهید شێخ شەماڵ، ئەوەی دواوە نەناسراو


@jabar.ali.awez
شەهید پێشڕەو بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز





ی . ن . ک
مەڵبەندی چوار
بالیسان

برایانی بەڕێز ، هاوڕێیانی خۆشەویستم
کاک عەلی نەبی
کاک سامیر رەسول
کاک ڕێباز
هاوڕێ کاوە
کاک سەفین

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
چاوەکانتان ماچ ئەکەم ، چاوی یەکە یەکەی پێشمەرگەکان ماچ ئەکەم ، بەڕاستی ئەو پیاوەتیەی ئەمڕۆ کردتان سەری ئێمەتان بەرز کردەوە ، زۆر مەمنونی هەمووتانم ، تکایە کات ژمێر ( ٨ ) ی ئەمو لە بارەگای مەڵبەند ئامادە بن وە بە قسەش بە هەڵگری نامەم ووتیە .
ئیتر هەر بژین و سەرکەوتووبن .

برای دڵسۆزتان
سەید کەریم
١٩٨٣/٤/٢٧

الاتحاد الوطني الكردستاني
الامانة العامة

العدد: ٨/٦٧٥
التاريخ: ١٢/٥/١٨٢

الاخ اللواء حسن النقيب المحترم

تحية ثورية حارة

اتمنى لكم الصحة والعافية و نحن بخير . فرحت بنتائج اللقاء بينكم و رفاقنا في دمشق البطلة والصامدة بوجه العدوان الصهيوني الاستعماري . لذلك اود اخباركم بانه وقعت في ايدي الاتحاد الوطني الكردستاني وثائق حماعتي رسول مامند و الپاسوك كلها وهي تتضمن معلومات خطيرة و هامة وتكشف كيف انها خدعتكم و صورت لكم انفسها على غير حقيقتها لذلك وجدت من الواجب اخباركم ببعض الحقائق .

اولا : ان جماعة الپاسوك المتفرعة اصلا عن جماعة الكاوه المتصرية المعادية للعرب ، تشتم في رسائلها التجريحية الرئيس الرفيق حافظ الاسد الذي يقف اليوم في خط الصمود العربي و يقود معركة الامة العربية المجيدة ضد الاستعمار والصهيونية ، تعرفه بـ ( حافظ الواوي ) و تزعم ان خطره اكبر من صدام على الامة الكردية ، وتعتبر تحرير العراق من الجلاد الطاغية صدام التكريتي على ايدي حلفاء سورية و حزب الرئيس الاسد كارثة كبرى على الامة الكردية . [illegible] في رسائلكم [illegible] ١٩٨٢/١٠/٢٨ [illegible] في رسائلكم [illegible] ١٩٨٢/٢/٢٨ [illegible] الرسائل [illegible] الرئيس الرفيق الاسد [illegible] الجيش [illegible] البطل [illegible] .

ثانيا : ان جماعة [illegible] مع اولاد البارزاني والحزب الشيوعي [illegible] الكردية العربية و [illegible] سورية [illegible] العراقي [illegible] الوطني العراقي [illegible] .

ثالثا : [illegible] .

رابعا : التي [illegible] الرسائل [illegible] .

خطط لشن هجوم واسع ضد الاتحاد الوطني بدأ بالهجوم على المركز الرابع ومن ثم المركز الثالث ، وكذلك الانقضاض على مقرات قيادة الاتحاد . ان الهجوم بدأ في ٢٦/٤ ضد المركز الرابع امام انظار جماهير المنطقة كلها، وكما تبرهن ذلك كتبا وثائق المكتب السياسي لجماعة رسول .
وتدل الوثائق الموجودة لدينا و رسائل ملا احمد بانيخيلاني و قادر جباري ورسول مامند المحفوظة لدينا بان الجود خطط للهجوم على ( ورتي ) مقر المركز الثالث للاتحاد وعلى منطقة (ئي سه شيخي ) مقر قيادة الاتحاد في يوم ١/ ايار و ٢/ ايار . ولكن صمود فصائل الاتحاد الوطنية الكردستانية و انتقالها بعد ذلك الى الهجوم المقابل حيث تمكنت في يومي ٢ و ٣/ايار من تفتيت القوى المهاجمة و المعتدية ومن ثم احتلال مقرات قيادات الحشع و الباسوك وجماعة رسول [illegible] .

خامسا : يرجى علمكم ايضا بانه تم الان تطهير مناطق محافظات كركوك والسليمانية و اربيل من قوات الجود المعتدية و فرضت فصائل الاتحاد الوطنية الكردستانية سيطرتها المطلقة على ريف هذه المحافظات و المناطق الجبلية والوديان فيها .

وتم دحر قوات الجود بعد الحاق هزيمة منكرة بها : اذ عادت الى صفوف الثورة مجموعات منها وسلمت مئات منها الى السلطة الفاشية اسلحتها لان [illegible] كانوا اصلا [illegible] الحكم العفلقي [illegible] .

[illegible]

و [illegible] الاحترام

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

من: م.س اوك

الى: م.س حشع

العدد: ٤

التاريخ ١٩٨٣/٢/١٨

ان بيان جود هو خرق خطير لاتفاق طرابلس و الاتفاق الثنائي بيننا لا يمكن المرور عليه مرور الكرام مطلقا و قد وقعت بين ايدينا و ثيقة تعاون حزبكم قبل حدوث الأصطدام مع حسك لمقاتلة رفاقنا و هذا خرق خطير آخر من جانبكم للاتفاق. نريد توضيحا جديا قبل الاجابة على برقيتكم الاخيرة.

- ٣٣ -

حەق خوازانەی گەلی کورد و هەمو گەلانی ئیران خرا پەکاری بکەن . ئەبی بگوتری کە مەسرەفـــی ئەم تاوانەنە ریکخراوی ئەمنی ئیسرائیلی لە موچەی مانگانە ( ٥٠,٠٠٠ دولار ) ئەیدات .
هاونیشتمانانی تیکوشەر !
ئیستا کە مەلا مستەفا چوتە دیاری عدم ئەبی هوشیار بین کە دەزگا گرێدراوەکەی ساواك و سەهیو- نیزم واتە ئیدارە موەقەتە لەجیی ئەوەتی . ئەبی خەبات دژی ئەوان بکەین .
بەپێی دەنگ و باسێك مەلا مستەفا لە ١٩٦٧/١٢/١٣دا ویستویەتی بگەڕێتەوە ئیران . ئیمە ئەپر- سین بوچی ؟ مەگەر حکومەتی ئیستای ئیران چونیەتی خیانەتکارانەی ئەو ناناسێت؟ یاخـــود وائەزانێ کە گەلی کورد جاوەڕی بووە کە مەلا مستەفا بولابەلاکردنی گیروگرفتەکانی بو کوردستا- ن بیتەوە ؟ وەیا ناچارە نوکەرانی جای بیشو بو دریژەدان بە بەلاگیری بانگ بکاتە ئیران ؟ بوچی لەگەل کسانێك کە لەکوردستان وەکو خرابکار ، خائین و جاسوس بەناوبانگن پەیوەنـــدی ئەکەن ؟ بوچی ریی ئەوانە ئەدەن وەکو نوینەری خەلکی کورد قسەبکەن ؟
لە هەوالەکەدا گوتراوە کە لایەی ناپاکی مەلا مستەفا ئەگیرنەوە بو ئیران . بوچی ئەم ئیجازە- یە نـــەدری ؟ وەرگرتنی لەبی پەنا ئیتمان فروعی بەکری گیراوی ئەمریکا و عا لەگەل کام خواستی سیاسی یا نەتەوەیی گەلانی ئیران ئەگونجی ؟
ئیمە داوا لە هەمو زەحمەتکیشان و نیشتمانپەروەرانی کوردستان ، لە هەمو هیزە تیکوشەرەکانی ئیران ، لە هەمو ئازادیخوازانی ئیران ئەکەین دژی ئەم هەنگاوە نارەزایی دەرببرن و نەهیلن ئەم بیاوکوژە بگەڕێتەوە ئیران . لە روانگەی ئیمەوە گیرانەوەی لایەی "مەلا مستەفا" مەعنای دژایەتی خواستی گەلی کوردە و ریگە دانە بەجاسوسانی ساواك و نوکەرانی شا .

نەنگ و نەفرینی ئەبەدی لەمەلا مستەفا .
مەرگ بو نوکەرانی ئیمپریالیزم .
بەردەوام بی خەباتی حەق خوازانەی گەلی کورد و گەلانی زورلیکراوی تری ئیران ، پتەوبیت پەیوەندی لەبڕان نەهاتوی زەحمەتکیشانی ئیران .

کومەلەی شورشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران

""""""""""""""""""""""""""""""""""""""""""""""""""""

سـی ئەستیرەی تری ئاسمـانـی خەباتمـان رادەکشـێـن

وا لەخوارەوە نامەکەی هەڤالانی ئازەمان ( وەستا رەسولی حەیات و کاك حسەینی میوەلوکـی و کاك رەئیبی روستایی ) ، کوتومت وەك خوی بلاودەکەینەوە کە نمونەیەکی گیانی فیداکاری و خوبەختکردن لەپیناوی کورد و کوردستان و ی . ن . ك دا خوی تیدا ئەنوینیت . منیش بەلێن ئەدەم کە لەژمارەی داهاتودا ئاواتەکەیان بهینمەدی و وتاریکی تایبەتیان لەسەر بنووسم . هەروەك بەناوی ی . ن . ك و هیزی پیشمەرگەی کوردستانەوە بەلێن بو ئەو ٣ ئازەمانەو سەدان ئازەمانی شەهیدی تر نوی ئەکەینەوە کە تا سەرکەوتن یا مردن بو تولەسەندنیان ، بو هینانە- دی ئامانج و داخوازییەکانی کومەلانی خەلکەکەیان کە گیانی پاکیان لەپیناودا بەخت کردووە دریژە بە خەباتی پیروز بدەین و ئالا مەکاوەکەی شورشی ی . ن . ك هەر لەسەر . سەر راگرین .

جەلال تالەبانی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبـــان
یەکیەتـــی نیشتمانـــی کوردســـتـــــــان
بـــو / هەڤالانی سەرکردایەتی سلاویکی شورشگیرانەی گەرم لەوکاتەی کە لەژیر بدتی سـەـدارە

١٤٠

— ٢٤ —

راوەستاوین چاوەڕوانی مردن ئەکەین لە پەناوی مافی گەلی کوردمان ئەو گەلەی کاروانی خەباتی سورە بەخوێنی هەزاران شەهیدی تارەمان وە ئیمەش شانازی ئەکەین بەو ڕێگەیەی کە لە پەناوی شەهید بوین بەڵام ئیمە داوا لە ئیوەو هەموو پ. م . ئەکەین کەوا هەرکاتێك گەلی کورد گەیشتە ئاواتی خۆی لە بیرمان نەکەن وە منال و دایك و باوکی هیچ شەهیدێك لەبیر نەکەن وە خوێنی ئیمە ئەکەویتە سەر شانی ئیوە بو تولە سەندن لەو دوژمنانەی وەك سمکو حاجی خورشید . وە محمد امین رەشاشچی ، وە عبداللە ماویلی ، ئۆمەر شیخ طاە ، وە مصطفی روستایی . بەوپێستە ئیوە تولەمان بسینن ، وە تکایە دەستی یارمەتی بو کەس و کارمان درێژکەن ، وەتکا ئەکەم مام جلال مەقالەیەکمان دەربارە بنوسی بوئەوەی کەس و کارمان زیاتر شانازی بەخویانەوە بکەن .

ئیتر بو پیشەوە لەژیر ئالای یەکیتی نیشتمانی کوردستان .
سەرکەوتن بو کوردوکوردستان مردن و سەرشوری بو دوژمنانی گەلەکەمان .

شەهیدان

١ـ رسول عمر خیاط .
٢ـ حسین عمر شیوەلوکی .
٣ـ رقیب عثمان روستایی .

روژی ١٩٧٩/٢/٢٠

-٦-

گەلە جاشێکی خوفروشی جەلالی کویخا ...ولاهاتن دوای شەڕێکی ٢ سەعاتی توانیان جاشەکان راوتیێن بەرەو سلیمانی
زیانی دوژمن ـ ٤ جاش بریندار بون •
× لەگوندی بیرانەرەش (قەلاتزە) هێزێکی دوژمن پەلاماری دەستەیەکی پێشمەرگەی دا
زیانی ئیمە ـ خدر ئاغای عولاغا (چومە سوتا) تەمەنی لە ٧٠ سال بەر وزورتربو شەهید بوو •
× هـ ٥ توانیان تاوانبار عبد الله محمد ئامراد (غرتسو) لە گوندی جیهانە(تەرەداغ) ئیعدام بکەن کە دوژمن بو دزی و جاسوسی ناردبویە دەرەوە •
× هـ ٥ توانیان سی کومەلە دز بگرن بەخویان و چەکەکانیانەوە کەبدناوی خورشەوە کەوتبوونە راوو روتو دزی کردن لە ناوچەی گەرمیان
دەسکەوت ـ ٢ کلاشینکوف ٢٥ برنەو ١٥ سەمینوفە •
× دوو (بەم) هـ ٥ نارنجوکیکیان لە نزیک گوندی هەزار کانی (قەرەداغ) هاند لە زێ... ئەفسەرێ و سەربازیکدا تەقیەوە ئەفسەرەکەی کوشت و سەربازەکەی بریندار کرد
زیانی دوژمن ـ ١ ئەفسەر کوژرا ـ ١ سەرباز بریندار بوو •
گەلە جاشی سمکوی حاجی خورشیدو عبدالله ماویلی کەبە فیل اتبونە دەرەوە سەعات ٥/٣٠ بەیانی لەناوچەی گرتە و روست(چومان) نەتال وەستا رمزل (لیپرسراوی لیژنەی ناوچەی چومان) و ... م حسین مستەفا میوەلوکی یان دەستگیر کرد ... م رەزو لیهان رابەری بو خو دەرباز کردن و تەقەیان لی کرد چونەوە باوەشی دوژمن ئەو ... م نەشیان تەسلیمی دوژمن کـــرد •
× مەفرەزەیەکی هـ ٣ لە سەنگەریکی پشتی ماشان (چوارتا) یان دا بەر ماوەی نیـــو سەعاتی شایاند دوژمن کوژراو بریندار ی هەبووە •
× پ • م خوشیار حاجی طالب لەناو ماری سلەیمانی بە دیل گیرا •
× مەفرەزەیەکی گەرتی ١١ چونە سەر جادەی سیدساد (هەلەبجە) لە نزیک گوندی قەدەفەری و ماکینەیەکی رولەی اشتالیان سوتاند
زیانی دوژمن ـ ١ ماکینەی رولەی اشتال سوتینرا •
× مەفرەزەیەکی هـ ٥ لە گوندی کونە( قەرەداغ ) توانیان دەستلە هێزێکی دوژمن بوەشینن زیانی دوژمن نەزانراوە •
× مەفرەزەیەکی گەرتی شارەزوری دریمی ١ سیطارەیەکی دانا لەسەرجادەی سیدسادق ـ هەلەبجە لەناو گوندی قەدەفەری دوای تیگەیاندنی خەلکەکە لەرێبازی بورز و سیاسەتی رەگەز پەرستانەی دوژمن بەرەلایان کردن •
× مەفرەزەیەکی هـ ١ لەنزیک گوندی وەلەمەت( شارەزور ) تووشی ئوتومبیلێکی سەربازی بون و لییاندا
زیانی دوژمن ـ ٨ سەرباز کوژران ـ ١ ئوتومبیل تێکشکا •
× گەرتی شارەزوری ـ ١ چونە سەر سەنگەریکی دوژمن لەناو ماری خورمال ( هەلەبجە ) بە ئاربیجی و چەکی تر لییان دا هەریی تیدا بو کوژران و بریندار کران دوژمن منع تجولی بو بەیانی دانا بو گواستنەوەی لاشەی کوژراو و بریندارەکان
زیانەکانی دوژمن ـ ١ ئەفسەرو ـ ١١ سەرباز کوژران •
× لەگەرەکی شەهیدان( سلەیمانی ) هێزێکی دوژمن هاولاتی ئەنوەر علی کوردەیان شەهید کـــرد •
× مەفرەزەیەکی هـ ٥ چونە سەر سەنگەریکی دوژمن لەگوندی هەزار کانی ( گەرمیان ) بە ئاربیجی و چەکی تر بو ماوەی دوو سەعات لییان دا زیانی دوژمن نەزانراوە •
مەفرەزەیەکی هـ ٤ لە گوندی سیدەر ( دوکان ) لەگەل هێزێکی سەربازی تووشی شەرێکـــی ٢ سەعاتی بوون
زیانەکانی دوژمن ـ ١٢ سەرباز کوژران ـ ١٤ سەرباز بریندار بون •

هەرگیز حازر نیم بە درێژایی بە راقیبە ریان لبوەستم
وە لە دڵخاستی خۆم بە دوستێ نزیک ئەژمێرم هەموو کاتێک
ئەنانەت ئەگەر بیلاوی پیاو خراپانیشی لە بەینماندا هەبێت
رائیمان.

دەبێ بوورێ لە شێوەی نامەکەم چونکە وەڵامی
نامەی جم نابێتەوە بەس.

وە انشاء الله لە نامەی تردا ئیستر زورتر ئەنووسین
وە ئەوەی داواشت کردبوو ناردم وە نامەکەشم
لەرێی برادەرێکا بو ناردی.

وە دەربارەی وەزعی خوتان. تکایە بە درێژی ئاگادارم بکەوە
چونکە من عاوەتی زور ئاگاداری وەزعی ئێوەشم
وە دەربارەی بەباشم کانی ناوچەکەمان هەموویان رویشتون
بو بوری حاجی هومەران

ئیتر دایکم زور زور حواڵتان ئەپرسێت وە سەلامتان لێدەکات

خوشەویستان ئاواتتانە
دڵسوزت

آکو عباس صالح

( ۳۹ ) نامەی ئاکوی جاش بو حسو میرخان

٨/٤ ٠

بو / حسو / أ ٠ ب بو ئاگاداری
لە/ سگڤان حسن
تکایە ئەم نقطانەی بە هەموو جیهازەکانی ٧٧ قواتەکانی خوتان بدەن تکایە زور هشیار بن ٠ لەمەولا نقطـەی ئیش کردن بە ناوی چنار ٧٥/٥٠ ٠ ٢ ـ مەتین ٤٨/٥٠ ٣ ـ هیرش ٤٧/٦٥
ـ هیوا ٥٠/٢٠ ٥ ـ خابور ٤٧/٠٠ ٠سپیندار ٤٠/٤٥ ٠ لەروژی ٨
دەست پی بکری

## تصريح لناطق مسؤول في المكتب السياسي للاتحاد الوطني الكردستاني حول البيان الأخير للحزب الشيوعي العراقي

بتاريخ 8 أيار 1983 صدر بيان من المكتب السياسي للحزب الشيوعي العراقي حول الأحداث الأخيرة في كردستان العراق.

وفي الحقيقة فقد كان البيان في أكثر فقراته عبارة عن شتائم بذيئة ومسبات سوقية يأباها الأدب السياسي، وأما القسم الآخر من البيان فقد احتوى على سيل من الافتراءات والمغالطات.... وبالنسبة للشتائم فلا نتنازل للرد عليها وأما الافتراءات والمغالطات فمن الواجب الرد على بعضها خدمة للحقيقة إذ معظمها مفضوحة ومكشوفة.

1) لقد بذل الاتحاد الوطني الكردستاني الكثير من الجهود لتحييد الحزب الشيوعي العراقي عن المشاكل الدائرة في كردستان العراق والتي وراءها محترفوا الاقتتال والارتزاق في قيادة الحزب الديمقراطي الكردستاني وموتورو الحزب الاشتراكي الكردستاني، تمكنت تلك الجهود المخلصة من قبل الاتحاد الوطني الكردستاني مع جهود بعض الرفاق الشيوعيين من الوصول إلى اتفاقية تضع ضوابط للعلاقات الثنائية في محافظة السليمانية وكان الأمل أن تمتد تلك الصيغة إلى محافظة أربيل وآنذاك يمكن للحزب الشيوعي أن يلعب دوراً إيجابياً في كردستان العراق بين الأطراف المتقاتلة ويكون ذلك خدمة للحركة الوطنية العراقية ونضال الشعب العراقي إلا أن الاتجاه المسيطر في هذه المرحلة على قيادة الحزب الشيوعي العراقي في كردستان كان مصراً على دخوله طرفاً في الصراع والإسهام في خلق مزيد من المشاكل ومشاركته في عمليات اغتيال رفاقنا وتجميع قوة قوامها ألف مسلح من عناصره وعناصر (حدك) و (حسك) للهجوم على مقرات المركز الرابع للاتحاد للاتجاه المسيطر على قيادة (حشع) في كردستان العراق إلا أن هذا الاتجاه عندما يقرر مع أطراف أخرى تصفية الاتحاد الوطني الكردستاني ويقحم نفسه طرفاً في الصراع الدائر في كردستان كما يؤكد ذلك في بيان مكتبه السياسي حيث يقول: ((أما عن وقوفنا إلى جانب أطراف (جود) عندما يتعرض أنصارها لعدوان (أوك) فهذا أمر طبيعي)) عند ذاك فللاتحاد أن يدافع عن نفسه وهو حق مشروع فالاتحاد لم يطلق النار على قوات(حشع) إلا في اليوم الثاني من أيار عندما تحولت مقراته إلى مواقع عسكرية لقواته وقوات (حدك) و (حسك) لقتال الاتحاد الوطني الكردستاني.

2) ومن جملة افتراءات بيان المكتب السياسي لـ (حشع) أن الاتحاد استولى على أذاعته بينما قام عناصر من (حشع) بقرار من قيادتهم بإحراق الإذاعة وتدمير مخزن الأسلحة قبل هروبهم من المنطقة. كما يحاول البيان استدرار العطف عندما يحاول الصاق تهمة التمثيل بالجثث وقتل البنات عمداً.. برفاق الاتحاد الوطني الكردستاني زوراً وبهتاناً فلو كان موقف أنصار الاتحاد بهذا الحقد كما يحلو للبيان أن يصوره لما أبقوا على أسراهم وفيهم من يتحملون الجزء الكبير من كل تلك المشاكل.

3) كما يلجأ إلى أساليب رخيصة في الاستعداء متهماً الاتحاد الوطني الكردستاني بمعاداة الشيوعي والاتحاد السوفياتي.

لقد أدان الاتحاد منذ تأسيسه معاداة الشيوعية فكرة وتطبيقاً وكانت مواقفه دوماً ترجمة عملية لذلك ففي داخل الاتحاد الوطني الكردستاني تيار أساسي ماركسي لينيني إضافة إلى أن الاتحاد يناضل من أجل وضع أسس الاشتراكية في العراق إضافة إلى أن الاتحاد الوطني الكردستاني لا يعادي الحزب الشيوعي العراقي بل يعتبره حليفا استراتيجياً للشعب الكردي وإنما يستنكر سياسة الاتجاه المسيطر على قيادته في هذه المرحلة في كردستان، فالشيوعيون رفاق الدرب والنضال. كما أن الاتحاد الوطني الكردستاني يعتبر الدول الاشتراكية وفي مقدمتها الاتحاد السوفيتي من الأصدقاء الاستراتيجيين لحركتنا وحركات التحرر في العالم.

4) ومن مغالطات بيان المكتب السياسي لـ (حشع) بل المضحك أن يحمل الاتحاد مسؤولية تعطيل (عملية المساعي التي بدأت في طرابلس لإقامة الجبهة الوطنية العريضة) في 6 شباط 1983. بينما الحزب الشيوعي هو الذي قاطع اجتماعات دمشق في الأول من آذار دون أن يكون هناك ما يبرر ذلك وكان ينحي باللائمة على بعض الجهات

الصديقة التي كانت مستمرة في بذل الجهود والمساعي الحميدة لقيام تلك الجبهة، وأجل التوقيع على إعلان الجبهة والالتزام بميثاقها ونظامها الداخلي مندوبو (حدك) و (حسك) حلفاء الاتجاه المسيطر على قيادة (حشع) وبتنسيق كامل معه. نعم قاطع (حشع) اجتماعات الجبهة في الأول من آذار 1983 والرد على نيرانهم في بشت ئاشان بدأ في الثاني من أيار...

5) ومرة أخرى نكرر ما ورد في مذكرة المكتب السياسي للاتحاد الوطني الكردستاني الموجهة للأحزاب الشيوعية العربية:

إن الاتحاد الوطني الكردستاني يشعر بألم بالغ لما آل إليه الوضع في كردستان العراق من توتر واقتتال والذي يتحمل الحزب الشيوعي العراقي من خلال مواقفه تبعة كل ذلك ويتحمل تبعة الدماء التي أريقت سواء نتيجة ممارساته الاستفزازية أو من خلال دفعه بعض الأطراف لخلق حالة التوتر والقتال الأخير. وإن الاتحاد يشجب استخدام السلاح وسيلة لحل المشاكل ويصر على ضرورة حل جميع الخلافات في كردستان العراق بالحوار الموضوعي والطرق السليمة لقطع الطريق على الفاشية الحاكمة إن تستغل الوضع المتوتر لصالحها. كما يقبل الاتحاد الوطني الكردستاني التحكيم الوطني ويرحب بتدخل وإسهام الأطراف الصديقة من حركات التحرر لحل تلك المشاكل بين الاتحاد والحزب الشيوعي العراقي.

وقد بادر الاتحاد من جانبه إلى إطلاق سراح بعض الرفاق الشيوعيين من منطلق الحرص على العلاقة مع الحزب الشيوعي العراقي ولعل الاتجاه المسيطر على قيادة (حشع) في كردستان يرعوي ويعيد النظر في سياسته ونهجه بالنسبة للتحالفات الوطنية كما أن العلاقة النضالية متينة مع الرفاق الشيوعيين في محافظة السليمانية ويقدر الاتحاد موقفهم هناك فقد خدموا بموقفهم هذا الحزب الشيوعي ولم يورطوه طرفاً في الصراع.

6) إن بعض الأطراف التي امتهنت الاقتتال والارتزاق تهدد بهجوم جديد على الاتحاد وإن الاتحاد الوطني الكردستاني يدافع حتماً عن أنصاره ومواقعه ومكاسب الجماهير والاستقلالية الوطنية يأمل أن لا يتورط الحزب الشيوعي مرة أخرى وراء طبول الحرب والمشاركة في ذلك العدوان، وإن المعتدين يتحملون نتائج أعمالهم.

وكلمة أخيرة: كان الاتحاد يتمنى أن يكون موقع الحزب الشيوعي مع الأطراف الوطنية العراقية وليس مع الأطراف المشبوهة التي امتهنت الارتزاق والتي أدانها الكثير من الأطراف الوطنية الحركات التقدمية وأدانها الحزب الشيوعي نفسه في أدبياته طوال سنوات مضت واتهمتها بالرجعية والعمالة والارتباط بالأوساط الإمبريالية دون أن يطرأ أي تطور على موقفها أو تعديل في توجهاتها بل فرطت أكثر باستقلاليتها ووقعت أكثر من قبل في مستنقع العمالة. وكنا نتمنى أيضاً أن تكون تلك الدماء التي سالت في كردستان العراق مؤخراً لو أريقت في عمليات مشتركة ضد النظام الفاشي العميل لكنا جميعاً قد حققنا آنذاك إنجازات رائعة ومكاسب نضالية تكسر ظهر النظام

فتحية لجميع الشهداء.

ولتتوجه جميع البنادق نحو الفاشية الحاكمة من أجل إسقاطها وإقامة حكم ائتلاف وطني يحقق الديمقراطية للعراق الحكم الذاتي لكردستان.

الاتحاد الوطني الكردستاني

20 أيار 1983



يا عمال العالم اتحدوا

جريدة يومية سياسية

# طريق الشعب

TAREEQ AL-SHA'B

وطن حر وشعب سعيد

الاربعاء ٢١ ايار ١٩٧٥ — ١٠ جمادي

## بيان عراقي - جزائري - ايراني - مشترك

# ارتياح لسير تطبيق اتفاق الجزائر

وقع الدكتور سعدون حمادي وزير الخارجية وعبد العزيز بوتفليقة وزير خارجية الجزائر وعباس علي خلعتبري وزير خارجية ايران في العاصمة الجزائرية بعد ظهر امس على البيان المشترك ومحاضر جلسات اللجنة الرئاسية المشتركة لتسوية المشاكل المعلقة بين العراق وايران في ضوء اتفاق الجزائر الذي تم التوصل اليه في السادس من اذار الماضي .

وقد حضر حفل التوقيع اعضاء الوفود الثلاثة المشاركة .

كما حضر حفل التوقيع على الاتفاق السفيران العراقي والايراني في الجزائر وعدد من كبار المسؤولين في العاصمة الجزائرية وجمع من الصحفيين العرب والاجانب .

وقبل ذلك وقع اعضاء الوفود الفنية العراقية والجزائرية والايرانية على الوثائق الخاصة والملاحق التفصيلية للاتفاق .

وفيما يلي نص البيان المشترك الصادر عن الاجتماعات ..

تطبيقا لاتفاق الجزائر بين العراق وايران الصادر في ٦ اذار ١٩٧٥ ووفقا لبروتوكول طهران الصادر في ١٧ اذار ١٩٧٥ وللمحاضر التي تم التوقيع عليها في بغداد في ٢٠ — نيسان — ١٩٧٥ عقد وزراء خارجية العراق وايران والجزائر .

واثناء هذا الاجتماع استعرض الوزراء نتائج اعمال اللجان الثلاث التي اسست بمقتضى بروتوكول طهران والمتعلقة برسم الحدود البرية وتحديد الحدود النهرية والقيام برقابة صارمة وفعالة على الحدود العراقية الايرانية .

وقد لاحظ الوزراء ان اعمال اللجان المذكورة قد جرت في كل المراحل في جو يتسم بالتفاهم والتعاون وطبقا لروح اتفاق الجزائر مما جعلها تحقق النتائج المرجوة وتقوم بعملها على احسن وجه . وفي هذا الصدد يسجلون بارتياح كبير بان اللجان الثلاث قد انجزت الجزء الاعظم من المهمة المنوطة بها بحرص وجدية وفعالية .

وخلال هذا الاجتماع صادق الوزراء على محضر جلسات اعمالهم وعلى وثائق فنية مختلفة كما قرروا تكوين لجنة لاعداد الوثائق النهائية في صورة معاهدة وبروتوكولات ستتوج اعمال اللجنة الوزارية الثلاثية .

وستجتمع اللجنة لهذا الغرض في الجزائر وطهران وبغداد على التوالي .

وقد اعرب الوزراء عن عميق ارتياحهم لتطبيق اتفاق الجزائر تطبيقا مخلصا وسريعا وبالارادة الصادقة التي تحدو البلدين لاقامة علاقات جديدة مثمرة تعيد الثقة الى الروابط التقليدية بينهما وتعزز

البقية على ص ٧

## صدام حسين يستقبل ولي عهد البحرين

استقبل السيد صدام حسين نائب رئيس مجلس قيادة الثورة في مكتبه الرسمي بمبنى المجلس الوطني مساء امس سمو الشيخ حمد بن عيسى الخليفة ولي عهد دولة البحرين وزير الدفاع والقائد العام لقوة دفاع البحرين .

وجرى خلال المقابلة استعراض العلاقات القائمة بين العراق والبحرين وسبل تنسيق العمل التضامني للدول الخليجية المتشاطئة .

هذا وحضر المقابلة الشيخ حمد بن مبارك الخليفة وزير خارجية البحرين والشيخ عبد العزيز بن محمد الخليفة وزير التربية والتعليم والسيد هشام الشاوي وزير الخارجية وكالة والسيدان عبد الحسين الجمالي وكيل وزارة الخارجية وسفير العراق لدى البحرين .

واع

## مشاورات لتشكيل ...
## واليمين يدفع ال...

## المجلس التنفيذي


طريق الشعب
TAREEQ AL-SHA'B
يا عمال العالم اتحدوا
وطن حر وشعب سعيد
جريدة يومية سياسية
في هذا العدد
صاحب الامتياز : ثابت حبيب العاني
رئيس التحرير : عبد الرزاق الصافي
مدير التحرير : فخري كريم
الاثنين ٣ شباط ١٩٧٥
٢٠ محرم ١٣٩٥
العدد ١٢
٨ صفحات ( ٢٥ ) فلسا
( مع ملحق اعلاني )
مؤتمر المنظمات المهنية والشعبية لاسناد العراق يواصل اعماله
تجربة العراق الثوري ترعب الحكم الايراني العميل
غروميكو في سوريا
نهج ثابت في دعم نضال الشعوب العربية
البقية على ص ٧
بمناسبة اسبوع التضامن مع الشعب العماني
مخاطر ينبغي مقاومتها بشدة
تعليق
دعوة لموقف عربي موحد ضد استراليا
الكويت يطالب بزيادة اسعار بترول « اوبك »
العالم في اسبوع
واشنطن تواصل اللعب باوراق الحرب
الرفيق كونهال : لايمكن الحديث عن الديمقراطية بغياب الشيوعيين
مؤتمر الحزب الشيوعي الهندي
ضغوط .. ورشوات!
للعلم فقط!
دورة طارئة لمجلس الدفاع العربي المشترك لبحث دعم لبنان ضد الاعتداءات الاسرائيلية



طريق الشعب

TAREEQ AL-SHA'B

يا عمال العالم اتحدوا

وطن حر وشعب سعيد

# اعلان نصوص المعاهدة العراقية - الايرانية

## والبروتوكولات الثلاثة الملحقة

### معاهدة الحدود الدولية وحسن الجوار بين العراق وايران

المادة الاولى

البقية على ص ٧

### زيارة للعراق تستهدف تنمية علاقات الصداقة بين شعبينا وبلدينا

### المبعوث الشخصي للسيد الرئيس يحمل رسالة الى الرئيس المصري


وصل القاهرة عصر امس المبعوث الشخصي للسيد الرئيس احمد حسن البكر، الدكتور سعدون حمادي وزير الخارجية حاملا رسالة خاصة من السيد الرئيس الى الرئيس المصري محمد انور السادات.

### العالم في اسبوع

### الشرق الاوسط: الامبرياليون يواصلون النسج على


### ايطاليا: الذعر يعم اوساط


من المقرر ان تكون قد انتهت امس الفترة « التقديرية » الثانية لعملية « اعادة تقييم » السياسة الامريكية في الشرق الاوسط، فقد اكملت الولايات المتحدة « تقصيها » لوجهات نظر الاطراف المعنية !!


عدد/ ١٠٠
ت/ ٢٠/٤

الى / م.م.س حدك ، م.م.س حشع
من م.م.س حسك

حول اعلان جبهة المشتركة جبهة جود وتشكيل
قاطع جبهة حزبكم وحزبنا . المطلوب التنسيق
والتعاون المشترك لتوجيه ضربات تأديبية [illegible] .
والاستعانة الى (الف ١) للتحرك المشترك .
يرجى ارسال قوة مع الرفيق نجم الدين گوردي
الى منطقة لبوژه وئيندزه للعمل [illegible]
طريق قواتنا المشتركة في [illegible] .






یەکسەر بەتالیونی سەرکردایەتیمان خستە ئامادە باشی و چەند دەستە پێشمەرگەیەکمان ناردە سەر پاڵە بەرزەکان و شوێنە گرنگەکان. هاوڕێ ئیحسان (ابو خالد)مان بە مەفرەزەیەکەوە ناردە سەر ئەو ڕێگایەی کە لە قەلاتوکانەوە بۆ ئاشقولکە و پشت ئاشان دێتە خوارێ. هاوڕێیانی پشدەریش بە سەرکردایەتی ڕەسووە سوری شەهید کە بنکەکەیان لای (گاتوان) بوو کەوتبوونە خۆ. هاوڕێ کەریم و من چووین بۆ لای برادەرانی سوشیالیست و پاسۆک لە ئاشقولکە و باسی ئەوەمان لەگەڵ کردن کە ئەوشیروان ئەو هێزەی بۆ سەر پشت ئاشان کۆکردۆتەوە و ئەمشەو و بەیانی پەلامارمان دەدەن. دەبێ کارێکی وا بکەین هێرش و پەلامارەکەی تێک بشکێندرێ، کارێکی باشە ئێوەش وەک ئێمە بروسکە بۆ هاوڕێیانی هەولێرتان بنێرن بگەنە ئێرە هەروا باسی ئەو کارانەمان کرد کە بۆ ئامادەباشی و خۆکۆکردنەوە ئەنجام بدرێن. هەر لەوێ من نامەیەکم بۆ هاوڕێ ڕەسووە سوور نووسی و دام بە مەفرەزەیەکی قەلاتوکانی سوشیالیست بیبەن بۆی، قەول وابوو کاک (قادر جەباری)یش هێزێک لە پێشمەرگەکانی قەلاتوکانیان بنێرێتە بەرزاییەکەی (گلاڵ) کە هەم بە رووی پشت ئاشان و هەم بە رووی قەلاتوکاندا دەروانێ. بەڵام دەرکەوت برادەرانی سوشیالیست لە قەلاتوکان هیچیان نەکردووە ناوچەکەشیان بەجێهێڵاوە و ئەو کاغەزەش(٢٠) **دیوانە لاپەرەی داهاتووە** من بۆ ڕەسووە سوورم نووسیبو بۆ ڕۆژی دوایی گەیشتبووە مام جەلال. ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٣٠ من و هاوڕێ کەریم گەڕاینەوە پشت ئاشان. ئێمە پێمان وابوو کە یەکێتی تەنیا لە قەلاتوکانەوە هێرش ناهێنێ و هەوڵدەدا لە چەندان قوڵەوە پەلامار بدەن. قەول وابوو برادەرانی سوشیالیست و پاسۆک، دەروازەی دۆڵی پشت ئاشان و قوڵی قەلاتوکان کۆنترۆڵ بکەن و هێزەکانیان لەو دوو شوێنەدا دانێن. ئێمەش مەفرەزەکەی هاوڕێ (ئیحسان)مان ناردبووە قوڵی قەلاتوکان. (دۆشکا)کانمان لەو شوێنە نەوی و چاڵانە دەرکرد (کە بۆ لێدانی فڕۆکەی دوژمن خرابوونە سەنگەرەوە)،


خۆیان کۆکردبوەوە و ناوچەکەیان جیهێلا بوو هاتبوونە ناوچەی بارزان.

پێشتریش کاتێ ئێمە زانیمان نەوشیروان بەرەو قەلاتوکان دێت بروسکەمان کرد بۆ مەلبەندەکان کە فریاکەون. هاورێیانی هەولێر بە سەکردایەتی ئەبو حیکمەت بە گورجی بەرەو لای ئێمە هاتبوون بەلام تاگەیشتنە نزیک دەرگەلەو زانیان پشت ئاشان گیراوە گەرابوونەوە.

بۆ رۆژی سێیەم سێ ولاخیان بۆ ئێمە هیناو مەفرەزەیەکیان خستە تەکمان بە سەرکردایەتی کاک(حاجی مەمۆ) و بەرەو نیوزەنگ کەوتینە رێ. حاجی مەمۆ زۆر رێزی لێگرتین و زۆریش نارازی بو لە سیاسەتی شەڕ خوازانەی یەکێتی بە تایبەتی دژی حزبی شیوعی. شەو لە رێگا لە گوندێک لاماندا، سبەی بۆ چێشتەنگاو گەیشتینە بارەگای یەکێتی. لەوێ کاک فەرەیدون و دکتور خدرو مامۆستا جەمال و چەند کادرێکی تریان هاتن بە پیرمانەوە. مام جەلالیش لەو خانووەی کادرەکانی لێبوو چاوەڕوانی دەکردین. مام جەلال بە گەرمەوە دەستی کردە ملی کاک کەریم و، بە نیوە ناچارییەک دەستی کردە ملی منیش. گورج گووتی ها (ابو سەرباز) کاغەزەکەی تۆمان لایە کەبۆ رەسوە سوورت نووسیووە و پێی دەلێیت: واو وایان لیبکەن. گووتم جا مام جەلال ئێوە کە هێرش دێننە سەر بارەگاکانمان پەلامارمان دەدەن، چاوەریی چی دەکەی من بە هاورێیانی خۆمی بلێم. بلێم گوڵ پەرژینیان بکەن. گووتی نا تۆ لەنامەکەتا نووسیووەتە یەکێتی سەر لێشێواون، گووتم جا ئەم سیاسەت و کارەی خۆتان بەسەر لێشێواویی نازانی دە تۆ ناوێکی ترم بۆ بدۆزەرەوە. دیار بوو مام جەلال دەیویست من بترسێنێ، بۆیە باسی ئەو نامەیەی کرد. بەلام کە بینی من روو بەرووی خۆشی لە نامەکە توندتر قسە دەکەم بێدەنگ بوو.

دوای نانخواردن، خانوویەکیان بۆ تەرخان کردین و گووتیان ئەمە خانووی (مەلا بەختیار)ە و ئێستا خۆی لە شار باژێرە. هەموو پیداویستیەکی تێدایە، پێشمەرگەیەکی بێ چەکیشیان هێنایە لامان بۆ چێشت لێنان و یارمەتیدانمان. کە گەیشتینە ئەوێ، کاک کەریم جارێکی تر داوای لەمام




١٩٨٢/ ٤/ ٢٨

تاريخ / ١ / ٥

الى م.ر.س. حدك
م.ر.س. حشع

[illegible]

وردتنا البرقية التالية من حدك ( برقيتكم ٥٣/
ستدخل قواتنا من محوري العودة الى سنگاو
وشيخ بزيني ورانيه الى دوله تو و ناوزنگ
نحن على علم شكركم ايضاً )

اخبار كردستان | العدد ( ١٠٤ ) | ١٥/حزيران/١٩٨٣

في تلك المنطقة ، وان هذا الحزب يناضل مع بقية قوى ( جود ) ضد النظام الدكتاتوري في بغداد . كما ان صحيفة ( تايمز ) اللندنية فالشان هذا الاجراء يعتبر تدخلا تركيا . وفضحت صحف بريطانية اخرى هذا التدخل التركي ومنها ( الكارديان ) والـ( ديلي تلكراف ) واعتبرته عملا معاديا لنضال شعبنا .

بعض الاخبار حول جرائم الجلاليين وارتباطهم بالنظام البعثي العفلقي

— يفيد نبأ عاجل بأن الجثث الطاهرة لبعض شهداء الحزب الشيوعي العراقي الحليف ، الباقية في مكان معارك الاول والثاني من ايار الماضي وكلها من اخواننا واخواتنا العرب ، لم تدفن لحد وصول هذا الخبر . واحدى الجثث هي لشهيدة عربيـــة ، وكان هؤلاء جميعا قد وقعوا في اسر المرتزقة الجلاليين ، الذين لم يرحموا بهم واغتالوهم بوحشية ولا تزال جثثهم باقية فـــي العراء دون ان تدفن . هذه هي انسانية جندرمة ٨٣ وهذه معاملتهم مع الاسرى والشهداء من اطراف الجبهة الوطنيـــة الديمقراطية ( جود ) . ان مرتزقة ٨٣ لا يكتفون بقتل النساء الاسرى ، بل يقتلون النسوة اللاتي تحملن الاطفال ايضا ، فقد قتلوا طفلا لعدد والدته الشهيدة مثلما اذعنا في برنامج سابق لنا .

- ٤ -

صندوق عتاد كلاشينكوف عدد ( ١١ ) ، ( ١٠٠ ) طلقة تنوير .

هذا مستمسك حي اخر يؤكد علاقة وعمالة الجلاليين للنظام الفاشي ، ويدل على تحالفهما القائم منذ مدة والذي يعرفه حزبنا والجبهة الوطنية الديمقراطية ( جود ) وجماهير شعبنا .

والغاية من تقديم هذا المستمسك الجديد هي ان يدرك جيدا اولئك الذين لا يزالون يؤمنون بالدعايات المسموحة والكذب المفضوح للجلاليين وضرورة يقظتهم والانتباه الى ما يرتكبه قادتهم من اجرام ويتاجرون بهم في معاملة ذليلة مع النظام المغلق الدموي . ان ينتفض ضدهم كل الذين يحسبون انفسهم وطنيين وثوريين ويلتحقوا بصفوف قوات ( جود ) الوطنية .

---

## بعض الاخبار حول جحوش ١٩٨٣

تؤكد هذه الاعمال وما لا يقبل الشك والجدال بأن الجحوش الجلاليين هم عملاء ومرتزقة للنظام البعثي المغلق الفاشي . فهم يواصلون خدمة النظام ومعاداة القوى الوطنية وشن الهجمات الغادرة على بيشمركة ( جود ) بدون حياء وبشكل مكشوف .

بناء على طلب المجرم ( سيد كريم هاودياني ) وهو من قادة العصابات الجلالية ومسؤول المركز الرابع لهم ، ارسل النظام المغلق الدموي في يوم ٢٨/ ٤/ ٩٨٣ حمولة ثلاث سيارات عسكرية من السلاح والعتاد الى المركز الرابع للجلاليين ، منها فقط ( ٨ ) صناديق رمانات يدوية .

في يوم ٢/ ٣/ ٩٨٣ ، توجه مندوب لجحوش ٨٣ مع مندوب لزمرة قاسملو الى بغداد وتباحثا مع مسؤولي النظام . واسفرت المحادثات عن استلام كمية من الالغام المختلفة . وقد وصلت هذه الكمية في يوم ٥/ ٣/ ٨٣ الى اربيل عن طريق امن الشمال ومن اربيل ارسلت الى الجلاليين في المنطقة .

ارسلت خلال الايام الماضية جثث ( ١٣ ) قتيلا و( ٢٠ ) جريحا من مرتزقة الجلاليين الى مستشفى الفرقة العسكرية في اربيل ورافقت مفرزة مسلحة من جحوش الجلاليين سيارات هؤلاء المصابين بأمرة المجرم ( حمه سور ) . ومن بين الجرحى . خالد كومه‌شيني وبرهان محمد امين وقادر سوريش ، وتوفي الاخير بعد ذلك .

هذا وقد وصلت جثة قتيل آخر لجحوش ٨٣ الى مقر امن المفالقة في ديانا . ولم يعرف اسمه الحقيقي . فزودت دائرة امن ديانا مفرزة الجلاليين بكتاب رسمي وبأسم ( فتحي ) وارسلته الى اربيل برفقة ( ٨ ) ثمانية مسلحين من مرتزقة جلال الطالباني .

في يوم ٢٥/ ٤/ ٨٣ ارسلت السلطات العسكرية كمية كبيره من العتاد والمواد المتفجرة من معسكر ( سبيلك ) الى الجلاليين

يواصل المجرم سيد كريم هاودياني احد قادة جحوش ٨٣ اتصالاته برئيس الجاش القديم سعيد اسعد شيتنه . ويتصل به باللاسلكي بأستمرار ويزوده بالمعلومات . والجدير بالذكر ان سيد كريم هذا قد تربى منذ الصغر علي يد المرتزق سعيد اسعد شيتني .

في يوم ٥/ ٥/ ٩٨٣ اتصل المدعو ( محمد كمال ) من جحوش ٨٣ بالرائد احمد ، ضابط استخبارات النظام الفاشي في قضاء صديق . وقد اخبر الرائد احمد بأن اتصالاته مع السلطة قديمة وله علاقة رسمية بالملازم سعدون في استخبارات اربيل .

وفي نفس اليوم ، اي ٥/ ٥ اجمعت السلطة الفاشية من قرى قضاء صديق كمية كبيرة من الخبز والمواد الغذائية وأرسلتها الى الجحوش الجلاليين في المنطقة بثلاث سيارات .

تفيد الاخبار الموثوقة بأنه قد اشتركت اعداد كبيرة من مرتزقة قاسملو والكومله الايرانية وجوى ورجال ساواك السابقين ورجال الشاه المقبور ، الى جانب الجحوش الجلاليين في هجومهم الغادر على مقرات وقواعد وقوات ( جود )

ومن المعلوم ان النظام المغلق ومرتزقة جلال وقوات الثورة المضادة في ايران ، كلهم متحدون في خندق واحد ضد ثورتنا المباركة وجبهتنا المناضلة جود الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية ( جود ) ويحاولون القضاء عليها . ولكن خاب ظن عملاء الجبهة الامبريالية بقيادة امريكا المجرمة فان شعلة ثورتنا تزداد نورا وحرارة ، والنضال المشترك لحزبنا والأطراف الاخرى في الجبهة الوطنية ( جود ) يزداد علاقة واتساعا .

ان معنويات البيشمركة والجماهير هي اليوم اقوى من اي وقت مضى . ذلك ان المصالح والطلائع قد اتضحت وان الخنادق تميزت فخندق ( جود ) والشعب واحد ، وخندق المفالقة وجحوش ٨٣ والعملاء الاخرين خندق اخر .


---

## اوروبا .

وافانا مراسلنا من اوروبا بانه بعد نداء الرفيق مسعود البارزاني رئيس حزبنا ، الموجه الى الدول والمنظمات والشخصيات التقدمية وعلى اثر الاجتياز التركي الغاشم للاراضي العراقية واحتلال مواقع فيها ، وبعد تناقل هذا النداء من قبل الاذاعات الاوروبية وصحفها ووكالات الانباء العالمية . نظمت جمعية الطلبة الاكراد في اوروبا واصدقاء شعبنا مظاهرات جماهيرية احتجاجية امام سفارات وقنصليات النظام التركي الفاشي في كل من ( فيينا ) و ( بون ) و( ستوكهولم ) ، طالبت فيها بسحب القوات التركية فورا من الاراضي العراقية .


كما طالب المتظاهرون شعوب العالم اسناد نضال شعبنا العادل وحركته التحررية ضد العدوان التركي الامبريالي . كما طالب المتظاهرون النظام التركي أيقاف المحاكمات والاعدامات بحق المناضلين الاكراد في كردستان تركيا .


من جهة ثانية نشرت جريدة ( لومانيتيه ) لسان حال الحزب الشيوعي الفرنسي مقالا قالت فيه ان التدخل التركي يستهدف ضرب قواعد الحزب الديمقراطي الكردستاني ، المتواجدة في



ژ/ ٢٣٥

١٩٨١/١١/١





حزبی شیوعی عیراق
ژمارە / ف
مێژوو / ٣٠/١٠/١٩٨١

هاوڕێیانی م.س
هاوڕێیانی م.ج
حزبی سۆشیالیستی کوردستانی عیراق
تێکۆشەر

سەرۆکی شۆڕشگێڕانەمان
هەواڵی شەهید بوونی هاوڕێ عبداللە سور و هاوڕێیەکانی
بەدەستی کۆمەڵەی بەکرێگیراو، جێگەی داخ و خەفەتێکی زۆر بوو لامان،
لەراستیدا، دڵتەزێن و ئازارێکی زۆری داین. بەتایبەتی
لەم کات و قۆناغەدا.. دیارە هەرچەند ڕێز و شانازی
بکەین بە شەهیدانمان، هەر کەمە، بەڵام لەم تازیەدا
دڵگرانی خۆمان، و هاوخەمی، و بەشداری خۆمان لە گەڵتاندا
دەربڕین لەم ڕووداوە سەختەدا.
تێکۆشەران زۆر ڕاستیان دەربڕیوە، کاتێک
کە ئاخر پلەی وەفاداری خۆیان ئەسەلمێنن، بە شەهید
بوونیان.
هیوادارین هاندەرمان بێت بۆ هاوکاری، بۆ بیرکردنەوەی
جێنشینی کردنیان، بۆ سەندنی تۆڵەیان، بۆ هاوکاری دروست
و ڕێکوپێک کردن و نەخشەی ورد بەجێ هێنان، هەتا زیاتر
بەرەو پێشەوە بڕۆین.
بەناوی حزبی شیوعی عیراقەوە دەمانەوێ جارێکی تر دڵگرانی خۆمان
و هاوبەشیمانتان پێ ڕابگەیەنین.
تێکۆشەرانە
حزبی شیوعی عیراقی
٣٠/١٠


Sirwan Fatih
صورة مناضلات الشيوعيات للحزب الشيوعي العراقي التي لم
ينجو احداهن من مذبحة پشتئاشان الشهيرة التي قام بها الاتحاد
الوطني الكردستاني
وێنەی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی کە هیچیان ڕزگاریان نەبوو لە
قەسابخانەکەی پشتئاشان کە لەلایەن یەکیتی نیشتیمانی کرا بۆ
سەر ئەو حزبە
نموونەیەک لە درۆی شیوعییەکان ئەوەی سەرەوەیە


بیری نوێ
کورد مەسەلەی تەواوی گەلی عیراق و هێزە نیشتمانیەکانیەتی
کومیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عیراق ئەندامێکی کۆچ کردووی بەری دەکات
کورتەی ژیانی هاوڕێ شاکر مەحمود

شهداء الحزب شهداء الوطن - الجزء الثا...

المجد لشـهداء الحزب

**ظروف الإستشهاد:** اثر تعرضه لحادث دهس مع ابنته بسيارة تابعة لأجهزة الامن يوم 6 تشرين الثاني 1972.

**الحياة الاجتماعية والنضالية:** عامل. انتمى للحزب عام 1956 ، ساهم في النشاطات الوطنية منذ كان طالبا في مرحلة الدراسة المتوسطة ، القي القبض عليه لأول مرة اثر مساهمته الفعالة في المظاهرة الأحتجاجية التي جرت في البصرة ضد العدوان الثلاثي على مصر في خريف 1956، وحكم عليه لمدة سنة، بعد خروجه من السجن القي القبض عليه ثانية وحكم بالسجن لمدة سنة مع سنة تحت مراقبة الشرطة وقضى محكوميته في سجن بعقوبة . عند اندلاع ثورة 14 تموز 1958 عاد من الديوانية الى البصرة لينشط في المنظمات الحزبية هناك وخصوصا العمالية منها ، اصبح عام 1960 عضوا في اللجنة المحلية. اوقف عام 1962 في موقف صفوان ثم ارسل الى سجن نقرة السلمان، وبقي فيه حتى اواخر 1964. مرض في السجن فارسل الى مستشفى الديوانية ومن هناك دبر مع مجموعة من الرفاق امر هروبه والتحق بالحزب في بغداد. عمل منذ

## شاكر محمود



**تاريخ الولادة:** 1939.
**المدينة:** محلة المشراق / البصرة
**تاريخ الإستشهاد:** 12 تشرين الثاني 1972.
**المنطقة:** امام مستشفى اليرموك / بغداد.



Pola A Awla
2h

لە وەلامێکی دەرسیم دیبەگەیی لەسەر شەڕی پشتئاشان ،
دەرسیم نووسیویەتی دەڵێ پێشی شەڕەکان ئەحمەدی
بانیخێلانی نامەیەکی بۆ مام ڕەسول ناردووە دەڵێ هێرش بۆ
سەر یەکێتی بەرن، منیش وەلامم دایەوە ئەو نامەیە ڕاست
نییە هیچ کاتێ نامەی لەو شێوەیە ڕەوانە نەکراوە لەلایەن
بانیخێلانی بۆ ئەوەی هێرش بۆ سەر یەکێتی بەرن،
گۆتم هەوالەکانت هەلەیە، تۆ مێژوونووسی، دەبێ
بەلگەکانت ڕاست بن؟

لەو کاتەی ئێمە لە سالی ٢٠١٣ پەرتوکەکەیمان لەسەر
تاوانەکانی ئەنفال لە چاپخانەی ئازادی بۆ چاپ کرد،
بەیارمەتی هاژە سلێمان کەوا ئەوسا ئەندامی پەرلەمان بوو،
من سەرپەرشتیاری چاپخانەکە بووم،

بلۆکی کردووم و ئەو نامەیەی بۆ ناردووم ، ئەمەی خوارەوە
وەلامی ئەو دەرسیمەی بەناو مێژوو نووسی کوردە،
وەلامەکانی هەمووی هێرش و جوێنن:

(بەڕاستی بێئەدەب و بێڕەوشتی، نووسینەکەی من هەمووی
بەڵگەدارە، قسەکانی تۆش سەرسەریانە و بەعسیانە.
خۆت و حزبەکەت بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەپاڵ بەعس بوون
و جاشی ئەوان بوون. لەماوەی ئەو هەشت ساڵە هەم
خەسلەتی ئەوان و هەم ڕەوشتی ئەوانت وەرگرتووە.
زۆریش پێدەچێت یەکێک بێت لەو هەشتا هەزار زۆڵەی کە
بەعس باوکتانە).

messenger

Fuad Rahim
Salar Siamand
هاوری دلشاد
Bakhtiar Smail
Mahruf Hajar
Dersim Peshewa
Nazim Amin
مع الإعلامي سمير متيني
Bakir Taefur

Dersim Peshewa

DEC 23, 2019 AT 8:05 AM

جاشەکەی سەڵاح شینە لە کۆنگرە دەرکراو ڕێگەی خۆهەڵبژاردنی لێگیرا.

JUL 24, 2022 AT 5:33 AM

ڕێزو سڵاو برا. زۆر بەداخەوە بۆ هەواڵی کۆچی دوایی کردنی دایکی بەڕێزتان، هاوبەشی غەمتانم، گیانی کۆچکردوو شاد، خۆتان خۆش و تەمەنی درێژی بۆ ئێوەو کەسوکار جێهێشتی.

JUL 24, 2022 AT 11:42 AM

سلاو ، زۆر سوپاس کاک دەرسیم، بەنووسینی کورتەنامەیەک لە ئازارەکانمان کەم دەکەنەوە، تۆ هەر پیشەوای

6:14 AM

بەڕاستی بێئەدەب و بێڕەوشتی، نووسینەکەی من هەمووی بەڵگەدارە، قسەکانی تۆش سەرسەریانە و بەعسیانە.
خۆت و حزبەکەت بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەپاڵ بەعس بوون و جاشی ئەوان بوون. لەماوەی ئەو هەشت ساڵە هەم خەسڵەتی ئەوان و هەم ڕەوشتی ئەوانت وەرگرتووە.
زۆریش پێدەچێت یەکێک بێت لەو هەشتا هەزار زۆڵەی کە بەعس باوکتانە.

If you accept, Dersim will be able to call you and may see info like your Active Status and when you've read messages. Choose who can message you

Block | Delete | Accept


15.07
Messenger-lyd...
مام جەلال کە نامە بۆ کەریم ئەحمەد دەن... mere
Svar
1
Pola A Awla · 2 min
Dersim Peshewa سەرکردایەتی ح ش ع
هیچ کاتێ نەیگوتووە هێرش بۆ ی ن ک بەرن،
دەیگۆ بەرگری لەخۆتان بکەن ، بۆ دەمکوتمان
دەکەی شەرمێ ناکەی بوویە بە عسی لێمان،
بەعسی نەیتوانی دەمکوتمان بکات قۆلت
هەلمالیوە، شەرمە ئەو قسەی مندارانە
دەکەی، ئێمە خۆمان کاتێ لێماندرا لە لایەن
شەمال و سەرباز چەند شەهیدو بریندارمان
لێ کەوتەوە لەوانە مەحمود قادر مەرزانی
سەر لقی کۆیە لەگەل دوو شەهیدو حەوت
بریندار بێ هۆ بۆ باسی ئەو تاوانە نەگریسە
ناکەی کەوا بووە هۆی ئەو شەڕانەی روویان
دا، ئەو وێنەی ئەو کچانە راست نییە من هەر
بیستیتم ئەو کچەی بەناوی عەمیدە عەزبی
حالوب / ، ئەحلام بووە، پەنجەیان بڕیوە
ئەلقەکەیان لەدەستی کردۆتەوە، بۆ ئەو
تاوانانە باس ناکەی، ، دەمیشمان مەکوتە
شەرم بکە.
Svar Skjul


15.46

Kommenter

Pola A Awla · 8 min

Dersim Peshewa من کاتێ تاوانەکانی
ئەنفالم بۆ چاپ کردی، من هەر ئەوەم پەنات
بۆ ئێمە هێنا، هەر ئەو بێ ئەدەبو بێ رەوشتە
بووین، ئێستاش ئەو قسە حەلەقوبەلەقانە
دەکەی جوان نییە ئەو زمانە شڕەی بەکاردێنی
، من هەموو ژیانم دژی بەعس دەجەنگام،
تۆش لە ئەوروپای راتدەبوارد، ئەو زمانە
زبرەی بەکاردێنێ، زۆلەو ئەو قسە قۆڕانە
بۆخۆت جوان نییە، هیوادارم مێشکت
بینییەوە سەرەخۆ وا بزانم تێکچووی شەرمە
جوێنان مەدە ، جوێنەکانت لەو لەشکرە
بێشومارەی دەسەلاتی کوردی دەچێ، کەوا بە
پارەی نەوت کوێری کردوون.

Skjul


ئەوەی خوارەوە کۆمێنت (درۆ)ی ئەهرۆ عالّلایی-یە لەدژی من
نووسیویەتی لەو بابەتەی کە پۆلا عەولا لەسەر من بڵاویکردەوە
دەرسیم کاتێ گیرابوو لە دائیرەی ئەمنی
هەولێر ئیعرافی لەسەر برادەرێکی دیبەگەیی
خۆی کردبوو بەگرتنی دابوو،هەقە ئەوەش
بنووسیتەوە!
١ ي أعجبني رد
٣
Farook Dibagai
دە ستخوش
٣ س أعجبني رد
١
Shamal Hawezi
تیشکی ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێ، ڕووداوەکان و
مێژوو خۆی دەدوێ و دیارە کام لایەن
بەکرێگیراوی نێودەوڵەتی بوو لە ١٩٦٦ - وە.
دەربارەی تاوانی هێرشکردنە سەر پشتئاشان و
ئاشقولکە پێش 43 ساڵ و زەمینە و
دەرهاویشتەکانیم لە بیرەوەرییەکانمدا
باسکردیە وە کەسێک کە لە ناو جەرگەی
ڕووداوەکاندا بووم، لە هاوینێ چاپی دەکەم...
ڕووڕەشی و ڕیسوایی بۆ تاوانباران و
چەواشەکارانی مێژوو.
٩
یەک ملیۆن جار خۆزگە

Reply

**Hawre Yousif Hasary** · 1h · by Author

دەستی بەڕێزتان خۆش بێت بۆ وەڵامدانەوەی
ئەوبرادەرە سەرچەوتە ،من دەڵێم ئەگەر کاک دەرسیم
بتوانێ یەک بەڵگەمان بۆ بێنێتەوە لە سەر
دەستێکەڵکردنی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ
مخابەراتی عێراقی و ئێتیلاعات و میتی تورکیا دەڵێم
هەموو نووسینەکانی ڕاستە

Reply 1

**Nahro Allaey** · 1h · by Author


دەرسیم کاتێ گیرابوو لە دائیرەی ئەمنی هەولێر
ئیعرافی لەسەر برادەرێکی دیبەگەیی خۆی کردبوو
بەگرتنی دابوو،هەقە ئەوەش بنووسیتەوە!

Reply 2

Nahro Allaey · 2d · by Author

Ismail Said وەڵاهی دەرسیم کەسێکی زۆر هیچە ئەوجا
جەنابت بڕۆ ئەوەشی لۆ نەقل بکە وەك کۆمێنتەکەی
سەرەوەم،

باشیش بزانە کە دەرسیم لە سجن پیاوێکی رووخا و جەبان
بووە و ئیعترافی لەسەر ڕێکخستی یەکێتی نیشتمانی
کوردستان. کردووە و بەگرتنی داون ،ئەوەی دەڵێم درۆ و
بوختان نییە تێکۆشەرێکی یەکێتی لە دیدارێکی تەلەفزیۆنی
گەلی کوردستان گێڕایەوە کە ئەوکات سجن. بووە لەگەڵ
دەرسیمی ڕووخاو ،خۆشبەختانە ئەو پیاوە تێکۆشەر و
سەنگینە ئێستا لەژیانە و دەرسیمیش باش دەزانێ کێیە!
جا دەرسیمێك کە بەرگەی ڕاستییەکی وا نەگرێ و بێت
لەنامەی تایبەت کۆمەڵێك قسەی سوکی وەکخۆی بۆمن
بنووسێ،بۆچی دەبێ شیوعییەکان سەر بۆ درۆ و
چەواشەکاری دەرسیم بلەقێنن؟


٢:١٣
٪٩٧
الأشخاص الذين تفاعلوا
الكل ٣
٢
١
Pola A Awla
١٣٦ صديقًا مشتركًا
ذكر
Shamal Adel Salim
٢٦ صديقًا مشتركًا
إضافة صديق
Bakhtiar Smail
١٧ صديقًا مشتركًا
إضافة صديق

## من سهل أربيل إلى پشتئاشان

عبدوڵلاَ پۆلاَ
ترجمة: نجاة خۆشناو



**مختصرات**

- (حشع) الحزب الشيوعي العراقي
- (حدك) و( البارتي) الحزب الديمقراطي الكردستاني
- (أوك) الاتحاد الوطني الكردستاني
- (حشك) الحزب الاشتراكي الكردستاني
- (حدكا) الحزب الديمقراطي الكردستاني في إيران
- (ق. م) القيادة المؤقتة
- (جوقد) الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية
- (جود) الجبهة الوطنية الديمقراطية

فى مثل تلك الأيام الصعبة والمصيرية، ينبغي على الشخصيات التي عايشت الاحداث والمراحل المهمة، ازاحة الستار عن التاريخ النضالي المشرف لأنصارنا البواسل الذين حملوا راية النضال الثوري المسلح بشرف ونكران ذات، من خلال النقد البناء الموضوعي. ومن الضروري اجراء تقييم وتحليل متوازن، لاسيما وأن هؤلاء المناضلين الثوريين كانوا في طليعة المضحين بأنفسهم من أجل نيل شعبنا حقوقه المشروعة وترسيخ العدالة الاجتماعية والديمقراطية.

هناك شخصيات معروفة ومضحية ناضلت ضمن تلك الثورة المسلحة بدون كلل أو ملل. فأدوارهم ومواقعهم وأحاديثهم مدونة ومثبتة في أفكارنا وخيالنا الذى ما يزال خصبا ومعطاء، ومن خلال المسيرة الطويلة من سهل أربيل إلى پشتئاشان، والمعارك الداخلية بين القوى المتصارعة ضمن الفترة الممتدة بين أوائل سنة 1983 حتى نهايتها، وما قبل تلك الاحداث المعروفة بمعارك پشتئاشان الأولى والثانية، إذ كنت أحد الپيشمەرگە التابعين لسرية أربيل /البتاليون الخامس.

لذا ان الكتابة حول تلك المواضيع والمراحل الحساسة ليس بأمر سهل وبسيط، خصوصا أنها توثق تجربة مريرة من النضال المسلح الصعب، من أجل تقديمه وتوضيحه بعدالة، وبعيدا عن اي تحيز، للأجيال الحالية والقادمة.
بالتحالف النضالي الثوري مع باقي القوى المسلحة الثورية الأخرى ناضلنا ضد النظام الاستبدادى الذى كان يحاول القضاء على الشعب الكوردى وتصفيته، لذلك تعرض الپيشمرگە عموما للعديد من الاحداث والكوارث المأساوية، وهى في الواقع كانت ملاحم بطولية نادرة سطرت بدماء، وتضحيات شهدائنا الأبطال. الكوارث والماسي كانت كثيرة، ولا أريد هنا أن ازيد الجرح والآلام، لكن، باعتبارى أحد انصار الحزب الشيوعي العراقي وعايشت معظم الاحداث المأساوية والدموية في تلك المرحلة الصعبة. على سبيل المثال سوف اتحدث عن كارثة پشتئاشان المؤلمة باعتبار أن لها افرازات وتأثيرات على التاريخ النضالي المليء بالنكبات والمصاعب لجميع القوى الكوردستانية المناضلة، وفي جميع المجالات. إن المسافة ما بين عدم الاستيعاب والفهم والرؤيا والآراء كبيرة.

لقد سيطرت الإتجاهات المختلفة على المصالح العليا، فبدلا من أن نأخذ الدروس والعبر من الماضي والتاريخ المر والمأساوي، بدأنا بجولة جديدة من الاحتراب الدموى غير المجدي، الذي لم يجلب سوى الخراب والتأثير السلبي على نضال القوى الثورية، فكانت النتيجة استشهاد 68 من مناضلي الحزب الشيوعي فى پشتئاشان الأولى هذا بالإضافة إلى العشرات من اعضاء الاحزاب الأخرى اذ يقدر العدد الاجمالى لجميع الاحزاب بـ 194 پيشمەرگە، حيث كانوا نخبة من المناضلين الاوفياء من الذين كان هدفهم ترسيخ الأمن والأمان لمسيرة نضالات شعبنا المليء بالأحزان والكوارث الدموية.

لذلك أهدى كتاباتى هذه إلى الارواح التي ضحت بالغالي والنفيس، وهم نخبة مخلصة من الشهداء الأبطال حيث قضوا سنين طويلة في ساحة النضال مع باقي رفاقهم الپيشمرگە ضد النظام الفاشي، كوادر في النضال الطبقي والبعض الآخر كان غارقا فى بودقة الوطنية وحب الوطن، بحيث اثرت عليهم كثيرا، فقرروا اللجوء إلى احضان الوطن والرفاق المخلصين لمواصلة النضال الثوري، وذلك بعد انقطاع دام فترة طويلة، هذا فى الوقت الذى كان هناك الكثير ممن تركوا أرض الوطن وتوجهوا إلى المنافي فى ظل الحاجة الماسة لطاقاتهم ونضالهم، تلك الكوادر المخلصة والمتمكنة استطاعت التخلص من الاجهزة البعثية المستبدة، حيث رفضوا بشكل قاطع الظلم والاستبداد من قبل السلطة الغاشمة الدموية.

لقد شمل الارهاب جميع المدن والمحافظات والقصبات من زاخو إلى البصرة، وهم الابناء الاوفياء والمخلصين للشهيد الفذ (فهد). توجه البعض منهم نحو خارج البلاد، الذين هم انفسهم لبوا نداء الدفاع عن الوطن، وطبقوا باخلاص سياسة الحزب، ليصبحوا مقاتلين أنصار على جبال ووديان كوردستان الأشم فتركوا بلدان المهجر وعادوا إلى اشجار البلوط المحترقة وأحضان وديان كوردستان الآمنة.. انضموا إلى التنظيمات العسكرية المسلحة للپيشمرگە، بقصد المشاركة فى الثورة الجديدة لشعبنا ضد الطغمة الفاشية العفلقية.

16.21

1983/14/2

بتاريخ 29/2/1983 ونتيجة لمصادمات (به ستي شه رغه ونيره گين) قرروا تشكيل لجنة ثلاثية من( الاتحاد والشيوعي والاشتراكي).

فالمخططات التي وضعها النظام خلال فترة المفاوضات وحسب توقعاتي الشخصية، ظهرت وحدثت وللأسباب التالية:

1- فقدان الثقة مابين قوى البيشمركة، لاسيما بين (جود) و(جوقد)، بالذات بين (البارتي) و(الاتحاد)، فالخلافات والتعقيدات كانت في تصاعد وتزايد مستمر، ففي خلف قرية (كونه مشك) و(دوله كوگا) تجد قوات البارتي على القمم في جاسوسان وأماكن أخرى بالمقابل تجد مقرات الاتحاد قد أخذت أماكنها في القرى (شيني وزه لي نيوزه نك ونوكان).

2- كان قوات (الاتحاد والاشتراكي) في تصادمات واقتتال في مناطق كرميان وسهل كويه، وتم القاء القبض على مفرزة لبيشمركة الاشتراكي من قبل الاتحاد وفي منطقة (دوكان) حيث كان عددهم (9) مقاتلين، كانوا عائدين من نشاط عسكري، قاموا بتسليمهم بصورة غير انسانية إلى قوات النظام الفاشي!!

3- مع إرسال الوفد الحكومي، بدأت الخلافات والتعقيدات تظهر بين القوى الكوردستانية والعلاقات تتدهور وتتعقد، الحزب الشيوعي كان بين الحرب والسلم، واخيرا وصلت شرارة الاقتتال إلى الحزب في قرى( بهرده سپى ونيره گين)، بتاريخ 11/2/1983 استشهد( 3) من بيشمركة الحزب وجرح ( 7)، و( 8) آخرين تم أسرهم من قبل قوات الاتحاد في قرية( نيره گين)، كانت الصدامات تتوسع يوماً بعد آخر، والهجوم على مقرات( بشتئاشان) كانت احدى النتائج التى شجعت المفاوضات مع النظام الدكتاتوري.

4- يظهر من خلال رسالة( جلال الطالباني) إلى( كريم أحمد) بأنه كانت هناك سياسة التوريط وزرع الفتنة والخلافات مابين القوى الكوردستانية، عندما تنشر اخبار عن مشاركة أحزاب كوردستانية أخرى في المفاوضات مع النظام، على الخصوص عندما تمت الاشارة إلى مفاوضات مع البارتي عن طريق( عزت سليمان بك)، أي عندما لا تريدون اجراء المفاوضات، فأن البارتي مستعد للمفاوضات مع النظام.

5- والدليل الآخر لهذه السياسة التخريبية للنظام عندما كان يشير إلى الحزب الاشتراكي بـ( الجماعات الصغيرة والهامشية)، أو يقولون بأنهم أرسلوا شقيق رسول مامند إلى الحزب الاشتراكي حول مسالة المواطن الدانماركي، أي يؤكد بأن لديه علاقات مع الحزب الاشتراكي.

6- يقول( جلال الطالباني) في رسالته حول مسألة اجراء المفاوضات مع النظام، نحن لا نقوم بأي عمل بدون أعلام الحزب الشيوعي والاشتراكي، بحيث أن وفد النظام غير مرتاح بالنسبة إلى هذه المسألة.

7- عن طريق تهيئة الأرضية للمفاوضات ونتيجة زيارات وفود النظام، استطاع شراء عدد من المسؤولين وزرعهم كجواسيس على كل قوى( البيشمركايه تي) ويرسخ هؤلاء من أجل تنفيذ مخططاته التخريبية وضرب حركة التحرر الوطنية، مثلاً هناك( آمر تيب) و( معاون تيب سهل أربيل) مع عدد من الكوادر السياسية وعددهم( 40) بيشمركة، تسللوا إلى تنظيمات الاستخباراتية البعثية، استطاعوا في سهل أربيل وباسلوب الغدر أن يقتلوا( 8) من بيشمركة حزبنا، كان من بينهم كادر سهل أربيل( كانبي كجكه) والمسؤول السياسي لفرع( قرچوغ) الدكتور( عادل) ليدخلوا سجل الخالدين.

8-ازداد عدد بيشمه ركة الاتحاد الوطنى كما وليس نوعا، مما ادى إلى اثارة الكثير من المشاكل، وهناك بعض القياديين العشائريين داخل قوات البيشمركة أصبح سبباً لزيادة نيران الاقتتال والتصادمات وأشعلها أكثر.

9- الهجوم على مؤيدي ومناصري بعضهم البعض، كل الجهات، ففي المناطق المحررة كان هناك أساليب أكثر قسوة وعنف، فالذي كان يريده البعث الفاشي تم تنفيذهُ في المناطق المحررة، الاعتداء على أعضاء ومؤيدي الأحزاب كانت تزداد يوماً بعد آخر.

10- ونتيجة هذا النوع من الهجوم على مؤيديهم ومناصريهم اصبحت سبباً لانتشار ظاهرة فقدان الثقة وعدم الايمان بقوات البيشمركة، يزداد مع مرور الأيام.

11- بالاستناد إلى تقرير قاطع أربيل، بعد أحداث بشتئاشان عندما رجعنا إلى المناطق القريبة من المدن، وبمساعدة رفاقنا في داخل المدن، أرسلنا تقريراً إلى قيادة أربيل وإقليم كوردستان، وفيها أكدنا بأن عدد أفراد الجحوش والمفارز الخاصة من مرتزقة النظام في عام 1982 كان يقدر بـ(250000) الف عنصر، أزداد في عام( 1985) إلى(500000) أي في نهايات المفاوضات، بذلك أزداد إلى الضعف.

12- أصبحت الاجواء ملائمة لقوات النظام للتقدم نحو المناطق المحررة من أجل احتلالها، فالكثير من المناطق التي وصلت اليها القوات الإيرانية والجيش العراقي مثل مناطق( حاج عمران) تمت محاصرتها بالألغام والأسلحة الثقيلة.

من خلال التجربة الطويلة للشيوعيين في مسلة التعامل مع النظام، بالذات أثناء فترة الجبهة الوطنية مع البعث، أصبحت لديهم خبرة ومعرفة جيدة بمخططات البعث التخريبية وطريقته في المفاوضات تعتبر هدراً للوقت وتدخل في صالح البعثيين وتقويهم أكثر.

Ikke sikker — al-nnas.com

08.59
◀ Messenger



Shirko Marbin
1 dag ·

** مجزرة بشت ايشان، عرس الدم .. !!!

"""""""""""""""""""""""""""""""""""

* في قرية بشت ئشان وفي يوم 1 \ أيار\1983 تبادل الضحية والجلاد، مواقعهما وكان الخاسر الأكبر هم الشهداء الذين دفعوا حياتهم ثمنا لقناعاتهم الفكرية ومواقفهم الوطنية، فالذين تبادلوا الأدوار أنساهم البساط الأحمر أنهم كلما بالغوا في تجاهل وتناسي ما جرى في تلك القرية، فإن ذلك سيعطي الحادثة بعدا أسطوريا وتراثيا ترddه القصائد والأغاني وتكون عصية على النسيان، فالحكاية يعرفها الجميع، هي حكاية عشرات الشهداء من الشيوعيين العراقيين، الذين تعرضوا للخيانة والإبادة عندما كانوا يزينون مقراتهم الغافية على سفح جبل قنديل ويتدربون على الأغاني والرقصات تحضيرا للاحتفال بالأول من أيار عيد العمال العالمي !!!

* بشت ئاشان قرية صغيرة مهجرة، تحولت بمر الأيام الى مركز ثوري للأنصار الشيوعيين مما حفز الأهالي على العودة لها للأهتمام ببساتينها العامرة، تحولت هذه القرية المهجرة الى خلية نحل، بناء قاعات، مفارز قتالية، خدمات طبية، أجتماعات حزبية وعسكرية، ندوات ثقافية وأذاعية ، عندما أكتملت زينة بشت ئاشان وتوسعت بأبنائها الشيوعيين أحتضنها السكان وفرح بها الأنصار ولكنها بدت مخيفة للنظام الدكتاتوري والفاشيون وقرروا منعها من النمو .

* في بشت ئاشان تجسدت البطولة وغرفة العمليات التي تدفع المفرزة تلو المفرزة نحو مقرات السلطة ومرتزقتها، ذلك الموقع الذي عجزت قوات السلطة وطيرانها عن أزاحته من تربته العراقية .

* بشت ئشان تحولت الى جريمة سوداء بعد ان نسقت مفارز (الأتحاد الوطني الكردستاني/أوك) مع الحكومة الصدامية وبدفع منها ومرت من أمام ربايا ومعسكرات الحكومة وبقوة تفوق قوة الأنصار الشيوعيين بكثير وبعد أن رسم وخطط للعملية قبل مدة من بدأ العدوان !!!

* لم يخطر في بال احد من الحزب بان قوات كردية حليفة (اوك) تستعد لشن هجوم واسع على مقرات الحزب الذي كان في تلك الأيام يستعد للأحتفال بمناسبة عيد العمال العالمي .. فقد كانت هذه القوات تهبط من قمم الجبال الى الوادي ومن مناطق عدة

08.59
Messenger

Shirko Marbin
1 dag ·

* لم يخطر في بال أحد من الحزب بأن قوات كردية حليفة (أوك) تستعد لشن هجوم واسع على مقرات الحزب الذي كان في تلك الأيام يستعد للأحتفال بمناسبة عيد العمال العالمي .. فقد كانت هذه القوات تهبط من قمم الجبال الى الوادي ومن مناطق عدة محيطة بمقرات الحزب وتبدأ الهجوم مما خلق نوع من الأرتباك بين الرفاق لكونه مفاجئ ولم يسمح لهم الوقت لترتيب الأوضاع بشكل أفضل، حيث لم يتبين في البداية من الذي يقوم بالهجوم !!!

* انتشر الشيوعيون في أماكن عديدة وربض الرفاق حول مواقع الدوشكات ووضعت كمائن متقدمة، كانت قوات (أوك) بحدود (1700) مقاتل متمرس بالقتال منذ سنوات وكانوا يعرفون المنطقة ومداخلها ومضائقها معرفة جيدة ومعظمهم حملوا سلاح (B K C) وهو سلاح ذو مدى بعيد زودهم به النظام الصدامي أضافة الى تسهيل المرور جنب الربايا وتزويدهم بأجهزة المخابرة والعتاد وفق الأتفاقية السرية المعقودة بين الطرفين كما أن مدفعية الجيش الحكومي شاركت في قصف مواقع الدفاعات الشيوعية، أما قوات الحزب الشيوعي فكانت أقل من (250) رفيقا ورفيقة بما فيهم قيادة الحزب والعوائل والرفاق المرضى وفي المستشفى، أضافة الى أن معظم الرفاق لم يدخلوا معارك حقيقية ولم تكن لديهم خبرة في القتال الأنصاري !!!

* استبسل الشيوعيون في الدفاع عن أنفسهم و مواقعهم، وفشلت القوات المهاجمة في التقدم والإجهاز على القوات الشيوعية، واستمرت المعركة ثلاثة أيام بلياليها، وفي اليوم الثالث، ومع نفاد العتاد، بدأت القوات المدافعة (الشيوعية) الانسحاب من مواقعها إلى مواقع أخرى أمنة، ولكنها وقعت في كمائن المهاجمين، وهنا حدثت المجزرة: فقد قُسّم الأسرى على أساس قومي فأطلق (أوك) سراح الشيوعيين الأكراد ، وقُتِل الأسرى الشيوعيين العرب بسادية بعدما جُردوا مما في جيوبهم من نقود !!!

*****

** في ذكراكم أيها الشهداء في بشت ئاشان،أيها المعلمين اخط كلماتي علها تبرق أملا متجددا لنا نحو نضال مستمر على خطى دربكم الملهم والمتجدد نحو تحرير الانسان والعراق الذي كان يسهر الليالي مع عيونكم المحدقة في جبل قنديل وأنتم تنثرون بشارات النصر في وديانه وسفوحه، وترتلون أبات نصر قادم !!!

Skriv en kommentar ...

08.59
◀ Messenger

**Shirko Marbin**
1 dag ·

** في ذكراكم أيها الشهداء في بشت ئاشان،أيها المعلمين اخط كلماتي علها تبرق أملا متجددا لنا نحو نضال مستمر على خطى دربكم الملهم والمتجدد نحو تحرير الانسان والعراق الذي كان يسهر الليالي مع عيونكم المحدقة في جبل قنديل وأنتم تنثرون بشارات النصر في وديانه وسفوحه، وترتلون أيات نصر قادم !!!
* هو العراق الذي عشتم معه الوجع، لتأخذكم البوصلة معاً باتجاه طريق صعب لا يسلكه إلا أنتم في رحلة نضال مصحوبة بوجع القلب والعقل إلى رحلة الأنتفاضة في وجه الطاغوت، لتبزغ شمس الثورة والتمرد في صبح يجيد لغة الانتصار !!!
* لم تكن بشت ئاشان سوى رحلة أخرى للتنقل بوجع العودة إلى ذاكرة الوطن وتبقى ذكراكم ملح جراحنا، التي تنتفض من أجل غد أبهى !!!
** أدناه أسماء شهداء مجزرة بشت ئاشان من الشيوعيين الأبرار، كذكرى خالدة لهم، بوصفهم شهداء حقيقيين أشاوس لم يعرفوا معنى الخيانة أو التردد ، وكذلك لتوثيق الحقيقة !!!

1 - عميدة عذبي حالوب (أحلام)
2 - منير رمزي يونس
3 - بهاء الدين أحمد
4 - مجيد رسن (حميد )
5 - محمد فؤاد هادي (أبو طارق)
6 - علي جبر
7 - عبد الوهاب عبد الرحمن سالم
8 - سلام شهاب أحمد (أبو عادل)
9 - باسم محمد غانم الساعدي (أبو صلاح)
10 - الشهيد أبو يحيى
11- شهيد عبدالرضا(فنان ومخرج)
12- سمير يوسف كامل (عمار)
13 - سمير عبد الحسن ( أبو صابرين)
14- ثائر عبد الرزاق أحمد (سعد)
15- وهاب عبد الرزاق(ملازم حامد)
16- يحيى حسن مرتضى (رشدي)
17- صلاح حميدي (أبو مهدي)
18 - الدكتور بهاء (طارق)

Skriv en kommentar ...

19.39
◄ Messenger



هاوری دلشاد
9. dec. 2023 ·

دەربارەی شەهید کازم....

پێش چەند رۆژێک بەر لەئێستا، لە رێگای بابەتێکمەوە کە بە دوو بەش لەسەر شەهید کازمم بڵاوکردنەوە. بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو هاورێیان دەنگی دایەوە! حەتمەن مەبەستی ئەو نووسینەم زیاتر ناساندنی شەهید کازم و شێوازی شەهید کردنەکەی بوو بە هاورێیان و نەوەی نوێ! چونکە شەهید تەمەنی پێشمەرگایەتی کورت بوو و لەولاشەوە رێک پێش ئەنفالەکان بە شێوازیکی نهێنی شەهید کرابوو، بە گشتی بۆ زۆربەی هاورێیان شەهید کازم نەناسراوبوو!

بە قسەی بنەماڵەکەشی پرۆسەی شەهیدانەکەشی زۆر بە زەحمەت جێ بەجێ کراوە، هۆکارەکەشی ئەوەبووە شەهید نەناسراو بووە بە تایبەتی بۆ ئەوانەی ئێستای حزب کە زۆر کەم لە مێژووی حزب ئاگادارن! خودی خۆشم هەر لەو رۆژەی دیکۆمێنتەکەم خوێندۆتەوە بەبەردەوامی لە زەهنمدا دێت و دەچێت و ماوەیەکی درێژە هەوڵدەدەم بە پوختی بیگەینمە بەر چاوی خوێنەران بۆ ئەوەی زانیاریەکە تەنیا لەلای من نەمێنێتەوە!

من هەر لە رۆژانی راپەرین ئەو دیکۆمێنتەی دەزگای ئەمنم کەوتە بەرچاو، بەڵام من کەسم لە بنەماڵەی شەهید کازم نەدەناسی! بەڵام پاش کۆنفراسی پێنجەمی لێژنەی پارێزگای هەولێری حزب, من چوومە مەکتەبی لێژنەکە و هەر لەو سەروبەندەدا لە رێگای خزمێکمەوە برایەکی شەهید کازمم ناسی و هەر ئەودەم نووسراوێکم بە ناوی مەکتەبی کۆمیتەی هەولێری حزبەوە بۆ برای شەهید کازم نووسی کە شەهید کازم شەهیدی حزبە و شێوازی شەهیدکرنەکەشم بۆ روونکرنەوە نووسیبو! هەر بەو نووسراوەش شەهیدانەکەی جێ بەجێ کرا بە قسەی براکەی شەهید!

زۆرێک لە هاورێیان لە رێگا کۆمێنت گلەییان لەوە هەبوو کە ناوی تاوانباران بە پیت نووسراوە! حەتمەن ئەوەی شارەزایی لەو شێوازە تاوانانە هەبێت دەزانێت ئەوە ئاساییە! بەڵام ناوەکان هەم ناسراون هەم زۆرێک لە خەڵکی دیبەگە دەزانن بە تایبەتی بنەماڵەی شەهید کازم و ناسراوەکانی! ئێستا دەتوانرێت زۆر کاری لەسەر بکرێت هەر

19.39
◂ Messenger

**هاوری دلشاد**
9. dec. 2023 ·

زۆرێک لە هاوڕێیان لە ڕێگا کۆمێنت گلەییان لەوە هەبوو کە ناوی تاوانباران بە پیت نووسراوە! حەتمەن ئەوەی شارەزایی لەو شێوازە تاوانانە هەبێت دەزانێت ئەوە ئاساییە! بەڵام ناوەکان هەم ناسراون هەم زۆرێک لە خەڵکی دیبەگە دەزانن بە تایبەتی بنەماڵەی شەهید کازم و ناسراوەکانی! ئێستا دەتوانرێت زۆر کاری لەسەر بکرێت هەر بۆنمونە!

یەکێک لە تاوانبارەکان ئێستا ئەندامی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە! بۆیە مەڵبەندی هەولێری حزب دەتوانێ بە هەماهەنگی لەگەڵ مەڵبەندی هەولێری یەکێتی ( ئەو تاوانبارە گوایە لە هەشتاکاندا دیسان کەسێکی ناسراوی ئەو سەردەمی ڕیزەکانی نێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی لە هەولێر بە گرتنداوە ) بیدەنە دادگا!
ئەوەی دووەمیش دیسان بەهۆی ئەوەی هەموو ژیانی لە ترسدایە بۆیە خۆی زۆر دەپارێزیت و تا ڕادەیەک بە نهێنی دەژێت و لە وانەشە بە ناوێکی ترەوە هاتبێتە سوئید. بەڵام دیسان ئەگەر ڕێکخراوی سوئیدی حزب بە نیاز بێت بیداتە دادگا ئەوە زۆر ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی بدۆزرێتەوە و بدرێتە دادگا!

هەرچەند تاوانەکە پێش ٣٥ ساڵ لەمەو بەر ئەنجامدراوە ، بەڵام گەیاندنی تاوانباران بە دادگا سەرکەوتنێکی گەورەیە بە پرۆسەی بەرگری کردن لە شەهیدەکانمان......!




19.40
◂ Messenger
هاوری دلشاد
9. dec. 2023 ·
Dersim Peshewa · 2 år · af forfatter
ئەو تۆمەتبارە سەرەکیەی کە بووە هۆی دەستنیشان کردن
و شەهید کردنی شەهید کازم سلێمان مەولود، نزیکەی
دوو ساڵ پێشتر، رێک لە (٢ی ٣ی ١٩٨٦)دا منی لەلایەن
مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە هەولێر بەگرت دا.
بەڵام من لێیخۆشبووم، چونکە برایەکی پێشمەرگەی
شەهید بوو، هەروەها لە خانەوادەیەکی ئەوەندە ڕەنجدەر
و زەحمەتکێش بوو، بەلامەوە شەرم بوو کورە
زەحمەتکێشەک بکوژم، خۆیشی باش دەزانێت کە لە رۆژی
١١ی ئازاری ١٩٩١دا دەرفەتی کوشتنیم بۆ ڕەخسا و تەنانەت
هاورێیەکەم لەگەڵ بوو ویستی پەلاماری بدات و بیکوژێت،
دەستی هاورێیەکەمم گرت و ڕامکێشا و ڕێگەی کوشتنیم
نەدا.
Svar 9
Shukralla Hamadamin · 2 år
Dersim Peshewa ئێستا لەوانەیە شەهیدانەی
ئەو برا شەهیدەی وەرگری.
Svar 1
Dersim Peshewa · 2 år
Shukralla Hamadamin
نەخێر ئەو خائینە وەریناگرێت، برایەکی لەخۆی
بچووکتری هەیە ئەو وەری دەگرێت.
Svar 2


19.50
هاوری دلشاد
9. dec. 2023 ·
Dersim Peshewa · 2 år · af forfatter
ئەو تۆمەتبارە سەرەکیەی کە بووە هۆی دەستنیشان کردن
و شەهید کردنی شەهید کازم سلێمان مەولود، نزیکەی
دوو ساڵ پێشتر، رێک لە (٢ی ٣ی ١٩٨٦)دا منی لەلایەن
مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە هەولێر بەگرت دا.
بەڵام من لێیخۆشبووم، چونکە برایەکی پێشمەرگەی
شەهید بوو، هەروەها لە خانەوادەیەکی ئەوەندە رەنجدەر
و زەحمەتکێش بوو، بەلامەوە شەرم بوو کورە
زەحمەتکێشەک بکوژم، خۆیشی باش دەزانێت کە لە رۆژی
١١ی ئازاری ١٩٩١دا دەرفەتی کوشتنیم بۆ رەخسا و تەنانەت
هاورێیەکم لەگەڵ بوو ویستی پەلاماری بدات و بیکوژێت،
دەستی هاورێیەکەمم گرت و رامکێشا و رێگەی کوشتنیم
نەدا.
Alle 9 8 1
Bakhtiar Smail
Dengekan Goran
هاوری دلشاد
Hawre Haji
Rasool A Aziz
هەژار ئیلنجاغی


مقر
الحزب الشيوعي العراقي
لقد أصبحت مبادئ ثورة الحسين (ع) منهاجاً
لكل ثائر يريد أن ينتزع حقه من ظالميه


الحزب الشيوعي العراقي
يعزي العالم الاسلامي بذكرى استشهاد رائد السلم والعدل
ابا الشهداء الامام الحسين بن علي (ع)

تدقيق وحفظ
الامر ٢/٢٢/٨٤

مجلس قيادة الثـــورة
رقم القرار / ١١٠
تاريخ القرار/ ١٩٨٤/١/٢١

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨٤/١/٢١ مايلـــي :ــ

١٠ يعفى الاشخاص المدرجة اسماؤهم في القوائم المرفقة بهذا القرار من الجرائم التي ارتكبوها او اوقفوا بسببها • ويعفون من العقوبات الصادرة بحقهم من المحاكم الخاصة والعسكرية والمدنية ومحكمة الثورة ، وتغلق القضايا التحقيقية التي مازالت في دور التحقيق او المحاكمة ويطلق سراحهم من السجن او التوقيف حالا •

٢٠ تتولى الجهات المختصة تنفيذ هذا القرار،

التوقيع/ ...
صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثـــورة

---

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقيـــة
وزارة الداخلية
مديرية الامن العامـــة

العدد / ٦٤ /ق٤/ ٧٣٥٠
التاريخ/ ١٩٨٤/٢/١

(سري ومستعجل)

ـ م ـ

الى / مديرية امن منطقة الحكم الذاتـــي

م/ قـــرار

لاحقا لبرقيتنا ٤٥٦٩ فـــي ١٩٨٤/١/٢١

اعلاه نص قرار مجلس قيادة الثورة ١١٠ في ١٩٨٤/١/٢١ المبلغ الينا بكتاب وزارة الداخلية ف•س/ ١١٩٣ في ١٩٨٤/١/٢٤ والقاضي باطلاق سراح السجناء والموقوفين من عناصر الاتحاد الوطني الكردستاني لاتخاذ مايلـــزم ... مع التقديـــر

جمعية السجناء الاحرار
المقر العام
Central Office
Association Of Free Prisoners

موقع/ ...
مدير الامن العـــام

نسخة منه الـــى

مديرية امن محافظة بغـــداد
مديرية امن محافظة نينـــوى
مديريـــة/ ك١/ ٦٦      للتأشير رجـــاء
مديريـــة/ ٤٥/ للتأشير رجـــاء

للنفس الغرض اعلاه .. مع التقديـــر

الشريق / الملـــح

لاحظـــوا ان كانت ممنوعات او اوامر قبض بحقهم

موقع/ السيد المدير/ ٢/٤

س/

٣.

قائمة باسماء المحكومين من جماعة الاتحاد الوطني الكردستاني

| ت | الاسم | المادة القانونية | مدة الحكم | رقم الدعوى | المحافظة | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | ماجد حمه علي عبدالله | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ١٣٤١/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ٢. | بهاء الدين بكر صبير | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ١٣٤١/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ٣. | آراس عبدالرحمن عبدالله | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ١٢٤٢/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ٤. | واحد محمود احمد | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ٨١٢/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ٥. | سركول محمود احمد | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ٢٠١٣/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ٦. | يوسف امين صالح | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ٢٠١٣/ج/٨٣ | السليمانية | لمحاولتهم اغتيال |
| ٧. | هاوري كمال احمد | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ٢٠١٣/ج/٨٣ | السليمانية | السيد محافظ |
| ٨. | جباره عبدالله سعيد | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ٢٠١٣/ج/٨٣ | السليمانية | السليمانية |
| ٩. | خالد مصطفى فرج | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ١٢٩٩/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ١٠. | بهاء الدين محمد امين | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ١٢٩٩/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ١١. | صباح رشيد شريف | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ١٢٩٩/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ١٢. | مصطفى علي رشيد | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ١٢٩٩/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ١٣. | محمد رشيد احمد البابابي | ٥٧/ق.ع | اعدام | ٢٤/ج/٨٢ | التأميم | |
| ١٤. | برزو محمد حسن | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ١٢٠١/ج/٨٣ | التأميم | |
| ١٥. | كريم قادر حسين عزيز | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ٢٠/ج/٨٢ | الهيئة | |
| ١٦. | خالد خضر محمد امين | ١٥٧/ق.ع | اعدام | ٣٨/ج/٨٢ | الهيئة | [illegible] |
| ١٧. | لطيف احمد حسن | ١٥٧/ق.ع | مؤبد | ٥٣٠/ج/٨٢ | الهيئة | |
| ١٨. | سلام عبد الرحمن عبدالله | ١٥٧/ق.ع | = | ١١٥٢/ج/٨٣ | السليمانية | |
| ١٩. | فؤاد عبد الحميد صالح | ١٥٧/ق.ع | = | ١٦٢٧/ج/٨٣ | اربيل | |
| ٢٠. | محمد خضر حسين | ١٥٧/ق.ع | = | ١٧٣٥/ج/٨٣ | اربيل | |

((يتبع لطفاً))

٤

(الص ٢)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ بصرية احمد محمد | ١٩٤/ق ع | مؤبد | ٢١٨/ج/٨١ | التأميم |
| ٢٢ خالد قادر رشيد | ٢٠٤/ق ع | " | ٢٥/ج/٨٣ | اربيل |
| ٢٣ رسول محمد علي محمد رسول | ١٥٧/ق ع | " | ٦/ج/٨٣ | اربيل |
| ٢٤ محمد رستم محمد مير ولي | ١٥٧/ق ع | " | ١٤/ج/٨٢ | السليمانية |
| ٢٥ نصرالدين علي عبدالله محمد | ١٥٧/ق ع | " | ١٤/ج/٨٢ | السليمانية |
| ٢٦ عثمان سعيد محمد | ١٥٧/ق ع | " | ١٤/ج/٨٢ | السليمانية |
| ٢٧ رشاد احمد حسن | ١٥٧/ق ع | " | ٨٤٤/ج/٨٣ | الهيئة |
| ٢٨ عبوا فائق فارس | ٢٠٨/ق ع | ٧ سنوات | ١٦٤١/ج/٨٣ | السليمانية |
| ٢٩ كريم لطيف امين | | ١٠ سنوات | ١٢٩٩/ج/٨٣ | السليمانية |
| ٣٠ نوشيروان محمد كريم | ١٥٧/ق ع | ١٠ سنوات | ١٠٥٨/ج/٨٣ | التأميم |
| ٣١ شوكت محمد مصطفى | ١٥٧/ق ع | ١٥ سنة | ٣٢/ج/٨٣ | اربيل |
| ٣٢ انور عمر محمد | ١٥٧/ق ع | ١٠ سنوات | ٢٩/ج/٨٢ | السليمانية |
| ٣٣ مهدي عبدالله حسن | ١٥٧/ق ع | ١٥ سنة | ١٢/ج/٨٣ | السليمانية |
| ٣٤ محمد عبد امين ياسين | ٢٠٨/ق ع | ٦ سنوات | ٢٢/ج/٨٢ | الهيئة |
| ٣٥ علي فرج عبدالحميد | ١٩٤/ق ع | ٢ سنوات | ١٤/ج/٨٣ | اربيل |
| ٣٦ نوروز رشيد رضا الشيخاني | ١٥٧/ق ع | مؤبد | ١٢/ج/٨٣ | التأميم |
| ٣٧ بكر محمد امين احمد | ١٥٧/ق ع | ١٥ سنة | ٤٠/ج/٨٣ | اربيل |
| ٣٨ مسعود فتاح عزيز | ١٥٧/ق ع | ١٥ سنة | ٣٢/ج/٨٢ | الهيئة |
| ٣٩ [illegible] خضر نادر | ١٥٧/ق ع | ١٥ سنة | ٣٢/ج/٨٢ | الهيئة |
| ٤٠ محسن ابراهيم عزيز | ١٥٧/ق ع | ١٥ سنة | ٥٢٢/ج/٨٣ | السليمانية |
| ٤١ شيخ محمد خضر طه | ١٥٧/ق ع | مؤبد | ١٦٢/ج/٨٢ | اربيل |
| ٤٢ عمر ابو زيد القيسي | ١٩٤/ق ع | سلطان | ١٥٢٢/ج/٨٣ | اربيل |
| ٤٣ علي احمد محمد | ١٥٧/ق ع | ١٠ سنوات | ٢٠٢/ج/٨٣ | السليمانية |

حجز في مدرسة
الفتيان الجانحين

جمعية السجناء الاحرار
المقر العام
Central Office
Association Of Free Prisoners